حکومەتی هەرێمی کوردستان– عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکـــــۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییــەکان
سکوڵی زمان

# بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پڕۆگرامی خوێندندا
# (خوێندنی زمانی کوردی وەك نمونە)

نامەیەکە خوێندکار

**هەوار عومەر فەقێ ئەمین**

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

**پ. ی. د.شیلان عومەر حسەین**

(٢٧١٥)ی کوردی

(٢٠١٥)ی زایینی

**ڕەزامەندبوونی سەرپەرشت:**

ئەم نامەیە (**بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا (خوێندنی زمانی کوردی وەك نمونە)**) لە لایەن خوێندکار (**هەوارعومەر فەقێ ئەمین**)ەوە، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.ی.**د.شیلان عومەر حسەین**

ڕۆژ:    /    / ٢٠١٥

**بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

ناو: **پ.ی.د.کاروان عومەر قادر**

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ:    /    /٢٠١٥

## ڕەزامەندبوونی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو:**
**ئەندام**
**ڕۆژ:    /   / ٢٠١٥**

**ناو:**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕۆژ:    /   / ٢٠١٥**

**ناو:**
**ئەندام**
**ڕۆژ:    /   / ٢٠١٥**

**ناو:**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**ڕۆژ:    /   / ٢٠١٥**

**لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.**

**ناو: د.کاوان عوسمان عارف**
**سەرۆکی سکوڵی زمان**
**ڕۆژ:    /     /٢٠١٥**

# پێشکەش

**پێشکەشە بە :**

- ماندوێتی باوکم.
- سۆزو نیگا پڕ خۆشەویستییەکانی دایکم.
- خانەوادەی ئازیزم.
- هەموو ئەو مامۆستایانەم، کە لە قۆناغەکانی خوێندنمدا، بەدڵسۆزی فێریان کردووم.
- هەموو خوێنەرێکی بەڕێز.

// سوپاس و پێزانین

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان، کە تواناو هێزی پێدام.

- سەرپەرشتیاری بەڕێزم د. شیلان عومەر حسەێن، کە ئەرکی سەرپەرشتی نامەکەی گرتوەتە ئەستۆو زۆر دڵسۆزانە هاوکارمبووەو بە ڕێنماییەکانی تواناى زیاترى پێبەخشیوم، وێڕای ڕێنمای زانستی لە بەدەستخستنی سەرچاوەیشدا هاوکارییەکی زۆری کردووم.

- خانەوادەکەم.

- هەموو ئەو بەرێزانەی، کە بە وشەیەکیش بێت یارمەتیدەرم بوون.

هەوار عومەر فەقێ ئەمین

| لیستی زاراوەکان | |
| --- | --- |
| Etymological Orthography | دروستنووسینی ئیتمۆلۆژی |
| Phonemic Orthography | دروستنووسینی فۆنیمی |
| Social Awareness | ئاگایی کۆمەلاّیەتی |
| Self Awareness | ئاگایی خود |
| Extraneous Cognitive Load | باری درکپێکردنی دەرەکی |
| Intrinsic Cognitive Load | باری درکپێکردنی کرۆکی |
| Germane Cognitive Load | باری درکپێکردنی  پتەویی |
| Data processing | بە پرۆسەکردنی داتا |
| Affective domain | بواری هەستجولێنەر |
| Cognitive domain | بواری درکپێکردن |
| Relationship Management | بەڕێوەبردنی پەیوەندی |
| Psychomotor domain | بواری بزواوی - دەرونی |
| Processor | بەگەڕخەر |
| Visual | بینراو |
| Connectionism  of Behavioral | پەیوەندگیریی ڕەفتاریی |
| Maslow's Hierarcy of Needs | پەیکەری هەرەمی پێویستییەکانی ماسلۆ |
| Bloom's Taxonomy | پۆلێنناسی بلووم |
| Acquisition planning | پلاندانانی وەرگرتن |
| Behaviorist Theories | تیۆری ڕەفتارگەرایی |
| Generative Theory | تیۆری بەرهەمهێنان |
| Functional Theory | تیۆری ئەرکی |
| Communication competence | توانستی پەیوەندیگرتن |
| Cognitivism theory | تیۆری درککردن |
| Observational learning theory | تیۆری فێربوونی سەرنجکارانە |
| Social learning theory | تیۆری فێربوونی کۆمەلاّیەتی |
| Attribution theory | تیۆری پەسنکردن |
| Cognitive load theory | تیۆری باری درکپێکردن |
| Genetic Epistmology | تیۆری زانینی بۆماوەیی ( تیۆری قۆناغبەندی گەشەپێدانی درکپێکردن ) |
| Cognitive Theory of Multimedia | تیۆری درکپێکردنی فێربوونی فرەڕەهەندی |

| | |
|---|---|
| Learning | |
| Elaboration Theory | تیۆری فراوانکردن |
| Constructivism social and situation theory | تیۆری بوونیادگەریی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر / بارودۆخ |
| Situated Learning Theory | تیۆری فێربوون بەپێی هەلومەرجی بارودۆخ |
| Motivational and Humanist Theories | تیۆری مرۆڤناسی و هاندان |
| Self – Determination Theory | تیۆری دیاریکردن - خودیی |
| Identity Theories | تیۆری ناساندن |
| Descriptive and Meta Theories | تیۆری میّتا و پەسنکردن |
| Activity Theory | تیۆری چالاکی |
| Self – theories | تیۆری - خودیی |
| Miscellaneous Learning Theory | تیۆری فێربوونی هەمەچەشنە |
| Information processing theory | تیۆری بە پرۆسەکردنی زانیارییەکاندا |
| Stage theory | تیۆری قۆناغ |
| Social Development theory | تیۆری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی |
| Communities of Practice | جڤاتی کارەکیی |
| Accommodation | جێکردنەوە |
| Code alternation | جێگرتنەوەی کۆد |
| Subjective inequality | جیاوازی خودی |
| Self Management | خۆبەڕێوەبردنی |
| Planning Status | حاڵەتی پلاندانان |
| Distributed Cognition | درککردنی دابەشکراو |
| Diglossia | دووديويى |
| Content structure | دروستە ناوەڕۆکییەکان |
| Expression structure | دروستە دەربڕین |
| Behaviorism | ڕەفتارگەرایی |
| Cognitive Apprenticeship | ڕاهێنانی درکپێکردنی |
| Operant Behavior | ڕەفتاری ڕێساییانە |
| Respondent Behavior | ڕەفتاری وەڵامدانەوەیی |
| Competency-based approach | ڕێبازی بنەما/ بنیاتنانی توانست |
| Explain | ڕونکردنەوە |
| Emotional Intelligence (EI) | زیرەکی سۆزداریی |

| | |
|---|---|
| Linguistic Intelligence | زیرەکی زمانەوانی |
| Contextual  Intelligence | زیرەکی پراکتیکی |
| Interpersonal Intelligence | زیرەکی کەسناسی |
| Logical/ Mathematical Intelligence | زیرەکی لۆجیکی/ بیرکارییانە |
| Componential Intelligence | زیرەکی شیکەرەوە |
| Musical Intelligence | زیرەکی میوزیکی |
| Visual/Spatial Intelligence | زیرەکی بینراو |
| Kinesthetic Intelligence | زیرەکی بزواوی |
| Intrapersonal Intelligence | زیرەکی خودناسی |
| Existential Intelligence | زیرەکی هەبوونی |
| National language | زمانی نەتەوەیی |
| Polyglossia | فرەدوودیویی |
| Intere displinary | فرەزانستی |
| Multiple Intelligences | فرەزیرەکی |
| Trans displinary | فرەپسپۆڕی |
| Discovery Learning | فێربوون بە دۆزینەوە |
| Experiential Learning | فێربوون بە ئەزموون |
| Erikson's stages of development | قۆناغی گەشەپێدانی ئێریکسۆن |
| Hyphenated filed | کێڵگەی گەیەنەریی |
| Code mixing | کۆد تێکەڵکردن |
| Code switching | کۆدئاڵوگۆڕپێکردن |
| Code crossing | کۆدی ڕێپێدراو |
| Creole | زمانی بەرهەمهێنان |
| Corpus planning | کەرەستەی پلاندانان |
| knowledge about language | کۆزانیاری دەربارەی زمان |
| Restricted code | کۆدی سنوردار |
| Elaborated code | کۆدی فراوانکراو |
| Code shifting | کۆد - گۆڕین |
| Inflections | گەردانکردن |
| Threshold hypothesis | گریمانەی ئاستبەندی |
| Three-fold model | مۆدێلی سێ ئەوەندەیی |

| | |
|---|---|
| Classical conditioning | مەرجدارێتی کلاسیکی |
| ADDIE Model of Instructional Design | مۆدێلی ئایدی بۆ نەخشاندنی فێرکاریی |
| Model of Motivational Design | مۆدێلی نەخشاندنی هاندان |
| Memory span | مەودای یادگەدا |
| Alinear model | مۆدێلی هێڵی |
| Plastic model | مۆدێلی پلاستیکی |
| Operative Conditioning | مەرجی جێبەجێکەرانە |
| Design Theories and models | نەخشاندنی مۆدێل و تیۆرەکانی |
| Mediation | نێوانگری |
| Identity | ناسنامە |
| Memory | یادگە |
| Concrete memory | یادگەی بەرجەستە |
| Verbal – logical memory | یادگەی لۆژیکی - زارەکی |
| Motor memory | یادگەی بزواو |
| Emotional memory | یادگەی سۆزداری |
| Voluntary memory | یادگەی خۆویستی |
| Involuntary memory | یادگەی خۆنەویست |
| Short - term memory | یادگەی کورت خایان |
| long - term memory | یادگەی درێژ خایان |
| Habbit memory | یادگەی خود |

# ناوەڕۆك


| ناونیشانی بابەت | ژ. لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١-٤ |
| ١/٠ ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٢/٠ بواری لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٣/٠ هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٤/٠ گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٥/٠ ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٦/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| ٧/٠ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| ٨/٠ گرنگی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| ٩/٠ بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٣-٤ |
| بەشی یەکەم: ئیکۆلۆجیای زمانی پەروەردەیی | ٥-٤٨ |
| ١/١) زمانی پەروەردەیی مەبەست و لێکدانەوە | ٦ |
| ١/١-١) پەسنکردن زمانی پەروەردەیی | ٦-٩ |
| ١/١-٢) تەواوکاریی زمان و پەروەردە | ٩-١٤ |
| ٢/١) تیۆری دیداکتیکی زمان و مۆدێلەکانی | ١٤-١٥ |
| ١/٢-١) تیۆری ڕەفتارگەرایی | ١٥-١٨ |
| ١/ ٢- ٢) تیۆری بەرهەمهێنان | ١٨-١٩ |
| ٢/١ - ٣ ) تیۆری ئەرکی | ١٩-٢٠ |
| ٢/١ - ٤ ) تیۆری درککردن | ٢٠-٢٣ |
| ٢/١ - ٥ ) تیۆری بونیادگەریی کۆمەڵایەتی و بارودۆخ | ٢٤-٢٧ |
| ١/٢- ٦) تیۆری مرۆڤناسی و هاندان | ٢٧-٢٩ |
| ١/٢- ٧) نەخشاندنی مۆدێل و تیۆرەکان | ٢٩-٣٠ |
| ١/٢- ٨ ) تیۆری مێتا و پەسنکردن | ٣١-٣٢ |
| ١/٢- ٩ ) تیۆری ناساندن | ٣٢-٣٣ |
| ١/٢- ١٠) تیۆری فێربونی هەمەچەشنە | ٣٣-٣٤ |
| ٣/١) دروستەی کۆزانیاری | ٣٤-٣٦ |
| ١/٣-١)جۆرەکانی کۆزانیاریی | ٣٦-٣٨ |
| ١/٣-٢) بنەماکانی دروستەی کۆزانیاریی | ٣٨-٤٢ |

| | |
|---|---|
| ١/٣ - ٣) دروستەی كۆزانیاری و بەپرۆسەكردنی زانیاری | ٤٢ |
| ١/٣ -٣ - ١) یەكەی زانیاری | ٤٤-٤٢ |
| ١/٣-٣-٢) پایەكانی بەپرۆسەكردنی زانیاری | ٤٥-٤٤ |
| ١/٣ -٣ - ٣) دروستەی پێڕەوی بەپرۆسەكردنی زانیاری | ٤٩-٤٥ |
| ١/٣-٤) دركپێكردنی كۆزانیاری | ٥٠-٤٩ |
| بەشی دووەم: بنەماكانی زمانی پەروەردەیی | ١٣١-٥١ |
| بەشی دووەم: بنەماكانی زمانی پەروەردەیی | ٥١ |
| ٢/١) بنەمای دەماریی - زمانیی | ٥٣-٥١ |
| ٢/١-١) وێناكردنی مێشك و تەكنیكەكانی | ٥٦-٥٣ |
| ٢/١-٢) زانستی زمانی دەماری و فێربوونی زمانی یەكەم | ٥٧-٥٦ |
| ٢/١-٣) فێربوونی زمانی دووەم | ٥٨-٥٧ |
| ٢/٢) بنەمای كۆمەلآیەتی - زمانیی | ٦٨-٥٨ |
| ٢/٢-١) پەروەردەو تاكگەرایی | ٦٩ |
| ٢/٢-٢) دیاردەی كۆمەلآیەتی - زمانیی | ٧٠ |
| ٢/٢-٢-١) فرە زمانی | ٧١-٧٠ |
| ٢/٢-٢-٢) كۆد گۆڕینەوە | ٧٩-٧١ |
| ٢/٢-٣) پلاندانانی زمانی و سیاسەتی زمانی | ٨٢-٧٩ |
| ٢/٢-٤) توانستی پەیوەندیگرتن | ٨٥-٨٢ |
| ٢/٣) بنەمای دەرونیی - زمانیی | ٨٦-٨٥ |
| ٢/٣-١) پەیوەندی زمان، ئاوەز، ڕەفتار | ٨٧-٨٦ |
| ٢/٣-٢) بنەماكانی بەیەكداچونی كۆزانیاری زمانیی و بیركردنەوە | ٩١-٨٧ |
| ٢/٣-٢-١) دروستەی زیرەكی | ٩٢-٩١ |
| ٢/٣-٢-١-١) زیرەكی ناو ئاوەز | ٩٤-٩٢ |
| ٢/٣-٢-١-٢) زیرەكی سۆزداری | ٩٧-٩٤ |
| ٢/٣-٢-٢) زیرەكی، زمان، پەروەردە | ١٠٠-٩٧ |
| ٢/٣-٢-٣) درككردنی زمانی و پرۆسەی فێربوون | ١٠٥-١٠٠ |
| ٢/٣-٢-٤) پەیوەندی زمان بە ڕێكخستنی كەسێتیی | ١٠٧-١٠٥ |
| ٢/٣-٣) دەرونزانی منداڵی ٦-٩ساڵی | ١٠٨-١٠٧ |
| ٢/٣-٤) وەرگرتنی زمانی یەكەم و دووەم | ١١٢-١٠٨ |
| ٢/٤) بنەمای زانستی زمانیی - زمانیی | ١١٣-١١٢ |
| ٢/٤-١) ئەركی زمان | ١١٤-١١٣ |

| | |
|---|---|
| ٢/٤-٢) زمان بەكارهێنان لە پەروەردەدا | ١١٤-١١٦ |
| ٢/٤-٣) زمانی ستاندارد | ١١٦-١١٨ |
| ٢/٤-٤) پەرەپێدانی توانستی قوتابی | ١١٨-١٢٠ |
| ٢/٤-٥) زمان و درككردن و بەكارهێنانی كۆزانیاری | ١٢٠-١٢٤ |
| ٢/٤-٦) زمانی دایك و فرەزمانی | ١٢٤-١٢٨ |
| ٢/٤-٧) ڕێنوس | ١٢٨-١٣١ |
| بەشی سێیەم: هەڵسەنگاندنی بنەماكانی زمانی پەروەردەیی پڕۆگرامی خوێندنی زمانی كوردی | ١٣٢-٢١٥ |
| ٣/١) ناساندنی پڕۆگرامی خوێندن | ١٣٣-١٣٥ |
| ٣/٢) پڕۆگرامی خوێندن و پەروەردە | ١٣٥-١٣٦ |
| ٣/٢-١) ئەركی پڕۆگرامی خوێندن | ١٣٦-١٣٧ |
| ٣/٢-٢) جۆرەكای پڕۆگرامی خوێندن | ١٣٧-١٣٨ |
| ٣/٣) پێكهاتەی پڕۆگرامی خوێندن | ١٣٨ |
| ٣/٣-١) ئامانجی پڕۆگرامی خوێندن | ١٣٨-١٤٠ |
| ٣/٣-٢) ناوەرۆكی پڕۆگرامی خوێندن | ١٤٠-١٤١ |
| ٣/٣-٢-١) ناونیشان | ١٤١-١٤٢ |
| ٣/٣-٢-٢) وێنە | ١٤٢-١٥٠ |
| ٣/٣-٢-٣) چیرۆك | ١٥٠-١٥٢ |
| ٣/٣-٢-٤) شیكردنەوەو هەڵسەنگاندنی وشە، ڕستە، دەق | ١٥٢-١٥٤ |
| ٣/٣-٢-٤-١) دیاریكردنی بەهاكان | ١٥٤-١٨٣ |
| ٣/٣-٢-٤-٢) هەڵسەنگاندنی بنەماكانی زمانی پەروەردەیی لە پڕۆگرامی خوێندنی زمانی كوردی | ١٨٤-١٩٧ |
| ٣/٣-٢-٥) بیر | ١٩٨-١٩٩ |
| ٣/٣-٣) فێركردن | ١٩٩-٢٠١ |
| ئەنجام | ٢٠٢-٢٠٣ |
| سەرچاوە | ٢٠٤-٢١٢ |
| الخلاصه | ٢١٣ |
| conculsion | ٢١٤-٢١٥ |
| پاشكۆ | ١-٢٦ |

# پێشەکی

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پڕۆگرامی خوێندندا ( زمانی کوردی وەك نمونە)، مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریکردنی بنەماکانی زمانی پەروەردەو ئەو تیۆرانەی کە کاریگەرییان لەسەر زمانی پەروەردە هەیە، تا بە هۆیانەوە پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەیی دروست دابڕێژرێت، کە کاردانەوەی لەسەر چۆنیەتی پەروەردەکردنی تاك هەیە بۆ کۆمەڵ.

## ٢/٠) بوارو سنوری لێکۆڵینەوەکە

بواری لێکۆڵینەوەکە، هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی فرەڕەهەندی زمانی پەروەردەیی لە پڕۆگرامی خوێندن، بە واتایەکی تر دەستنیشانکردنی پەیوەندی و ئاوێزانبوونی زانستی زمانی پەروەردە بە زانستی زمان و زانستی زمانی کۆمەلآیەتی و زانستی زمانی دەرونی و زانستی زمانی دەماری و ....تاد، لەگەڵ پەیوەستبون و کارتێکردنی ئەم زانستانە لە پڕۆگرامی خوێندناو شیکردنەوەی، زمانی پەروەردەیی پڕۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی، واتە قۆناغەکانی ( یەکەم، دووەم، سێیەم)ی بنەڕەتی سنوری کارەکیکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەخۆدەگرێت.

## ٣/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

گرنگی پرۆسەی پەروەردەو ئەو زمانەی پەروەردەی پێدەکرێت بەگشتی و پەروەردەکردنی تاك بەتایبەت، کە بنەمای بەرەوپێشچونی زانست و کۆزانیاری و پێشکەوتنی ولآتەو بەرهەمهێنانی نەوەیەکی دروستە لە ڕوی ڕەفتارو ئاکارو زانیاری لەلایەك، گرنگی و بایەخی پەروەردە لەناو کۆمەڵگاداو ئاڵۆزی و چڕی بنەمای پەروەردە لەلایەکی ترەوە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەن. ئەم زانستە زانستێکی نوێیە، زۆربەی زانستەکانی تر بە بایەخەوە سەیریان کردوە، ئەمەش بەهۆی فرەڕەهەندی زانستەکەوەیە، بەلآم لە زمانی کوردیدا ئەم بوارە کەمتر بایەخی پێدراوە، کە ئەمەش هۆکارێکی تری بنەڕەتیی دیاریکردنی ئەم بوارەیە.

## ٤/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە دەیەوێت ڕێگەچارەیەك بۆ ئەو کێشانەی، کە لە داڕشتنی زمانی پڕۆگرامی خوێندن ( خوێندنی کوردی بە نمونە) و ئەو کۆزانیارییانەی بەهۆی ئەو هێما زمانییانەوە دەگەیەنرێن بخاتەڕوو، چونکە پڕۆگرامی خوێندن ئەرکی بنیاتنانی کەسێتی تاك و پەرەپێدانی لەخۆدەگرێت.

ئەمەش دەکەوێتەسەر بە زانستی داڕشتن و دانانی پڕۆگرامی خوێندن و دانانی بەهاو بنەما پەروەردەییەکان بەپێی پێوەرە ستانداردەکان، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەسنکراون.

## ٥/٠) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پشت بەستن بە ڕێبازو زانستەکانی پەیوەست بە زانستی زمانی پەروەردە، هەوڵدەدات ئەو بنەماو ڕێبازانە دیاریبکات، کە گرنگە لە پڕۆگرامی خوێندندا پەیڕەوبکرێت و بە هەند وەربگیرێت و ببێتە بنەمایەك بۆ داڕشتنەوەی پڕۆگرامی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندندا، بە تایبەت لە دانان و داڕشتنی پڕۆگرامی خوێندنی زمانی دایك لە بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتیدا، کە خوێندنی زمانی کوردی بەرجەستەیدەکات.

## ٦/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوەکە

سود لە ڕێبازەکانی لقەکانی زانستی زمانی کارەکی وەرگیراوەو بۆ پەیبردن و درکپێکردنی بنەما پەروەردەییەکان و بە گشتی ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە بۆ شیکردنەوەی نمونەکان خراونەتەڕوو.

## ٧/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەرەستەی دیالێکتی ناوەڕاست- شێوەزاری سلێمانی بەکارهێنراوەو پرۆگرامی خوێندنی بازنـەی یەکەمی قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی وەك نمونە وەرگیراوەو بنەماکانی بەسەردا جێبەجێکراون.

## ٨/٠) گرنگی لێکۆڵینەوەکە

بە دوو ئاست گرنگی و بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە خراونەتەڕوو:

١- ئاستی تیۆری: ئاستە سەرەکییەکانی زانستی زمانی پەروەردەیی دیاریکراون، لەگەڵ چۆنیەتی تێگەیشتن و وەرگرتن و فێربوون و فێرکردنی قوتابی لە قۆناغەکانی خوێندنیدا خراونەتەڕوو، ئەو بنەماو بەهایانە دیاریکراون، کە پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا پەیڕەوبکرێن.

٢- ئاستی پراکتیکی: ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی بەهاو بنەما پەروەردەییەکان و دیاریکردنی کەموکووڕییەکانی پرۆگرامی خوێندن، ڕێگایەکە بۆ هاوکاریکردنی دانەرانی پرۆگرامی خوێندن، کە لێرەدا هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوەو پەسنکراون.

## ٩/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە، کە بەشەکان بریتین لە:

بەشی یەکەم: ئیکۆلۆژیای زمانی پەروەردەیی، کە لە سێ پار پێکدێت، پاری یەکەم زمانی پەروەردەیی مەبەست و لێکدانەوەی، کە چەمکی زانستی زمانی پەروەردەیی و پەسنکردنی زمانی پەروەردەیی، تەواوکاری زمان و پەروەردە لەخۆدەگرێت، پاری دووەم تیۆری دیداکتیکی زمان و مۆدێلەکانی ، کە تیۆرەکانی ڕەفتاری، بەرهەمهێنان، ئەرکی، درککردن، بونیادگەری کۆمەڵایەتی و دەوروبەر، مرۆڤناسی و هاندان، نەخشاندنی مۆدێل و تیۆرەکان، مێتاو پەسنکردن، ناساندن، فێربوونی هەمەچەشنە لەخۆدەگرێت، ڕایەڵەی ئەم تیۆرانە بۆ دیاریکردنی کۆزانیارییە، کە چۆن منداڵ کۆزانیاری وەردەگرێت، بەمەش پاری سێیەم دروستەی کۆزانیارییە، کە چەمکی کۆزانیاری و جۆرەکان و بنەماکانی دروستەی کۆزانیاری باسدەکرێت، دروستەی کۆزانیاری و بەپرۆسەکردنی زانیاری کە یەکەی زانیاری و پایەکانی بەپرۆسەکردنی زانیاری و دروستەی پێڕەوی بە پرۆسەکردنی زانیاری، درکپێکردنی کۆزانیاری لەخۆدەگرێت.

بەشی دووەم: بنەماکانی زمانی پەروەردەیی، بنەما سەرەکییەکان دەگرێتەوە، کە لە چوار پار پێکدێت، پاری یەکەم بنەمای دەماری- زمانی، وێناکردنی مێشك و تەکنیکەکانی، زانسی زمانی دەماری و فێربوونی زمانی یەکەم، فێربوونی زمانی دووەم دەگرێتەوە، پاری دووەم بنەمای کۆمەڵایەتی- زمانی، کە پەروەردەو تاکگەرایی، دیاردەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، پلاندانانی زمانی و سیاسەتی زمان، توانستی پەیوەندیگرتن باسدەکرێت، پاری سێیەم بنەمای دەرونی- زمانی، لە پەیوەندیی زمان، ئاوەز، ڕەفتار، بنەمای بەیەکداچونی کۆزانیاری زمانیی و بیرکردنەوە، فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم دەدوێت. پاری چوارەم بنەمای زانستی زمانی- زمانی، پێکدێت لە ئەرکی زمان،

زمان بەکارهێنان لە پەروەردەدا، زمانی ستاندارد، پەرەپێدانی توانستی قوتابی، زمان و لێهاتویی بەکارهێنان، فرەزمانی، ڕێنوس.

بەشی سێیەم: هەڵسەنگاندنی زمانی پەروەردەیی پڕۆگرامی خوێندن لە ڕێی دروستەی کۆزانیاری پڕۆگرامی خوێندنی زمانی کوردییەوە، کە پێکدێت لە ناساندنی پڕۆگرامی خوێندن ئەرکی پڕۆگرامی خوێندن، جۆرەکانی پڕۆگرامی خوێندن، پێکهاتەی پڕۆگرامی خوێندن، ئامانجی پڕۆگرامی خوێندن، ناوەڕۆکی پڕۆگرامی خوێندن، فێرکردن.

لێکۆڵینەوەکە بە ئەنجام و پوختەو لیستی ئەو سەرچاوانەی، کە سودیان لێوەرگیراوەو بە پاشکۆ کۆتایی دێت.

# بەشی یەکەم

# ئیکۆلۆجیای زمانی پەروەردەیی

## ١/١) زمانی پەروەردەیی مەبەست و لێكدانەوە

### ١-١/١) پەسنكردنی زمانی پەروەردەیی

زمانی پەروەردەیی/ زانستی زمانی پەروەردەیی، بابەتێكی فرە ڕەهەندو هەمەچەشنەیەو ڕەگی لە پرسەكانی زانستی زمانی كارەكیدا داكوتاوەو تێكەڵەیەكە لە زانستەكانی تری وەك (زمانزانی، دەرونزانی، كۆمەڵزانی، دەمارزانی، نوژداریزانی ،..... تاد)، ئەم پەسنكردنە وایكردووە، كە بە زانستی فرەپسپۆڕی ( trans displinary)، فرەزانستی ( intere displinary ) بناسرێت و بە كێڵگەی گەیەنەریی ( hyphenated filed) پەسنبكرێت.

سروشتی كۆزانستی و فرەلایەنی و هەمەڕەهەندیی ئەم بابەتە ڕێگە دەدات، بەوەی جەختبكرێتە سەر خاڵی بەیەكگەیشتن و پێكهەڵبوونی زانستی زمان و زانستە پەیوەندیدارەكانی تر، لەگەڵ پرۆسە پەروەردەییەكاندا لەلایەك و چڕكردنەوەی سەرنج و تێڕامانەكان لەسەر بابەتەكانی زمان و پەروەردە لەلایەكی تریشەوە، كە بە بواری زانستی زمانی پەروەردەیی دەستنیشانكراون.

زانستی زمانی پەروەردەیی بواری گشتی زمانی پەروەردەییەو لقێكی زانستی زمانی كارەكییە، خودی ئەم زانستە لە سالانی ١٩٤٠ەوە، وەكو زاراوەیەك بۆ پێداگۆكی زمانی دووەم/ بیانی بەكاربراوە، بەلام (واتای كرۆكی و ناواخنی ڕاستەقینەی ئەم زاراوەیە، بریتییە لە بەرجەستەكردن و بەدەستهێنان و كارەكیكردنی هەموو پرسەكانی زمان، كە ئەوانیش پرسەكانی زانستی زمانی پەروەردەیی، زانستی زمانی دەروونی، زانستی زمانی دەماریی، زانستی زمانی كۆمەلایەتی، زانستی زمانی نوژداریزانی (كلینكی) ....تاد)[١]یە، خودی ئەم بوارانەش بەو بوارە نوێیانە ناسراون، كە زانستی زمانی كارەكی لە خۆیانی دەگرن و زانستی زمانی بە گشتی پێدەوڵەمەندكردوە.

بۆ پەسنكردنی زاراوەی زانستی زمانی پەروەردەیی دەگەڕێینەوە سەر ئەو ناساندنانەی بۆ ئەم چەمكە خراونەتەڕوو، (Spolsky ١٩٧٤) دەڵێت ((زانستی زمانی پەروەردەیی وەچە گروپێكی نێو زانستی زمانی كارەكییە، كە كێڵگەیەكی یەكگرتوی لۆجیكی و چنراو پێكدەهێنێت))[٢]، زانستی زمانی پەروەردەیی توێژینەوەی كەرەستە زمانەوانیەكان و بابەتە زانستیەكانی ترە، كە پەیوەستن بە زمان و پەروەردەوەو پێكەوەئاوێزان بوونیان، ( Hornberger ٢٠٠١) پێیوایە زانستی زمان، وەك ڕەوتێكی تاكڕەوانە گەشەیكردووە بەوەی، كە ((خاڵی سەرەتاو دەستپێكردنی هەمیشەیی كارەكیكردنی پرۆسەی پەروەردەیە، كە تێیدا جەختی ڕاستەخۆ لەسەر ڕۆڵی زمان لەناو پرۆسەی فێربوون و فێركردندا دەكاتەوە))[٣]، ئەم بابەتە بنەماو پرسی پەروەردەو فێربوون و فێركردنی زمان دەخاتەڕوو، لەمەوە پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە، پەیوەندییەكی تێكچڕژاوانەیە، بە جۆرێك زانستی زمان بەخششی بۆ كەسانی پەروەرشیار زۆرەو پێچەوانەكەشی دروستە. (Haliday) لە ڕوانگەی ئەركییەوە ڕاڤەی زانستەكەی كردوەو پێیوایە، كە (( زانستی زمانی پەروەردەیی بە واتای ئەوە دێت، كە ئێمە (مرۆڤ) بە كاری زمانەوانی پەروەردەیی هەڵبستین))، (Richards ٢٠٠٢ ) دەڵێت: (( زانستی زمانی پەروەردەیی زاراوەیەكە، بۆ

---

[١] A . M . Saleh (٢٠١٢:٢٠٤).

[٢] B. Spolsky & F. M. Hult (٢٠٠٨:١٥).

[٣] بكر عومەر علی ، كاروان عومەر، ئاڤێستا كەمال ( ٢٠١١: ٢٨٦).

ئاماژەدان بە لقێکی زانستی زمانی کارەکی بەکاردەهێنرێت، کە پەیوەندیی نێوان زمان و پەروەردە لەخۆدەگرێت))[٤]، پێناسەی زانستی زمـانی پـەروەردەیی لەلایـەن( Richards) فراوانکـرا یـان گەشـەپێدرا...( Richards) هەندێکجار زاراوەی زانستی زمانی پەروەردەیی بۆ ئاماژەدان بە لقێکی زانستی زمانی کارەکی بەکاردەهێنێت، کـە ئەمەش لەسەر بنەمای پەیوەندێتی نێوان زمان و پەروەردەیە.(pica) یش لە ڕونکردنەوەی ئەم بابەتەدا دەڵێت: (( ئەم زانستە یەکێکە لە بنەماکانی کارەکیکردنی فێربوون و فێرکردنی زمان، کە خودی پـەروەردە پێکـدەهێنێت))[٥]، (Crystal ٢٠٠٣) دەڵێت: (( زاراوەیەکە بۆ کارەکیکردنی تیۆرەکانی زانـستی زمـان بـەکاردەهێنرێت، میتـۆدو دەرەنجامەکان بۆ پەسنکردنی لێکۆڵینەوەی فێربوون و فێرکردنی زمانی دایك لە هەردوو شێوەی ئاخاوتن و نووسیندا، لە قوتابخانە یان لە ژینگە فێرکارییەکانی تردا دەیگرێتەبەر))،Crystal لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی تیۆرییەکانی زانستی زمان زانستی زمانی پەروەردەیی ناساندوە، کە هەندێکجار بە زانستی زمانی پێداگۆکی یان پێداگۆکی زمان ناوبراوە، بنەمای ناساندن Hult بۆ زانـستی زمـانی پـەروەردەیی لەسـەر پێکبەسـتنی کەرەسـتەکانی زمانـە بـە زانستەکانی ترەوە پەیوەست بە زانستی زمانی کۆمەڵەوە Sociolscience بۆئـەوەی بـە تـەواوی لـەو کێـشانە بکۆڵنەوە، کە پەیوەستە بە زمان و پەروەردەو ...تاد. بەشێوەیەکی فراوانتر ئەم زاراوەیە، لـە هـەموو ئیکۆلۆژیـای فێرکاریدا، کە بە زانستی زمانی پێداگۆکی/پێداگۆکی زمانی، نـاونراون بـەکاردەهێنرێت، کـە هـەموو بابەتـەکانی ئەکسێنت، دیالێکت و جۆراجۆرێتی زمان و لێکۆڵینەوە لە زانستی زمان دەگرێتەوە.

Hult لەسەر بنەمای پێکبەستنی کەرەستەکانی زمانە بە زانستەکانی ترەوە، پەیوەست بە زانستی زمانی کۆمەڵەوە Sociolscience بۆ ئەوەی بە تەواوی لەو کێشانە بکۆڵنەوەکە پەیوەستە بە زمان و پەروەردەو ... تاد.

بە پوختی لێکۆڵینەوە لە زانستی زمانی پەروەردەیی* لەم سێ ڕەهەندەدا دیاریکراوە: ١- تەواوکاریی زانستی زمان و پەروەردە پێکەوە. ٢- پەیوەندی و وابەستەیی توندو تۆڵی لێکۆڵینەوە، تیۆریی، پلاندانان و کارەکیکردنیان، کـە بـە (نێوانزانستی، چارەسەری کێشە) دیاریکراون. ٣- جەختکردنەوە لە زمانی فێربوون و فێرکردن[٦].

لەمانەوە زانستی زمانی پەروەردەیی، بابەتێکی فرە لایەن و هەمە زانستەو کرۆکی بابەتەکانی کە لە خۆیانیدەگرێت دەنوێنێت و بالأنماو ڕەنگدەرەوەو وێناکاری بنەڕەت و بنەماو یاساو ڕێساکانیانە، بەوەی زانستی زمـانی پـەروەردەیی دیداکتیکی و پێداگۆکی زمانی کارەکییەو بریتییە لە پەسـنکردن و بەرجەسـتەکردن و نوانـدنی بنـەماو پرسـەکانی زانستی زمانی کارەکی و پەیوەستکردن و ئاوێزانکردنی زانستەکانی تری وەك ( کۆمەڵزانی، دەرونزانـی، .... ) بـە زانستی زمانەوە لە لایەك و پشکنین و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لـە خـودی خۆیـان لـە لایـەکی تـرەوە، دەگرێتـەوە. کەرەستەی داواکراوو پێویست بۆ زانستی زمانی پەروەردەییش، بەشـە پێکهێنـەرەکانێتی، کـە ئـەوانیش ( زمـان و

---

[٤] A . M . Saleh (٢٠١٢:٢٠٥)

[٥] N. H. Hornbeger, (٢٠٠٨:١٠)

* زانستی زمانی پەروەردەیی زیاتر جەختدەکاتەوە سەر ئەوەی، کە چۆن قوتابی فێردەکرێت، ئەمەش بە دیـاریکردنی شـێوازی فێرکـردن، میتـۆد، تەکنیك و هونەری پۆل، پرۆگرامی خوێندن بەگەڕدەخرێت، واتا زانستی زمانی پەروەردەیی گرنگی بە فێربوون و فێرکردنی تاك دەدات، لـە ڕێگـەی ئەو بنەماو میتۆدانەی کە بۆ پەروەردەکردنی تاك دیاریکراون و لەناو قوتابخانەدا پێشکەشدەکرێت، بەلأم لە بنەڕەتـدا( زمـانی پـەروەردەیی تـەنها پەروەردەکردنی تاك نییە لە قوتابخانەدا، بەڵکو لە زۆر بواری تردا تاك فێردەبێت وەك خێـزان، کۆمـەڵگا، شـانۆ، سـینەما، دابونـەریت، ئـەزمون، تەکنەلۆجیا،.....دەگرێتەوە، کە لە دەرەوەی قوتابخانە وەریدەگرێت، کە بەرهـەم و دەرئـەنجامی ئـاوێزانبونی بوارەکـانی زانـستی زمـانی دەرونـی پەروەردەییە).

[٦] N. H. Hornbeger, (٢٠٠٨:٧)

پەروەردە)ن، کە لە هەردوو مۆدێلی(Spolsky) و(Alduais)  خراونەتەڕوو، بە واتا زانستی زمانی پەروەردەیی جەخت لە دیاریکردنی چۆنیەتی فێربوون و فێرکردنی ( پەروەردە) زمـان و ڕۆڵـی زمـان لـە پرۆسـەکانی فێربـوون و فێرکردن( پەروەردە) دا دەکاتەوە. بڕوانە هێڵکاری ( ١/ا-ب)[٧] .




هێڵکاری (١- ا) زانستی زمانی پەروەردەیی ( مۆدێلی Spolsky)

[٧] ١- A.M.Saleh (٢٠١٢: ٢٠٩)




هێڵکاری (١- ب) زانستی زمانی پەروەردەیی ( مۆدێلی Alduais)

## ٢-١/١) تەواوکاریی زمان و پەروەردە

کرۆکی زانستی زمانی پەروەردەیی، پەیوەستبوون و تەواوکاریی و پەسنکردنی یەکە پێکهێنەرەکانێتی، کە ئـەوانیش زمان و پەروەردەن، مەبەست لە زمان (( بە سروشتی زمان هۆکاری پەیوەندیگرتنی مرۆییە، لە ڕوی تەکنیکیـشەوە زمان هۆکاری فێربوون و فێرکردنی پەیوەندیگرتنی پێـداگۆکیی و وەرگرتنـی کۆزانیارییـە.[٨]))، سروشـتی زمـانیش هۆکاری/ ڕایەڵەی پێکبەستنی تاکەکانی کۆمەڵەو بە کەناڵی بنەڕەتیی پێڕاگەیاندن و پەیوەنـدیگرتن دانـراوە، مـرۆڤ هەر لەسەرەتای زمانپژانییەوە زمان وەك ئامرازی پەروەردەیی بەکاردەهێنێت و هەموو پرۆسەکانی وەك ( فێربوون و فێرکردن و وەرگرتنی زانیاری و بەدەستهێنانی و پەیوەندیگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و .....تاد ) بەهۆی زمانەوە بەرجەستەدەکات. باسکردنی زمان، واتە باسکردنی کرۆك و ناواخنی زمان، کە خودی زانستی زمان پێکیدەهێنن، کە دەڵێین زانستی زمان، واتە لێکۆڵینەوەو پەسنکردنی پرسەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلـۆجی و سـینتاکس و سیمانتیك ....ھ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە (ئەرك و گرنگی زانستی زمان پەسنکردن و وەسـفکردنی زمـانی مـرۆڤـە، لەگەڵ دیاریکردن و ناساندنی تایبەتییە دروستەییەکانی ئەو زمانە)[٩]، بە واتا لێکۆڵینەوە لـە دروسـتەی هێمـایی و دروستەی واتایی زمان، یەکەیەکیش کە لەگەڵ زماندا دەبێت بناسێنرێت خودی پەروەردەیە، پەروەردە بابەتی دووەمی

---

[٨] A.M.Saleh (٢٠١٢:٢١١)
[٩] H. Douglas Brown (٢٠٠٠:٩)

زمانی پەروەردەییەو ئەم زاراوەیە بە گشتی پرۆسەی فۆرمەڵە/گەلاڵەکراوو نافۆرمەڵیەکانی فێرکردن، فێربوون، وەرگرتن، دەستخستن، ڕێبازەکانی کۆزانیاری دەگرێتەوە، پەروەردە لە چەمکی گشتیدا بریتییە لە گواستنەوەی کۆزانیاری و لێهاتویی و خوونەریت و ڕەوشتی گشتی گروپێك بۆ گروپێکی تر، یان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، ئەویش بە ڕێگای فێرکردن، ڕاهێنان، توێژینەوە،.... ، ئەمەش بە دوو شێوە دەبێت، پەروەردەی فۆرمەڵی، پەروەردەی نافۆرمەڵی*، بەم جۆرە پەروەردە هەریەك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆسە فۆرمەڵی و نافۆرمەلانە دەگرێتەوە کە بناغەن، بۆ پێکهێنانی زانستی زمانی پەروەردەیی و خۆی، لە فێربوون و وەرگرتن و دەستکەوتنی کۆزانیاریی لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە دەبینێتەوە.

لەمەوە بەگشتی بواری زانستی زمانی پەروەردەیی لەسەر ئەو بنەڕەتەیە، کە دەکەوێتە سەر بنەمای پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان خودی زانستی زمان و پەروەردە، ئەم پەیوەندییەش لەلایەن ( Van Lier) بەم زاراوانە پەسنکراوە, لەوانەش[١٠] :

١- زمان ڕێسابەندو پێڕەوبەندە، ئەو ڕێگەیەیە، کە پەروەردەی پێدەستنیشاندەکرێت، (( زانستی زمان ئاراستەی داهاتووی فێرکردن دەکات، بە واتا زانستی زمان ئاراستەی داهاتووی پەروەردە دیاریدەکات))[١١]، لە کۆمەڵێك یاساو بنەما پێکهاتووە، پێڕەوبەندی زمان بۆ چۆنیەتی سەرەو ڕیزبوونی یاسا زمانییەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیك دەگەڕێتەوە، لەلایەکی ترەوە زمان دەستەیەك هێمای لەخۆوەیە، هێماکان ئەو کۆدانەن کە زمان پێکدەهێنن، کۆدەکانی زمان لەخۆوەیەو دەستوربەدەرە، ((کە مرۆڤەکان بەویست و ئارەزووی خۆیان لەناو کۆمەڵەکانی خۆیاندا ڕێکدەکەون چشتێك بە هێما بۆ چشتێکی دیکە دادەنێن))[١٢]، کە لە ڕێگەی کۆمەڵە پێڕەوێکی دەنگی و واتایی، کە دەنگەکانی زمان پێکیاندەهێنن دروستدەبن، واتایەك ، بیرێك دەگەیەنن، کە هەڵگری بەهاو زانیاری و پێڕاگەیاندن .... هەم تاکی پێ پەروەردە دەکرێت و هەمیش دەبێتە ڕایەڵەی پێکەوە بەستنی نەوەکان بەیەکترییەوە، یەکێك لە پێکهاتەکانی زانیاری بریتیە لە هێماکان، کە هەر ناواخنێکی واتایی بە هێما دەنوێنرێت و کۆزانیارییەکان لەخۆدەگرێت، بە ئەمەش کرۆکی پەروەردە بەو بیرانە بە ئەنجامدەگەیەنرێت، کە ناواخنی هێماکان لەخۆیانیدەگرن**، زمان پەیوەندی بە بیرو بیرکردنەوەو زانیاری تاکەکان، کە لە ئاوەزیاندایەو لە ڕەفتارو ئاکاریاندا ڕەنگدەداتەوە هەیە.

پەروەردە (فێربوون و فێرکردن)یش بریتیین، لە وەرگرتن و بەدەستهێنانەوەی هێماکان و ئەو واتایانەی کە دەیگەیەنن، وەرگرتن (( کردەیەکی ژیرییە یارمەتی تاك دەدات لە ڕوی بیرکردنەوەو ڕەخنەو شیکردنەوە، یان وەرگرتن بریتییە لە توانای فێربوونی زمان بە خێرایی و ئاسانی، تێگەیشتن لە وشەو دەستەواژەکان و توانای بەکارهێنانی هەریەك لەم دەستەواژانە بەشێوەیەکی دروست و لێهاتوانە))[١٣] و پرۆسەی بەدەستهێنانەوەش (( ئامێرێتی درککردن پێویستی بە لێکدانەوەی ئەو چەمك و دروستانەیە، کە پرۆسەکانی گەنج هەڵگرتن لە ئاوەزدارێتیدا هەڵگیراون بەمەش پرۆسەکانی

* بڕوانە بەشی سێیەم
[١٠] بڕوانە (٥ :٢٠٠٠) H. Douglas Brown، هەروەها بڕوانە (٨-٢٠٠٨:٧) N. H. Hornbeger
[١١] N. H. Hornbeger (٢٠٠٨:٧)
[١٢] محەمەد عبدولفتاح حمەسعید ( ٢٠٠٩: ٣٧)
** بڕوانە ( ٣/١-٣-١)
[١٣] ڕێزان عوسمان مستەفا ( ٢٠١٢ : ١٤١)

درككردن دەستیان بە زانیارییە پێویستەكان ناگاتــەوە، ئەگــەر هــاتوو پڕۆســەكانی بەدەســتهێنانەوە لەكاردانــەبن و بەمپێیە پڕۆسەكانی بەدەستهێنانەوە بە یارمەتی پڕۆسەكانی گەنج هەڵگرتن جــۆری یادگــەكان كاردەكــەن))[١٤]،بۆیــە پەروەردە پڕۆسەیەكی گرنگە لە ژیانی تاكداو لە ڕێگەی وەرگرتن و بەدەستهێنانەوە، تاك هێمــاو واتــاو بنــەماكان و بەهاو زانست و بیرۆكەو كلتــور .....تــاد فێردەبێــت، هــەموو ئــەم كردانــە بــەهۆی زمانــەوە بەرجەســتەدەكرێن و جێبەجێــدەكرێن، لــە لایــەكی تریــشەوە پــەروەردە ( فێربــوون و فێركــردن) پارێزگــاریلێكردن و دەوڵەمەنــدكردن و نوێكردنەوەی پێڕەوی گەنج – هەڵگرتن* و یادگەو ڕێكخستنی درككردن دەگرێتەوە، فێربوون و یادگە دوو پڕۆســەی پەیوەستن بە یەكەوەو پەیوەندی تەواوكاری لەنێوانیاندا هەیە، كە وەك (( دوو ڕوی یەك دراون، ناتوانرێت بە بێ ئەوی تریان باسی یەكێكیان بكرێت، چونكە بەڵگەی ســەرەكی بــۆ دڵنیــا بــوون لــە فێربــوونی شــتێك یادكردنــەوەی ئــەو شتەیە))[١٥]، یادگە (memory)ش ئەو توانایەیە كە زانیارییە ( هەستی و عەقڵیەكانی ژینگە)، كە بەهۆی هێمــا زمانییەكانەوە وەریاندەگرین كۆدەكاتەوەو لە ئاوەزدا خەزنیاندەكات، تا خەزنكردن و وەرگرتنی زانیارییەكان زیاتربێت شارەزایی و لێهاتویی تاك زیاتر بــەرەو پێــشدەچێت، بــەم پێیــە یادگــە ئــەو كۆگایەیــە، كــە زانیارییــەكان بــەهۆی هێمازمانییەكانــەوە وەردەگرێــت و لــە ئــاوەزدا خەزنیانــدەكات و دەتوانێــت لــەكاتی پێویــستدا زانیارییــەكان بەدەستبهێنێتەوە،(( مــرۆڤ بۆئــەوەی زانیارییــەكان هــەڵبگرێت و دواتــر بــەكاریبهێنێت، بــە مەبەســتی پاراســتنی یادەوەرییەكانی پشت بە یادگە دەبەستێت و پێكهاتەی ئەم یادگانە لەڕوی فسیۆلۆجییەوە ئاڵۆزن و كاركردنیان ڕون و ئاشكرا نییەو ئــەو یەكەیــەی لــە یادگەكانــدا بــەكاردەهێنرێت بــۆ هــەڵگرتنی زانیارییــەكان بریتییــە لــە ئینگــرام (engram).))[١٦]، لێرەشەوە تاك/قوتابی** سەرەتا زانیارییەكان وەردەگرێت و لێكیدەداتەوەو شیدەكاتەوە پاشــان فێریدەبێت و لە یادگەدا خەزنیــدەكات، لــە ڕێگــای پڕۆســەی بەدەســتهێنانەوە دوبــارە زانیارییــەكان دەهێنێتــەوەو بەكاریاندەهێنێت، سەرچاوەی ئەمانەش هەمووی بەهۆی هێمای زمانییەوەیە، كە دەبێتە كلیلــی كردنــەوەی هۆشــی مرۆڤ و درككردنی پەیوەندیی هێماكان بە چۆنیەتی پەیبردن و درككردنی مرۆڤ بە هێماكان، دەگرێتەوە، درككردنیش بەستراوە بە پڕۆسەی زانین، بیركردنەوە، هێزی پێزانین و تێبینی، یادگە، بڕیار، دوور لە سۆزو هەڵبژاردن.

٢- زمان ئەو هێمایانەیە كە لە بنەڕەتدا دەنگین، بەڵام دەشێت بینراویش بن، (( داتــاو زانیارییــە كارلێكییــەكان، كاریگەرییەكانی ناو پۆل، بەپێی تیۆرەزمانییەكان، بە ناوكۆیی و هاوبەش و تەواوكارانە، پەیوەندی زانستی زمــان و پەروەردە تەواوو پڕاوپڕدەكەن.[١٧] )). هێماكانی زمان ئەو كۆدانەن كە بە دەنگ دەردەبڕدرێن، لە ڕێگــەی ئــەو ژمــارە فۆنیمەی كە لە زماندا هەن. (Word Haugh) دەڵێت: "زمان پێڕەوێكی لــەخۆوەی هێمــای دەنگییــە، مــرۆڤ

---

[١٤] ئاڤێستا كەمال مەحمود (٢٠١٢: ١٠٧- ١٠٨ )

* پڕۆسەی گەنج هەڵگرتن پڕۆسەیەكە، كە زانیارییەكان بۆ ماوەیەكی دیاریكراو لە یادگەدا هەڵدەگرێت . ئاڤێستا كەمال مەحمود (٢٠١٢)

[١٥] ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ٦٢)

[١٦] ئاڤێستا كەمال مەحمود (٢٠١٢: ٧٨)

** زاراوەی قوتابی بۆ قۆناغی (١-٦)ی بنەڕەتی و زاراوەی خوێندكار بۆ قۆناغی (٧-١٢)و زاراوەی فێرخواز بۆ قۆناغی خوێندنی باڵا بەكارهێنراوە، ( لە باغچەی ساوایان و بنەڕەتیدا پڕۆسەكە فێربوونە، ئینجا فێركردن لەبەرئەوەی پڕۆگرامێك بە قوتابی دەدرێت، قوتابی دەبێت خۆی هەڵهێنجاندن بۆ كۆی كۆزانیارییانە بكات، كە لەناو پڕۆگرامەكەدا هەیە، بەڵام لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا پڕۆسەكە فێركردنە بەگشتی، لە قۆناغی زانكۆییدا پڕۆسەكە دەبێتەوە بە فێربوون.). چاوپێكەوتن محەمەد عبدوالفتاح حمەسعید ٢٠١٥/٤/١٩

[١٧] N. H. Hornbeger, (٢٠٠٨:٧)

بەکاریدەهێنێت بۆ پەیوەندیگرتن"[18]، یاخود (pei١٩٦٦) دەڵێت: "زمان پێڕەوێکی پەیوەندیکردنە بە دەنگ، بەگەڕخستنی ئەندامەکانی بیستن و قسەکردنە، لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگاداو بەکارهێنانی هێمای دەنگی، هەبوونی واتای ئاسایی لەخۆدەگرێت"[19]، زمان هۆکاری سەرەکی پەیوەندیکردنە، بنەمای لێکتێگەیشتن و پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگا لە ڕێگەی دەنگەکانی زمانەوەیە، پاش ئەوەی نووسین سەریهەڵدا ئەو دەنگانە کران بە هێماو بە پیت نوێنران، لێرەوە دەتوانین بڵێین زمان جگە لەوەی کە دەنگە دەتوانرێت لە ڕێگەی وێنەی دەنگەکانەوە کە بە پیت وێناکراون ببینرێت*، لێکۆڵینەوە لە پێڕەوی هێمای زمان لە بنەڕەتدا بۆ پەسنکردنی بیری مرۆیی بووە، ئەمەش لەم سیمایەی زماندا چڕبوەتەوە، خاڵێکی تری بینراوی هێماکان، وێنەی هزری** دەیاننوێنن، واتە هێما زمانییەکان چ دەنگی یان بینراو یان درککراو دەبێت بەگەڕبخرێن.

لە پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردندا لە ڕێگەی دەنگی هێماکان و بینینی هێماکانەوە قوتابییان فێری زمان دەکرێن و بیریان دەجولێنرێن، فێربوون و فێرکردنیش پارێزگاریی لێکردنی زانیارییەکانە، ئەو زانیارییەش کە وەریدەگرێت لە ئاکارو ڕەفتاری مرۆڤدا ڕەنگدەداتەوەو بە کارەکیکردنی زانیارییەکان هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ مانەوەو بەردەوامی کۆزانیارییەکانی تاك.

٣- هێما زمانییەکان واتاکانیان کۆکوبوونی کۆمەڵایەتی لەسەرە، زمان لە کۆمەڵگە یان کلتورێکدا بە گەڕدەخرێت، (( زانیاری چڤاتی - قوتابخانەیی بەپێی باسکردن و لێدوان و ئاخاوتنەکان بەڕێوەدەڕوات.[20]))، چونکە ئەو واتایەی بە هێمایەك دەبەخشرێت، ئەگەر کۆمەڵ لەسەری ڕێکنەکەوێت ئەو هێمایە لەناودەچێت، بۆیە هەر هێمایەك بەپێی تایبەتمەندی کلتوری هەر نەتەوەیەك و بیروبۆچونیان هەڵگری واتایەکە، کە ناوی لە شتەکانی دەوروبەریان پێدەنێن، لە ڕێگەی ئەم هێمایانەوە کە بەپێی ڕێکەوتنی کۆمەڵ دیاریکراون پەیوەندی لەگەڵ یەکدا دروستدەکەن، ئەمەش خودی پڕۆسەی فێربوون و فێرکردنە، لەبەرئەوەی کلتورو بەها کۆمەڵایەتیەکان ..... بەهۆی هێما کۆکبوو لەسەرەکان دەگوازرێنەوە، واتە زمان ئەم بەهایانە دەنوێنێت و دەگەیەنێت.

مرۆڤ بەردەوام پێویستی بە فێربوونە، ئامرازی سەرەکی ئەم فێربوونەش زمانە، زمان وادەکات ببێتە پردێك بۆ گواستنەوەی بەهاو کلتورە کۆمەڵایەتیەکان و زانیارییەکان، تا پچڕان و لێکترازان لە نێوان نەوەکاندا ڕوونەدات و لە ڕێگەی زمانەوە ڕەفتارو کۆزانیارییەکان دەگەیەنرێت بە تاکەکان و فێردەکرێن.

فێربوون فۆڕمی کارەکیکردن لەخۆدەگرێت، کارەکیکردن _ دووبارە هێزپێدراوە بۆ پڕۆسەی فێربوون و فێرکردن لە ئەنجامی فێرکردن و ڕاهێنانەوە بەدەستدێت، پیشاندان و ڕێنموییکردنی کەسێك لە ڕێگەی زمانەوە بە قوتابی دەگەیەنرێت، (( زمان گوێزەرەوەی کلتورو بەهاو کۆزانین و ڕایەڵەی بەستنەوەی نەوەکانە بە یەکتری، زمان هۆکاری پەیوەستکردنی تاکە بە کۆمەڵەوە کۆکەرەوەو هەڵگرو خەزێنەو دەربڕی هەموو لایەنەکانی تاك و کۆمەڵە، ئاوێنەی

---

[18] H.Douglas Brown (٢٠٠٠:٢)

[19] هەمان سەرچاوە (٢٠٠٠:٤)

* جگە لەمەش لە ڕێگەی زمانی جەستەوە دەکرێت لەنێوان مرۆڤەکاندا تێگەیشتن و پەیوەندیکردن ڕووبدات، بەلام مەرج نییە ئەم وێناکردنەی زمانی جەستە، لە لای هەموو تاکەکان هەمان تێگەیشتن بێت، چونکە بیروبۆچونی تاکەکان جیاوازەو لە گۆڕاندایە .

** وێنەی هزری/نواندنی ئاوەزی، کە بە بیر دانراوە لە درکپێکردنی بابەتەکان و بیرەکاندا دروستدەبن، وێنەو خەزنکردنی ئەو بابەتانەیە کە لە هزری تاکدا نەخشێنراون دەگۆڕێن بۆ هێما. بڕوانە ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٣)

[20] N. H. Hornbeger, (٢٠٠٨:٧)

کلتورو بیرو دیوانی شارستانێتی، لەگەڵ ئەرکی گەیاندن و تێگەیشتنی نێوان تاکەکاندا بۆتە کەرەستەو ئامرازی سەرەکی، کە مرۆڤ بیرییێدەکاتەوەو پێی فێردەبێت، کاتێك منداڵ فێری زمان دەکەین فێری کلتورو بەها کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی دەکەین، لە ڕێی ئەو واتاو بیرانەی، کە بە هۆی زمانەوە وەریدەگرێت، لەبەرئەوە هەر کەموکورتیەك لە زماندا ( زمانی ئاخاوتن، زمانی خوێندن،..) گرفت بۆ کۆزانین و بیرو چۆنێتی بیرکردنەوەو فێربوون و پەیوەندی- لەیەکگەیشتنی منداڵان دروستدەکات))[٢١]، لە فێربووندا زانیاری، بەها، کۆزانیاری، ڕەوشت، داهێنان، بیرکردنەوە، چالاکی بە تاك/قوتابی دەدرێت و وایانلێدەکات، کە ئەو فێربوونە ببێتە گۆڕان لە ڕەفتاریاندا، لە ڕێگەی ڕاهێنان و فێرکردنیاندا*، ((بیر لە هەستەوە بەهۆی ئەزمونکردن و دواتر درککردن بۆ بیرێکی نەستی بگوازێتەوە، کە ئەمەش سەرەتای لەدایکبوونی ڕەفتارە))[٢٢]، هەروەها گۆڕان لە بیرکردنەوەو قسەکردن دەربارەی شتەکان گۆڕان لە ڕەفتاردا دروستدەکات ( کە پەیوەندی بە بابەتی فێرکردن و کەسی فێرکەرەوە هەیە.).

٤- زمان لە کرۆکیدا مرۆییە، ناواخنی فێربوون و فێرکردن لە پۆلدا بەهۆی زمانەوە ڕێکدەخرێت، مرۆڤ دەتوانێت بیرو مەبەست و زانیاری و بنەماکان، لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە بەیەکتر بگەیەنێت، تێگەیشتن بهێنێتە ئاراوە، مرۆڤ دەتوانێت ڕابردوو بگێڕێتەوەو نەخشەو پلان بۆ ژیانی داهاتوو بکێشێت، بەڵام ناکرێت بوترێت تەنها مرۆڤ زمان بەکاردەهێنێت بەڵکو لەنێو زیندەوەرانی تریشدا پەیوەندی و لەیەکگەیشتن هەیە**، (( زمان تاکە هۆکارە، کە پێیەکی لە مێشك و ئاوەزی مرۆڤدایەو پێیەکی تریشی لە دەرەوەی مرۆڤدایە ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەزو جیهانی دەرەوەیەبەیەکتری، لەبەرئەوەی زمان هەم هۆکارەو هەم سەرچاوەی مرۆڤسازی و ژیانسازییە ئەرکی گەورەترو کرۆکیتر دەگێڕێت))[٢٣]، فێربوونی زمان سەرچاوەیەکە بۆ گەیشتن بە جیهانی ناوەوەو دەرەوەو گەڕان بە دوای نهێنی و شاراوەکان و دۆزینەوەیان. لەمانەوە دەگەینە ئەوەی کە زمانی پەروەردەیی دەبێت پێڕەوبەندو ڕێسابەند بێت، هەڕەمەکیانەو ناپێڕەوبەندانە نەبێت، هێما زمانیەکان کە داڕێژەری زمانی پەروەردەیین پێویستە بیروروژێنەرو بەگەڕخەرو ئاراستەکاربن، هەڵگری بەهاو ڕەسەنایەتی کلتوری و کۆمەڵایەتی بن و پارێزگاریکەرو پەرەپێدەرو دەوڵەمەندکەری ئەم لایەنە بن لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە ئامێری سەرەکی و بنەڕەتی دروست پەروەردەکردنی لایەنی دەرونی و ....تاد مرۆڤ بێت.

پوختەی ئەم پەیوەندییە بریتییە لەوەی، کە زمان کاریگەرترین نێوەندی پەروەردەو فێربوون و فێرکردنە، کە هەموو زانستەکان لە ڕێگەی زمانەوەو بەهۆی زمانەوە دەنوێنرێن و بڵاودەبنەوەو گەشەدەکەن، جگە لەمەش زانستەکان بە کاریگەریی زمان دەتوانن بنەماو تایبەتمەندی و تیۆری خۆیان بچەسپێنن و دیارییکەن، لەمەشەوە، پەروەردەو زمان دوو بواری گرنگن و پەروەردە بە بێ زمانێکی شیاو ناتوانێت پەروەردەیەکی نمونەی بەرهەمبهێنێت، بۆیە زمان و پەروەردە پەیوەندییەکی پێکەوەبەستراون، منداڵ فێری زمان دەکرێت لەگەڵیشیدا پەروەردە دەکرێت، فێری دەنگەکان و

---

[٢١] شیلان عومەر حسەین( ٢٠١٤: ٧٦)

* زۆرجار ئەم ڕەفتارە لەناو هەست و نەستی قوتابیدا هەیەو لە ڕێگەی ڕاهێنان و فێرکردنەوە گەشەی پێدەدرێت و کامڵدەبێت، یان ڕەفتارەکە بونی نییە لە ڕێگەی فێرکردنەوە فێردەکرێت و ڕادەهێنرێت.

[٢٢] شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٤: ٩٥)

** هەرچەندە ئەم پەیوەندی و لەیەکگەیشتنە سنوردارو دیاریکراوەو بەو شێوە گشتگیرییە نییە کە لە مرۆڤدا هەیە بیرۆکەو بیروبۆچون و داهێنان بەستراوە بە مرۆڤەوەو لای مرۆڤ گەشەی کردوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە محمد معروف فتاح (١٩٩٠).

[٢٣] شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٤: ٧٦)

فۆنیمەکان و یاساکانی زمان دەبێت، لەهەمان کاتدا بنەماکانی پەروەردەکردنیش فێردەبێت کلتوورو شارستانیەت و بەهاکانی وەردەگرێت، کەواتە زمان و پەروەردە تەواوکەری یەکترین، بە گشتی زمان ساناترین و کاراترین ئامرازی پەروەردە ( فێربوون و فێرکردن)ە*. لەمانەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بۆ چی پەروەردە پێویستی بە تیۆری زمانی هەیە، لەبەرئەوەی زمان کەرەستەو ئامرازو سەرچاوەو ئامانجی پەروەردەیە،(( پەیوەندیی نێوان زانستی زمان و پەروەردە بریتییە لەوەی، کە زمان هەم وەك بابەت و هەم وەك ئامێر لە پرۆسە پەروەردەییەکاندایە.))[٢٤]، زمانی پەروەردەیی لەگەڵ گرنگیدان بە فێربوون و فێرکردنی قوتابی، لەڕوی نووسین و خوێندنەوەو وەرگرتنی زانیاریشەوە قوتابی فێردەکات، لەلایەکی تر گرنگی و بایەخ بە گەشەپێدان و چاندنی بەهاو ڕەفتارو بیرو کلتوورو.... دەدات، ئەمەش بە بەرجەستەکردنی لەناو پرۆگرامی خوێندندا دەبێت، کرۆکی پەیوەستکردنی زمان بە پەروەردەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەکارهێنانی زمان بە سەرەکیترین هۆکاری هەڵسەنگاندن و مەزندەکردن دادەنرێت لە پەروەردەدا، بەوەی ئەو ڕێگەیەی کە زمانی پێ فێردەبین کاردانەوەی لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتن لە زمان و وەرگرتنی کۆزانیاریدا دەبێت.
بەگشتی لە پەیوەندی نێوان زانستی زمان و گرفتی کارەکیکردنی پەروەردەیی زمان (Suardiaz&Doninguez ١٩٨٧)[٢٥] بە فێرکردنی زمانی دایك دەستیانپێکردو سێ ڕێگەیان بۆ بە کارەکیکردنی ئەم بابەتە خستەڕوو: ١- ڕێبازی زمان، تیۆری و توێژینەوە لەناوپارادیگماکاندا لەخۆدەگرێت، کە ڕێگە خۆشکەرن بۆ شیکردنەوەی ئاخاوتن و پێڕەوی زمان. ٢- سیاسەت و پلاندانان، کە بە چارەسەرکردنی بابەتەکان ناونراوەو فشارخستنەسەر جەختکردنەوە لە سیاسەتی نیشتمانی و نەتەوەیی، کە بەهۆی زمان و دیالێکتەکانەوە جەختیانلێدەکرێتەوە. ٣- جێبەجێکردن و کارەکیکردن، کە بابەتە پەروەردەیی و مەعریفییەکان گەڵاڵەدەکەن.

## ٢/١) تیۆری دیداکتیکی زمان و مۆدێلەکانی

لە دوای نیوەی دوەمی سەدەی پێشوەوە، بابەتی بە زانستی دارشتنی پرۆگرامی پەروەردە، سەریهەڵدا، لەمەشەوە تیۆری جۆراوجۆرو ڕێبازی هەمەچەشنە، بۆ خستنەڕوی هەستیاری و گرنگی بابەتەکە هاتنەئاراوە، کە ئەمەش بە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی زمانی پەروەردەیی دیاریکرا. هەموو تیۆرەکان بە جیاوازی بیروبۆچون و ڕێبازەکانیانەوە، لەسەر ئەوە کۆکن، کە دەبێت بەشێوەیەکی زانستییانە زمانی پرۆگرامی خوێندن دابڕێژرێت، چونکە فەلسەفەی پەروەردەی نەوەیەك و مۆدێلێك لە تاك بەرهەمدەهێنێت، کە پێکهاتەی خێزان و دواتر کۆمەڵگاش دەوەستێتە سەر ئەو پەروەردەییەی، لە ڕێی ئەو پرۆگرامانەوە تاکی پێگۆشکراون، کەواتە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن لەخۆوە نییەو لەسەر بنەمای زانستی و ئەو زمانەی پەروەردەی پێدەکرێت بەرهەمهێنراوەو ئەمەش لەسەر میتۆدو بۆچون و ڕێبازەکانی زانستی زمان هەڵهێنجراون، لەلایەکی تریشەوە ناواخنی زانستی زمانی پەروەردەیی لە کارەکیکردنی پەروەردەییدا خۆیدەبینێتەوە، کە بە دیداکتیکی(didactic) زمان دیاریکراوە، (( دیداکتیك، بە واتا هونەری یان زانستی فێربوون، کە بە ڕەوشت ناواخنکراوە، یاخود بە پرۆسەی نەخشەسازی و ئامادەکاریی بۆ فێربوون

---

* ئەگەر لێرەدا پرسیار بکرێت ئایا ئەو کەسانەی کە ناتوانن قسەبکەن یان ئەوانەی ئەندامی بیستنیان ناتەواوە چۆن بە بێ زمان کارەکانیان ئەنجامدەدەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو وشە ئاماژەییانەی کە بەکاریدەهێنین، واتە هێما ئاماژەییەکان وەك کۆدی زمان دەبینرێن و جۆرێکن لە جۆرەکانی زمان ، بەم جۆرە لەم ڕێگەیەوە ڕۆڵ دەبینن لە کردەی پەروەردەدا.

[٢٤] Ron (١٩٩٠: ٤)
[٢٥] N. H. Hornbeger, (٢٠٠٨:١١)

پەسنکراوە، ئامانج لێی گواستنەوەی زانیاری و فێرکارییەو لە ناواخنیدا فێرکاری ڕەوشتی لەخۆدەگرێت.[٢٦]))، کرۆکی دیداکتیکی بۆ فێربوونە نەك فێرکردن، واتە خۆبەخۆ پرۆسەی فێربوون (تاقیکردنەوەو ئەزمون و بەکارهێنان) بە ڕابەرایەتیکردنی پرۆگرامی خوێندن بەرجەستەدەکات. ئەمەش ئەو بوارەیە، کە دەبێت توێژینەوەی زانستی زمانی پەروەردەیی کاری تێدابکات و تیۆرە پەروەردەییەکانی زمان بنەڕەتی ئەم بابەتەن[٢٧]، لەمەوەیە زانستی زمانی پەروەردەیی بە زانستی هەمەچەشنە دانراوە، چ لەڕوی ناوەڕۆك و کرۆکی توانستەکانیەوە، چ لەڕوی ڕێبازە چەمکیەکانیەوە، لەبەرئەوە بۆ پشکنین و توێژینەوە دەبێت بە زیاتر لە تیۆرییەك لێکۆڵینەوە بکەین، لەبەرئەوەی هەر تیۆرەو لە گۆشەنیگاو تێڕوانینی جیاجیاوە ئەم بابەتەی مەزەندەکردوەو هەڵیسەنگاندووەو لێیکۆڵیوەتەوە. تیۆرو مۆدێلەکانی فێربوون و فێرکردنی زمان، کرۆکی توێژینەوە پەروەردەییەکان و کارەکیکردنیانن، بە واتا کۆزانیاریی پەروەردەیی لەسەر سیماو تایبەتێتی و ڕوکارە بنەڕەتیەکانی تیۆرو مۆدێلەکانی فێربوون و فێرکردن بنیاتنراون و ئامانجیش لەمانە چۆنیەتی فێربوون و فێرکردنی تاکە، بە واتا پەروەردەکردنێتی، پوختەو کورتەی تیۆرو مۆدێلەکان (کە بەپێی سایکۆلۆجی و دەرونزانی و کۆمەڵایەتی و زمان ) بەمشێوەیە پێڕستکراون.

## ١-٢/١) تیۆری ڕەفتارگەرایی ( Behaviorist Theory )

بە گشتی ئیلیمێنتی سەرەکی تیۆری ڕەفتاری بریتییە لە وروژێنەرو کاردانەوەو پەیوەستداری نێوان ئەم دوو ئیلیمێنتە بەجۆرێك لە چوارچێوەی ئـەم تیـۆرەدا هاوکێـشەی وروژێنـەرو وەڵامێکـی ئامـادەکراو هەمیـشە کاردانەوەیـەکی پەیوەستداری لێدەکەوێتەوە، ئەم هاوکێشەیە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە تیۆرەکان ڕەفتارییانە هەوڵییان بۆ دیاریکردنی دروستەی کۆزانیاریی فێرخواز داوە، هەوڵییان داوە ئەو پرۆسە مێتالییە بسەلمێنن کە بۆ پرۆسەی فێربوون پێویـستە، بەڵکو قوتابی لای ڕەفتارگەرایی‌یەکان کائینێکی کارلێکردووە لەگەڵ مەرجەکانی ژینگـەو دەوروبـەر. ڕەفتارگـەرەکان قوتابی هەڵدەسەنگێنن تا بەهۆیەوە بزانن چ خاڵێك بکەن بە سەنتەری فێربوونەکە هەروەها دیاریبکەن چ پاڵنەرێك کە زۆر گرنگە بۆ قوتابییێکی دیاریکراو[٢٨].

ڕەفتار لەم قوتابخانەیەدا، بە کەرەستەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکان دانراوە، ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئاشـکرای دەرەوەی مرۆڤ، بنەمای بنەڕەتی و پێوەری کرۆکی لێکۆڵینەوەکانە[٢٩]*، لای ئەمان ئەوەی جێی سەرنجە، بوونی تواناو لێهاتویی و ئامادەکارییە زگماکیەکان و کردە ئاوەزیی و چالاکییە ژیرییەکان و پرۆسە ناواخنییەکان ڕەتدەکەنەوەو هیچ بایەخی پێنادەن، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوانە نابینرێن و ناتوانین بیبانپێوین وتاقیبانبکەینەوە، بەمەش ڕۆڵی یادگە لە پرۆسـەی

---

[٢٦] ١-www.wikipida.com, ٢- www.dictionary.com
[٢٧] N. H. Hornbeger, (٢٠٠٨:١٢)
[٢٨] بڕوانە (P. A. Ertmer and T. J. Newby ( ٢٠٠٨
* لە تیۆری ڕەفتاریدا زانایان پێیانوایە منداڵ زمانی زارەکی، بەهۆی ڕۆڵی مرۆڤی تـرەوە لـەناو مـۆدێلی پرۆسـەی پـەیکاڵبونی لاسـاییکردنەوەدا فێردەبێت، کاتێك منداڵ لاسایی زمانی زارەکی و دەنگەکان و شێوازی ئاخاوتن دەکاتەوە، کە لە باوان و دەوروبەرەوە لەگەڵ بینینی شتەکان دەنـگ و واتای وشەکە وەردەگرێت، دەیەوێت بە پراکتیکی دوبارەیبکاتەوە، ئەمەش بە پاڵپشتی و ستایشکردن و پێدانی سۆزو خۆشەویستی و هاندانی بـۆ دوبارەکردنەوەی زمانەکەیە، کە وادەکات خێراترو زیاتر هەوڵبدات بۆ فێربوون و زمانوەرگرتن، کە هاندان و سـۆزو سـزاو پاداشـت کاریگـەری زۆری دەبێت بۆ زیاتر کۆششکردن بۆ فێربوون. نزیکایەتی سروشتی فێربوونی زمان لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی هەردوکیان گـرنگن لـە فێرکردنـی زمـان و فێربوونیدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٣٥-٣٨ ) G. Mcleod

فێربووندا فەرامۆشکراوە، هەرچەندە ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنەش بوونەوە، کە ئایا خوونەریتەکان خەزنەدەکرێن و بەدەستدەهێنرێن و بەکاردەهێنرێن.... لەگەڵ ئەوەشدا ڕەفتارگەراکان بیرچونەوە بە ڕەتکردنەوەی کاردانەوە بەپێی ڕودانی کات دادەنێن.

جێبەجێکردنە پەروەردەییەکان بە پێی تیۆری ڕەفتاری، پێکدێت لە[30]:

١. وردبوونەوە لە فێرکردن بەوەی فێرکردن بریتییە لە وەڵامدانەوەی وروژێنەر.

٢. دوبارەکردنەوەو ڕاهینان، ئامانج لێی فێرکردنی زمان لە ڕێگەی پێکهێنانی خودی زمان بەڕێگەی نەستی، کە ئەمەش شێوازێکی گرنگە لە پرۆسەی فێرکردندا بە تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتیدا، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو دوبارە کردنەوەیەك فێرکردن بە دوای خۆیدا بهێنێت، بەڵکو بەسودە بۆ وروژاندن و هەژاندن و بەئاگاهێنانەوە، ئەمەش بۆ لەبەرکردن گرنگە.

٣. بەردەوامبونی پاڵنەر، ئەگەر بمانەوێت فێرکردنێکی کاریگەر بەرجەستە بکەین، دەبێت پاڵنەرەکانمان بەهێز بن، تا پاڵنەری بەهێز هەبێت فێرکردنی خۆویستانە زیاتر بەرجەستەدەبێت، هەر ئەمەش وایکردوە، کە ژینگەی پۆل بە بابەت و کەلوپەل و..... سەرنجڕاکێش و کاریگەر نەخشە بکێشرێت، تا بەردەوامی پەیوەندیی نێوان مامۆستاو قوتابی مسۆگەر بکەین.

٤. ڕێککردنی ڕەگەزی فێرکاری و دیاریکردنی.

پرۆسەی پەروەردەیی ( فێربوون و فێرکردن) لەم تیۆرەدا بۆ ئەم چەشنە مۆدێلانە پۆلێنکراوە:

١. مۆدێلی مەرجدارێتی کلاسیکی (Model of classical conditioning )

ئەم مۆدێلەی تیۆری ڕەفتاری لەلایەن (Pavlov ) وە خراوەتەڕوو، ئەم پێیوایە دەتوانرێت مرۆڤ لەسەر بنەمای وروژاندن و وەڵامدانەوە فێربکرێت، بنەمای سەرەکی فێربوون و فێرکردن و دروستکردنی ڕەفتارو خوی جۆراوجۆری هەڵسوکەوتی تاك دەکەوێتەسەر گۆڕانی وروژێنەرو بارودۆخ و ژینگەو ئەو هەلومەرجانەی کاریگەرییان لەسەر تاك دەبێت . ( Pavlov ) پێیوایە وەڵامە تازەکان هاوپەیوەندن لەگەڵ ئەو ( وروژێن – وەڵام ) انەدا، کە ئێستا هەن، نمونەی کلاسیکی لەم مۆدێلەدا، بریتییە لە جوتدانانی وروژێنی لێدانی زەنگێك لەگەڵ پێشکەشکردنی خواردن بۆ سەگەکان، دوای دوبارەکردنەوەی ئەم جوتە ( وروژێن – وەڵام )ە ، سەگەکان لیکیاندەڕژێت کاتێك گوێیان لە زەنگەکە دەبێت ( تەنانەت ئەگەر خواردنیش لەوکاتەدا پێشکەشنەکرێت). وروژێنەری بنەڕەتی یەکەم جار ( $S_1$ ) و وەڵامی ( $R_1$ ) بریتییە لە (خواردن – لیکرژاندن) ، بەڵام دوانەی تازە ( وروژێن – وەڵام) بریتییە لە ( زەنگ/ $S_2$ – لیکرژاندن/$R_2$ )[31]، بڕوانە ئەم هێڵکارییە:

---

[30] www.edu.fi.*arabiya*

[31] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە www.learning-theories.com، طلعت منصور، انور شرقاوی، عادل عزالدين، فاروق ابو عوف (٢٠٠٣: ٢٤٢-٢٦٠)

| | |
|---|---|
| وروژێنەری $S_1$ | وەڵامی $R_1$ |
| ↓ | ↓ |
| خواردن | لیکرژاندن |
| وروژێنەری $S_2$ | وەڵامی $R_2$ |
| ↓ | ↓ |
| زەنگ | لیکرژاندن |

هێڵکاری (٢)

٢. مۆدێلی فێربوونی مەرجدارێتی جێبەجێکەرانە (Model of Operant Conditioning)

(Skinner) ئەم چەشنە لە مۆدێلی ڕەفتاریی خستۆتەڕوو، بە بۆچونی ئەم فێربوون دەرەنجامی گۆڕانکارییە لە ڕەفتاردا*، کاتێك بازنەکانی ( وروژێن – وەڵام ) بەهێزدەکرێن، ئەوا تاکەکەس مەرجدار دەکرێت بۆ وەڵامدانەوە، ئەمەش جیاوازدەبێت لە پەیوەندکردن، چونکە تاکەکان دەتوانن لە پەیوەندکردندا دەستپێشخەری وەڵامبکەن، نەك تەنها وەڵامی وروژێنەرەکان بدەنەوە**.

٣. مۆدێلی پەیوەندکردنی ڕەفتاری (Model of Connectionism of Behavioral)

بەپێی بۆچونی (Thorndike) پرۆسەی پەروەردەی تاك، بریتییە لەو بابەتانەی/ لێکەوتانەی، لە هاوپەیوەندییەکانن، واتە پەیوەندییەکانی نێوان ( وروژێن – وەڵام) دەکەونەوە و فێردەبن، لە ڕێی ئەنجامدان و هەڵەی ئەنجامدانەوە، وەڵامە پاداشتکراوەکان بەهێزدەکرێن، کە یاسای فێربوونی Thorndike ناسراوە***، کە ئەم یاسایە پێکدێت لە[٣٢]:

ا- یاسای کاریگەری وەڵامدانەوەی تا لە حاڵەتێکی دیاریکراودا دەگەڕێنێتەوە بۆ پاداشتکردن، ئەم پاداشتکردنەش دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی بەهێزتر، ئەم وەڵامدانەوانەش دەبن بە (خو) کاتێك تاك لە ژینگەیەکی دیاریکراودا دوبارەیدەکاتەوە، ئەگەر وەڵامێك ڕێگەی بە پاداشت یان حاڵەتی پاداشتکردنەکە نەدا، ئەوا وەڵامدانەوەکەی لاوازدەبێت.

ب- یاسای ئامادەبوون دەکرێت زنجیرەیەك وەڵام پێکەوە لینکێك دروستبکەن بۆئەوەی بگەنە ئامانج.

---

* بڕوانە ( ١/١-٢)

** Skinner دوو جۆری سەرەکی ڕەفتاری جیاکردەوە: ١- ڕەفتاری وەڵامدانەوەیی Respondant Behavior : دروستبونی ئەم جۆرە ڕەفتارە، لە ئەنجامی هەبونی سەرنجڕاکێشی دیاریکراو لە هەڵوێستێکی ڕەوشتیدا سەرهەڵدەدات. ٢- ڕەفتاری ڕێساییانە Operant Behavior: Skinner پێیوایە، ئەو ڕەفتارەیە کە پەیوەندی لەنێوان وروژێنەری دیاریکراوو وەڵامدانەوەدا هەیە، کە جیاوازە لە ڕەفتاری وەڵامدانەوەدا. طلعت منصور، انور شرقاوی، عادل عزالدين، فاروق ابو عوف (٢٠٠٣: ٢٥٤)

*** بەگشتی یاسای Thorndike وەڵامدانەوە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا دروستدەبن، چەند وەڵامدانەوەکە دوبارەبێتەوە ئەوەندە پەیوەستبوونەکە بەهێزدەبێت، بە پێچەوانەشەوە چەند کات تێپەڕێنێت ئەو وەڵامدانەوەیەی کە پەیوەستە بەو بارودۆخەوە دوبارە نەبێتەوە ئەوا پەیوەستبوونی وەڵامدانەوەو هەڵوێستەکە لەو ژینگەیەدا لاوازدەبێت.

٣٢ https://principlesoflearning.wordpress.com

پ- یاسای ڕاهێنان، ڕاهێنانەکان بەشێوەی دوبارەبوونەوە بـەهێزدەبن، بـەلاَم ڕاهێنـانی پچڕپـچڕ پەیوەسـتدارییەکە لاوازدەکات.

٤. مۆدێلی تیۆری فێربوونی سەرنجکارانە (Model of Observational learning theory)

(Bandura) لەم تیۆرەدا، ئەوەی پێشکەشکردووە، کە ڕەفتار دەکرێت لە ڕێی سەرنجدان لـەوانی تـرەوە فێـربین، ئەمە بە تیۆری فێربوونی کۆمەلاَیەتیش ناوبراوە ( Social learning theory)[٣٣]. کە تیۆری لاسـاییکردنەوە دەگرێتەوە.

٥. مۆدێلی ڕەفتارگەرایی (Model of Behaviorism)

(Watson) گریمانەی ئەوە دەکـات، کـە زۆرینـەی فێربـوونی مرۆیـی و ڕەفتارەکـانی، لەلایـەن ئەزمونکردنـەوە کۆنترۆلکراوە ( نەك بە بۆماوەیی پێشتر بڕیار لەسەردراو بێت یان دیاریکراو بێت). ئەم بڕوای وایە تەنها دەبێت لـەو ڕەفتارانە بکۆلڕێتەوە، کە شیاوی سەرنجلێدانن و تێبینیکراون، بڕوای بە ئامادەكارییە زگماكییـەكان و ناواخنیـەكانی مرۆڤ نییە، بۆچوونی مۆدێلەکانی تیۆری ڕەفتاری لە هێلکاری (٣) دا پوختکراوەتەوە.




هێلکاری (٣) مۆدێلەکانی تیۆری ڕەفتاری

## ٢-٢/١) تیۆری بەرهەمهێنان ( Generative theory)

ئەم تیۆرە لەلایەن (Chomsky) ەوە سەریهەلدا، ئەو مۆدێلەیە، کە پەسنی ئـەو ڕێگایانـەی کـە مـرۆڤ فێـری پەیوەندیگرتن دەبێت، دەکات، کرۆکی ئەم تیۆرە لەو بـیرەوە سەرچـاوەی گرتـووە، کـە بنـەڕەتی هـەموو زمانـەکان دەگەڕێنەوە سەر سەرچاوەی هاوبەش، واتە لە سەرچاوەیەکی هاوبەشەوە ئەم زمانانە هەلـدەقولێن و ڕێبـازو یاسـای ڕێزمانی زگماکی لە مێشکی مرۆڤدا داڕێژراوەو هەیە[٣٤].

زانستی زمانی بەرهەمهێنان پشت بە لایەنی بایلۆژی مرۆڤ لەناو زمانوەرگرتندا، کە بە منداڵ بەخشراوە دەبەستێت، کە لەگەڵ لەدایکبوونیدا ئەو توانستەی هەیە، (Chomsky) پێیوایە کە منداڵ لە ڕێی توانست و توانـاوە زمـان وەردەگرێت و لەگەڵ زۆربەی زانیارییەکاندا لە هەر شوێنێکی دەوروبەردا بێت ڕووبەڕوودەبێتەوە، بەم پێیە لە تیـۆری بەرهەمهێناندا ئاخاوتن بابەتێکە لە جینەکانەوە سەرچـاوە دەگرێـت، بەرهـەمهێنانی بێـسنوری ڕسـتە لـەناو هـەر زمانێکدا، شاهیدی ئەم ڕاستییەن.

---

[٣٣] www.learning-theories.com

[٣٤] S. Bovitch, Z.Cullimore, T. Bramwell- Jones(٢٠١٢)

لە ڕوانگەی تیۆری زمانەوانی بەرهەمهێنانەوە، (( زمان تەنیا ڕەفتاریك نییە، کە بە هۆی فێرکردن و ڕاهێنان و پراکتیزەکردنەوە منداڵ فێریبێت، بەڵکو لە پشت هەموو ڕوداوێکی ڕەفتارییەوە ژێرییەك هەیە، کە ڕێکیدەخات و شەن وکەوی دەکات و پەرەی پێدەدات ،... کەواتە ئەوەی یەکلابۆتەوە کە شتێکی زگماکی و غەریزی پەیوەست بە زمانەوە لە ناواخنی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، ژێری مرۆڤ توانستی فێرکردنی زمانی پێبەخشراوە، کە بە کۆئەندامی وەرگرتنی زمان Language Aquistion devic ناوبراوە.[35]))، کەواتە دەبێت بەشێوەیەکی ئاوەزییانە لە زمانوەرگرتن بڕوانین،(( (Chomsky) باوەڕیوایە، کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان (مرۆڤ) و (ئامێرو ئاژەڵ) دا بونی هەیە، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە پرۆسەی فێرکردنی زمانیدا خاوەنی عەقڵ و لۆژیکەو توانایەکی داهێنەرانەی هەیە، زیاتر بریتییە لە توانست ( competence). ئەم توانستەش لە خۆیدا توانستێکی سروشتیی ناوەکیەو بنەمای ئامێریی وەرگرتنی زمانە.))[36]، بۆیە تیۆری ڕێزمانی گشتی پێیوایە، کە فێربوونی زمان لەلایەن میکانیزمی بایلۆژییەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت، کە دەتوانێت لە ڕێگەی توانستەوە چەندین ڕستە بێنێتە بەرهەم کە پێشتر نەبووە، ئەمەش بەهۆی ئەو میکانیزمە بایلۆژییەوەیە کە بۆی گوێزراوەتەوە[37]، بۆیە هەر زمانێك خۆی (هۆکار)ە، لەسەر بنەمای داتای زانستیی زمانیی فێردەبێت، بەم شێوەیە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە هەموو ئەو بۆچوونانەی ڕەتکردەوە کە فێربوونی زمان لە ڕێی لاسایکردنەوەو پاداشتەوەبێت. ((پەیوەست بە فێربوونی زمان، کە منداڵ گوێی لە دەوروبەرەکەی دەبێت، ڕێزمانە جیهانییەکەی پێوە پەیوەستدەکات، بەم ڕێساو ڕێزمانە جیهانییە ڕێزمانی زمانەکەی پێکدەهێنێت، ئەو ڕێزمانەی کە لە دەوروبەرەوە بەکاردەهێنرێت و قسەی پێدەکرێت، بە واتا شارەزایە بە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت ڕێزمانی زمانی کوردی لە ئاخاوتنیدا پێکدەهێنێتەوە، بەمەش منداڵ تەنیا گەنجی وشەکانی زمانەکە لەگەڵ واتاکەی لەبەردەکات، ئەوی تر هەموی یاسان.[38]))، بەمەش زمان تەنیا ڕەفتارێکی وەرگیراو نییە، کە بە فێربوون و ڕاهێنان و کارەکیکردن وەربگیرێت، بەڵکو ژێری لە پشت هەموو ڕەفتارێکەوەیە، بەمپێیە زمانیش بە پێڕەوێکی ژێری ئالۆز دانراوە.

## ٣-٢/١) تیۆری ئەرکی Functional Theory

لای ئەرکییەکان هەریەك لە ڕەفتارو بابەتە هەستی و عەقڵییەکان ڕۆڵییان لە پرۆسەی فێربووندا هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی ( خەڵك چی دەکەن؟ ، بۆ چی وا دەکەن؟) بەمپێیە ئەرکییەکان پەیوەندییەك لەنێوان ژینگە، ناوەوەو دەرەوەی تاك دروستدەکەن، کە هەریەك لەو ژینگانە ڕۆڵییان لە پرۆسەی فێربوونی تاکدا هەیە. قوتابخانەی ئەرکی لە سایکۆلۆجیدا بە گرنگترین قوتابخانە دادەنرێت لە فێرکردنی منداڵدا بۆ خۆگونجاندن لە ژینگەو دەوروبەر.

(( ( Hymes) لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا نمونەیەکی ئەرکی پێشنیازکرد، لەسەر بنەمای چەمکی دوانەیی ( توانست و توانا) ی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، ئەوەشی خستە ڕوو کە Chomsky لە

---

[35] موسی رشید حتاملة (١٤٢٧: ٧٠)

[36] کاروان عومەر قادر، شاخەوان جەلال فەرەج، ( ٢٠١٢: ٥٦٨- ٥٦٩)

[37] بڕوانە wikis . la. Uetexas. Edu. Theory

[38] محەمەد عبدوالفتاح حمەسعید، چاوپێکەوتن ٢٠١٥/٥/١٣

ڕاڤەکردنیان بۆ ( توانستی زمانیی)، مەودایەکی تەسکی بۆ هۆنیوەتەوە، کە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵایەتی زماندا ناگونجێت، بۆیە پێشنیازی گۆڕینی توانستی زمانی بۆ توانستی پەیوەندیکردن (communication competence) دەکات، بە مەبەستی چۆنیەتی شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمان لەناو کۆمەڵدا.))[39]. تیۆری ئەرکی دەوروبەری فەرامۆشنەدەکرد، پێیانوابوو کە دەوروبەریش کاریگەریی لە زمانوەرگرتندا هەیە، نابێت لاسایکردنەوەو پاداشت لەیادبکرێت، دەوروبەر کاریگەریی لەسەر پەیوەندیکردن هەیەو دەبێت منداڵ وافێربکرێت، کە ئاخاوتنی بەپێی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی بێت و لە پەیوەندیکردندا شێوازی گونجاو هەڵبژێرێت و توانستی پەیوەندیکردنی لێهاتوانە بێت، واتە داینامیکیەتی قسەکردنی شیاوبێت و لەگەڵ دەوروبەردا بگونجێنێت، (( بەمەش ئەرکییەکان بۆچونەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیان لە مەودایەکی بەرفراوانتردا خستە خزمەتی فێرکردنی زمانییەوە.[40])). لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا لە ڕێی ( خۆهاندان و خۆئاڕاستەکردنەوە) منداڵ هەوڵدەدات بۆ فێربوون، کە گونجاوترو باشتر پرۆسە کە وەردەگرێت، نەك لە ڕێی سەپاندنی ڕێنمایی ڕاستەخۆوە.

## ٢/١ - ٤ ) تیۆری درککردن ( Cognitivism theory)

دیدگەی درککردن لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پرۆسە ئاوەزییەکان و چالاکییە ژیرییەکان و کردە ناواخنییەکان دەسەلاتیان بەسەر چۆنیەتی و جۆراوجۆریتی وەلامدانەوەو ڕەفتارو وروژێنەرەکان/ژینگەو بارودۆخ و تێکردەکاندا هەیە، بە واتای ئەوەی ڕایەڵەی پێکبەستنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ و وروژێنەرەکانی دەرەوەی، بریتییە لە کردە ناواخنییەکان/پرۆسە ئاوەزییەکان، واتا (مێشکی مرۆڤ)، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر مرۆڤ هەر وروژێنەرێك/تێکردەیەك وەربگرێت و ئامێرییانە وەلامیانبداتەوە، ئەوا ڕۆڵی ژیری و ئاوەزی مرۆڤ لەچیدا دەبێت و مرۆڤ دەبێتە ئامێرێك و هیچی تر، لەمەوە هاوکێشەی [ وروژێنەر (تێکردە) ← پرۆسەی ئاوەزیی ← وەلام( دەرکردە)] دێتەکایەوە، وەك لەم هێڵکارییەدا خراوەتە ڕوو:




هێڵکاری (٤)

ئەنجامی فێربوون بەهۆی چالاکی ئاوەزییەوەیە، کە لە ڕێی درکپێکردنی بیرەکان و وەرگرتنیان و بەدەستهێنانیان دەبێت، بە واتا لە پەیوەندیی هێماو چۆنیەتی پەیبردن و درککردن و تێگەیشتنی مرۆڤ لە هێمابۆکراوەکان دەکۆڵنەوە،

[39] کاروان عومەر قادر، شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٢: ٥٧٣)

[40] هەمان سەرچاوە (٢٠١٢: ٥٧٥)

کە فێربوونی زمان جۆرێکە لە پەیکاڵبونی لێهاتویی و شارەزایی و درککردنی ئاڵۆز، بە ڕێکخستن، نوێنەرایەتیکردن و بەڕێوەبردنی ناوخۆ بەردەوام دروستدەبێتەوەو بەرهەمی دێنێتەوە[٤١]، بەپێی ئەم تیۆرە کۆزانیاری زمانیی لە بەکارهێنانی زمانەوە وەردەگیرێت. بەمەش فێربوون هاوکێشەیەکە بەهۆی جیاکردنەوەی گۆڕاوەکان لەنێوان حاڵەتەکانی کۆزانیاریدا دروستدەبێت نەك بەهۆی ئەگەری گۆڕانەکانی کاردانەوە، کە فێربوون دەربارەی ئەوە نییە کە فێرخواز چی بکات بەڵکو دەربارەی ئەوەیە کە فێرخواز چی دەزانێت، چۆن زانیارییەکان وەردەگرێت. تیۆرەکانی درککردن جەخت لە بەچەمککردن لە پرۆسەی فێربوونی فێرخوازدا دەکەنەوە لەگەڵ کێشەی بابەتی خوێندن، هەروەك چۆن زانیارییەکان دەگات، ڕێکدەخرێت، گەنجدەکرێت و پاشان بەهۆی یادگەوە بەیاد دەهێنرێتەوە. مۆدێلەکانی ئەم تیۆرییە لەمانەی خوارەوەدا کورتکراونەتەوە:

١. مۆدێلی تیۆری پەسنکردن (Model of Attribution theory)

ئەم مۆدێلە دەیەوێت دیاردەکان ڕاڤەبکات و ئەو هۆکارانە دیارببکات، کە دەبنە هۆی ڕودانی ڕوداوێك یان سەرهەڵدانی/کردنی ڕەفتارێك . (Weiner) چوارچێوەی ئەم تیۆرەی پەرەپێدا، تا ئەو ڕادەیەی لە ئێستادا، ئەم تیۆرە لە دەرونزانی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری زۆری هەیە،Weiner ئاماژە بە سێ ڕەهەند دەدات: ١- خاڵی کۆنترۆڵکردن. ٢- جێگیربوون. ٣- توانای کۆنترۆڵکردن. ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات، بۆچی خەڵکی هەوڵی دیاریکردنی ئەوە دەدەن، کە بۆ چی ئەوە دەکەن کە دەیانەوێت، بۆ ئەمەش سێ قۆناغی پرۆسە دیاریکراوە:

ا- ڕەفتار پێویستە تێبینیبکرێت و سەرنجبدرێت و ببینرێت بۆئەوەی تاوتوێبکرێت.

ب- ڕەفتار پێویستە دیاریبکرێت بۆئەوەی ئامانج لێی بزانرێت.

پ- ڕەفتار بۆ هۆکاری دەرەکی و ناوەکی دابەشکراوە/یان دەرکردەی ئەوانە.

٢. مۆدێلی تیۆری باری درکپێکردن (Model of cognitive load theory)

ئەم تیۆرە جەخت لەو بارە دەکاتەوە، کە دەکەوێتە سەر یادگە بەپێی مەشقکردن و فێرکردن،کە پەیوەستە بە بیری ئەو زانیارییەی لە یادگەی کورتخایاندا دەتوانرێت لەیەك کاتدا هەڵبگیرێت، (Sweller)ئەوەی خستەڕوو کە توانای یادگەی کارکەر دیاریکراوە، پێویستە لەو نۆدانە دووربخرێتەوەکە ڕاستەوخۆ بەشدارە لە پرۆسەی فێربووندا، کەواتە ئەم تیۆرە:

١- ڕێگەیەکە بۆ سودوەرگرتن و بەکارهێنانی یادگەی کورتخایان.

٢- ڕێگەیەکە بۆ کەمکردنەوەی نۆدی درکپێکردن.

٣- زۆرترین بۆشایی لە یادگەی کورتخایاندایە.

٤- ڕاهێنانێکە بۆ فێربوون.

(Sweller) پەسنی پەیکەری درکپێکردنی مرۆڤ دەکات، پێویستی و گرنگی جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی بنەڕەتی ئەندازەیی فێرکاریی دروست لەسەر بنەمای کۆزانیاریی مێشکی و یادگە دیاریدەکات. (Sweller) باسی

---

[٤١] بڕوانە ١- G.Mcleod (٣٨-٤٠)، ٢-wikis. La. Utexas. Edu. Theory

یەکەمی دەربارەی جۆرە جیاوازەکانی یادگەو چۆنێتی پەیوەستبونیان بەیەکەوە، لە ڕاستیدا سکێمای/ schemas* وەك شێوەی کاریگەر، لەناو یادگەی درێژخایاندا دادەنێت. سێ جۆر باری درکپێکردن پیشاندەدات[٤٢]:

ا-باری درکپێکردنی دەرەکی ( Extraneous Cognitive Load )

ئەم جۆرە لەژێر کۆنترۆلی نەخشەسازی ( دیزاینەری) فێرکاریدایە، ئەم شێوەیەی باری درکپێکردن بەهۆی ئەو ڕێگایانەی کە زانیاری بۆ قوتابی پێشکەشدەکات بەرهەمدەهێنرێت ( وەك دیزاین).

ب- باری درکپێکردنی کرۆکی ( Intrinsic Cognitive Load )

لەلایەن Sweller و Chandler ەوە بیرۆکە کە داڕێژراوە، کە پێیانوایە باری درکپێکردنی کرۆکی بریتییە، لەو بیرەی کە هەموو فێرکارییەك گرانیەکی کرۆکی و ناواخنی و زگماکی کە پەیوەستە پێوەی هەیەتی، وەك لە ئەژمارکردنی ( ٥+٥ ) دا ئەم گرانی و ئالۆزییە زگماکییە، لەوانە نییە لە حاڵەتی ئاساییدا لەلایەن فێرکارەوە بگۆڕێت، بەلاّم دەبێت ڕێگای جۆراوجۆری بۆ بەکاربهێنرێت تا بگۆڕێت، وەك زۆربەی سکێماکان دەتوانرێت بۆ وەچە سکێمای تاك کەرتبکرێن و بە تەنها فێربکرێن، دواتر سەرلەنوێ گەڕانەوەیان پێکەوەو پەسەنکردنیان وەك گشتێك کۆکراوەو شیاوتر دەبێت.

پ- باری درکپێکردنی پتەویی (Germane Cognitive Load)

ئەم بارە بۆ پرۆسەکردنی فێرکردن و سکێماو کردەکان تەرخانکراوە.

٣. مۆدێلی تیۆری زانینی بۆماوەیی ( تیۆری قۆناغبەندی گەشەپێدانی درکپێکردن ) (Model of Genetic Epistmoiogy Theory)

تیۆری (Piaget) کە بە تیۆری قۆناغبەندی گەشەپێدانی درکپێکردنیش ناسراوە، لە گرنگترین تیۆرەکانی درکپێکردنە، کە گرنگیدەدات بە توانستی زمانیی. ئەم پێیوایە توانست وەرگیراوە، نەك بۆماوەیی بێت، (( هەرچەندە بنەما گشتیەکانی درکپێکردن بنەمایەکی بایلۆجییە، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو بنەمایە بۆماوەیی بێت.[٤٣]))، منداڵ کە لە ڕێی توانای داهێنەرانەوە بە وەرگرتنی زمان لە ژینگەو دەوروبەرو تێگەیشتن و درکپێکردن زمانوەردەگرێت، بۆیە ناکرێت لاساییکردنەوە ڕەتبکرێتەوە، بەلاّم ئەم لاساییکردنەوەیە هەمان بیری تیۆری لاساییکردنەوە نییە، کە پێیانوایە زمان لە ڕێی لاساییکردنەوەو پاداشتەوە فێردەبێت.

Piaget فێربوون و فێرکردن بەپێی قۆناغی پەرەسەندنی نەشونمای منداڵ پۆلێندەکات[٤٤]:

٠ - ٢ ساڵ: بزواوی هەستی – نەشونمای بزواوی .

٣ - ٧ ساڵ: بەر لە بەکارکەوتن – پێشبینی بە بێ بەڵگەی تەواو ڕوون.

٨ – ١١ ساڵ: کەوتنەکاری کۆنکرێتی و بەرجەستە – لۆجیکی ، بەلاّم نائەبستراکتی .

---

* بە چۆنیەتی ڕێکخستنی زانیاری نوێ لێکدەدرێتەوە، بەهۆی بەشداریکردنی بەشێك لە ئەزمونەکان و پشتبەستن بە کۆزانیاری پێشینە، کە لەڕوی تەکنیکەوە پێیدەگوترێت تیۆری سکێما، ئەم تیۆرە تەرزی ڕێکخستنی بیرو ڕەفتارەکان پەسەنددەکات، دەشێت وەك دروستەی ئاوەزداری بیرۆکە یەکلانەبووەکان یان ڕاستەقینەکان کە سەلێنراون پێناسەبکرێت. سکێما تۆڕی بەستنەوەی بیر یان پەیوەندی، دروستەی داتا یان کارڕایی بۆ ڕێکخستنی بەش لە ئەزمونی دیاریکراو لەنێو سیستەمی واتا.١-٢٠٠٣. huitt w، ٢- ئاڤێستا کمال محمود ( ٢٠١٣: ٨)

[٤٢] بڕوانە١- J.Sweller,P. Ayres, S.Kalyuge ( ٢٠١١)، ٢- www.learning-theories.com

[٤٣] بڕوانە ناهیدە ڕەحمان خەلیل، ( ٢٠١٣: ٤٠) ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

[٤٤] ١- C. G. Mooney (٢٠١٣: ٧٨-٧٩/٨١),٢- www.learning-theories.com

١٢ — ١٥ساڵ: بە کەوتنەکاری فەرمی ( یان فۆڕمدار) — بیرکردنەوەی ئەبستراکتی.

٤. مۆدێلی تیۆری درکپێکردنی فێربوونی فرەڕەهەندی (Model of Cognitive Theory of Multimedia Learning)

ئەم تیۆرە لەسەر سێ گریمانەی سەرەکی بنیاتنراو، ئەم تیۆرە پێکەوە گرێدانی هەرسێ تیۆری بادلی ( Baddeley Thoery ) و تیۆری دوانەی( Paivio& Sweller )وەو پشتگیریکراوە، بەجۆرێك کۆتا تیۆرییەکە لە چوار خاڵدا کورتکراوەتەوە، کە بۆ پڕۆسەکردنی زانیارییەکان دیاریکراون:

١- دروستە یان پێکهاتەی کەناڵی ( بیستراوو بینراو). ( کۆدی دوانەیی Paivio& Sweller)

٢- دیاریکردنی توانای پڕۆسیسکردن لە یادگەدا. ( تیۆری باری درکپێکردن)

٣- هەر سێ جۆری یادگە ا- هەستی ( کە وەرگرتن و مانەوەی لە کاتێکی زۆر کورتدا) ب- کارکەر ( پڕۆسەی هەڵگرتنی زانیاری بۆ بونیادی بیریی ( یان سکێماکان) پ- درێژ خایان (هەڵگرتنی هەموو ئەو شتانەی کە فێربوە )

٤- دیاریکردنی پێنج پڕۆسەی درکپێکردن لەبارەی دیاریکردن، ڕێکخستن، لەحیمکردن ( دیاریکردنی وشەکان، دیاریکردنی وێنەکان، ڕێکخستنی کارەکان، ڕێکحستنی وێنەکان، پەیوەستکردنی کۆزانیاری تازە بە کۆزانیاری پێشووەوە)...[45]. لێرەدا تواناو لێهاتویی کەناڵی دیاریکراو لە مرۆڤدا هەیەو لە هەمان کاتیشدا فێربوون پڕۆسەیەکی چالاکە، لە بژاردەکردن، پاکتاوکردن، هەڵاوێرکردن، ڕێکخستن، ئاوێتاندنی زانیارییەکان پێکهاتووە.

بنەمای فرەڕەهەندیی ئەو بنەمایەیە، کە ئەم تیۆرەی پێناسراوە، پێیوایە خەڵکی زۆر بە وردی و بەقووڵی زیاتر لە وشەو وێنەکان پێکەوە فێردەبن، وەك لە خودی وشەکان بە تەنها، ئامانج لەمە ئەوەیە، کە هۆکارە فێرکارییەکان وەك ڕۆشنکەرەوەیەکن، بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی کارکردنی مێشکی مرۆڤ. ئەم پەسەنکردنە بنەڕەتی ئەم مۆدێلە پێکدەهێنێت.

(Mayer) جەختدەکاتەوە لە گرنگی فێربوون ( لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی ناوەڕۆك و گەیاندنی سەرکەوتوو لە گواستنەوەی کۆزانیاری) کاتێك زانیاری نوێ لەگەڵ زانیاری پێشتردا یەکدەخرێت.

٥. مۆدێلی تیۆری فراوانکردن( Model of Elaboration Theory )

(Charles Reigeluth) ئەم مۆدێلەی پێشنیازکردووە، کە فێربوون پێویستە لە سادەوە بۆ ئاڵۆز ڕێکخرابێت، لەگەڵ دابینکردن و فەراهەمهێنانی ژینگەی واتادار بۆئەوەی بەدوایەکداهاتنی بیرەکان تەواوکارین و واتاگەیەن بن. زانایانی ئەم بوارە بەکارهێنانی ( هاندەر، ئەنالۆجی، کورتەو پوختەکردن، بە پێکهاتبوون)، ڕێنمایی بۆ فێربوونێکی کاریگەر دەکەن، لەم تیۆرەدا سێ ڕێبازی سەرەکی هەیە[46]: ا- ڕیزبەندی فراوانکردنی چەمکی (لە فێربوونی چەمکدا بەکاردێت). ب- ڕیزبەندی فراوانکردنی تیۆری (لە فێربوونی بنەماکاندا بەکاردێت). ت- ڕیزبەندی ساناکردنی مەرجەکان ( لە فێربوونی بابەتی ئاڵۆزو تێکچڕژاودا بەکاردێت).

---

[45] بڕوانە R. E. Mayer (٢٠٠١)

[46] بڕوانە ١- C. M. Reigeluth, and A. A.Carr- Chellman ( ٢٠٠٩) ٢- www.learning-theories.com

## ١/٢-٥) تیۆری بونیادگەریی کۆمەڵایەتی و بارودۆخ (Constructivism Social and Situation Theory)

بەپێی دیدگەو بۆچونی ئەم تیۆرە، فێربوون بریتییە لە چالاکی پرۆسەی بنیادنان و قوتابییش بە سەرچاوەی زانیارییەکان دانراوە، مرۆڤ بەهۆی کارامەیی و چالاکییەوە دەتوانێت بابەتەکان و واقیع بە پەیبردن و تێڕوانین و دنیابینی خودی خۆی بیاننوێنێت، زانیاری نوێ بە کۆزانیاری پێشووەوە پەیوەستبکات، بەمشێوەیە نواندنە ئاوەزییەکان بریتین لە پەیبردنە خودییەکان.

ئەم تیۆرە وەك پەرچەکردارێك بۆ ڕێبازە فێرکارییەکانی، وەك ڕەفتاری هاتەئاراوە، ئەمان وایانداناوە کە فێربوون چالاکییەکە، پرۆسەی بنیادنانی کۆزانیاری بەهۆی چواردەورو ژینگەوە بنیاددەنرێت زیاتر لە وەرگرتن. کۆزانیاری بنیادنراو لەسەر بنەمای ئەزمونی خودی/کەسی و گریمانەکانی ژینگەو دەوروبەرەکەی، واتە هەر قوتابییەك بەهۆی کلتوری و دنیابینی و زانیارییەکانی، ئەو کۆزانیارەی کە خوازراوە بەرهەمدەهێنێت.

مۆدێلەکانی ئەم تیۆرە پێکدێن لە [٤٧]:

١. مۆدێلی ڕاهێنانی درکپێکردن (Model of Cognitive Apprenticeship)

بریتییە لەو تیۆرەی، کە پێیوایە هەوڵی بەدەستهێنانی پرۆسە ناواخنییەکان بە ئاشکرایی دەبێت و گریمانەی ئەوە دەکات، کە قوتابییان دەتوانن لە یەکترییەوە فێربن، بەهۆی تێبینیکردن، لاساییکردنەوەو بەنمونەییکردن، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٨٧دا زانایان (Collins , Brown, Newman) گەشەیان بە شەش میتۆدی فێرکردن داوە، لەوانە: بەنمونەییکردن، مەشقپێکردن و ڕاهێنان، داڕشتنەوە، بیرکردنەوە، وردبونەوەو دۆزینەوە، ئەم میتۆدانە توانا بە ستراتیژی درککردنی قوتابی لە ( بەکارهێنان، بەڕێوەبردن و دۆزینەوەی کۆزانیاری)دا دەدەن.

٢- مۆدێلی جڤاتی کارەکیی (Model of Communities of Practice)

یەکەمجار زاراوەکە لەساڵی ١٩٩١ لەلایەن تیۆردانەرانی وەك (EtienneWenger , Jean Lave) بەکارهێنرا، دواتر لە ساڵی ١٩٩٨ (Etienne Wenger) چەمکەکەی فراوانکرد، پوختەی ئەم چەشنە کورتکراوەتەوە بۆ دەستەیەك لە مرۆڤ، کەوا نیشاندەدەن گرنگی و بایەخبەندیان بەو کارانەی کە دەیکەن و فێربوونی چۆنیەتی باشتر جێبەجێکردنیان، وەك کارلێکێکی پەیڕەوبەندانە، وایانلێدەکات بە کەمترین وزە باشترین کار بەئەنجامبگەیەنن، سێ پێکهاتە بۆ ئەم پەیڕەوبەندییەش داواکراوە: ١- بوار ٢- کۆمەڵگا ٣- ڕاهێنان و کارەکیکردن. بەکارەکیکردن لە کۆمەڵگادا دەتوانین، وەك پرۆسەی فێربوونی کۆمەڵی پێناسەی بکەین، هاوبەشیکردنی بیرو ستراتیژو دیاریکردنی وەڵام و بنیاتنانی داهێنان لەخۆدەگرێت. گەشەی کۆمەڵگای کارەکی بەستراوە بەمانەوە[٤٨]: چارەسەری کێشە، داواکردنی زانیاری، بەدواداگەڕانی ئەزمونی دیکە، سەرلەنوێ بەگەڕخستنەوەی بنەماکان، هەماهەنگی و هاریکاریکردنی یەکتر، باسکردنی پەرەسەندن، سەردانیکردنی ئەندامی ترو نەخشەکێشانی کۆزانیاری و دەستنیشانکردنی کەلێن.

---

[٤٧] www.learning-theories.com

[٤٨] بڕوانە ١- E. Wenger (١٩٩٨)٢- www.learning-theories.com

٣- مۆدێلی فێربوون بە دۆزینەوە (Model of Discovery Learning)

(Bruner ١٩١٥) پێیوایە فێربوون بە دۆزینەوە میتۆدێکی لێپرسینەوەیە، لەسەر بنەمای فێرکردن، بە بۆچونی ئەم مۆدێلە، وا باشترە بۆ قوتابی کە ڕاستییەکان بدۆزێتەوەو پەیوەستیانبکات بەیەکەوە، تیۆری فێربوونی بونیادگەری پێگەیەکی گرنگی لە بارودۆخی چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەیە، کاتێك قوتابی وێنەی لێهاتویی و ئەزمونی ڕابوردوی خۆیان و هەبونی کۆزانیاری بۆ دۆزینەوەی واقیع و پەیوەستکردنیان بە ڕاستییە نوێیەکان بۆ فێربوون لاگەلاڵەدەبێت، قوتابی کارلێك لەگەڵ جیهاندا دەکات بەهۆی سەرنجدان و بابەتی لێزانانەوە، تێکۆشان لەگەڵ پرسیارو تاوتوێکردن، یان ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، ئەنجامەکان قوتابی زۆر زیاتر بۆ بیرکردنەوەی چڕتری چەمك و کۆزانیاری و دۆزینەوەی زیاتر لەسەر خودی خۆیان و دەوروبەریان ڕادەکێشێت*.

٤- مۆدێلی تیۆری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (Model of Social Development Theory)

ئەم تیۆرە وایدادەنێت، کە کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان بنەمای گەشەپێدانن، ئاگایی و درکپێکردن بەرهەمی کۆتایی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری کۆمەڵە. تیۆری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کاری سایکۆلۆژی ڕوسی (Lav Vygotsky ١٩٣٤ -١٨٩٦) ە، کە کارەکەی لە ١٩٦٢ بلاوبوویەوە. ئەم تیۆرە بنەمای بونیادگەریی بە لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە بەستەوە، کە سێ بابەتی سەرەکی دوپاتدەکاتەوە، ئەوانیش[٤٩]:

ا- کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی لە پرۆسەی پەرەسەندنی درکپێکردندا دەگێڕن، وایداناوە فێربوونی کۆمەڵایەتی بنەمای گەشەپێدانەو دەڵێت: " هەر کارێکی کلتوری منداڵ دوو جار گەشەسەندنی دەردەکەوێت: یەکەم لەسەر ئاستی کۆمەڵ، دووەم لەسەر ئاستی تاك".

ب- بەدەستهێنانی کۆزانیاری زیاتر ئاماژە بۆ هەر کەسێك دەکات کە باش تێدەگات، یان ئاستێکی بەرزی لێهاتویی و توانای هەیە لە بەرانبەر چەمك و پرۆسەکان، ئەمەش بەهۆی مامۆستا، ڕاهێنەر دەبێت.

پ- گەشەسەندنی نزیکترین ناوچەو مەودای نێوان توانای قوتابی بۆ ئەنجامدانی ئەرکێك لەژێر ڕێبەرێتی گەورەدا، لەگەڵ هاوکاریکردنی قوتابییەکە لە بە ئازادی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، ( لێرەدا دەخوازێت هەندێك کارامەیی دەکرێت ئەنجامبدرێت کاتێك تاکەکەسێك هاوکارێکی هەبێت.[٥٠]) . (Vygotsky) جەختی لەسەر پەیوەندی نێوان تاك و ژینگەی کۆمەڵێکلتوری (Sociocultural enviroment) دەکاتەوە، کە لە کردەو کارلێککردنیان بۆ نیشاندانی ئەزمونەکان ڕۆڵیان هەیە، بەپێی بۆچونی ئەم زانایە، ئامرازو کەرەستەی بەکارهێنان لای مرۆڤەکان، بەپێی کلتور گەشەدەکات، وەك ئاخاوتن و نووسین، بە نێوانگری ژینگە کۆمەڵایەتییەکان، منداڵ گەشە بەم ئامرازانەی دەدات، بۆئەوەی سودی پێبگەیەنێت، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش ڕێگای پێویستە بۆ پێڕاگەیاندن، (Vygotsky) بڕوایوایە تێگەیشتن و هەڵهێنجاندنی ئەم ئامرازانە ڕێبەری قوتابی دەکات، یاخود وا لە قوتابی دەکات، کە لێهاتویی باڵای لە بیرکردنەوەدا هەبێت.

---

* لایەنگیری ئەم تیۆرییە وادەزانن دۆزینەوەی فێربوون هەندێك سود دەیگرێتەوە، لەوانە:

ا-هاندانی بەشداریکردنی چالاك. ب- هاندانی بەرەوپێشبردن. ت- هاندانی سەربەخۆیی ( ئۆتۆنۆمی)، بەرپرسیارێتی، سەربەخۆیی(ئازادی). پ- پەرەسەندنی داهێنان و توانای چارەسەری کێشە. ج- پێداگری لەسەر ئەزمونی فێرکردن.www.learning-theories.com

[٤٩] ١- L.C.Moll (٢٠١٤) ٢- www.learning-theories.com

[٥٠] www.learning-theories.com

تیۆری (Vygotsky) دەڤی فێربوونی پێشخست لەناوقوتابییاندا، ڕۆڵی چالاکی لە فێربووندا بەگەڕخست، مامۆستا دەبێت هاریکاری لەگەڵ قوتابیدا بکات بۆئەوەی یارمەتیبدات، ئاسانکاری لەناوقوتابییاندا بنیاتبنێت، بۆئەوەی فێربون ببێتە پڕۆسەیەکی ئاڵوگۆڕکراوی ئەزمون لەنێوان قوتابی و مامۆستادا.

٥- مۆدێلی فێربوون لەسەر بنەمای چارەسەری کێشە (Model of Problem–Based Learning) (PBL)

میتۆدێکی فێرکاری کارەکییە، کرۆکی فێربوون لێرەدا بریتییە، لە چالاکی لە پشکنین و توێژینەوەو وردبوونەوەو بڕیاردان لەسەر بابەتەکان، ڕێبازێکی ڕێساناسی نەخشاندنی پڕۆگرامی خوێندنە، لە پڕۆسە پەروەردەییە بالآکاندا بەکاردەهێنرێت، هەندێك تایبەتمەندیی پێناسەی PBL لەمانەدا دەخرێتە ڕوو [51]:

ا-دیاریکردنی ژینگەی حاڵەت و دۆخ/کێشەو گرفتەکان .

ب- فێربوون بەهۆی بەرەنگاربونەوە بەگەڕدەخرێت و دەبزوێنرێت، کێشە داخراو/کراوە بێت، یەك وەڵامی دروستی دەبێت.

پ-قوتابییان وەك ئاراستەکەرو ڕێنمایکاری خودیی کاردەکەن، وەك پشکنەری چالاك، چارەسەرکەری کێشەو گرفت، کە لە گروپە بچوکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و دەستپێدەکەن.

ت- مامۆستا ڕۆڵی ئاسانکاری و فێرکاری دەبینێت و ڕێبەرێتی پڕۆسەی فێربوون و ژینگەی شیاو بۆ بەدەستهێنانی ڕاستیی فەراهەمدێنێت و هانیاندەدات.

ج-کێشە سەرەکییەکان دیاریدەکرێن و شیکاردەکرێن، بەپێی ڕێکەوتن و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی هاوبەش.

لایەنگری ستراتیژی PBL لە پڕۆسەی پەروەردەدا دەگەڕێتەوە بۆ[52]: - برەودان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو لێهاتوی داهێنەرانە. - برەودان بە لێهاتوییەکانی چارەسەرکردنی کێشە. - جۆراوجۆریەتی هاندان و وروژاندن و بزواندن. - یارمەتیدانی پڕۆسەی فێربوونی قوتابی بۆ گواستنەوەی کۆزانیارییەکەی بۆ بارودۆخ و حاڵەت و کردەی تر یان ژینگەی نوێ.

٦- مۆدێلی تیۆری فێربوون بەپێی هەلومەرجی بارودۆخ ( Model of Situated Learning Theory)

ئەم مۆدێلە گریمانەی ئەوە دەکات، کە فێربوون پڕۆسەیەکە دەکەوێتە ناو چالاکیە ڕەسەنەکان، ژینگە، کلتورەوە. (Lave)پێشنیازی ئەوە دەکات، کە فێربوون ئەوەیە کە بەرجەستەدەکرێت، بە پێچەوانەی زۆرینەی چالاکی فێربوونی پۆلەکانەوە، کە بە زۆری کۆزانیاری ئەبستراکت و نابەرجەستە لەخۆدەگرێت و لە ژینگەو هەلومەرجی تێگەیشتنی قوتابی بەدەرو دوورە، بۆیە (Lave , Wenger ١٩٩١) دەڵێن: فێربوون، بریتییە لەو شتانەی، کە بە ئاسایی ڕوودەدەن و فێربوون بەشێکی دانەبڕاوو کرۆکیە لە چالاکی و ژینگەو کلتورو ئەم پڕۆسەیەیان بە (بەشداری ژینگەی دروست) ناوبردوە.

---

[51] ١-J.Krauss and S.Boss (٢٠١٣: ١٠-١٢) ٢- www.learning-theories.com

[52] بڕوانە، J.Krauss and S.Boss (٢٠١٣)

کۆزانیاریی*، پێویستی بە بەخششی ڕێککردنی ژینگەیی و هەلومەرج و بارودۆخەکان هەیە، کە ئەمانیش بە سروشتیی کۆزانیاری لەخۆدەگرن، کارلێکە کۆمەلآیەتییەکان و هاریکاریکردن، بەپێی ژینگەو بارودۆخ لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی فێربوونن، قوتابی بە کارەکی لە کۆمەڵگادا پیادەیدەکات، ئەمەش دەبێتە کرۆکی بڕواو ڕەفتاری قوتابی خودی ئەمانەش ئەو داواکراوانەن، کە دەخوازرێن هەبن.

## ٦-٢/١) تیۆری مرۆڤناسی و هاندان (Motivational and Humanist Theories)

مرۆڤناسی ڕێبازێکی فەلسەفی، پێداگۆگییە( فێرکاریی و پەروەردەییە)، تەماشای فێربوون وەك کردەیەکی تاکەکەسی دەکەن، ئەمەش بۆ بەرجەستەکردنی تواناو لێهاتوییەکانی خودی تاکە تیایدا، جەخت لەسەربەخۆیی و سەربەستی بەکارهێنانی توانای مرۆڤ دەکەنەوە. کرۆکی ئەم مۆدێلە بریتییە لە کردەی مرۆیی لەگەڵ مەبەست و نرخدانان بۆی. (Carl Rogers, Abraham Maslow)[٥٣] لایەنگری سەرسەختی تیۆری مرۆڤایەتین، مەبەستی سەرەکی مرۆڤناسی، وەك گەشەپێدانی کردەی خودی و خەڵکی بەگشتی سەربەخۆ پەسنبکرێن، لەم تیۆرەدا فێربوون بریتییە، لەوەی قوتابی ناوەندو چەقەو فێربوون پرۆسەیەکی تاکەکەسییە، ڕۆڵی مامۆستا ئاسانکاریی و وروژاندن و درکپێکردنە، بۆ ئەم تیۆرە بنەڕەتی سەرەکین و ئامانجە بۆ پەرەسەندنی کردەی - خودیی.

ئەم تیۆرە چەند مۆدێلێك دەگرێتەوە، لەوانە:

١. مۆدێلی نەخشاندنی هاندان (Model of Motivational Design(AGCS))

بەپێی بۆچونی (John Keller)[٥٤]، چوار هەنگاو بۆ پتەوکردن و بەردەوامبوونی هاندان، پێویستە لە پرۆسەی فێربووندا بەرجەستەبکرێن: تێبینیکردن و گرنگیپێدان، پەیوەستکردن و گونجاندن، متمانە، ڕازیبوون/ڕازیکردن.

٢- مۆدێلی زیرەکی سۆزداریی** Model of Emotional Intelligence (EI)

ئەم مۆدێلە وا پێناسەکراوە، بەوەی توانای دیاریکردن و هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی لایەنی سۆزداریی و ویژدانی تاك و کەسانی ترو گروپ بە گشتی دەکات. (Daniel Golman ١٩٩٨) بەشێوەیەکی بەرفراوانی جەخت لە توانست و لێهاتویی، کە ئەدگارو سەرکردە بەگەڕدەخات دەکاتەوەو پێکدێت لە پێنج بوار[٥٥]:

ا- هۆشیاریی- خودیی . ب- ڕێککاری- خودیی. ت- لێهاتویی کۆمەلآیەتی. پ- هاوسۆزی، ئەژمارکردنی هەستەکانی خەڵکی تر، بە تایبەتی کەی بڕیاری دروست دەدرێت. ج- هاندان- هاندانی خودی خۆیی و بەرانبەرەکانی.

---

* بڕوانە ٣/١ ی ئەم بەشە

٥٣- ١- Huitt .W (٢٠٠١) ٢- www.learning-theories.com

٥٤- ١- J. M. Keller (٢٠١٠) ٢- www.learning-theories.com

** بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (٣/٢).

٥٥- ١- D. Goleman (١٩٩٤) ٢- www.learning-theories.com

٣- مۆدێلی فێربوون بە ئەزمون (Model of Experiential Learning)

پرۆسەی فێربوون لەم تیۆرەدا، بۆ چوار قۆناغ پۆلێنکراوە، بەپێی ئەم تیۆرە فێربوون پرۆسەیەکی پەیبردنانەی گشتگیرە، کە ئەزمون و درککردن و پەیبردن و رەفتار پێکەوە ئاوێزاندەکات. لەسەر بنەمای کاری (John Dewey, Kurt Levin)، تیۆردانەرانی پەروەردەیی ئەمەریکی و بەتایبەت (Kolb.David) لەو بڕوایەدان " فێربوون پرۆسەیەکە، بە هۆیەوە کۆزانیاری لە وەرگێڕانی ئەزمونەوە دەخولقێنرێت"، تیۆرەکە مۆدێلی سوڕی فێربوون پێشکەشدەکات، کە پێکدێت لە چوار قۆناغ* کە لە هێلکاری (٥)دا نیشاندراوە، دەگونجێت بە هەر قۆناغێك دەستپێبکات، بەلاّم پێویستیی بە پێڕەوکردنی ڕیزبەندیی قۆناغەکانە بە دوای یەکتردا بێت.




سوڕی فێربوونی ئەزمونی/هێلکاری (٥)

٤- مۆدێلی پەیکەری هەرەمی پێویستییەکانی ماسلۆ Model of Maslow's Hierarhy of Needs

لە ساڵی ١٩٤٣ (Abraham Harold Maslow) توێژینەوەیەکی بە ناوی تیۆری هاندانی مرۆیی پێشکەشکرد، بیرەکەی ئاراستەکردنی کردەی مرۆڤ بەرەو دەسکەوتنی ئامانج بوو، مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی دەکۆشێت، بۆئەوەی پێداویستیەکانی تێربکات (یان ڕازی بکات). پێنج ئاستی پێداویستی هەیە، لە نزمترین بۆ بالاّترین ئاست، ئەم مۆدێلە بەشێوەیەکی هەرەمی پێنج ئاستی پێداویستی مرۆڤی خستۆتە ڕوو، کە بە تیۆری هاندان لە دەرونزانیدا دانراوەو گریمانەی ئەوە دەکات، کاتێك مرۆڤ ئامانجێتی پێویستیە سەرەکییەکانی دەستەبەربکات،

---

* Kolb چوار قۆناغی خولی فێربوونی پیشاندا، وەك ڕێبەریکردنی لە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی چالاك و هەڵبژاردنی ئەزمونی نوێدا، قۆناغی یەکەم، ئەزمونی بەرجەستە/دیار ( یان کردن ) کۆنکرێتی، کە قوتابی ئەزمونە چالاکەکانی چالاك دەکات، وەك کارکردن لە تاقیگە یان هەر بوارێکی کار بێت، لە قۆناغی دوەمدا، سەرنجدانی کاردانەوەیی/شکاندنەوەیی ( یان تێبینیکردن) ڕەنگدانەوەی هەستیارانەی قوتابی لەسەر ئەزمونەکان پێکدەهێنێت، قۆناغی سێیەم بە چەمککردنی ئەبستراکت ( یان بیر ) هەوڵدانی قوتابی بۆ بەچەمککردنی تیۆری، یان ئەو مۆدێلەی کە تێبینیدەکرێت، قۆناغی چوارەم چالاکی و کارایی بە ئەزمونکردن (یان پلان)، قوتابیەکە هەوڵدەدات کە چۆن بۆ تاقیکردنەوەی مۆدێل یان تیۆری، یان نەخشە لە ئەزمونی ئاییندەیدا پلاندابنێت. بڕوانە Kobl D. A. (١٩٨٤)

بەشێوەیەکی هەرەمی ئەو پێویستییانە فەراهەمدێنێت، بریتین لە[56]: ا- درککردن - خودی: ڕەوشت/ئاکار، داهێنان، چارەسەری کێشە.. . تاد دەگرێتەوە. ب- متمانە- متمانە: بەرهەم/دەسکەوت، ڕێز ، .... تاد دەگرێتەوە. پ- لایەنداری: خۆشەویستی، هاوڕێیەتی، خێزان،.... تاد دەگریتەوە. ت- دڵنیایی: ئاسایشی دەوروبەر، دامەزراندن، سەرچاوە، تەندروستی، موڵك ،.... تاد دەگرێتەوە. ج- فسیۆلۆجی( ئەندامزانی): هەوا، خۆراك، ئاو، خەو، هۆکاری تر ،.... تاد دەگرێتەوە، وەك لەم هێڵکارییەدا نەخشێنراوە.




٥- مۆدێلی تیۆری دیاریکردن - خودیی Model of Self – Determination Theory

تیۆری دیاریکردنی- خود (SDT ) تیۆری هاندان و بەرپرسیارییەتییە، کە سێ بنەمای جیهانی دەستنیشاندەکات، کە پێویستی زگماکی و دەروونناسین و بریتیین لە : توانست، سەربەخۆیی، پەیوەندی دەروونزانی، ئەم تیۆرە تیۆرییەکی گرنگی هاندانەو هاندانی دەرەکی و ناوەکی لەخۆدەگرێت، (deci, lens, vansteenkiste ٢٠٠٦) [57] لە توێژینەوەکەیاندا ئامانج لە بەشداریکردنی بەرهەمهێنانی قوڵ لە چالاکی فێربووندا خستەڕوو، ئەوەش بەوەی خەڵك پێویستی بە دەروونزانی سروشتی هەیە، پێویستییەکی گشتی/جیهانییە، بۆدرککردنی توانای شاراوەی زگماکیان، هەروەها پێویستی بە ژینگەی کۆمەڵ بۆ پێویستی سروشتی هەیە.

## ١/٢-٧) نەخشاندنی مۆدێل و تیۆرەکان Design Theories and Models

ئەم تیۆرییە ڕستێکە لە تەکنیکی شیکاریی، کە هاوسەنگی لە نێوان تیۆری و کارەکی لە پەروەردەدا کردووە هەوڵیداوە، وەك پردێك بێت لە پەیوەستکردنیان پێکەوە، ئەم تیۆرە میتۆدێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن و کەی و بۆچی نوێکاری پەروەردەیی لە کارەکیکردندا دەبێت، بۆیە ئەم چەشنە تیۆرە پەروەردەییە، نەخشاندنی ئەدائەکان و کارەکیکردنیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەم سالآنەی دواییدا پەروەدەکاران لە هەوڵی بەرتەسککردنەوەی

[56]بڕوانە www.learning-theories.com

[57]١- E . L..Deci ( ١٩٩٥), ٢- www.learning-theories.com

کەلێنی نێوان تیۆری و کارەکیدا بوون، بەشی گرفتەکە لێککردنەوەی تیۆرییە لە کارەکیکردن، گرنگترین مۆدێلی ئەم تیۆرە بریتییە لە:

مۆدێلی ئایدی بۆ نەخشاندنی فێرکاریی ADDIE Model of Instructional Design

مۆدێلی نەخشاندنی فێرکاریی پەیڕەوبەندانەیەو لە پێنج برگە پێکهاتووە[58]: شیکردنەوە، نەخشاندن، گەشەپێدان، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن. هەرهەنگاوێك دەرئەنجامێکە لەنێو دەستەی داهاتوو لە ڕیزبەندییەکەداو بە پاکسازی دەپاڵێوریت.

لە کاتی شیکردنەوەدا نەخشەساز، کە کێشەی فێربوون دیاریدەکات، ئامانج و بابەتێتی، پێویستی ئامادەبووان و کۆزانینی پێویست، هەر تایبەتمەندییەکی پەیوەست بەمەوە دەبێت بخاتەڕوو، لە شیکردنەوەدا دەبێت هەمیشە ژینگەی فێربوون ڕەچاوبکرێت.

لە نەخشاندندا کە پرۆسەیەکی پەیڕەوبەندانەیە، دیاریکردنی ئامانج و بابەتێتی فێربوون و هەڵسەنگاندنی گونجاوی هەر ئامانجێك دەبێت دیاریبکرێت، بەشێوەی چیرۆکێکی وێنەیی فراوانکراو بخرێتەڕوو، بە نمونە بەرجەستەبکرێت، بە تەماشاکردن وهەستکردن، نەخشاندنی هێڵکاری، بەکارهێنەر، بە ناواخنی بابەتەکانەوە پەیوەستدەکات، ئەمە ئەرکی دیاریکراوی ئەم جۆرەیە.

لە گەشەپێداندا بەرهەمهێنانی ناوەڕۆك و کەرەستەی فێربوون لەسەر بنەمای نەخشاندنی داڕێژراوەو پەرەپێدراوە، (گواستنەوەی داڕشتن و پلان بۆ پەروەردەی ڕاستەقینە).لە کاتی جێبەجێکردندا، پلانەکە دەخرێتە ناو کردەکانەوە بۆ ڕاهێنانی قوتابی و مامۆستاش گەشەپێدەدات، گەیاندنی کەرەستەکان و بڵاوکردەنەوەی بۆ گروپی قوتابییەکان. پاش گەیاندن، کاریگەریی کەرەستەی ڕاهێنان هەڵدەسەنگێنرێت.

دوا قۆناغیش کە هەڵسەنگاندنە، بریتییە لە: ا- پێکهێنەری ب- پوختەی هەڵسەنگاندن. پێکهێنەری لە هەر قۆناغی پرۆسەی ADDIE پێشکەشکراوە. هەڵسەنگاندن پێکدێت لە تاقیکردنەوەی نەخشاندنەکان، پێداچونەوە، بە هێڵکاری نەخشێنراوەکاندا.




هێڵکاری (٧) چەمکی ADDIE

[58] بڕوانە R.M. Branch (٢٠٠٩)

## ٨-٢/١) تیۆری میّتا و پەسنکردن Descriptive and Meta Theories

لەم مۆدێلانەدا پوختەی بۆچون و پەیردنەکانی ئەم تیۆرە نەخشێنراوە.

١- مۆدێلی تیۆری چالاکی Model of Activity Theory

تیۆری چالاکی بریتیە، لە چوارچێوە یان ئامرازەکان و کەرەستەکانی پەسنکردن بە پێڕەوێك، مرۆڤ کردەکانی بە سۆسیۆکلتور ناواخنکراوە، ئەمەش لە شیکردنەوەیەکی پەیکەرییانەی هاندانی کردەی مرۆیی پێکهاتووەو بە ئاستەکانی شیکردنەوەی چالاکی ناوبراوە. تیۆری چالاکی زیاتر لە پەسنکردن و وەسفکردندا دەردەکەوێت وەك لە پێشبینیکردن، وادادەنێت تەواوی سیستەمی چالاکی ( تیم، ڕێکخراو،...هتد دەگرێتەوە) و ئەژمار بۆ ژینگە، مێژوی تاك، کلتور، ڕۆڵی بەرهەم، هاندان، ئاڵۆزی کاری ڕاستەقینە، ..هتد دەکات. یەکەی شیکردنەوەی چالاکی هاندان بریتییە لە: کلتور، تەکنیکی نێوانگری چالاکی مرۆڤ، کاربەڕێکردن و بەرهەمەکەی دەگرێتەوە.

٢- مۆدێلی ئێریکسۆن Model of Engestrom

بەسودە لە تێگەیشتنی چۆنیەتی کاریگەریی فراوانکردنی مەودای هۆکارەکان و کاریگەرییان لەسەر بەرجەستەکردنی چالاکیەکان، بۆئەوەی بە ئامانجێك بگات ( بۆ نمونە: ئەزمون، کۆزانیاری، بەرهەمی فیزیکی،... تاد ) . سێ ئاستی چالاکی دیاریکراوە [٥٩]:

١. چالاکی بەرەو ئامانجێك کە کۆمەڵ پێکیدەهێنێت.
٢. کردەیەك بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ( ئاگایی)، لەلایەن تاکەکەس یان گروپی شیاو بەم کارە هەڵدەستێت.
٣. دروستەی ئۆپراسیۆنی ئاسایی بەپێی دیاریکردنی ئەو ئامانجانەی لە دەوری ئامانجەکاندان پێکدەهێنرێت. بڕوانە هێڵکاری (٨).




هێڵکاری (٨) ( Engestrom ) سیستەمی چالاك

[٥٩] ١-Y. Engestrom , R.Miettinen, R.Punamaki (١٩٩٩) ٢- research.ijcaonline.org/volume٨٤

٣- مۆدێلی پۆلێنناسی بلووم Model of Bloom's Taxonomy

پۆلێنی بلووم بریتییە، لە ڕێگایەکی پەیکەرییانە، بۆ پۆلپۆلکردنی بیرکردنەوە بەپێی شەش ئاستی درکپێکردن، کە بۆ سێ ئاستی نزم ( کۆزانیاری، تێگەیشتن، جێبەجێکردن) ئەمانە بنەڕەتین و سێ ئاستی بەرزتر ( شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، پێکهێنانەوە) دابەشکراوە، ئەم ئاستانە بە پلیکانە دانراون، کە هانی قوتابییان دەدەن، بۆ بەدەستهێنانی ئاستی بەرزی بیرکردنەوە، ئەگەر قوتابی ئاستی بەرزی زانی لە بەرانبەر ئەوەدا ئاستی خوارەوە(نزم) دەزانێت وبە پێچەوانەشەوە، وەك لەهێڵکاری ( ٩)دا خراوەتە ڕوو[60]:




هێڵکاری (٩) پۆلێنناسی بلۆم

٤ - مۆدێلی درککردنی دابەشکراو Model of Distributed Cognition(Dcog)

درککردنی دابەشکراو لقێکە لە زانستی درکپێکردن و پێشنیازی ئەوەدەکات، کە نابێت درککردن و کۆزانیاری تاك/خود کۆتوپێوەندبکرێت، ئەو بەپێی بابەت، خود، کەرەستە، ئامانج، ئەدائی تاك لە ژینگەدا دابەشکراوە، ئەم مۆدێلە باسی سیستەمی کاری مرۆڤ، لە زانیاری و هەڵسەنگاندنی زاراوەکان، سود بینینیان لە شیکردنەوەی بارودۆخ و پەیکالبوونیان لە چارەسەری کێشەدا دەکات.

## ٩-٢/١) تیۆری ناساندن Identity Theories

لەم مۆدێلانە پێکهاتووە:

١- قۆناغی گەشەپێدانی ئێریکسۆن Erikson's stages of development

هەشت قۆناغی ناساندن و پەرەپێدانی دەرونی دیاریکراون، (Erik Erikson) توێژەری دەرونی ئەڵمانی بە کاریگەری (Sigmund Freud) ، سێ ڕوکاری ناساندنی کەسێتی دیاریکردووە : کەسێتی خۆم(خود) ، کەسێتی تاك، کەسێتی سۆسیۆکلتور ( ئاوێتەبونی ڕۆڵی کۆمەلایەتی کە تاك دەیگێڕێت).

تیۆری دەرونی و کۆمەلایەتی (Erikson) بۆ پەرەپێدان گرینانەی ئەوەدەکات، کە کاریگەریی هۆکاری دەرەوەیی ، باوان و کۆمەڵگا لەسەر گەشەکردنی کەسایەتی تاك، هەر لە منداڵییەوە تا هەراشی هەیە، بە گوێرەی تیۆری

[60] بڕوانە ١- L. W. Anderson and D. R. Krathwohl: ٢٠٠٠, ٢- www.learning-theories.com

(Erikson)، هەر تاکێك دەبێت ئەم قۆناغانە تێپەڕێنێت، لەنێو ڕیزبەندی لەسەر خولی تەواوی ژیانی مرۆڤ، هەشت قۆناغی پێکەوەپەیوەستکردوە، ( هەشت ئاستەکەی (Erikson) وەسفی زنجیرەیەك تەنگژە دەکات، کە تاکەکەسەکان لە تەمەنی جیاجیادا پێیدا تێپەڕدەبن. ئاستەکان بە (متمانە بەرانبەر بێ متمانەیی) دەستپێدەکات لە منداڵیداو دواتر بەردەوامدەبێت لە زنجیرەیەك دەرکردەیی دوانەیی ( هاوجوتدا)، بۆ هەر تەمەنێك لە میانەی تەمەنی گەورەتری کامڵبوندا.)[61] ئاستەکان بریتین لە[62]:

ا- ساوا (هیوا) - ڕاستی بنەمایی.

ب- منداڵ (خواست ) — سەربەخۆیی.

پ- قۆناغی تەمەنی قوتابخانە ( توانست) — کۆششکردن.

ت- هەرزەکار ( وردی و دڵسۆزی) — دەستپێشخەری.

ج- گەنجی پێگەیشتوو ( خۆشەویستی) — هۆگری بەرانبەر جودایی/دابڕان.

چ- تەمەنی پێگەیشتوی — ناوەڕاست (چاودێری ) — بەرهەمهێنان.

ح- تەمەنی بەساڵاچوو ( دانایی) — تەواوکاری وبەردەوامی.

٢- مۆدێلی تیۆری - خودیی Model of self – theories

ئەم مۆدێلە دوو تیۆری کرۆکی و ناواخنی دەناسێنێت، کە چەسپاوی و جێگیری تایبەتییە ناوەکییەکانە، (Carol Dweck) لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن خەڵك گەشە بە بیروباوەڕەکانیان دەربارەی خۆیان دەدەن، چۆن ئەوان تیۆری - خود لە جیهانی دەروننانسییاندا، شێوەی بیرکردنەوە، هەستکردن و ڕەفتارەکانیان دروستدەکەن. تیۆرەکە ئاشکرایدەکات بۆچی هەندێك قوتابی هاندەدرێت بۆ کاری سەخت و هەندێکی تر نا....، بەڕای (Dweck) قوتابی دوو جۆر ڕوانین لە توانای ژیرییاندا هەڵدەگرن، ئەوانیش[63]:

ا- ڕوانینی کەسێتی: ئەم ڕوانینە زیرەکی دیاریدەکات، وەك بابەتێکی چەسپاوو بەگەڕخەر، ئەم قوتابییانە ئارەزوی بەرزی خۆیان بۆ ئەوانی تر دەسەلمێنن، وەك زیرەکی و زیرەکی بینراو لەخۆدەگرێت. ب- ڕوانینی پلەبەندی: ئەم ڕوانینە مامەڵەی زیرەکی وەك بابەتێکی لاستیکی دەکات، کە لە گۆڕاندایەو جێگیرنییە.

## ١٠-٢/١) تیۆری فێربوونی هەمەچەشنە Miscellaneous Learning Theory

مۆدێلی فرەزیرەکی Model of Multiple Intelligences

ئەم تیۆرە حەوت ڕێگای لە چۆنیەتی تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهان و دەوروبەر خستۆتەڕوو و لەلایەن Gardner[64] ەوە بە حەوت زیرەکی* پەسنکراوە، کە هەر تاکێك حەوت فۆڕمی پێوانەکراو ودیاریکراوی زیرەکی هەیە، بەم لیستە خراوەتەڕوو: ١- زانستی زمان ٢- لۆژیك — بیرکارییانە ٣- بینراو ٤- بزواوی ٥- ئاواز-مۆسیقییانە ٦- کەسناسی ٧- خودناسی/ نێوکەسی .

---

[61] www.learning-theories.com

[62] ١- J.M. Erikson (١٩٩٧), ٢- www.learning-theories.com

[63] ١- C. S. Dweck (٢٠٠٠) ٢- www.learning-theories.com

[64] ١- H. Gardner (١٩٩٣) ٢- www.learning-theories.com

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٣/٢).

مسیۆدۆلۆجی دیداکتیکی، مسیۆدۆلۆجی فێربوونە، کە ڕێبازی زانستی و شێوازی پەروەردە، بۆ بەشداریپێکردنی ئاوەزی قوتابی، دیداکتیك بە چەمکی فراوانی، بریتییە لە تیۆرو کارەکیکردنی بەرجەستەبیانەی فێربوون و فێرکردن ( پەروەردە)و پوختەی پەسنکردن و خستنەڕوی تیۆرەکانی فێربوونی پێداگۆکی زمان، بریتییە لەوەی، کە ئەم بابەتە فرە پسپۆڕی، نێوانزانستی، کێڵگەی گەیەنەری، چارەسەری کێشە و....تاد یە، دەرخەرو پەسنکردنی وابەستەیی و پەیوەستی پراوپڕی لێکۆڵینەوەو تیۆر، پلان و کارەکیکردنی زانستی زمانی پەروەردەیین، بەوەی فرە تیۆرین و ئەمەش هۆی خستنەڕوی تیۆرەکانە* بەگشتی، ( pica) ڕوبەری ئەم مژارەی بە ( پرۆگرام) دیاریکردوە، لە دانانی پرۆگرامی خوێندندا پێویستە ڕەچاوی فرەپسپۆڕی و نێوان زانستی و فرە تیۆری بابەتەکە بکەین، بەگشتی تیۆرەکانی زانستی زمان[٦٥] بۆ بەرجەستەکردن و کارەکیکردن و جێبەجێکردنی پەروەردە، بەڵگەیە لەسەر بوونی یاساو بنەماو بنەڕەتێکی کۆزانیاری هەرەمی لە فێرکردنی زمانیدا، ئەمەش دەکەوێتە سەر پەیوەندیی ئاڵوگۆڕانەو بزواوانەی نێوانیان، کە بریتیین لە پەیوەندی جێبەجێکەرانەو چالاکانەو کاریگەرانەو بەشداری تەواوکارانەو هەماهەنگی و بایەخبەندی هاوتایانە. گرنگە لەو کۆزانیارییەی لە پرۆسەی پەروەردەدا، یان زمانی پەروەردەیی لەخۆیدەگرێت وردبینەوەو هەڵوەستەی لەسەر بکەین، هەر لەبەرئەمەشە تیۆری درککردن بە پلەی یەکەم بۆتە بنەمای شیکردنەوەو پەسنکردنەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

لەم ڕێبازەدا جەختخراوەتەوە سەر ئەوەی کە پەروەردە ( فێربوون و فێرکردن) تەنها ئەوە نییە، کە لە زانستی زماندا بە کۆزانیاری ڕێزمانی ( یاساکانی ڕێزمان) پەسنکراوە، بەڵکو لایەنی مێژویی و کۆمەڵایەتی و کلتوری (سۆسیۆکلتوری)، ئابوری و ڕامیاری ... دەقەکان، کە زمانی پەروەردە ( فێربوون و فێرکردن) دایدەڕێژن، لەخۆدەگرن، کە ڕێگاکانی ئاخاوتن دەگرێتەوەو بە ( یاساو بەکارهێنانی زمان و کۆزانیارییەکان)[٦٦] ناسێنراون، ئەمەش ئەو خاڵە کرۆکیەیە، کە لە ناواخنی گشت تیۆرو مۆدێلەکانی زمانی پەروەردەییدایەو کارپێکراوەو خودی مسیۆدۆلۆژی دیداکتیکی، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کارپێکراوە، جەخت لەسەر ڕایەڵەی بنچینەیی کۆزانیاریی، کە قوتابی هەیەتی دەکاتەوەو هەوڵی پەرەپێدان و گواستنەوەی زانیاری و وروژاندن و بەگەڕخستن و ئاراستەکردن دەدات، بە واتایەکی تر بنەماترین خاڵ بریتییە لە کۆزانیاری و هێنانەوەی هەموو تیۆرە پێویستیەکانیش هەر بۆ خستنەڕوی ئەمەیە.

## ٣/١) دروستەی کۆزانیاری

کۆزانیاری بەو لێهاتوییە پەسنکراوە، کە مرۆڤ بەهۆی ئەزمون و تاقیکردنەوە، پەروەردەو کارەکیکردن، یان تێگەیشتن لە بابەتێك وەریدەگرێت، وشەنامەی ( oxford)، کۆزانیاری وەك (( ڕاستیی، زانیاریی وەرگیراوو تێگەیشتن و هەڵهێنجاندنی تیۆری و پراکتیکی بابەتێك پەسنکردوە))[٦٧]، (Spolsky) ئەوەی پەسنکردوە، کە (( زانستی زمان بەخشکەیی و شاراوەیی و پەنامەکیانە دەربڕی کارەکییانەی پەروەردەو بەرجەستەکردنێتی و ئەمانە بە ڕاستەوخۆیی

* خستنەڕووی هەموو تیۆرەکانی پەروەردە بۆ ئەوەیە کە لە لایەك بە فرەڕەهەندی دەڕوانرێتە قوتابی ( درککردن، ڕەفتار، هەست) و لە لایەکی تر پرۆگرامی خوێندنی پەروەردە لە باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی بالآ ئەم تیۆرانە کەم تا زۆر کاریان پێدەکرێت و بەکاردەهێنرێن.

[٦٥] N. H. Hornberger (٢٠٠٨: ٨)

[٦٦] هەمان سەرچاوە (٨ :٢٠٠٨)

[٦٧] S. Bovitch, Z.Cullimore, T. Bramwell- Jones(٢٠١٢)

دەچنە ناو پەسنکردنەکانی زمانەوەو پاشانیش بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆیی دەچنە ناو زانستی زمان و لەوێشەوە وەچەبوارەکانی وەك زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ، زانستی زمانی دەرونی، .... لەخۆدەگرن.[٦٨]))، واتا لە ڕێگەی زمانەوە نەخشەی ئەو کارانە دیاریدەکەن، کە ڕێگە بە دەرخستنی ڕاستی دەدەن و کۆزانیارییەکان دەگەیەنن و وەردەگرن.

کۆزانیاری، تێگەیشتن و زانیارییە دەربارەی بابەتێك یان شتێك، کە لە چوارچێوەی بەها، بیروباوەڕ، هەستەکان، زانیاری، ئەزمون، هاندان، ...، پەیکەرێك بۆ هەڵسەنگاندن و ڕێکخستن و کارلێککردنی شارەزایی و زانیاری نوێ ئامادەدەکرێت، کە وادەکات تاك ڕۆڵی خۆی لەناو کۆمەڵگادا دەربخات. کۆزانیاری پەیوەندیدارە بە توانای پێزانین و درککردن و تێگەیشتنی مرۆڤ، کە بەهۆی ئەزمون و پەروەردەوە لە ڕێگای فێربوون و فێرکردن و هەستپێکردن و دۆزینەوەو ڕاهێنان و تاقیکردنەوەوە وەریدەگرێت، کە دەبنە بناغەیەك بۆ ڕەفتارو ئاکارو هەڵسوکەوتی تاك.

کۆزانیاری* بەگشتی، پێڕاگەیاندنە بۆ گەیشتن بە زانیاری، وەرگرتنی ڕاستی، لێهاتویی، شارەزایی لەگەڵ بابەتێکی دیاریکراو یان لقێکی فێربوون، (( کۆبونەوەی زانیاری پێکهێنی کۆزانیارییە، چەمکی زانیاری ئەو کەرەستەو داتاو ناو و هێماو کۆدو چەندێتی و چۆنیەتی و سەرنج و تێڕامان و تێبینی و پرس و تێڕوانینانەیە، کە دواجار دەبنە بونیادی کۆزانیاری و زانینیان پێگەردواندەکرێت))[٦٩]، کۆزانیاری پشت دەبەستێت بە هۆکاری سروشتی زانیارییەکە، دەوروبەر، تەکنەلۆژیا، سروشتی کۆمەڵایەتی بۆ وەرگرتن و شارەزایی لەو کەرەستەو داتاو هێمایانەی، کە دەتەوێت زانیاری لەبارەیەوە بزانیت و ئەزمون وەربگریت. دروستەش (( بە واتا بونیاتو بە چۆنێتی سەرەوڕیزبوونو ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان بەشەکان/ یەکەکانی کەرەستەیەك، بەپێی پلان بە دروستە/بونیات دانراوە.[٧٠])).

دروستەی کۆزانیاری** بریتییە لە چۆنیەتی پەیوەستکردنی چەمکەکان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییان لە یادگەی درێژخایاندا، یان پەیوەندیی نێوان چەمکەکانە، کە دەتوانرێت هەمیشە دەربڕدرێت، (( دروستەی کۆزانیاری چۆنیەتی سەرەو ڕیزبوون و خستنەتەکیەك و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی کۆزانیارییە، بەپێی پلان و

---

[٦٨] N. H. Hornberger (٢٠٠٨: ٨)

* کۆزانیاری ئەم پێکهاتانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- کۆزانیاری ناوەڕۆك: کۆزانیاری ڕاستی، چەمك، تیۆری، دروستە، پراکتیك، بیروباوەڕ دەربارەی بابەت، تایبەتمەندی، ناوچەی فێربوون.
٢- کۆزانیاری پیداگۆگی: کۆزانیاری چەمك، تیۆری، توێژینەوە دەربارەی کاریگەری فێربوون، قوتابی، ئامانج، پرۆسەکردنی پەروەردە.
٣- کۆزانیاری ناوەڕۆکی پێداگۆگی: بەستنەوەی دوو شت پێکەوە لەنێوان کۆزانیاری پەروەردەیی و کۆزانیاری ناوەڕۆك،
٤- کۆزانیاری قوتابی: کۆزانیاری قوتابی وەك تاکەکەس، بیروباوەڕ، تیۆری کەسی، ئەزمون.
٥- کۆزانیاری خودیی: کۆزانیاری درکپێکردن، کۆمەڵگە وە هۆکاری سۆزداری ئەوەی کاردەکاتەسەر ڕێگایان بۆ فێربوون و فێرکردنی خۆیان.
٦- کۆزانیاری چوارچێوە: کۆزانیاری لە ڕێگای فیزیکی و دەوروبەری کۆمەڵگە. www.Instep.net/content

[٦٩] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ١٤١)

[٧٠] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥: ٢)

** پێناسەی کۆزانیاری و دروستەی کۆزانیاری گران و ئاڵۆزە ، بەو پێیەی لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت و بابەتێکی سرکە، پێویستی بە لێکدانەوەی فراوان هەیە، بۆ سنورداکردن و بە مەبەستی دەستپێداگەیشتن و لێکۆڵینەوە لێی، زانایان ئەم دیاریکردنەیان بۆ کردووە، مرۆڤ بەردەوام ڕووبەڕوی ژمارەیەکی بێکۆتاو جۆراوجۆری زانیاری دەبێتەوە، کە ئەم زانیارییانەش پێویستییان بە خەزنکردن و هەڵگرتن و دوبارە بەدەستهێنانەوە هەیە، کە لە ڕێگەی کۆمەڵێك پرۆسەوە بەئەنجامدەگات و بونیاتی کۆزانیاریی پێکدەهێنن.

نەخشاندن و بە مەبەستی پڕاوپڕکردن و کاملکردنی پڕۆسەی تێگەیشتن بە تیۆری و کارەکی))[٧١]، بەمەش بۆ کارەکیکردن و هەلسەنگاندن و جێبەجێکردنی کۆزانیاری هەنگاو یان چالاکی پێویستە، کە بۆ دەسکەوتنی ئامانج و ئەنجامدانی ئەرك و کارە، کە نەخشەدانان و پیادەکردنی سیستەمی کۆزانیاری گرنگە، بۆیە کۆزانیاری بە (( کرداری جولەداری مرۆڤ بۆ پاساوهێنانەوەی بیروباوەڕی کەسیی بەرەو ڕاستی))[٧٢] دانراوە.

(Chomsky) [٧٣] لە زۆرینەی نووسین و بەرهەمەکانیدا پەیوەست بە سروشتی کۆزانیارییەوە، بەکارهێنانی زمانیی، بە پێکهاتەو بنەمای سەرەکی سروشتی کۆزانیاریی دیاریکردوە، هەموو تیۆرەکانی دەربارەی وەرگرتنی زانیاری بەسەر بوارە زمانییەکاندا جێبەجێدەبێت و زۆرێك لە بۆچوونەکانی دەربارەی پەروەردەو داڕشتن و گەلالەبوونی بیری مرۆیی و کۆزانیارییە. بیری مرۆیی بەهۆی ئاگایی مرۆڤەوە داڕێژراوەو پێکهاتوەو ئەمەش بەهۆی ئەو پەیبردن و واتاو وێناکردنانەی کە سروشت پێیاندەگەیەنێت سەرچاوە دەگرێت. کۆزانیاری زمانیی، سروشت و بەکارهێنانی بنەڕەتی ئەم کۆزانیارییەن، کە دەبنە سەرچاوەی ئاگایی و دواتر بیری مرۆڤیش.

لە ڕێگەی ئەم ناساندنانەی کۆزانیارییەوە، دەتوانین ئەم تایبەتمەندییانە بۆ کۆزانیاری دیاریبکەین :

١-فرە تێڕوانین. ٢- دلنیابوون. ٣- بەهای نوێ لە ڕێگەی دوبارە پۆلێنکردنەوە. ٤- دروستکردن و دۆزینەوەی پەیوەندی نوێ لەنێوان بابەت و شتەکاندا. ٥- هەولدان بۆ بەدەستخستنی ڕاستی . ٦- وەرگرتن و نوێنەرایەتیکردن. ٧- داهێنان . ٨- بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی. ٩- هەنگاوی پەرەسەندن. ١٠- بەکارهێنانی بێسنور. ١١- بەهای جوانی. ١٢- هەولدانی بێکۆتایی ڕاستی.

## ١-٣/١)جۆرەکانی کۆزانیاریی

دروستەی کۆزانیاریی لە ڕێگەی فێربوون و فێرکردنی بابەت و ڕاستی و فراوانکردنی بیرو بەکارهێنانی ژیریی و زانیاری تاك زیاددەبێت، کە بناغەیەکە بۆ چارەسەری کێشە، داهێنان، بیروروژاندن، ...، کە بەهۆی پلان و ستراتیژەوە ڕێکدەخرێت، دەبێتە ڕێنیشاندەرێك بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە چی بکەین کاتێك نوشستی ڕوودەدات، لێرەدا (Michaol Polanyi) دوو جۆر کۆزانیاری* پۆلێنکردووە[٧٤]:

[٧١] شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٥: ٣)

[٧٢] I. Nonaka, (٢٠٠٦)

[٧٣] S. Bovitch, Z.Cullimore, T. Bramwell- Jones(٢٠١٢)

* ئیسپینوزا گەشەی بە فەلسەفەی دیکارت دا و سێ جۆر کۆزانیاری دیاریکردووە:

١. ئەو کۆزانیارییەی دابەشدەبێت بۆ ئەو شتانەی پەیوەستن بە هەستەکانمانەوەو بوونەتە بەش و پارچەکانیان پێدەخوێنینەوە، هەڕەمەکین و ڕێکخستنیان نییە ئەم جۆرە کۆزانیارییە بەشێکی پەیوەستداری هەیە، کە بە کۆزانیاریی بیستەنی ناودەبرێت و یارمەتیمان دەدات، کە بیرۆکەی دەربارەی ئەو شتانەی، کە لێیدەچن و خەیالییان لێدەکەینەوە پێکدەهێنن.

٢. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی، کە لە ئەنجامی ئەو بیرۆکە گشتییانەی لەناو خەلکدا هەیە دروستدەبن، بیرۆکەکانیش دەربارەی تایبەتمەندییەکانن و ئەم جۆرە پێشی دەوترێت عەقلێ/ ئاوەز.

٣. ( حدس) ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو لەسەر ماهیەتی ڕەها/سیفاتەکانی خودا دەگوێزرێتەوە بۆ هەندێك لە بوون و شتەکانی دەوروبەرمان. ئاڤستا کەمال مەحموود ( ٢٠١٤: ١٢)

[٧٤] بڕوانە I. Nonaka, (٢٠٠٦)

١- كۆزانیاری ئاشکرا: ئەو کۆزانینانەن کە دەتوانرێت بە فەرمی دەربڕدرێت بە وشە، ڕستە، ژمارە، یان هاوكێشە، بۆ نمونە بابەتێتی و هۆش و فام، دەربڕینی بیرکارییانە، خەسلەت، بۆچونی بیردۆزی، چارەسەرکردنی گرفت، نامیلکە، بنکەی زانیاری/ داتابەیس.

٢- کۆزانیاری نائاشکرا (ناواخنی): ئەو کۆزانیارییانەن، کە ناتوانرێت (یان زەحمەتە) بە وشە، ڕستە، ژمارە، یان هاوكێشە دەربڕدرێت، کۆزانیارییەکی خودییە، کە چەسپاندنی شارەزایی/ئەزمونی تاك و پەیکاڵی هۆکاریی هەستپێنەکراوە، وەك بیروباوەڕی کەسی، تێڕوانین، سیستەمی بەها، پێشبینی، خودداهێنان/ژیری، کە دەبێت بگۆڕدرێت بە وشە، مۆدێل، یان ژمارە، کە دەتوانین تێبگەین، ڕێگایەکە کە ئێمە هەست بە جیهانی دەوروبەرمان دەکەین، بۆنمونە، دنیابینی خودیی و ئەزمون، کارامەیی تەکنیکی، پیشە، کارامەیی کۆزانین، بیروباوەڕ، وێنە، تێڕوانین، مۆدێلی دەرونی. دوو ڕەهەند لە کۆزانیاری نائاشکرا دیاریکراون[٧٥]:

ا- ڕەهەندی تەکنیکی/هونەری: ئەمە جۆرێك لە فەرمی و لێهاتویی تێدایە، زۆرجار لەسەر مەودای بەکارەکیکردن و ڕێپێدان وەردەگیرێت، بۆ نمونە پەیداکردنی شارەزایی کرێکارێك لە پاش ساڵێك کارکردن، کە ئەمەش لە بنەمای تەکنەلۆجی یان زانستیدا دەربڕینی زەحمەتە، زیاتر خودییەو لە دنیابینی کەسی، پێشبینی، خۆڕاهێنان و هاندان و ئەزمونی جەستەیی لەم ڕەهەندەدا دەردەکەوێت.

ب- ڕەهەندی درکپێکردن : ئەمە بریتییە لە بیروباوەڕ، درکپێکردن، نمونەیی، بەها، سۆزو مۆدێلی دەرونی، کە بۆ یارمەتیدانمان چەسپیوە، هەرچەندە زۆر ناتوانین لەبارەیەوە قسەبکەین، چونکە زیاتر لەناو ئاوەزدایە.

(Takeuchi & Nonka ١٩٩٥) چوار فۆڕمی بۆ دروستکردنی کۆزانیاری لەو دوو جۆرەی کۆزانیاری دیاریکردوە[٧٦]:

١-پەروەردەی کۆمەڵایەتی: لە کۆزانیاری شاراوەوە بۆ کۆزانیاری شاراوە، ئاڵوگۆڕکردنی شارەزاییە بۆ دروستکردنی کۆزانیاری شاراوە، وەك مۆدێلی بیری هاوبەش، شارەزایی تەکنەلۆجی، کە تێبینی و لاساییکردنەوەو کردار لەگەڵ ئەزمون دەگرێتەوە.

٢- بەناواخنکردن: لە کۆزانیاری ئاشکراوە بۆ کۆزانیاری شاراوە، کە پەیوەندی پتەوی بە فێربوونی کارەکییەوە هەیە، دەکرێت بە کۆزانیاری بینراو، یان هێڵکاری بەڵگەنامە یان چیرۆکی زارەکی بەرجەستەبکرێت.

٣- بەدەرکیکردن : لە کۆزانیاری شاراوە بۆ کۆزانیاری ئاشکرا، کرداری نمونەیی دەربڕین لە کۆزانیاری شاراوەوە بۆ چەمکی ئاشکرا، بۆ نمونە کاتێك کە لە وێنەیەك دەڕوانین، بە زۆری بە زمان کرۆکی وێنەکە دەردەبڕین.

٤- تێکەڵاوبوون: لە کۆزانیاری ئاشکراوە بۆ کۆزانیاری ئاشکرا، ئاڵوگۆڕکردنی تاکەکەس و کۆکردنەوەی کۆزانیاری لە ڕێگەی ڕاگەیاندن، وەك بەڵگەنامە، سیمینار، گفتوگۆ، دوبارەکردنەوەی زانیاری و پێکهێنانی لە ڕێگای پۆلێنکردن و کۆکردنەوەو جوداکردنەوە، پەروەدەی فەرمی و پڕۆگرامی ڕاهێنان زیاتر لەم ڕێگایەدا کاردەکات. بڕوانە هێڵکاری (١٠).

[٧٥] www.unlink.com

[٧٦] I. Nonaka and H. Takeuchi,(١٩٩٥)




هێڵکاری (١٠) جۆرو فۆڕمی کۆزانیاری[٧٧]

## ٢-٣/١) بنەماکانی دروستەی کۆزانیاریی

بەپێی جۆرو فۆڕمی کۆزانیاریی و پەیوەست بە بەرجەستەبونی لە پرۆگرامی خوێندندا، چوار جۆر بنەمای دروستەی کۆزانیاری لە پرۆگرامی خوێندندا دیاریکراون[٧٨]:

[٧٧] ١- www.unlink.com، ٢- شیلان عومەر حسەین (٢٠١٤: ٧٨)

[٧٨] W. Sinnaderan

١- کۆزانیاری لەسەر بنەمای ڕاستی: کە بابەتەکانی وەك مێژوو و جوگرافی ( بە تایبەت جوگرافیای هەرێمی) هەندێك بواری بایلۆجی دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بنەمای ڕاستین، کە لەگەڵ ئاستی بەرزو چەمکی ئاڵۆزدا پەیکاڵ دەبن، هەندێك کات ئەم ڕاستیانە پێویستییانە بە بیرکردنەوەو سەرنجدان و فێربوونی زیاترە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە. پەرەسەندنی ئەم دروستەیە لە قوتابخانەی سەرەتایی بۆ قۆناغی فێرکردنی بەرزتر پێویستی بە ڕونکردنەوەی زیاترە، ئەمەش بە نەخشاندن و وێناکردنی لە ئاوەزی قوتابییاندا دەبێت، بە وروژاندن و جولاَندنیان بۆ بابەتەکە بە زیاتر لە هەستەوەرێك، بەهۆی وێنەو فیلم و داتابەیس و .....هتد، تا ڕادەی وەرگرتن و تێگەیشتن و خەزنکردنی بابەتەکە لای قوتابی ئاسان بێت و زوتر زانیارییەکانی بێتەوە بیرو بەکاریبهێنێت، پەرەسەندنی فێربوون لەم جۆرە کۆزانیارییەدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئاسۆییە، لەگەڵ فێرکردنی بابەتەکە لە ئاستی زۆر تەسکدا لە قۆناغی سەرەتایی و ئاستی قوڵی بەرزتر لە قۆناغی داهاتودا دەبێت، کە لە قۆناغی سەرەتایی بەشێوەیەکی سەرەکی تەنها چاودێری بابەتی ڕاستی دەکەن و لە قۆناغی دواتر بنەماو چەمك، شیکردنەوەی هۆشی، تێگەیشتن لە خەڵك و ڕوداو، تێڕوانینی فراوانتر وەردەگرن، بۆ نمونە بابەتی وەك مێژوو لە قۆناغی سەرەتاییدا تەنها ڕاستیەکان بەشێوەیەکی ئاسان و سادە وەردەگرن، بەڵام لە قۆناغەکانی تردا شیکردنەوەو لێکدانەوەو سەرنجدان لە ڕوداوەکان دەبێت، وەك لەم هێڵکارییەدا خراوەتە ڕوو.




کۆزانیاریی پشتبەستوو بە ڕاستی[٧٩]

هێڵکاری(١١)

٢- کۆزانیاری لەسەر بنەمای چەمك: بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بناغەی چەمکن، پەرەسەندنی وەرگرتنی ئەم کۆزانیارییە ستونییە، لە سادەترین چەمك دەستپێدەکات، کە دەتوانین واتای چەمکی سادە لە پێش چەمکی ئاڵۆزەوە درکپێبکەین و فێربین و تێبگەین. وێنەی هزری ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە گەیاندنی کۆزانیاری و نەخشاندن و چالاککردنی چەمکەکان و وەرگرتنیان و خەزنکردنیان لە ئاوەزدا، هەر بۆیە پێویستە بۆ چەسپاندنی چەمکەکان لە مێشکی قوتابیدا پەنا بۆ نەخشاندن و وێناکردن ببەین، تا توانای ڕێکخستن و وردبوونەوەو

[٧٩] شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٥: ٩)، بڕوانە ئەو سەرچاوانەی لەوێدا بەکارهاتوون.

تێگەیشتنیان بۆ بڕەخسێت. دروستەی کۆزانیاری پێکەوەبەستن و کۆکردنەوەی زانیارییە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە لە چەمکی پەیوەندیدارو چەمکی دیکە پێکدێت و پەیوەندییان نیشاندەدات، بۆ ئەمەش (( تیۆری هێڵکاریی چەمکیی، کە شێوەیەکی هێڵکاری هۆشەکییە* بەکارهێنراوەو بۆ یەکەمجار لەلایەن (Novak) وەك ئامرازێکی توێژینەوە بەرهەمهێنرا، کە بەشێوەی یان ڕێگەی هێڵکاری، بەیانی تایبەتی چەمکەکانو پەیوەستبوونیان بە بابەتو سەرباسەکانەوە پێکەوەو کارلێکەکانیان خراونەتەڕوو)) [٨٠]، بەپێی ئاستی قۆناغەکانی خوێندن بۆ بابەتەکانی ( بیرکاری و زانست) ئەم کۆزانیارییە بەم شێوەیە وەك لە هێڵکارییەکەدا نیشاندراوە، دابەشدەکرێت.




هێڵکاری(١٢) کۆزانیاریی پشتبەستوو بە چەمکەکان[٨١]

٣-کۆزانیاری لەسەر بنەمای زمان** : هەمیشە زمان هۆکاربووە بۆ وەرگرتنی هەر شێوەیەك لە کۆزانیاریی بە ڕێگای فەرمی، کە پشت بە ئاستی توانا لە زماندا دەبەستێت، سەرەڕای ئەوەش هەندێك بابەت ئاستی مەزنتری لە شارەزایی زمان پێویستە، بۆنمونە وێژە/ ئەدەب، فەلسەفە، زمان خۆی، کە پێویستی زیاتری بە توانستی زمان دەبێت، کە بەشێوەیەکی قووڵ بخوێنرێت. کۆزانیاری لەسەر بنەمای زمان واتا توانای زمانی پێویستە، بۆ زیاتر کارامەیی لە زمان دەبێت بوارەکانی زانستی زمانی باشتر فێربین، وەك: سینتاکس، سیمانتیك، زاراوەسازی، .... تاد، باشترین فێربوونی زمان لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەردەوام، شارەزایی و لێهاتویی، نقومبوونی لەناوبواری زانستی زمانیدا، بەکارهێنانی بەردەوامیش بۆ چوار بارودۆخ ( گوێگرتن، ئاخاوتن، خوێندنەوە، نووسین) دەگەڕێتەوە، بەمەش کارلێك لەگەڵ زماندا دەکات، هەر بۆیە پێویستە پرۆگرامی خوێندن گرنگی تەواو بە زمان لە بەکارهێنانی وشە، زاراوە، ڕستە، پەڕەگراف

---

* هێڵکاری هۆشەکیی یەکێکە لە ڕێگە گرنگەکان بۆ پیشاندان و خستنەڕوی کۆزانیارییەکان و وروژاندنی بیرو ئاڕاستەکان، کە کار لە هەردوو لای مێشك دەکات، کە مەبەست لە هێڵکاری هۆشەکی (بینینو نمایشکردنی پەیکەری زانیارییەکانو وێناکردنی ئەو بیرانەیە، کە پەیوەستن بە بابەتەکانەوە لە بیریی کرۆکی چواردەوردراو بە سەرباسی پەیوەستکراو پێکهاتووە. هێڵکارییەکە(دایەگرام)، بەکاردەهێنرێت بۆ نواندنی وشەکان، بیرەکان...یان هێڵکارییەکە، پێکهاتەیەکی بینراوە بۆ دیاریکردنی سەرباسەکان، زانیارییە بینراوەکان، زانیارییە ئالۆزەکان بەکاردەهێنرێن) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٥: ٦)

[٨٠] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥: ١٢) بڕوانە ئەوسەرچاوانەی لەوێدا بەکارهاتوون.

[٨١] هەمان سەرچاوە (٢٠١٥: ١٤)، بڕوانە ئەوسەرچاوانەی لەوێدا بەکارهاتوون.

** مەبەست لە زمان وانە و پرۆگرامە زمانەوانییەکانە، نەك خودی ئەو زمانەی پرۆگرامەکانی پێدادەڕێژرێت.

بدات، بۆئەوەی ئەو زانیاری و بەهاو ڕێنماییەی کە پێویستە بە قوتابی بگەیـەنرێت، بـە سـادەترین و گونجـاوترین و ئاسانترین ڕێگا بێت، تا پڕۆسەی فێربوون و فێرکردن و وەرگرتن و تێگەیشتن بە ئەنجامبگەیەنرێت، بەمەش قوتابی بە زۆر گوێگرتن لە زمان کارامەیی ئاخاوتنی زیاددەبێت، بە زۆر خوێندنەوەش کارامەیی نووسـین زیاددەبێـت. بڕوانـە هێڵکاری (١٣).



هێڵکاری(١٣) کۆزانیاریی پشتبەستوو بە زمان [٨٢]

٤- کۆزانیاری لەسەر بنەمای بەها: هەموو بابەتەکانی پەروەردەی ئایینی و ڕەوشـتی و کۆمەڵایـەتی لـەم جـۆرەدا دەردەکەوێت، بەها کاریگەری لەسەر هەستی تاك هەیە، کە یەکەم تێگەیشتن لە بنەمای بەها درکپێکردنی ناوچەییە، کە لە ئەنجامی درککردن و پەیبردن و وەرگرتن و بیرکردنەوەی تاك بە بنەماو ڕێساو دەستورانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە دروستدەبێت، کە لە ئەنجامدا لە ڕەفتـارو هەڵـسوکەوت و بیرکردنەوەیـدا ڕەنگدەداتـەوە، بۆیـە پێویـستە لـە پڕۆگرامی خوێندندا ئەم توانایە بۆ قوتابی فەراهەمبکرێت، تا بتوانێت بە لێوردبونەوەو بیرکردنەوە بەهاکان وەربگرێت و لە ڕەفتاری ڕۆژانەیدا بەکاربهێنێت، چونکە بەهاکان ڕۆڵێکی گرنگ لە پەروەردەی ڕەوشتی تاکدا دەبینن، هەر بۆیە ئەو بابەتانەی لە پڕۆگرامی خوێندندا دادەنرێن، دەبێت هەموو ئەو بەهایانە لەخۆبگرێن، کە دەبنە هۆی دروستکردنی بناغەی تاك و بەرهەمهێنانی نەوەیەکی دروست و بە بەرهەم پارێزگاریکەر لە ڕەسەنایەتی و دابونەریت و کلتور.... لە کۆمەڵگادا، وەك لەم هێڵکارییەدا ڕونکراوەتەوە .

[٨٢] شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٥: ١٤)، بڕوانە ئەوسەرچاوانەی لەوێدا بەکارهاتوون.




هێڵکاری(١٤)کۆزانیاریی پشتبەستوو بە بەها[٨٣]

دیاریکردنی دروستەی کۆزانیاری، بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و کاریگەری بابەتەکان و چەمك و زانیارییەکانە، بۆ خەملاندن و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندنە، کارکردن بۆ پێکەوەبەستنی لێهاتویی خودیی و بابەتی، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی تاکێکی دروست، ئەم بابەتە هەشت ڕێگای زانین دیاریدەکات ( زمان، درکپێکردنی ژیری، سۆز، هۆ،خەیاڵ، باوەڕ، بیرتیژی، یادگە) کە دەبێت قوتابی مەودای زانیاری خۆی لەم ڕێگایانەوە دیاریبکات، کە پرۆگرامی پەروەردەیی دەبێتە ناوەندێك بۆ پێدانی کۆزانیاری، کە پشت بە پێکهاتەی مرۆڤ و چوارچێوەی کۆمەڵگا دەبەستێت، چونکە قوتابخانە دەزگایەکی سەرەکی بەخشینی کۆزانیارییە بە تاك، (( قوتابخانەکان وەك ئامێرێکی گەیاندنی کۆزانیاری بەکاردەهێنرێن[٨٤].)).

## ٣/١-٣) دروستەی کۆزانیاری و بەپرۆسەکردنی زانیاری

## ٣/١-٣-١) یەکەی زانیاری

زانیاری یەکەی بونیاتی دروستەی کۆزانیارییەو دروستەی کۆزانیاریی ڕێکخستنی نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی زانیارییە، بەپێی پلان بەئامانجی تێگەیشتن و پەیبردن بە ڕاستیەکان و وەرگرتنی زانیارییەکان و بەرەوپێشبردنی ئەزمون و تواناو لێهاتوویی، گرنگە لە خودی زانیاری و پێکهێنەکانی بگەین، یەکە پێکهێنەرەکانی زانیاری بەگشتی بریتین لە[٨٥]:

ا. هێما: یەکەیەکی سەرەکی زانستی زمانە، شت، کردار، ڕوداو،... دەگەیەنێت، کە واتایەکی هەبێت، یان هێما زمانی ئاماژەیە، یان نیشانەیە بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی بیرۆکە، ئارەزوو، زانیاری، بڕیار، .... بۆ نمونە

[٨٣] شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٥: ١٧)

[٨٤] S. Bovitch, Z.Cullimore, T. Bramwell- Jones(٢٠١٢)

[٨٥] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٤: ٧٧-٧٨).

ئاماژەیەکی جەستەیی یان نیشانەی هاتوچۆ، کە دەتوانرێت ڕونبکرێتەوە بە هێما دانراوە، بە واتا هێما هەڵگری زانیارییە[٨٦].

ب. داتا: زانیاریی، ڕاستییە، کە ڕێکدەخرێن بۆ شیکردنەوە یان کۆکردنەوەی ئامارو ڕاستیەکان، وەك سەرچاوەیەك بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی بیرکردنەوەو بڕیاردان، یان بەهای وەرگیراوە لە ئەزمونی زانستی[٨٧].کەواتە هێماو داتا یەکەی پێکهێنەری زانیارین و لە ئاوێزانبونی فۆڕم و واتا پێکهاتوون، بڕوانە هێڵکاری (١٠).

وشە نوێنەرایەتی هێمای زمانی دەکات و زانیارییەکان کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە مرۆڤ وەریاندەگرێت بە چەند پرۆسەکردنێك خەزندەکرێن* بە مەبەستی بیرکەوتنەوەو بەرهەمهێنانەوەی، لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسین یان ڕەفتاردا دەبینرێت و ڕەنگدەداتەوە، بەمەش هەر ڕەفتارێك کە لە لای مرۆڤ دروست دەبێت دەرئەنجامی ئەو زانیارییانەیە، کە وەریگرتوەو فێریبوە، ئەم هۆکارەش وادەکات کە پێویستەو گرنگەو دەبێت بایەخێکی تەواو بەو یەکە زانیارییانە بدرێت، کە لە پرۆگرامی خوێندندا بەکاردەهێنرێن، کە خۆی لە وشەو ڕستەو وێنەو نەخشەو کەرەستە فێرکارییەکان و .... تاد دا دەبینێتەوە، چونکە ئەو دروستە کۆزانیارییانەی لە ڕێگەی یەکە پێکهێنەرەکانی زانیاری لە پرۆگرامی خوێندندا بەکاردەهێنرێن، یەکێکن لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی پەروەردەکردنی قوتابیی دروست لە قوتابخانەدا، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت قوتابیی باش یان خراپ بۆ خودی خۆی و کۆمەڵگا بەرهەمبهێنرێت. بۆیە پێویستە ئەو زانیاری و کۆزانیارییانەی لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامانەوە بە قوتابی دەدرێت، بەپێی ئەو بنەما ** و پێوەرە زانستی و کۆمەڵایەتی و دەرونی و .... تاد، دابڕێژرێت، کە دانراون.

قۆناغی بنەڕەتی قۆناغێکی گرنگی فێربوونە ڕێگەخۆشکەرو ڕێنیشاندەرو یاریدەدەرە بۆ سەرکەوتنی قوتابی لە قۆناغەکانی تری خوێندندا، بەمەش لە ڕێی ئەو زانیاری و بەهاو ڕەوشتانەی کە لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیدا پێشکەشیدەکرێت، یارمەتیدەردەبن بۆ ئەم سەرکەوتنە، بەمپێیە پرۆگرامی خوێندنو کتێبی قوتابخانەکان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە بنیاتنانی کەسێتی قوتابیدا دەبینن.

بۆچونی (Chomsky) بۆ کۆزانیاریی توندو شێلگیرانەیەو بە درککردنی چەقی و کرۆکیی داناوە، چوارچێوەی تیۆری ئەوە دەردەخات، کە چەمکی ( زانین) بە پوختی دیاردەیەکی ئاوەزداری ڕوتە جیاوازە، ئەمەش بە پوختی دەچێتە بواری درککردنەوە[٨٨].

پەیوەندی ڕێکخراوەیی چەمك، توێژاڵکردنی زانیارییەکانە لەناو یەکەکاندا، بۆ نمونە( ر، ا، د) سێ یەکەی زانیارییە، پێکدێت لە (دار)، توێژاڵکردن تەکنیکێکی سەرەکی دەستکەوتن و هێشتنەوەی زانیارییە لە یادگەی کورت خایاندا، هەروەها جۆری درێژەپێدان و کۆکردنەوە، یارمەتی گواستنەوەی زانیاری دەدات، بۆناو یادگەی درێژخایان، دوبارەیی یان ڕاهێنانی دوبارەکردنەوە تەکنیکێکە هەموو بەکاریدەهێنن بۆ هەوڵدان بۆ فێربوونی شتێك، بۆئەوەی کاریگەری تەواوی هەبێت و پاش دەستپێکردن لەبیرنەکرێت، توێژەران ئامۆژگاری قوتابییان دەکەن، کە خێرا ناوەڕۆکی ئەوەی

---

[٨٦] بڕوانە dictionary.reference.com

[٨٧] بڕوانە dictionary.reference.com

* بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (٣/١ -٣ - ٣ )

** بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەشی دوەم.

[٨٨] S. Bovitch, Z.Cullimore, T. Bramwell- Jones(٢٠١٢),

وەریدەگرن دوبارەینەکەنەوە، چەند خولەکێك چاوەڕێ بکەن پاشان دوبارەیبکەنەوە [٨٩] [*]، تێگەیشتن لە کۆزانیاری پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لێبیڕوانرێت، بۆ ئەوەی ڕاستی تەواو دەستبکەوێت لە بارەی شتەکان و دیاردەو ڕوداوەکان بە پشت بەستن بە ئەزمونە پێشینەکان، کە تێکەڵ بە پەیبردن دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا دوری و کات و لەیەکچونی شتەکان ڕۆڵیان لە درککردن و تێگەیشتنی خێرایی کۆزانیارییەکاندا هەیە.

## ٣/١-٣-٢) پایەکانی بەپڕۆسەکردنی زانیاری[**]

بە پڕۆسەکردنی زانیاری کرداری پەیداکردن، تۆمارکردن، ڕێکخستن، چاککردن، پیشاندان، بلاْوکردنەوەی زانیاری، کۆکردنەوە، گێڕانەوە، پۆلێنکردن، خەزنکردن، گەڕان بە دوای داتاو زانیاری، کە بە پڕۆسەکردنی داتا/ data processing یش ناودەبرێت، دەگرێتەوە، کەواتە بە پڕۆسەکردنی زانیاری گۆڕینی زانیاریی شاراوەیە بۆ زانیاریی دیار، ئەو زانیارییەی کە مرۆڤ وەریاندەگرێت، بۆ خەزنکردن و مانەوەیان و دوبارە بەکارهێنانەوەیان، پێویستە بە چەند پڕۆسەیەکی ئاوەزییدا بگوزەرێن (( زانیارییەکان کە لە پڕۆسەی ئاخاوتندا پێمانگەیشتون، کۆزانیارییەکان پەرشن و دواتر لە هزردا چارەسەردەکرێن، بەم پڕۆسەی چارەسەرکردنەش دەوترێت بەپڕۆسەدابردنی زانیارییەکان)) [٩٠]، بەمەش هەموو ئەو زانیاریانەی کە مرۆڤ وەریدەگرێت لە ڕێگەی فێربوون و فێرکردن یان ئەزمونەوە، سەرەتا پالاْوتە دەکرێن و پۆل پۆل دەکرێن، دواترلە ئاوەزدا لێکدەدرێنەوەو شیدەکرێنەوەو لە یادگەدا خەزندەکرێن، بە مەبەستی دوبارە بەدەستهێنانەوەی و یادکەوتنەوەی ئەو زانیارییانە.

پڕۆسەکە چەند ئەرکێکی هەیە [٩١]: ١- سەرەتای بەپڕۆسەکردنی زانیاری، لەسەر دەربڕینی هێمایی ئەنجامدەدات. ٢- بەشێوەیەکی کاتی خەزنکردنی کردەکان لە یادگەی کورت خایان، دەربڕینی ناوەوەو دەرەوە. ٣- خشتەی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆسانە. ٤- ئەم ڕیزبەندییە پڕۆسەی گۆڕین بە گوێرەی ناوەڕۆك لە یادگەی کورت خایاندا بە ئەنجامدەگەیەنرێت.

مۆدێلی بە پڕۆسەکردنی زانیاری بۆ دابینکردنی مامۆستاو پێشنیاز بۆ چاککردنی پڕۆسەی فێربوون و فێرکردن، لە زنجیرەیەك قۆناغ پێکدێت، کە قۆناغی پڕۆسەکردنی زانیاری پیشاندەدات، پڕۆسەی تێکردەو شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی ئەو وروژێنەرانەیە، کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوەو هەستیپێدەکات، پاشان لە پڕۆسەی خەزنکردندا

---

[٨٩] Huitt,W.(٢٠٠٣)

[*] چەند نمونەیەك لە پڕۆسەی فێربوون و فێرکردندا بەکاردەهێرێت، کە بریتین لە : ١- وێنە: دروستکردنی وێنەی دەرونی. ٢- میتۆدی شوێن: بیرۆکە یان شت کە بیردەکەوێتەوە، کە بابەتەکە بە شوێنی ئاشناوە دەبەستێتەوە. ٣- میتۆدی وشە چەسپاوەکان/جیگیرەکان: ( ژمارە، سکێما، ئاواز/سەروا ) بیرکەوتنەوەی بیرۆکە یان شت کە بەسترابێت بە وشەی دیاریکراوەوە.(٢٠٠٣) Huitt. W

[**] توێژینەوەی مۆدێلی بەپڕۆسەکردنی زانیاری IPM لەسەرەتای ١٩٥٠ کاندا دەرکەوت، کە بریتییە لە سێ پێکهاتە : یادگەی هەستی، یادگەی کارکەر، یادگەی درێژخایان، بەپڕۆسەکردنی زانیاری لە سەدەی ٢٠ بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکرد، ئەمڕۆ بابەتەکە بۆ توێژینەوە ژمارەیەك تایبەتمەندی دەگرێتەوە، وەك فەلسەفە، فیزیا، زیندەوەرزانی، زانستی زمان، زانیاری، زانستی کۆمپیوتەر، ئەلکترۆنیك، ئەندازیاری پەیوەندی، زانستی بەڕێوەبردن و زانستی کۆمەلاْیەتی (٢٠١٤) G. Schraw -١ /(٢٠١٣) V. slameka-٢

[٩٠] ئاڤێستا کەمال ( ٧٦:٢٠١٢)

[٩١] هەمان سەرچاوە

دەتوانێت ئەو شتانەی کە ڕوودەدات کۆدیکات و خەزنیبکات، پرۆسەی دەرکردە بەرپرسە لە دەربڕینی وەڵامێکی گونجاو، کە بۆ وروژێنەری ئامادەدەکات[٩٢]، وەك لەم هێڵکارییەدا خراوەتە ڕوو.




هێڵکاری ( ١٥) پێڕەوی بەپرۆسەکردنی زانیاری

## ٣/١-٣-٣) دروستەی پێڕەوی بەپرۆسەکردنی زانیاری

مرۆڤ لە ڕێگەی هێما زمانیەکانەوە ( دەنگی ، وێنەیی) بیرو زانیارییەکان وەردەگرێت، بۆئەوەی زانیارییەکان لە یادگەدا بچەسپێن، بە سێ قۆناغی پرۆسەدا( یادگەی هەستی، یادگەی کورت خایان، یادگەی درێژخایان ) دەبرێن، لەڕێگەی تیۆری قۆناغبەندییەوە (stage theory) ئەم پرۆسەیە ڕونکراوەتەوە، کە تیۆری قۆناغبەندی یەکێکە لە پرسی گرنگی دەرونزانی درکپێکردن و توێژینەوەیە لە یادگەو ڕوانینی باو کە تیۆری قۆناغبەندی نیشاندەدات، لەسەر بنەمای کاری (Atkinson and Shiffrin ١٩٦٨) دەرکەوت، مۆدێلەکە پێشنیازدەکات، کە بەپرۆسەکردنی زانیاری و خەزنکردنی بە سێ قۆناغدا ببرێت، بایەخی تیۆرییەکە لەسەر ئەوەیە، کە چۆن زانیاری لە یادگەدا خەزندەکرێت، کە بەپێی تیۆرەکە زنجیرەی زانیاری کە وەردەگیرێت بە ڕێگەی پچرپچر دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی دیکە، لەم هێڵکارییەدا وردەکاری تیۆرییەکە خراوەتەڕوو[٩٣].




هێڵکاری( ١٦ ) مۆدێلی تیۆری قۆناغبەندی

لە یادگەی هەستیدا زۆر گرنگە کە قوتابی ئامادەبکرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لەم قۆناغەدا لە پێناو گواستنەوەی بۆ قۆناغی داهاتوو، یادگەی کورت خایان (یادگەی کارکەر)، یادگەیەکی هۆشیارە، لەلایەن سەرنجدان لە هاندانی دەرەوە، ناوەوە، یان هەردووکیان دروستدەکرێت، ئەگەر دووبارەنەکرێتەوە، بۆ ماوەی ١٥-٢٠ چرکە دەمێنێتەوە. دوو چەمکی سەرەکی هەیە بۆ هێشتنەوەی زانیاری لە یادگەی کورت خایاندا، ئەویش ڕێکخستن و دوبارەبونەوەیە، دواتر یادگەی درێژخایان پێشەنگی یادگەی هەستکردنە، دوو کردار، کە زانیاری دەجولێنن، لە یادگەی درێژخایاندا ئەوانیش

---

[٩٢] بڕوانە S. mcleod (٢٠٠٨)

[٩٣] بڕوانە ١- S. T. Lutz and W. G. Huitt (٢٠٠٣: ٢-٤), ٢- D.Suthers (٢-٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ناهیدە (٢٠١٣: ٧٥)

درێژەپێدان و کۆکردنەوە، گەڕانەوەی زانیارین[٩٤]، لەبەرئەوە پرۆگرام و پەرەوەرشیارو ... دەبێت ئاگایانە بەپێی قۆناغ و میکانیزمەکان زانیاری بگەیەنن.

هەر زانیارییەك سەرەتا لە یادگەی هەستکردندا هەڵدەگیرێت، تۆماری هەستی لە ڕێگەی پێنج هەستەکەوە زانیاری وەردەگرێت، بە گشتی تۆمارکردنی هەستیی، توانای گەورەو وەلاّمدانەوەی هەڵسوکەوتی زۆر کورتە (١-٣ چرکە)یە، لێرەشدا پێویستە ئەو زانیارییانە کە لە یادگەی هەستیدایە بگوێزرێتەوە بۆ یادگەی کورت خایان، بە مەبەستی مانەوەی، (( یادگەی هەستی بڕی زانیاری سنوردارە بۆ ٥-٧ پێکهاتەی پچڕپچڕ، بەم جۆرە ئەگەر کەسێك (١٠) نوسراو ببینێت لە هەمان کاتدا زیاتر ٥-٧ لە ئەم نوسراوانەی بیردێتەوە، مەبەستی سەرەکی یادگەی هەستیی، پشکنینی وروژێنەری هاتووە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی زۆر خێرا ڕوودەدات، کۆنترۆڵکردن لەم یادگەیەدا لەوانەیە زیاتر بڕی سنوردار کەمبکاتەوە، پاشان دەنێردرێت بۆ یادگەی کارکەر یان لە سیستەمەکەدا دەسڕێتەوە.[٩٥]))، یادگەی کارکەر ئەم یادگەیە ناوەندی بەڕێوەبردن دەگرێتەوە، یادگەی درێژخایان جیا لەیادگەی هەستی و کارکەر، ئەم یادگەیە زانیاری بۆ ماوەیەکی زۆر خەزنەدەکات و خزمەتدەکات، وەك کۆگایەکی بەردەوام بۆ کۆزانیاری، کۆکردنەوەو بەدەستهێنانەوەو بەرهەمهێنانەوەی زانیارییەکان لێرەدا بەپرۆسەدەکرێن.

لەمەوە ئەرکی فەرهەنگی ئاوەزیی* چارەسەرکردن و کارکردنی زانیارییەکانە لە ئاوەزدا، زانیارییەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەردەگیرێن و ڕێکخستن و شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و خەزندەکرێن، لە کاتی پێویستدا ئەو زانیارییانە بەجفرەکردن و بەدەستهێنانەوەی لە ڕێگەی ئاخاوتن یان ئاماژە جەستەییەکانەوە دەردەبرێت.

درکپێکردن و ڕاهێنان و سەرنجدان و پێداچونەوەی زانیارییەکان و کۆششکردن و ماندوبون، بۆ وەرگرتنی کۆزانیاری و ڕێکخستن و وردکردنەوەو شارەزایی زانیارییەکان هۆکارن، بۆ گواستنەوەی لە یادگەی کورت خایان بۆ یادگەی درێژخایان بە مەبەستی مانەوەو بەدەستهێنانەوەی، (( بەرهەمهێنانەوە یەکێکە لە سێ پرۆسە سەرەکییەکەی یادگە، چونکە بۆ جێبەجێبونی بەپرۆسەدابردنی زانیارییەکان گرنگە.[٩٦]))، هەربۆیە بە بێ بەرهەمهێنانەوە پرۆسەی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری ناگاتە ئاکام و بە ئامانج ناگات.

لەبەر ئەوەی بەپرۆسەکردنی زانیاریی پێویستی بە بونی یادگە هەیە، وا پێویست دەکات کە بزانین یادگە خۆی چییەو چەند جۆری هەیە، (( یادگەکان سێ پرۆسەی سەرەکی جێبەجێدەکەن بۆ جێبەجێبونی بەپرۆسەدابردنی زانیارییەکان ١- پرۆسەی جفرەکردن. ٢- پرۆسەی گەنج هەڵگرتن. ٣- پرۆسەی بەدەستهێنانەوە.[٩٧])).

یادگە خەزنکەر و هەموارکەری زانیارییە، چالاکییەکی مێشکە، کە بەشێوەیەکی جیاواز کار لە چالاکی مرۆڤ دەکات، بەپێی ئەو چالاکییەی کە هەیەتی، سێ جۆر یادگە دیاریکراون، کە ئەوانیش[٩٨]:

---

[٩٤] بڕوانە (٦-٢) ١- S. T. Lutz and W. G. Huitt (٢٠٠٣: ٢-٤), ٢- D.Suthers

[٩٥] G. Schraw (٢٠١٣)

* فەرهەنگی ئاوەزی هەموو وشەکانی زمانەکە لەخۆدەگرێت، زانیاری دەربارەی واتای وشە، شێوەی خوێندنەوەو دەنگی وشەو چۆنیەتی دەربڕین، تایبەتمەندی سینتاکسی، ئیدیۆم، .... کە لە ئاوەزی تاکدایە، واتا کۆزانیاری وشەکانی زمانە کە لای بەکاربەر لەفەرهەنگەکەیدا هەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠١٢: ١٣٢-١٤٣)، www.wikipedia.org

[٩٦] ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣:٧٩)

[٩٧] ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢: ٨٢-٨٣)

[٩٨] طلعت منصور، انور شرقاوی، عادل عزالدین، فاروق ابو عوف (٢٠٠٣: ٢١٩-٢٢١)

١- به گوێرەی سروشتی چالاکی دەرونی، کە چەند جۆرێکە :

ا- یادگەی بەرجەستە Concrete Memory: ئەم یادگەیە پەیوەستە بە هەستەکانەوە لەرێی پێنج هەستەوەرەکەوە وەردەگیرێت، داهێنانی هونەری بە زۆری بەهۆی چالاکی هەستەکانەوە دەبێت.

ب- یادگەی لۆژیکی - زارەکی Verbal – Logical Memory: بیرکردنەوەو تێگەیشتن لە پەیوەندیە لۆژیکیەکانی نێوان ڕوداوو شتەکان، کە بە یادگەی واتایش ناودەبرێت، پڕۆسەی فێربوون، گرتنەخۆی زانیاری تاك دەوڵەمەنددەکات.

پ- یادگەی بزواو Motor Memory: نمونە جوڵەییەکان، تێڕوانینی بەهێز، خێرایی، بڕی، فراوانی، ڕێگەی، .....تاد خەزندەکات، ئەم یادگەیە گرنگی تایبەتی هەیە لە ڕاهێنانی وەرزشی و ئەو کارانەی شارەزایی جوڵەیی هەیە.

ت- یادگەی سۆزداری Emotional Memory: ئەم یادگەیە تاك دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵچونی ڕابردووی ئەرێنی و نەرێنی و بیرخستنەوەی، وەك هەستی تاك لە ترس کە لە ڕوداوێکی ڕابردوودا توشیهاتووە، یان هەڵچون لە هەلۆیستێکی ڕابردوو کە ڕویداوە.

چ- یاگەی خود Habbit Memory: یادگەیەکی سەرەکییە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان بەشێوەی ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە.

ئەم چوار یادگەیە، بە بێ پەیوەستبونی بە مەرجی گۆڕینی چالاکی : پاڵنەر، ئامانج، ئامراز خەزندەکرێت.

٢- بە گوێرەی ئامانجی چالاکی: کە دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

ا- یادگەی خۆویستی Voluntary Memory : پڕۆسەیەکی گشتی هۆشییە، لەگەڵ بونی ئامانجی دیاریکراودا، بیرکەوتنەوەی قوتابی لە کاتی تاقیکردنەوەی بابەتی دیاریکراو پەیوەندی بە ئامانجی قوتابی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەوە هەیە، پێش تاقیکردنەوە قوتابی هەڵدەستێت بە لەبەرکردن و وەرگرتنی بابەتەکە، بە مەبەستی بیرکەوتنەوەی بەشێوەیەکی تەواو لە کاتی تردا.

ب- یادگەی خۆنەویست Involuntary Memory : هیچ ئامانجێکی دیاریکراو نییە، ببێتە هۆی بیرکەوتنەوەی، ئەم جۆرە بە بێ مەبەست ئەو ڕوداوو دیاردەو کەسانەی دێتەوە یاد، کە پێشتر بینیونی، بۆ نمونە بیرکەوتنەوەی ڕوداوێك لە کاتی نانخواردندا، بیرکەوتنەوەی پارچە مۆسیقایەك لە کاتی خوێندنەوەدا.

٣- بە گوێرەی بەردەوامی هێشتنەوەی ماوەی یادگە: کە دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

ا- یادگەی کورت خایان Short - term Memory : خەزنکردنی زانیاری بۆ ماوەیەك کە کەمێك پەیوەستە بە چالاکی تاك و ئامانج و پاڵنەر، چەند ناوێکی تری هەیە ( یادگەی کاتی، یادگەی سەرەتایی، یادگەی خێرا، زیاتر بە یادگەی کارکەر ناودەبرێت)، بۆ جەختکردن لە سروشتی جێبەجێکار لە هەلۆیستی کاردا نەك سروشتی کاتی بە تەنها.

ب- یادگەی درێژ خایان Long - term Memory، خەزنکردنی زانیاری بۆ ماوەیەکی زۆر بە مەبەستی دووبارەکردنەوەی لە چەندجارێکدا*.

لە پڕۆسەی فێربوون و فێرکردندا بۆئەوەی ئەو زانیارییانەی کە بە قوتابی دەگەیەنرێت، لە یادگەیاندا بچەسپێت، پێویستە، تەنها پشت بە یەك لایەنی هەستی نەبەسترێت، بەڵکو چەند هەستەوەرێك بەشداریبکات ( بۆ نمونە دەنگ

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢)

،وێنە ،چالاکی ... تاد) تا لە ڕێگەی چالاکی وتن و پیشاندانی وێنە لەگەڵیدا زانیارییەکە چەندبارە بکرێتەوە، کە چەند هەستێك بەشداردەبن لە بەپرۆسەکردنی زانیارییەکانداو ئەمەش وادەکات کە زوتر لە یادگەدا بچەسپێت و فێربێت و بگوێزرێتەوە بۆ یادگەی درێژخایان، لەبەرئەوەی سروشتی چالاکی دەرونی تاك جیاوازە، دەکرێت لە ڕێی چالاکی قوتابییەکە لەلایەنێك لەلایەنەکانی جۆری یادگە وا بکات بە یەکێك لەو ڕێگەیانە قوتابی تێبگات.

ئەو زانیارییەی کە بە قوتابی دەدرێت، دەبێت بەشێوەیەك بێت توانستی بیرکردنەوەو درککردنی بابەتەکەی لەلا زیادبێت، تا ئەو زانیارییەی کە هەستی پێدەکات و وەریدەگرێت بگوێزرێتەوە بۆ یادگەی درێژخایان و خەزن ببێت، ( ڕێکخراوەیی و هاوشێوەیی زانیارییەکان، نزیکی بابەتەکان لەیەکترو پێکەوەگرێدانیان، دوبارەکردنەوەو پێداچونەوە، بەردەوامی هەوڵدان، گشتاندن، سەرنجدان، بەراوردکردن، پراکتیزەکردن، پۆلێنکردن، تازەیی زانیارییەکە، کار لە زوتر بیرهاتنەوەو بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان دەکات[٩٩])، بیرهاتنەوەی زانیارییەکان ڕێگەیەکی گرنگە بۆ چەسپاندنی کۆزانیارییەکان لە هزردا، چونکە بە دوبارە باسکردنی زانیاری کۆن و بەستنەوەی بە زانیاری نوێوە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانەوەو بیرکەوتنەوەی دوبارەی ئەو زانیارییەی کە پێشتر پێیدراوە، ئەمەش لە ڕێگەی دەرخستنی نیشانە، یان وێنە یان ئاخاوتنەوە دەبێت، لەبەرئەوەی فێربوون پێویستی بە توانای خەزنکردن هەیە، تا لە ڕێگەی ئەو کۆزانیاری و بەهاو بیرو...... انەی کە وەریگرتوە بەردەوام لە یادگەیدا بمێنێتەوەو فێربوونی نوێ بەدەستبهێنێت و پارێزگاری لێبکات، مەرجی فێربوونیش بیرکەوتنەوەی ئەو کۆزانیارییەیە، کە وەریگرتوە بە مەبەستی بەرهەمهێنانەوەی و گۆڕانی ڕەفتاری تاك، (( هەستکردن، ئاگایی*/ پێزانین، درکپێکردن، سێ پرۆسەی سەرەکی ئاوەزی یادکەوتنەوەن، کە بونی کەموکوڕی لە هەر یەکێکیاندا دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی بە پرۆسەکردنی زانیاریەکان.[١٠٠]))، زانیارییە گرنگ و بە بەهاکان زیاتر دەمێننەوە، چونکە زۆرتر بەکاردەهێنرێن و دوبارەدەکرێنەوە، بەمەش زوتر لە کاتی پێویستدا دێنەوە یاد، واتە بەسادەی لەبەرکردنی شتێك نابێتە پێشەنگی فێربوون، ئەوەش بەڵگەیە بۆئەوەی کە بیرلە شتێك بکەینەوە دەیپارێزین.

هۆکاری کاریگەری بیرهاتنەوە لە مەودای یادگەدا memory span ( مەودای یادگە دیاریکردنی ڕاستی فێربوونە.)، دەکرێت مەودای هەر تاکێك دیاریبکرێت بۆ دوبارەکردنەوەی زنجیرەی ( پیت، وشە، ژمارە) بۆئەوەی بزانرێت بە پێوانەی چەند دەتوانێت بە خێرایی دوای گوێلێبونی وەریبگرێت، ئەمەش بەپێی جیاوازی تەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نمونە منداڵ لە تەمەنی (٩)ساڵیدا دەتوانێت (٥) ژمارەی زنجیرەیی بیربکەوێتەوە.

جۆری بابەت کاریگەری لەسەر بیرکەوتنەوە هەیە، هەندێك بابەت بیرکەوتنەوەی زەحمەتە، شیعر ئاسانتر بیردێتەوە لە بلاوکراوە، بلاوکراوە ئاسانترە لە کۆمەڵێك وشەی بەیەکەوە نەبەستراو، بەمەش ئەو بابەتەی کە واتادارە بیرکەوتنەوەی ئاسانترە لە بابەتێك کە لاوازە لە واتادا، یان واتای بەیەکەوەبەستراوی نییە. ڕێگای بیرکەوتنەوەی بابەتی فێربوون

---

[٩٩] بڕوانە کەریم شەریف قەرەچەتانی (٢٠٠٦: ١٦٦-١٦٩)

* ئاگایی : چڕکردنەوەی ژیری یان هزر لەسەر ئامانجێکی تاك، ئەو پرۆسە هۆشەکیەیە، کە توانا بۆ دیاریکردن و هەڵبژاردنی وروژێنەرەکانی جیهانی دەرەوەو ناوەوە تەرخاندەکات واتە هەنگاوی یەکەمی پەیوەندیکردنی مرۆڤە، لەبەرئەوە بەبێ وریایی و ئاگایی درکپێکردن و تێگەیشتنی دیاردەو ڕوداوەکان ڕونادات، کە وەك فلتەرێك ڕوداوە هەستپێکراوەکان دەپاڵێوێت و گرنگ و پێویستەکان خەزندەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کەریم شەریف قەرەچەتانی ( ٢٠٠٦: ١٧٣-١٨٣)

[١٠٠] ناهیدە ڕەحمان خەلیل، (٢٠١٣:٦٣)

بریتین لە: ڕێگای گشتی وبەش، گوێگرتن، فێربوون لەسەر ماوەی دابەشکەر، ئاستی تەمەن، ئاستی هۆشی، ڕەگەز، هۆکاری پاڵنەری و هەڵچون[١٠١].

## ٤-٣/١) درکپێکردنی کۆزانیاری

ڕێکخستنی درکپێکردنی کۆزانیاری[١٠٢] هەنگاوێکی گرنگە لە هەر مرۆڤێك کە ئەنجامیدەدات، بۆ وەرگرتنی زانیاری و خەزنکردن و کارپێکردن، ڕێکخستن و پاراستن بە ڕێگایی جیاوازو بەدەستهێنانی پرۆسەی ڕێنمایی جیاواز بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ کاتیگۆری جیاواز بۆ دیاریکردنی پێداویستییەکان دەکەین، کە چ بوارێك لە درکپێکردنی مرۆڤ گرنگن لە ڕوانگەی شێوازی ڕێنموییکردنەوە، پەیوەندی گرنگ لەنێوان کۆزانیاری بە تایبەت گۆرانکاری دیاریکراو بۆ فێربوون، کە بە کۆزانیاری سەرەتایی بایلۆجی دەناسرێت، کە ناسینی دەرکەوتن (دەموچاو)، ناسینی شێوازی ئاخاوتن، فێربوونی گوێگرتن، قسەکردنی زمانی یەکەم، بەکارهێنانی گرفتی گشتی - چارەسەری ستراتیژی، گونجاندنی بناغەی کۆمەڵایەتی، هەر یەك لەمانە نمونەی کۆزانیاری بایلۆجی سەرەتایین، هەر بۆیە مرۆڤ لە توانایدایە بە ئاسانی فێربێت لە ناسینەوەی ژمارەیەك خەڵك و ژمارەیەکی زۆر دەنگ، کە داواکراوە لەلایەن زمانی ڕەسەن، بە بێ خوێندن فێربێت و لە یادگەی درێژخایاندا خەزنیانبکات، کە تاکەکان لە درکپێکردنی لێهاتووییاندا جیاوازن لە یەکتر.

مرۆڤ گەنجینەیەکی فراوانی لە کۆزانیاری سەرەتایی هەیە، هەندێکجار ئەم شارەزاییە وەردەگرێت، گشتییەو بەدەستهێنانی ئاسانەو بەزۆری بەبێ ئاگایی و بێ ڕێنمایی دیارو بەبێ پرۆگرامێکی زانیاری ئاشکرا دوبارەدەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك ئۆرگانمان پێویست دەبێت، کە کارپێبکەین بۆئەوەی بتوانین گوێبگرین و قسەبکەین، بۆ نمونە لە کاتی قسەکردندا پێویستمان بە کارامەیی و بەکارهێنان و ڕێکخستنی لێوەکان، زمان، هەناسە، دەنگ هەیە، کەواتە کۆزانیاری سەرەتایی بایلۆجی یەکەیەکی خۆییە، لەگەڵ هەر لێهاتویەکی سەرەتایی کە گونجاوە دەتوانین پەرەپێبدەین.

کۆزانیاری دوەمی بایلۆجی پرۆسەی فێرکردنە، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی سیستەمی درکپێکردن بۆ فێربوونی ئاخاوتن جیاوازە لە بەکارهێنانی سیستەم بۆ فێربوونی نووسین، کۆزانیارییەکانی وەك خوێندنەوە، نووسین، داڕشتنی فێربوون، داڕشتنی ڕێنمایی، بایەخێکی گەورەی هەیە لە کۆزانیاری دوەمی بایلۆجیدا.

(Geary ٢٠٠٧-٢٠٠٨)[١٠٣] بناغەیەکی بۆ سایکۆلۆجی پەروەردەیی جیاکردەوە، کە کۆزانیاری بایلۆجی سەرەتایی شیاوە بۆ فێربوون بەڵام فێرناکرێت، چونکە لە ڕێگەی ئەزمون و تاقیکردنەوەوە تاك فێردەبێت و لەبەرئەوەی هەموو کات توانای درککردنی بە کۆزانیارییەکان دەبێت بەبێ بونی فێرکەر، کۆزانیاری دوەمی بایلۆجی شیاوە بۆ فێربوون و فێرکردن، بە ئاشکرا پێویستی بە فێرکەر هەیە لەناوکلتوردا، کۆزانیاری دوەمی بایلۆجی بۆ گەشەپێدان و بەدەستهێنانی زۆر بە کلتورەوە پابەندە، لە کاتێکدا کۆزانیاری دوەم لە ئەنجامی کۆزانیاری یەکەمەوە گەشەی کردوە.

---

[١٠١] طلعت منصور، انور شرقاوی، عادل عزالدین، فاروق ابو عوف (٢٠٠٣: ٢٢٢- ٢٢٤)

[١٠٢] بڕوانە، J. Sweller, P. Ayres, S. Kalyuge (٢٠١١:١-٨)

[١٠٣] J. Sweller, P. Ayres, S. Kalyuge (٢٠١١:٤)

به گشتی زانستی زمانی پەروەردەیی ئاوێتەبونی کۆزانیارییەکانە لە پـەروەردەدا، کۆبەنـدی ئـەم بەشـە بـە پـوختی بریتییە لەوەی، کە زمان کرۆك و چەقی پەروەردەییەو پێکەوە زمانی پەروەردەیی بەرهەمدەهێنن، پرۆسەی پەروەردە پەروەردەکردن و دروستکردنی کەسێتی و بنیاتنانی تـاك دەگرێتـەوە، دەکەوێتـە سـەر چـەندێتی و چـۆنایەتی ئـەو کۆزانیارییەی بەهۆی هێما زمانییەکانەوە دەگەیەنرێن. لەبەرئەوە گرنگە هەستیارانەو ئاگایانـە لـەو کۆزانیارییانـەی هێما زمانییەکان لەخۆیاندەگرن وردبینەوەو زانسستیانە لەپرۆگرامی خوێندندا بەکاریانبهێنین.

لە زانستی زمانی پەروەردەییدا بابەتە کرۆکی و هەستیارەکانی، وەك زانستی زمانی کۆمەلآیەتی، زانـستی زمـانی دەرونی میتۆدۆلۆژی، لێکۆلینەوە، دروستەی زمان، وەرگرتنی زمانی دووەم، جۆراوجـۆرێتی زمـان لـە پـەروەردەدا، ئاخاوتنی پۆل و کارلێکەکانی، پلانی زمانی و پلاندانانی زمان،..... ئەم کۆزانیارییە بەرهەمدەهێنن.

# بەشی دووەم

# بنەماکانی زمانی پەروەردەیی

## بەشی دووەم: بنەماکانی* زمانی پەروەردەیی

زانستی زمانی پەروەردەیی ئەرکی دیاریکردن و پەسنکردنی پرۆسەکانی فێربوون و فێرکردنی زمانە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە رۆڵی زمان لە پرۆسەکانی فێربوون و فێرکردندا دەستنیشاندەکات و چۆنیەتی و بنەماو بنەڕەتەکانی پەسندەکات و دەخاتەڕوو، زانستی زمانی پەروەردەیی بەگشتی لە زانستی زمانی کارەکییەوە سەرچاوەیگرتووە، بە واتایەکی تر بنەماو پرس و ڕەهەندەکانی زانستی زمانی پەروەردەیی هەمان بنەماو پرسی زانستی زمان کارەکی و لەوێشەوە زانستی زمانی گشتییە، واتا زانستی زمانی پەروەردەیی تێکردەکانی ئەو دەرکردانەن، کە بەرهەمی زانستی زمانی کارەکی و زانستی زمانی گشتیین. (( بواری زانستی زمانی پەروەردەیی پەیوەستکراوە بە بنەماو پرسی زانستی زمانی کارەکییەوە، ئەمەش جگە لەوەی زانستی زمانی پەروەردەیی لقێکی زانستی زمانی کارەکیە، هەموو ئەو پرسانەش لەخۆدەگرێت، کە بنەمان لە زانستی زمانی کارەکیداو بەرجەستەو بەکارهێنەری ئەو بەرهەمانەیە، کە لە زانستی زمانی کارەکی و زانستی زمانی گشتییەوە دەکەونەوە.)) [١٠٤]. لەمەشەوە زانستی زمانی پەروەردەیی لێکۆڵینەوەی پێڕەوبەندانە لە دروستەکانی زمان، وەرگرتنی زمانی دایك و زمانی دووەم ..... تاد، ڕۆڵی زمان لە پەیوەندیگرتنداو شوێنی و پێگەی زمان، وەك بەرهەمهێنەری کلتورو گروپە کۆمەلاَیەتییەکان، لەگەڵ پشکنین و پەسنکردنی چۆنیەتی کارلێککردنی ژینگەی کۆمەلاَیەتی و کلتوری لەسەر زمان و تاقیکردنەوەی دروستەکانی زمان و ڕۆڵیان لە پرۆسەی پەیوەندیگرتنداو ...تاد دەکات. خودی ئەمانە لەناواخنیاندا نەخشاندنی پەیکەرێکی پڕاوپڕو تەواوکارانەی کۆزانیارییە لە پێداگۆکی زمانی پەروەردەییدا. (١٩٨٣Stern) [١٠٥]پێنج بنەمای پێداگۆکی زمانی پەروەردەیی ناساندووە، بریتین لە: چەمکە بنەماییەکان - فێرکردنی زمان، بنەمای زانستی زمان، بنەمای کۆمەلاَیەتی، بنەمای دەرونی، بنەمای پەروەردەیی.

## ١/٢) بنەمای دەماریی- زمانیی

زانستی زمانی دەماری لە پەیوەستکردنی هەرسێ زانستی[١٠٦]: ١- پرۆگرامسازی ( ئاماژە بە ڕێکخستنی بیرو ڕەفتار دەکات) ٢- زانستی زمان ( توانای سروشتی لە بەکارهێنانی زمانی دەربڕدراو (ئاخاوتن) و زمانی نازارەکی(جەستە)) ٣- کۆئەندامی دەماری ( کە دەست بەسەر ئەرك و چالاکییەکاندا دەگرێت) پێکهاتووە، زمان کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە، بوەتە هۆی ڕاپەڕاندنی بەشێکی زۆری کارەکانی ژیان، بەم هۆیەشەوە زمان وەك بەشێکی گرنگی مرۆڤ سەیردەکرێت و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت، نەك تەنها لەڕوی پێناسەو سەرهەڵدان و جۆرەکانی و ....، بەڵکو هەوڵدراوە بزانرێت چی وایکردوە زمان دەربڕدرێت؟ کام ئەندامانە بەشداری لە

---

* بنەما: یاساو ڕێسایە، بنەڕەت و بناغەی سەرەکییە، یاخود ڕێگەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی کردەیەکە، یان بنەما ئەو ڕێگایە، کە بنیاتی پێڕەوێکی پێدەنرێت. بنەما هەنگاوەکانی پرۆسەیەکە بۆ کۆکردنەوەو لێکدانەوەی زانیاری بۆ گەیشتن بە زانست و لێهاتویی و ڕەفتارو ئاکارو بەکارهێنان و جێبەجێکردنی لە بوارێکی دیاریکراودا، بۆنمونە لە بواری پەروەردەدا بنەماکان ئەو یاساو ڕێساو بنەڕەتانەن، کە بۆ بەدەستهێنانی پێکهاتەو دەستنیشانکردن و دامەزراندن و بنیاتنانی پەروەردەیی گرنگ وکاریگەرن.Dictionary. Reference. com

[١٠٤] A.M.Saleh ( ٢٠١٢: ٢١٤)

[١٠٥] R.Ellis ( ٢٠٠٨:٤)

[١٠٦] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٤: ٨٩)

دەربڕیندا دەکەن؟ زمان لە چ بەشێکی مێشکدایە؟ هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤ لە پڕۆسەی زمانپێزاندندا دوابکەوێت، چییە؟ گرفتە سەرەکییەکانی وەرگرتنی زمان چییە؟ چۆن مێشک کاردەکات؟ چۆن هەوڵدەدات زانیارییە قسەیی و ناقسەییەکان دەربخات و لێکیانبداتەوە؟ ئەمانەو چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تر لە بواری زماندا لە ڕێگای زانستی دەمارییەوە کراون، بەمەش لێرەوە زانستی زمانی دەماری سەریهەڵدا.

زانستی زمانی دەماری مەبەستێتی شێوازی بیرکردنەوەو پەیوەندییەکان دیاریبکات و لە ڕەفتارو کردارەکانی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، کە (( لەلایەك ئامرازو کەرەستەو تەکنیکی ناسینی جیهانی ناوەوەی مرۆڤ و چۆنیەتی بیرکردنەوەو دۆزینەوەی ڕەفتارو تواناو لێهاتوییە شاراوەکانی گۆڕانە ڕەفتاری و هەستییەکان ... پێدەبەخشێت، لەلایەکی ترەوە کەرەستەو ئامرازی چۆنیەتی هێنانەکایەی گۆڕانی ئەرێیانە، لە هەڵوێست و بیرکردنەوەو ڕەفتاری مرۆڤانەمان بۆ فەراهەمدێنێت))[١٠٧].

## ١-١/٢) وێناکردنی مێشك و تەکنیکەکانی

لێرەدا جەختدەخرێتە سەر ئەوەی، کە ئایا زمان لە چ بەشێکی مێشکدایەو چ ناوچەیەکی مێشك بەرپرسە لە پڕۆسەی زمانوەرگرتندا؟ لێهاتووییەکانی مرۆڤ لە چ ناوچەیەکی مێشکدان؟ چۆن چالاکبکرێن و بەگەڕبخرێن؟ لێکەوتەکانی چین؟...، بۆئەوەی لە ڕونکردنەوەی پڕۆگرامی خوێندندا سودی لێوەربگیرێت، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەش پشت بە زانستی دەماری دەبەستین، بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەم بارەیەوە کراون، (مێشك لە دوو نیوەگۆ پێکدێت، زمان دەکەوێتە نیوەگۆی چەپی مێشك، تایبەتمەندی بنەماکانی زمان لە دوو بەشی سەرەکی مێشکدان، (Pol Broka) لە ساڵی ١٨٦٥ بۆیدەرکەوتووە، کە بەشی پێشەوەی لای چەپی نەرمەگوێ لێپرساوە لە قسەکردن و بەرهەمهێنانی زمان و ڕۆنانی وشەو ڕستە، کە بە ناوچەی برۆکا ناسراوە، هەر نەخۆشییەك یان زیانگەیاندنێك لەم ناوچەیەدا ڕوبدات، دەبێتە هۆی کەموکورتی لە قسەکردنداو کاریگەری لەسەر قسەکردن دروستدەکات، لە ساڵی ١٨٧٣ (Wernicke) لێکۆڵینەوەی لە شوێنی زیانگەیاندنی مێشك و نەخۆشی مێشك کردو ئەوەی دەرخست، کە بەشی دواوەی نیوەگۆی چەپی مێشك شوێنی تێگەیشتنی زمانە، کە دەکەوێتە پشت نەرمەگوێوە، ئەم ناوچەیەش بە ناوچەی وێرنیکا ناسرا[١٠٨])، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە زمان پڕۆسەیەکە لەناو مێشکدا.

(( وشە لە بەشی وێرنیکا دەبیسترێت، پاشان درکپێدەکرێت، بەهۆی کۆمەڵێك دەمارە ڕیشاڵی تایبەتەوە، لەوێوە لە شێوەی شەپۆلێکی دەنگی (فیزیکی) دەردەبڕدرێت.[١٠٩] ))، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پڕۆسەی تێگەیشتن پێش پڕۆسەی قسەکردن دەبێت، بۆیە دەبینرێت کە منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنیدا دوای لەدایك بوون، لە قسەکان/شتەکان تێدەگات، بەڵام ناتوانێت بە قسە دەریببڕێت، بۆنموونە کاتێك منداڵ بە ناوی خۆیەوە بانگیدەکەیت ئاوڕدەداتەوەو سەیردەکات، واتا جوڵەکەی بەو ئاراستەیە دەبات، کە دەنگەکەی لێوە هاتووە، لەلایەکی ترەوە زانایان ئەوەیانخستۆتەڕوو، کە بەشەکانی ( ڕاست و چەپی) مێشك هەریەکەیان کۆمەڵێك ئەرکیان هەیە. (ئورنشتاین

---

[١٠٧] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٤: ٩٠)

[١٠٨] بڕوانە (٢٨-٢٠٠٨:٢٧) B. Spolsky and F. M. Hult بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ١- شیلان عومەر حسەین (٢٠١٤)،٢- ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣)

[١٠٩] بڕوانە ناهیدە ڕەحمان خەلیل، (٢٠١٣: ١٣)

تاقیكردنەوەی لەسەر كۆمەڵێك قوتابی كرد، بۆیدەركەوت، كە بەشی چەپی مێشك هەڵدەستێت بەم چالاكییانە( لۆجیك، خشتە، هێڵەكان، وشەكان، ژمارەكان، بەدوای یەكداهاتن، نووسین، خوێندنەوە، بیركاری، شیتەڵكردن و چالاكی تری هاوشێوە)، بەلاّم بەشی ڕاست هەڵدەستێت بەم چالاكییانە( هاوئاهەنگی، ڕەنگەكان، خەیاڵ، مەوداكان، درككردنی ڕووپێوەكان، وێنە، هونەرو نەخشەسازی، دوریی، مۆسیقاو چالاكی تری هاوشێوە.)[١١٠]، بەمپێیە ( لای ڕاستی مێشك سەرپەرشتی بەشی لای چەپ دەكات و ئەركی بەستراوە بە هەستەكان و هەڵچون و داهێنان و بەكارهێنانی ئەندێشە، كە بە نیوەی هەستی ناودەبرێت، بەلاّم لای چەپ بە نیوەی شیكاری و هۆشی ناودەبرێت، بڕوانە هێڵكاری ( ١٧) لەبەرئەوەی لای چەپی مێشك كاریگەری لەسەر پرۆسەی چارەسەری بینین و شوێن هەیەو كۆنترۆڵكردنی ناوەندی وشەو هەندێك لایەنی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانەو شیكردنەوەو سەنتەری دەماری، كە كۆنترۆڵی چالاكی دەنگە ژێكان و زمان و لێوەكان دەكات[١١١].).




هێڵكاری ( ١٧) هێڵكاری شێوازی كاری مێشك[١١٢]

بەپێی ئەو لێكۆڵینەوانەی كە لەسەر دەمارەكانی مێشك كراون، دەركەوتووە كاتێك مێشك داواكاری دەبێت، چالاكی مێشك زیاددەكات، ئەمەش لە ڕێی زیادبونی چالاكی دەماری، كە دەبێتە هۆی زیادبونی داواكاری خوێن بۆ پێداویستی شەكرو ئۆكسجین لەناوچەكەدا، لەم ناوچەدا ڕۆیشتنی خوێن دەپێورێت، ئەم پێوانەیە لە پرۆسەی دەماریدا ناڕاستەوخۆیە، كاتێك خوێن لە چەند چركەیەكدا زۆر دەڕوات، دەردەكەوێت كە چالاكی دەماری دەستپێكردوە، ئەم

[١١٠] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ١- جەیمز ئالێن، ڕۆبن شارما، تۆنی بوزان، باربارا دانجلیس، و. نەوزاد محەمەد ئەمین، بەختیار ئەحمەد صالح، ئەحمەد نوری، اكرم هادی، عەلی ئەكبەر مەجید ( ٢٠١١: ٨٩)، ٢- شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٥: ٤) ٣- عەبدولواحید موشیردزەیی (٢٠١٤: ٥٤-٥٥)

[١١١] حاتم جاسم عزیز، مریم خالد مهدی ( ٢٠١٥: ١٠٥-١٠٦)

[١١٢] شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٥: ٥)

تەکنیکە بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێك بەکاردێت، کە لەکوێ شێوەی تایبەتی پرۆسەی زمان دەکرێت، بەمپێیە دەکرێت لە ڕێی چالاکی دەمارییەوە لێکۆڵینەوە لە جیاوازی قوتابیی زمانی یەکەم و دووەم ( زمانی دایك و بیانی)، وەرگرتنی جیاواز، چەندێتی جیاواز، ڕۆڵی تەمەن، لێهاتویی، لادانی ڕێزمانی،....تاد دا بکرێت[١١٣] .

لەم دواییەدا توانرا لایەنێکی تر بدۆزرێتەوە، ئەویش پەیوەندی نێوان مێشکی سەرو مێشکی خوارەوە*، کە مێشکی سەرو سەروکاری لەگەڵ تاوتوێکردنی چالاکییە زەینییەکاندایە، کاتێك باس لە مێشکی بەشی لای چەپ و لای ڕاست دەکەین، مەبەستمان لای چەپ و ڕاستی مێشکی سەروە، بەلاّم مێشکی خوارو زۆرجار بە ( ناخودئاگا، مێشکی کۆن، مێشکی خۆڕسکی) ناودەبرێت، ئەم مێشکە زیاتر سەروکاری لەگەڵ چالاکییە ڕۆژانەییەکاندایە، کە زۆرجار ئاگاییمان درکیپێناکات، وەك چاودێریکردنی پلەی گەرمای جەستە، فشاری خوێن، پرۆسەی هەرسکردن، کارلێکە کیمیاییەکانی دیکە....، بەرپرسیارە لە هەست و سۆزەکان، مێشکی سەرو دەتوانێت مێشکی خوارو پرۆگرام بکات و کار لەسەر تەندروستی جەستەو توانای مێشك و بەهێزی بکات[١١٤]** .

هەندێك تایبەتمەندی بەکارهێنانی لای چەپی مێشك[١١٥] :

١- ڕونکردنەوەی زارەکییان کاراترە. ٢- زمان بە چڕی بەکاردەهێنرێت. ٣- کارکردنی بەدواییەکداهاتن و ڕیزبەندی کۆزانیاری. ٤- لەو کارانەدا، کە پێویستییان بە بیرکردنەوەی هەستیاری هەیە، کاران. ٥- جەخت لەسەر یەك کاردەکەنەوە. ٦-پێیانباشە بەڕونی هەڵسوکەوت لەگەڵ کارەکانیاندا بکەن. ٧- حەز لەو کارانە دەکەن کە چالاکییان هەیەو پێویستی بە ڕونکردنەوەو بەدواداگەڕانە. ٨- بە لۆجیکی بیرەکان بەرهەمدەهێنن. ٩- پێیانباشە کە کارەکانیان ڕێکخراوو پلەبەند بێت. ١٠-ڕوبەڕوبونەوەی گرفتەکان بە شێلگیرانە دەبنەوە.

تایبەتمەندیی بەکارهێنانی لای ڕاستی مێشك بریتیین لە:

١- ڕونکردنەوەی کرداری و بینینیان کاراترە. ٢- بەکارهێنانی هێڵکاری هۆشەکی. ٣- چارەسەرکردنی پرسەکان بەشێوەیەکی گشتی. ٤- بەرهەمهێنانی بیر بە پێشبینیکردن. ٥- ئەو کردارانەی کە پێویستییان بە تەنها بیر هەیە، کاراترە. ٦- لەیەك کاتدا کار لەسەر زیاتر لە کردارێك دەکەن. ٧- چالاکی نوسین و ڕێکخستنیان کاراترە. ٨- لێهاتون لە قسەکردندا. ٩- شارەزایی سەربەخۆیان پێباشە بە بێ دیاریکردن. ١٠- حەزیان لە بیری گشتییە. ١١- بە شێلگیرانە ڕوبەڕوی گیروگرفتەکان نابنەوە.

---

١١٣ بڕوانە (٢٠٠٨: ٢٩) B. Spolsky and F. M. Hult,

* بەگشتی مێشك لە چوار لۆپ/پل پێکهاتووە، کە بریتیین لە:

١- پلی پشتە سەر Occipitul lobe ٢- پلی سەرەوە parietal lobe ٣- پلی لاجانگ temporal lobe ٤- پلی ناوچەوان frontal lobe

١١٤ جەیمز ئالێن، ڕۆبن شارما، تۆنی بوزان، باربارا دانجلیس، و. نەوزاد محەمەد ئەمین، بەختیار ئەحمەد صالح، ئەحمەد نوری، اکرم هادی، عەلی ئەکبەر مەجید ( ٢٠١١: ٩٤)

** لە ئێستەدا لێکۆڵینەوەی زۆر ورد لە ئاستی وێنەی دەماری بۆ وەرگرتنی زانیاری کراوە، کە چۆن وەرگرتنی فۆنۆلۆجی ڕوودەدات، بەلاّم بەهۆی ئەوەی بابەتی باسەکەمان نییە، نەچوینەتە ناو ڕونکردنەوەی وردی زمانپژانەوە.

١١٥ حاتم جاسم عزیز، مریم خالد مهدی ( ٢٠١٥: ١٠٦-١٠٧)

ئەو کەسانەی نیوەی ڕاست کاراترن/بەکاردەهێنن، دوو جۆر بیرکردنەوەیان بەسەردا زاڵە، ئەوانیش[116]: ١- بیرکردنەوەی داهێنەرانە (کە بیرکردنەوەکانیان ستراتیژین، خاوەن بۆچونن، دۆزەرەوەن، تێڕوانینی گشتییان هەیە، بۆچونیان جۆراوجۆرە، تاقیکردنەوەیین،...تاد )، ٢- بیرکردنەوەی سۆزداری ( بە ئاسانی دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر بگرن، چاودێریکەرن، خاوەن هەست و سۆزن، گرنگی بە مرۆڤ دەدەن، واتای مرۆڤایەتی دەزانن)، بەلاّم ئەوانەی لای چەپی مێشك بەکاردەهێنن دوو جۆر بیرکردنەوەیان بەسەردا زاڵە، کە بریتیین لە: ١- بیرکردنەوەی شیکەرەوە ( خاوەن زانیاریین، گرنگی بە ژمارە دەدەن، جەختکەرەوەن، سودوەرگرن، هەڵسەنگێنەرن،...)، ٢- بیرکردنەوەی ڕاپەڕاندن ( پلاندانەرن، کاریگەرن، هەنگاونەرن، درێژەپێدەرن، ڕاستکەرەوەن، ڕێکخەرن، سیستماتیکن، لە کارگێڕی کات سەرکەوتون، ئاسایش بەخشن،..).

لێکۆڵینەوە نوێیەکان جەخت لە بەکارهێنانی هەردوو لای مێشك دەکەن پێکەوە لە پرۆسەی فێربووندا، ئەویش بەوەی کە زیاتر لە چالاکییەك فێری منداڵ بکرێت، بە تایبەت لەسەرەتای قۆناغی سەرەتاییدا، بۆنموونە لەگەڵ خوێندن و نوسیندا وانەی مۆسیقاو وەرزش و وێنە.... فێربکرێت، ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر برەودان بە ژیری و بەرهەمی داهێنەرانە، بەمەش کار بە هەردوو لای مێشکی منداڵ دەکرێت و چالاکدەکرێت، تواناو لێهاتوویی منداڵ لەو ئاستەی کە توانای تێدا هەیە دەردەکەوێت و لەڕێیەوە پەرە بە تواناکەی دەدرێت.

## ٢-١/٢) زانستی زمانی دەماری و فێربوونی زمانی یەکەم

پرۆسەی فێربوون و فێرکردن پەیوەندی تەواوی بە مێشکەوە هەیە، خوای گەورە زمان و مێشکی بە مرۆڤ بەخشیوە، کە هۆکارێکن بۆ بیرکردنەوەو تێگەیشتن و ڕەفتارو وەرگرتنی کۆزانیارییەکان و داهێنان و پەیوەندیکردن ....تاد، بەمەش ڕوخسارو جوڵەی لەش ئاوێنەی بیرکردنەوە دەبێت.

پرۆسەی زمانپژانی منداڵ پاش لەدایك بوون تا تەمەنی (٥)ساڵی دەخایەنێت، منداڵ لە ساڵی یەکەمیدا دەست بە وەرگرتنی کۆزانیاری فەرهەنگی و جیاکردنەوەی فۆنۆلۆجی وشەکان دەکات، وشەکانی منداڵ سەرەتا پچڕپچڕو دوبارەن و وشەکان دابەشدەکەن، باوان و کۆمەڵ لە ڕێگەی دوبارەکردنەوەی وشەکان کار بۆ فێربوونی منداڵ دەکەن، بۆئەوەی دەنگەکان بناسنەوەو وشەکان وەربگرن، ( جیاکردنەوەی فۆنۆلۆجی وشەکان لە تەمەنی ١٤ مانگیدا دەردەکەوێت، بەلاّم بەرهەمهێنان و درککردنی دروستەی سینتاکسی دوادەکەوێت، ( لەسەرەتادا منداڵ زیاتر دەربڕینەکانی لە شێوەی ڕستەی باسمەندا* دەردەکەوێت، کە ئەو وشانەی مەبەستییەتی و لای گرنگە دەیکات بە تۆپیکی ڕستەکەی، بۆیە دەبینین منداڵ لە تەمەنی ٢,٥ بۆ ٣,٥ زیاتر ڕستەی باسمەند بەکاردەهێنێت.)، منداڵ دوای وەرگرتنی دەنگ و دەربڕینی وشەکان و دەربڕینی سینتاکسی پەرەدەسێنێت، ( چونکە پەرەسەندی سیمانتیکی و سینتاکس کاتی زیاتری لە ئەرکی فۆنۆلۆجی دەوێت)، بەمپێیە پەرەسەندنی مێشك لەدوای لەدایك بونەوە دەستپێدەکات[117]، لایەنی گرنگ لە پرۆسەی چالاکی دەماری مێشکدا پەیوەندی پەرەسەندی مێشك و زمانوەرگرتنەوە هەیە. پرۆسەی زمانپژانی منداڵیش تا تەمەنی (٥) ساڵی بە ئاکام دەگات، لەبەرئەوە زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ

---

[116] عبدولواحید موشیردزەیی (٢٠١٤: ٥٥-٥٦)

* بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕستەی باسمەند بڕوانە کاروان عومەر قادر( ٢٠٠٨)

[117] بڕوانە B. Spolsky and F. M. Hult (٢٠٠٨: ٣١-٣٢)

منداڵدا بکەین تا فێری زمانێکی پاراو و دروست بن، گیروگرفتی بۆ نەهێنینە پێش*. دیاریکردنی ئاستی توانست و توانای ژیری منداڵ لەم قۆناغەدا، لە وەرگرتنی گەنجی وشەو ڕستەو توانای درککردنی زمان، کە ئەمە خۆی بەشێکە لە پڕۆسەی وەرگرتنی زمان، ئەو دەروازانەن کە ڕێگەخۆشکەرن لە چۆنیەتی دانانی پڕۆگرامی خوێندندا.

## ٣-١/٢) فێربوونی زمانی دووەم

بەپێی ئەو لێکدانەوانە دەردەکەوێت، کە هەردو پڕۆسەی زمانوەرگرتنی زمانی دایك و زمانی دووەم هاوشێوەن لە فێربووندا، لە فێربوونی زمانی دووەمدا بە هەمان شێوەی زمانی دایك فێربوونی فۆنۆلۆجی پێشدەکەوێت، دواتر کۆزانینی فەرهەنگی و پەرەسەندنی سیمانتیکی و بەرهەمهێنانی سینتاکسی دێن**. لەهەردوکیاندا پڕۆسەی وەرگرتنی فۆنۆلۆجی پێشدەکەوێت و دروستەی سینتاکسی دوادەکەوێت، پێویستی بە کاتی زیاتر دەبێت بۆ فێربوون.
زمانەوانی دەماری ئاماژە بۆ کارکردنی دەمارەکانی مێشك دەکات لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە بۆ درککردن و هەستکردن بەو کۆزانیارییانەی کە فێردەکرێت، ئەمەش بە کارکردن و جوڵانی هەستەوەرەکانی مرۆڤەوە بەندە، لە ڕێگەی سەرنجدان بە بابەتەکەو دیاریکردنی تێبینی و فێربوون وەرگرتنی زانیارییەکان و ڕونکردنەوەو شیکردنەوەو پاشان ڕاهێنان لەسەر پیادەکردن و جێبەجێکردنی زانیارییەکان، بۆنموونە کاتێك قوتابی فێری پیتەکانی زمان دەکرێت، هەوڵدەدرێت سەرەتا سەرنجی قوتابی بۆ پیتەکە لە ڕێگەی پیشاندانی وێنەو نوسینی پیتەکە ڕابکێشرێت، پاشان قوتابی بەشێوەی نوسینی پیتەکە ئاشنادەکرێت، بەمەش قوتابی تێبینی ڕێنوسی پیتەکەو بەکارهێنانی لە وشەدا وەردەگرێت و لەم ڕێگەیەوە زانیاری لەسەر دەنگ و خوێندنەوەو نوسین دەستدەکەوێت، لە ڕێگەی ڕاهێنان و بەردەوامبون لە نوسین و هەوڵدان، کۆزانیارییەکانی فێربوونی پیتەکە خەزندەکات. بەم پێیە قوتابی زیاتر جەخت لەسەر بابەتەکە دەکات و کاریگەری زیاتردەبێت، ئەم ڕێگایە لە زمانەوانی دەماریدا وەك (( (پەیوەستە) دیاریدەکرێت، واتا بە دوبارەکردنەوەی پەیوەستە دروستەکان دەتوانین ئەزمونە ڕاستیەکان بۆ یادگە بگێرینەوە.[١١٨] ))، بۆنموونە لەگەڵ دەرکەوتنی وشەیەکی تر، کە ئەو پیتەی تیادابێت، کە پێشتر وەریگرتوە، کە دەمارە هەستەکان دەکەونە کارو زانیارییەکان دەگێڕێتەوەو پەیوەستی دەکات بە زانیارییەکانی ئێستای، بەمەش قوتابی ڕاستەوخۆ زانیارییەکانی ئەو پیتەی بە بیردادێتەوە، بەکاریدەهێنێت.(( ئەوانەی کاتێك گەنجن زمانی تر وەردەگرن، چالاکی هاوشێوەیان لە بەشی ناوچەی برۆکا(Broca) دەردەکەوێت، زمانەکە لە بەشی جیاوازی ڕوبەری برۆکا چەق دەگرێت، بەمەش دەچێتە یادگەی درێژخایانەوەو ئاسانتر دێتەوە یاد.[١١٩] ))
گرنگی زانستی زمانی دەماری لەوەدایە کە زانیاری دەربارەی ئەرکەکانی مێشك دەستدەکەوێت و ڕێنیشاندەر دەبێت، بۆ بناغەدانانی پڕۆگرام بەشێوەیەك ، کە بتوانێت بۆ هەموو قوتابییەك گونجاوبێت وتوانست و تواناکانی پەرەپێبدات، هۆکارێکە بۆ زانینی چۆنیەتی وانەوتنەوەو پەرەدان بە بەهرەکانی قوتابی، بۆنموونە یەکێك لەلایەنی دانانی پڕۆگرام

* بڕوانە پارەکانی داهاتوو.

** لەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون دەرکەوتووە، کە قوتابی بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بۆ ماوەی ١٤ کاژێر لە زانیاری توانیویەتی وشەو ناوشەکان لە یەکتر جیابکاتەوە، بۆ ماوەی ٦٣ کاژێر لە زانیاری توانیویەتی پەیوەندی سیمانتیکی بەدەستبهێنێت و وەریبگرێت، بە بێ ئەوەی تەمەن دیاریبکرێت لەم لێکۆڵینەوەدا. بڕوانە B. Spolsky and F. M. Hult (٢٠٠٨:٣٤)

[١١٨] ابراهیم فەقێ، و. گەرمیان محەمەد (٢٠١٣: ٦٩)

[١١٩] www.wikipeda.org

ڕیزبەندی و ڕێکخستنە لە دانانی پیتەکانی زمان بۆ قۆناغی یەکەم و ڕیزبەندی بابەتەکانی پرۆگرامەکە بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن، چونکە یەکێك لە ئەرکەکانی کە لە هەردوو لای مێشکی مرۆڤدا هاوبەشن، ئەوەیە کە ڕێکخستن و ڕیزبەندییان پێباشە، بەمەش قوتابییان لەسەرەتای ژیانیانەوە ئارەزوی ڕیزبەندی دەکەن، بە پەیڕەوکردنی لە پرۆگرامدا ئەم ڕێکخستنە لای منداڵ گەشەپێدەدرێت، دەبێت پرۆگرام بەشێوەیەك بێت کە هەردوولای مێشك کاراو چالاکبکات.

## ٢/٢) بنەمای کۆمەڵایەتی – زمانیی

کۆمەڵ وا ناسێنراوە، کە چوارچێوەیەکی گشتییە، تیایدا ئەو پەیوەندییانەی، کە لەنێوان گردبونەوەو پەیوەندیگرتنی تاکەکانیدا، کە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێن دەستنیشاندەکات، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوانیاندا دروستدەبێت و ئاڕاستەی کارلێککردنی دەستەیەك لە بەهاو یاساو پێڕەو و ڕەفتار دەکات، لەم ناساندنەوە دەردەکەوێت، کە کۆمەڵ یان هەر کۆمەڵێك دەبێت ژمارەیەك لە پێڕەوی پەروەردەیی، ڕامیاری، ئابوری، کۆمەڵایەتی، یاسایی و کلتوری هەبێت، زمانیش کە پێڕەوێکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە هەڵگرو دەربڕی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵەو هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی هاتۆتە ئاراوە.
زانستی زمانی کۆمەڵایەتی زانستێکی کارەکییە، گرنگی بە کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانە زمانییەکان دەدات، لە ڕێگەی ئاخاوتن یان نووسینەوە بێت، هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زمان لە بارودۆخە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وکێشە پەروەردەییەکان لە پرۆسە پەروەردەییەکاندا بکات، زانستەکە گرنگی بە بنەما کۆمەڵایەتیەکانی ڕەفتاری زمانیی دەدات، نەك شیکردنەوەی زمانەوانی، باس لەو گۆڕانانە دەکات کە بەسەر زماندا دێن، پێیوایە گۆڕانەکانی زمان لە ئەنجامی گۆڕینی کۆمەڵ و بیرو پەیوەندییەکان ڕوودەدەن و لە دەربڕیندا ڕەنگدەدەنەوە، لێرەشەوە دەتوانین لە بنەماو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵینەوە.
زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی زمان بە کۆمەڵەوە دەکات، بەوەی ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات و لەلایەکی تریشەوە لە کاریگەری ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە لەسەردیاردە زمانەوانییە جیاوازەکان دەخاتەڕوو[١٢٠]. سۆسێر دەڵێت: "زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتییە.[١٢١] "، بە واتا زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەی کۆمەڵ و بیرەکانی دیاریدەکات.
ئەرکی پەروەردە لەناو کۆمەڵدا، گرتنەخۆو گواستنەوەی دابونەریت و نواندنی کەلەپوری کلتوری کۆمەڵو پەرەسەندنی نمونەی نوێی کۆمەڵایەتی و چالاککردنی هێزی بنیاتنان و داهێنانە. یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە پەروەردەدا، گرنگی بە تێگەیشتنی قوتابی لە وەرگرتنی کۆزانیارییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەدات، (( کە بەهای کۆمەڵایەتی ئەو تایبەتمەندی و چۆنێتیانەن، کە لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا خوازراون، ئەمانیش کۆمەڵە هۆکارێکی کلتوری باو دەیانهێنێتەکایەوە.[١٢٢] )) و جیاوازییە زمانییەکانی قوتابی لە پۆل و خێزان

[١٢٠] محمد اسماعيل المشهداني ( ٢٠٠٥: ٣)
[١٢١] خلود ابراهيم الحموش ( ٢٠١٠: ٨٧)
[١٢٢] هەڤاڵ ئەبوبەکر ( ٢٠١٣: ١٤٠)

و کۆمەڵدا ڕەچاودەکات، کە بۆ پرۆسەی فێربوون و فێرکردن گرنگە،(( زانستی زمانی پەروەردەیی بە تەنها ناکەوێتە ناو پەروەردەی قوتابخانەکان، بەڵکو ئاڕاستەی کاری ڕووەو قوتابخانەو کۆمەڵو بزاڤی مرۆیی ( ناوخۆیی و دەرەکی) یشە))[١٢٣]. کەواتا لێکەوتەی زانستی زمانی پەروەردەیی لەسەر قوتابییان تێدەپەڕێت و خودی کۆمەڵیش بەگشتی دەگرێتەوەو خێزانیش کە بە بازنەی نێوانگری نێوان تاك و کۆمەڵ دیاریکراوە، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو لە پەروەردەکردنی تاکدا دەبینێت، چونکە ((خێزان یەکەم ژینگەی کۆمەلایەتییە، کە منداڵ پەیوەندی تێدا دەگرێت و تێکردە بیرییەکانی لێوەردەگرێت))[١٢٤] تاکیش بەشێکە لە خێزان، بەمەش منداڵ لەسەرەتاکانی تەمەنیدا زانیاری و شارەزایی لە خێزانەوە وەردەگرێت و لە هەڵسوکەوتیدا لاسایی خێزان دەکاتەوە، خێزانیش لە ڕێگەی ئەو کلتورە باوەی کە لەنێوکۆمەڵدا هەیە، بەهاو پێوەرە ڕەوشتییەکان ویاسا زمانیەکان وەردەگرێت و لە ڕێگەی زمانەوە دەیانگوازێتەوە، کە زمان ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کلتورو کۆمەڵە، کە تێگەیشتن و درککردنی شتەکان و ئەزمون و کۆزانیارییەکان لە ڕێگەی زمانەوە ئاڵگۆڕپێدەکرێت، هەروەك " بینجامین لی وۆرف دەڵێت: زمان جۆرێك مەنتق وچوارچێوەی گشتی ئاماژەپێکردن پێکدێنێ و بەمشێوەیە هەر زمانێك سیما بە هزری قسەپێکەرانی بەکارهێنەرانی خۆی دەبەخشێ، پاشان بانگەشەی ئەوەش دەکات، لە هەر شتێك، کلتورو زمانێك پێکەوە هەڵیان دابێ، گەلێ پەیوەندی گرنگ لەنێوان لایەنەگشتییەکانی ڕێزمان وتایبەتیەکانی ئەو کلتورەدا،بەگشتی، لەئارادا هەیە.[١٢٥]"، بەمەش لایەنەکانی زمان لە ئەنجامی تێگەیشتن و بیرو هزری تاکەکانی کۆمەڵ ودرککردنیان دروستدەبێت، (Halliday) دەڵێت: " پەیوەندی نێوان دروستەی کۆمەڵ و ڕەفتاری زمانی پەیوەندی هەمیشەییان هەیە.[١٢٦]"، لەم ڕوانگەیەشەوە وشەو واتاو کلتوری کۆمەڵکان جیاواز دەردەکەوێت و پەیوەستدەبێت بە تایبەتمەندی ژینگەی کۆمەڵەوە، بەمەش کلتور (( کۆمەڵێك کردارو باوەڕی لێکگرێدراوە، کە لە ڕێگای کۆمەڵەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوەو تانوپۆی ژیانی ئێمە پێکدەهێنێت.[١٢٧] )).

کلتور* بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵ، بۆیە کلتور پەیوەندی بە بنەماو ئامانج و بیروباوەڕی کۆمەڵەوە هەیە، کە سەرچاوەی ڕەفتارو هەڵسوکەوت و چالاکی تاکە. کەواتە (( کلتور کۆزانینە. ئەم زانینەش لەلایەن کۆمەڵەوە وەردەگیرێت، لەلایەکی تریشەوە توانای بیرکردنەوەو داهێنانی تاکەکانی کۆمەڵەو ڕێنمایی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ

---

[١٢٣] Nancy H. Hlornberg(٢٠٠٨)

[١٢٤] شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٥: ١٨)

[١٢٥] و.ڕەحیی سورخی (٢٠٠٦: ١٠٨)

[١٢٦] G.Wells (٢٠٠٤: ٣٧)

[١٢٧] شاخەوان جەلال فەرەج ( ٦٤: ٢٠١٣)

* کلتور دابەشدەبێت بۆ: ١- گشتی: بەشێکی کلتورە، کە بەشدارە لە دامەزراندنی کۆمەڵو زمان و کەلەپورو باوەڕو بەهاکان، واتا پێکهاتەی زمانی نەتەوەیی، بیروباوەڕ، شێوازی سلاوکردن، ڕەفتاری گشتی، ڕێگای بەرەنگاری گیروگرفت و ڕوداو دەگرێتەوە، کە کۆمەڵکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، کلتوری گشتی پێکهاتەی پەرەسەندنی کۆمەڵیە، کە تاك و کۆمەڵ هەوڵی پێگەیشتنی دەدەن، ٢- تایبەتێتی: ئەو پێکهاتانەیە، کە تاکەکانی بەپێی پیشەو ئەزمون و کاریان لە کۆمەڵدا لە یەکتر جیادەکرێنەوە، ئەویش دوو جۆرە، ا- تایبەتمەندی پیشەیی. ب- تایبەتمەندی ئاست. ٣- نوێباو/ جێگرتنەوە: شێوازێکی کلتورە، کە زانیاری و تایبەتمەندی نییەو ژمارەیەکی کەم لە کۆمەڵ بەشدارە، کۆمەڵیەکی دیاریکراو یان گروپێکی تایبەتی نییە. ئەو شتانەیە، کە لە کلتوری دیاریکراودا وەلامدانەوەی بۆ دەبێت، هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، نموونە ئەنتەرنێت، فاکس..... . بڕوانە سعاد محمد السید، (٢٠٠٩)، عبدالعزیز بن صلاح التمیمی ( ٣٤-٣٥)، غازی مفلح (٢٠١٣: ١٠-١١)

هەڵکردن لەگەڵ یەکتریدا دەکات.[128]))، بەمشێوەیەش کلتور چەمکێکی فراوان و گشتگیری هەیە، کە هەموو پێکهاتەکان دەگرێتەوە، هەمیشە دەگۆڕێت چونکە تاکەکان، گروپەکانی کۆمەڵ بەردەوام لە گۆڕاندان. دیاریکردن و فێربوون و فێرکردنی کلتور لە ڕێگەی زمانەوەیە، بۆیە (( زمان و کلتور جیاناکرێنەوەو بەبێ یەك پێناسە ناکرێن، ئەوەی بەشداری لە کلتوردا بکات دەبێت زمانی کلتوری فێرببێت و بە پێچەوانەشەوە[129].)).

یەکێك لەلایەنە گرنگەکانی فێربوونی کلتور لە خوێندنگادا، وەرگرتنی بەها کلتورییەکانە، بەها ئەو بیروباوەڕانەیە، کە لەناو کۆمەڵدا باوەو ناسنامەی کلتوری نەتەوە دەگەیەنێت و لایەنی باش و خراپ دیاریدەکات، ڕونکردنەوەو دیاریکردنی یاسا پەسەندو ناپەسەندەکانە، ڕەفتارو ئەو بیرۆکانەی کە گرنگ و بە بایەخن دەگرێتەخۆ، ئاڕاستەی ڕەفتاری تاکی پێدیاریدەکرێت، (( بەها پێوەرو بنەمایەکە بەکاردێت بۆ حوکمدان لەسەر شتەکان، کەسەکان و هەڵوێستەکان، بەوەی باش و ویستراوە، یاخود خراپ و نەویستراوە.[130] ))

بەها بۆ سێ بەش پۆلێندەکرێت[131]: ((١- ناوەڕۆك( وەك بەهای بنەڕەتی ژیان، جوانی، ئایینی، ڕەوشتی، ژیریی، کۆمەڵایەتی، خودیی) ٢- گشتاندن ( وەك بەهای جیهانی لە بەرانبەر بەهای ناوچەیی، بەهای گشتی لە بەرانبەر بەهای تایبەتی، بەهای خودیی) ٣- هێز ( بەهای کرۆکی بەرانبەر بەهای پەراوێز، بەهای ئامانجی ڕاستەقینە بەرانبەر بەهای تایبەتی، بەهای ڕاستی بەرانبەر بەهای خەیاڵی))، (( هەندێك لە پەروەردەکاران بەها دابەشدەکەن بۆ: ١- بەهای ڕەها ( کە دەقی ڕاشکاوی لەسەرەو گۆڕانی بەسەردا نایەت) ٢- بەهای ڕێژەیی ( بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت و شتی نوێی بۆ زیاددەکرێت)، لەگەڵ بەها باڵاکان، بەهای ژیاری، بەهای ڕەوشتی[132] )).

بەگشتی چەند جۆرێك بەها دیاریکراوە، وەك[133]: ١- بەهای کۆمەڵایەتی ٢- بەهای ئایینی ٣- بەهای ڕەوشتی ٤- بەهای مرۆڤایەتی ٥- بەهای ئابوری ٦- بەهای نیشتمانی ٧- بەهای تەندروستی ٨- بەهای جوانی ٩- بەهای خودی و کەسی ١٠- بەهای ویژدانی ١١- بەهای هزری و ئاوەزی ١٢- بەهای تەنزئامێزیی ١٣- بەهای زانستی و کۆزانیاری ١٤- بەهای ڕامیاری

لە پرۆسەی پەروەردەدا ئەم بەهایانە فێری قوتابی دەکرێت، بۆ برەودان بە کۆزانیارییەکانیان، کە ئەم بەهایانە هەندێکیان جیهانین و لەناو نەتەوەکانی جیهاندا بوونیان هەیەو بایەخی پێدەدرێت، بۆنموونە، بەهای ڕەوشتی، بەهای تەندروستی، بەهای جوانی، بەهای زانستی و کۆزانیاری، هزری و ئاوەزی، کە هەر یەك لەم بەهایانە لەناو کۆمەڵکانی جیهاندا هاوبەشن، هەندێك بەهای تر ناوچەیین و لەناو کۆمەڵێك نەتەوەدا بونی هەیە، ئەمەش وادەکات قوتابی لە ڕێگەی وەرگرتنی بەهاکانەوە بە بنەماو تایبەتمەندی بەها جیهانی و ناوچەیی و نەتەوەییەکان ئاشنا بێت و بیرو هزری فراوانبێت.

بەمەش کلتور بۆ کلتوری نەتەوەیی و ناوچەیی و جیهانی دابەشدەبێت، بە پێی ژینگەو ڕادەی بیرو لێکدانەوەو درککردنی بۆ دەوروبەر دەگۆڕێت، کە ناواخنی کلتور لە هەر کۆمەڵێکدا بریتی دەبێت لە کلتوری نەتەوەیی، زۆر لە

---

[128] شاخەوان جەلال فەرەج ( ٢٠١٣:٦٧)

[129] N. P. Terry& M. A. Lrving ( ١١١)

[130] ئیدریس سیوەیلی ( ٢٠١٤: ٣١)

[131] احمد عازم (٢٠٠٧: ٧١-٧٢)

[132] ئیدریس سیوەیلی، سیمینار

[133] بڕوانە محمد حمدان العبادی (١٩٩٦)، شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥: ٢١-٢٢)

کۆمەڵکان هاوبەش دەبن لە هەندێك بنەماو بنەڕەتی کلتوریدا، بەمەش کلتوری ناوچەیی دروستدەبێت( وەك جەژنی نەورۆز)، یان لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا چەند تایبەتمەندییەکی ڕەوشتی هاوبەش هەیە، کە وەك بەهاو کلتوری جیهانی دەناسرێت (بۆنموونە ڕاستگۆیی، ئازادی)، هەر وەك لە هێڵکاری (١٨)دا دەردەکەوێت.




هێڵکاری(١٨)

(Vygotsky) دوو بنەمای پەیوەستی بە پەرەپێدانی کلتوری لای منداڵ دیاریکردووە[١٣٤]:

١. ئاستی کۆمەلاّتی: منداڵ لەگەڵ دەوروبەریدا[*].

٢. ئاستی دەرونی: منداڵ لەگەڵ ناواخنیدا/خودی خۆیدا.

تاك لەڕێگەی خێزانەوە کلتوری نەتەوەیی فێردەبێت و لە قوتابخانەشدا لە قۆناغی سەرەتایی گەشە بە کۆزانیاریی کلتوریی نەتەوەیی دەدات و لە قۆناغەکانی تری خوێندنیشدا بە هاوبەشی پرۆگرامەکانی (کۆمەلاّیەتی و زانستی و ....) کۆزانیاریی کلتوری ناوچەیی و جیهانی وەردەگرێت، (( کلتور لە فەرهەنگدایە، لە ڕێگەی فەرهەنگەوە کلتور دەدەیت بە منداڵ، لە ڕوی پەروەردەییەوە بابەتەکان هەڵدەبژێریت، کە ئەو وشانەی تێدابێت کە پەیوەندی بە کلتورەوە هەیە، لە قۆناغی بنەڕەتیدا ئەو وشانەی کە پەیوەستن بە خودی منداڵ پاشان قوتابخانەو گەڕەك و شارەکەی...،بەشێوەیەکی سنوردار کلتوری جیهانی دەبینرێت، ئەوانەی کە جەستەیین وەك tv، ئامێرە

[١٣٤] موسی رشید حتاملة ( ١٤٢٧: ١٢٨)

[*] بەگشتی دوو جۆر دەوروبەر دیاریکراون، کە بۆ کلتور گرنگە:

١- دەوربەری دەرەکی: ئاماژە بە شوێن و ڕێکخستنە جیاجیاکان دەدات، کە کارلێك تیایاندا ڕوودەدەن و واتا کۆمەلاّیەتییەکان بەرجەستەدەکەن، بەواتا دەوروبەری دەرەکی دەربارەی واتای کۆمەلاّیەتییە بەشێوەیەکی بەرفراوان، بە واتا ئەو ڕێگەیەی کۆمەڵە کلتورێکی دیاریکراو چۆنێتی کارەکیکردن و پەیوەندیگرتنیان پێڕێکدەخەن.

٢- دەوروبەری ناوەکی: ئاماژە بە واتای کلتوری دەدات، کە خەڵکی خۆیان بەدەستیدێنن لە بەیەکگەیشتنیاندا، ئەمەش دەوروبەری ناوەکییە، کە بارودۆخی وا دەخولقێنێت، کە لە تێگەیشتن یان بە هەڵە تێگەیشتن لە خەڵکی تر بە جیاوازی کلتورەکانیشیانەوە.

٣- جۆرێکی تری دەوروبەر کە ( Ellis & Robert ١٩٨٧ ) دیاریکردوە، بریتییە لەو بارودۆخە خودییەی کە خۆت بۆ خۆتی دەخولقێنیت.
R.Micalpagie& H. Jorstad& L.Siaya& F.Klein (٢٠٠٣: ١٢)

ئەلکترۆنییەکان،....[١٣٥]))، بۆیە قۆناغی سەرەتایی بۆ تاك گرنگە تا ڕەفتاری شیاوو گونجاوی هەبێت لەناو کۆمەڵداو ڕێگایەك و یارمەتیدەرێکە بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی لێهاتویی و کۆزانیارییەکانی لە قۆناغی خوێندنیدا، چونکە قوتابخانە تەواوکەری پەروەردەی خێزانەو بنیاتنەرو پەرەپێدەرو دروستکەری کەسایەتی منداڵە، گەشە بە پەروەردەکردنی زیاتری قوتابی دەدات، بەمەش ڕەخساندنی ژینگەی لەبارو گونجاوو پرۆگرامی تایبەت بە پەروەردەی ڕەوشتی، یارمەتی بەرەوپێشچونی پەروەردەی تاك دەدەن.

دوو چەمك کە زۆر توند پەیوەستە بە پرۆسەکانی زانستی زمانەوە لە تیۆری (Vygotsky) دیاریکراون، کە بنەڕەتی بنەمای پێکهاتەی لایەنی کلتوری و کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی فێربووندا پێکدەهێنن, بریتین لە[١٣٦]:

١- نێوانگری Mediation

یەکێك لە فۆڕمەکانی نێوانگری ڕێککارییە Regulation منداڵ کاتێك زمان فێردەبێت، وشەکان تەنیا بابەتە دیاریکراوەکان جیاناکاتەوە، بەڵکو لە گەڵیشیدا سەرلەنوێ پەیبردنی بایلۆجی لە پەیردن و چەمکەکانی بە (کلتور)هەمواردەکاتەوەو پێکیدەهێنێتەوە، بەواتایەکی تر منداڵ دەتوانێت پەرە بە توانای ڕێکخستنی چالاکیەکانی تایبەت بە خۆی بەهۆی کەرەستە زمانیەکانەوە بدات*، ئەویش بە بەشداریکردنی لەچالاکیدا (ئاوەزو جەستە)، ((Vygotsky پێشنیازی ئەوەیکردووە، کە ئەرك و گۆکردنی ئاوەزی مرۆڤ لە کرۆکیدا پرۆسەیەکی نێوانگرییەو بە هۆی کلتور، چالاکی، چەمك ڕێکخراوە[١٣٧].))، ئەم پرۆسەیەش پەرەپێدانی خود_ ڕێکخستنە**.

(Vygotsky) (( جەخت لە کارلێککردنی واتاو کارەکیکردن لای تاك، کە پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ فێربوون و پەرە بە مرۆڤ دەدات، چوارچێوەی ئەم تیۆرەش لە دیاریکردنی چەمکی (واتاو نێوانگری) کە وایداناوە دوو بنەمای سەرەکین لە پرۆسەی فێربونی تاکدا خۆیدەبینێتەوە[١٣٨].)).

بەهۆی بابەتی نێوانگرییەوە دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە ئاڵۆزە بدەینەوە، کە چۆن پەرەپێدان لە مرۆڤدا ڕوودەدات. نێوانگری ئاماژە بەو پرۆسانە دەدات، کە بە هۆی چالاکییە شێلگیرانە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگۆڕێت بۆ پاڵنەرو هاندەر، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی زاراوەی نێوانگری (Kozu lin ٢٠٠٣)سێ پۆلە ڕەگەزی بۆ دیاریکردوە[١٣٩]:

---

[١٣٥] محەمەدی مەحوی، چاوپێکەوتن ( ٢٠١٥/٥/١٣)

[١٣٦] ١- B.Eun & H.Soon_Lim(٢٠٠٩: ١٥) ٢- J.P.Lantol &S.L.Thone (٢٠٠٧: ١٩٨)

* بڕوانە بنەمای زانستی زمانی- زمانیی

[١٣٧] J.P.Lantol &S.L.Thone (٢٠٠٧: ١٩٧)

** پرۆسەی پەرەپێدانی خود_ ڕێکخستن، بەگشتی بە سێ قۆناغ جێبەجێدەبێت:

ا- زۆربەی جارمنداڵ کۆنترۆڵدەکرێت، بەهۆی بەکارهێنانی (شت) ەوە، لە دەورووبەرەکەیدابۆ ڕێکخستن و وروژاندنی بیرکردنەوەی، ئەم قۆناغە بە قۆناغی (ڕێکخستنی-بابەت)ناونراوە.

ب- قۆناغی دووەم بە قۆناغی (ڕێکخستنی - بابەتی تر) دانراوە، کە نێوانگرە (ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکان)دەگرێتەوە،کە ( شێوازە جۆراوجۆرەکان، یارمەتیدان، ڕێنموییکردن،...) دەگرێتەوە.

ت- قۆناغی سێیەم قۆناغی (ڕێکخستنی - خود)، کە ئاماژە بە توانای بەئەنجامگەیاندنی چالاکی لەگەڵ کەمترین پاڵنەر، چ دەرەکی یان ناوەکی بێت، دەگەیەنێت.(J.P.Lantol &S.L.Thone (٢٠٠٧: ٢٠٠

[١٣٨] B.Eun & H.Soon_Lim(٢٠٠٩: ١٣)

[١٣٩] هەمان سەرچاوە ( ٢٠١٥: ١٥)

أ- نێوانگری بە هۆی کەرەستە مادییەکانەوە ( بەکارهێنان، وێنە، کارت) بۆ یارمەتیدانی بیرکردنەوەو بیرخستنەوەوە بەرجەستەدەکرێت.
ب- نێوانگری بە هۆی پێڕەوی هێماییەوە( ڕاهێنان لەسەر دەربڕاوێك و بیرکردنەوەی) .
پ- نێوانگری بەهۆی کەسانی ترەوە، وەك ( هاندانی منداڵ لە ڕێگەی گەورەکانەوە لە پڕۆسەی یادهێنانەوەدا ) .
لەنێوان ئەم سیانەدا زیاتر جەخت لەنێوانگری هێمایی دەکرێتەوە.

۲- واتا meaning

لە تایبەتێتی دیاری ئاخاوتنی مرۆڤ ئەوەیە کە هەڵگری واتای گشتییە، ئاخاوتنی واتادار هۆکاری دروستکردنی پەیوەندییە، بە واتە ڕێگە بە پەیوەندیگرتنی کۆمەلآیەتی دەدات، بۆنموونە وشەی کورسی منداڵ یەکەمجار هەر بەو کورسییە وەریدەگرێت، کە دەیبینێت، بەلاّم دواتر بە هۆی کارلێکی کۆمەلآیەتییەوە گشتاندن بۆ هەر کەرەستەیەك دەکات، کە ئەو تایبەتمەندییانەی کورسی تێدا بەرجەستە ببێت.

تیۆری پەرەپێدراوی (Vygotsky) جەختدەکاتە سەر نێوانگری و واتا، لەبەرئەوەی کەرەستەی شاراوەی پەرەپێدانە، کە پەرەپێدانی زمانەوانی لەخۆیدەگرێت بە کارلێککردنی لەناو کایە کۆمەلآیەتییەکاندا، پەرەپێدان بە هۆی ئاڵوگۆڕی ماناداراەوە لەنێوان ئاخێوەراندا دروستدەبێت لە قۆناغی سەرەتایی زمانوەرگرتندا، مرۆڤەکان یەکەمجار جەخت لەسەر واتای وشەکان دەکەنەوەو دواتر جەخت لەسەرفۆڕمی وشەکان دەکەنەوە، لەمەشەوە گونجاندن و لێکتێگەیشتن لە ئاخاوتندا هۆکارە بۆ ئەوەی پەرەپێدانی زمانەوانی بەرجەستەببێت[١٤٠].

بەگشتی بنەمای فێرکردنی زمانی پەروەردەیی بریتین لە[١٤١]:

١- فێربوون پێویستی بەوەیە، کە پەرەبدات بە فەرهەنگی دەوڵەمەندی دەربڕدراوە گەلآلەکراوەکانی قوتابی و توانستی قوتابی لەسەر بنەمای یاسا پەرەپێبدرێت. توانست لەسەر بنەمای یاسا، کە پێکهاتوە لە کۆزانیاری یاسا ڕێزمانییە دیاریکراوەکان، کە هەموو ئاڵۆزی و گرانییەك دەرەوێنێتەوە.

٢- فێربوون پێویستی بە جەختکردنەوەو بڕوادروستکردنە، ئەمەش بەوەی کە قوتابی دەبێت لە زۆربەی کاتدا جەخت لە واتای بابەتەکان بکاتەوە. جەختکردنەوە لە واتا، جۆرێك لە ئاڵۆزی تێدایەو لێرەدا گرنگە جیاکاری لەنێوان دو چەمکی جیاوازی ئەم زاراوەیە بکەین، یەکەم جۆر ئاماژە بە بیری واتای سیمانتیکی دەکات بەوەی ( واتای یەکە فەرهەنگییەکان یان دروستەی ڕێزمانی دیاریکراو) دەگەیەنێت، جۆری دوەم جەخت لە واتای پەیوەستدار بە واتای پراگماتیکییەوە دەکاتەوە ( ژینگەو بۆنەی وتن و ئەو کردانەی لە پڕۆسەی پەیوەندیگرتندا کاریگەرییان لەسەر واتا هەیە) دەگەیەنێت، بۆیە گرنگە لە پڕۆگرامی فێرکردندا زمانی پەروەردەیی ئەم ئەرکە ببینێت و بۆ جەختکردنەوە لە هەردوو جۆری واتا هەل بۆ قوتابی برەخسێنرێت، لەبەرئەوەی ئەمە زیندویی و کارایی زمانی پەروەردەیی دیاریدەکات.

بۆ ئەمەش جیاوازی هەیە لە ڕێبازی فێرکردنی هەریەك لەم دوانە لە فێرکردنی واتای سیمانتیکیدا، مامۆستاو قوتابی دەبێت، وەك بابەت مامەڵە لەگەڵ زماندا بکەن و ئەرکی پەروەرشیارو قوتابی ببینێت، بەلاّم لە بارودۆخی واتای

---

[١٤٠] B.Eun & H.Soon_Lim(٢٠٠٩: ١٧)
[١٤١] R.Ellis (٤-١٢)

پڕاگماتیکیدا پێویستە زمان وەك کەرەستەی پەیوەندیگرتن و ئەرکی پەیوەندیگەر ببینێت. ئەمەش بوە هۆی هێنانەئارای دوو جۆر ئاڕاستەی جیاواز لە پەروەردەدا، گرنگیدان بە واتای پراگماتیکی زۆر گرنگە لەبەرئەمانە:

ا- لە ڕوانگەی زۆرێك لە تیۆردانەرانەوە (Long ١٩٩٦, Prablau ١٩٨٧ ) قوتابی بەشداریکردنی لە پرۆسەی بەجفرەکردن و جفرەلێکدانەوەی پەیامەکان لە ژینگەکانی پەیوەندیگرتنێکی کردەییدا مەرجە بۆ وەرگرتنی ئەو پێگەیە.

ب- بۆ پەرەدان بە پاراوی ئاخاوتن و نوسین ..... دەبێت قوتابییان هەلیان بۆ بڕەخسێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی واتای پراگماتیکی ( واتا بەکارهێنانی زمان) .

پ- بەرهەمهێنانی واتای پڕاگماتیکی ( بەکارهێنانی زمان)، پاڵنەری کرۆکی و ناواخنییە لە چالاکییەکانی قوتابیدا.

٣- پرۆسەی فێربوون ( پەروەردە) دەبێت جەختبکاتەوە لەسەر گرنگیدان و بایەخدانی قوتابیان بە فۆرمەکان.

٤- فێربوون دەبێت بەشێوەیەکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ کۆزانیاریی شاراوەی زمانی گەشەپێبدات، لەگەڵ ئەوەشدا کۆزانیاریی ئاشکراش فەرامۆش نەکات.

بە واتا زانستی زمان بایەخ بە گۆڕانی زمان* دەدات، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم گۆڕانە دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدات ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکان لێکبداتەوە، کە هەر گۆڕانێك بەسەر کۆمەڵدا ڕوبدات، لە زمان و دەربڕیندا ڕەنگدەداتەوە**، زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، چونکە بەردەوام لە کۆمەڵدا بیری جیاواز سەرهەڵدەدات و لەنێوان نەوەکاندا بیرەکان دەگۆڕێن، بەمەش گۆڕانی هەستیار لە شێوازی ئاخاوتنداو لەناو کۆمەڵدا دەردەکەوێت. زمان*** بریتییە لە (( ئامرازێك بۆ بەیەکگەیشتنی ئەندامانی کۆمەڵ، نەك تەنها پەیوەندیکردن، لەبەرئەوەی پەیوەندیکردن تەنها لەیەك لاوە ئەگەری ڕودانی هەیە، بەڵام بەیەکگەیشتن کۆمەڵێك بەهای کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەگرێتەخۆ[١٤٢]))، وشەکانی زمان دوو دیوی هەیە، کە فۆرم و واتایە، واتای هەر وشەیەك بەپێی کلتوری کۆمەڵ دیاریدەکرێت، کە واتا بە هێمایەك یان وشەیەك دەبەخشێت، لە زانستی مرۆڤناسیشدا هەموو مرۆڤێك کلتورێکی هەیە، کە جۆرێکە لە کۆزانیاری، کە لە ناخی مرۆڤدا دەردەکەوێت.

ئاڵوگۆڕکردنی کلتورو بنەما کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە ڕێگەی خێزان و کۆمەڵەوە ناگوێزرێتەوە، بەڵکو پێویستی بە دەزگایەکی گرنگ هەیە، کە ئەم بنەما کلتورییانە بەشێوەیەکی دروست و گونجاو بە تاکەکان بگەیەنێت، لێرەشدا

---

* هەموو گۆڕانێکی زمان بنەماکەی هەمەجۆری زمانییە، جۆرەکانی گۆڕانی زمانی زیاتر گۆڕانە لە دیاردەزمانییەکانی وەك ( ئۆرسۆگرافی، خواستن، هاتنەناوەوەی زمانی بێگانە، کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان)، دوو چەشنی سەرەکی گۆڕان دەردەکەوێت: ١- گۆڕانی زمانی لەسەر ئاستی ناوەوەی زمان ( دەنگسازی وشەسازی ڕستەسازی واتاسازی) ٢- گۆڕان لەسەر ئاستی دەرەوەی زمان ( هۆکارە دەرەکییەکانی وەك سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، تەکنەلۆجی، ... دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕان لە زماندا)، کاروان عومەر قادر (٢٠١٤: ٥٤-٥٥)

** تیۆری گۆڕان گەشەیکرد، لەلایەن (١٩٦٦) William Labov لێکۆڵینەوەکەی پەیوەندی بە گۆڕینی زمان بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕوددەدات.

*** زمان دوو شێوەی هەیە، ١- زمانی نەوتراو ( بۆنموونە دەربڕینی دەموچاوو نیشانە)، ٢- زمانی وتراو (بۆ نموونە ئاخاوتن و گفتوگۆ)، کە هەردوو پێکهاتەی، زارەکی ( گوێگرتن وئاخاوتن)، نوسین( خوێندنەوەو نوسین) دەگرێتەوە.( ١١١) N. P. Terry& M. A. Lrving

[١٤٢] شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٣: ٣١)

پەروەردە لایەنێکی گرنگە، کە کلتوری کۆمەڵ بۆ نەوەکان دەگوازێتەوە****، قوتابخانەش دامەزراوەیەکی پەروەردەیی کۆمەلایەتییە، ڕۆڵی لە پرۆسەی پەروەردەدا، فێربوون و فێرکردن و ڕونکردنەوەی دیاردە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵو گرنگترین ئەرکی چەسپاندنیانە لای تاك، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی گشتی، بەمەش پرۆگرام ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی دەبێت لە فێربوونی قوتابی و هێنانەدی گۆڕانی ڕەفتاری قوتابی و دەرخستن و چەسپاندنی بنەماو بەها کلتورییەکانی کۆمەڵ، واتا پەروەردە گواستنەوەی ئەو باوەڕو چەمك و بنەماو ڕێزمان و یاساو ڕەفتارو بەهایانەیە، کەلەناو ئەندامانی کۆمەڵی دیاریکراودا هاوبەشە، بۆنموونە زمانی نەتەوایەتی، بیروباوەڕ، سلاوکردن، شێوازی ئاهەنگ و بۆنە گشتییەکان، ڕێگای گشتی بەرەنگاری کێشەو گیروگرفت، کە ڕوبەڕوی کۆمەڵ دەبێتەوە، کە ئەمەش هەڵگوازراوە لە کۆمەڵێك یاسای ئایینی و سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەلایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و بەیەکەوەی بەستون.

پێویستە پەیوەندی تەواوکاری لەنێوان فەلسەفەی کۆمەلایەتی و پەروەردەدا هەبێت، کە بناغەی پەروەردە خزمەتکردنی کۆمەڵە، فەلسەفەی کۆمەڵیش هەموو ئەو بنەماو باوەڕو بەهاو کلتورو نەریتانە لەخۆدەگرێت، کە لەناو کۆمەڵدا هەیەو تاك پەیڕەوییان دەکات، بۆئەوەی ببێتە ڕێپیشاندەرێك بۆ تاك و لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیدا ڕەنگبداتەوە، فەلسەفەی کۆمەڵ ئامرازێکی گرنگە بۆ پرۆگرام و بیرۆکەی فەلسەفەی* پەروەردەیی (( بەو هەوڵە زانستییە دەوترێت کە خۆی لە شێوەی هاوبیرییەکی ڕێکوپێك ڕادەگەیەنێت، یان بیردۆزێکی زانستییە کە مەبەستەکانی پەروەردەو ئامانجە دورەکان دیاری دەکات، کە کۆمەڵ لە هەوڵی بەدیهێنانیایەتی، هەروەها ئەو ڕاگرە پەروەردەییانەی هەموو کارە پەروەردەییەکانی لەسەر بەندن، وەك تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ و بنەماو پێوەرەکان.[143] )) دەگرێتەوە.

کاریگەری کۆمەڵ و پرۆگرامی خوێندن دولایەنەیەو بەردەوام پێکەوەبەستراون، گواستنەوەی کۆزانیاری** کلتوری لە هەموو چالاکییەکی فێربوون و فێرکردندا بە مەبەستی زیاتر ئاشنابونی قوتابیە بە زانیارییە کلتورییەکان لە ڕێگەی چالاکییەکان و وەرگرتن و پەیڕەوکردنیان و فێرکردنی کلتوری جیاواز( بڕوانە هێڵکاری (١٩) )، کە ئەنجام قوتابی دەبێتە تاکێکی گرنگ لە کۆمەڵدا، بۆنموونە، قوتابی لە ڕێگەی قوتابخانەوە پەیوەندی نوێ لەگەڵ مامۆستاو قوتابییان و کارمەندانی قوتابخانە بەگشتی دروستدەکات، بەمەش قوتابی لە چوارچێوەی پەیوەندیی خێزانی دێتەدەرەوەو دەچێتە

---

**** کلتور لەنێوان نەوەکاندا دەگوێزرێتەوە، نەوەی نوێ بە کلتور ئاشنادەبێت، بەلاّم هەموو لایەنێکی کلتور بەزمان ناگوێزرێتەوە، ژمارەیەکی زۆر بە لایەنی ڕەفتاری دەرەکی دەگوێزرێتەوە، وەك، تێبینیکردن و بینین، بۆنموونە ڕۆیشتن، پێکەنین، ئیشارەت. هدسن، و. محمود عبدالغنی عیاد ( ١٩٨٧: ١٧١)

* فەلسەفە کۆمەڵێك بیروبۆچونە، کە حوکمی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵیەك لەسەردەمێکی دیاریکراودا دەکات. یاخود سەرجەمی ئەو بیروبۆچون و بڕوایانەیە، کە ئاراستەی ڕەوتی بزواوی کۆمەڵیەك لە کاتێکی دیاریکراودا دەکات، واتا (( فەلسەفە سەرنجی ژیری بۆ ژیان و مرۆڤ و گەردون ڕادەکێشێت، چەمکی فەلسەفە نزیکە لە چەمکی ئایدۆلۆژییەوە، کە بە واتای کۆمەڵێك بیرۆکەو بیروباوەڕو بنەما دێت، کە کۆنترۆڵی ڕێگای کۆمەڵ لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەکات.)) faculty.mu.edu.sa

[143] عەبدولڕەحمان حەمەچاوش مەحمود ( ٢٠١٣: ٢٦)

** سێ جۆر کۆزانیاری هەیە: ١- کۆزانیاری کلتوری : لە کەسانی تری ناو کۆمەڵ فێردەبیت. ٢- کۆزانیاری هاوبەشی ناکلتوری: جۆرێکی کۆزانیارییە کە لەناو هەمان کۆمەڵدا هاوبەشە، یان لە جیهاندا هاوڕایە، بەلاّم ئەم جۆرەی کۆزانیاری لەوانی تر فێرنابیت زیاتر پەیوەستە بە زمانەوە. ٣- کۆزانیاری ناهاوبەش و ناکلتور: کۆزانیارییەکە کە کورتکراوەتەوە لە تاکەکەسێکدا .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هدسن، و. محمود عبدالغنی عیاد ( ١٩٨٧: ١٣٧)

ناو پەیوەندییەکانی کۆمەڵوە، ڕەفتاری نوێ و کۆزانیاری نوێی بۆ دروستدەبێت، لە ڕێگەی بابەتەکانی ناو پڕۆگرامی خوێندنیشەوە قوتابی بە دیاردە کۆمەڵایەتی و کلتوری و بەهاو کەرەستە کلتورییەکان و پیشەی کۆن و گۆرانی و ئاوازی نەتەوەیی کۆن و نوێ و چیرۆکی کۆن و تەکنەلۆجیای نوێ ئاشنادەبێت، لەمەشەوە ڕۆڵی پڕۆگرام گواستنەوەی فەلسەفەی کۆمەلایەتییە بۆ ڕەفتاری* قوتابی، کە لە ڕێگەی پڕۆگرامەوە کۆزانیارییەکان بە قوتابی دەگەیەنرێت. لێرەدا پرسیارێك دروستدەبێت، کە چۆن فێربوونی کلتور بەرجەستەدەبێت؟ Paige (١٩٩٧) فێربونی کلتور بۆ ئەمانە دەگێڕێتەوە[١٤٤]:

١- فێربوون و ئاشنابوون بە خود وەك بوونێکی کلتوری.

٢- فێربوون و ئاشنابوون بە کلتورو کارلێکەکانی لەسەر پەیوەندیگرتنی مرۆڤی، ڕەفتارو ناسنامەی.

٣- فێربوون و ئاشنابوون بە کلتوری گشتی، وەك فێربوونی جیهانی، خۆگونجاندنی کلتوری...

٤- فێربوون و ئاشنابوون بە کلتوری گشتی، وەك ئاشنابوون بە کلتورێکی دیاریکراو، زمانیان....

٥- فێربوون و ئاشنابوون بەوەی چۆن فێرببین، وەك ئەوەی چۆن زمان و کلتورمان کاراو کاریگەر بێت، بۆنموونە لە مۆدێلی چەمکی فێربوونی کلتوریدا دەبینرێت[١٤٥].

کۆزانیاری

| |
|---|
| ا- کلتور |
| ١- کلتوری — گشتی: دیاردەی ناوکلتوریی |
| ا- قۆناغەکانی گونجاندنی کلتوری/ڕاهێنانی کلتوری. ب- بەریەککەوتنی کلتوری. پ- پەرەدان لەنێوان کلتورەکاندا. ت- فێربوونی کلتور. |
| ج- ناسنامەی کلتوری. چ- پەراوێزخستنی کلتوری. |
| ٢- کلتوری دیاریکراو |
| ا- کلتوری بچوك ئامانج لە کۆزانیاری کلتوری. ب- کلتوری گەورە ئامانج لە کۆزانیاری کلتوری. پ- پڕاگماتیك. ت- توانستی زانستی زمانی کۆمەلایەتی. |
| ب- ڕەفتار |
| ١- کلتوری گشتی: لێهاتویی ناوکلتوری |
| ا- ستراتیژی فێربوونی کلتور ب- ستراتیژی بەڕێوەبردنی فشار. پ- توانستی پەیوەندیگرتنی ناوکلتوری. ت- لێهاتویی پێشبینیکردنی ناو کلتوری. ج - توانای خۆڕاهێنانی کلتوری. چ- توانست بەپێی کلتور. |
| ٢- کلتوری دیاریکراو: ئامانج لە لێهاتویی کلتوری. |
| ا- کلتوری بچوك: تایبەتی کلتوری ڕەفتاری ڕۆژانە. ب- کلتوری گەورە: تایبەتی کلتوری ژینگەیی. |
| پ- هەڵوێست |
| ١- کلتوری گشتی |
| ا- هەڵوێستی ئەرێنی بەرانبەر کلتورە جیاوازەکان. ب- هەڵوێستی ئەرێنی بەرانبەر فێربوونی کلتور |
| ٢- کلتوری دیاریکراو |
| ا- هەڵوێستی ئەرێنی بەرانبەر بە کلتورێکی دیاریکراو. ب- هەڵوێستی ئەرێنی بەرانبەر تاکەکانی کلتورێکی دیاریکراو. |

* فەلسەفەی ڕەفتاری: ئەم فەلسەفەیە دەروانێتە فێرکردن وەك بەکارهێنانی کۆزانیاری بۆ گۆڕینی ڕەفتاری قوتابی، ڕێکخستنی بەدەستهێنانی ئامانجی داواکراو بۆ قوتابی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابتسام محمد فهد(٢٣).

[١٤٤] R.Micalpagie& H. Jorstad& L.Siaya& F.Klein (٢٠١٣: ٤)

[١٤٥] هەمان سەرچاوە (٢٠١٣: ٧)

## هێڵکاری (١٩) مۆدێلی چەمکی فێربوونی کلتور

پەروەردەو کلتور پەیوەندی تەواوکارییان پێکەوە هەیەو لەناو پڕۆگرامدا ڕەنگدەداتەوە، کە ئەمەش کاریگەری پەروەردە وکلتور دیاریدەکات، کە لەم خالآنەدا ڕونکراوەتەوە[١٤٦]:

١- ئامانج و بیری پەروەردە: لەلایەن بەهاو نمونەی کۆمەڵەوە دیاریدەکرێت، پێویستە پڕۆگرام جەخت لەسەر لایەنی گشتێتی و تایبەتێتی کلتوری باوی کۆمەڵ بکاتەوە، تا تاکی کۆمەڵ گرنگی و بایەخ بە کلتور بدات و لایەنداری و ڕەسەنایەتی و نەتەوایەتییان تیادروستبێت و بتوانن بیپارێزن و بونی ئەوان بە بونی خۆیانەوە پەیوەستبکات، سەرەڕای بونی جیاوازی لەنێوانیاندا.

٢- قوتابخانە کۆمەڵێکی بچوککراوەیە: سەرجەم چالاکی و پڕۆگرامی قوتابخانە بە گوێرەی بنەماو بەهای کلتوری ڕێکدەخرێت، کە میتۆدی فێرکردن و کلتور پەیوەندی پتەویان پێکەوە هەیە، کە دەکرێت لە چەند ڕێگەیەکەوە کلتورو باسەکلتورییەکانی ناو پڕۆگرامی خوێندن بە قوتابییان بناسێنرێن، ( وەك بردنی قوتابییان بۆ مۆزەخانە و شوێنە کلتورییەکان، پیشاندانی ڤیدیۆو وێنە، نواندنی بەها کلتورییەکان لە ڕێگەی کارەکی)، بەمشێوەیە قوتابخانە ناوەندی بەرەوپێشبردن و چالاککردن و گەشەپێدان و هاندانی شێوازی کلتوری کۆمەڵ دەبێت.

٣- پەروەردە ڕاستکردنەوەی هەڵەی کلتورە: پێویستە پڕۆگرام هەمو گۆڕانە کلتوری و کۆمەلآیەتییەکان بگرێتەخۆ لە ڕێی دەرخستنی گۆڕانەکان، تا گفتوگۆ لەبارەی ئەم گۆڕانەو لێکۆڵینەوە لە شێوازی بابەتی سەرهەڵبدات و لایەنە باش و خراپەکان لەیەکجیابکرێتەوە، لە ڕێگەی بەستنەوەی پڕۆگرام بە ڕوداوو گۆڕانی کلتوری کۆمەڵ قوتابی لە هۆی گۆڕانی کلتوری و کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵ تێدەگات، (( پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا دیاردە کۆمەلآیەتییە خراپەکان ناتوانرێت بێتە ناو پڕۆگرامەوە؟ ئایا بەمە پڕۆگرام کەموکورتی نابێت؟ ئایا ئەگەر منداڵ هەموو ڕاستییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی بۆ باسنەکرێت نابێتە هۆی ئەوەی بەشێك لە واقیعی ژیانی کۆمەڵی لێ وون ببێت؟ بێگومان ئەمە دەبێتە کەموکورتی لە پڕۆگرامدا، پێویستە ئەم دیاردانەش بخرێتە ناو پڕۆگرامەوە بەلآم بەشێوەی ئاوەژوەبوانە، واتا ئەم دیاردە نەرێییانە بخرێتە ناو پڕۆگرامەوە تا منداڵ بتوانێت خۆی لەم دیاردە خراپانە لابدات، بەشێوەیەك جێگرەوەی هەبێت، بۆ ئەوەی قوتابی مێشکی بوروژێت و بیر لە چارەسەری دوەم و سێیەم و... بکاتەوە.[١٤٧]))،بەمەش دەبێت پڕۆگرامی خوێندن ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگە بێت و دیاردە کۆمەلآیەتییەکان بە باش یان خراپەوە لەناو پڕۆگرامدا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

منداڵ لە خێزانەوە زۆرێك لە پێوەرە کۆمەلآیەتییەکان فێردەبێت، قوتابخانە ئەم فێربوون و پێگەیشتنە پەرەپێدەدات و فراوانتریدەکات*، کە زۆر لە بەهاکۆمەلآیەتییەکان بەشێوەیەکی دروست وەردەگرێت، لەبەرئەمە زۆر گرنگە جەخت لەوە بکرێتەوە، کە نابێت زانیاری و کۆزانیاری پڕۆگرامی خوێندن بەرانبەر بەوەی لە خێزانەوە وەریگرتووە دژ بەیەك

---

[١٤٦] بڕوانە ١- (٨٤-٨٠ , ٨-٦ ) www.mu.ac.in/sociology of education،٢- عبدالعزیز بن صلاح التمیمی (٣٨-٣٩)

[١٤٧] کاروان عومەر قادر، چاوپێکەوتن ( ٢٠١٥/٥/١٨)

* هەر لەم بارەیەوە Byram (١٩٨٨) سێ بنەمای پڕۆسەی فێربونی دیاریکردووە:

١- قوتابییان لە کلتورەکەیانەوە دۆزینەوەو هەڵگواستن بکەن. ٢- دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور. ٣- فێربوون لە هەڵهێنجاندن و شیکردنەوەو بەراوردکردنی کلتورەکان کە ئەمانەش خۆیان لە پێداگۆکی کلتوریدا دەبیننەوە. R.Micalpagie& H. Jorstad& L.Siaya& F.Klein (٢٠١٣: ٨)

بن و تەواوکارانە نەبن، بەڵکو گرنگە پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەی خێزان لە پەروەردەکردنی تاکدا تەواوکاری یەکتربن و لە قوتابخانەشدا ئەم بەهایانەو نەریتەکلتورییانە پێڕەوبەندانە لە پرۆگرامدا ڕەنگبداتەوە.

٤- قوتابخانە ئەرکی دیاریکردنی جۆری کلتورە: بە ئامانجی کارکردن بۆ دروستکردنی خۆشەویستی و ڕێزگرتنی کلتور لای قوتابی، کە پرۆگرامی خوێندن لایەنی گشتێتی کلتور لەسەرجەم قۆناغەکانی فێرکردن چڕبکرێتەوە، کە باشترین نێوەندە بۆ پێوانەی کلتوری کۆمەڵو گەیاندنی بەها کلتورییەکان، تا قوتابی گرنگی بە لایەنی هاوڵاتی بوون و نەتەوەیی و پاراستنی خاك و نەتەوەو کلتور بدات.

٥- تێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ کلتور: پەروەردە بە توانایە لە هێنانەدی ئامانجی کلتوری نیشتمانی و پێکەوەلکانی نەتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ڕونکردنەوەی ڕەهەندەکانی کلتور، پەروەردە، ڕەوشت و پەروەردەی هونەر تەکنەلۆجیای ڕاستەقینە، تا دروستکردن و چالاککردنی هێزی داهێنان پێکبهێنێت، کە لەگەڵ هونەرو تەکنەلۆجیای نوێدا بگونجێت، لەگەڵ ئەوەشدا پاراستنی ڕەهەندەکانی کلتورو بەهاکانی کۆمەڵو ڕەوشت و نەریتەباوەکانی بە تەنیا بە پەروەردە ناگاتە ئەنجام و ئامانجی خۆی ناپێکێت، ئەگەر لە دەرەوەی قوتابخانە ئەم بەهاو ڕەهەندانە پشتڕاست نەکرێنەوەو لەناو کۆمەڵدا بونی نەبێت، چونکە پرۆگرام بەستنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵیەو پێکەوەگرێدانی تاکەکانە پێکەوە، بۆیە گرنگ و پێویستە لە دەرەوەی قوتابخانە ( خێزان، ڕاگەیاندن، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان،...) بە هەمان شێوە ڕەنگدانەوەی بەها کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی کلتوری نەتەوە بن، تاکو نێواندژی لای قوتابی دروست نەبێت و توشی سەرلێشێواندن ببێت لەنێوان ئەو بەهایانەی کەلە قوتابخانەو لەناو پرۆگرامدا باسدەکرێت و لە دەرەوەی قوتابخانە پێچەوانەکەی ببینرێت و پراکتیزەنەکرێت لەناو خێزان و دەزگاکانی ترداو بە پێچەوانەشەوە*، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەمو لایەك بە قوتابخانەو خێزان و کۆمەڵ و ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی تری ناو کۆمەڵ بەگشتی بەرپرسن لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ و تاکێکی سودمەند بۆ کۆمەڵ، بەگشتی پێویستە هەموو لایەنەکان ئاگاداری پەروەردەکردنی تاکەکانی بن، بۆئەوەی بە ( خوێندنگاو دەرەوەی خوێندنگا) کار بۆ پەروەردەکردنی نەوەی داهاتو بکرێت، تاوەکو کۆمەڵیەکی پێشکەوتو دروستببێت.

٦- پەرەسەندنی نمونەی نوێی کۆمەڵایەتی: چالاککردنی هێزی دروستکردن و داهێنان، بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بیروباوەڕو فەلسەفەی کۆمەڵ بێت، کارکردنی ئەرکی دینی و کارپێکردنی، گرنگی بە فێرکردنی پەروەردەی خیزانی تاك و گەشەکردنی هۆشیاری بەهۆی کاریگەری سروشتی خاك و ئاووهەواو پاراستن و هێشتنەوەی دەدات.

٧- کاریگەری پەروەردە لەسەر کلتور: بریتییە لە: پاراستنی کلتور، گواستنەوەی کلتور، پەرەسەندنی کلتور، بەردەوامی کۆمەڵ، پەرەسەندنی کەسایەتی، لابردنی هۆکاری دواکەوتنی کلتوری، ڕاستکردنەوەی نادروستی کلتوری، کەمکردنەوەی لایەنگری ڕەگەزپەرستی و نەژادی.

---

* بۆنموونە کاتێك قوتابی لە قوتابخانەو لە پرۆگرامەکاندا لە قۆناغەکانی خوێندنیدا باس لە ڕێزگرتنی کەسانی گەورەتر لە خۆیان دەکرێت، یان باس لە کلتوری کۆمەڵو خۆشەویستی نیشتمان و خاك و نەتەوەو زمانی بۆ دەکرێت، ئەمە لەلای قوتابی دەچەسپێت و وەریدەگرێت، بەڵام کاتێك لە دەرەوەی قوتابخانە، بۆنموونە ئەو زنجیرە کۆمیدیانەی لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاودەکرێنەوە، هیچ بایەخ و گرنگییەك بە بنەماو بەها کلتورییەکان نادات و بێ هیچ چاودێرییەك بڵاودەکرێتەوە، بە مەبەستی دەربڕینی کاتی خۆش بێ ئەوەی گرنگی بە کاریگەرییەکانی بدرێت، کە لەناو کۆمەڵداو لەناو مندالاندا بە تایبەت هەیەتی، کەوا دەکات ئەو بەهایانەی لا کاڵبێتەوەو نەمێنێت.

## ١-٢/٢) پەروەردەو تاکگەرایی

تاکیەتی هەڵوێستێکی سروشتییە، فەلسەفەی سیاسی، ئایدۆلۆجی، هەڵوێستی کۆمەڵایەتییە لە ڕەفتاری تاکدا، تاکیەتی هۆکاری بونی مەبەستێکە لە لای تاك کە هەیە، یان ئارەزووە، (( سۆسیۆلۆجیای پەروەردەیی گرنگی بەوە دەدا، کە چۆن دامەزراوە گشتییەکان و ئەزمون و تاقیکردنەوەو لێهاتوییە خودییەکان کاریگەرییان لەسەر پەروەردەو دەرئەنجامەکانی هەیە.[١٤٨] )) لەمەوە تاکگەرایی کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیاریکراو، کە تاکەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە، یان کەسێك لە شتێکدا تاك و سروشتیە[١٤٩]، واتا تایبەتمەندی جیاوازو تایبەتمەندی بێهاوتا لە کەسایەتی تاکدا، کە لەوانی تر جیادەکاتەوە، ئەمەش وادەکات لێهاتویی و ئەزمون و دنیابینی و ... جیابێت.

لە پرۆسەی پەروەردەدا ئەم زاراوەیە بۆ مەبەستی ئاشنابوونی قوتابییە بە خۆی، وەك تاکەکەسێك لە کۆمەڵداو دەربڕینی بیروڕاکانیەتی و ڕاهێنانیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، بەم جۆرە قوتابی پەیوەستدەکرێت لەگەڵ شێوازی ژیان و خۆدروستکردن و ڕاهێنان و بڕەودان بە ویست و ئارەزوە تایبەتییەکانیان هەوڵدان بۆ سەرخستنیان بەشێوەیەك لەگەڵ دابونەریت و بۆچونی کۆمەڵو هەڵوێستی مرۆییدا بگونجێت، بە یارمەتیدانی قوتابی بۆ گونجاندنی ویست و ئارەزوەکانی لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان و لە ڕێی ئەم گونجاندنەوە ئازادی خۆی بەدەستبهێنێت و هەوڵ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بدات. ئەرکی پەروەردە گرنگیدانە بە تایبەتمەندی قوتابی، کە ڕێگەیەکە بۆ دیاریکردنی بە توانایی قوتابی لە کارو پیشەیەکدا، بەهۆی دەرکەوتنی توانای لەو پیشەیەدا.

پرۆسەی پەروەردە  گەشە بە کەسێتیی قوتابی دەدات، یارمەتییاندەدات بۆ فێربوون و چاوێریکردنی خۆڕاهێنان و هاندانیان بۆ دەربڕینی بۆچونەکانیان ئەمەش بە ڕەخساندنی کەشێکی ئارام و چالاکی بۆ قوتابییان، تا هەست بە دڵنیایی بکەن و هانبدرێن بۆ بیرکردنەوەو دەربڕینی بیرۆکەو بڕیاردان، بەمەش دەرفەت بۆ ڕەنگدانەوەی خودیی دابیندەکرێت و توانای فێربوون و گەشەپێدان و وەرگرتنی پێشدەکەوێت، لەو ڕێگەیەوە بایەخ بە پەروەردەی تاکەکەس دەدرێت*.

---

[١٤٨] www.wikipidi.com

[١٤٩] www.dictionary.com

* قوتابخانەی کۆزمانەوانی درکپێکردن، هۆکاری جیاوازی زمانی تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵ، بە دوو هۆکار دیاریدەکات، کە بریتین لە:

١- شارەزایی زمانی تاك: کە بەهۆی ئەزمون و لێهاتویی و توانستی تاك، شێوازی جیاوازی ئاخاوتن لەنێوان تاکەکاندا دروستدەبێت، شارەزایی زمانی دێتە بون.

٢- تیۆری بۆشایی ڕەهەندی هەمەچەشنە: پەیوەستبونی ناچاری لەخۆوەی نەستی لەلایەن قسەکەرەوە بە ( توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) خۆیی و تاکەکانی بەرانبەرییەوە هۆیەکی تری ئەم جیاوازییە زمانییەیە، کە مەبەست دەرخستنی لەیەکچون و جیاوازی لیکتێگەیشتنی ئاخاوتنەکانە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، کە بەردەوام شێوازی ئاخاوتنەکان لەنێوان تاکەکاندا لە گۆڕاندایە بەپێی بیرو بۆچون و بیرکردنەوەو ژینگەی کۆمەڵایەتی. کاروان عومەر قادر ( ٢٠١٣: ٨٠-٨١)

## ٢/٢-٢) دیاردەی کۆمەڵایەتی - زمانیی

### ٢/٢-٢-١) فرە زمانی

فرەزمانی، بەواتا بەکارهێنانی دوو زمان، یان زیاتر، کە لەلایەن تاك یان کۆمەڵەوە بەکاردەهێنرێت، توانای تەواوو توانستی بەکارهێنانی زمانێك، یان زیاتر دەگرێتەوە، فرە زمانی دیاردەیەکە، کە لەناو جیهاندا باوەو دانیشتوانی جیهان بەگشتی، جگە لە زمانی دایك هەوڵی فێربوونی زمانی تر دەدەن، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی تواناو لێهاتویی و گەشەکردنی ئاستی زانیارییەکانیان، بەمەش فێربوونی زمانی دوەم و سێیەم و...بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و پێویستیی ژیان، تا تاك بە ئاسانی بە زانیاری بگات. وەرگرتن و فێربوونی زمان لای تاکەکەس بەگشتی لەسەر دوو هۆکار دەوەستێت[١٥٠]: ١- تەمەنی وەرگرتنی زمان٢- لێهاتویی/ کارامەیی لە فێربوون و توانای بەکارهێنانی.

وەرگرتن و بەرهەمهێنانی فۆرمە کۆنکرێتییەکان لە فێربوونی زماندا، لە بەرهەمهێنان و وەرگرتنی فۆرمە ئەبستراکتییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا ئاسانترو چالاکترن، کە بە کلتورو جیاوازیی کۆدە تایبەتییە کلتوریەکانەوە پەیوەستە، ئەمەش لە زوتر بەبیرهاتنەوەی فۆرمە هاوبەش و کۆنکرێتییەکاندا دەردەکەوێت[*].

زۆربەی لێکۆڵەران جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی یەکەم دەکەنەوە، بەتایبەت لەسەرەتاکانی قۆناغی سەرەتاییدا پێیانوایە زمانی یەکەم لای منداڵ بچەسپێت، چونکە وەرگرتن و فێربوونی زمانی یەکەم منداڵ بە ژینگەو دەوروبەرو کۆمەڵەکەیەوە دەبەستێتەوە، لەبەرئەوەی زمانی یەکەم کاریگەری تەواوی لەسەر دەربڕین و تواناکانی منداڵ هەیەو گەشەپێدەدات و توانای گونجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵدا زیاددەبێت، دەتوانێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە بێ گیروگرفت ئەنجامبدات، چونکە قوتابی ئەگەر لەسەرەتاوە بە زمانی دوەم بخوێنێت توشی گیروگرفت و پچڕانی کۆمەڵایەتی دەبێت لەنێو خێزان و کۆمەڵگەیدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو زمانەی کە فێریبوە، لای تاکەکانی کۆمەڵ بونی نییەو لە ئاخاوتن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارناهێنرێت، توانای تێگەیاندنی بەرانبەری نابێت و بە پێچەوانەشەوە لە ئاخاوتنی بەرانبەری تێناگات، ئەرکی بنەڕەتی پەروەردەو فێربوونی زمان بۆ پەیوەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵیە نەك دابڕان و لەیەکترترازاندنیان،(( ئەو منداڵانەی کە بە زمانێك دەخوێنن و بە زمانێکی تر لە

---

[١٥٠] www.wikipeda.org

[*] بۆئەوەی بەکارهێنانی جوتزمانی یان فرەزمانی ئاسانبێت، Meckey چوار لایەنی دەربارەی ئاسانکردنی گفتوگۆی جوتزمان دیاریکردوە، کە بریتیین لە:

١-ئاستی توانا: توانای زمان لەسەر چوار لێهاتویی ( خوێندن، ئاخاوتن، نوسین، گوێگرتن)دا دەردەکەوێت. ٢- ئەرك: ئاستی لێهاتن دەکەوێتە سەر ئەرك یان بەکارهێنانی زمان، کە دەتوانین بڵێین زۆرجار بەکارهێنانی زمان پشت بە ئاستی قسەکەرو هۆکاری کاریگەری دەرەوە ( کە بریتییە لە پەیوەندی قسەکەر لەگەڵ زمانی ماڵەوەو قوتابخانەو کۆمەڵ، فشاری پەیوەندی، گۆڕانی زمان) و هۆکاری ناوەوە ( کە بریتییە لە ژماردن، هەڵسەنگاندن، خەون، یاداشتی ڕۆژانە، تۆمار، توانا، بەهرە یان زیرەکی، کاریگەری ڕەگەزو پاڵنەرو هەڵوێستی گفتوگۆ) دەبەستێت. ٣- دەستێوەردان لە شێوەی خوێندنەوەو دەنگی وشەو چۆنیەتی دەربڕینی ڕێزمانی و زمانەوانی و تەنانەت کلتوریش ڕوودەدات. ٤- گۆڕینی زمان ( کۆد گۆڕین).بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە www.nongnia.blogspot.com/٢٠١٣

ماڵەوە قسەدەکەن، زۆربەی جار لە پرۆسەی فێربووندا دووچاری گرفتی گەورەدەبنەوە، گرفتی کۆمەڵایەتی و کارەکیکردنی زمان لە دەوروبەردا، لەبەرئەوەی ئەوەی فێربیبوون ناتوانن کارەکیبکەن و لەلایەکی تریشەوە نایەکسانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. گرفتی دەرونیش بەوەی ناتوانێت بە تەواوی هەست و ناخی دەربڕێت و گوزارشتی لێبکات، ئەمانەش هۆکاری سەرەکی دابەزاندنی جۆرێتی پەروەردەیین و دواتر نزمبونەوەی ئاستی خوێندەواری و بێزاری پرۆسەی خوێندنی لێدەکەوێتەوە[151])، بەمپێیە قۆناغی سەرەتایی بۆ منداڵ قۆناغێکی گرنگ و بنەڕەتەو کەسایەتی و تواناو بیرو هزری قوتابی و کۆزانیاری قۆناغەکانی دواتری خوێندن پشت بە سەرەتای خوێندنی منداڵ دەبەستێت، کە بنەماو بناغەی قۆناغەکانی دواترە، چونکە سەرەتای قۆناغی خوێندن منداڵ لە ژینگەی خۆی دادەبڕێت و بەرەو ژینگەیەکی نوێ هەنگاو دەنێت، ئەگەر ئەم ژینگە نوێیەی منداڵ بە ژینگەی خۆیەوە پەیوەستی نەکات، ئەوا منداڵ توشی گیروگرفت دەکات و لە برەودان بە تواناکانی و وەرگرتنی کۆزانیارییەکانی دوادەکەوێت*، لە هەمانکاتدا بە فێربوونی زمانی یەکەم لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندندا متمانەو تواناو پلەو گرنگی زمانی ستاندارد لای قوتابی پەرەدەسێنێت، زمانی خوێندن لای قوتابی بە زمانی چارەسەرکردنی گرفتەکان و توانای گەیاندن دەزانێت، کاتێك قوتابی بە زمانی دووەم و سێیەم فێردەبێت و دەخوێنێت و دەنوسێت، وا دەکات ئەو زمانەی لاپەسەند بێت و بە زمانی زانست و فێربوون و تەکنەلۆژیاو پێشکەوتن و کۆزانیاری بزانێت و کێشەو گیروگرفتەکانی هەر بەم زمانە چارەسەربکات**.

## ٢/٢-٢-٢) کۆد گۆڕینەوە

کۆد گۆڕینەوە*** لەنێوان دوو یان زیاتر لە زمانێك یان دیالێکتی زمان لەکاتی گفتوگۆکردندا ڕوودەدات، ئەوانەی زیاتر لە یەك زمان یان شێوازی قسەکردن ( دیالێکت/ ئەکسێنت) لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنن، کۆدی ئاوەزییان زەنگینەو توانای دەربڕینیان لە بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکاندا زیاترە، لە ئاخاوتنیشدا کۆدەکانی زمان بەپێی

---

[151] C.Benson (٢٠٠٤:٢)

* بۆنموونە ئەو قوتابییانەی لە قوتابخانە نموونەییەکاندا تەنیا بە زمانی دوەم دەخوێنن، سەرەتا هەوڵ بۆ فێربوونی زمانەکە دەدەن لەجیاتی گەشەدان بە لێهاتوویی زمانی دایکیان، لێرەدا منداڵ کاتێکی زۆری بۆ زمان تەرخاندەکات، کە ئەمەش لەکاتی پەرەدانی تواناکانی کەمدەبێتەوە، لەلایەکی تر قوتابی لە دەوروبەری دادەبڕێت.

** زانستی زمانی پەروەردەیی جەختدەکاتەوە لە دیاریکردنی فێربوون و فێرکردنی زمان و ڕۆڵی لە بابەتی بنەمای کۆمەڵایەتی زمان بۆ :

١ _ ناساندنی بابەتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی زمان لەکۆمەڵدا بە قوتابیان.

٢_ فێرکردن و بەگەڕخستنی توانای قوتابییان بۆ جیاوازیکردنیان لەنێوان پلەبەندی زمانی کوردیدا.

٣ _ بۆئەوەی قوتابی فێرببێت یان ئامادەباشی بکرێت بۆئەوەی بتوانێت یان هۆشداری پێبدرێت دەربارەی پەیوەندی نێوان جۆراوجۆریی زمان و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و لەلایەکی تریشەوە لە پەیوەندی نێوان جۆراوجۆری زمان و جیاوازی ستایل و شێوازەکان و هۆکارە ژینگەییەکان.

٤ _ فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی قوتابیان بەوەی کە بەئاگا بن لە تەکنیك و هونەرە بنەڕەتەکانی شیکردنەوەی جۆراوجۆری.

*** کۆدگۆڕینەوە دەچێتە بواری زانستی زمانی کۆمەڵێکلتوریی/سۆسیۆکلتوری، کە مێژوی توێژینەوەی لەلایەن Blom and Gumperz١٩٧٢ بە واتای کۆمەڵایەتی دروستەی زانستی زمان سەریهەڵدا،١٩٧٢ Fischer ئاماژە بەوە دەکات، کە زمان یان کۆدی هەڵبژاردن لە کۆمەڵێك کە دوو زمان یان فرە زمانن، پێویستی بە شیکردنەوەی پێوانەیە لە چوارچێوەیەکدا، کە تیایدا ئاخاوتن بەرهەمدێت.Fischer تێبینیدەکات، کە سێ هۆکاری دەوروبەر پێویستە لە کۆد گۆڕیندا وەربگیرێت، ئەوانیش: ١- پەیوەندی نێوان قسەکەر ٢- دیاریکردنی ئەو شوێنەی کە ئاخاوتنەکەی تێدا ڕوودەدات ٣- ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. M.S. Cardenas- Claros & N.Lsharyanti ( ٢٠٠٩: ٦٨)

بارودۆخ و دەوروبەرو مەبەستی ئاخاوتنەکە دەگۆڕن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تاك ئەو زمانانەی یان ئەو شێوەزارو ئەکسێنتانەی، کە دەیزانێت مێشکی داگیرکردوە، زۆرجار لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانییەوە بە بێ ئەوەی کە هەستی پێبکات یان مەبەستی بێت دوو زمان یان شێوەزارو ئەکسێنتی جیاواز لەکاتی ئاخاوتندا بەکاردەهێنێت، یان هەندێك جار کۆدگۆڕینەوە بۆ گونجاندنە لەگەڵ دەوروبەرو ڕێگایەکە بۆ چونە ناو گروپ وکۆمەڵ، بەشداری لە مەودای کۆمەڵایەتیدا دەکات، کە کۆد گۆڕین دەکرێت (( هەستی قسەکەر نیشاندەدات نەك واتای سەرەکی[152] ))، یان کۆد گۆڕین بۆ دەسکەوتنی شتێك و گەیاندنی بیرێك یان بۆ وتنی شتێك بە نهێنی بەکاردێت. (( لە بەکارهێنانی شیاوی فۆنۆلۆجی و سینتاکسی قسەکردنە هەمەچەشنە فرەچەشنەکانن. کۆدگۆڕین تەنها لەناوەوەی ڕستەو دەربڕاوەکاندا ڕونادات، بەڵکو لە دەرەوەی ڕستەو دەربڕاوە تاکەکانیشدا ڕودەدات، .....، دەتوانرێت بگوترێت کۆدگۆڕین، بریتییە لە ڕەنگدانەوەی کەموکورتی توانای زمانی قسەکەر، بەمشێوەیە دەشێت کۆدگۆڕین دابمەزرێت لە دیاردەی پەیوەندی زمانێکی ترەوە، وەك دیاردەی خواستن لە ڕێی وەرگێڕان یا لە ڕێگەی دیاردەی pidgin و* creole [153] )).

قوتابی لەناو قوتابخانە ڕوبەڕوی هەمەجۆری زمان دەبێتەوە، پێویستە ئەو قوتابییانەی، کە شێوەزار یان ئەکسێنتی جیاواز بەکاردەهێنن، یارمەتی بدرێن، تا بەکارهێنانی زمانی نوێ و ڕێککردنی کلتوری نوێ فێربن، ئەمەش بەهۆی جیاوازی زمان و ئەو کلتورەی لە ماڵەوە فێریبون، هەمەجۆری گرفتێکی بێهاوتا لای پەروەرشیار بە تایبەت لە بواری هەڵسەنگاندن، فێرکردن، پەروەردەی کۆمەڵایەتیدا دروستدەکات.(( Canagarajah (١٩٩٥) لە بواری کۆد گۆڕینەوە کۆمەڵێك ئەرکی زمانی یەکەمی بۆ دوو کاتیگۆری سەرەکی بەکارهێنا، لەگەڵ بەرجەستەکردنی تایبەتدا:
١- بەڕێوەبردنی پۆل: زمان بەکارهێنانی قوتابی دەگرێتەوە، بۆ کردنەوەی پۆل، ئەنجامدانی ئاراستە، داواکردنی یارمەتی، بەڕێوەبردنی ڕێککاری، هاندانی قوتابی. ٢- گواستنەوەی ناوەڕۆك: زمان بەکارهێنانی قوتابی بۆ ڕونکردنەوەو پێداچونەوەو دیاریکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و گرنگی کلتورو هاوکاریکردنی هاوتەمەن دەگرێتەوە، واتا کۆدگۆڕینەوە پەیوەندیدارە لەگەڵ فێرکردنی پەیوەندی و ئەرکی کۆمەڵایەتیدا.[154] )).

چەند جۆرێك کۆد گۆڕینەوە دیاریکراون، ئەوانیش بریتین لە:

١- کۆد تێکەڵکردن code mixing: جۆرێکی سەرەکی کۆدگۆڕینەوەیە، ئاماژە بە تێکەڵکردنی دوو زمان یان زیاتر یان تێکەڵکرنی شێوەکانی (دیالێکت) زمانێك لە ئاخاوتندا دەکات، تێکەڵکردنی کۆد بریتییە لە گۆڕانی زمان بۆ زمانێکی تر لەناو هەمان ئاخێوەراندا، یان لە هەمان دەقی دەربڕاو یان نوسراودا،(( کۆد تێکەڵکردن ئاماژە بە

---

[152] www. Engres.ied.edu.hk/ soicolinguistics

* زمانی بەرهەمهێنان creole زمانێکی سروشتیی کۆمەڵییە، جۆری سادەی زمانە، لەلایەن منداڵان وەك زمانی سەرەتایی/ یەکەمیانە، وشەی فەرهەنگی زمانی creole بە زۆری لەلایەن زمانی باوان، بە تایبەت گروپی دەسەڵاتدارەوە دەستەبەردەکرێت، کە زیاتر لەناو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا پێکهاتەی creole هەیە، هەرچەندە زۆرجار بە ئاشکرا زمانی creole فۆنەتیك و سیمانتیکەکەی دەگۆڕێت، بەڵام ڕێزمانەکەی تایبەتمەندی ڕەسەنی هەیەو ناگۆڕێت.

زمانی pidgin وەك ڕێگای پەیوەندی نێوان دوو گروپ یان زیاترە، کە زمانێکی هاوبەشیان نییە، بەشێوەیەکی گشتگیر لە بارودۆخی وەك بازرگانی، یان دوو گروپی قسەکەری زمانی جیاواز لە زمانی وڵات کە لەناو وڵاتەکەدا نیشتەجێن دەبینرێت، واتا بەشێوەیەکی گشتی زمانی سادەی پەیوەندیکردنە، دەکرێت ئەم زمانە لە وشەو دەنگ یان زمانی جەستە یان کلتوری تر دروستبکرێت،کە ڕێدەدات زمانی هاوبەش بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتردا بەکاربهێنرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە www.wikipeda.org

[153] کاروان عومەر قادر (٢٠١٤: ٦٩-٧٠)

[154] Feliciano Salvador Chimbutane ( ٢٠٠٩: ٥٦-٥٧)

هەرئاوێتەیەکی پێکهاتەی زمانەوانی دوو یان زیاتر لە سیستەمی زمانی لە هەمان ئاخاوتندا لە ئاستی جۆراوجۆری فۆنۆلۆجی و فەرهەنگی و ڕێزمانی و ئۆرسۆگرافی دەکات.))[155]، یان بریتییە لەو پرۆسەیەی، کە لەنێوان دوو زمان یان شێوەزمان یان تۆماری هەمان زماندا ڕوودەدات و لە گفتوگۆو نوسینیشدا دەردەکەوێت، ((کۆد تێکەڵکردن گۆڕینێکی میکانیکیە، کە کاتێك قسەکەر وشەیەکی بیرناکەوێتەوەو بە زمانێکی تر دەریدەبڕێت.[156])).

تێکەڵکردنی و گۆڕینی چەند زمانێك یان کۆدی چەند شێوەزارێکی زمانێکی دیاریکراوە، واتا ( کۆد تێکەڵکردن جێبەجێکردنی زمان یان دروستەی زمانێکە بۆ وشەی فەرهەنگی زمانێکی تر. گۆڕینی کۆد لە ڕێی بەکارهێنانی لە هەمان ڕستەدا ئەوە بە کۆد تێکەڵکردن دادەنرێت.[157])، بۆنموونە: گفتوگۆ لەنێوان دوو هاوڕێدا لە قوتابخانەدا[158]:

١- کتێبەکەت بۆ هێنام. -(ئۆه مای /oh my خوا) بیرم چوو.

٢- دوێنێ چویتە خەت. - بەڵێ، ئەکاونتی نوێم دانا.

٣- وەرە با سێلفی بگرین. - باش، ok

کۆد تێکەڵکردن بە چەند شێوەیەك دەبینرێت، ئەوانیش[159]: ١- بچوککردنەوەی یەکەی ئۆرسۆگرافی/ڕێنوسی ( سوپاس/ سپ/sp، ئۆ مای گاد/ omg) ٢- فۆرمی کورت ٣- ناوی گونجاو ٤- وشەی فەرهەنگی ٥- فرێز ٦- ڕستەی ناتەواو ٧- یەکەی ڕستەی تاك و دوو ڕستەی تەواو.

لێرەدا لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی ئەم کۆدانە، بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا بەکاربهێنرێت، بەتایبەت بوونی خوێندن بە زمانی دووەم ( وەك زمانی ئینگلیزی) و بایەخپێدانی زیاد لە پێویست، لە پرۆگرامی خوێندندا (لە قۆناغی یەکی بنەڕەتییەوە)، کاردانەوەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت، بۆیە زۆر گرنگە زانستییانەو هەستیارانەو بە پێی بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردەییمان ئاگایانە ئەم پرۆگرامە دابڕێژین و بتوانین بەهۆیەوە ڕەسەنایەتی و بایەخپێدانی زیاترمان بۆ زمانی ستانداردی کوردی لای نەوەکانمان بەرجەستە بکەین، لەبەرئەوەی خودی زمان چۆنیەتی بیرو بیرکردنەوەمان دەنەخشێنێت.

## ٢- کۆدئاڵوگۆڕپێکردن code switching

کۆد ئاڵوگۆڕپێکردن* (( گۆڕینی کۆدی هەمان زمانە لە پەیوەندیکردندا، لە ڕستەی جیاواز یان ئاخاوتنی دواتری چالاکی لە پەیوەندیکردندا دەردەکەوێت ))[161]، کۆدئاڵوگۆڕپێکردن دیاردەیەکی کۆمەڵی و کۆمەڵایەتییە، سنوردارە، بەکارهێنانی جوتزمانە، کە لە هەمان هەڵوێست و بارودۆخ و ڕونکردنەوەدا بەشداریدەکەن، واتا ڕودانی کارلێککردنی

---

[155] J.W.Yee Ho (٢٠٠٧: ١)

[156] www. Nongnia blogspot. com

[157] www. Engres.ied.edu.hk/ soicolinguistics

[158] شەنگە مەریوان، خوێندکار قۆناغی دەیەمی بنەڕەتی

[159] J.W.Yee Ho (٢٠٠٧: ٢_٥)

* جۆرێکی تری کۆد ئاڵوگۆڕپێکردن هەیە ، ئەویش گۆڕینی کۆد code shifting: بریتییە لە گۆڕینی کۆدی زمانێك بە زمانێکی تر، بە بێ گەڕانەوە بۆ زمانی یەکەم لە هەمان ساتە وەختی گۆڕینەکەدا. (( بەهاتنی گروپی نوێ و تێکەڵبون لەگەڵ زمانی تردا زمان گۆڕین ڕوودەدات[160]))، بۆنموونە: خوات لەگەڵ. - Bey, have a nice day.

ئەم جۆرە زیاتر لەناو ئەو تاکانەدا دروستدەبێت، کە ئاخاوتنی سەرەکییان بە زمانی دووەمە، ئەمەش بەهۆی خوێندنیان بە زمانی دووەم یان بەکارهێنانی زمانی دووەم لەناو خێزاندا ڕوودەدات.

[161] www. Engres.ied.edu.hk/ soicolinguistics

جوتزمانە، کە هیچ کەس هەمو کات جۆرێك/ شێوازێك زمان لە هەمو حاڵەتێکدا بەکارناهێنێت، بەپێی بوارو بابەت و حاڵەت و کۆمەڵ جۆری جیاواز دەگۆڕێت و زمانی جیاواز دەردەکەوێت، کە قسەکەری دوو زمان یان شێوەزارو ئەکسێنتی جیاواز بەپێی واتای کۆمەلایەتی لە حاڵەتی کۆدئاڵوگۆڕپێکردندا بەکاریدەهێنێت، ئەمەش بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی زمانە لە بەرەو پێشبردنی ژیانی ڕۆژانەی تاکدا، بۆنموونە[١٦٢] :

٤- بە یارمەتیت - سۆری/sory، عەفو

٥- ئەوە چییە بە دەستەوە. - لیس من شانك

کۆد ئاڵوگۆڕپێکردنی پۆل کە (Ferguson) بە مۆدێلی سێ ئەوەندەیی* three-fold model ئاماژەی پێکردووە، بریتیین لە[١٦٣]: ١- کۆد ئاڵوگۆڕپێکردن بۆ گەیاندنی پرۆگرام. ٢- کۆدئاڵوگۆڕپێکردن بۆ بەڕێوەبردنی ئاخاوتنی پۆل. ٣- کۆدئاڵوگۆڕپێکردن بۆ پەیوەندی کەسیی.

لە پرۆسەی پەروەردەدا مامۆستا لە پۆلدا زمانی ستاندارد بە باشترین ڕێگا بەکاردەهێنێت، بۆ بەرەوپێشبردنی توانای قوتابی لە وەرگرتنی زمانی ستانداردا، کۆد ئاڵوگۆڕپێکردن لە پۆلدا یارمەتی فێربوون و فێرکردن دەدات، کە بۆ وەلامدانەوەو ڕونکردنەوەی کۆدە بەکارهاتوەکانی زمانی ستاندارد بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و هەستکردن بە ئارامی و تێگەیشتنی زمانی ستاندارد، وەك ڕێگایەك کە قوتابی ڕۆڵ و بەرپرسیاریتی بەشێوەیەکی سروشتی هەڵبگرێت و مامۆستا ڕاهێنانی فەرمی پێبدات، لە ڕێگەی ((شێوازی بیرکەوتنەوە، نووسین، دەق، دیمانە، تۆماری شریت، خوێندنی گشتگیری زمان، تێبینی ئۆرسۆگرافی، دروستکردنی کۆمەڵێکی گەورەی زانیارییە لە شیکردنەوەی کۆدئاڵوگۆڕپێکردندا، هەریەکێك لەمانە ڕێگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، کە یارمەتی دەسکەوتن و تێگەیشتنی کۆدگۆڕینەوە دەدات، بە تایبەت بەکارهێنانی لە چوارچێوەی پەروەردەدا.[١٦٤]))، بەم پێیە ڕۆڵی کۆدئاڵوگۆڕپێکردن بۆ ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی پرۆگرامی خوێندنە، بە تایبەت بۆ ئەو قوتابییانە گرنگە کە شارەزاییان لە زمانی ستانداردا ( کە زمانی نووسینی پرۆگرامی خوێندن پێکدەهێنێت) نییە، لەم ڕێگەیەوە قوتابی بە وشەو دەستەواژەکان ئاشنادەبێت و ڕادەی درککردنی بۆ بابەتەکە پەرەدەسەنێت، بەلام نابێت ئەمە بەردەوام بێت.

جێگرتنەوەی کۆد code alternation : (( باس لە جیاوازی کۆد ئاڵوگۆڕپێکردن و کۆد تێکەڵکردن دەکات، یەکێك لە گفتوگۆکان لەناو توێژینەوەی جێگرتنەوەی کۆد دەکرێت، (Clyne ١٩٩١) دەڵێت: "کۆد ئاڵوگۆڕپێکردن و کۆد تێکەڵکردن ئاماژە بۆ هەمان دیاردە دەکەن"، (١٩٩٨Wei) تێبینی دەکات " جێگرتنەوەی کۆد ( بەکارهێنانی دوزمان یان زیاتر) ئەگەر لەسەر ئاستی دەستەواژە ڕوبدات ئەوا بە کۆد ئاڵوگۆڕپێکردن ئەژماردەکرێت، بەلام ئەگەر لە خوار ئاستی دەستەواژەوە لەناو یەك بارودۆخدا ڕوبدات ئەوە بە کۆد تێکەڵکردن ناودەبرێت".[١٦٥]))، بەپێی ئەم پێناسانە، هەردوو کۆدئاڵوگۆڕپێکردن و کۆد تێکەڵکردن، بریتین لە بەکارهێنانی دوو زمان یان زیاتر یان

[١٦٢] شۆخان مەریوان، خوێندکار قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی

* مۆدێلی سێ ئەوەندەیی واتا تاك سێ جار بیری دەجولێنێت بۆ دەربڕین و گۆڕینی کۆدی وشەیەك بە زمانێکی تر، بۆنموونە: وشەیەکی وەك ( ئاو- ماء - water ) لێرەدا سێ قۆناغی پێویستبوە بۆ گۆڕینی کۆدی وشەکە بە زمانێکی ترو گەیاندنی بیرەکە.

[١٦٣] D. Redinger (٢٠١٠: ٢٠٦, ٣٢٨)

[١٦٤] N. H. Hornberger and S. L. Mckay ( ٢٠١٠: ١٣٥)

[١٦٥] M.S. Cardenas- Claros & N.Lsharyanti ( ٢٠٠٩: ٦٨)

دوو شێوەزار لە هەمان بارودۆخی ئاخاوتندا، جیاکردنـەوەیان بـەپێی جـۆری بەکارهێنانەکەیـە، واتـا ئەگـەر لـەناو ڕستەیەکی قسەکەردا دوو کۆدی زمان بەکارهێنرا، ئەوە بە کۆد تێکەڵکردن ناودەبرێت، بـەڵام ئەگـەر بـەکارهێنانی کۆدی زمانی لە ڕستەی جیاوازدا لەنێوان قسەکەرو گوێگردا ئاڵوگۆڕپێکرا، ئەوا بە کۆد ئاڵوگۆڕپێکردن ناودەبرێت، بۆنموونە:

٦- چۆن بویت لە تاقیکردنەوە؟ very good - کۆد ئاڵوگۆڕپێکردنە

٧- بەیانی دەتبینم ، بای/ by. - باشە، سی یو/see you . کۆد تێکەڵکردنە

٣- دوودیویی* diglossia: ڕوکارێکی لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان کۆدەکان و دروستە کۆمەڵایەتییەکان، لە پێڕەوی پەروەردەیدا قوتابی فێردەکرێت و بەکاریدەهێنێت، دوودیویی بریتییـە لـە دەوروبـەری دوو زمـان( یـان دوو جۆری/ شێوازی هەمان زمان) کە لە بۆنە جیاوازەکانی هەمان کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێن، یان ئاماژە بە بارودۆخی دوو دیالێکت یان دوو زمان کە لە جڤاتێکی یەکزمانیدا بەکاردەهێنرێن، دەکات. دوودیویی چـەمکێکی گرنگـی بـواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی هەموو دوو دیالێکتێك بـوارو مەیـدانی دیـاریکراوی لـە کارلێکی کۆمەڵایەتی تەرخاندەکات و لەناو ئەو بوارە تەرخانکراوەشدا تەنها دیالێکتی کۆکبو لەسـەر ڕێککـەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەرە، ئەم بابەتە لە ئاستی ڕێزمانیدا کۆمەڵێك جیاوازی لەخۆدەگرێت، وەك دەربڕین، گـەردانکردن، سینتاکس (دروستەی ڕستە)، زۆرێك لە دۆخەکانی دوودیویی ئەوەیە دوو دیالێکت کـە زۆر پەلیانهاویـشتووە دەبنـە جیاکەرەوەی زمان، کە لە ڕوی زانستی زمانەوە پەسنبکرێن، یاخود دیاردەیەکی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە، کـە تیایدا گۆکردنە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان جۆری فۆڕمەلی یـان فـەرمی/ بـەرزو جـۆری گـشتی و هاوبـەش یـان نـزم دیاریدەکات**.

حاڵەت و بارودۆخی دوودیویی:

١- لە کۆمەڵێکی ئاخاوتنیدا بوونی هەیە، کاتێك دوو کۆد دوو دەستەی جیاوازی گۆکردن بەرجەسـتەبکەن، یـاخود دوو دەستەی گۆکردنی جیاواز بگەیەنن.

٢- کۆمەڵ / باڵا (ب)

٣- دیالێکت/ نزم (ن)

نموونە وەك زمانی گشتی خەڵك و زمانی نوسین لە زمانی عەرەبیدا، زمانی ستانداردی ئەڵمانی و سویسری ئەڵمانی.

دیاریکردنی گۆکردنی ستاندارد (ب)و دیالێکت (ن)لە زمانی عەرەبیدا***.

---

* بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی دوودیویی لە ساڵی ١٩٣٠ باسیلێوەکراوە، پاشان لەلایەن Ferguson ١٩٥٩ ئـەم زاراوەیـەی بـەکارهێناو دواتـر لەلایـەن ١٩٦٧ Fishman باسـەکەی فراوانکـرد، کـە وشـەیەکی فەرەنـسییە لەلایـەن Marcais بـەکارهێنراوە. www.nongnia.blogspot.com/ ٢٠١٣

** بەم پێیە دوودیویی سێ تایبەتمەندی گرنگی هەیە:

١- شێوازی جیاواز لە هەمان زمان لە کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێن، یەکەمیان شێوازی بەرزو دوەمیان شێوازی نزم.

٢- هەمو جۆرەکان لە ئەرکی زۆر جیاوازدا بەکاردەهێنرێن، کە هەریەکەیان تەواوکەری یەکترن.

٣- هەموو کات جۆری بەرز لە هەموو گفتوگۆیەکی ڕۆژانەی تاکدا بەکارناهێنرێت. www.nongnia.blogspot.com

*** ئەو کۆتوبەندو حاڵەتانەی وادەکات دوودیویی هەبێت:

١- هەبوون یان هەژمونی بابەت و وێژەوانییەکان لەناو زماندا، کە بە زمانی خەڵکە گشتییەکە نوسراوە، یاخود چونیەکبێت لەگەڵیاندا.

(ب)

- وتاری کلێسا، مزگەوت
- لێدوانی ڕامیاری
- وانەی زانکۆ
- پرۆگرامی خوێندن
- بلاّوبونەوەی هەواڵ

(ن)

- پێدانی زانیاری بە کەسانی وەك کرێکار
- نامەی کەسی
- درامای ڕادیۆیی
- سەردێڕ یان کۆمێنتدان لەسەر بابەتە ڕامیارییە تەنزئامێزەکان ( کاریکاتێری ڕامیاری) و ئەدەبی فۆلکلۆر

(Ferguson) باس لە نۆ بابەتی دوودیویی دەکات، کە بریتین لە[١٦٦]: ١- ئەرك ( بەپێی شوێنی ئاخاوتن) ٢- پلەو پایە ( بەپێی کەس و شوێن) ٣- کەلەپوری ئەدەبی ٤- وەرگرتن ( شێوازی بەرز لەلایەن فێربوون و شێوازی نزم لەلایەن خێزان و هاوڕێ) ٥- بەستانداردکردن (شێوازی بەرز دەبێتە بنەمای ستانداردکردن) ٦- جێگیریی ٧- ڕێزمان ٨- فەرهەنگ ٩- فۆنۆلۆجی.

بە کورتی دیاردەی بەکارهێنانی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بە دیاردەی دوودیویی ناسێنراوە، وەك ئاخاوتن لە پەروەردەداو ئاخاوتنی ڕۆژانە، لە پرۆسەی پەروەردەدا گرنگی بە شێوازی بەرز دەدرێت و قوتابییان لەسەر بەکارهێنانی ئەم شێوازە ڕادەهێنرێن، چونکە زمانی نوسینی پرۆگرام ستانداردەو شێوازی بەرزیش بەکارهێنانی زمانی ستانداردە، ئەمەش وادەکات کە پەروەردە ببێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ پەرەدان بە زمانی ستانداردو بەرزکردنەوەی ئاستی شێوازی ئاخاوتنی قوتابی.

٤- فرەدوودیویی Polyglossia : بریتییە لە پێکەوە ژیانی چەند زمانێك لە هەمان ڕوبەر لەناو کۆمەڵیەکدا، یاخود پێکەوە بەکاربردنی فرە زمانیە لە لایەن هەمان ئاخێوەرو لە هەمان کۆمەڵدا، کە لە ئەرکی جیاوازدا بەکاردێن، کە سێ یان زیاتر جۆری زمان دەگرێتەوە، کە زمانەکان لە سیستەمی بەهای زمانی و نەریتی باودا هاوبەشن[١٦٧].پۆلیگلۆسیا لە بنەڕەتدا دوو هەمەجۆری/جۆراوجۆری ( بالاّو نزم) لەخۆدەگرێت، کە بەگشتی ئاماژە بە

---

٢- سنوردارکردنی لێهاتویی ئاخاوتن و خوێندنەوەو نوسین بۆ دەستەبژێرێك لە خەڵکی یان قۆرخکردنی بۆ چینێکی تایبەت.

٣- هەر هۆکارێك ببێتە هۆی سەرهەڵدان و بنیاتنانی هۆکاری (١) و (٢).

هەڵوێستی ئاخێوەرانی (ب)و (ن)

١- (ب) وا دانراوە کە لە لوتکەدا بێت و بەرزترو بالاّتر دەرکەوێت، وەك لە (ن)و ئەمەش وایکردوە، کە بونی (ن) فەرامۆشبکرێت.

٢- وەك لە پێڕەوی پەروەردەی عەرەبدا بەکارهێنانی (ن) هەموو جۆرەکانی زمانی عەرەبی فەرامۆشکردوە( جگە لە میصر).

٣- لەو بڕوایەدان کە کۆمەڵەی جۆری (ب) زیاتر لۆجیکی و ناسکترو ئیستاتیکیای زۆرترەو باشتر دەتوانێت دەربڕی بڕە گرنگەکان بێت، بە واتایەکی تر باشتر وێنە ئاوەزییەکان بنەخشێنێت. www.academia.edu/Diglossia_in_the_Arab_World

[١٦٦] www.nongnia.blogspot.com/٢٠١٣

[١٦٧] www.nongnia.blogspot.com/٢٠١٣

بەکارهێنانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵێەك دەدەن، تێکەڵکردنی کۆد ( زمان، دیالێکت، شێواز) کە بزواندنی کۆدێکە بۆ کۆدێکی تر[168].

٥- کۆدی ڕێپێدراو code crossing: لە دەرەوەی دیاردەی کۆمەڵیە، کە جیاکردنەوەی نێوان قسەکەرو زانیاری کۆد لەخۆدەگرێت، بریتییە لە بەکارهێنانی کۆدی زمانی دوەم، کە حاڵەتێکی ناچاربونە، وەك لە حاڵەتی پەسەندکردن و ڕازایبون دەبینرێت. کۆدی ڕێپێدراو لە سروشتی ئاسایی کۆمەڵدا بە ئاسانی بەدەستنایەت، تایبەتمەندی هەمیشەیی بە واتای myers-scotton هەڵدەگرێت[169].

٦- کۆد - گۆڕین code – changing: گواستنەوەی کۆزانیاری لە زمانێك بۆ زمانێکی تر، بە هاندانی هۆکاری کاتی و شێواز، سروشتی بەئاگایی و گۆڕینی نێوان دوزمان دوپاتدەکاتەوە[170].

٧- tag - switching: ئەوەیە کەوشەیەك لە زمانێك پێچەوانەی زمانێکی ترە[171].

٨- جێکردنەوە Accommodation: پرۆسەیەکە کە بەشداری لە گفتوگۆو ڕێکخستنی شێوەزارو شێوازی ئاخاوتن بەگوێرەی بەشداریکردن لە گفتوگۆدا ڕێکدەخات و جۆرێك زمان هەڵدەبژێرێت، کە بەپێی شوێنی پەیوەندیگرتنەکە بێت، تا لەگەڵ قسەکەری دیکەدا بگونجێت.

٩- کۆدی سنوردار ( restricted code)و کۆدی فراوانکراو ( elaborated code): کۆدی سنوردارو فراوانکراو، ئاماژە بە دوو جۆری یان کۆدی بەکارهێنانی زمان دەکەن، وەك بەشێکی تیۆری گشتی لە سروشتی پێڕەوی کۆمەڵایەتی و یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەبینرێن. کۆدی فراوانکراو بەکاردەهێنرێت لە فۆرمەڵە پەیوەندیدارەکان و بارودۆخە پەروەردەییەکان، ڕێگەدان بە ئاخێوەران لە بەکارهێنانی بەرپرسانەو داهێنانکارانە لە دەربڕدراوەکانیانداو بەکارهێنانی پلەبەندی جێگرەوە زمانەوانییەکان، ئەم چەشنە بە تایبەتمەندی وەك ڕستیلە پەیوەندییەکان و ئاوەڵناو و جێناوەکان، وەك خاوەندارێتی جیادەکرێنەوە، دارشتنی ڕستەی ئاڵۆزو لادانی زمانی ئاشکرا دیارە، بە پێچەوانەی ئەمەوە کۆدی سنوردار وا دانراوە، کە لە بارودۆخە نافەرمییە پەیوەستدارەکان بەکاربهێنرێت، کە جەخت لە ئەندامبونی ئاخێوەر لە کۆمەڵی ئاخاوتن دەکاتەوە، لەگەڵ پشتبەستن بە چوارچێوەی مەبەستی وتنەکە، کە کەمتر گوێ بە شێواز دەدرێت، لە ڕوی زمانەوانییەوە بە شێوەیەکی زۆر وەك جێناوەکان، نیشانەی پرسیار، بەکارهێنانی ئاماژەو چۆنیەتی دەربڕین بۆ گەیاندنی واتا، زیاتر وشەی ئاسایی و دەستەواژەی دوبارەو جێناوەکان بەکاردەهێنرێن، پەیوەستکردنی ئەم کۆدانە لەگەڵ پێشینەی جۆری پۆلە یان چینە کۆمەڵایەتییەکاندایەو ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی پەروەردەییداو لە ژینگەی پەروەردەییەکاندا دیاریکراوە[172]، لادانی زمانی لە کۆدی سنورداردا ڕێگری لێدەکرێت، کۆدی سنوردار کەمتر فەرمییە، بۆنموونە[173]:

٨- تۆ دەزانیت، تۆ دەزانیت چیم مەبەستە، ڕاستە، نا بیرناکەیتەوە.

---

[168] M.Espinosa (٢٠١٢)

[169] بڕوانە (١٢١ :٢٠١٠ ) N. H. Hornberger and S. L. Mckay

[170] www. Nongnia blogspot. com

[171] هەمان سەرچاوە

[172] T. McARTHUR(١٩٨٠)

[173] ١- En. Wikipedia.org, ٢- Aggslanguage.wordpress.com

کۆدی فراوانکراو ئەم کۆدە لە بارودۆخی ڕەسمیدا بەکاردەهێنرێت، ڕێگە بە تاك دەدات تا بەشێوەیەکی گونجاو و داهێنان لە دەربڕینییاندا بکەن و پشت بە چوارچێوەی دەرەوەو ئاڵۆزی و ڕیزبەندی و سەربەخۆیی دەربڕین ببەستن[174].
بە پێی (Atherton ٢٠٠٢) ( لە کۆدی فراوانکراو هەمو شتێك ڕونە، نەك لەبەرئەوەی باشترینە، بەڵکو چونکە زۆر پێویستە کە دەکرێت کۆمەڵ تێبگەیەنرێت، لەبەرئەوەی بارودۆخی ئاخێوەر ڕێ بە قوڵکردنەوەی ئاخاوتن نادات.)، کۆدی فراوانکراو تەواوو پڕاوپڕو وردەکارە، لە هەمو گفتوگۆیەکدا دەبێت بەتوانا بێت تا تێبگەیت، کە وشەی نابـاوو بیر بەکاردەهێنرێت، بیرەکە پێویستی بە کۆزانیاری پێشتر نییە لای گوێگر، کە زیاتر پەیوەندی لۆجیکی بایەخی پێدەدرێت، ئەم کۆدە بەکارهێنانی ڕاستی و حەقیقەت و بیری ئەبستراکت دەگوێزێتەوە[175].
کۆدی سنوردار شێوازێکی بەکارهێنانی زمانە پەیوەندیدارە لەگەڵ بارودۆخی نارەسمی، پشت بە چوارچێوەی دەرەوەیی و کۆزانیاری هاوبەش و شارەزایی دەبەستێت، لە پرۆسەی واتا گەیاندندا[176]. کە تایبەتمەندی خەڵکی چینی کرێکارە. ئەم کۆدە ئاشکراو ڕونترەو گشتگیرترە، لەناو کۆدی سنورداردا قسەکەر پشت بە کۆزانیاری پێشینەو لێکتێگەیشتنی هاوبەش دەبەستێت، ئەم جۆرە کۆدە هەستی گشتی و هەڵوێست دەگوێزێتەوە، لەگەڵ هەست بە ئەندامێتی کۆمەڵی دیاریکراوو دۆزینەوەی هاوڕێ و گروپی تر لەناو کۆمەڵی نارەسمی تردا. سروشتی خێزان، گروپی هاوتەمەن، قوتابخانە، کار ... کاریگەرییان لەسەر سیستەمی ئەم کۆدە هەیە، کە چینی کرێکار حەز بە بەکارهێنانی کۆدی سنوردار دەکەن و چینی ناوەندیش هەردوو کۆدی سنوردارو فراوانکراو بەکاردەهێنن.
(Bernstein١٩٧٤) [177]خەملاندنێکی تایبەتی لە پێکهێنانی جیاوازی زمانی بە گوێرەی پۆل کرد، کە بریتی بوو لە (کۆدی سنوردار، کۆدی فراوانکراو)، کە کۆدی پەرەپێدراو/فراوانکراو زیاتر تایبەتمەندی قوتابییەکان لە پێشینەی بەکارهێنانی زمان لەخۆدەگرێت، کە زۆر لە زمانەوانە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەمەریکاو بەریتانیا لەم دابەشکردنی کۆدە کۆکنەبون، (Bernstein) باس لەوە دەکات، کە دیالێکتی جیاواز کار لە شێوازی بەکارهێنانی جیاواز دەکات، بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئامرازەکان بەکاردێن لەگەڵ کرداردا وەك:

٩- he is my uncle

بەلاّم ئەمەریکییە ڕەشپێستەکان ئەم ئامرازە دەسڕنەوە، بۆنموونە:

١٠- he my uncle

بەلاّم ئەگەر لە کۆتایی ڕستەکەدا بوو ئەم ئامرازانە ناسڕێتەوە، وەك:

١١- how smart you are

لە زمانی کوردیشدا شێوەزاری جیاواز کار لە بەکارهێنانی زمان دەکەن، بۆنموونە لە شێوەزاری ناوچەی گەرمیاندا لە بەکارهێنانی فرێزی دیارخەریدا ئامرازی خستنەسەر بەکارناهێنن، بۆنموونە:

١٢- کچی خاڵ　　شێوەزاری سلێمانی

١٣- کچ خاڵ　　شێوەزاری گەرمیان

١٤- کناچێوە زیرەکە　شێوەزاری هەورامی

---

[174] www.wncyclopedia.com
[175] Aggslanguage.wordpress.com
[176] Dictionary. Reference.com/browse
[177] بڕوانە B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨;٧٧)

لە نووسینی پرۆگرامی خوێندندا پێویستە گرنگی بە زمانی ستاندار بدرێت، بۆ پاراستن و بـەرەودان بـە زمانەکـە لای قوتابی، بە تایبەت دەبێت ئاگاداری مەترسییەکان بین بۆ سەر زمانی پەروەردەیی، چ مەترسی نـاوەکی بێـت، وەك ( فرەدیالێکت و زار لە خوێندنداو تێکشکاندنی یاسـاو ڕێـساو...) ، چ مەترسـی دەرەکـیش بێـت، وەك ( خوێنـدنی جوتزمانی لەسەرەتای قۆناغی بنەڕەتی، یان بە بێ دانانی پلان بۆ جوتزمانی لـە قۆناغـەکانی دواتـردا)، لەبەرئـەوە سەربەخۆیی زمانی هاوتایە بە سەربەخۆیی ڕامیاری و کۆمەلایەتی و... ، بۆ ئەمانەش گرنگە زمانی پەروەردەیی بە شێوازێکی بەرز دابڕێژرێت و بە کۆدی فراوانکراو واتاکان بنوێنرێن و تا بە هۆیـەوە ئاسـتێکی بـەرزی بـەکارهێنانی زمـانی و پەروەردەیـەکی دروسـت، کـە هۆکـار بێـت بـۆ پتـەوکردنی یـەکڕیزی تاکـەکانی کۆمـەڵ و سـەرلەنوێ جەمکردنەوەیان نەك بە پێچەوانەوە لێکترازان و بەشبەشکردنیان.

## ٣-٢/٢) پلاندانانی زمانی و سیاسەتی زمانی

پلاندانانی زمانی* و سیاسەتی زمان دەتوانین پێناسەی بکەین، وەك تۆڕێکی چالاکی تێکەڵ بەکاردەبرێن، کـە (( لـە هەردوو ئاستی کۆمەلایەتی و ئاستی سیاسیدا بە دەستنیشانکردنی وەك زمـانێکی ڕەسمـی ( حاڵـەتی پلانـدانان) و هێشتنەوەی زمانی (وەرگرتنی پلاندانان))، لە ئاستی زمانەوانی بە چۆنیەتی یاسادانان و ڕێکخـستنی فەرهـەنگی و سینتاکسی (کەرەستەی پلاندانان) بەکاردەخرێن.[١٧٨] ))، بە واتا لە ئاستی سیاسیدا بڕیار لە دەستنیشانکردنی زمـان دەدرێت و کۆمەڵ هەوڵی هێشتنەوەو وەرگرتنی زمانی بڕیاردراو دەدەن و بەکاریدەهێنن و بلاودەبێتەوە، زمانـەوان و شارەزایان یاساو سیستەمی زمان دادەڕێژن و فەرهەنگەکەی ڕێکدەخەن. پلاندانانی زمان بریتییە لە (( پرۆسەیەك، کە ئامانجی بەکارهێنانی کاریگەرییانەی زمانە لە چوارچێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵدا، بە ڕونی حکومەت پێی هەڵدەستێت و بایەخی پێدەدات، واتا ئاماژە بە کۆمەڵێك بیرۆکەو بیروباوەڕو یاساو ڕێنمایی، وەك پڕاکتیکی زمـان، کـە بڕیـار بـۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵیەك یان حوکمرانی دەدات.[١٧٩] ))، پلانـدانانی زمـانی و سیاسـەتی زمـان هۆکارێـك دەبێـت بـۆ ڕێکخستنی فەرهەنگی زمان و یاسادانان و جێبەجێکردنیەتی لەناو کۆمەڵدا.
پلانی زمانی پەیوەندی گۆڕانی زمان و کاریگەری لە هەڵوێستی قسەکەرو ڕەفتاردا دیاریـدەکات، بڕیـار لـە زمـانی پەروەردەیی و بەکارهێنانی دەدات، بەوەی کە هەوڵدەدات لەنێو شێوەزارو زمانە جیاوازەکاندا زمانێك هەڵبـژێرێت و بیکاتە بنەماو بنچینەی زمانی ستانداردی ولات و لە هەموو بوارە فەرمییەکانی ناوچەکەدا بەکاربهێنرێت، بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا، چونکە پەروەردە بنـەمای پاراسـتن و گەشـەکردن و جێبـەجێکردنی دانـانی پلانـی زمـانیی و بلاوبونەوەیەتی، لەم ڕێگایەشەوە شێوەی خوێندنەوەو دەربڕین و شـێوازی دروستنوسـین دیاریـدەکرێت. بـەم پێیـەش دەتوانین بڵێین، کە پلاندانانی زمانی بۆ چارەسەری کێشەی زمانی پەیدابوە، کە دەکرێـت دانـانی زمـانێکی گونجـاوو هەڵبژاردنی بەپێی چەند بنەماو ڕیزبەندییەك بێت، کە بتوانرێـت بڕیـارێکی دروسـت بـۆ زمـان بهێنرێتـە دی، وەك

* پلاندانانی زمانی پلانێکە، بۆ بـەڕێوەبردنی زمـانی و پاراسـتن و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زمـان، بـەپێی Krishamurti ئامـاژە بـە هـەوڵی ڕێکخراوەیی و بەئاگایی لەلایەن حکومەت و لیژنەو تاك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمان لە ئاستی نەتەوەییـدا دەدات، دەبێـت زمـانی پڕۆگـرام و ڕاگەیاندن و ستاندارد و... یەکبن، هەرچەندە کۆمەڵێکی گەورە لە بلاوکراوە لە پلاندانانی زمانی هەیە، بەلام کێشەی زمان بۆ زمانی تاك و گروپـی زمانی لەناو جیاوازی ولات و نەتەوەدا پەرەیسەند، www.prr.hec.gov.pk/chapters

[١٧٨] ١-D. Redinger(٢٠١٠:٩٥,٩٧),٢- A.Donakey (٢٠٠٧: ١٥)

[١٧٩] A.Donakey (٢٠٠٧: ١٠)

بەکارهێنانی ئـەم هەنگاوانـە[١٨٠]: ١- دیـاریکردنی کێـشە ( پـشکنینی ڕاسـتی و دیـاریکردنی کێـشە سـەرەکی و لاوەکییەکانی زمان ) ٢- دیاریکردنی ئامانج ( ئامانج لە دانـانی ئـەم پلانـە زمانییـەو دیـاریکردنی چـییە؟) ٣- شـیکردنەوەی تێـچون و بەخشـشەکان ٤- جێبـەجێکردن ٥- هەڵـسەنگاندن ( بـەراوردکردن و پێـشبینیکردن بـۆ دەرئەنجامی ڕاستەقینە). ئەم هەنگاوانەش کاریگەری گرنگی دەبێت بۆ بڕیاردان لەسەر نوسـینی زمـانی پرۆگـرام و جێبەجێکردنی زمانی ستانداردو دروستنوسین و خوێندنەوە، بەمەش کێشەی کۆدگۆڕینەوە لە پڕۆگرامدا دروستنابێت، یەك کۆدی فەرمی بەکاردەهێنرێت.

سێ بنەما دەربارەی پلاندانانی زمانی دیاریکراون، کە بریتین لە: (حاڵەتی پلاندانان، کەرەستەی پلاندانان، پلاندانانی وەرگرتن):

١- حاڵەتی پلاندانان status planning : بریتییە لە بنەمای کۆمەڵایەتی زمان، کە (( ئاماژە بەو دەوروبـەرە دەکـات، کـە زمـانی تێـدا بـەکاردەهێنرێت، وەك زمانێـك، کـە بریتییـە لـە (زمـانی فـەرمی).))[١٨١]، کـە وەك دەستنیشانکردن دەربارەی بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە، (( واتا مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵی زمان لەناو کۆمەڵدا دەکـات، کە مەبەست لە خودی پلاندانانە، بە مەبەستی بڕیاردان دێت بۆ جەختکردنەوە لە زمانەکە لەناو خودی ئەرکەکانی و مەودای دەسەڵاتدارییەکەیدا، یان بە مەبەستی ناساندنی زمانێکی نوێ دێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئـەرك و مــەودا دەسەڵاتدارییانە، بێگومان ئەم جۆرە بڕیاردانە لەسەر ئاستێکی بەرزی سیاسی و یاسایی تەرخانکراو دەدرێت، بەمەش پلانەکـە دادەڕێــژرێت بــە مەبەســتی لایــەنگیریکردنی زمانەکــە وەك ( زمــانی نەتــەوەیی (national language[١٨٢])). بەم پێیە حاڵەتی پلاندانان بڕیارو دیاریکردنی زمان و دوپاتکردنەوەی ئەرکەکانی زمانـە، کـە دەستنیشانکردن و بەرجەستەکردنی زمانی دیارکراوە لەناو کۆمەڵدا.

٢- کەرەستەی پلاندانان corpus planning: بریتییە لە گۆڕین یان سەپاندنی ڕێنوسی دیاریکراو، سـینتاکس، فەرهەنگ، مۆفۆلۆجی، شێوەی خوێندنەوەو چۆنیەتی دەربڕین، کە چـالاکییەکانی وەك دروسـتکردنی زاراوەی نـوێ، چاککردن و ڕاستکردنەوەی ڕێنوس یان هەڵبژاردنی لەناو ئاخاوتن یان کۆدی نوسیندا لەخۆدەگرێت[١٨٣]. واتا دەربارەی ناوخۆی زمانە، کە مامەڵە لەگەڵ زمان خۆیدا دەکات، جەخت لەسەر شێوەو دروستەی زمان دەکاتەوە، کە دەکرێت بە لێکسیك و دروستەو بەشێك لە فۆنۆلۆجی پێناسە بکرێت، یان ((دروستەی زمانێکە، کۆکردنەوەی زانیـاری زانـستی زمان کە بۆ توێژینەوەو فێرکردن بەکاردێت[١٨٤])), لە ئەنجامی گـۆڕانی بـەردەوامی زمانـدا هەوڵـدان بـۆ پاراسـتن و پێشخستن و پەرەپێدانی فەرهەنگی زمان، ڕێکخستن و گونجاندنی لەگەڵ بەرەوپێشچونەکانی سـەردەم و گۆڕانەکانـدا، ئەمەش بە چالاککردنی زمان و دەستنیشانکردنی ڕێنوسی زمان و ستانداردکردنی دەبێت، کە دەکرێت داهێنانی نوێ، گۆڕینی ئێستا، سیستەمی نوسین، یان بەستنەوەی لیستی سیستەمی نوسین لەگەڵ دەرەوە بگرێتەوە، بە واتـا کـاری کەرەستەی پلاندانان پاراستنی زمانە ( لە چونە ناو زاراوەی زانستی و تەکنیکی)، یان پاراستنی ستانداردی ڕێنوسی

---

[١٨٠] N. H. Hornberger and S. Lee Mckay (٢٠١٠: ١٥١)
[١٨١] A.Donakey (٢٠٠٧: ١٠)
[١٨٢] کاروان عومەر قادر( ٢٠١٤: ٥١)
[١٨٣] ١- www.prr.hec.gov.pk/chapters, ٢- A.Donakey (٢٠٠٧: ١١)
[١٨٤] www.grammer.about.com

ئەلف و بێیە، گەشەپێدانی زاراوە لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ بە هاندانی حوکمەت* بۆ هێنانەدی ئامانجی نیشتمانی و دوبارە دروستکردنەوەی یان چاککردنی زمان لە لەناوچون...[185])، کەرەستەی پلاندانان هەوڵی یەکخستنی بابەت دەدات، جۆری ستانداردی pidgin and creole p/c هەڵدەبژێرێت تا بەکاربهێنرێت بۆ ئەرکی فراوانترو گەشەکردنی سیستەمی نوسین لە بە هێماکردندا، لەم پەیوەندارییەدا بژاردەی دروستنوسین (ئۆرسۆگرافی)**، دیاریکراوە.

٣- پلاندانانی وەرگرتن acquisition planning : پلاندانانی وەرگرتن بە ( سیاسەتی پەروەردەی زمانی) یش دەناسرێت، کە بریتییە لە ((دروستکردنی سیاسەتی زمان، کە بڕیار دەربارەی فێرکردن و بەکارهێنانی زمان لەخۆدەگرێت، بۆ بەهێزکردنی ڕێسایی بەئاگایی و ڕێبەرێتیکردن.[186])) بە واتا پلاندانانی وەرگرتن دەربارەی بەکارهێنەری زمانە، بەشێوەیەکی ئاسایی باسی سیاسەتی فێرکردنی زمان دەکات، کە پەیوەندیدارە لەگەڵ دابەشکردنی زماندا، کە دەتوانێت دەرفەتی ئامادەکردن بۆ بەکارهێنانی زمانی دیاریکراوو زیادکردنی ژمارەی بەکاربەر لەخۆبگرێت، کە پەیوەستە بە جێبەجێکردن و پراکتیزەکردنی حاڵەتی پلاندانان و کەرەستەی پلاندانان، زمانێکی دیاریکراو ڕۆڵی سەرەکی لە ژیانی گشتیدا دەبینێت، (( زانستی زمانی کارەکی و زانستی زمانی پەروەردەیی وایدەبینن، کە یەکەم قۆناغی دەستپێکردنی پرۆسەی خوێندن ئەو کاتەیە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەگشتی بڕیاردەدەن، کە ئایا چ سیاسەتێك یان ئایدۆلۆژیایەك هەڵبژێردریت کە بکرێتە بنەما بۆ پرۆگرامی خوێندن، ئەمەش بە پێی باکگراوندی سیاسی دارشتنی فەلسەفەی پەروەردەیی دیاریدەکرێت، ئەم دارشتنەش دەبێت لەگەڵ تواناو دەسەلاتی کۆمەڵو واقعیدا بگونجێت، کە هەیە نەك بە پێچەوانەوە، لەهەمانکاتدا بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی

---

* ئەم ئەرکەش لە ڕێگەی حکومەتەوە دەخرێتە ئەستۆی دامەزراوەیەك پلاندانانی زمانی نەتەوەیی ڕۆڵی ئەم دامەزراوەیەش جیاوازە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی نەتەوەکە، بۆنموونە ئەگەر نەتەوەکە زمانی نوسراوی نەبو ئەوا لەم ئاستەدا زمانێکی گوتراو spoken language وەردەگیرێت، بە مەبەستی دروستکردنی فۆرمێکی نوسراو و دواتر هەوڵدان بۆ کردنی بە زمانی نەتەوەیی، بەلاّم ئەگەر خاوەنی زمانێکی نوسراو بوو،ئەوا لەم کاتەدا ئاژانسەکەتەنها کاردەکات بۆ بونی ئەم زمانە بە زمانی نەتەوەیی، جگە لە هەوڵدان بۆ پاراستنی زمانەکە لە هەڕەشەی کاڵبونەوە و کۆنبون،ئەمەش لەڕێی دۆزینەوەی وشەی نوێ بۆ سەرجەم ئەو چەمك و تەکنەلۆجیا نوێیەی دێتە ناو زمانەکەوە. کاروان عومەر قادر (٢٠١٤:٥١-٥٢)

[185] بڕوانە (Daniel Redinger(٢٠١٠:٩٤ -٢، (N. H. Hornberger and S. Lee Mckay (٢٠١٠: ١٤٧ -١

** بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر دروستنوسین لە pidgin and creole p/c دا بەکاردێت:

١. دروستنوسین ئیتمۆلۆژی etymological orthography: لەسەر بنەمای ئاسایی فەرهەنگی زمانی، دروستنوسین ئیتمۆلۆژی هەندێك تایبەتمەندی زمانەوانی جیادەکاتەوە، بەتایبەت شێوەی خوێندنەوەی دەنگی وشەکان، ( بۆنموونە Hawaii creol گفتوگۆ لەگەڵ پیاوی بەتەمەندا کرد، بۆ پاراستنی نێواندژییەك، کە فۆڕمی مێژویی و چۆنیەتی دەربڕین لەناو فەرهەنگی زمانی.)، کە جۆری گۆڕین دەگرێتەوە.

٢. دروستنوسین فۆنیمی phonemic orthography: لەسەر بنەمای دەنگ ڕوودەدات بە بێ ئاماژەدان بە فەرهەنگ، زانینی سیستەمی نوسینی دروستنوسین فۆنیمی ئاسانترە بۆ فێربوون بەهۆی هاوئاهەنگی لەگەڵ پیتی هەر دەنگێك، چونکە خوێنەری نوێ، دەنگ لەلایەن دەنگەوە دەزانێت، هەندێکجار دوو پیتی بۆ یەك فۆنە( وەك sh لە زمانی ئینگلیزیدا)، ئەم دروستنوسینە بۆ پلاندانانی زمانی دەردەکەوێت، بە ئامانجی گەیشتن و سەربەخۆیی pidgin and creole p/c دیدەنی بکات، ئەم سیستەمە شیاوترە، ئەگەر p/c بۆ فێرکردنی خوێندەواری سەرەتایی بەکاربهێنرێت. N. H. Hornberger and S. Lee Mckay (٢٠١٠: ٢٤٣-٢٤٤)

[186] www.prr.hec.gov.pk/chapters

زمانی خوێندن خاڵی سەرەکی دەستپێکردنی دارشتنی پرۆگرامە، دواتر لە لایەن پسپۆرو شارەزایانەوە پرۆگرام دادەرێژرێت و رێنمایی دەردەکرێت بۆ مامۆستایان کە بتوانن بە بێ زیادو کەم پرۆگرامەکە بە قوتابییان بگەیەنن.[187]))، بەگشتی حکومەت و وەزارەتی پەروەردە بەرپرسن و دەبێت خزمەتی پلان و سیاسەتی پەروەردەیی گشتی و سیاسەتی زمانی بە تایبەت بکەن، پارێزگاری لێبکەن و لە هەمانکاتیشدا پەرەیپێبدەن، تا بنەماو بناغەی زمان لە پرۆگرامی خوێندندا بچەسپێت و دیاریبکرێت.

### ٤-٢/٢) توانستی پەیوەندیکردن

Hockett دەڵێت" ئاخاوتنی کۆمەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەن، کە بە رێگای راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، لە رێگای ئەو زمانە باوەی کە لەنێوانیاندا هەیە پەیوەندیدەگرن"[188]))، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئاخاوتن و هونەری دەربڕین چالاکییەکی کۆمەلایەتییە، بەکارهێنانی کۆمەڵێك کۆدو یاساو بنەمای زمانییە، کە دوو کەس یان زیاتر گفتوگۆی پێدەکەن و لێکتێگەیشتن دێتە ئاراوە، بەگشتی بەستنەوەی مرۆڤەکان و رێکخستنی کارکردنی نێوان تاکەکانە، کە بەهۆی کۆمەڵێك هێمای ئاخاوتن هاوبەشی نێوانیان دروستدەبێت، جیاوازی ئەم کۆمەڵە لە کۆمەڵێکی تر بە جیاوازی تەواوی بەکارهێنانی زمانە، ئاخاوتنی تاکەکان تەنها هاوبەشی زمان و زار نییە لەنێوانیاندا بەڵکو هاوبەشی کلتورو رۆشنبیری و نیشتەجێبون و پیشەو ...تاد.




پەیوەندی نێوان زمان و کلتورو ئاخاوتن هێڵکاری (٢٠)[189]

بەواتە رێگای ئاخاوتنی تاك دوو لایەنەیە، لەلایەك پەیوەستە بە زمان و ئەو یاسا زمانیانەوە کە هەیە، لەلایەکی تر پەیوەستە بەو کلتورەی لە کۆمەڵدا هەیە، کە کاریگەری لەسەر واتای وشەو شێوازی ئاخاوتن و رەفتاری تاکەوە هەیە، کە ئەمەش هونەری دەربڕین پێکدەهێنێت، واتا بە هەڵبژاردنی ئەو شێوازو وشەو دەربڕینانەی، کە کۆمەڵ رێگەی پێداوە، تاك بە ویستی خۆی وشەو دەستەواژەکان هەڵدەبژێرێت، هونەری دەربڕین لە ئاخاوتندا رۆڵی گرنگی لە تایبەتمەندی کەسایەتی و کۆمەلایەتی تاکدا دەبینێت، کە لە شێوەی رێزلێنان و شێوازی ئاخاوتنی گونجاو بە پێی کات و شوێنی جیاوازو نواندن و هەڵسەنگاندنی هەمەجۆری دیاردەو رووداوەکاندا خۆیدەبینێتەوە، کە بە لێهاتویی و توانای تاکەوە پەیوەستە. بە چەند رێگایەك دەتوانرێت قوتابی فێری هونەری دەربڕین بکرێت، کە بریتین لە[190]:

---

[187] کاروان عومەر قادر، چاوپێکەوتن ( ٢٠١٥/٥/١٨)

[188] هدسن، و. محمود عبدالغنی عیاد ( ١٩٨٧: ٥٣)

[189] هەمان سەرچاوە ( ١٩٨٧: ١٤٨)

[190] بڕوانە www.educationsctland.gov.uk

١. بەهرەمەندی و دەربڕینی خودی بە ڕێگای جیاواز، لە ڕێگەی ئاخاوتنی ناو پۆل و دانانی پرۆگرام بە شێوازێك کە قوتابی بە شێوازەکانی ئاخاوتن ئاشنا بکات.
٢. شارەزایی و بەشداریکردنی قوتابییان لە ڕێگەی کارکردنی توانای داهێنانی دەربڕین و پیشاندانی شێوازی گونجاو.
٣. پەرەدان بە شارەزایی و کۆزانیاری قوتابی.
٤. گەشەپێدانی ڕۆشنبیری و بەهاو ناسنامەو بیرۆکە لای قوتابی.
٥. قوتابی بۆ فێربوونی پێشکەوتو پیشەی ئایندەی ئامادەبکرێت.
٦. پەرەسەندنی هۆشیاری کلتوری هاوچەرخ و بەرزکردنەوەی.

کۆزانیاری بەهۆی یەکە زمانییەکانەوە ( هێماو داتا) بە قوتابی دەگەیەنرێت، کە پێویستە لەناو پرۆگرامی خوێندندا کار بۆ دەرخستن و پیشاندانی بنەماو یاسا زمانییەکان بکرێت، یەکەی زمانی ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتییە، ئاخاوتنی تاکیش لەم یەکانە پێکدێت، سێ جۆر جیاوازی زمانی هەیە، کە دەبێتە یەکێك لە هۆیەکانی جیاوازی کۆمەڵایەتی[191]: ١- جیاوازی خودی: لە هەندێك کۆمەڵ خەڵك پۆلێندەکرێت بەپێی پلەی زیرەکی و ژیری و ڕەسەنی و هەندێك سیفاتی تر بەگوێرەی شێوازی قسەکردنی. ٢- جیاوازی زمانەوانی: بەستنەوەی بە یەکەی زمانی کە تاك دەیزانێت. ٣- جیاوازی پەیوەندیکردن : کە پەیوەستە بە توانای لێهاتویی و کۆزانیاری، کە بە بەکارهێنانی ئاخاوتنەوە پەیوەستە.

فێربوونی زمانی کۆمەڵایەتی مەبەستێکی گرنگی پرۆسەی پەروەردەکردنە[192*]، زۆرجار قوتابی توشی گرفتی زمانیماڵەوەو زمانی ئاخاوتنی قوتابخانە دەبێت، کە گرفتێکی سروشتیە لە ئەنجامی بونی ئەکسێنتی جیاوازو کلتوریی جیاوازی قوتابی لە ماڵ و قوتابخانە دروستدەبێت، پێویستە لە پرۆسەی پەروەردەدا بەشێوەیەکی ئاسایی و لەسەرخۆ بە ڕاهێنان و فێرکردن قوتابی فێری زمانی ستانداردو قوتابخانە بکرێت، تا قوتابی توشی ئاڵۆزی و سەرلێتێکچون نەبێت، بۆیە گرنگیدان بە زمانی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی پتەو دەرەخسێنێت بۆ چارەسەری ئەم گرفتانە، بە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئەو وشەو دەستەواژەو بابەتانەی، کە دەبێتە هۆی ناساندن و ئاشناکردنی قوتابی بە زمانی ستانداردو کۆمەڵایەتی، بە وروژاندنی وشەکان و ڕێدان بە گفتوگۆکردن و دەرخستنی کەسایەتی و دەربڕینەکانیان و ڕاهێنان و پاداشتدان و هاندان بە ڕێگای شاراوەو ئاشکرا، بە فێرکردنی زمان و هەڵبژاردنی وشەو پرسیارکردن دەبێت، لێرەشەوە مامۆستا دەچێتە ناو کۆمەڵی قوتابی و زانیاری دەربارەی ڕەفتارو چۆنیەتی ئاخاوتنی قوتابی وەردەگرێت.

---

[191] هدسن، و. محمود عبدالغنی عیاد ( ١٩٨٧: ٣٢١)

* مامۆستا بەردەوام کارلێك لەگەڵ قوتابیدا دەکات و پەیوەندی و چۆنیتی پێڕەوی ستاندارد دەسەپێنێت، ئاخاوتنی مامۆستا کاریگەری لەسەر خوێندنەوەو نوسینی قوتابی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا فێرکردنی چۆنیەتی دەربڕین گرنگە، کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەسەر سێ بنەما دەبێت: ١- فێرکردنی چۆنیەتی دەربڕین و ئاوازی دەنگ لە دەوروبەرو هاوشان لەگەڵ لێهاتویی ئاخاوتن. ٢- شێوەی خوێندنەوەو دەنگی وشەکان و چۆنیەتی دەربڕینی فراوان فێردەکرێت بە مەبەستی خزمەتکردنی پەیوەندیکردن. ٣- فێرکردنی چۆنیەتی دەربڕین و ئاوازی دەنگ لەسەر بنەمای ڕاستەقینە لە بەرانبەر مۆدێلی idealistic. www.wikipeda.org

توانستی پەیوەندیگرتن (( کۆزانیاری قسەکەرە لەهەردوو یاسای ڕێزمانی زمان و یاسای بەکارهێنانی زمانی لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا[193] ))، بەواتا توانای هەڵبژاردنی ئاخاوتن لە پەیوەندیگرتنی کۆمەڵایەتی لەکاتی پێویست و دیاریکراودا، کە بە ئامانجی بەدەستهێنانی پەیوەندی لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵدا[194]، لەسەرەتای ١٩٨٠ کاندا لەلایەن (Canale , Swain) پێشنیازی توانستی پەیوەندیکردنیان لە چوار ڕوبەری کۆزانیاری و لێهاتوییدا کرد، کە بریتین لە[195]: ١- توانستی ڕێزمانی : ئەم توانستە کۆزانیاری فەرهەنگی و ڕۆڵی مۆفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیك و فۆنۆلۆجی دەگرێتەوە، کە ڕێ بە قوتابی دەدات بۆ سودوەرگرتن لە چنینی بنچینەیی زمان، دەربڕین، تێگەیشتن، بەرهەمهێنانی واتای پیتی دەربڕینی زمان. ٢- توانستی کۆمەڵایەتی: ئەم توانستە بە فراوانی قسەکردنە لەسەر ڕۆڵی بەکارهێنانی زمان، کە پشت بە هۆکاری پەیوەندی بواری گفتوگۆ وەك حاڵەتی بەشداری، مەبەستی کارلێککردن، نەریت یان ڕێککەوتی کارلێککردن دەبەستێت، ئاماژە بە گونجاوی و نەگونجاوی واتاو ڕادەی واتا، کە پەیوەندی بە مەودای ئەرکی دیاریکراوی پەیوەندی ( وەك فەرمان، داواکردن، گلەیی ...)، یان هەڵوێستی وەك ئەتەکێت و ڕەوشتییەوە هەیە، کە بڕیار لەسەر بارودۆخ دەدات. ٣- توانستی ئاخاوتن: ئەم توانستە لەگەڵ ڕواڵەتی ڕێکخراوەیی دەقی نوسین و ئاخاوتندا تەرخانکراوە،کە مامەڵە لەگەڵ کۆزانیاری و لێهاتوی پێویست دەکات، بۆ کۆکردنەوەی فەرهەنگ و فۆرمی ڕێزمانی لەگەڵ دەوروبەر، مەبەست، واتای پەیوەندیدار تا جۆری جیاوازی نوسین و ئاخاوتنی یەکگرتو بەرهەمبهێنێت. ٤- توانستی ستراتیژی: ئاماژە بە توانای زمانی قوتابی دەدات، تا ئامانجی پەیوەندیکردن بەدەستبهێنێت لە ڕێگەی پەیوەندی وتراوو نەوتراوەوە.

بەگشتی دیاریکردنی بنەمای کۆمەڵایەتی و کلتوری بۆ سێ ڕێباز پوختکراوەتەوە، ئەوانیش[196]:

١- تەماشاکردنی زمان، وەك ئەوەی لە کۆمەڵە شێوازێکی جیاواز پێکدێت و قوتابیش بەکاریدەهێنن، بە واتا زمان شێوازێکی زنجیرەیی پەیوەندیگرتنی بەردەوامە، وردتر لەمەش ئەرکی بە وردی وەرگرتنی زانست و کۆزانیارییە دەربارەی فێربوونی بابەتێك، لێهاتوییەك، ئەزمونێك... تاد. زۆر گرنگە زمانی پەروەردەیی چ وەك فۆرم و شێواز چ وەك ناواخن هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لەخۆبگرێت کە ئەم پرۆسەیە دەیخوازێت، (( (١٩٦٧Kenneth pilce) دەڵێت: " زمان ڕەفتارە، ڕویەکە لە ڕوەکانی چالاکی مرۆیی، پێویستە لە بنەڕەت و ناواخنیدا جیانەکراوەبێت لە چالاکییە مرۆییە نازارەکییەکان"، (١٩٩٩Pabtnik) لەم بارەیەوە دەڵێت: " زمان شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندیگرتن، لە زمانەوە فێری بەکارهێنانی یاسا ئاڵۆزەکان دەبین و هێماکانی ( وشەو ئاماژە) لێپێکدەهێنین، کە بە هۆیەوە ناکۆتا وشەو ڕستەی خاوەن واتا بەرهەمدەهێنین"[197]، هەروەها (١٩٩٧Weedon) زمان بە پێگەو جێکەوتەو شوێنی ڕاستەقینەی دوو بابەت ناساندووە[198]: ١- پێگەی کۆمەڵایەتی، کە شێوەو جۆرەکانی پێڕەوی کۆمەڵایەتی و ئەوانەشی لەمە دەکەونەوە. ٢- پێگەی دەرونی، شوێنی هەست و نەست و لایەنە خودییەکانە.

---

[193] dictionary.reference.com

[194] www.uky.edu

[195] N. H. Hornberger and S. L. Mckay (٢٠١٠: ٢٩٣-٢٩٤)

[196] R.Ellis (٢٠٠٨: ٣٥)

[197] موسی رشید ( ١٤٢٧: ٩٥)

[198] بروانە موسی رشید ( ١٤٢٧: ٩٥)

به پێی ئەم ڕێبازە دەبێت زمانی پەروەردەیی زمانێکی هاوبەش و گشتگیر بێت، کە دەربڕو بالأنمای تایبەتییە ناوازەکانی گروپە کۆمەلاّیەتییەکان بێت، ئەمەش بەوە دەبێت، کە لەگەلّ ئەوەی ئامێرو ئامڕازی پەیوەندیگرتنە، دەبێت کەرەستەو نوێنەری ناسنامەی تاك و نەتەوە، یان جیاوازییە کەسییەکانیش بێت.

٢- چۆن هۆکارە کۆمەلاّیەتییەکان دیاریکەری تێکردەکانن، کە بنەمای زمان بەکارهێنانی قوتابیین، لە پڕۆسەی وەرگرتن و فێربوونی زماندا. هۆکاری ئالّوگۆڕی کلتوریش ( Acculturation) ڕۆلّێکی کارا دەگێڕێت. مۆدێلی ئالّوگۆڕی کلتوری ( کلتورێك بەسەر کلتورێکی تردا زالّدەبێت) لەسەر دوو ڕەهەند بنیادنراوە، ئەوانیش[199] ا- ڕەهەندی کۆمەلاّیەتی. ب- ڕەهەندی دەرونییە.

٣- چۆن ناساندنە کۆمەلاّیەتییەکان/ فرە کۆمەلاّیەتی و کلتوری کارلێك لەگەلّ یەکتری لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لە گەشەدان بە زمان دەکەن، کە ئەوانیش ڕایەلّەی هاوبەشە کۆمەلاّیەتییەکانن و لەسەر بنەمای ناسنامە هاوبەشەکان بنیاتدەنرێن، لێرەشەوە بابەتی زمان و ناسنامە لە زانستی زمانی کۆمەلاّیەتیدا پێگەی یەکەمی هەیە.

ناسنامە[200] (Identity ) / ناسنامەی کۆمەلاّیەتی (( وەك بەشێك لە خود- چەمکی تاك، کە لەو کۆزانیارییەوە هەلّدەگوێزرێت، کە ئەم وەك ئەندامێك لەو گروپە کۆمەلاّیەتییەدا دانراوە)) پێناسەدەکرێت. بنیاتنانی ناسنامەی کۆمەلاّیەتی لەسەر بنەمای زمان، پڕۆسەیەکی ئالّۆزو تێکچڕژاوە، دەبێت ڕۆلّی هەلّوێست و ئاڕاستەی زمان بە هەند وەربگیرێت. ( Peirce ١٩٩٥)[201] پێیوایە قوتابی ناسنامەی کۆمەلاّیەتی ئالّۆزو تێکچڕژاوی هەیە، کە بە دروستەی کۆمەلاّیەتی نەخشاندویەتی، لەبەرئەوە ناسنامەی کۆمەلاّیەتی قوتابی ئالّۆزو نێواندژە، پەروەردەی سەرکەوتوو ( بە تایبەت پڕۆگرامی سەرکەوتوو) ئەوەیە، کە لە توانایدا بێت ناسنامەکان کۆبکاتەوەو بنیاتیان بنێت و پەرەیان پێبدات، هەر ئەوەش هاندەرو پالّنەرو یارمەتیدەریانە لە پەرەدان بە توانای گەیشتن بە کۆزانیاری و بەخشینی چۆنیەتی بیرکردنەوەو کارەکیکردنیان لە دەوروبەرە کۆمەلاّیەتییەکاندا، لەبەرئەوەی پەروەردەو فێرکردنی زمان دەگەڕێتەوە بۆ کایە کۆمەلاّیەتییەکان، کە زمان کاراترین و بەهێزترین پێکهێنەری ناسنامەیە.

بایەخدان بە بەهاو کلتورو بنەما کۆمەلاّیەتییەکان و پێڕەوکردنیان لە پڕۆگرامی خوێندناو ڕەچاوکردنیان، پایەیەکی گرنگە بۆ چاندنی بەهای کۆمەلاّیەتی و دابونەریتی کۆمەلّ، کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی سیاسی و چاودێریکردن و بەرەوپێشبردنی شارستانێتی هەیەو کاردانەوەکانی لەسەر ژیانی کۆمەلّو گۆڕینی دەوروبەر بەخێرایی دەردەکەون، کە دەبێتە ڕەگداکوتانی کلتورو پێکەوەبەستنیان لە پەروەردەدا، کە هۆکارن بۆ سەربەخۆیی و ڕۆشنبیری تاك و کۆمەلّ.

## ٣/٢) بنەمای دەرونیی- زمانیی

زانستی زمانی دەرونی بەشێوەیەکی سەرەکی لێکۆلّینەوە، لە ڕۆلّی زمان لە پڕۆسەی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان لە مێشکدا دەکات، بەگشتی شیکردنەوە لە دروستەی دەنگ و وشەو ڕستەی زمان دەکات، کە ڕۆلّیان لە بەرهەمهێنانی زماندا هەیە، بە واتا لە دوو دیاردە دەکۆلّێتەوە، بەرهەمهێنانی زمانیی و تێگەیشتن لێی، ئەرکی ڕونکردنەوەی کاریگەریی دەرونی ( وروژاندن و درککردن و ... لەسەر فێربوون) لەخۆدەگرێت، هەر لەبەرئەمەشە زانستی زمانی

---

[199] موسی رشید ( ١٤٢٧: ١٢٢)

[200] R.Jaspal ( ١٩٩٥: ١٧)
[201] R.Ellis (٢٠٠٨: ٤١)

دەرونی بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر زانستی زمانی پەروەردە هەیەو پێکەوە بونەتە لقێك لە زانستی زمانی کارەکی و بەو هۆیەشەوە دەرونزانی پەروەردەیی پەیدابووە، کە لقێکی دەرونزانییەو توێژینەوەی زانستی لە فێربوونی مرۆڤدا دەکات.

زانستی زمانی دەرونی* هەولدەدات لە دەربڕینەکان و بەرهەمهێنانیان تێبگات، کە پەیوەندی بە کرۆکی ئەم زانستەوە هەیە، کە ( لە حاڵەتی بەرهەمهێناندا چۆن ئاخاوتن یان پەیامێك دەگۆڕێت بۆ سینتاکس و مۆفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی)[202]، لەگەڵ کاری ئالۆزی دەربڕینەکان لە ڕیزکردنی دەنگ و بیستن و درککردن و ڕێکخستنی وشەو وەرگرتنی واتاو تێگەیشتن .. دیاریدەکات، بەمەش زانستی زمانی دەرونی دەیەوێت وەلامێکی دروستی ئەم پرسیارانە بداتەوە[203]: چۆن مرۆڤ لە ئاخاوتن تێدەگات؟ چۆن بەرهەمیدەهێنێت؟ چۆن ئامێرە دەمارییەکان تەحەکوم دەکەن؟ ئەو گیروگرفتانەی لە وەرگرتنی زمان و تێگەیشتن و بەکارهێنانیدا هەیە چین؟ هۆی گیروگرفت و نارێکی زمان و هەڵەی زمانی چییە؟ چۆن منداڵ لە زمانێك زیاتر، واتا جوتزمان و فرەزمان بەدەستدێنێت؟ زمانی ئاماژە لە بەکارهێنان و وەرگرتنی و ئەو کێشە زمانی و دەرونی و کۆمەڵایەتییانەی، کە پەیوەندی پێوە هەیە چییە؟.... .

زانستی زمانی دەرونی لە بیری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە تا زانیاری لە بارەی بیروبۆچون و هەڵسوکەوتی تاك لەناو کۆمەڵدا دیاریبکات، لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی دەرونی بە دوو ئاڕاستەدا دەڕوات[204]:

١- هەولدەدات زمان بەکاربهێنێت بۆ لێکدانەوەی کارلێکە ناوەکیەکان، کە خۆی لە پرۆسەو تیۆرییە زمانیەکاندا دەبینێتەوە.

٢- لە کۆت وبەندو ( مەرج )ی سایکۆلۆژیا دەکۆڵێتەوە، کە بەسەر زماندا دەچەسپێت.

## ١-٣/٢) پەیوەندیی زمان، ئاوەز، ڕەفتار

ئاوەزی مرۆڤ کۆنترۆڵکەری هەموو کارو چالاکییەکانی مرۆڤە، یەکێك لەو چالاکییانەی کە کۆنترۆڵی دەکات زمانە، پرۆسە ئاوەزییەکانی زمان لە ڕێگەی ئاوەزەوە چالاکدەکرێن، دەرکردەی بیرو بیرکردنەوەو وەرگرتن و تێگەیشتنی مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە وێنەدەکرێت دەردەبڕدرێت، (( بیری مرۆیی لە ڕێگەی هێما زمانییەکانەوە دەنوێنرێت، بە واتا هێما زمانییەکان هەڵگری بیرەکانن، بیر بەوەی چالاکییەکی ئاوەزییەو لە مێشکدا گەلاڵە دەبێت. مێشکیش کۆئەندامێکی گرنگە لە مرۆڤدا، بەرپرسی هەموو ئەو کارو چالاکییانەیە، کەلەناوەوەی مرۆڤدا دەگوزەرێن))[205].

زانستی زمانی دەرونی دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە زمان پەیوەستە بە ئاوەزەوە، ئەمەش پەیوەستی دەکات بە

---

* ئامانجی دەرونزانی بریتییە لە: ١- تێگەیشتن لەوەی کە بزانین چۆن و بۆچی مرۆڤ ئەم ڕەفتارو هەڵسوکەوتانە دەکات، واتا لێکدانەوەی دیاردە دەرونییەکان و چۆنیەتی کارکردن و ڕودانیان. ٢- پێشبینیکردنی ڕودان و دوبارەبونەوەی دیاردە دەرونییەکان، کە ئەم ئامانجە سەنگی مەحەك و پێوەرە بۆ ڕاستی و دروستی گریمانەکان.٣- کۆنترۆڵکردن و زاڵبونی دیاردە دەرونییەکان و بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی. کەریم شەریف قەرەچەتانی ( ٢٠٠٦: ١٩-٢١)

[202] B. Spolsky and F. M. Hult (٢٠٠٨: ٤٢ )

[203] جاسم علي جاسم ( ٥٠٩)

[204] ئاڤێستاکەمال محمود ( ٢٠١٢: ٤١)

[205] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥)

زانستی زمانی دەمارییەوە* (( کە ئاڵوگۆڕی بەردەوام لەنێوان کارکردنی زانستی زمانی دەرونی و زانستی زمانی دەماریدا هەیە[٢٠٦]))، بۆئەوەی هۆکارە دەمارییەکان، کە پەیوەستن بە زمان و بیرەوە ڕونبکاتەوەو دواتر کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوت و ئاکارو گوفتارو ڕەفتارییانی لێدەکەوێتەوە. (( زمان یەکێکە لە دیاردەکانی ڕەفتاری مرۆڤ، زانستی زمانی دەرونیش لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری مرۆیی دەکات بەگشتی و لەمەوە زمان و زانستی دەرونی یەکانگیردەبنەوە[٢٠٧].))

ڕێبازە سایکۆلۆژییەکان پێیانوایە زمان پەیوەندی بە بیرو بیرکردنەوەو زانیاری تاکەوە هەیە، کە لە ئاوەزیدایەو لە ڕەفتارو ئاکاری تاکدا ڕەنگدەداتەوە، گۆڕانی ڕەفتاری تاکیش دەکەوێتە سەر وروژێنەرو بارودۆخی ژینگەیی و ئەو هەلومەرجانەی کاریگەرییان لەسەر ژینگەی تاك هەیە.

فێربوون چالاکی یان پرۆسەی وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی و بەهاو بیرۆکەیە لە ڕێگەی خوێندن و ڕاهێنانەوە، یان (فێربوون بریتییە لە گۆڕانی تەواوی ڕەفتاری تاك، گەشەکردنی تاك لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی تر، تا باشتر لە دەوروبەر تێبگات و ڕەفتاریان لەگەڵ بکات[٢٠٨])، بەگشتی فێربوون تاك فێری کۆزانیاری و شارەزایی و بیرۆکەو بەهاو کلتور ... دەکات، ئاستی تاك بەرەو پێشکەوتن و داهێنان دەبات، لە ڕێگەی قوتابخانەو پرۆگرامەکان یان لە ڕێگەی خێزان و دەوروبەرو ئەزمونی ژیانەوە فێردەبێت.

## ٢-٣/٢) بنەماکانی بەیەکداچونی کۆزانیاری زمانیی و بیرکردنەوە

پرۆسەی زانیاری پێکدێت لە سیستەمی ئاشکرای بنەماکان( مۆدولی ئاشکرا)، تایبەتمەندی هەر مۆدولێك لە بواری ئەزمونیدا جیاوازە، ئەم مۆدولانە لەناو بنەمای درکپێکردنی ڕاستەقینەی بونەوەردا کارلێکدەکەن، سیستەمی زمانی یەکێکە لە مۆدولەکان[٢٠٩]، زمانی ئاماژەیش هەیە، کە بە زمانی جەستە ناوبراوە، ئەو زمانەیە، کە بە ئاماژەی دەست و دەم وچاو بە بێ دەنگ و دەربڕین دەگوازرێتەوە، کە ئەمەش پێڕەوێکی تری گەیاندنەو لە گەیاندنی پڕاوپڕی بیرەکان، یان پێچەوانەکردن یان دەربڕینی هەر لایەنێکی دەرونی... دا ڕۆڵدەگێڕێت.

بیر کردەیەکی ڕێکخراو یان ناڕێکخراوە، کە مێشك بە گوێرەی پرۆسەی ( بیو کیمیائیی) دیاریکراو پێهەڵدەستێت، بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامێك، جیاوازی بیر لەنێو مرۆڤەکاندا برە، نەك جیاوازی جۆریی، کە بیر بە قۆناغێکی تەمەن یان بە پیشەی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکە لە تازەگەری و گۆڕانکاری بەردەوامدایەو لەگەڵ گەشەی مرۆڤدا گەشەدەکات[٢١٠]، بیرکردنەوەش ئاستی بەرزی کۆزانیارییە، دیاریکردن و بڕیاردانە لەسەر بابەتێکی دولایەنە، بەمەش، بیرکردنەوە کردەیەکی هۆشی ناوەکی مرۆڤە، لە ڕێگەی فێربوون و هاندانی ناوەکی و دەرەکییەوە پەرەپێدەدرێت، ( بیرکردنەوە یارمەتی تاك دەدات لە دروستکردنی واتاو بەهێزکردن یان گۆڕان بۆ ڕوانینی جیهان،

---

* بڕوانە (٢/١)

٢٠٦ www.grammar.about.com

٢٠٧ محمد اسماعیل المشهدانی(٢٠٠٥: ١٢)

٢٠٨ بڕوانە *www.ed.psu.edu*

٢٠٩ B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨;٤٠ )

٢١٠ نايفة قطامی، نزيه حمدی، يوسف قطامی، تيسير صبحی، صابر ابو طالب (٢٠٠٨: ١٦٧)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کسپە ابوبکر علی نامەی ماستەر ٢٠١١.

بیروباوەڕ، بەها، هەڵوێست، ڕەفتار[٢١١].)، زمان و بیر لەیەکتر جیاناکرێنەوە، هەموو جۆرەکانی بیرکردنەوە ( بیرکردنەوە زانستی، ڕەخنەیی، داهێنەری،...) پێویستی بە زمان هەیە، هەر لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی بیرەکان لە هێماکانەوەو درککردن و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان و واتاکانیان بەگشتی، تا سەرلە نوێ ئەو زانیارییە پێشینانەی کە خەزنکراون بە بیردا بێتەوە، هەموو ئەمانە زمان هەم سەرچاوەو هەم ئامڕازو کەرەستەی بەرجەستەکردنێتی، کە ( زمان و بیر هاوشێوەی یەکن، کە دەتوانرێت تەنیا لە ڕێگەی ناونانەوە جیابکرێنەوە، کە یەکێکیان ناوەکییەو ئەوی تریان دەرەکییە)[٢١٢]، بە واتا زمان ( کە هێما زمانییەکان دەگرێتەوە) ئەو ڕوکەشەیە کە بیرەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە،کە بیر زمانێکی بێدەنگە، لە ڕێگەی هێمازمانییەکانەوە دەردەخرێت، زمان کەرەستەی بە چەمککردن و بە دروستەییکردنی واتایە، بۆ پێکهێنان و بنیاتنان و پەیوەستکردنی زانیارییەکان.

شێوازی بیرکردنەوە لە دوو بەش پێکدێت[٢١٣]: ١- شێوازی بیرکردنەوەی ڕوکەش: کە شێوازێکی باوە لەناو زۆربەی تاکەکاندا، لە حاڵەت و هەڵوێستێکدا بەکاردێت، کە داوانەکراوە قوڵ بیتەوە تیایدا، کە پێویستی بە کۆمەڵێك زانیاری تەواو هەیە، کە یارمەتی بیرکردنەوە دەدات. ئەمە بە نزمترین ئاستی بیرکرنەوەش دانراوە وەك یادخستنەوە، تێگەیشتن لە بابەتێك...، بۆنموونە شێوازی بیرکردنەوەی ورياکردنەوە( الاحترازی) شێوازی بیرکردنەوەی تەقلیدی، شێوازی چارەسەری کێشە. ٢- شێوازی بیرکردنەوەی قوڵ: ئەمەیان بە بەرزترین ئاستی بیرکردنەوە دیاریکراوە، کە پرۆسەکانی ( شیکردنەوە، جێبەجێکردن، پێکهێنانەوە، هەڵسەنگاندن) لەخۆدەگرێت، ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بیری ئاڵۆز، کە پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵ هەیە لە بابەتێك یان گرفتێك کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە، بۆنموونە بیرکردنەوەی کۆزانیاری، بیرکردنەوەی کارەکی، بیرکردنەوەی لۆجیکی، بیرکردنەوەی شیکاری، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. ئەمانە بەگشتی دەبێت لە پرۆسەی دانانی پرۆگرامدا بەرجەستەبکرێن.

زانستی زمانی دەرونی هەوڵدەدات ئەوە ڕونبکاتەوە، کە چۆن مێشك توانای بیرکردنەوەو هێنانە بەرچاوو درککردن و بیرکەوتنەوەو چارەسەری کێشەی هەیە؟ چۆن مێشك توانای کاردانەوەی فێربوونی هەیە؟ کە لە ڕێگەی کرداری بەپرۆسەکردنی زانیارییەوە* بەدەستدێت، کە بیرکردنەوە تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵە پرۆسەیەکی دەرونیوکیمیاییو دەمارزانیو ...،بەمپێیە (( بیرکردنەوە پرۆسەیەکی فسیۆلۆژییە، ئەو کردارانەی کە هەستی پێدەکرێت، چاك یان خراپ لە مێشکدا لێکدەدرێتەوەو درکیپێدەکرێت، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی دەدرێت، لە هەڵوێست و بڕیارو پێداچونەوەدا ئاڕاستەی ڕەفتارو هەڵوێستی تاکی پێدیاریدەکرێت، کە پەیوەندی بە کۆمەڵو نەریت و ئامانج و دیاریکردنی شت و دیاردەکان و تایبەتمەندی و بابەتەکانەوە هەیە[٢١٤].))، کەواتا بیرکردنەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەی ڕوداوو دیاردەو هەڵوێستەکانە، لە ئەنجامی هەبونی ئەو کۆزانیاریەی، کە لای تاك هەیەو لە ڕێگەیەوە ڕەفتارو ئامانجی تاك دیاریدەکرێت.

---

[٢١١] www ictnz.com/handouts/thinking (٢)

[٢١٢] نايفة قطامى، نزيه حمدى، يوسف قطامى، تيسير صبحى، صابر ابو طالب (٢٠٠٨: ١٠٤)

[٢١٣] حاتم جاسم عزيز، مريم خالد مهدى ( ٢٠١٥: ٩٦-٩٧)

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (١-٣)

[٢١٤] حاتم جاسم عزيز، مريم خالد مهدى (٢٠١٥: ٩٠-٩١)

بۆ زیاتر برەودان بە بیرکردنەوەو کارامەیی پێویستە ئەم ڕێگایانە بگیرێتەبەر وەك بنەڕەتێك بۆ بیرکردنەوە، کە بریتیین لە[٢١٥]: ١- سەرنجدان ٢- هێنانەوەیاد ٣- بەهێماکردن ٤- دانانی ئامانجەکان ٥- پرسیارکردن ٦- پۆلینکردن ٧- بەراوردکردن ٨- کورتکردنەوە ٩- هەڵهێنجاندن ١٠- پراکتیزەکردن ١١- پێشبینیکردن ١٢- گریمانەکردن ١٣- شیتەڵکردنی پێکهاتە.

مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانەوە یان لەڕێگەی ئەو زانیارییانەی، کە وەریاندەگرێت پرۆسەی بیرکردنەوە دێنێتەئاراوە، ئەمەش پاش ئەوەی کە لە ڕێگەی بەپرۆسەکردنەوە زانیارییەکان لە یادگەی کورت خایانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ یادگەی درێژخایان، بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بیر لە زانیارییەکان بکاتەوەو لەکاتی بیرکردنەوەدا بەدەستیبهێنێتەوە، لێکدانەوەو شیکردنەوەی بۆ بکات و بگاتە ئەنجامێکی دروست و بڕیار لە بارەیەوە بدات، بۆنموونە لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی (٢٠١٤)دا فێرکردنی پیتەکان سەرەتا بە سەرنجدان و وتنەوەی دێت ( ببینەو بڵێ) دواتر بە هێماکردنی ئەو وێنانە کە ئەو دەنگەی تێدایە، منداڵ دەجوڵێنێت، ڕێگە بۆ جیاکردنەوەی پیتەکە خۆشدەکات، کە ئەمەش ئامانجی فێربوونی دەنگ و پیتە، دواتر هێماکردن و بیرخستنەوە پاشان پراکتیزەکردن و کارەکی و جێبەجێکردن و شیتەڵکردنی پێکهاتەکە دێت، ئەمەش بە هۆی بوونی چەند ڕێگایەك بۆ درککردن و فێربوون و دووبارەکردنەوەو بیرکەوتنەوەی کاریگەری لەسەر خەزنکردنی دەنگ و پیتەکە دەبێت. باشترین ڕێگاش بۆ چالاککردنی یادگە، بریتییە لە[٢١٦].: ١- چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر بابەتی خوێندن ٢- خوێندنەوەی زیاتری زانیاری بۆ زیاتر هێشتنەوەی لە یادگەدا٣- ڕێکخستن و داڕشتنی دروستەی بابەت بۆ خوێندن ٤- بەکارهێنانی ئامرازی بیرکەوتنەوە بۆ باشتر هێنانەوەی کۆزانیاری، وەك دیاریکردنی وشە یان نیشانە یان هەر شتێکی تر بۆ بیرهاتنەوە ٥- دووبارەکردنەوەی کۆزانیاری ٦- پەیوەستکردنی کۆزانیاری بە شتێکی ئاشناوە ٧- پێدانی کۆزانیاری گرنگ بۆ ئاسانکردنی کۆزانیاری گران ٨- گۆڕینی کاتەکانی خوێندن.

بیرکردنەوە دوو ئەرکی گرنگ و سەرەکی هەیە، ئەوانیش[٢١٧]: ١- داڕشتنی واتا: بریتییە لە هەمو بیرێکی گشتی، کە واتا بە شتێك دەدات، کە هاوبەشە لەگەڵ تایبەتمەندی دیاریکراوی گرنگ و هاوشێوە، کە دەکرێت واتا لە ئەنجامی درککردنی هەستی و شارەزایی ڕاستەخۆ، یان بەکارهێنانی توانای جیابونەوەو پشتبەستن بە گشتاندن دابڕێژرێت. ٢- هەڵهێنجاندنی واتا: جۆرێکە لە دانپێدانانی پەیوەندی نێوان دوو ڕوداو یان دیاردە یان چەمك، کە یەکێکیان زانراوو ئەویتریان نەزانراوە، یاخود هەڵهێنجاندنی پەیوەندی نەزانراو لە دوو دیاردە، یان چەمك یان ... زانراوە، ئەم گفتوگۆیە پشت بە سروشتی وەك کرداری هۆشی دەبەستێت، کە دو جۆرە: ا- هەڵهێنجاندنی ڕاستەخۆ ب- هەڵهێنجاندنی ناڕاستەوخۆ.

کەرەستەکانی بیرکردنەوە، بریتین لە ئامێرو هۆکارانەی، کە یارمەتیدەرە لە بەکارهێنانی چالاکانەو پێڕەوبەندانەی مێشك، بۆ مەبەستی بە پێڕەوبەندکردنی ڕێکخستنی بیرەکانە، تا ڕونو ئاسان بێت و تێگەیشتن فەراهەمبهێنێت، تاك مەبەستەکانی تێگەیشتن، داهێنانکاری، چارەسەری گرفت، بڕیاردانی دروست، پلاندانان، پێشبینیکردن، حوکمدان

---

[٢١٥] کەریم شەریف قەرەچەتانی ( ٢٠٠٦:٢٦٢)

[٢١٦] Understanding your learning styles(٢٠٠٨:١٤-١٧)

[٢١٧] حاتم جاسم عزیز، مریم خالد مهدی (٢٠١٥: ٩٣-٩٤)

لەسەر شتەکان، سەلماندنی خود .. بەدیبهێنێت، لە ڕێگەی[٢١٨]: ١- پرسیار( کە جۆرەکانی پرسیار بریتیی لە 5Ws ( چی، کێ، کەی، بۆ، لە کوێ)، H1( چۆن) دەگرێتەوە) ٢ - چەمك* ٣- هێڵکاری هۆشەکی** ٤- لێکۆڵینەوەی ئاوەزی لە کەرەستەکانی بیرکردنەوەیCoRT، ڕاستیەکان پەرەیانپێدەدرێن، بڕوانە خشتەی (١).

| |
|---|
| CAF : بە هەند وەرگرتنی هەموو هۆکارەکان، بەکاردەهێنرێت، بۆ بە فراوانی تێڕوانین لە هەموو ئەو هۆکارانەی، کە بارودۆخێك لەخۆیدەگرێت. |
| FIP : بایەخبەندی شتەکان. هەڵبژاردن لەنێوان ژمارەیەك لە ئەگەرو جێگرەوەکاندا(دانان بەپێی بایەخبەندی). |
| PMI: ئەرێنی، نەرێنی، بیری کاریگەر. تاووتوێکردنو شیکردنەوەی هەر بیرێك بۆ دیاریکردنی خاڵە ئەرێنیو نەرێنیو کاریگەرەکان، لە باتی ئەوەی بەخێراییو ڕاستەوخۆیی بیرەکە وەربگرینو ڕازی بین یاخود ڕەتیبکەینەوە. |
| APC: جێگرەوەکان، ئەگەرەکان، هەڵبژاردەکان. بەرهەمهێنانی جێگرەوەو هەڵبژاردەی نوێ، لەجیاتی هەستکردن بە کەموکورتیو کەمتەرخەمی لەوەی کە ڕوونە تیایدا |
| OPV: بۆچونی کەسانی تر. چوونەدەرەوە لە دیدگەی کەسێك بۆئەوەی تێڕوانینی کەسانی تریش لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا لەبەرچاوبگرێت. |
| AGO: ئامانجو مەبەستو بابەتیبوون. بژارکردنو دیاریکردنی ئامانجەکان، بۆئەوەی کەسێك بەرچاو ڕوونبێت لە ئامانجەکانی خۆیو تێگەیشتنی لە ئامانجەکانی کەسانی تریش(مەبەست). |
| C&S: تەواوکردنی ئەنجام. لەبەرچاوگرتنی سەرەنجامە دەستبەجێو کورتخایەنەکان(وەك١-٢ساڵ)، مامناوەندەکان(وەك٢-٥ساڵ)، درێژخایەنەکان(وەك زیاتر لە ٥ ساڵ). |

خشتەی (١)

مرۆڤ بەردەوام لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە کارەکانی ژیانی ڕادەپەڕێنێت، هەر بۆیە هەمیشەییەو لەگەڵ بەردەوامی مرۆڤدا بونی هەیە، هەرچەندە بەپێی تەمەن گۆڕان بەسەر بیرکردنەوەو ئاستی هۆشیاری تاکدا دێت، هەربۆیە بیرکردنەوە یەك جۆر/ شێوە لەخۆناگرێت و بەپێی تەمەن و لێهاتویی و شارەزایی و کۆزانیاری تاك گۆڕان بەسەر بیرکردنەوەدا دێت، ئەم گۆڕانەش کار لە ڕەفتارو هەڵسوکەوت و شێوازی ئاخاوتن و تێگەیشتنی تاکدا دەکات، کە بیرکردنەوە لە ئەنجامی لێهاتویی و ڕاهێنان و فێرکردن و کارەکیکردن گەشەدەکات و پەی بە ڕوداوو دیاردەو هەڵوێستەکان دەبات، کە لە ژیاندا ڕوبەڕوی دەبێتەوە، بۆنموونە ئەگەر دوو بابەت لە پڕۆگرامی خوێندن لە دوو قۆناغی جیادا وەربگرین، کە هەر یەك بەهاو کۆزانیاریی دەگەیەنێت، بەڵام بەپێی گەشەکردنی تەمەنی منداڵ،

[٢١٨] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢)

* چەمك: بەرئەنجامی تێگەیشتنە لە بابەتێك، دیدگەیەکی ئاوەزی گشتیەو پەیوەستە بە هەبووەکانە، یان بیرە گشتیەکانە، کە بۆ دیاریکردنو ڕێکخستنی ئەزمونەکان بەکاریاندەهێنین، وشەکان یەکە پێکهێنەرەکانی زمانن، چەمکەکانیش یەکە پێکهێنەرەکانی بیرن، شیلان عومەر حسەین(٢٠١٥: ١٠)

** هێڵکاری هۆشەکی: دەتوانین وەك نواندێکی بینراوی ئەو ڕێگایانەی، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت چەمکەکان پێکەوە پەیوەستبکرێن، بناسێنین، کە بەسودە بۆ: ا- تێبینیکردن(گوێگرتن). ب- نواندنی زارەکی(ئاخاوتن). پ-نوسین. ت- گەڕانەوەی کات. ج- تێگەیشتنی باشتر. چ- زیادکردنی توانای وەبەرهێنان. شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥: ٥)

کۆزانیاری و بەها ڕەوشتییەکە بە شێوازی جیاواز باسیلێوەکراوە، وەك لە قۆناغی دووەمدا بابەتێك بە ناوی ڕاستگۆیی هاتووە، کە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕون و سادە، کە لەگەڵ قۆناغی گەشەکردن و بیرو ئاوەزی منداڵدا بگونجێت داڕێژراوەو ناوەڕۆکی بابەتەکە ڕونکراوەتەوە ( هەر چەندە لەناو داڕشتنەکەدا دەربڕاوی خوازەیی هەیە، کە نەدەبوایە دابنرێت، وەك بەکارهێنانی ڕستەی ( ڕاستبەو بە ڕێگای شێرا برۆ.) بۆ ئەم قۆناغە گونجاو نییە.)، لە قۆناغی سێیەمدا بە هۆی گەشەو گۆڕان لە بیرکردنەوەی منداڵداو درککردنی بۆ دیاردەو ڕوداوەکان دەگۆڕێت، بۆیە دەبینین ناونیشانی ( ڕاستگۆیی) بە ناونیشانی ( ئەنجامی درۆکردن) هاتوەو ناوەڕۆکی بابەتەکەش گێڕانەوەی ڕوداوێکە، کە قوتابی خۆی هەڵهێنجان بۆ ڕوداوەکە دەکات و مەبەست و ئامانجەکە لێکدەداتەوە.

لێهاتویی و شارەزایی تاك پێویستی بە توانای وەرگرتن و فێربوون و بارودۆخی گونجاوو ڕێگاکان و ڕێبازەکانی فێربوون و فێرکردن دەبێت و کردەی بیرکردنەوەو بیرۆکەی بەرهەمدار دەبێت، تا کاریگەری کردەی بیرکردنەوەو وەرگرتن زیاتربێت، ئاڕاستەکردنی پەروەردەو فێربوون ڕوونتردەبێت و ئاسانترو ئاشکراتر دەتوانرێت پارێزگاری لە کۆزانیاری و شارەزاییەکان بکرێت.

پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەو فێربوون پێکەوەبەستراوە، کە لەلایەك فێربوون بیرکردنەوە بەهێزدەکات، لەلایەکی تر بیرکردنەوە فێربوون بەهێزدەکات، چونکە ئەگەر مرۆڤ زانیاری وەرنەگرێت و فێرنەبێت، ناتوانێت بە دروستی بیربکاتەوەو بڕیاری گونجاو بدات، بە هەمان شێوەش ئەگەر بیرنەکاتەوەو ئەو شتانەی، کە دەیبینێت و دەیبیستێت لێینەکۆڵێتەوەو شینەکاتەوەو درك بە زانیارییەکان نەکات، ناتوانێت فێربێت و زانیاری وەربگرێت، بیرکردنەوە کاریگەری لەسەر فێربوون هەیە، لەبەرئەوە بیرکردنەوەو فێربوون یەکتر تەواودەکەن. هەر بۆیە هاندانی بیرکردنەوە هۆکارە بۆ (( شارەزایی زانیاری فەرهەنگی، ڕونکردنەوە، گرفت، دوپاتکردنەوە، وروژاندن، تێبینی، پرسیار، هەڵبژاردە. مامۆستا لە ڕێگەی هاندانەوە بابەتەکە دەوروژێنێت و کار لە بیرکردنەوەو بیروباوەڕو بەهاو هەڵوێست و هەڵسوکەوتی قوتابی بەهێزدەکات[٢١٩]))، لەمەوە ئەرکی کرۆکی فێربوون و پەروەردە وروژاندن و بەگەڕخستن و ئاڕاستەکردنی بیرەو بەمەش دەتوانین تاکی ژیرو داهێنەرو وریا پەروەردەبکەین.

## ٣/٢-٢-١) دروستەی زیرەکی

واتای زیرەکی لە کۆمەڵیەکەوە بۆ کۆمەڵیەکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش وایکردوە پێناسەکەشی بگۆڕێت، (Howard Gardner) پێناسەی زیرەکی دەکات و دەڵێت: " توانای مرۆڤە بۆ چارەسەری کێشە."[٢٢٠]، (Terman) دەڵێت: " توانستە لەسەر بیرکردنەوەی ڕووت، واتا ئەو بیرکردنەوەی، کەتەنها پشت بە هێماکانی زمان و واتاکانی شت دەبەستێت"، دەرونزانەکان زیرەکی بە توانستێکی گشتی دادەنێن، کەلە ڕێگەی فێربوونەوە وەردەگیرێت، بە گوێرەی ڕای ئەوان بەهرەیەکی سروشتییە، بەلاّم بەهۆی هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە دیاریدەکرێت، کە کارلێککردنی کۆمەڵایەتی، تاڕادەیەکی زۆر پشت بە زیرەکی مرۆڤایەتی دەبەستێت[٢٢١]، بەمەش زیرەکی تەنها پەیوەست نییە بە هۆکارە سروشتییەکان، بەڵکو هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیش ( خێزان و کۆمەڵو دەوروبەرو هاندان و پاداشت ....تاد)،

[٢١٩] www ictnz.com/handouts/thinking(٤)
[٢٢٠] M.Fralick (٢٠١١:١٠٥)
[٢٢١] و. جەلال خلف ژاڵەیی، لیژنەیەکی پسپۆڕ، (٢٠٠٤: ٣٢١)

کاریگەرییان لەسەر زیرەکی و پەرەپێدانی تواناکانی تاك هەیە، بەشێوەیەکی گشتی زیرەکی ئاماژە بۆ توانست و ئەنجامدان دەکات، کە توانای بەدەستهێنانی ئامانجە بۆ ژیان، لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە خاڵی بەهێزو ڕاستکردنەوەو پڕکردنەوەی خاڵی لاواز.

دوو پێوەر لە ساڵی ١٨٩٧ لەلایەن دەرونزانی فەرەنسی (Alfred Binet) بۆ هەڵسەنگاندن یان گەشەسەندنی ئاستی زیرەکی خراوەتەڕوو، ئەوانیش[٢٢٢]: ١- فێرکردنی دروست ٢- توانستی زیرەکی تاك. بیرکردنەوە چەند مەبەستێك دەگرێتەوە، کە ئەم مەبەستانە زیرەکی تاك دەردەخەن، کە بریتین لە[٢٢٣]: تێگەیشتن، داهێنانکاری، چارەسەری کێشە، بڕیاردانی دروست، پلاندانان، پێشبینیکردن، حوکمدان لەسەر شتەکان و سەلماندنی خود. گرنگترین ئەو ڕێگایانەی کە یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکی قوتابی دەدات، بریتین لە[٢٢٤]: ١- یاریکردن. ٢- چیرۆك و کتێبی خەیاڵی زانستی. ٣- شانۆگەری. ٤- چالاکییە هەمەجۆرەکانی ناو قوتابخانە. ٦- ئارەزووی چالاکی خۆشنووسینەکان. ٧- خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤاری منداڵان. ٩- جوڵاندنی جەستەو وەرزش و پەروەردەی جەستەیی.

### ٣/٢-٢-١-١) زیرەکی ناو ئاوەز

زیرەکی ناو ئاوەز ئەو توانستەیە کە تاك لە بوارێکدا هەیەتی، لە ڕێگەی فێربوون و ڕاهێنانەوە گەشەپێدەدات، گەشەپێدانی زیرەکیش بەرهەمی سێ هۆکارە[٢٢٥]: ١- خەڵاتی بایلۆجی لەسەر بنەمای بۆماوە. ٢- مێژووی ژیانی تاك. ٣- کلتورو پێشینەی مێژوویی، مەرج نییە تاك لە هەموو بوارێکدا زیرەکی تەواوی هەبێت، ئەمەش وایکردوە، کە زانایان هەر یەکەیان چەند جۆرێك زیرەکی دیاریبکەن، کە کۆی هەموو ئەو دابەشکردنانە لەم خاڵانەدا دەخەینە ڕوو[٢٢٦]:

١. زیرەکی زمانەوانی Linguistic Intelligence : بریتییە لە توانستی مرۆڤ لە چارەسەرکردنی واتاو هێماکان و وشە، کە زیرەکی بیرکردنەوەی وشەیان هەیە، نەك وێنە، گوێگری باشن و لە فێربوونی زمانیدا سەرکەوتون، کە بە زیرەکی سەرزاریش ناودەبرێن.
٢. زیرەکی پراکتیکی Contextual Intelligence یان زیرەکی زانستی: ئەم جۆرە زیرەکییە ڕێ بە تاك دەدات، بۆ دۆزینەوەی پراکتیکی چارەسەری کێشەی ڕاستەقینە.
٣. زیرەکی کەسناسی Interpersonal Intelligence: توانای پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی ترو ئاشکراکردنی هەستیان و هاندانیان هەیە، دەتوانن یاری بە هەستی کەسانی تر بکەن، زۆرجار هەوڵ بۆ پاراستنی ئاشتی و هاندانی کۆمەڵدەدەن، لەو توانستانە پێکهاتووە، کە کاردانەوەکانیان لە کردەوەکردن لەگەڵ خەڵکیدا دەردەکەوێت، بە زیرەکی کۆمەڵایەتیش ناودەبرێت.

---

[٢٢٢] A.W.Toga & P.M.Thompson (٢٠٠٥:٣)

[٢٢٣] شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٢)

[٢٢٤] هێرۆ کەمال کەریم (٢٠٠٦: ٢٦١)

[٢٢٥] M.Fralick (٢٠١١:١٠٦)

[٢٢٦] ١- www.glencoe.mheducation.com (٩٣), ٢- M.Fralick (٢٠١١:١٠٥), ٣- www.infed.ora ٤- www.onestopenlish.com(٢٠٠٢:١-٢), ٥- و.جەلال خلف ژاڵەیی، لیژنەیەکی پسپۆڕ، (٢٠٠٤:٣٢٢)

٤. زیرەکی لۆجیکی/ بیرکارییانە Logical/Mathematical Intelligence: ئارەزوی ئەنجامدانی پەیوەندی نێوان شتەکان دەکەن، زیاتر حەز لە تاقیکردنەوە دەکەن، ئەم جۆرەی زیرەکی ڕێ بە تاك دەدات بۆ بەپرۆسەکردنی زانیاری کاریگەرو بیرکردنەوەی ئەبستراکت، زۆربەی تاقیکردنەوەکان لەم جۆرە زیرەکییەن.

٥. زیرەکی داهێنان یان ئەزمونکاری: ئەم جۆرەی زیرەکی دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێی هەیە، خەڵکی لەگەڵ ئەم جۆرە زیرەکییەدا پەیوەندی لەنێوان دەرکەوتنی چەمکی جیاوازو ئاشکرا.

٦. زیرەکی میوزیکی Musical Intelligence: زیرەکی لە دەنگ و کێش و ئاوازو نۆتی مۆسیقی دەگرێتەوە، ئەوانەی ئەم زیرەکییەیان هەیە، وەلاَمدانەوەی خێرایان بۆ مۆسیقاو هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن هەیە، ئارەزوی گوێگرتنی جۆری جیاوازی مۆسیقا دەکەن.

٧. زیرەکی بینراو Visual/Spatial Intelligence : توانای زیرەکییان لە وێنەو شتە بەرچاوەکان و ئاراستەو نەخشەدا هەیە، ئەمانە نەخشەکێشی باشن.

٨. زیرەکی بزواوی Kinaesthetic Intelligence: ئاماژە بە توانای کۆنترۆڵکردنی جوڵەی جەستەو ڕەفتار لەگەڵ لێهاتوییدا دەکات، ئەم کەسانە زیاتر هەست بە هاوسەنگی و هاماهەنگی چاوو دەست دەکەن.

٩. زیرەکی خودناسی Intrapersonal Intelligence: ئەم جۆرە زیرەکییە، ئەو کەسانەن، کە لە خۆیان و ئەو کارەی کە دەیکەن تێدەگەن، دەتوانن خاڵی بەهێزو لاواز دیاربیکەن و کاری لەسەر بکەن.

١٠. زیرەکی هەبوونی Existential Intelligence : توانای خستنەڕوی پرسیاری قوڵیان هەیە وەك پرسیار دەربارەی واتای ژیان و مردن، ئەم زیرەکییە بەردی بناغەی هونەر، ئایین، فەلسەفەیە.

(Sternberg) ئاماژەی بە سێ جۆر زیرەکی دەکات، کە بە تیۆری سیانەیی/سێ ڕەهەندی triarchic Theories ناودەبرێت، پێیوایە، کە مەرج نییە تاك هەر سێ جۆر زیرەکی هەبێت، لە جیاتی ئەوە پێویستە خاڵی بەهێزو لاواز دیاربیکرێت، ئەگەر لەناوچەیەك زیرەکییەکە بەهێزبوو، ئەوا پێویستە بە گوێرەی بەهێزی بنیاتبنرێت، ئەگەر لەناوچەیەك زیرەکییەکە بێهێزبوو، ئەوا پێویستە ئەم بوارە چاکبکرێت یان ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی بێهێزییەکە[٢٢٧]))، (Thorndike) وای بۆ دەچێت، کە(( زیرەکییەکان لە یەکتری جیاوازن و تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆن، ئەوەی کە زیرەکی کۆمەڵایەتی باڵای هەبێت، لەوانەیە لە خوار مامناوەندییەوە بێت، لە زیرەکی زانستیدا[٢٢٨].)).

دیاریکردنی ئەم جۆرە زیرەکییانە، دەبێت بکرێتە بناغەیەك بۆ دۆزینەوەی توانستی قوتابی و دیاریکردنی زیرەکییان و هاندان و یارمەتیدانیان بۆ پەرەسەندن و بەرەوپێشبردنی توانایان، تا لە داوڕۆژدا بتوانن سەرکەوتو بن لەو بوارەی کە توانایان هەیە، کەسی شیاو بەرهەمبهێنرێت، تا بەرهەم و داهێنانی بەسود ئەنجامبدەن و بتوانن لە کارەکەیاندا سەرکەوتو بن، ئەمانە هەمویان دەبێت لە پرۆگرامی خوێندندا بە هەند وەربگیرێت، بۆنمونە لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمدا، لە بابەتی چالاکی ( بدۆزەرەوە)دا، ئەو قوتابییانەی زوتر ئەم چالاکییە ئەنجامدەدەن توانای هەستی بینینیان زۆرترە، بەمەش لە ڕێگەی بینراوی شتەکانەوە دەتوانن بە ئاسانی فێربن، یان ئەو قوتابییانەی، کە بە خێرایی چالاکی

---

[٢٢٧] www.glencoe.mheducation.com

[٢٢٨] و. جەلال خلف ژاڵەیی، لیژنەیەکی پسپۆڕ، (٢٠٠٤:٣٢٢)

(هەڵوەشاندنەوە) ئەنجامدەدەن توانای شیکارییان هەیە، بەمشێوەیە هەڵسەنگاندن بۆ جۆری زیرەکی قوتابییان دەتوانین بکەین.

## ٢/٣-٢-١-٢) زیرەکی سۆزداریی

یەکەمجار زاراوەی زیرەکی سۆزداریی لە ساڵی ١٩٩٠ (Salovey and Mayer) بەکارهێنراوە، کە پەیکەری مۆدێلی زیرەکی سۆزدارییان دارشت، کە بریتییە لە فۆڕمی زیرەکی کۆمەڵایەتی، کە توانای چاودێریکردنی خودیی و هەستی و سۆزی ئەوانی تر لەخۆدەگرێت، تا جیاوازی لەنێوانیاندا بکات، زانیاری سۆزداریی لە کارو بیرکردنەوەدا سودی لێوەردەگیرێت، بەکارهێنانی ئەم زانیارییانە بۆ ڕێپیشاندانی بیرکردنەوەو چالاکییە، بەگشتی چوار لایەنی سەرەکی زیرەکی سۆزداریی پێشنیازکراوە: ١- ناسینەوەی سۆزداریی ٢- تێگەیشتنی سۆزداریی ٣- ڕێکخستنی سۆزداریی ٤- بەکارهێنانی سۆزداریی[٢٢٩].

زیرەکی سۆزداریی لێهاتوویی بەئاگایی و کۆنترۆڵکردن و دەربڕینی سۆزداریی و تواناو دانپێدانان و هەستپێکردن و پەسەندکردن و بەکارهێنان و کۆزانیاری و خاوەنداری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن و ڕەفتارو پەیوەندی نێوکەسی دەگرێتەوە، زیرەکی سۆزداریی کلیلی هەردوو سەرکەوتنی کەسی و پیشەگەرییە[٢٣٠]، یان زیرەکی سۆزداریی (( گوزارشت لە توانای مرۆڤ دەکات لە چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ عاتیفەیدا، بەشێوەیەك زۆرترین بەختەوەری بۆ خۆی و دەوروبەری دەستەبەر بکات.[٢٣١]))، بەمەش زیرەکی سۆزداریی هۆکاری تێگەیشتنەو ڕێگایەکی ئەرێنییە بۆ پەیوەندی دروستکردن و ڕەفتاری گونجاوو بڕیاری دروست و چارەسەری کێشە...، دەتوانین زیرەکی سۆزداریی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکرنی هەستەکانەوە دروستبکەین، ئەمیش لەڕێگەی گۆڕینی بیرکردنەوەوە، هەستی تاك بەرانبەر بە دیاردەو شتەکانی دەوروبەر دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش گۆڕان لە ڕەفتاری تاکدا دروستدەکات[٢٣٢]، بڕوانە هێڵکاری (٢٣).

بیرکردنەوە ⇄ هەستکردن ⇄ ڕەفتار

هێڵکاری (٢٣)

بۆنمونە بابەتی ( بولبولێکی داماو) لە قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی لە لاپەڕە (٦٩)دا، ئەم بابەتە هەستی ئازارنەدان و یارمەتیدان لای قوتابی دروستدەکات، کە ناوەڕۆکی بابەتەکە بیرکردنەوەی قوتابی بۆ هۆو ئەنجامی ئازاردان و زیندانیکردنی باڵندەو گیانداران بەگشتی دەجوڵێنێت، بەمەش هەستی بەزەیی و بەخشین دروستدەبێت، ئەم هەستەش وادەکات کە لە ڕەفتاریدا ڕەنگدانەوەی هەبێت، بەمەش لە ئەنجامی جوڵاندنی بیرو بیرکردنەوە بۆ ئەنجامی زیانگەیاندنی گیانداران ئەم ڕەفتارە ئەرێنییە لای قوتابی دەچێنرێت.

زیرەکی سۆزداریی پێوەرێکە بۆ توانای دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی لایەنی سۆزداری تاك و کەسانی ترو کۆمەڵ، (Goleman) مۆدێلی زیرەکی سۆزداری بە چوار بواری فراوانی زیرەکی سۆزداری پێشنیازدەکات، کە دوانیان

---

[٢٢٩] Understanding emotional intelligence,( ٢٠١٤:١٣)

[٢٣٠] C. Cherniss & D. Goleman

[٢٣١] یاسر العیتی، و. کمال شێخ حسن ( ٢٠٠٧:١٤)

[٢٣٢] یاسر العیتی، و. کمال شێخ حسن (٢٠٠٧: ٤٢-٤٣)

توانستی کەسی نوێنەرایەتی دەکات، دوانەکەی تر توانستی کۆمەلآیەتی نوێنەرایەتی دەکات[٢٣٣]، وەك لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:




هێڵکاری ( ٢١) مۆدێلی زیرەکی سۆزداریی Goleman

١- بەئاگایی خود self awareness: بەئاگایی خودی مەبەست تێگەیشتنی خودییە، چۆن هەستدەکەیت و دەتوانیت بە وردی حاڵەتی سۆزداریی خودی هەڵبسەنگێنیت، کە: ا- بەئاگایی خودیی سۆزداریی( خوێندنەوەی سۆزداریی خودی و ناسینەوەی کاریگەرییان، خەون و بەهای کەسی، هاندانی خودیی) یە ب- هەڵسەنگاندنی ڕاستی خودی ( زانینی هێزو سنوری خودی، تێگەیشتن و زانینی خودیی و بەکارهێنانی کەسی) پ- متمانەبەخۆبوون ( هەستی/ژیری و بەهای خودی و بەتوانایی، توانای کەسی و کاریگەری لەسەر ئەوانی تر، دڵنیایی خودی و دەستەبەرکردنی، توانا بۆ دامەزراندنی خودیی) دەگرێتەوە. تێگەیشتنی بەهێزی و بێ هێزی خودیی و بونی ئامادەیی بۆ پشکنینی هەردوکیان، یان لە ڕێگەی بیرکردنەوە دەربارەی خۆیان یان باسکردنیان لەگەڵ ئەوانی تردا.

٢- بەڕێوەبردنی خودself management: لەسەر تێگەیشتن لە دەسکەوتن، لەگەڵ بەئاگایی خودی بنیاتدەنرێت، کە بریتییە لە: ا- کۆنترۆڵی سۆزداریی خودی ( کە بە کۆنترۆڵی خودیش ناودەبرێت، واتا چۆن هاوسەنگی ڕێکبخەین، بۆ هێشتنەوەی ڕوی هەر گرفتێك یان هاندان/وروژاندن، کەلەوانەیە ڕوبەڕوبیتەوە، بەگشتی پاراستنی سۆزداریی و هاندانی) ب- ڕونی ( ڕاستگۆیی، پاکی، متمانە پیشاندان) پ- توانای ڕاهاتن ( نەرمی نواندن لەگەڵ بارودۆخی گۆڕان یان زاڵبون بەسەر کۆسپدا) ت- دەسکەوت ( هاندانی توانای باشتر تا پێوانەی ناوەکی نایاب نیشانبدات) ج- دەستپێشخەری ( ئامادەیی بۆ کردارو دەرفەت وەرگرتن ) چ- گەشبینی ( بینینی ڕوی سەرەوەی ڕوداو)، ح- ئامانجی کەسی، بیرکردنەوەی ئەرێنی، بەڕێوەبردنی گۆڕانی کەسیی .

[٢٣٣]١-Understanding emotional intelligence(٢٠١٤:٩-١١,١٦-١٧),٢-A.Cartwright& A.Solloway(٢٠٠٧:٣-٥),٣-C.Cherniss&D.Goleman(٢٠٠١:٢٨-٣٢),٤-K.V.Petrides,A.Furnham(٢٠٠٠:٣١٣)

٣- بەئاگایی کۆمەڵایەتی social awareness: ئەم کارامەییە، دەڕوانێتە ئەوەی چۆن پەیوەندی باش لەگەڵ ئەوانی تر بەڕێوەدەبەیت، ناسینەوەی بەهای جیاوازو چونیەکی خەڵك، کلتور، پرۆتۆکۆڵ، هەمەجۆری کلتوری، کە بریتییە لە: ا- هاوسۆزی ( هەستپێکردنی سۆزداریی ئەوانی تر، تێگەیشتنی تێڕوانینیان، سودی چالاکییان لەناو پەیوەندیدارییان لە وەرگرتن، ناسینەوەو پەسەندکردنی ڕەفتارو سۆزی ئەوانی تر، تێگەیشتن و چونەناو جیهانی کەسی، ناسین و تێگەیشتنی بەهای ڕێکخراوەیی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاو بیروباوەڕ) ب- بەئاگایی ڕێکخراوەیی ( بزوتنەوە، بڕیار، تۆڕ، ئاستی ڕێکخراوەیی ژێری دەخوێنێتەوە) پ- خزمەتگوزاری/چاککردن ( ناسینەوەو پەیڕەوی بینینی خزمەتوەرگرتن یان پێویستی کڕیار).




هێڵکاری (٢٢)

٤- بەڕێوەبردنی پەیوەندی relationship managment: بەکارهێنانی ڕێگای بەئاگایی سۆزداریی خودیی و ئەوانی تر تا پەیوەندی بەهێز بنیاتبنرێت، کە دیاریکردن، شیکردنەوە، بەڕێوەبردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی تر دەرەوەو ناوەوەی گروپێك دەگرێتەوە، یان پەرەسەندنی تێبینی و ڕاهێنان و ڕاهێنەرایەتی، کە ئەمانە دەگرێتەوە: ا- سەرکردایەتی هاندان ( ئاڕاستەکردن و هاندان لەگەڵ بەڵگەی بەهێزی بینین، گەشەکردنی توانای سەرکردایەتی، دروستکردنی پەیوەندی ئەفسانەیی) ب- کاریگەری (گەشەکردنی لێهاتویی کاریگەری، مەودای تەکتیك بۆ ڕازیکردن بەکاردەهێنرێن) پ- دەرکەوتنی ئەوانی دیکە ( بەرەوپێشبردنی توانای ئەوانی تر لەنێو تێبینی و ڕێبەرێتیدا) ت- گۆڕینی کارلێکیکار ( دەستپێکردن، بەڕێوەبردن، پێشەنگ لەنێو ئاڕاستەی نوێدا) ج- بەڕێوەبردنی ناکۆکی (بەدواداگەڕانی چارەسەر/چارەسەرکردنی گرفت، چارەسەری ناکۆکی) چ- بنیاتنانی پەیوەست (هێشتنەوەی پەیوەندی و پەرەپێدان، دامەزراندن و بنیاتنانی پەیوەندی درێژخایان) ح- هەرەوەزی و هاوکاریکردن ( بنیاتنانی هاوکاری و هەڵبژاردن)خ- دانانی ئامانج و بەرهەمی ئامانج.

پەیڕەوکردنی مۆدێلی زیرەکی سۆزداریی لە پرۆسەی پەروەردەدا بۆ ڕاهێنانی قوتابییە، کە جگە لە فێربوونی ئەو زانست و زانیارییانەی، کە لە پرۆگرامی خوێندندا هەیە، فێری ئەم بوارانەی تر دەکرێت:

١- قوتابی فێری ئەوە بکرێت، کە چۆن تواناکانی پەرەپێبدات و هانبدرێت، کە متمانەی بە خۆی هەبێت لە دەرخستنی دەربڕین و کارو بیرۆکەکانی و پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی تردا، چارەسەرکردنی لایەنە بێهێزەکانی خۆی پەرەدان بە لایەنە بەهێزەکان، بەڵام لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم و دوەم و سێیەمدا هیچ بابەتێك باس لە تواناکانی تاك بکات، نابینرێت.

٢- قوتابی فێری بنەماکانی ئاخاوتن و شێوازەکانی بکرێت، لەگەڵ خوێندنەوەو تێگەیشتنی زمانی جەستەو ئاوازی دەنگ، کە بەپێی کلتوری کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆنموونە لە قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی لاپەڕە (٢٦) بابەتی (زانایەکی نەمر) بە شێوازی گفتوگۆ بابەتەکە باسدەکرێت، کە شێوازێکی دروستە بۆ فێربوون، بەڵام گرنگە بە

وریاییەوە شێوازی گفتوگۆکە بنوسرێتەوە، بۆئەوەی قوتابی لەم ڕێگەیەوە فێری شێوازی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە ببێت، بۆنموونە بەکارهێنانی پرسیاری (مامۆستا پێمان ناڵێی شەوو ڕۆژ چۆن پەیدادەبێت)، ئەم شێوازە دروست و گونجاو نییە بۆ پرسیارکردن، بۆیە گرنگە بایەخ بە دروستی پرسیارکردن و بەهای کۆمەڵایەتی بدرێت، کە شێوەیەك بێت ڕێزو خۆشەویستی و بەهای کلتوری پیشانبدات، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە قۆناغی سێیەمدا لە لاپەڕە (٤٩)دا بابەتی ( شێوازی ئاخاوتن) باسکراوە، بەڵام بە شێوازێکە، کە لەگەڵ ئاستی تەمەنی قوتابیدا ناگونجێت، چونکە لەلایەك چەند بەهایەك لەو بابەتەدا باسدەکرێت، لەلایەکی تر بەشێوەیەك داڕێژراوە، کە لەگەڵ توانای درککردنی قوتابیدا ناگونجێت و ناتوانێت بەشێوەیەکی خێرا هەموو ئەو بەهایانە وەربگرێت و درکیپێبکات، بەمەش گرنگی بە ئاستی درککردنی قوتابی نەدراوە، لە هەمان کاتدا داڕشتنی بابەتەکە بەشێوەیەکە، کە نە قوتابی هاندەدرێت و نە هەستی قوتابی دەوروژێنرێت، تا هەوڵ بۆ جێبەجێکردن و کارپێکردنی بدات.

٣- قوتابی فێری پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیان و کۆمەڵ و هاوپۆلەکانی بکرێت، لە ڕێگەی ڕاهێنان و دانانی پرۆگرام لەبارەی پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی گفتوگۆ لەناو پۆل و نواندنی چالاکی لەناو پۆل بۆ پیشاندان و فێربوونی هەنگاوەکانی پەیوەندیکردن، کارکردن بە گروپ هەنگاوی سەرکەوتنە بەسەر کارەکاندا (( زیرەکی هیچ کەس بەتەنیا لەسەروو زیرەکی گروپ نییە.[٢٣٤] ))، بەمەش قوتابی بۆ کارکردن بە گروپ ڕابهێنرێت، تا توانای سەرکەوتن و بەڕێوەبردنی کارەکانیان لە ئاستی بەرزدا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا قوتابی فێری ئەوە بکرێت، کە هەمیشە ڕاستی بڵێت و گوێ لە ڕاستییەکان بگرێت، بە وریاییەوە گوێ لە ئاخاوتنەکان بگرێت تا تێبگات و بتوانێت مەبەست و تێبینییەکانی بەرانبەر وەربگرێت، بە دروستی وەڵامی پەیوەندییەکان بداتەوە.

## ٢/٣-٢-٢) زیرەکی، زمان، پەروەردە

پرۆسەی پەروەردە خۆی لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا دەنوێنێت، ژینگەی فێربوون پشتگیری چالاکی منداڵ بۆ ( هاندان، خۆدۆزینەوە، بەکارهێنانی یاری بۆ فێرکردن، کارلێککردنی منداڵ لەگەڵ چواردەور وەك باوان، مامۆستا، هاوتەمەن) دەکات، کە سەرچاوەی گرنگی پەرەسەندنی درککردن و فێربوونی منداڵن، نەبوونی یان کەموکورتی هەریەك لەمانە هۆکاری گرفتی فێربوونە، بۆیە زۆر گرنگە بایەخ بە لایەنی ناوەکی و دەرەکی منداڵ لە قوتابخانەو خێزان و کۆمەڵدا بدرێت، چونکە هەموو لایەنەکان ڕۆڵیان لە پەرەپێدان و گەشەکردنی پرۆسەی فێربووندا هەیە*. هیچ تاکێك وەك یەك نین لە فێربووندا، چونکە درککردنی زمانی و جۆری تواناو زیرەکی تاکەکان جیاوازن، ئەمەش سودی

---

[٢٣٤] یاسر العیتی، و. کمال شێخ حسن ( ٢٠٠٧:)

* بۆنموونە پشتگیریکردنی منداڵ و هاندانی بۆ فێربوون لە ڕێگەی پاداشتکردنەوە، کە هەمو لایەنەکانی کاریگەریان لە بەرزکردنەوەی ئاستی توانای فێربوونی منداڵ هەیە، وەك لە قوتابخانە لە ڕێگەی بەخشینی دیاری و پێدانی نیشانەی زیرەکی یان ستایشکردنی لەناو پۆلدا کاریگەری لەسەر وروژاندن و توانای منداڵدا دەبێت، لە هەمانکاتدا خێزان و کۆمەڵش تەواوکەری ئەم هاندانە بن بە پاداشتکردن و پشتگیریکردن و هاندان پاڵپشتیکردنی بۆ فێربوون و دیاری پێدان و ستایشکردن و بەرزنرخاندنی توانای، کە هۆکاری گرنگن بۆ وروژاندنی منداڵ و بەردەوامبون و هەوڵدانی زیاتر، لەگەڵ ئەوەشدا خێزان کاریگەری لەسەر وەرگرتنی منداڵدا هەیە، بۆنموونە، یارمەتیدانی منداڵ لە ڕێکخستنی کاتەکانی، ئامادەکرنی کەشێکی ئارام، هاندانیان بۆ دەربڕینی بیروڕاکانیان و ڕازیبون و پاڵپشتیکردنیان، گرنگیدان بە تواناو کارەکانیان، بەخشینی خۆشەویستی و سۆز،...تاد، هەریەك لەمانە لەنێوان خێزان و قوتابخانەدا پێویستن و تەواوکەرن بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی توانای منداڵ و فێربوونیان، بە پێچەوانەشەوە.

تێگەیشتن لە شێوازی فێرکردن دەسەلمێنێت، بەمپێیەش شێوازی جیاواز پێویست دەبێت. شێوازی فێرکردن تایبەتە بە کۆکردنەوەو پرۆسەکردن و خەزنکردنی زانیاری و ئەزمون، کە ئاماژە بە توانـای تـاك دەدات، ئـەو شـێوازەیە، کـە باشترین ڕێگە بۆ کۆکردنەوەو بەکارهێنانی کۆزانیاری بە ڕێگای دیاریکراو دەگرێتەبەر، (( زاراوەی شێوازی فێرکـردن (Honey and Mumford ١٩٩٢)، کە لە بیرۆکەی (Kolb's) ەوە دەرکەوت، کـە چـوار جـۆر قوتابییـان دیاریکردوە، ( چالاك، کارەکیکار، بیردۆزیار، بیرکەرەوە/پەرچدەرەوە) لە حاڵەتی فێربوونی چـالاکیدا: ١- کـاری بـە کۆمەڵ و یاری لاسایی٢- چالاکی هزری، گفتوگۆی نارێکخراو٣- چالاکی هەمەڕەنگ ٤- حاڵەتی داهێنان فێربوونی چارەسەری کێشە، پەسەنددەکات[٢٣٥].))، زۆربەی شارەزایان ڕێکدەکەون لەسەر سێ شێوازی فێرکردنی بنچینەیی، کە بریتین لە[٢٣٦]:

ا- شێوازی فێربوون لە ڕێگەی هەستی بینین یان فێربوون بە شێوازی چـاو: لەڕێگـەی بینینـەوە قوتـابی فێردەبێـت، بەمجۆرە لە قوتابی دەوترێت قوتابی بینراو، ئەمەش بە وێنە، نەخشە، هێڵکـاری، ڤیـدیۆ،..تـاد، کـە بابەتەکـە لای قوتابی ڕوندەکاتەوە، ئەوانەی کە بینینیان بۆ فێربوون بەکاردەهێنن توانای باشیان لـە ئـەرکی نوسـیندا هەیـە، کـە زۆرجار نوسەری باش دەردەچن، ئەو قوتابییانەی، کە شێوازی بینین بۆ فێربوون بەکاردەهێنن ٪٦٥ ن.

ب- ئەو قوتابییانەی لە ڕێگەی بیستنەوە زیاتر فێردەبن: ئەم قوتابییانە گوێگری باشن، بەمجۆرە لە قوتابی دەوترێـت قوتابیی بیستراو، دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر لە ڕێگەی دەنگ، مۆسیقا، گفتوگۆ، فێرکردن،... زانیاری وەربگرن. کە کتێب بە دەنگی بەرز دەخوێننەوە تا زانیارییەکە لە یادگەیاندا بهێڵنەوە نەك بەشێوەی نوسین، ئـەو قوتابییانـەی شێوازی بیستن بۆ فێربوون بەکاردەهێنن ٪٣٠ن.

پ- لە ڕێگەی دەستلێدان، جوڵان، نواندن، ڕەفتار، هاندان فێـردەبن، بـەمجۆرە بـە قوتـابیی بـزواو نـاودەنبرێن، ئـەم قوتابییانە هەست بە بێزاری دەکەن، کاتێك زۆر دادەنیشن، ئەم قوتابییانەش کە جوڵەیین لە فێربووندا ٪٥ ن.

چەند جۆرێکی تر شێوازی فێرکردن دیاریکراون، بەپێی بۆچون و لێکدانەوەی شارەزایان، وەك بنەمایـەك بـۆ پێـوەری شێوازی فێربوون بەکاریانهێناوە، کە دەتوانرێت لە پرۆسەی فێرکردندا چەند ڕێگایەکی جیاواز لـە شـێوازی فێرکـردن بگیرێتەبەر، کۆی هەموو ئەو ڕێگایانەی کە لێکۆڵەران دیارییانکردوە، بریتیین لە[٢٣٧]:

١- فێرکردن لە ڕێگەی هاندان و پشتگیریکردنی قوتابی، هاندانی گفتوگۆی جیاوازی بابەت لـە گروپـی بـچوك یـان گەورە، کە گفتوگۆ ڕوناکی ڕونکردنەوەی بابەت و دۆزینەوەی گرانی بابەتەکەو شیکردنەوەی تێبینییەکان بە تێـڕوانین لە بابەتەکە.

٢- زانیاری بە ڕێگای جیاوازی وەك هێڵکاری، ئاخاوتن، نوسین، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای فرەڕەهەندی بگەیەنرێت.

٣- بەکارهێنانی تیۆری بۆ چارەسەری گرفت و وەرگرتنی بڕیار.

٤- هاندانی قوتابی بە پێشبڕکێ لە وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی زیاتر هەوڵدان.

٥- بەشداریکردنی قوتابی لە باسکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکەو هاوکاریکردنیان .

---

٢٣٥ www.skillsforcare.org.uk/.../Learning-technology

٢٣٦ Understanding your learning styles(٢٠٠٨:٣-٤,٦,٩)

٢٣٧ ١- www.skillsforcare.org.uk/.../Learning-technology (٣,٦),٢- M.Fralick (٢٠١١:٩٤-٩٦) ٣- www.mcgill.ca/files,٤- E. Rodrigues-falcon & M. Evans & C. Allam & J. Barrett & D. Forest (٢٠١٠:٢١)

٦- ڕەخساندنی ژینگەی گونجاو بۆ پرۆسەی فێرکردن، کە بارودۆخی پۆل کاریگەری زۆری لەسەر بیرکردنەوەو وەرگرتنی زانیاری و تێگەیشتنی قوتابی هەیە، بۆنموونە ڕوناکی پۆل، بێ دەنگی و ئارامی و هێمنی پۆل و دەرەوەی پۆل، هاوسەنگی پلەی گەرمی پۆل، تەرخانکردنی کات، ... .

٧- هاندانی قوتابی بۆ بەردەوامی هەوڵدان و وەرگرتنی زانیاری و فێربوون، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ڕێبەرێتی و ئاڕاستەکردن بۆ چاولێکردنی یەکتر.

٨- دەسەلاتپێدانی قوتابی، کە بە سەربەخۆیی و ئازادی کاربکات.

٩- ڕۆڵی مامۆستا لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا.

١٠- فراوانکردنی لێهاتویی و شارەزایی لە پرۆسەی کۆزانیاری بابەتەکە، کە پەیوەندی بە گواستنەوەی زانیارییەکان هەیە، کە ئەزمونی نوێ لەخۆدەگرێت.

١١- پێکهێنان یان نرخاندن، کە کاری گروپ بەرەوپێشدەبات، تا لە ڕێگەی گروپەوە بەشدارییکەن و شێوازی جیاواز هەڵبسەنگێنن.

بەمپێیە، شێوازی فێرکردن ڕێگای جیاوازی وەرگرتن و تێگەیشتنی کۆزانیارییە، ئەم ڕێگایانە بەپێی تەمەن، قۆناغ، ئەزمون، فسیۆلۆژی، کلتور، ....تاد کاردەکەن، شێوازی فێربوون دەتوانێت گۆڕان لە مەبەستی فێرکردن و ئامانجی فێربوون و ئاستی تێگەیشتنی قوتابی و تواناکانی و گەشەکردنی زیرەکی قوتابی و هەوڵدانی قوتابیدا بکات. گرنگترین سودەکانیش بریتین لە[٢٣٨]: ١- سودی ئەکادیمی ( شاراوەیی فێربوون زیاددەکات، لەسەر هەمو ئاستێکی پەروەردە سەردەکەوێت، باشترین ئەزمون و باشترین تۆمار لەسەر ئەزمون و تاقیکردنەوە تێدەگەین، زاڵبون و کۆنتڕۆڵکردنی ناو پۆل، ئاستی فشارو بێهیوایی کەمدەکاتەوە، ستراتیژی فێربوون فراواندەکات.) ٢- سودی کەسی ( باشترکردنی خۆمتمانەیی، فێربین چۆن مێشك بەشێوەیەکی باش بەکاربهێنین، وەرگرتنی سەرنجی خاڵی بەهێزو لاواز، فێربوونی چۆنیەتی ناسینی زیاتر،....).

لەڕێگەی شێوازی فێرکردنەوە، دەتوانرێت شێوازی جیاواز لە پرۆسەی فێربووندا بەکاربهێنرێت، کە ئەمەش کرۆکی پەروەردەیە، تا بتوانرێت لە درککردن و تێگەیشتنی بابەتەکان و وەرگرتنی زانیارییەکاندا هەموو قوتابییان بەشداربن و بۆ هەموان سودمەندن، بۆنموونە ئەو قوتابییانەی زیرەکی بینراوین، دەتوانرێت لە وتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامدا سود لە وێنەو نەخشەو پیشاندانی ڤیدیۆ... ببینرێت، لە هەمان کاتدا بە ڕێگەی وشەو ڕستەو گفتوگۆوە بابەتەکە بوترێتەوە، کە لێرەدا ئەو قوتابییانەی زیرەکی بیستەنیین تێدەگەن، لەگەڵ ئەم دوو ڕێگەیەدا بەکارهێنانی جوڵەو پراکتیزەکردنی بابەتەکە بەشێوەی نواندن یان هەر بەکارهێنانێکی جوڵەیی یارمەتی ئەو قوتابییانە دەدات، کە زیرەکی بزواوی و جوڵەییان هەیە، بۆیە پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا گرنگی بە زمان و داڕشتن و وێنەو ڕەنگەکان و هێڵکاری .... تاد بدرێت، بەشێوازێك بێت، کە قوتابی بتوانێت درکیپێبکات و لەگەڵ ئاستی تەمەنیدا بگونجێت، بە وردی ئاگاداری ئەم لایەنانە بین، لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا، زۆر کەم بایەخ بەم لایەنانە دراوەو زۆربەی لاپەڕەکان بە سپێتی بە جێهێڵدراون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە وێنەو بابەتەکان لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، بۆنموونە *لە لاپەڕە (٣١، ٣٣، ٣٧، ٥١، ٥٦، ٦٠، ٦٨)ی قۆناغی دوەم ئەو وێنانەی، کە لە بابەتی چالاکی و ڕاهێناندا دانراون،

---

[٢٣٨] Understanding your learning styles(٢٠٠٨:٥)

* بروانە بەشی سێیەم

هیچ یەکێك لەو وشانەی، کە نوسراون پەیوەست نین بە وێنەکەوە، لەگەڵ ئەوەی وێنە لەناو پڕۆگرامدا بە تایبەت لـە قۆناغی سەرەتاییدا تەواوکاری ئەو بیرو کۆزانیارییانەیە کە بە وشە دەیانگەیەنن.

## ٣/٢-٢-٣) درککردنی زمانی و پڕۆسەی فێربوون

زانستی زمانی دەرونی لە پەروەردەدا توێژینەوە لە پڕۆسەی فێربوون و فێرکردن دەکات، بۆ تێگەیشتن لـە جیـاوازی تاك لە زیرەکی و درککردن و کارتێکردن و وروژاندن و هاندان و ڕێنمایی خودیی و ڕۆڵ و کاریگـەرییان لـە پڕۆسـەی فێربووندا. ڕێبازە سایکۆلۆژییەکان*پێشنیازی هاندان و وروژاندن و درککـردن ... لـە فێرکردنـی قوتابیـدا دەکـەن، تیشکدەخەنە سەر تێگەیشتنی قوتابی لە ڕێگەی پێگوتن و خوێندنەوە، دیاریکردنی ناسنامە، پێکهێنانی کۆمەڵـە، کە کرداری فێربوون وەك پڕۆسەی ناوەکی و چالاکی ئاوەزی دەبینرێت، کـە لـەناو قوتابییـدا پەرەدەسـێنێت، توانـای لێهاتویی و بیری زیاددەکات[٢٣٩]،

فێربوونی زمان** لێهاتویی و شارەزایی و درککردنی ئالۆز لەخۆدەگرێت، (( زمان و درککردن یەکـدی دەخـولقێنن، دروستدەکەن، زمان بۆ نواندنی جیهان/ دنیا هاتوە، وەك ئێمە دەیزانین و دەیناسین ئەمە دەکەوێتە یاخود بینادەکرێت لەسەر ئەزمونی هەستیمان/درککردنی هەستیمان.[٢٤٠]))،

درککردن بە پڕۆسەی زانین و بیرکردنەوەو تێبینی و یادگەوە بەستراوەتەوە، لە پێناو باشتر فێربووندا، پێویـستە ئـەوە دیاریبکرێت، کە قوتابی چی فێردەبێت؟ داڕشتنی فێرکاری لە پێناو باشترکردنی تیۆری فێربوونـە لـەناو پڕۆگرامـدا، کەپێویستە بڕوانرێتە پێویستی و تایبەتمەندی قوتابی، ناوەڕۆك و دەوروبـەرو ژینگەکـەی، کـە کاریگـەرییان لەسـەر فێربوون هەیە، لە دروستەی کۆزانیاری*** فێربـوونی زانیـاری نـوێ داڕێـژرێت، ((زمـان کـە لەلایـەن بەکاربـەری زمان/ئاخێوەرەوە بەکاردەهێنرێت، بۆ تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی قسەی دەربڕاو و لێکدانەوەی ئەو کۆزانیارییانەیە، کە لەو ئاخاوتنەوە بەدەستدەهێنرێت یان نواندنی ئاخاوتنی زمانی سروشتی، بەکاربەری زمان لەگەڵ ڕاپەڕانـدن یـان تێگەیشتنی کردەیەکدا ڕوبەڕودەبێتەوە[٢٤١]))، ئەرکی بەرهەمهێنانی زمانی ئاڵۆزە، کە لە ژمارەیەك ئەرك پێکـدێت، کە بەپێی مەبەستی ئاخاوتن و دەوروبەری ئاخاوتنەکە واتا دەگەیەنێت، بەمەش تێگەیشتنی ئەم ئەرکانە هەنگاو بە هەنگاو ڕوودەدات، کە تێگەیشتنی زمانی و بەرهەمهێنانی پەیوەستە بەو کۆزانیارییانەی، کە لە یادگەدا خەزنکراوەو وەریگرتوە، لەکاتی پێویستدا بەدەستیدەهێنێتەوە.

ستراتیژی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن پەیوەستە بە توانای تاك/ئاخێوەر لە تێگەیـشتنی یاسـاکان، بەکاربـەری زمـان هەمیشە یاری بە پەیکەری وشەو دەستەواژەو واتا دەکـات، بـەپێی کـارلێکی کۆزانیـاری کۆمەڵایـەتی و کلتـوری

---

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٢/١)

[٢٣٩] بڕوانە Gregory McLeod(٣٦-٣٧)

** فێربوونی زمان پەیوەستە بە چەند خاڵێکەوە وەك: ١- ڕاهێنان/ کارەکیکردن ٢- لاساییکرنەوە ٣- تێگەیشتن ٤- ڕێکخستنی زانیاری زمانی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە www.kompasiana.com

[٢٤٠] N.C.Ellis (٣)

*** بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٣/١)

[٢٤١] T.A.VanDijk & W.Kintsch (١٩٨٣: ٧٠)

دەوروبەری[٢٤٢]، چونکە بەرهەمهێنانی زمانی و دەربڕینی ئاخاوتنەکانمان پێویستە لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئەو دەروبەرەی کە ئاخاوتنەکەی تیادا ئەنجامدەدرێت بگونجێت، بەمشێوەیە پرۆسەی بەرهەمهێنان و پرۆسەی تێگەیشتن هاوپەیوەستن و پێکەوەگرێدراون.(( تێگەیشتن چالاکییەکی تەواوکارییە بۆ بەرهەمهێنانی ئاخاوتن، کە تەنها درکپێکردن ناگەیەنێت، بەڵکو شیکەرەوەی یەکەی زمانی (وشە)یشە.[٢٤٣])).

تێگەیشتنی زمان توانای جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، وەك: لێهاتویی لە جۆرو شێوازە جیاوازەکانی زمان و تێگەیشتنی، پرۆسەکردنی زمان، کۆزانیاریی لە جۆراوجۆری سیستەم* و واتای کەرەستەزمانییەکان، ڕێککاری و ڕێکخستنی ئاخاوتن، تا واتای ئاخاوتن و نوسین و زمانی ئاماژە بە تەواوی تێبگات، کە ئاخاوتن پێکەوەنانی وشەو ڕستە بۆ پەیوەندیکردنی واتاو بیرە. منداڵ لە تەمەنی ٦-٨ ساڵی وشەی فەرهەنگی فێردەبن بۆ سەرکەوتن لە پەیوەندیکردن لەناو پۆل و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەش لە دەرونی تاکدا دروستدەبێت، لە ڕێگەی هاندان و پشتگیریکردن و ڕاهێنانی قوتابی لە قوتابخانەو دەرەوەیدا گەشەدەکات، بەمپێیە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەرهەمی گرنگی پەروەردەیە، کە پێویستە لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا، بۆئەوەی قوتابی توانای وەرگرتنی زانیارییەکان و تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زانیاری نوێی هەبێت. بەمەش بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕێگایەکە بۆ سەرنجدان وپشکنین و دۆزینەوەی واتا، بیرۆکە، چەمك، ڕێککاری،کۆزانیاری دیاریکراو، کە توانای کۆزانیاریی و بیرکردنەوەو تێگەیشتن و دەرکەوتنی لێهاتویی قوتابی زیاددەکات، بەهۆی لێکدانەوەو شیکردنەوەی زانیاری و پرسیارکردن و وەڵامدانەوە بۆ گیروگرفت، کە دەتوانین بیرکردنەوەکان پەرەپێبدەین، (( لە ڕێگەی PEE، کە کورتکراوەی زاراوەکانی: Point خاڵ ( دەربارەی بابەتێك بیرۆکەیەك پێشنیازدەکرێت)، Explain ڕونکردنەوە ( ڕونکردنەوەی بیرۆکە یان لێدوان)، Evidence بەڵگە ( نمونەیەك وەك بەڵگە بۆ بەهێزکردنی ڕونکردنەوەی بابەتەکە.[٢٤٤])). (( بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پرۆسەی ڕێککاری زیرەکییە، لە چالاکی و لێهاتویی تێڕوانین، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندنی زانیاریی، کە بەهۆی تێبینی و شارەزایی و بیرکردنەوەوە بەرهەمدەهێنرێت، یان ڕێبەرێکە بۆ پەرەپێدانی بیروباوەڕو کار. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئاماژە بۆ میتا درکپێکردن دەکات، یان پرۆسەی ( بیرکردنەوە دەربارەی بیرکردنەوە) یە، هەر وەك لەسەرەتاوە (Flavell ١٩٧٩ ) پێناسەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی کردوە، کە کارامەیی گرنگە، چونکە توانا بە قوتابی دەدات، تا بە کاریگەری مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵ، زانست، کێشەی پراکتیکیدا بکات[٢٤٥]))، هەر بۆیە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە گرنگە بۆ داڕشتنی پرۆگرامی فێربوون، کاری بە کۆمەڵ و گفتوگۆو فێربوون لە ڕێی هاوتەمەن، کە توانای قوتابی زیاددەکات پێویستە، یان بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە ((کارامەیی و بیرکردنەوەی بەرپرس، بۆ

---

[٢٤٢] T.A.VanDijk & W.Kintsch (١٩٨٣: ٧٢)

[٢٤٣] www.essex.ac.uk

* سیستەمی ئەلکترۆنی پەروەردەیی خزمەتی پرۆسەی فێربوون دەکات، کە ئامانجی سەرەتایین بۆ وەرگرتن و گرتنەخۆی کۆزانیاری بۆ باشترکردنی توانا، کە دەوروبەری کۆزانیاری، تێگەیشتن، پێکهاتە، سروشتی کۆمەڵایەتی، پاڵنەری سەرەکین بۆ دروستکردنی کۆزانیاری نوێ، کۆزانیاری لەلایەك وەك نوێنەرایەتی جیهانی ڕاستەقینە دەبینێت لەلایەك وەك بەرهەمی کارلێککردن لەنێوان ڕاستی و زانیاری تاك، هەوڵدان بۆ شیکردنەوەو دۆزینەوەی ڕاستی نوێ.

[٢٤٤] E. Rodrigues-falcon & M. Evans & C. Allam & J. Barrett & D. Forest (٢٠١٠:١٣)

[٢٤٥] L.Gueldenzoph Snyder & Mark.J.Snyder (٢٠٠٨:٩٠)

ئاسانکردنی بڕیاری دروست، چونکە پشت بە پێوانە، ڕاستکردنەوەی خودی، هەستیاری دەوروبەر دەبەستێت[٢٤٦].))، بە واتا (( بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە جۆرێکی بیرکردنەوەیە، کە تاك ڕوبەڕوی دەبێتەوە بۆ کاردانەوەو بیرکردنەوەی دروست و گونجاو بەکاردەهێنرێت، تا لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی زانیاری کۆبکرێتەوە بۆ وەرگرتنی بڕیار، کە هەوڵدەدات بۆ پشکنینی پرسیار دەربارەی لیستی کۆزانیاری بۆ ئەو بابەتانەی، کە پێناسەی ئاشکرا ناکرێت و وەڵامی ئاشکرای نییە[٢٤٧].))، بەمەش بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕێگایەکە بۆ چونە پێش و فێربوون، تا لە ڕاستی بابەتێك بگەین و زانیاری تەواو وەربگرین، بە هێنانی بەڵگەو شیکردنەوەی بابەت و پرسیارکردن، دواتر بڕیاری دروست بدەین.

ئەم ڕێگەیە دەکرێت وەك هێڵکاری هۆشەکی لێی بڕوانرێت و بابەتی پرۆگرامی پێڕۆنبکرێتەوە، بۆنموونە لە بابەتی (لەشساغی) قۆناغی دوەمی بنەڕەتیدا، دەتوانین، ناونیشانی بابەتەکە بکەینە بناغەی هێڵکارییەکەو ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی بابەتەکە بکرێتە لقەکانی هێڵکارییەکە، هەروەك لەم هێڵکارییەدا زیاتر ڕوندەکرێتەوە:




هێڵکاری (٢٤)

زۆر بەربەست ڕێ بە یەکخستنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەناو پەروەردەدا دەگرێت، کە بریتین لە[٢٤٨] : ١- نەبونی ڕاهێنان ( مامۆستا ڕاهێنانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان نەبینیوە یان نەخوێندوە) ٢- کەمی زانیاری ( بابەتی خوێندن سەرچاوەی ئامادەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، کە لە زۆر بابەتدا نییە) ٣- بیری پێشتر ٤- کەمی کات.

فێربوونی بنەمای گرفت توانای لێهاتویی بیرکردنەوەو وەرگرتنی کۆزانیاری قوتابی زیاددەکات، گرنگە قوتابی فێری هەنگاوی چارەسەری گرفت بکرێت، کە بریتین لە[٢٤٩]:١- ناسینی گرفت ( بزانرێت، گرفتەکە چییە؟) ٢-کۆکردنەوەی

---

[٢٤٦] D.Atlas (١)
[٢٤٧] www.usyd.edu.au(٢,٤)
[٢٤٨] L.Gueldenzoph Snyder & Mark.J.Snyder (٢٠٠٨:٩٢)
[٢٤٩] www.glencoe.mheducation.com(٩٤)

زانیاری دەربارەی گرفتەکەو هەڵسەنگاندنی ٣- دانانی جێگرەوە بۆ گرفتەکەو هەڵبژاردنی باشترین جێگرەوە ٤- پلانی کۆرسی کارو نواندنی ٥- هەڵسەنگاندنی کارەکەو چۆنیەتی هەڵبژاردنی.

چالاکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەش چوار پێکهاتە دەگرێتەوە[٢٥٠]: ا- گرفتی نادروستەیی ب- پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوە پ- هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی قوتابی ت- چالاککردنی بیرکردنەوە. ((قوتابی دەبێت بەتوانا بێت، لە چارەسەری کێشەو بڕیاری کاریگەر بدات، تەنیا کۆزانیاری و زانیاری پێویست نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو کارامەیی چارەسەری کێشە چالاکی فێربوون بەرەوپێش دەبات[٢٥١].)).

(Bransford & Stein١٩٨٤) شەش هەنگاوی بۆ چارەسەرکردنی کێشە دیاریکردوە، کە بریتین لە[٢٥٢]:

دیاریکردن ⟵ زانین ⟵ دۆزینەوە ⟵ تێکردە ⟵ سەرنجدان ⟵ فێربوون

بۆنموونە بابەتێکی وەك ( پەشیمانی) لە قۆناغی سێیەمدا، دەتوانین لە ڕێگەی وەرگرتنی کۆزانیاری لە بارەی سیماو جۆرەکانی بابەتەکە، قوتابی ڕادەهێنرێت و داوایلێدەکرێت، کە بە دوای دۆزینەوەی هۆکاری پەشیمانیدا بگەڕێت و خاڵەکانی دیاریبکات، لێرەوە قوتابی درك بە بابەتەکە دەکات و سەرنج و تێبینییەکانی بۆ بابەتەکە زیاتر دەبێت، ئەنجام قوتابی لە بابەتەکە تێدەگات و فێردەبێت کە کاری هەڵە نەکات، بۆ هەر یەکێك لە بابەتەکان دەتوانرێت ئەم هەنگاوانە پێڕەوبکرێت. (( فێربوون پشتگیری لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی شێوەی تەکنیکی پرسیاردەکات، کە بۆ قوتابی پێویستە، تا بابەتەکە شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندنی زانیاری بۆ چارەسەری کێشەو دەرکردنی بڕیار( بیرکردنەوە)، نەك تەنها زانیاری دوبارە بکەنەوە( لەبەربکەن) لەخۆدەگرێت.[٢٥٣]))، چونکە قوتابی ناتوانێت بە بێ تێگەیشتن و شیکردنەوەو لێکدانەوەی کۆزانیاری بابەتێك فێرببێت، لەبەرکردن پێوستی بە بیرکردنەوەو تێگەیشتنە، هەر وەك لە فەلسەفەی پێشکەوتوخوازیدا، کە بنەمای بیری ئەم فەلسەفەیە لەلایەن جۆن دێوییەوە بوو، گرنگی بە لەبەرکردن و دوبارەکردنەوە نادات، بەڵکو گرنگی بە ڕێکخستنی شارەزایی نوێ و بەسود بە پشتبەستن بە شارەزایی کۆن دەدات.

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەدیدێت بە هۆی[٢٥٤] :

١- دیاریکردنی بابەتێك، بە نوسینی وشەی سەرەکی لەناوەڕاستی پەڕە وەك بنەما یان تۆپیك، لە ڕێگای هێڵکارییەوە سەرنج و پرسیارو شیکردنەوەکان بخرێتەڕو.

٢- هەوڵبدرێت پرسیارەکان لەگەڵ دەستپێکردنی هێڵکارییەکە وەڵامبدەیتەوە، کە هەر پرسیارە بۆ وەڵامێك و دەرخستنی زانیارییەك گرنگە، بۆنموونە:

ا- بەکارهێنانی پرسیاری (لەکوێ، کێ، بۆکوێ) کە پێشینەی باسکردنی زانیاری دروستدەکات.

ب- پرسیاری ( چۆن) تێڕامانی ڕێگایەکە پرۆسە یان کردارێك بەکاردەخات، هەوڵبدە وەڵامی پرسیاری چۆن بۆ کاری شیکردنەوە بەکاربێنێت.

---

[٢٥٠] L.Gueldenzoph Snyder & Mark.J.Snyder (٢٠٠٨:٩٤)
[٢٥١] L.Gueldenzoph Snyder & Mark.J.Snyder (٢٠٠٨:٩٠)
[٢٥٢] نايفة قطامي، نزيه حمدي، يوسف قطامي، تيسير صبحي، صابر ابو طالب (٢٠٠٨: ٣٧)
[٢٥٣] L.Gueldenzoph Snyder & Mark.J.Snyder (٢٠٠٨:٩١)
[٢٥٤] Critical thinking, learning development (٢٠١٠: ٣)

پ- پرسیاری ( بۆچی) جۆڵەی شیکردنەوە قوڵتردەکات، بۆ دۆزینەوەی هۆکـارو ڕونکردنــەوە، بیرکردنــەوە دەربــارەی هەمو پرسیارێکی شیاو.

ت- بەکارهێنانی پرسیاری ( چی ئەگەر) جولە بۆ قۆناغێکی زیاتری هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوە یارمەتی دەدات.

ج- پرسیاری (چی ئەوەندە) پرسیارەکە کلیلی هەڵسەنگاندنە، کە بەها، واتا، گرنگی بیرکردنەوە دەستدەکەوێت.

چ- (چی داهاتو) ئاماژە بۆ ڕاسپاردەو پێشبینیکردن دەکات، کە گفتوگۆی لەسەر کراوە.

| | |
|---|---|
| چی ←— لە کوێ ←— کێ ←— کەی باسکردن | سەرەتاو پێشینەی زانیاری بۆ کێشە/ بابەتی دەوروبەر |
| چۆن ←— بۆچی ←— ئەگەر چی شیکردنەوە | هەڵدانەوەی پەیوەندی بەش بۆ گشت بارودۆخی شیاو لەبری وەڵامدانەوە/کاردانەوە |
| چی ئەوەندە ←— چی داهاتوو هەڵسەنگاندن | دەرکەوتنی بەرئەنجامی چارەسەر و ڕاسپاردە |

هێڵکاری (٢٥) هێڵکاری پرسیاری ڕەخنەگرانە- مۆدێلی هێڵی (alinear model)[٢٥٥]

خودی پرسیار، کە کەرەستەیەکی بیرکردنەوەیە، (( یەکێکە لـە ئامرازەکـانی وروژانـدن و جولانـدنی ئـاوەزو هـزری تاك/قوتابی بە مەبەستی دەستخستنی کۆزانیاری، تاقیکردنەوە، تێگەیشتن، هەڵسەنگاندنی تواناو لێهاتویی تـاك و برەودان بەو شتانەی کە لێی تێدەگات.[٢٥٦]))، لە ڕێگەی پرسیارەوە هەڵسەنگاندن بۆ زانیارییـەکان دەکرێـت، توانـاو بەهرەو بیری نوێ و شارەزایی تاك فراواندەبێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر ڕێگەیەکە بۆ وروژاندنی مێشکی تـاك و چارەسەری کێشەو دەرکردنی بڕیار، پرسیار لە دوو جۆر پێکهاتووە، یەکـەمیان ئامرازەکـانی پرسـە، دووەمیـان لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی پۆلێنناسـی (Bloom) *ە، کـە بـۆ شـەش ئاسـت دابەشـکراون، ئامرازەکـانی پرسـیاری پێپۆلێندەکرێت، هەر وەك لە هێڵکارییەکەی سەرەوەدا ئامرازەکان دیاریکراوە، بەم شێوەیە[٢٥٧]:

١- کۆزانیاری : ئاستی یەکەمی پۆلێنکردنەکەیە، توانای بیرکەوتنەوەی کۆزانیاری و ڕاستی زانیارییە.
٢- تێگەیشتن: مەبەست لە توانای تاك لە تێگەیشتنی ڕاستی و زانیاری و لێکدانەوەو توانای درککردنە .
٣- جێبەجێکردن: مەبەست لە جێبەجێکردنی توانای تاك وەڵامی پرسیار یان چارەسەری کێشە، بە بەکارهێنانی ئەو بیرو بنەماو کۆزانیارییەی فێربیوەو وەریگرتوە لە بارودۆخی تردا جێبەجێیان بکات.
٤- شیکردنەوە: مەبەست لە توانای تاکە، لە بەشبەشکردنی کۆزانیاری یان ئەو بابەت و پێکهاتەو بنەمایانە بۆ بەشە پێکهێنەرەکانیان و تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوانیان.

---

[٢٥٥] Critical thinking, learning development (٢٠١٠: ٤)

[٢٥٦] شیلان عومەر حسەین(٢٠١٢)

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٢/١)

[٢٥٧] عبدالعزیز بن صلاح التمیمی (٧٠-٧٢)

٥- پێکهێنان: کۆکردنەوەو بەستنەوەی پێکهاتە یان کۆزانیاری و بابەت بۆ پێکهێنانی توانای بەرهەمهێنان، گەیشتن بە پلان ڕێکخستنی بیرەکان.

٦- هەڵسەنگاندن: توانا لەسەر دەرکردنی بڕیار لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی، کە بەدەستیهێناوە لە ڕێگەی وەلاٌمدانەوەی پرسیارەکان.

بۆنموونە لە قۆناغی یەکەمدا فێربوونی قوتابی بە پیتەکان، سەرەتا لە ڕێگەی پێدانی کۆزانیاریی دەبێت، ئاشناکردنی قوتابی بە دەنگ و پیتەکە، تێدەگات کە ئەم دەنگە بەو پیتە دەنوێنرێت، دواتر لە ڕێگەی نوسینی وێنەکە لە تێنوسەکەی و ئەوەی کە فێریبوە جێبەجێیدەکات و دەینوسێت، بە شیکردنەوەو پارچەپارچەکردنی ئەو وشانەی کە بۆ فێربوونی پیتەکە دانراوە، فێری پێکهێنان و شیکردنەوەی وشەکان دەبێت، کۆتا قۆناغ بۆ زانینی فێربون هەڵسەنگاندنی قوتابییە بە وەلاٌمدانەوەی چالاکییەکان کە لە پڕۆگرامەکەدا هەیە، توانای وەرگرتن/فێربوونی قوتابی دیاریدەکرێت.

## ٣/٢-٢-٤) زمان و ڕێکخستنی کەسێتیی

کەسێتی(( ا. سیفاتی دەرەکی ب. ناوەکی (دەرونی) ت. ڕەفتارو هەڵسوکەوت ئەمانە هەمویان پێکەوە کەسێتی تاك دیاریدەکەن. کەسێتی کۆمەڵە شێوازێکی گشتی ڕێکخراوە بە ڕێژەیی، بۆنموونە ڕەفتارو ئاراستەو بیروبۆچون و بەهاو دابونەریت و گوفتارو دەربڕدراو، لە تاکێکی دیاریکراودا، کە ئەمەش بەرهەم و دەرئەنجامی لێهاتویی و ئەزمونی کەسەکەیە، لە ژینگەو کلتورەکەیەوە، کە کارلێکە کۆمەلاٌیەتییەکان پێکیانهێناوە.[٢٥٨] ))، بڕوانە هێڵکاری (٢٦).




هێڵکاری (٢٦)

لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی پەروەردەکردن و پەرەپێدانی کەسێتی تاکدا ( کە ئەمە کرۆکی ئەم باسەیە) ، لە لایەن زۆرێك لە زاناوە بە هەند دەگیرێت و لە ڕوانگەیەکی فرەزانست/ کۆکارییەوە تێیدەڕوانن. (Interdisplinary Approach) ئەوان پێیانوایە، کە دەکرێت کەسێتی لەسەر شێوەی سێگۆشەیەك وێنابکرێت، کە لە سێ لایەنی سەرەکی پێکهاتووە، کە بە سێگۆشەی (ا، ب، پ) ناویدەبەن ( بڕوانە هێڵکاری (٢٧))، ئەوانیش بریتین لە:

[٢٥٨] صالح نهير الزاملي ، غسق عبد الرضا بريسم العبودي (٥٧)

١- هەست و سۆزەکان feeling و Affection

٢- ڕەفتارو کردەوە Behavior

٣- بیرو درککردن cognition وThought




هێڵکاری (٢٧) سێگۆشەی (A B C)

درککردن، وروژاندنی هەست و سۆز، بیرکردنەوەی تاك بەرانبەر بە دیاردەو ڕوداوەکان دەگۆڕێت، لە ڕەفتارو کەسێتیدا ڕەنگدەداتەوە، بۆنموونە لە پرۆگرامی خوێندندا، بابەتێکی وەك ( دەستپاکی)، درککردن بەسودو گرنگی و ئاکامی دەستپاکی وادەکات قوتابی بیر لە ئەنجامی ئەرێنی و نەرێنی ئەم بەهایە بکاتەوەو نرخ و گرنگی بۆ دەربکەوێت، لێرەشەوە هەستی ئەرێنی بابەتەکە، لە ڕەفتاریدا پێڕەویدەکات، بەمەش کەسێتی تاك/قوتابی پێبنیاتدەنرێت.

لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانرێت کەسێتی تاك دیاریبکرێت و لەهەمانکایشدا ڕێنیشاندەرو پەرەپێدان و بناغەدانانی کەسێتی تاك بێت، (( زمانی دایك بەشێکە لە بنیاتنانی کەسێتی قوتابی، بەوەی زمانی دایك زمانی دەربڕین و گوزارشتکردنە لە هەست و سۆزو بیروبیرکردنەوەو..... هەر ئەمەش ئامڕازی پاراستنی ژیاری و کەسێتی قوتابییەو لەهەمانکاتدا پاراستنی فەرهەنگێتی، کە ئەمە زۆر گرنگە دەتوانیت بە هۆی خوێندنی زمانی دایکەوە پشتیوانی بکرێت لە گەشەکردنی کەسایەتی قوتابی و هەست بەوە بکات، کە لە هەمان گروپە کلتوری و فەرهەنگی خۆیەتی، مانەوەو پاراستنی فەرهەنگ و کلتوری قوتابی کەسایەتی قوتابی و پارسەنگی دەرونی بەهێزدەکات[٢٥٩] ))، سەرەتای بناغەدانانی کەسیتی تاك دەگەڕێتەوە بۆ خێزان، چونکە یەکەم پەیوەندیگرتنی منداڵ خێزانە، کە منداڵ ڕەفتارو هەڵسوکەوت و بیرو بەهاو کلتور لە خێزانەوە وەردەگرێت، دەبێتە چاندنی بەهای جوان یان ناشرین و دروستکردنی کەسایەتی تاك، ((زمانەوانان و پەروەرشیاران لێکۆڵینەوە لە ئاکاری زمانەوانی ( گۆکردن، خودی زمان، شێوەو ئاخاوتن، ....) ی منداڵ، لە پێنج ساڵی تەمەنیدا دەکەن، لەبەرئەوەی لە گرنگترین و مەترسیدارترین قۆناغەکانی ژیانی بەڕێوەدەچێت و لەبارترین کاتە بۆ چاندن و بنیاتنانی کەسێتی تاك، هەر لەبەرئەمەشە ئەم قۆناغە بە قۆناغی بنیاتنان/ زێڕین/ ئاڵتونی دەستنیشانکراوە))[٢٦٠]، بەمپێیە خێزان کە بەشێکە لە کۆمەڵ بنەمای گرنگی بیاتنانی کەسێتیی تاکەو هۆکارێکە بۆ چاندنی کلتورو بەهاو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵ، دوای خێزان قوتابخانە دەبێتە ڕەنگرێژەرو گەشەپێدەری کەسێتی تاك،کە ئەمەش بە هاوکاری دامەزراوە ئایینیەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێت، کە پێکەوە لە ڕێی زمانەوە کەسێتی تاك پەرەپێدەدەن، هۆکاری سەرەکی بنیاتنانی کەسێتیش دەگەڕێتەوە بۆ[٢٦١]: ا- هۆکاری زمانی. ٢- هۆکاری پەروەردەیی. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو وشەو دەستەواژانە دەبێت، کە لە ژیانی تاکدا بەکاردەهێنرێت، لەلایەکی تر ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەی کە تاك ڕوبەڕوی دەبێتەوەو لە چۆنیەتی

[٢٥٩] www.edu.fi/yleissivistava_koulutus

[٢٦٠] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥)

[٢٦١] هەمان سەرچاوە (٢٠١٥)

پەروەردەکردن و دەرخستن و پیشاندانی بەهاکاندا خۆی دەبینێتەوە، بەم هۆیە پەیوەندی لەنێوان زمان و کەسێتیدا دروستدەبێت، کە لەلایەك زمان کەرەستەی گفتوگۆی ناوەکی تاکە، پێکبەستنی سۆزو ڕەفتارو بیری تاکە بۆ بناغەدانانی کەسێتی خودی و دەرخستنی تایبەتمەندی کەسێتی خودییە،( زمان نوێنەری تاکە، تەنانەت دەربڕی خواست و خەندەو ئارەزوە دەروونییەکانی تاکیشە. زمانی کوردی خودی کوردە لەبەرئەوە هەرچییەك لەبارەی کوردەوە بزانیت لە ڕێگەی زمانەکەوەیەتی، بایەخی زمان لەوەدایە دەتوانێت بەهۆیەوە دەرونەکان بنیاتبنێت و خود پێکبهێنێت، گۆڕانکاری و پەرەپێدان بکەین. زمانی دایك هەڵگرو گەیەنەرو پارێزگاریکەری کەسێتی تاك و کۆمەڵ پێکەوە بەدرێژایی کات. زمان ڕۆڵی هەنوکەیی لە بنیاتنانی کەسێتی تاك هەیە، لەوێشەوە خێزان و پاشان کۆمەڵ، کەسێتی مرۆڤ ناواخنکراوە بە زمان.[٢٦٢])، لەلایەکی تر لەڕێگەی زمانەوە پەیوەندی کۆمەلایەتی و لێکگەیشتن و درککردن بە بەهاو کلتوری کۆمەڵ دروستدەبێت و هۆکارە بۆ بنیاتنانی کەسێتی تاکی و کەسێتی کۆمەلایەتی، ( قۆناغی منداڵی بە خاڵی هەنگاوهەڵگرتنی تاك دادەنرێت بەرەو بنیاتنانی کەسێتی لە داهاتودا، لەم قۆناغەشدا هەموو ڕێڕەو و ئاراستەکانی پەرەپێدان و گەشەکردنی منداڵ لەڕوی جەستەیی و عەقڵی و دەرونی و کۆمەلایەتی دەستنیشاندەکرێت، توانای تاك بۆ کاریگەربون و وەرگرتن بەشێوەیەك یارمەتیدەرە بۆ بنیاتی کەسێتی و کاریگەری و جێبەجێی بەجێهێنان لەسەر داهاتووی. لەبەرئەوە زۆر گرنگە وردبین لە دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی وردو کاراو شیاو تا ئامادەیی پێبەخشێت و بتوانێت کارلێکی ئەرێنی هەبێت لە کۆمەڵدا، کەموکورتی لە پرۆگرامی خوێندندا بەوەی پڕکەرەوەی مەیل و حەزو خولیاو پێویستیەکان و داواکارییەکانی تاك نەبێت لە کۆمەڵداو ناتوانێت بنیاتی کەسێتی منداڵ بکات و بیرکردنەوەی پێکبهێنێت و پەرە بە لێهاتوییەکانی بدات. بنیاتی کەسێتی بە ڕێگەی پێدانی کۆزانیاری و لێهاتویی و تواناو بەخششی وا دەبێت، کەوا لە تاك بکات تاکێکی بەرهەمهێنەر بێت.)[٢٦٣]، اریکسۆن دەڵێت ناسنامەی تاك گەشەدەکات بە زنجیرەیەك لە قەیرانی گەشەپێدانی دەرونی و کۆمەلایەتی، کە ڕێبەرێتی مرۆڤ دەکات بۆ گەشەکردنی کەسێتی.

## ٢/٣-٣) دەرونزانی منداڵ لە تەمەنی ٦-٩ساڵی

خستنەڕوو دیاریکردن و پەسنکردنی دەرونزانی منداڵی (٦-٩) ساڵ، کە تەمەنی قوتابیانی بنەڕەتی قۆناغی (١-٣) پێکدەهێنێت، سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە، (Piaget) بۆ گەشەکردنی منداڵ، چەند قۆناغێکی دیاریکردووە[*]، ئەم قۆناغە دەچێتە ناو[٢٦٤]: ١- قۆناغی پێش کردار (٣-٧)ساڵ، کە لە ئەم قۆناغەدا منداڵ ڕاستەوخۆ لە زاراوە تێدەگات، بەلام گرفتی لە لاوازی توانای دۆزینەوەو ئاشکراکردندا هەیە. ٢- قۆناغی کرداری هەستپێکراو (٨-١١) ساڵ، ئەم قۆناغە چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی شارەزایی هەستی دەکات، ئەمەش تەنیا بۆ ئەو شتانەی کە شارەزایی لێی هەیە. ئەم قۆناغە بە قۆناغی پێش هەرزەکاری یان ناوەڕاست دانراوە، کە ڕێگە بە منداڵ بدرێت، کە خۆی کارەکانی بکات و ستایشی بکرێت، تا زیاتر هەوڵبدات و پەرە بە تواناکانی بدات و پشت بە خۆی

---

[٢٦٢] R.Jaspal (٢٠٠٩: ١٧)

[٢٦٣] صالح نهير الزاملي ، غسق عبد الرضا بريسم العبودي (٥٧)

[*] بڕوانە (٢/١)

[٢٦٤] هێرۆ کەمال کەریم (٢٠٠٦: ٧٣-٧٤)

ببەستێت، لە ئەنجامدانی هەر کارێك کە منداڵ دەیکات، پێویستە لە ڕەخنەو بایەخنەدان بە هەوڵەکانی دوربکەوینەوە، چونکە منداڵ بەم هۆیە هەست بەکەموکوڕی دەکات و بۆ چارەسەری کێشەکانی پشت بە دەوروبەر دەبەستێت.

ئەرکی قوتابخانە لە قۆناغی ٦-٩ساڵیدا بریتییە لە[٢٦٥]:

١. فێرکردنی چالاکی جەستەیی، پێویستە بۆ یاریکردنی سروشتی ڕۆژانە.
٢. فێرکردنی بواری هاوڕێیەتی کردن و گونجان لەگەڵ دەوروبەردا.
٣. ناساندنی (ڕەگەز) و جیاکردنەوەی لە لای کوڕو کچ.
٤. گەشەکردنی چالاکی بنەڕەتی لە خوێندنەوەو نوسین و ژمارەدا.
٥. فێرکردنی و ڕزگاربوون و پشتنەبەستن بە کەسانی تر بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی.
٦. گەشەکردنی کەسێتی و زانینی نرخ لەناو کۆمەڵدا.
٧. فێرکردنی ڕەفتار کە لە کۆمەڵدا گونجاو بێت.

قوتابخانە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکارییە و چێنەری پێوەری کۆمەڵایەتی و دیاریکەری کلتورە بە تایبەت بۆ قۆناغی (٦-٩) ساڵ، کە کاریگەری لەسەر گەشەدانی ژیری منداڵ لەم قۆناغەداهەیە، گەشەدانی ژیری لەم قۆناغەدا (٦-٩) ساڵ بەشێوەیەکی زۆر خێرا لە ڕوی وەرگرتنەوە منداڵ لێهاتویی نوسین و خوێندنەوە پەرەدەسەنێت، گەشەی زمان لەم قۆناغەدا زۆر گرنگەو ئەم قۆناغەی تەمەن بە قۆناغی بنەڕەت لە وەرگرتنی زماندا دانراوە، لێرەدا بە قۆناغی دەربڕین و نووسینی ڕستەی ئاڵۆزو درێژ دادەنرێت.

پەرەدان بە ژیری زۆر خێراگەشەدەکات، منداڵ لێهاتوییە بنەماییەکان لە خوێندنەوەو نوسین و ژمێرەیی فێردەبێت، بە پوختی[٢٦٦]:

- لێهاتویی منداڵ لە لەبەرکردن و بیرکەوتنەوە زیاددەکات.
- لێهاتویی داهێنانکاری بە پلەبەندی زیاددەکات.
- درککردنی واتای وشەکان لای کامڵ دەبێت.
- حەز لە فێربوونی شت دەکات.
- پەرە بە چەمکە دروست و هەڵەکان دەدات.
- وردی لە لێهاتوویی منداڵدا.

## ٢/٣-٤) وەرگرتنی زمانی یەکەم و دووەم

زمان کەرەستەیەکی گرنگی پەیوەندیکردن و وەرگرتنی کۆزانیاری و هاوکاری و پەوەردەکردن ...تاد ە، کە ڕۆڵی سەرەکی لە ژیانی تاکدا دەبینێت، مرۆڤ لەسەرەتادا لە قۆناغی زمانپژاندندا* فێری زمانی دایك دەبێت، دواتر بە

---

[٢٦٥] هێرۆ کەمال کەریم (٢٠٠٦: ٣٧، ٨٥)

[٢٦٦] امجد قاسم/ خصائص النمو فی المراحل العومەر یە المختلفە

* تاك بەهۆی نەخۆشییەك، کە لە ئەندامەکانی ئاخاوتندا یان لە مێشکدا دروستدەبیت، یان توشی پێکان یان زەبرێك ببێت و باری ئاسایی تێکبچێت. ئەوا کار لە یەکەکانی زمانی تاك بەتایبەتی یەکەی زانیاری فەرهەنگیی دەکات، چونکە وەرگرتنی زمان لە بچوکترین یەکەی زمانی کە

تێپەڕبونی تەمەن بەپێی ژینگەو دەوروبەری زمانی دوەم و سێیەم و... وەردەگرێت، وەرگرتنی زمانی دووەم لەڕێی فێربوون و هاندان و وروژاندن و گرنگیدانەوە دەبێت، (Cummins۱۹۷۹) ڕونیکردەوە، کە لە پڕۆسەی پەروەردەدا پێویستە قوتابی زمانی یەکەم ( خوێندنەوەو نوسین ) بەتەواوی فێربێت، لەگەڵیشیدا فێری زمانی بیانی بکرێت، تا ڕێکخستنی ئاوەزی چالاکبێت و چەمك و واتاو دروستە زمانییەکان شارەزابێت، بتوانێت جیاوازی و لێکچون و واتای وشەکان لە هەردوو زمانەکەدا وەربگرێت و زانیاری لە بارەیانەوە بزانێت، فێربوونی تەواوی زمانی یەکەم توانای منداڵ بۆ بەدەستهێنانی زمانی دووەم سەرکەوتوتر دەکات، کە بە گریمانەی ئاستبەندی threshold hypothesis دەناسرێت، گریمانەیەکی پەیوەستە بە وەرگرتن/فێربوونی زمانی دوەم[٢٦٧]، (Cummins) ساڵی (٢٠٠٠) ئەم توێژینەوەیەی خستووەتەڕوو، تیایدا نزمترین ئاستی لێهاتویی و توانای وەرگرتنی پڕاوپڕی زمان، پێویستەو دەبێت بچەسپێت، پێش ئەوەی ئاخێوەری زمانی دووەم هیچ تایبەتێتی لە زمانەکە بەرهەمبهێنن و فێرببن. هەروەها ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە لە پێناو فێربوونی لێهاتویی لە زمانی دووەمدا، پێویستە پەروەرشیارو مامۆستایانیش بەپێی تەمەنی گونجاو ئاستی توانستی فێربوون، زمانی یەکەمیان بە تەواوی لێهاتوییان پڕاوپڕبکرێت[٢٦٨].

قۆناغی سەرەتایی ((سەرەتایەکی قورسە لەڕوی دەرونییەوە بۆ منداڵ، سەرباری ئەو بارە دەرونییە، زمانەکەش بارەکە ئاڵۆزتر دەکات[٢٦٩])). درەنگ فێرکردنی زمانی دایك کاریگەری لەسەر گرانی فێربوون هەیە، (( باشترە سەرەتای پەروەردە بە زمانی دایك بێت، چونکە باشتر تێدەگات و ژیانیان لەنێوان ماڵ و قوتابخانەدا ناپچرێت، تا ئەوەندەی بکرێت ئارامی بچەسپێت لە دەرونیاندا[٢٧٠].))، لەبەرئەوە زانینی لایەنی دەرونی منداڵ و چۆنیەتی وەگرتنی زمان و زمانپژاندن و سروشتی ئەو زمانەی کە لە ژینگەکەیدا بەکاریدەهێنێت، ئەمە بۆتە یاسا لای هەموان دەرونزانی،زماناسی، .... یاسایەکەو ناتوانین بەبێ ئەو بنیاتی هیچ توێژینەوەیەکی زمانی، پەروەردەیی، کۆمەلایەتی، .... بکەین، بۆیە لێکۆڵەران لە دوای تەمەنی (٩) ساڵییەوە، وەرگرتنی زمانی دووەم بە زانستی و شیاو دەزانن، بە واتا لە دوای قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی قوتابی فێری زمانی دووەم بکرێت، لە فێربوونی زمانی دووەمدا گرنگە، کە جیاوازی بکرێت لە بەکارهێنانی سینتاکسی و وشە فەرهەنگییەکانی زمانی دووەم، چونکە

---

(فۆنیم) ە دەستپێدەکات، دواتر وشەو مۆرفیمەکانی زمان وەردەگریت، بەمپێیە هەر هۆکارێك لەو هۆکارانە تێکچون لە گوتن و ئاخاوتنی تاکدا دروستدەکات.

هەر نەخۆشییەك یان کێشەیەك لە ئاخاوتنی زمانیدا ڕوبدات، کاریگەری لەسەر پەیوەندیکردنی تاك لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵدا بۆ دروستدەبێت، گرنگترین ئەو نەخۆشییانەش بریتین لە: ١-ئۆتیزم - خود تەنیایی Autism ٢- ئەفاژیا -زمانگیران Aphasia ٣- دەنگە نەمان Aphonia ٤- ئەپراکسیا Apraxia ٥-دیستەفازیا/ دوا کەوتنی قووڵ لە گەشەسەندنی زمان Dystephasia ٦- دیسگرافیا/ نوسینگرتن Dysgraphia ٧- ئەگنۆزیا/ پەککەوتەیی هەست Agnosie ٨- دیسلیکسیا/گرفتی خوێندنەوەو نوسین Dyslexie ٩- ئاڵۆزبوونی یادگە Trouble Lamemoire ١٠-ژمارە گرتن Dyscalculie ١١- لەیاد نەمان Amnesia ١٢- دەنگدەرنەهاتن Dysphonia، بڕوانە ١- یارا قادر (٢٠١٥: ١٠٠)، ٢- (٢٠١٤)Dyslexia Resource Guide ٣ - هێرۆ کەمال کەریم (٢٠٠٦: ٢٨٢-٢٨٨).

[٢٦٧] بڕوانە B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨: ٧٩)

[٢٦٨] www. Wikipeda.org

[٢٦٩] مهاباد کەمال عبدالله (٢٠١٥: ٧)

[٢٧٠] www.prr.hec.gov.pk/chapters

یاساکانی سینتاکس لە زمانەکاندا جیاوازن و زۆر لە وشە فەرهەنگییەکانیش لە زمانی یەکەمدا دەچنە ناو کێڵگەیەکی واتاییەوە، بەڵام لە زمانی دووەمدا لە کێڵگەیەکی واتایی تردا دەبێت، ئەمەش تاك توشی گێروگرفتی بەکارهێنانی زمانی دەکات، لەم ڕووەوە تەنیا فێربوونی زمانی دووەم گرنگ نییە، بەڵکو فێربوونی واتای فەرهەنگی وشەکان لەڕوی سیما واتاییەکان و پێکەوەهاتن و بەکارهێنانی سیمانتیکی و پراگماتیکی زمانەکەش گرنگە لە فێربوون و بەکارهێناندا*.

لە فێربوونی جوتزمانی و فرەزمانیدا، بەئاگایی کاریگەری لەسەر بەکارهێنانە زمانییەکان و وەرگرتن و بەرهەمهێناندا هەیە، چونکە ( بەئاگایی پرۆسەیەکی هۆشەکییە، کە وەك فلتەرێك ڕوداوە هەستپێکراوەکان دەپاڵێوێت و هەندێکیان بایەخ پێدەدات هەندێکیان پشتگوێدەخات، بایەخپێدراوەکان خەزندەکرێن و لێکدەدرێنەوەو دەبنە زانیاری بۆ مرۆڤ[271])، بەمەش کۆزانیارییەکانی زمان فێردەبێت و بەرهەمهێنان و تێگەیشتن دێتەکایەوە، لەم ڕێگەیەشەوە تاك هەوڵی فراوانکردنی زمانەکەی دەدات.

(١٩٨٧Vygotsky) دەربارەی فێرکردنی زمانی دوەم ئەوەی خستەڕوو، (( بنەماکانی فێربونی زمانی دووەم لەناو کۆزانیاری زمانی یەکەمی کەسەکەوە هەڵدەهێنجرێت، پێشنیازی ئەوەشیکردەوە، کە ڕوکارە سیمانتیکییەکانی وشەیەك پێش ئەوەی بەحەقیقی و واقیعی ناوی وشەکە بزانێت بەدەستدەهێنرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فێربونی زمانی دووەم دەکەوێتە سەر پەرەپێدانی پێڕەوی سیمانتیکی زمانی یەکەم [272].))، (١٩٧٤Fodor) دەڵێت: "زۆرینەی یاخود هەموو ئەو تیۆرانەی پەیوەستن بە وەرگرتنی زمانی یەکەم (زمانی دایك) گونجاوو شیاون بۆ وەرگرتنی زمانی دووەمیش، واتا دەبێت هەمان تیۆر بەکاربهێنرێت.[273]"، هەروەها(Vygotsky)پێشنیازی ئەوەشیکردووە، کە (( فۆرم و هێما هەمیشە نەخشەو نوێنەری ڕاستەوخۆی واتایەك نین، هەروەك فەرهەنگ و ڕێزمان و فرەواتا (زیاتر لە واتایەك)، لەبەرئەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا جەختدەکاتەوە سەر گرنگی (توانستی پراگماتیك)** لەپەرەپێدانی زماندا [274].)).

منداڵی جوتزمان یان فرەزمان لە دوای قۆناغی زمانپژاندن کاتێك دەچێتە قوتابخانەو ڕووبەڕوی جیهانی دەرەوە دەبێت، توشی نێواندژی زمانی دەبێت، لەنێوان زمانیماڵەوەو قوتابخانەو کۆمەڵیدا، ئەم نێواندژییەش وادەکات، منداڵ زمانی ماڵەوەو دەرەوەی تێکەڵبکات لەکاتی بەکارهێناندا، بۆیە ئاشنابون بە وەرگرتنەکانی منداڵ و پەیوەستکردنیان

---

* هەر بۆ ئەمەش (Hulstisin ٢٠٠٠ ) چوار گریمانەی دەربارەی هەڵگرتنی کەرەستە فەرهەنگییەکانی فرەزمانی نمایشدەکات:

١- گریمانەی پێڕەوی فراوانکراو: مەبەست لەوەیە وشەکانی زمانی یەکەم و دوەم لە هەمان شوێن و کۆگادا هەڵگیراون.

٢- گریمانەی پێڕەوی دوانەیی: هەر یەکێك لە زمانەکان کەرەستەکانیان لە کۆگای جیاوازدا هەڵگیراون.

٣- گریمانەی سیانە دابەشبون: بەپێی ئەم گریمانەیە وشە لێکچوەکان لەیەك شوێندا هەڵگیراون، کە پێی دەوترێت common store و وشەکانی تایبەتن بە زمانێکیان بەجیا هەڵگیراون.

٤- گریمانەی دەستە یاسا: وشەکانی زمانی یەکەم و دوەم لە دوو دەستە گروپی جیاوازی هاوکاردا پێکەوە لەیەك کۆگادا هەڵگیراون. ئاڤێستا کەمال، شاخەوان جەلال ( ٢٠١٣: ٨٧)

[271] کەریم شەرف قەرەچەتانی (٢٠٠٦: ١٧٣-١٧٤، ١٨٢)

[272] B.Eun & H.Soon_Lim(٢٠٠٩: ١٨)

[273] موسى رشيد حتاملة (١٤٢٧: ٩٧)

** پراگماتیك ئاماژەبە دەوروبەرە زمانەوانییەکان کە دیاریکراون لەگەڵ دەستنیشانکردنی واتای زمان لە دەوروبەردا دەدات.

[274] B.Eun & H.Soon_Lim(٢٠٠٩: ١٨)

زۆر گرنگە، بەتایبەت پەیوەستکردنی زمانی ماڵ و قوتابخانە، بۆنموونە ئەو قوتابییانەی کە لە قوتابخانە نموونەییەکاندا دەخوێنن، ئەو زمانەی کە لە قوتابخانە فێریدەبێت لە ماڵ و کۆمەڵدا بەکاریدەهێنێت، کە زۆر جار توشی سەرلێتێکچون دەبێت بەهۆی ئەوەی، کە لە دەرەوەی قوتابخانە لەناو کۆمەڵدا ئەو زمانە بەکارناهێنرێت و لێکتێنەگەیشتن دەهێنێتەکایەوە. لێرەشدا پەروەردەو پرۆسەی فێربوون ئەرکێکی گرنگتری دەکەوێتە سەرشان، ئەویش ڕاهێنانی قوتابییە لە بەکارهێنانی زمانی ستانداردو تێکەڵنەکردنی جیاوازییە زمانییەکان و فێرکردنی زمان، بەمەش وەرگرتنی زمانی دووەم لەسەرەتای خوێندندا کار لە فەرهەنگی ئاوەزی و وەرگرتن و تێکەڵکردنی کۆدەکانی زمان دەکات.

ئەو منداڵانەی کە لە لەدایکبونەوە دوو زمان وەردەگرن، تێبینی گۆڕان لە جیاوازی وەرگرتنی زماندا دەکرێت لەنێوان وەرگرتنی جوتزمان لە منداڵداو لەگەڵ وەرگرتنی جوتزمان لە هەراشدا، ئەنجامی سەرەتایی جوتزمانزانی ئەوە دەردەخات، کە ئەو منداڵانەی کەلەسەرەتاوە جوتزمانن ئەرکیان ئاڵۆزترە لە منداڵێك کە تاکزمان بێت، بەوەی دابڕاودەبن لە کۆمەڵ و لە ڕوی دەرونیشەوە گرفتدارترن، ئەمەش لە ئەنجامی خەزنکردنی تێکردەی کۆدەکانەوە ڕوودەدات، دەردەکەوێت، کە منداڵێکی تاکزمانەو زمانەکەی وەك ئاخاوتنی دەوروبەرو کۆمەڵەکەیەتی، تێکەڵکردنی تێکردەی کۆدی دوو زمانی بۆ تاکێکی دیاریکراو*، کە بە (تێکردەی تێکەڵاو )ناونراوە، بڕوانە هێکاری ( ٢٨).

جیاکردنەوەی تێکردە




تێکەڵکردنی تێکردەی




هێڵکاری (٢٨) حاڵەتی تێکردە لە منداڵی تاك زمان و جوتزماندا (Ritchie & Bhatia ١٩٩٩)[٢٧٥]

سیستەمی جوتزمانی ( ڕێزمانی هۆشی و ستراتیژی پرۆسەکان لە جوتزماندا)، دەبێتە جیابونەوەی بیری منداڵ یان نابێت؟ بۆ ئەم بارودۆخە دوو گریمانە پێشنیازدەکرێت، کە بریتین لە: ١- گریمانەی سیستەمی تەواو ( زاراوەی گریمانەی سیستەمی سەرەتاییشی پێدەوترێت). ٢- گریمانەی سیستەمی دوانەیی.

بە گوێرەی گریمانەی سیستەمی تەواو منداڵی جوتزمان توشی قۆناغی شڵەژان دەبێت لەنێوان تێکردەی زمانی یەکەم و دووەمدا، منداڵ میکانیزمی جیاکردنەوەی سیستەمی جوتزمانی بۆ دوو کۆمەڵەی جیاوازی ئاخاوتن دەبێت لە ئاوەزیدا جێبکاتەوە، مۆدێلەکە لە هێڵکاری (٢٩)دا کورتکراوەتەوە بەگشتی مۆدێلی سێ قۆناغ لە گەشەکردنی جوتزمانیدا نوێنەرایەتی دەکات، ئەمەش بە هۆی کورتهێنانی لە هەردوو ئەزمون و مسیۆدۆلۆژیدا.

* منداڵ گرفتی لە پەیوەنیگرتنی لەناو کۆمەڵدا بۆ دروستدەبێت وەك لە بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی، پۆلیگسیا، پراگماتیك،....

[٢٧٥] B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨: ٤٣)

بەلام گریمانەی سیستەمی جوتزمان بانگەشەی ئەوە دەکات، کـە منـداڵ توشـی شـلەژان نابێـت لـە وەرگرتنـی دوو زمانیدا، جگە لەوەش هەردوو سیستەمی زاراوەو ڕێزمانی جیادەکاتەوە، وەك سەرەتایەك لە تەمەنی دوو ساڵی یـان کەمتر، لەسەر بناغەی گەیشتنیان بە ڕێزمانی گشتی و وەرگرتنی جیاوازی سەرەکی لەنێوان دوو زمانەکەدا[٢٧٦].
منداڵی جوتزمان
تێکردەی ( تێکەڵ یان جیاکردنەوە)




هێڵکاری (٢٩) گریمانەی تەواو (Bhtia & Ritchie ١٩٩٩)

بەگشتی بنەمای دەرونی لێکۆڵینەوەیە لە بیرو بیرکردنەوەو زانیارییەکان، کە پەیوەستە بە ئاوەزەوە، زمان و ئاوەزیش پێکەوەبەستراون، زمانیش ئەرکی دیاریکردنی بیری مرۆڤە، بەمەش زانستی زمانی دەرونی لە ئاوەزو بیری مرۆڤ دەکۆڵێتەوەو هەوڵدەدات لەو ڕێیەوە ڕەفتارو ئاکاری مرۆڤ شیبکاتەوە، بیر ئەرکی داڕشتنی واتاو هەڵهێنجاندنی هەیە، لە ئەنجامی ئەمەش درککردن و هەستکردن و وەرگرتنی زمان و درککردنی ئاخاوتن دێتەبەرهەم، کە تێگەیشتنە لە ڕوکاری وشەو ڕستەو ئاخاوتنەکان و بەرهەمهێنانیان، وەرگرتنی کۆزانیارییەکان بە توانای تاك (بیرو زمان لە ڕێگەی دروستەی زیرەکی، شێوازی فێرکردن، زیرەکی سۆزداریی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو چارەسەری کێشە)ە گرێدراوە، زمان هۆکارێکە بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدان بە کەسێتی تاك و بنیاتنانی کەسێتی، ئەمەش کرۆکی پەروەردەیە.

## ٤/٢) بنەمای زانستی زمانیی- زمانیی

زانستی زمان لە تیۆری و پەسنکردن پێکدێت، پەسنکردن بەشەکانی فۆنۆلۆجی و مۆفۆلۆجی و سینتاکس دەگرێتەوە، هەوڵدەدات لە بارەی کارەکانی زمانەوە بدوێت، کە چۆن قسەکەر واتا وەردەگرێت و وەسفیان دەکات، چۆن پەیوەنـدی نێوان واتاو وشەکان دەبەستێت بەیەکەوەو لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە دەکات، تیشکدەخاتە سـەر دروسـتە، وەرگـرتن، بەکارهێنان، گۆڕان بەگشتی[٢٧٧].
زانستی زمان لە پەروەردەدا هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە ڕونبکاتـەوە، کۆشـشدەکات کـە وەڵامـی پرسیاری، بۆچی پەروەردە پێویستی بە زانستی زمانە؟*بداتەوە. (( پرۆسەی زانستی زمان کـارێکی لـەخۆوە نییـە، بەڵکو کردارێکی مەبەستداریی وردە، کە لەسەر بنەمای زمانەوانی ئاشکراو ڕون بنیاتنراوە، کە کۆمەڵێك چـەمك و

[٢٧٦] B. Spolsky and F. M. Hult ( ٤٤-٤٣:٢٠٠٨)
[٢٧٧] بڕوانە B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨: ٥٣)
*بڕوانە (١/١)

بنەماو ڕاستی کۆیکردونەتەوە، ناوەڕۆکی پرۆگرام بەپێی بنەمای زمانەوانی لەسەر چەند لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری زمانەوانی یان کارەکی دروستبوە، بۆنموونە چەمکی زمان، ئەرکی زمان، تایبەتمەندی زمان، ...تاد[278]))، کە تایبەتمەندی زمان دەتوانرێت بۆ بنیاتنانی پرۆگرامی خوێندن سودی لێوەربگیرێت، کە بریتین لە[279]:

١- زمان دیاردەیەکی مرۆییە. ٢- زمان دەنگە . ٣- زمان ڕەمزە. ٤- زمان پێڕەوە. ٥- زمان بۆ پەیوەندیکردنە.٦- زمان کلتورە.

## ٢/٤-١) ئەرکی زمان

ئەرکی سەرەکی زمان پەیوەندیکردنە، زمان هۆکاری ئالوگۆڕی پەیوەندییەکان و لەیەکگەیشتن و ئاخاوتنە، کە ئەم ئاخاوتن و پەیوەندییانە لەنێوان تاکەکاندا چەندین ئەرك لە ڕێگەی زمانەوە پیشاندەدەن، بۆیە ئەرکەکانی زمان بۆ چەند جۆرێك دابەشدەکرێن، کە بریتیین لە[280]:

١- ئەرکی هۆکاری/ئامێریی: زمان دەربڕی پێویستی و داواکاریی و خولیای مرۆڤە، کە بە ئەرکی (من ئەوەم دەوێت ناسراوە).

٢- ئەرکی ڕێکخەری: بەهۆی زمانەوە دەتوانین کۆنترۆڵ بەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەوانی تردا بکەین، بە ئەرکی (ئەوە بکە، بڕۆ..) دانراوە، واتا زمان کردەشە، وەك کردەیی قسەیی( دادگا بڕیاری دا تاوانبارەکە لە سێدارە بدرێت، پەیمانپێدان..).

٣- ئەرکی کارلێکەری: لێرەدا زمان وەك کرۆکی کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵدەبینێت و بە ئەرکی (ئەرکی من، ئەرك تۆ) دیاریکراوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا بژیت و ئەم ڕێککاریە بەهۆی زمانەوە دەکرێت، زمان ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی تێکەلاوبوون و کارلێکی کۆمەڵایەتییەو بە پێچەوانەشەوە، ئەمەیش بەهۆی ڕەوشتە کۆمەلایەتییەکانەوەیە، وەك (سلاوکردن، ڕێزنواندن، ڕوخسەتوەرگرتن...تاد).

٤- ئەرکی کەسیی: مرۆڤ بەهۆی زمانەوە، جگە لە دەربڕینی هەست و بیرو خولیاو حەزو خەم...تاد، دەتوانێت کەسێتی و ناسنامەو تێفکرین و...دەربڕێت، بۆنموونە لە پرۆگرامی خوێندندا بابەتەکانی وەك ( ئەنجامی درۆکردن، دەستپاکی، ئەنجامی لەخۆبایی بون، لە قۆناغی سێیەمدا) ئەم ئەکە پیشاندەدات.

٥- ئەرکی دۆزینەوەیی: مرۆڤ بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە دەتوانێت لە ژینگەو دەوروبەرو ژیان و..تاد، تێبگات و زانیاری دەستبخات، وەك لە پرۆگرامی قۆناغی دوەمدا بابەتەکانی ( گفتوگۆی گەنم و جۆ، ئەم مرۆڤانە کاردەکەن، زستانی کوردستان) ئەم ئەرکە دەگرێتەوە.

٦- ئەرکی ئەندێشەگەریی: هۆکارێکە دەتوانین بەهۆیەوە لە جەنجاڵی ژیان و بێئومێدی و چەرمەسەریی و تەنگژەکانی واقیع پەنای بۆ بەرین و دەربازبین لێی، یان حاڵەتی هەڵچون کە بەهۆی چەند دەربڕاوو وشەیەکەوەو کاریگەرییەکانی دەتوانین بچینەوە دۆخی جارانمان، لە پرۆگرامی قۆناغی سێیەمدا لە بابەتی (دراوسێی باش)دا ئەم ئەرکە دەبینرێت.

---

[278] نصرالدين ادريس جوهر.

[279] بڕوانە محمد معروف فتاح ( ١٩٩٠: ٦-٨)

[280] شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٤: ٨٦-٨٧)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە د. یوسف جمعة، سايكۆلۆجية اللغة والمرض العقلى ( ١٩٩٠: ٢٢-٢٣)

٧- ئەرکی هێمایی: ئەمە زۆر گرنگە بۆ تۆمارکردن و پاراستن وگەیاندنی دین و ئەدەب وکلتورو نەریت و بەهاو میرات، کە بە زارەکی بنیاتیدەنێن و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بە هێمادانان، کە نوسینە دەیپارێزین، بەگشتی ئەرکی پڕۆگرامی خوێندن دەرخستنی بەها و نەریت و کلتورو ... ە.

٨- ئەرکی ڕاگەیاندنی (بە ئەرکی ئاڕاستەکاری و کاریگەری و بڕوادروستکردن ناسراوە): واتا تەنها گەیاندن و تاوتوێکردنی زانیاری لەنێوان تاکەکان و نەوەکاندا لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە گەیاندنێتی بە جیهانی دەرەوە ناگرێتەوە، بەڵکو یەکەکانی زمان بڕواو متمانە.. دروستدەکەن، بۆنموونە لە پڕۆگرامی قۆناغی دووەمدا بابەتەکانی ( منداڵی ژیر، جوانکاری شارو گەڕەك)و لە قۆناغی سێیەمدا بابەتی ( شێوازی ئاخاوتن)دا دەبینرێت.

٩- ئەرکی ڕازیکردن / ڕەزامەندی وەرگرتن: کە ئاڕاستەکاری و بڕوادروستکردن و ڕێنوێنیکردنی وەرگرە، ئەم ئەرکە زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و پەیوەندیگرتنی جەماوەری و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی لە ڕێی زمانەوە، وەك لە بابەتەکانی ( شێر و مشك، پەشیمانی)دا دەردەکەوێت.

## ٢/٤-٢) زمان بەکارهێنان لە پەروەردەدا

هێما زمانییەکان لە چەند ئاستێك پێکهاتوون، کە بریتیین لە فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیك، کە ((هێمازمانییەکان بەشە پێکهێنەرەکانی دروستە دەربڕین و دروستە ناوەڕۆکییەکان بەدەستەوەدەدەن[٢٨١]))، گرنگە پڕۆگرامی خوێندن بایەخ بە هەموو ئاستەکانی بدات و بۆ پێڕەوکردنی یاساو ڕێساکانی فۆنۆلۆجی و مۆفۆلۆجی و سینتاکسیی لە دانانی هێما زمانییەکاندا تەواو پڕاوپڕبن و بەرجەستەبکرێن، (( گرنگە وشەکان لە ڕوی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ دنیای منداڵدا بگونجێت، لە ڕوی زمان و ڕێزمانەوە دابەشبونی بەشەکانی ڕێزمان لەگەڵ قۆناغەکانی خوێندندا بگونجێت، لێرەدا ناوەڕۆك و زمان تەحەکوم بەسەر هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەو بابەتانەوە دەکەن، قۆناغی یەکەم وشەی سادەن و دواتر ڕستەی کورت و سادە، لە قۆناغی دووەمدا ڕستەی کورت و دەقی کورت و ڕستەی درێژو دەقی کورت لە شێوەی پەرەگرافی کورتدا، بەرەبەرە لە قۆناغی دواتردا لە چڕی و ئاڵۆزیدا درێژتر دەبێت.[٢٨٢]))

گرنگترین بابەت لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا ڕیزبەندکردنی پیتەکانە، کەلە پڕۆگرامی خوێندندا ڕەچاونەکراوەو دانەنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پڕۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا بایەخ بە یاسا زمانییەکان نەدراوە، بۆنموونە لە ئاستی فۆنەتیکیدا (( ئەو دەنگانەی کە دەکەونە کۆتایی وشەوە کەمتر دەردەبڕدرێن یان دەرنابڕدرێن یان دەنگەکەی دەگۆڕێت، کە پێیان دەوترێت بێلایەنبوون( ئارخێفۆنیمی)، کە ئەمانە بۆنموونەی دەنگی هێنراونەتەوە، وەك (زەرد)، کە زیاتر وەك ( زەرت) دەردەبڕێت، (گورگ بە گورك) دەردەبڕێت.[٢٨٣]))، بە هۆی نزیکی سازگەی دەنگی /ك،گ/ و / د،ت/ەوە دروستدەبێت، ئەمەش گرفت بۆ فێربوونی دەنگ دروستدەکات و توانای منداڵ بۆ درککردنی پیتەکە کەمتر دەبێت ( بەتایبەت کە ئەم وشەیە لە یەکەم فێربوونی پیت بۆ منداڵ دانراوە، وا دەکات هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی فێربوونەوە ناڕەحەتی و گرانی بۆ قوتابی دروستبکات.).لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا بە هەمانشێوە زۆر گرنگی و بایەخ

---

[٢٨١] محەمەد عبدوالفتاح حمەسعید (٢٠٠٩: ٧٢)

[٢٨٢] محەمەد عبدوالفتاح حمەسعید چاوپێکەوتن( ٢٠١٥/٥/١٣)

[٢٨٣] ئاڤێستا کەمال مەحموود، چاوپێکەوتن ( ٢٠١٥\٥\١٦)

به یاسا مۆفۆلۆژییەکان نەدراوە، بۆنموونە لە یاسای زمانی کوردیدا پیتی (ر) لەسەرەتای وشەوە نایەت، بەلاّم زۆر لەو وشانەی کە بە پیتی (ڕ) دەستپێدەکەن بە پیتی (ر) نوسراوەو بایەخ بەو یاسا زمانییە نەدراوە.
لە ئاستی سینتاکسی پەیڕەوکردنی یاسا سینتاکسییەکان و پەیوەندی نێوان هێماکان جێگیردەکات و دەیانچەسپێنێت، کە لە پڕۆگرامی خوێندندا سەرەتا بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ وشەو دەستەواژەو ڕستەکان لە سادەوە بۆ لێکدراو و ئالۆز بە پێی قۆناغەکانی خوێندن و گەشەی منداڵ بە قوتابی ئاشنا دەکرێت و فێردەبێت تا لە قۆناغەکانی دواتردا بتوانێت درکیپێبکات و وەك نامۆیەك نەبێت بۆی. خوێندنی ڕێزمان بۆ ناساندنی بەهاکان و کارەکیکردنیانە، لەم ڕێگەیەشەوە قوتابی دەتوانێت خوێندنەوەی تەواوبێت و ڕستە ئالۆزو لێکدراوەکان ڕاستبکاتەوەو تێیانبگات.
گرنگە جیاوازی لە هەشت مۆدی چالاکی مرۆیی کە زمان لە پڕۆگرامی خوێندندا لەخۆیدەگرێت بکرێت[٢٨٤]:
١- گوێگرتن: تێگەیشتن و هەڵهێنجاندن لە دەرکردە زارەکییەکان، لە ڕێگەی خوێندنەوەو لێدانی ڤیدیۆ کە دەنگەکان بخوێنێتەوە.
٢- ئاخاوتن/قسەکردن: بنیاتنانی دەربڕدراوو دەرکردەی واتادار، وەك گفتوگۆکردن و ئاخاوتن لەسەر بابەت و وشەو دەق و وێنەکان.
٣- خوێندنەوە: تێگەیشتن لە دەقی نوسراو، لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەق و چیرۆك.
٤- نووسین: بەرهەمهێنانی دەقی/ئاخاوتنی/نووسراو، نوسینی پیت و هێماو پیشاندانیان.
٥- نمایشکردن: ئامادەبوونی هێما بینراوەکان/زانیاری، پیشاندانی هێماکان و دەرخستنیان.
٦- پێکهێنان: بەکارهێنانی مەبەستی بینراوی دەربڕین، ڕێکخستنی هێماکان بەشێوەی یاری هێڵکاری.
٧- بینین: ئامادەیی بزواو و جولاّوی، پیشاندانی ڤیدیۆ.
٨- بزواوی: بەکارهێنانی هەموو جەستە، زمانی جەستە، لاساییکردنەوەو چالاکی.
لەمەوە لێهاتویی زمانەوانی بە لێهاتووییەکی تێکچڕژاو دیاریکراوە، لەبەرئەوە بەم شێوەیە ڕاڤە کراوە:
١- تێگەیشتنی زارەکی. ٢- بە پاراوی و ڕەوانی بەرهەمهێنانی وشەکان. ٣- بە ڕەهایی پەیوەستکردنی وشەکان و دروستکردنی پەیوەندی. ٤- درککردن بە چۆنیەتی پەیوەستکردنی وشەو هێماکان. ٥- هەڵهێنجاندنی زارەکی وەك چیرۆك گێڕانەوە. ٦- ڕێزمان و دەنگ دەرکردن، منداڵ توانای دۆزینەوەی هەڵە ڕێزمانی و چۆنیەتی سازکردنی و دەرکردنی دەنگەکانی هەیە.
توانست و زمانی بابەت لە زمانی فێربوون جیاوازە، بۆیە گرنگە جیاکاری لەنێوان سێ بەکارهێنانی زماندا بکەین، کە سێ چەشنە پەیوەندیگرتنی زۆر پتەو و پەیوەستن پێکەوە[٢٨٥]: ١- خودی زمان وەك بابەت. ٢- زمان وەك چالاکی فێربوونی بابەتێك ( لە پۆلدا) . ٣- زمان بۆ بەشداریکردن و جێبەجێکردنە. زمانی بابەتیش پێکدێت لە[٢٨٦]:
١. ئاستی وشە ( زاراوەی بابەت-دیاریکردن، دەربڕین)
٢. ناواخنی سیمانتیکی/سینتاکس یان بەدەقبوون.
٣. دروستە: پەیوەستکردنی بیرەکان بە ڕستەکانەوە ( لکێنەری لۆجیکی).

[٢٨٤] H.J.Vollmer ( ٢٠٠٣: ١٨٣)
[٢٨٥] هەمان سەرچاوە (٢٠٠٧: ٢٩)
[٢٨٦] هەمان سەرچاوە (٢٠٠٧: ٣٠)

٤. تێگەیشتنی زارەکی: وەرگرتنی دەقە بینراوەکان ( زارەکییەکان).
٥. هەڵهێنجاندن/بەرهەمهێنانی زانیاری لە دەقە نازارەکییەکانەوە.
٦. ئاوێتەکردنی دەقەکان+ وێنە نازارەکییەکان.
٧. ئاخاوتن (بابەت): بۆنەکان بۆ فراوانکردنی ئاخاوتن.
٨. نووسین: جیاوازی، چوارچێوە، جۆری دەق/ژانەری، دەق ناونیشانەکان.

لەمانەوە دەبێت بە گرنگی و بەبایەخەوە، لەهەمان کاتدا زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا بکرێت لە ناوەندی پەروەردەدا.

(( لێکۆڵینەوە لە ئاکاری زمانەوانی تاك و بە تایبەت پێش چونە قوتابخانە ئەرکی سەرەکی زمانەوان و پەروەرشیارانە، لەبەرئەوەی لەم کاتانەدا گرنگترین قۆناغەکانی گەشەسەندنی ژیان بەرێوەدەچێت و دەتوانین تیایانداو بەهۆیانەوە بنەماکەسییەکانی تاك بۆ داهاتوو بچێنین، ئەم قۆناغانە بە ترسناکترین و مەترسیدارترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤ دانراوە، لەبەرئەوەی بە قۆناغی بنیاتنان دیاریکراون، کە تیایدا پاڵپشتە کەسییەکان ڕونن و سیفاتە ڕەفتارییەکان دەنەخشێنرێن و گەشەی لایەنی عەقڵی و زمانی و هەڵچونییەکان فرەیی دەبن. لەبەرئەوە ئەم قۆناغە بە قۆناغی زێڕین یان ئاڵتونی ناسێنراوەو بوارێکی گرنگە بۆ چاندنی پرۆسەی فێربوون و ڕێڕەوی فێرکاری دیاریدەکرێت، بە قۆناغی وەرگرتن دانراوەو واقیعێك دەنوێنێت، کە کاریگەری لەسەر بەرهەمی زمانەوانی لە قۆناغەکانی سەرەتای فێربووندا هەیە، بەوەی کە منداڵ گرنگترین لێهاتویی و ژیری و کۆزانیارییەکان وەردەگرێت.[٢٨٧] ))، کەواتا پرۆسەی وەرگرتنی کۆزانیاری و لەوانیشەوە دیاریکردنی بیرەکان، خودی پرۆسەی فێربوون پێکدەهێنێت.

## ٢/٤-٣) زمانی ستاندارد

زمان سێ جۆری سەرەکی هەیە، کە بریتین لە ( زمانی ستاندارد، دیالێکت، زاری کۆمەڵایەتی (زمان بەپێی دەوروبەر)). زمانی نەتەوە یان زمانی ستاندارد بناغەی زمانە لە هەر نەتەوەیەکداو بریتییە لە زمانی فەرمی هەر وڵاتێك، کە گرنگی تەواوی بۆ نەتەوە هەیەو دەبێتە بنەمای زمانی خوێندن و یاساو کتێب و ئەدەب و کلتورو دامودەزگاکانی وڵات و ڕاگەیاندنەکان، لە قوتابخانەو زانکۆو دەزگاکان و پەرلەمان و هەواڵی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆکان و شوێنە فەرمییەکاندا بەکاردێت، واتا زمانێکی نموونەییەو ( لەڕوی ئاخاوتن و نوسین)ەوە بەکاردەهێنرێت، کە لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دیاریکراودا بەدیدێت و پەیڕەودەکرێت و هۆکارە بۆ کۆکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ.

بەڵام دیالێکت بریتییە لە شێوەزار کە بەشێك لە تاکەکانی نەتەوە بەکاریدەهێنن، کە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی/جوگرافییەوە دروستبوە، شێوەزار نافەرمییە لە گفتوگۆی نێوان خێزان و هاوڕێ و هاوکارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت، دیالێکت ئاماژە بە جیاوازی زمان لەڕوی فۆنیم و دەربڕین و فۆرم و واتاوە دەکات، بەڵام لەڕوی ڕێزمانییەوە هاوشێوەی ڕێزمانی زمانی ستانداردەکەیە هەرچەند هەندێك جیاوازی لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە دەبینرێت، ئەمەش تایبەتمەندی بەکاربەر/ئاخێوەری ئەو دیالێکتە

[٢٨٧] حفیظة تازوتی، لغة الطفل بین المحیط و المدرسة

پیشاندەدات، بەواتا ڕێگای جیاوازی وتنی هەمان شتە، کە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە، زمانی کوردی چەند دیالێکتی جیاوازی تێدایەو شێوازی قسەکردنی جیاواز لەنێوان تاکەکاندا دروستکردوە، بەڵام هەریەك لە دیالێکتە جیاوازەکان لەگەڵ بونی جیاوازی لە شێوازی دەربڕیندا یەك بنەماو یەك یاسای گشتی سینتاکسییان هەیە، کە زمانی نەتەوە پێکدەهێنن، بۆنمونە لەم ڕستانەدا لەگەڵ بونی دەنگی جیاواز لە دەربڕین و لێکسیکی جیاواز، بەڵام یەك یاسای گشتی سینتاکسی پەیڕەوکراوە، کە بریتییە لە یاسای [بکەر- بەرکار- کردار]:

١٥- من ئاوم خواردەوە.

١٦- مـن ئاڤ ڤەخوار.

زاری کۆمەڵایەتی (دەوروبەر) یش بریتییە لە بەکارهێنانی جیاوازی شێوازی ئاخاوتن، کە زمان بەپێی پلەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزو تەمەن و بارودۆخ و دەوروبەر لە پەیوەندیکردندا دەگۆڕێت.

دەکرێت لە ڕێگەی کاریگەری سیاسییەوە کۆمەڵ بەرەو بەکارهێنانێکی زمانی و پەیڕەوکردنی بدرێت ( سەپاندنی زمانی ستانداردا لەناو کۆمەڵو دامەزراوەکاندا)،کە بناغەی دەستپێکردن و دانانی پرۆگرامی خوێندن دیاریکردنی زمانی ستانداردە، کە هۆکارە بۆ پەهاویشتنی ئایدۆلۆژی زمان ( ئایدۆلۆژیا ئەو بیروباوەڕەیە کە لەناو ناخی تاکەکاندا دروستدەبێت، لە ڕەفتارو دەربڕینییاندا دەردەکەوێت)، ئەم باوەڕەش بەهۆی کاریگەری بواری سیاسی، نەتەوەیی، کلتوری، کۆمەڵوە دروستدەبێت، کار لە مرۆڤ و بیرکردنەوەیان دەکات، هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە بەکارهێنانی زمانی تاك یان کۆمەڵدا زۆرجار ڕاستەخۆ تێبینیدەکرێت، ((سیستەمەکانی بیروباوەڕ، هەڵوێستی زمان، بڕیار، لەدوایدا ڕەفتار دیاریدەکات.))[٢٨٨]، بۆیە دەکرێت بوترێت هەموو بەکارهێنانە زمانییەکان بونی هەڵبژاردەو هەڵسەنگاندنی بیرێکی ئایدۆلۆژییە لە تاکدا، کە لە فۆڕمە زمانییەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

زمانی ستاندارد پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا بەکاربهێنرێت و پەیڕەوبکرێت، بنەمای سەرەکی و بنەڕەتیشە، زمانی ستاندارد ڕایەڵەی پێکبەستنی تاکەکانی کۆمەڵەو کۆکەرەوەو جەمکەرەوەی هەموو زارو شێوەزارو وەچەزارەکانە، ئەگەر نا، ئەوە پاشاگەردانی لە زمانی پەروەردەدا دروستدەبێت و لە ئاکامیشدا لێکترازاندن و لێکپچڕاندن و پەرتەوازەبوونی تاکەکانی لێدەکەوێتەوە*، بۆیە پێویستە لە پرۆسەی پەروەردەدا زمانی ستاندارد بەکاربهێنرێت، تا یارمەتی قوتابییان بدات و لەم ڕێگایەوە پەرە بە لێهاتویی زمانی ستانداردو خوێندنەوەو نوسین** و

[٢٨٨] B. Spolsky and F. M. Hult (٢٠٠٨: ٩٨)

* لە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکان کە لەسەر دوو گروپ کرا، کە گروپێکیان بابەتەکان بە زمانی ستاندارد دەخوێندراو گروپەکەی تر بە زمانی ناوچەی بابەتەکانیان دەخوێند، دواتر بۆیان دەرکەوت، کە ئەو منداڵانەی بە زمانی ستاندارد خوێندویانە بابەتەکانیان زیاتر وەرگرتوەو کاردانەوەی زیاتریان بۆ بابەتەکە هەبوەو بە زمانەکە کاریگەربون، لەو منداڵانەی کە بە زمانی ناوچەی خوێندویانە. هدسن، و. محمود عبدالغنی عیاد ( ١٩٨٧: ٣٢٤)

** سەرەڕای پرۆگرام و هەڵبژاردنی پیداگۆگی، ڕێبازی دیالێکت بۆ زمان پێشنیازی چوار ڕێگای ئەرکی زمانی پۆلی وەك پلانی زمانی دیاریکرد، کە زیاتر تیشکدەخاتە سەر ئاخاوتنی مامۆستا:

١- زمانی مامۆستای پۆل هەڵبژاردنی باوو کۆدی تۆمار جێبەجێدەکات، هاوبەشیکردنی ئەو ئامادەکردنە بریتییە لە مامۆستاو قوتابی، هەڵوێستی مامۆستا باوەڕپێکراوە وەك ڕێکخەرو چاودێرو ڕێدان بە زمان، یاسای هەڵبژاردنی مامۆستا دوپاتکردنەوەو ڕاستکردنەوەیە یان تێکدانی ئەوەی کە داواکراوە لە پرۆگرامی خوێندندا.

٢- زمانی مامۆستای پۆل لە بابەت و ڕێککاری کۆددا ڕەنگدەداتەوە، پسپۆری تایبەت بە بابەتێك یان کارێك، ڕێکخستنی ناوەڕۆك، بۆ کارلێککردنی پۆل دەگوازێتەوە.

هەموو لایەنەکان بدرێت، چونکە ((فێرکردن و خوێندن بە زمانی ستاندارد، بە واتا پەرەدان بە جۆرێتی پەروەردەیی و بەرهەمهێنان.[٢٨٩])). لێرەشەوە بە بەکارهێنانی زمانی دایك دەتوانین ١- فێری چۆنیەتی بیرکردنەوە بین. ٢- چۆن پەیوەندیبگرین. ٣- وەرگرتنی ڕێزمانی زمانەکە بە دروستی. چونکە تاك بە چ زمانێك بخوێنێت هەر بەو زمانەش بیردەکاتەوە.

بەکارهێنانی شێوازی گەیاندنی بابەت بە دەربڕینی زارەکی گرنگی زوتر تێگەیشتن و بیرجولاندنی قوتابیی تێدایە، ((قوتابییان پێویستە لەسەرەتادا زمانی ناو پۆل تێبگەن، لە پێش تێگەیشتن لەناوەڕۆکی وانەکە)) [٢٩٠]،کە وادەکات، قوتابی زیاتر بیربکاتەوەو هەوڵبدات بۆ فێربوونی زانیارییەکان، لەم ڕێگەیەوە شێوازی ئاخاوتن و زانیاری و بەهاکان بە قوتابی دەگەیەنرێت، فێرکردن چۆنیەتی توانای پەیوەستکردنی مامۆستاو قوتابی بەیەکەوە ڕێکدەخات، سەرەڕای ئەوەش زیاتر جەخت لە شێوازێك بۆ فێرکردنی قوتابی دەکەنەوە، بۆنموونە قوتابی ڕابهێنرێت بۆ گفتوگۆکردن و بەشداریکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ مامۆستادا، لێرەدا پێویستە بایەخ بەوە بدرێت، کە بازدانی زمانی لە ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندییەکەدا دروستنەبێت، چونکە دەبێتە خراپ تێگەیشتنی قوتابی و ئاستەنگ بۆ تێگەیشتن لە وانەکە، بۆیە گرنگە لە پرۆگرامی خوێندندا یەك زمان پەیرەوبکرێت، نەك ئەوەی لە پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردیدا چەندین تێکەڵکردن دەبینرێت*، کە تێکەڵکردنی کۆدەکانی دوو دیالێکتە، ئەم تێکەڵکردنە بە تایبەت لە قۆناغی سەرەتاییدا زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت.

## ٢/٤-٤) پەرەپێدانی توانستی قوتابی

توانست بریتییە لە ڕێکخستنێکی ئاوەزی کە توانا دەدات بە قوتابی، یاخود وایلێدەکات کە داخوازییە گۆڕاوەکان و پێویستییەکان لەناو ڕوبەرێکی فێربووندا، یاخود بوارێکی کردەییدا بە سەرکەوتویی و وردی وەربگرێت[٢٩١]. توانست وزەیەکە لە مرۆڤدا کە چالاکییە ناوەکییەکان پەرەپێدەدات و ڕێکیاندەخات. پەروەردە دیاردەیەکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو دینامیکیەو پرۆسەیەکە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، سیستەمی پەروەردە بلاوکردنەوەی تایبەتمەندی بنەمای پەروەردەکردن و تواناو لێهاتویی فێرکردن و ئاخاوتن و بەرزکردنەوەی ئاستییان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شارەزابوونی سیستەمی بەهای نەتەوەیی و کلتوری بۆ گونجاندنی شێوازی ئاخاوتن لەخۆدەگرێت، فێربوون بنچینەی پێکهێنانی کۆمەڵو بنیاتنانی دەق و جیاوازی و گۆڕانە، بەمەش پەروەردە ڕێکخستنی کارو چالاکیە، کە بەشێوەی سیستەم ڕێکدەخرێت، بە واتا لە ڕێگەی زمانەوە بە پێی سیستەم توانستی قوتابی لە پەروەردەدا پەرەپێدەدرێت.

---

٣- زمانی مامۆستای پۆل بیرکردنەوەو تێبینی و شیکردنەوەی تێدایە، مامۆستا واتای واگەیاندن، بەها، سۆز، ئایدۆلۆژی بۆ فۆرمی زمان هاوپێچ دەکات.

خوێندەواری و پراکتیکی خوێندەواری مامۆستا، مامۆستا پەیکاڵی نەریتی زمانی نوسین جێبەجێدەکات، ستاندارد لە ڕێگای زمانی ئاخاوتن جێبەجێدەبێت.(N.H. Hornberger and S. L. Mckay (٢٠١٠ : ١٦٥-١٦٦

[٢٨٩] C.Benson ( ٢٠٠٤: ٥)

[٢٩٠] B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨;٧٦)

* بڕوانە بەشی سێیەم

[٢٩١] H.J.Vollmer ( ٢٠٠٧: ١٠)

توانست پێکهاتووە لە نواندنە ئاوەزییەکانی یاسا زمانەوانییەکان، کە بە ڕێزمانی ناوەکی ناودەبرێت، توانا بەکارهێنانی ئەو ڕێزمانەیە لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زماندا، کۆزانیاری ئاوەزی بۆ پشکنین ڕاستەوخۆ کراوە نییە، دەتوانین تەنها بەهۆی تاقیکردنەوەی نمونەکانی توانا هەڵهێنجان بۆ ئەم توانستە بکەین. هەر لەمەیشەوەیە هەوڵدەدرێت جۆری جیاوازی توانا تاقیبکرێتەوە تا بەهۆیەوە پشکنین لە توانست بکرێت.

توانستی زمانی لەلایەن چۆمسکییەوە بریتییە لە (( بە توانای زاڵبون و دەسەڵاتشکاندنەوەی کەسێك بەسەر زمانێکی دیاریکراودا گوتراوەو ئەو زانیارییانەی زمان دەگرێتەوە، کە ئەو کەسە بە شاراوەیی و نادیار لە مێشکیدا هەیەتیی و نادیار پەیانپێدەبات.[٢٩٢] ))، تاك لە ڕێگەی بایلۆژییەوە توانستی زمانی بۆ دروستدەبێت، کە بە گەشەکردن و پەرەپێدان و هاندان زیاددەکات و توانای بەرهەمهێنانی دەربڕاوی بێکۆتای دەبێت، پرۆسەی پەروەردە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەم توانایە بۆ منداڵ دەستەبەربکات، ئەمەش لە ڕێگەی پرۆگرام و شێوازی وانەوتنەوەوە بەدەستدێت، لێرەشەوە ئەرکی پەروەردە گرنگترو قورستر دەبێت، کە هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی توانستی زمانییەوە توانستی ستراتیژی بەدەستدەهێنێت (( کە ستراتیژی یارمەتیدانی قوتابی، بەکارهێنانی باشتری زمان، ڕوانینی وەك توانستی پشتگیری بەدەستبێت، ئەم توانستانە ئامانجی سەرەکییان خوێندن نین، بەڵام ئامرازن بۆ بەکارهێنانی قوتابی تا باشتر قسەبکەن، گوێبگرن، بخوێنن، بنوسن[٢٩٣] )).

توانست ئەنجامدانی کارامەیی دیاریکراوو لێهاتویی پەیوەندیکردنە، هاندانە بۆ فێربوون و ئەرکی بەرپرسیارێتی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو فێربوونی توانای خۆهەڵسەنگاندن و بەردەوامبون، بەمپێیە توانستی پەروەردەیی (( بنەڕەتی کارامەیی و لێهاتویی و کۆزانیاری یان ڕەفتاری داواکراوە بۆ کاریگەری توانای چالاکی یان ئەرکی لە جیهانی ڕاستەقینەدا[٢٩٤] .))، قوتابی توانستی فێربوونی فراواندەکرێت لە ڕێگەی فێرکردن و تێگەیشتن و هەڵبژاردنی باشترین شێواز بۆ فێربوون، ئەمەش بە باسکردنی بابەت و کورتکردنەوەو ڕونکردنەوەی بابەتەکەو دیاریکردن و پرسیارکردن لە قوتابییان بۆ دەرخستنی ڕادەی تێگەیشتنیان دەبێت.

لەسەر بنەمای توانست چەند چالاکییەکی فێربوون دیاریکراوە، باشترین ئەو چالاکییانەی بواری فێربوونیش، بریتیین لە[٢٩٥]:

١- بواری بزواوی دەرونی psychomotor domain: دوبارەکردنەوەی لێهاتویی و کۆزانیاری، بە بەکارهێنانی مۆدێلی پلاستیکی.

٢- بواری هەستجوڵێنەر Affective domain: پێداچونەوەی ناوەڕۆکی دەق لەسەر پێناسەی بەها، بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی ڕاهێنانی ڕونکردنەوەی بەهای کەسی، کە چۆن بەهای کەسی کار لە توانای دەکات.

٣- بواری درکپێکردن cognitive domain: بنەمای توانستی فێربوون پێویستە لەسەر ئاستی بەرزی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو ڕەنگدانەوەی میتا درککردن و بیرکردنەوە دەربارەی بیرکردنەوە بێت.

توانست و توانای زمانی ڕۆڵێکی گەورە لە پرۆسەی بیرکردنەوەو داهێنانکاری و پرۆسەی پەروەردەو فێربوون بەگشتی دەگێرێت، سروشتی ئەم توانست و توانایەی زمان لەم تایبەتمەندییانەدا پوختکراوەتەوە:

---

[٢٩٢] محەمەد عبدوالفتاح حمەسعید(٢٠٠١: ١٤)

[٢٩٣] Maktabtmepi.org

[٢٩٤] Orhannchetin.weebly.com/uploads

[٢٩٥] Teaching and learning in a competency-based curriculum ( ٢٠١٢: ٩-١٠)

ا- لێهاتوییەکی وەرگیراوە بەگشتی، بە واتا لەگەڵ ئەو ئامادەگییە ناواخنییەی کە بۆ پەیوەندیگرتن و تێکەڵاوبوون و کۆمەلایەتی بوون دەردەکەوێت و ئەمەش کارەکیکردن و بەکاربردنێتی.

ب- ئەم لێهاتوییە بە تێگەیشتن و وەرگرتنی واتای وشەو هێما زمانییەکان دیاریکراوە.

پ- ئەم تێگەیشتنەش لە بەکارهێنانی زارەکی و نوسراو و هاوواتاو دژواتا... درك بە زانینی پەیوەندی نێوان وشەو زاراوەکان دەکرێت و لەمەشەوە لە توانایدا هەیە، کە ڕستەو دەستەواژەکان بەرهەمبهێنن.

پەسنکردنی توانست، بۆ تێگەیشتن لە توانست تەنیا درککردن لەخۆناگرێت، بەڵکو (٧) ڕوکاری تری بۆ دیاریکراوە: کۆزانیاری، توانا، لێهاتویی، ئەزمون و تاقیکردنەوە، هاندەر، بەگەڕخستن، خواست و ویست( ئیرادە).

بە پوختی بەسادەیی نموونەی توانستی تێگەیشتن لە بابەتێکی دیاریکراو، خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە[٢٩٦]:

- کۆزانیاری، واتا، چەمکی بنەڕەتی+ دروستە
- توانستی پێواژۆیی/ توانستی مسیۆلۆژی/ ڕێگاکانی توانست ( ئەو چالاکییە ئاوەزییانەیە کە تەحەکوم بەسەر هەموو کردەکاندا دەکەن.)
- زانستی زمان/ توانستی پەیوەندیگرتن.




هێڵکاری (٣٠) نموونەی ساناکراوی توانستی بابەتێکی دیاریکراو

## ٢/٤-٥) زمان و درککردن و بەکارهێنانی کۆزانیاری

زمان بۆ فێربوونە، توانستی زانستی زمان پەروەردەکردنی لێهاتوی تاکە لە خوێندنەوەو نوسین و تێگەیشتن، فێرکردنی زمانی دایك بۆ تێگەیشتنە لە ئەرکی شاراوەی زمان، فێربوون و لێهاتوی لە زانستەکانی تری وەك کیمیا، فیزیا، جوگرافی،.....تاد. گرنگی بە پڕۆسەکردنی زانیاری لە فێربونی زماندا پەیوەستە بە ئاگایی و هۆشیاری تاك و بەکارهێنانی لە دەوروبەردا. ئەمەش تاك لە وەرگرتنی کۆزانیارییەکان و خەزنکردنی زانیارییە پێشینەکان لەیادگەدا چالاکدەکاتەوە. زانستی زمانی درکپێکردندا بە هۆی پشتگیریکردنی پێگەی سەرەکییەوە تایبەتمەند دەکرێت[٢٩٧]:

١. توانایەکی سەربەخۆی زمانەوانی لە مێشکی مرۆڤدا هەیە.
٢. تێگەیشتن لە ڕێزمان دەکەوێتە سەر چۆنیەتی بە چەمککردن و وێناکردن.
٣. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کۆزانیاری زمانی لە بەکارهێنانی زمانییەوە بنیاتدەنرێت.

[٢٩٦] H.J.Vollmer ( ٢٠٠٧: ١١)
[٢٩٧] www.wikipidi.org

زمان ئامرازی سەرەکی شارستانی و بیرکردنەوەیە، کە شارستانی(دەرخستنی لێهاتویی و باسکردنی جۆراوجۆرییەتی شارستانی لە کۆمەڵ و گەشەسەندنی ئایدۆلۆژیا و بەرپرسیاریێتی و ڕوناکبیری....دەگرێتەوە) و بیرکردنەوەش (بیرکردنەوەو دەرخستنی پرۆسە زانیارییەکان، داهێنان، هەڵسەنگاندن، بەرهەمهێنان، گریمانە، سەرنجدان، تاقیکردنەوە، وەك ئامرازێکی گرنگی بیرکردنەوە) یە، کە زانستی زمان دەچێتە ناو زانستەکانی ترەوەو ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لەوانە کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی، پەروەردە، دەرونزانی، هونەر، مێژو، جوگرافی،....تاد.

زانستی زمان پێڕەوی چەند بیرێکی پەسەندو گرنگ دەکات و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکات، کە بریتیین لە[٢٩٨]:

١. پەسنکردن یان بەر لە پەسنکردن Description or Prescription

دەستور لە وەسفکردنی گۆڕینی زمان، شێوەزارەکان، دەستنیشانکردنی زمانی ستانداردو بەکارهێنانی، بەسنورداركردنی دیالێکتەکان، وەرگرتنی بیروڕای جیاواز، بەکارهێنانی زمانی گشتی، وەك دەستوری زمان لە کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت، کە بایەخێکی گرنگی زمانە، هەمو زمانێك خاوەنی پێڕەوە کە هێما و لێکسیمەکان دەچنە ژێر چەتری ئەو یاساو ڕێسایانەو لێماو لێکسیمەکان پێڕەوبەند دەکات، زمانەوانان بۆ چەسپاندنی ئەو دەستورەو پەیڕەوکردنی و پەسەنکردنی فۆڕمەکانی زمان و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا هەوڵدەدەن زمانی ستاندارد لە پرۆگرامدا بەکاربهێنن.

٢. جۆراوجۆری و گۆڕان یان چونیەکی Variation or Uniformity

زانستی زمان بایەخ بە گەشەکردنی زمان و گۆڕینی و دیاریکردن و باسکردنی بوارە گۆڕاوەکانی زمان دەدات، دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی گۆڕینی زمان، جێگای سەرنجی زانستی زمانە، گۆڕینی زمان لە ئەنجامی گۆڕانی بیری تاکەکان و کۆمەڵ و سەردەم ڕودەدات، بیری جیاواز زمانی جیاواز دێنێتە بەرهەم، گۆڕانی فۆڕمەکانی زمان لە هەموو بابەتێکی زانستی، ئەدەب، دیالێکت، شێواز، مۆفۆلۆجی، هونەر،.... تاد دەگرێتەوە، کە لە وەرگرتنی ئاخاوتن و بەکارهێنان و نوسینی جیاوازی دەقەکاندا دەردەکەوێت، بۆنموونە لە ئێستادا بەکارهێنانی ئایپاد، کۆمێنت، لاپتۆپ، ئەنتەرنێت،....تاد، لە سالانی پێشتردا نەبوە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە هاتونەتە ناو زمانەوە.

٣. فۆڕم یان ئەرك Form or Function

فۆڕمەکانی زمان ئەرکی جیاوازی خۆیان هەیە، کە تایبەتمەندی ئەو فۆڕمانە دەردەخات، وشە لە فۆڕم و واتا پێکدێت، کە شێوەی خوێندنەوەو نوسین (فۆڕم)، واتا (ئەرك) لە زماندا دیاریدەکەن، توێژینەوەی وشەکانی زمان بەپێی دابەشکردنیان دەگۆڕێت، بۆنموونە بەپێی پۆلی فۆڕم بریتیە لە: ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار،.... ، یان بەپێی ئەرکیان لە بنیاتنانی ڕستەدا، وەك بکەر لە کرداردا، دیارخەر لە فرێزدا،...[٢٩٩]. منداڵ لەسەرەتادا فێری چەمك و فۆڕمەکان دەبێت، ئەم فێربونەش بە پێی ژینگەی تاك گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆنموونە:

١٧- باغ ←——— ئەو شوێنەیە کە گوڵ و دارو سەوزایی تێدایەو شوێنی حەوانەوەو گەشت و سەیرانکردنە.

باغ ←——— لای منداڵی لادێ بە واتا ڕەزو داری بەردار دەگەیەنێت.

↙ لای منداڵی شارو شارۆچکەکان واتای سەوزایی و شوێنی گەشت دەگەیەنێت.

---

[٢٩٨] B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨: ٥٩-٦١ )

[٢٩٩] بڕوانە ( B. Spolsky and F. M. Hult (٢٠٠٨:٦٠

بەمەش لای تاکەکان دوو چەمك بەم فۆڕمە دەدرێت بە پێی دەوروبەرو ژینگەکەی. ڕێکخستن و فێربوونی چەمکەکان پێویستی بە (( کاراکردن و چالاککردنی ئەودیو یادگە هەیە، ئەم پرۆسەیەش پشتدەبەستێت بە سێ وەچە پرۆسەی سەرەکی: ١- بەئاگایی ٢- دیاریکردن ٣- چاودێری.[300] ))، ڕێکخستن و چالاککردنی فۆڕمی زمان پەیوەستە بە[301]:

١- ڕێکخستن و چالاککردن بە بەکارهێنانی فۆڕمی زمانی

فۆڕمە زمانییەکان کە خۆیان لە هێماو کەرەستەو دەربڕدراوە زمانییەکاندا دەبیننەوە، کە ئەوانیش وشەکانی زمان دەیانئوێنن، پێڕەوبەندانەو دروستەییانە چەمك و بیرو واتاکان دەگەیەنن، کە ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەو کۆزانیارییەی کە هەڵیانگرتوە، پێکهاتەی بەکارهێنان بە واتا چالاککردنەوەی کۆزانیارییەکان دێت، کە هێما کۆدکراوەکان لەناواخنیاندا لەخۆیانی گرتوە، لەکاتی بەکارهێنانی هەر هێمایەکدا دەبێت ڕەچاوی زنجیرەیەك ڕێکخستن و ڕیزبەندی و کاراکردنی ئەو پەیوەندییە کۆزانیارییەی هێما زمانییەکان بکەین، کە لەگەڵ خۆیانداو بەدوای خۆیاندا دەیهێنن، ((دەبێت ڕەچاوی پەیوەندی کۆزانیاری فۆڕمە زمانییەکان بکرێت، چونکە هەموو چالاککردنەوەیەك مەرجی ڕودانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە زنجیرەیەك چالاککردن و ڕێکخستنەوەی دیکە بە دوای خۆیدا دەهێنێت لەنێوان بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دوهەمدا وەك لێمایەك لەگەڵ چەمکە هزرییەکەیدا لە چ پەیوەندییەکی پۆلۆسیمیدایە.[302] ))، بۆنموونە (کۆتر)، کە لە پۆلی (باڵندەیە) پۆلی باڵندەکانی تری وەك ( چۆلەکە، بولبول، کەو، ...) چالاکدەکاتەوە، بەهێزی پۆلی فۆڕمەکان لە پۆلۆسیمادا پەیوەندی ڕێکخستن و چالاککردن کاراتر دەکات.

٢- هۆکارەکانی ڕێکخستن و چالاککردن

کۆمەڵێك هۆکار بنەمای چاککردنەوەن، بۆنموونە ( هۆکارە ناچارییەکان، هۆکارە دەرەکییەکان، هۆکارە زمانییەکان)، ئەم هۆکارانە چالاککردنی فۆڕمە زمانییەکانە لە ئەنجامی پێویستی دەربڕین چالاککردنەکە دەگۆڕێت و شێوەی جیاوازی دەربڕین دەردەکەوێت، کە دەربڕینی فۆڕمێك چەندین فۆڕمی تر چالاکدەکاتەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو تۆڕە پەیوەندییەی کە لەنێوان فۆڕمەکاندا هەیە، بۆنموونە دەربڕینی (زەڵاتە) وشەکانی ( تەماتە، خەیار، سێو، کەلەرم، گێزەر) بەبیردێتەوە، یان پەیوەندی ڕەنگی سور لەگەڵ ( شاتوو، شوتی، شلیك، گێلاس، تەماتە،...)دا. ئەم پەیوەندییەش دەوەستێتە سەر لێکچوون و بڕی بەکارهێنانی ئەو فۆڕمە زمانییانە لە دەوروبەردا.

## ٤. سینکرۆنی یان دیاکرۆنی Synchrony or Diachrony

توێژەران لەسەرەتادا بایەخیان بە دیاکرۆنی داوە، مێژوی زمان و دەرخستنی و بەراوردکردنی زمانەکان و زانیاری دەربارەی کام زمان یەکەم زمان بوە، بواری توێژینەوەی زمانی گرتبوەوە، واتا پەیوەستکراوە بە ئیتمۆلۆژییەوەو لەو ڕوەوە لە زمان کۆڵدراوەتەوە، بەڵام لە دوای هاتنی دی ساسۆر گرنگی بە بواری زانستی زمان و سینکرۆنی/ئێستای زمان دراوە، ئەم زانایە پێیوابوو، کە پێویستە لە ئێستای زمان بکۆڵدرێتەوە، هەمو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر زماندا هاتون، بایەخ بە ئێستای زمان دەدەن، گرنگی ئێستای زمان لەوەدایە، کە تاك کار لەگەڵ ئێستادا دەکات و بەپێی ئێستا ئاخاوتنەکانی ڕێکدەخات و پەیوەندی دروستدەکات، بۆنموونە ناتوانرێت لە ئێستا بە تاکێك بڵێت (بچۆ لە

---

[300] شاخەوان جەلال فەرەج، ئاڤیستا کەمال مەحموود (٢٠١٣: ٨٥)

[301] هەمان سەرچاوە (٢٠١٣: ٨٥)

[302] هەمان سەرچاوە (٢٠١٣: ٨٦)

لۆقەنتەخانەکە نانم بۆ بهێنە)، چونکە ئەم وشەیە لە ئێستادا بەکارنایەت و تێنەگەیشتن دێنێتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوە دەبێت بەپێی سەردەم و بارودۆخی ئێستاو زمانی ئێستا بکرێت نەك ڕابردوو .

٥. دەق یان سیستەم Text or Systems

دەقەکانی زمان بەپێی سیستەمی زمانی دەنوسرێت، لەڕوی بابەتەکانەوە جیاوازییان هەیە، بۆنموونە دەقێکی زانستی زیاتر پەیڕەوی سیستەمی زمانی دەکات، وەك لە دەقێکی ئەدەبی، کە زیاتر لادانە لە سیستەمی زمانی، بەواتا دەق گرنگترە لە سیستەم، هەروەها نووسین لە ئاخاوتن جیاوازترە، چونکە توانا لە توانست جیاوازترە.

٦. لێکسیم یان گەردانکردنی وشە Lexemes or Inflections

گرنگی بەکارهێنانی لێکسیم و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی، کاری هەرەسەرەکی فەرهەنگە، کە جیاوازی و تایبەتمەندی زمان دەردەخات، بۆنموونە (منداڵ – منداڵەکە – منداڵان) جیاوازن لە یەکترو تایبەتمەندی جیاوازییان هەیە، کە ئەمەش بۆ دانانی فەرهەنگ و بەکارهێنانی گران دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دانانی فەرهەنگ سودی زۆری بۆ بەکاربەرانی زمان هەیە، بەتایبەت ئەوانەی کە لە بواری زماندا کاردەکەن.

٧. دەنگ یان پیت Sound or Letters

زۆرجار خوێندنەوەو نووسین واتای جیاواز دروستدەکەن، کە ئەمەش بەهۆی هێزوئاواز یان شێوازی نوسین (پێکەوەبەستن یان جیاکردنەوەیان) یان دانانی نیشانە،کە هۆکارن بۆ ئەم جیاوازییە، کە کێشەو گرفت لە تێگەیشتندا دروستدەکات، زۆرجار ئەم گرفتە تەنیا بۆ قوتابی نییە، بەڵکو مامۆستاش ڕوبەڕوی ئەم گرفتە دەبێتەوە، بۆنموونە وشەی ( دەم و چاو) لە وشەی ( دەموچاو) لە ئاستی واتادا جیاوازن، یان وشەی ( لەدایکبون) لەڕوی ڕێزمانییەوە تێپەڕە، بەڵام وشەی ( لە دایك بوو) لەڕوی ڕێزمانییەوە تێنەپەڕە، ئەگەر ئەم وشەیە بەم شێوانە بنوسرێت قوتابییان باشتر لەیەکتری جیادەکەنەوە، وەك لەوەی کە وەك یەك بەجیا بنوسرێن، کە ئەمەش بە تەواوی قوتابییان توشی گرفت دەکات، ئەم جیاوازییە لە دەنگیشدا دەردەکەوێت، بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا فۆنیمی (th) لە هەردوو وشەی ( thin, then) دا جیاوازە، لە زمانی کوردیدا لە دەنگی (س) وەك لە وشەکانی ( سەوزە- صەوزە، سەد- صەد، سەگ- صەگ،...) یان لە دەنگی ( ك) وەك لە وشەکانی ( کێ، چی بکەم، کوا،..) ، لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا جیاوازن وەك گۆرینی فۆنیمەکان وەك (تەرزە – تەزرە، بەفر – بەرف ، حەمید – عەمید) ، لەسەر پەروەردەو مامۆستا پێویستە، کە قوتابییان لەم کێشانەی زمان ئاگاداربکرێن و بە وریاییەوە پرۆگرامی خوێندن بنوسرێت، ئاگاداری ئەم وردەکارییانەی زمان بن، بۆئەوەی قوتابی فێری دروستنوسین و خوێندنەوەو واتای ڕاست ببێت* .

٨. وشە یان واتا Words or Meaning

هەر وەك لە خاڵی (٧)دا خرایەڕوو، شێوەی نوسین وخوێندنەوەی وشەکان واتای جیاواز وەردەگرن، کە دەکرێت بە بەستنەوەیان بە دەوروبەرەوە واتاکانیان دیاریبکرێت. منداڵ لەسەرەتادا ئەو وشانەی زوتر فێردەبێت، کە پێویستن و زۆرتر بەکاردەهێنرێن یان ئەو وشانەی کە ڕەگەزی(نێرو مێ)ی نییە ئاسانترو زوتر فێردەبێت، بۆنموونە وشەی هاوسەرگیری بۆ منداڵ ئاسانترە وەرگرتنی چونکە بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێت، بەڵام لەوانەیە وشەی (ژنهێنان، شوکردن) لەنێوان ڕەگەزەکاندا تێکەڵاو بکات و پێچەوانەی بکاتەوە، بەمەش هەتا وشە بێلایەن بێت خێراتر

* بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (٢/٤-٧) .

وەردەگیرێت و چالاکدەکرێتەوە. زۆر وشە لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانەوە یـان لـە ئـەنجامی پلـەی لێکـچونی لەگـەل چەمکێکی تردا واتاکەی فراواندەبێت، بۆنموونە:

١٨- ڕامکردن ——— لەسەرەتادا بۆ ڕامکردنی ئەسپ و گیاندار بەکارهاتوە،

لە ئێستەدا ——— لە بواری سیاسیدا

لە بواری پەروەردەدا

فراوانبونی واتای وشە ڕادەی وەرگرتن و فێربوون گران دەکات و کاتی زیاتری پێویست دەبێت بۆ وەرگرتن، بە تایبەتتر بۆ ئەو کەسانەی کە بیانەوێت زمانی دوەم فێربن.

٩. خاڵبەندی یان دروستەی ڕێزمان Punctuation or Grammatical Structure

((خاڵبەندی تەکنیکی زمانە، نیشانەکانی بریتین لە کۆمەڵە ئاماژەو هێمایەکی وێنەکراوی گۆنەکراو، کە نوسـەر بـۆ گەیاندنی واتایەکی دیاریکراو پەنایان بۆ دەبات یان خۆیان بۆ خۆیان لە ڕستەدا ئەرکێکی دیـاریکراو دەبیـنن، وەکـو پرسیاری، سەرسوڕمان یان بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی دەقێك و خوێندنەوەی بەشێوەیەکی ڕاست بەکاردەهێنرێت.[٣٠٣]))، بەکارهێنانی خاڵبەندی لە نوسیندا زۆر پێویستەو گرنگییەکی تەواوی هەیە، دەبێت قوتابی لەسەر فێرکردن و دروست بەکارهێنانی خاڵبەندی ڕابهێنرێت، لەگەڵ ئەوەی لە پرۆگرامی خوێندندا قوتـابی هـەموو نیـشانەکان وەرناگرێـت* و ناتوانێت فێریببێت، بۆیە دەبینین قوتابی تەنیا چەند نیـشانەیەك وەردەگرێـت و بەکاریـدەهێنێت، بـە تایبـەت ئـەو نیشانانەی کە لە بواری خوێندندا زۆر بەرچاویان دەکەوێت، بۆنموونە ( .، ؟، !، : ).

ئەرکی خاڵبەندی بریتییە لـە[٣٠٤]:١- بـۆ نیـشاندانی واتایـەك. ٢- بـۆ دیـاریکردنی ئـاوازی ڕسـتە.٣- ئـاڵوگۆڕی پەیوەندییە. ٤- جوانناسی نوسراوێکە. ٥- هۆشیاری خوێنەر زیاددەکات تاوەکو ڕێکخستنی مانـادار بـە دەقـەکان ببەخشێت.

### ٢/٤-٦) زمانی دایك و فرەزمانی

پەروەردەی فرەزمانی ئاماژە بۆ بەکارهێنانی دوو زمان یان زیاتر دەکات، ((لە سـاڵی ١٩٥٣ ڕاپـۆرتی لیژنەیـەکی پسپۆری لەلایەن UNESCO ەوە لە بارەی هەڵبژاردنی زمان لە پەروەردەدا پێشکەشکرا، ڕاپۆرتەکە جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی دایك دەکاتەوە.[٣٠٥]))، لەگەڵ ئەوەشدا (( پشتبەستن بە UNESCO (فێرکردنی چەندین زمان) بە بڕیاری کۆنگرەی ١٢ لە ساڵی ١٩٩٩ ئاماژە بە بەکارهێنانی بە لایەنی کەم سێ زمـان دەدات، کـە ئـەوانیش ( زمانی دایك، زمانی ناوچەیی( زمانی نەتەوەیی)، زمانی نێودەوڵەتی ) لە پەروەردەدا[٣٠٦]))، بە واتا خوێندنی زمانی دووەم و زیاتر ڕێپێدراوە بە مەرجێك پلان بۆ دانراو بێـت و هەڕەمەکییانـە نەهێنرێتـە پرۆگرامـی خوێندنـەوە. ئـەم ڕونکردنەوەیەش ئەوە دەردەخات، کە گرنگە قوتابی لەسەرەتای قۆناغەکانی خوێندنیدا بە زمانی یەکەم بخوێنێت، تا

[٣٠٣] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥)

* تا قۆناغی دەیەمی بنەڕەتی بەشێوەیەکی تایبەتی و زانستی نیشانەکانی خاڵبەندی لە پرۆگرامدا باسنەکراوە.

[٣٠٤] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥)

[٣٠٥] بڕوانە B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨: ٧٩)

[٣٠٦] UNESCO- Education position paper (٢٠٠٣)

ببێتە هۆکارێك بۆ گەشەکردنی تەواوەتی زمانی یەکەم لەلای منداڵ و شـارەزایی و لێهـاتویی و تێگەیـشتنی واتـاو درککردن و دەربرینی دەنگ و هێماکان لەبارەی زمانەکەوە بەگشتی وەربگرێت، پاشان بچێتە نـاو فێربـوونی زمـانی دووەم و سێیەم..، بەمەش متمانەو گرنگی زمانی ستانداردو تواناو پلەی زمانی زگماکی لای قوتابی پەرەدەسێنێت، زمانەکەی لەلا بەرزو پیرۆز دەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە قوتابی کێشەو گرفتەکانی نـاو پـۆل و دەرەوە هـەر بـەو زمانە چارەسەربکات، چونکە قوتابی زمانی خوێندن بە زمانی چارەسەرکردنی گرفتەکان و توانای گەیاندن دەزانێت، (هەروەك لە بنەمای زانستی UNESCO دا، کە دەربارەی زمان و پەروەردە دیاریکراوە*).

( زۆرێك لە توێژەران دەریانخستوە کە ئاستی تێگەیشتن و بیروروژاندنی قوتابی سفرە بۆ ئەوانەی بە زمانی دایکیان ناخوێنن، لەبەرئەوەی ئەو هۆکارو مادانەی کە لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی دووەمدا بەکاردەهێنرێت لە ژیانی کۆمەلایەتی و کلتوری منداڵدا نییە لەبەرئەوە منداڵ توشی دابڕان و لێکترازان و بێزراوی دەکات لە خوێندن و لەناو کۆمەڵشدا ناتوانێت ئەوەی کە فێریبوە پراکتیزەی بکات، ئەمەش هۆکاری سەرەکی دابەزاندنی جۆری پەرورەردەیی ونزمبونەوەی ئاستی خویندەوارییە[٣٠٧].)، ((زمان دەژی و دەمرێت، زیندوییەتی و کارایی و بەربلاوی زمان دەکەوێتە سەر ئاخێوەران و هۆشیارو بەئاگایی لە بەهاو کاریگەری زمانی دایکیان لە بنیاتنان و بەرەوپێشچون، بۆئەمەش بە پلەی یەکەم گرنگە پلان و سیاسەت و فەلسەفەی پەروەردەی تاك لەهەر کۆمەڵیەکدا بە زانیاری و هەستیارییەوە بکرێت.[٣٠٨]))، فەرامۆشکردن زمانی دایك نایەکسانی کۆمەلایەتی لێدەکەوێتەوە، بۆنموونە بەراوردبکە لەنێوان منداڵی لادێ و شار، هەژارو دەوڵەمەند، لەهەمانکاتیشدا نەگونجاوی و ناپەیکاڵی لە هێزو دەسەلاتدا بەرهەمدەهێنێت، ئەگەر ئامانج و مەبەستی ستراتیژیمان ئەوە بیت، کە زمانی دایك بکەینە زمانی زانست و تەکنیك و ئەدەب و هونەر ....، پێویستە ئەم قۆناغبەندییەی بۆ بکەین[٣٠٩]:

١. دانانی فەرهەنگ.
٢. دامەزراندنی دەزگاو خانەی وەرگێرانی تایبەت و پەیوەست بە هەموو بوارەکانی/کایەکانی کۆزانیاری و وەرگێران لە زمانەکانی جیهان بۆ زمانی کوردی.
٣. دانانی پلانی ڕون بۆ قۆناغێك و دیاریکردنی مەبەستەکانی بۆ کورداندنی هەمو قۆناغەکانی فێرکردن، باخچەی ساوایان، سەرەتایی، بنەڕەتی ...... تا زانکۆو دواتریش.

---

* UNESCO پشتگیری فێرکردن دەکات، کە ئەویش بە :

١- فێرکردن زمانی یەکەم وەك هۆی باشترکردنی جۆری پەروەردەیی لە ڕێگەی دروستکردنی کۆزانیاری و شارەزایی قوتابیو مامۆستا، فێرکردنی زمانی دایك بابەتێکی پێویستە بۆ فێربوون لە قۆناغی سەرەتاییدا، بە تایبەت ساڵی یەکەمی خوێندنی، هەر قوتابیێك پێویستە پەروەردەی فەرمی بە زمانی دایك بێت، دەبێت لێهاتویی خوێندنەوە و نوسینی هەنگاوی یەکەمی بە زمانی دایك بێت، ئەگەر ئارەزوی کردو توانی بۆ زمانی دووەم تێپەڕێت.

٢- پەروەردەی جوتزمان یان فرەزمان لەسەرجەم ئاستی پەروەردەیی، وەك هۆیەك بۆ بەرەوپێشبردنی یەکسانی کۆمەلایەتی و ڕەگەزی، پێکهێنانی بنچینەیی زانستی زمانی لە کۆمەڵی جیاوازدا.

٣- زمان وەك پێکهاتەیەکی گرنگی پەروەردەیی نێو کلتوری، بۆ هاندانی تێگەیشتن لەنێوان کۆمەڵەی نیشتەجێی جیاواز و دڵنیاکردنی ڕێزی مافی بنچینەیی. UNESCO- Education position paper (٢٠٠٣)

[٣٠٧] C. Benson (٢٠٠٤:٢,٦)

[٣٠٨] www.edu.fi.*arabiya*

[٣٠٩] www.edu.fi.*arabiya*

٤. خوێندنی زمانی دووەم لە دوای قۆناغی بنەڕەتی بە دواوە بە خورتی یان بە سەرپشکی بێت.
فێربوونی زمانی یەکەم لای قوتابی ڕێگە بۆ ئاسانکاری فێربوونی زمانی دووەم دەکاتەوە، چونکە تاك زمانی یەکەمی بە تەواوی هەزمکردووەو گرفتی تێگەیشتنی نەماوە، ئەمەش وا دەکات کە ئاسانتر توانای وەرگرتن و فێربونی زمانی دووەمی هەبێت، بەمەش زمانی دایك یارمەتی فێربوونی زمانی دووەم دەدات، بەهۆی [٣١٠]:
ا- پەرەدان و چاکسازیکردن بە لێهاتویی لە زمانی دایکدا سەرچاوەی سەرەکی زمانی دووەم ....ە.
ب- توێژینەوەکان دەریانخستووە، زۆرێك لە لێهاتوییە وەرگیراوەکان لە زمانی دایکەوە دەتوانرێت و ئاسانتریشە بۆ گواستنەوەی بۆ زمانی دووەم.
پ- ئەوانەی بایەخ بە زمانی دایك نادەن و گرنگی بە زمانی تر دەدەن لە ناخیانداو لە ڕوی دەرونییەوە جۆرێك لە نامۆیی و ناوازەیی و شازبونیان لەناو کۆمەڵەکەیدا دەردەکەوێت.
ئاستەنگە زمانییەکان لە ژینگەیەکی فرەزمانیدا لاوازی و سیستی لە ناسنامەو کلتوری نەتەوەیی دەکات، لە ئەنجامی بەکارهێنان و فێربونی زمانی دووەم لە قوتابخانەدا دروستدەبێت، کە کاریگەری فێرکردن بە زمانی دووەم و ئاسەوارەکانی لەسەر فێرکردن بە زمانی دایك لە چەند ڕویەکەوە دەردەکەوێت، کە بریتین لە[٣١١]:
ا- لەڕوی سۆزدارییەوە، وەك سستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سستی ڕێزگرتن، سستی پەیوەندیگرتن، دەربڕینی خۆشەویستی...
ب- لە ڕوی فێرکردنەوە لە چەند لایەنێکەوەیە: ١- بەردەوام بەکارهێنانی زمانی دووەم لە پەروەردەدا. ٢- لەنێوان قوتابی خۆیان و مامۆستاو ستافی بەڕێوەبردنی هەر زمانی دووەم بێت. ٣- خراپتر لەوەش ئەوەیە بە زۆر وا لە خێزان و باوانیش دەکات هەر بەو زمانە منداڵەکانیان فێربکەن و هەوڵییان لەگەڵدا بدەن. بەمەش زمانی دووەم دەبێتە سەرەکی و زمانی یەکەم بەرەبەرە ئەرك و بەکارهێنان دواتر گرنگی خۆی لەدەستدەدات.
پ- کاردانەوەی ئەمە دەکەوێتە سەر بواری ئابوری و پێداویستی و ناونانی شتەکان ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیندوو ڕاگرتنی زمانی یەکەم ناهێڵێت، بەڵام کە گۆڕا بۆ زمانی دووەم دەبێتە هۆی سست بونی زمانی یەکەم.
ت- کاریگەرییەکی تر لەسەر خودی زمان و دروستەو پێکهاتەی زمانی دایکە کە ڕێزمانەکەیەتی، لێکۆڵینەوەکان ئەوەیاندەرخستوە، کە ئەو منداڵانەی بە جوتزمان دەخوێنن لەسەرەتای خوێندنەوە هەوڵدەدات زمانی دووەم بخەنە ژێر یاساکانی زمانی یەکەمەوە، دواتر بۆیدەردەکەوێت کە هەر زمانەو یاساو ڕێساو ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە، سەرەتا دەیەوێت پاریزگاری لە هەردوکیان وەکو خۆی بکات، بەڵام بەردەوامی فێرکردن بە زمانی دووەم و بەکارهێنانی زۆرو دوبارەو سێبارەکردنەوەی لە قوتابخانە و خێزان و کۆمەڵ و ڕاگەیاندندا وا لە منداڵ دەکات زمانی دایکی ملکەچ بکات بۆ زمانی دووەم و هەژمونی زمانی دووەم بەسەر دروستەی ژێری و زمانەوانی بکات و بەمەش زمانی دایك بەرەو سستبون و لەناوچون دەڕوات.
تیۆری زمان هەوڵی فێرکردنی زمانی بیانی و هاوتاکردنی و بەستنەوەی بە زمانی دایك و توانای باشترکردنی فێرکردنی ئاشکرا دەدات، چونکە زمان بنەمای هەموو بابەتێکەو فێرکردنی ئاشکرا بۆ فێرکردنی زمانی دایك بەسود دەبێت. زمانی دایك دەرگا لەسەر خودی ڕێزمانی زمانەکەی خۆی و ڕێزمانی زمانانی تریش دەکاتەوە، لەبەرئەوە

---

[٣١٠] The importance of mother tongue
[٣١١] www.edu.fi/ Oman_aidinkielen_merkitys

زمانی دایك بە كلیلی سەرەكی زمانە بیانییەكان دانراوەو بەو ئامێرە پەسنكراوە، كە دەتوانین خێراترو كرۆكیترو وردتر لە زمانەكانی تر بگەین. توانای فێربوونی زمان لە لای تاك بێ كۆتاییەو توانستی فێربوونی چەند زمانێكی هەیە، بەلآم توانای بەكارهێنانی زمانەكان جیاوازە، فێركردنی زمانی دایك و تێگەیشتن و فێربوونی نوسین و خوێندنەوەو قسەكردن و گوێگرتن، ئەمانە بنەمان لە دارِشتنی سیستەمی زماندا.

لەگەڵ بونی گرنگی فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم... دا لە قۆناغی (٤)ی بنەرِەتییەوە، گرفت لە فێربووندا دروستدەبێت، بەلآم تاك/قوتابی لەكاتی فێربوونی زمانی تردا رِووبەرِوی چەند گرفتێك دەبێتەوە، كە زۆرجار لەبەكارهێنان و پراكتیزەكردنیدا نادروستی واتاو لێكتێنەگەیشتنی بەرانبەری لێدەكەوێتەوە، بۆنموونە ئەوەی بۆ تاك و پرِۆسەی فێربوون و فێركردن گرفتدەبێت، تایبەتمەندی دەنگی فۆنۆلۆژییە، كە لایەنێكی بنەرِەت و گرنگە بۆ رِونكردنەوەو دەرخستنی واتاو مەبەستی ئاخاوتن، (Jenkins ٢٠٠٠ لێكۆڵینەوەی لەسەر شەش قوتابی كرد، لە ئاستی جیاوازو هەریەك زمانی دایكیان جیاوازبوو، بۆی دەركەوتن، كە لە فێربوونی زمانی دوەمدا (٢٧) تێكشكاندنی زمانییان بەهۆی هەڵەی شێوازی خوێندنەوەو دەنگی وشەكان و چۆنیەتی دەربرِینەوە بووە، (٨) تێكشكاندنی زمانییان بەهۆی لێكسیكەوە بوە، كە بەهۆی بونی جیاوازی لە فۆنێم و بزوێن، وەكیەكی دركاندن رِودەدات[٣١٢]). واتا بونی جیاوازییە زمانییەكان دژواری و نێواندژی بۆ ئەوانەی كە فێری زمانی تر دەبن (جگە لە زمانی دایك) دروستدەكات، قوتابییان زمانی كوردی كە زمانی دایكیانە، لەكاتی فێربوونی زمانی دووەم بەتایبەت زمانی ئینگلیزیدا توشی دژواری و گران فێربوون دەبن، بەهۆی ئەو دەنگانە لە زمانی كوردیدا نییە، ئەمەش وادەكات لە شێوازی وتندا دەنگەكان بە هەڵە بدركێنن، بۆنموونە: دەنگەكانی ( q, w, y, u, x, th ) قوتابی بە گران دەتوانێت ئەم دەنگانە دەربرِێت، هەربۆیە بە دەربرِینی ئەو وشانەی كە ئەم پیتانەی تێدایە، قوتابی توشی تێكشكاندنی زمانی و هەڵە وتن دەبێت، كە واتای هەڵەو نارِونی لێدەكەوێتەوە، وەك ئەم وشانە:

١٩- Thank ثانك سوپاس

٢٠- Queen كوین شاژن

٢١- Yogurt یۆگریت ماست

٢٢- Inseck ئینسانك مێروو

٢٣- Watch وۆچ سەعات

یەكێكی تر لە گرفتەكانی فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم كەمی شارەزایی و لێهاتویی تاكە، لە بەكارهێنانی كۆمەڵە وشەو پێكەوەهاتنەكان و سیمانتیك و فەرهەنگ و سینتاكس لەكاتی ئاخاوتندا، كە بایەخێكی گرنگی هەیە، لە تێگەیشتنی واتاو گەیاندنی مەبەستی قسەكەر بە بەرانبەرەكەی، كە ئەو پەیوەندییانە لە فێربوونی زماندا بۆ بەكارهێنان پێویست و گرنگن، (چونكە تەنها لێكدانی كەرەستە زمانییەكان بەڵگە نییە بۆ فێربوونی زمان.[٣١٣])، بۆنموونە، كەسێك زمانی یەكەمی زمانی عەرەبییە، كاتێك فێری زمانی كوردی دەبێت، پەیرِەوی یاسا سینتاكسییەكان ناكات و تێكیان دەشكێنێت، وەك (تۆ چی وتی.) كە لە بنەرِەتدا دەبێت بوترێت ( تۆ چیت وت.)،

[٣١٢] بروانە N. H. Hornberger and S. L. Mckay , (٢٠١٠:٩٣)

[٣١٣] شاخەوان جەلال، ئاڤێستا كەمال (٢٠١٣: ٩٠)

که لێرەدا گرفت لە پەیڕەوی سینتاکسیدا دروستبوە، لە بواری کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتنەکاندا گرنگە لێهاتویی لە پێکبەستنی وشەکاندا دروستبکرێت، لەڕوی گونجاوی و نەگونجاوییەوە، بۆنموونە:

٢٤- بەرگدروەکە کراسێکی جوانی دوری. گونجاوە

٢٥- بەرگدروەکە کراسێکی ڕەنگکرد. * نەگونجاوە

٢٦- بەرگدروەکە ملوانکەیەکی دروستکرد. * نەگونجاوە

لێرەدا گونجاوی و نەگونجاوی پەوەندی بە پێکەوەبەستنی واتای وشەکانەوە هەیە، کە بەرگدرو کرداری ( دورین) ی لەگەڵدا بەکاردێت، نەك کردارێکی وەك ( ڕەنگکرد، دروستکردن) کە ئەم کردارە بۆ کارێکی تر دەبێت، یان ملوانکە دروستکردن پێویستی بە بکەرێکی تر هەیە.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە فێربوونی زمانی دووەم لە قۆناغی سەرەتاییدا لێکۆڵەران ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە، کە فێربوونی زمانی دووەم ئەم دەرئەنجامانەی هەیە[٣١٤]:

١- فێرکردنی جوتزمانی لەسەرەتای خوێندنی بنەڕەتیدا کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنەکانی زمانەوانی و کۆمەلاَیەتی و کلتوری و شارستانێتی و نەتەوەیی و ڕەوشتی و بەهاو تەنانەت لایەنی دەرونیش دەبێت.

٢- بە تەواوی و پڕاوپڕی وەرگرتنی زمانی دایك و فێربونی، بنەمایە بۆ وەرگرتنی زمانی دووەمیش.

٣- تەمەنی ١٠ ساڵ و بەرەو سەر گونجاوترین کات و تەمەنی وەرگرتنی زمانی دووەمە، کە لەم تەمەنەدا وەرگرتنی زمانی دووەم کاریگەری لەسەر زمانی دایك و لایەنی پەروەردەیی دروستناکات.

٤- بڕیاردانی سیاسی یەکلاکەرەوەو شێلگیرانە بۆ وەستانی فێرکردنی جوتزمانی.

٥- بڕیاردانی کورداندنی فێرکردنی زانکۆیی و خوێندنی بالاَ بە هەموو بەش و کۆلێژ و پسپۆڕییەکانەوە.

٦- بەخورتیکردنی بازاڕو کۆمپانیاو دامودەزگای حکومی و ناحکومی بە پەیڕەوکردنی زمانی کوردی لەسەرجەم نوسینگەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا.

## ٢/٤-٧) ڕێنوس

نووسین: پیڕەوێکی بیرییە، نواندنی ئاخاوتنەکانەو ڕێنوس ئەو سیستەم و یاسایەیە، کە بۆ دیاریکردنی واتای وشەو جیاکردنەوەی واتا جیاوازەکانە، کە لە زماندا پەیڕەودەکرێت، ئەمەش نووسین پێویستی بە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ڕێنوسی دروستە*. زمان لە وشە، ڕستە، دەق،..... پێکدێت، کە ڕێگەن بۆ بەجێهێنانی پەیوەندیکردن و بەرهەمهێنانی ئەرکی زمانی، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو دەنگانەوە دروستدەبێت کە لە زماندا هەیە، بە پێکەوەبەستنیان مۆرفێم دروستدەبێت و لە ڕێگەی ڕێکەوتنی کۆمەڵەوە واتا بە وشەکانی زمان دەدرێت. تاکەکان لە ڕێگەی لێهاتوی خوێندنەوەو نووسینەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراوو ڕیزبەندانە گفتوگۆدەکەن، توانا بە ئاخاوتنی تاك دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا لێهاتویی خوێندنەوەو نووسین توانای خوێندنەوەو وەرگرتنی زانیاری و تێگەیشتن و

---

[٣١٤] www.edu.fi.*arabiya*

* زۆر هۆکار دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی ڕێنوسی ڕاستی قوتابی هەبێت، وەك:

ا- مەبەستی نووسین: ئەو دەوروبەرەیە کە نووسینەکەی تێدا بەڕێوە دەچێت. ب- قۆناغی پەرەسەندنی نوسەرەکە

پ- قۆناغی پەرەسەندنی خودی دەق نوسین. ت- خوێنەری ناراستەوخۆ لە دەقی نوسین دا. (١٩٩٨:٨) K. Boston

پەرەسەندنی کۆزانیاریدا هەیە. توێژینەوەی تازە جەخت لەسەر فێربوونی نووسین دەکەنەوە، خوێندنی باشترو ڕاهێنانی زیاتر دەبێتە هۆی فێربوونی ڕاستی نووسین، لەبەرئەوە (( لەژێر هەڵکەوتی ڕاستی فێرکردنی ڕێزمانی ئاشکرادا، دەتوانین کاریگەری ئەرێنی لەسەر لێهاتوویی نووسین دابنێین))[٣١٥].

کارامەیی و لێهاتوویی خوێندنەوەو نووسینیش لە ڕێگەی پرۆسەی فێرکردنەوە بەدەستدێت، کە فێربوونی خوێندنەوەو نوسین لە ڕێگەی فێربوونی ڕێنوس و پیتەکانی زمانەوە دەبێت، ((مەبەست لە نووسین* مەبەست لەخودی زمانە))[٣١٦]، واتا زمان لە ڕێگەی دەنگەکانەوە دەردەبڕێت و بە پیت دەنوێنرێت، فێربوونی پیتەکانی زمان و بەیەکەوەبەستنیان بەشێوەی دروست دەستخستنی واتایی زمانی دێنێتە بەرهەم، بەمەش دروستنووسین/ڕێنوس گرنگە، کە مەبەست ((سیستەمی پێکهێنانی واتایە))[٣١٧]، کە پێکهێنانی واتا تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن لەخۆدەگرێت، لێرەشەوە بەهاو گرنگی ڕێنوسی ڕاست دەردەکەوێت.

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەردە فێرکردنی لێهاتوویی خوێندنەوەو نووسینی قوتابییە، ئەم ئەرکە گرنگەش بەزۆری دەکەوێتە ئەستۆی قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندن، کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەبینێت بۆ فێرکردنی دەنگەکانی زمان و نووسینیان و دەربڕینی وشەکان و ڕێنوسی ڕاست لە نووسیندا، بۆ ئەمەش قوتابی پێویستی بە کۆزانیاری هەیە، تا لێهاتوویی ڕێنوسی زیادبکات، کە چوار جۆر کۆزانیاری جیاواز بۆ فێربوون گرنگە، ئەوانیش[٣١٨]:

١- کۆزانیاری فۆنۆلۆجی: کۆزانیاری فۆنۆلۆجی جەخت لەسەر چۆنیەتی گۆڕینی دەنگ بۆ پیت دەکات.

٢- کۆزانیاری بینراو: ڕێگەی وشەو نووسین کۆدەکاتەوە، تیشکدەخاتە سەر چۆنیەتی بینینی وشە، کە لێهاتوویی خوێندنەوەی زیاددەبێت، قوتابی فێردەکرێت کە: ا- بیر لە ڕوخساری وشە بکەنەوەو بەراوردی بکەن. ب- ناسینەوەی ئەوەی نوسراوە، تا بزانن چۆن بنوسن. پ- ناسینەوەی پیتەکان/نوسراو، کە بە ڕێگەی دیاریکراو ڕێکبخرێت.

٣- کۆزانیاری مۆرفیمی: واتاو ئەرك و ڕێنوسی جیاواز گۆڕان لە فۆڕمی وشەدا دەکات، واتا کۆزانیاری مۆرفیمی تیشکدەخاتە سەر ئەوەی کە کاتێك ئەرك لەسەر فۆڕمی ڕێزمانی جیاواز دروستدەبێت چۆن واتای وشە دەگۆڕێت. کار لە لێهاتوویی بیرکردنەوە دەکات، قوتابی فێردەکرێت کە: ١- چۆن مۆفۆلۆجی بەکاربهێنن تا یارمەتی ڕێنوسی وشە بدەن. ٢- چۆن وشەی ئاوێتە دروستدەکرێت. ٣- کۆزانیاری لەسەر پاشگرو پێشگرو گشتاندن، کە بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشە پێویستە.

٤- کۆزانیاری ئیتمۆلۆجی: شیکردنەوەی وشەکانە، کە تیشکدەخاتەسەر واتاو ڕەگی وشە.

فێربوون و فێرکردنی ئەم کۆزانیارییانە کاریگەری گرنگی لەسەر پرۆسەی فێربوونی ڕێنوس دەبێت، بەم هۆیەشەوە قوتابی بە توانا دەبێت، لە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ڕێنوسی دروست لە نووسینەکان و پەرەدان بە لێهاتوویی خوێندنەوەو نووسین و تێگەیشتنی واتای وشە.

---

[٣١٥] B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨: ٥٦)

* نووسین نواندنی وێنەی بیرە.

[٣١٦] K. Boston ( ١٩٩٨:٧)

[٣١٧] هەمان سەرچاوە ( ١٩٩٨: ٨)

[٣١٨] هەمان سەرچاوە ( ١٩٩٨: ١٣، ٤٣)

فێربونی زمان لە پەروەردەدا پەیوەندی بە لێهاتوی ( خوێندنەوەو نووسین، گوێگرتن وئاخاوتن)ەوە هەیە، کە قوتابی فێری سیستەم و کۆزانیاری ڕێنوس دەکرێت. ستراتیژی فێرکردنی ڕێنوسی وشە پێکدێت لە [٣١٩]: سەرنجدان، بیرکردنەوە، گرتنەوە، نووسین، پێداچونەوە. کە ئەمەش بە سەرنجدان لە وشەو بیرکردنەوەو نووسینی وشەکە پاشان پێداچونەوە لە هەڵەی نووسین دەبێت.

پەرەسەندنی زانیاری فۆنیم تێگەیشتن لەنێوان دەنگ و هێمادا دروستدەکات، سەرنجدان لە واتای وشەو پێشگرو پاشگر، کە داڕێژەری دروستکردنی وشەی نوێیەو گرنگە لە ڕێنوسدا، ڕێنوس لە قۆناغی سەرەتاییدا گرنگیدانە بە وشەو توانای خەزنکردنی وشە بە ڕێگای بینین. چونکە فێربوون پرۆسەیەکی فرەهەستییە، کە قوتابی چاوو گوێ و دەست بۆ فێربوون بەکاردەهێنێت، کاتێك قوتابی هەوڵی نووسینی وشەیەك دەدات، ڕێنوسی وشەکەی لا گران دەبێت، ئەگەر تەنیا پشت بە هەستێك ببەستێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پرۆسەی فێربوون هەر وەك لە پێشتردا خراوەتەڕو تەنیا پشت بە لایەنێك نابەستێت، بەڵکو گرنگە کە هەموو لایەنەکان ڕۆڵیان لە پەرەسەندنی پرۆسەکەدا هەبێت، لایەنی فرەهەستی لێهاتویی خوێندنەوەو نووسینی قوتابی زیاددەکات.

لە ساڵی ١٩٩٥-١٩٩٨ پرۆژەیەك لەسەر گەشەکردنی ڕێنوسی منداڵ کرا، لە سێ قوتابخانەی سەرەتایی لە لەندەن، دواتر کتێبێکیان بە ناوی ( تێگەیشتنی ڕێنوس) بلاْوکردەوە، ئامانجیان فێرکردنی ڕێنوس بوو، کە چۆن مامۆستا دەتوانێت کاریگەری زیاتر لەسەر منداڵ دروستبکات، دەرئەنجامی پرۆژەکە بەم شێوەیە بلاْوکرایەوە [٣٢٠]:

١. بۆ فێربوونی ڕێنوسی منداڵ پێویستە لەسەرەتاوە یارمەتیبدرێت، تا پشت بە سەرچاوەی کۆزانیاری ببەستێت، بۆنموونە زانیاری وشە، زنجیرەی پیتی هاوبەش، دروستەی وشەو واتا.
٢. توانادەدات بە مامۆستا بۆ تێبینیکردنی پێوانەی ڕێنوس و شیکردنەوەی هەڵەکان کە ئایا فۆنەتیکییە یان بینین.
٣. دەرکەوت کە منداڵ بە ڕێگای جیاواز سیستەمی ڕێنوس وەردەگرێت.
٤. یەکێك لە ڕێگا سەرەکییەکانی منداڵ دروستکردنی ئەنالۆژییە لەنێوان ئەو وشەیەی ئێستا فێربوە لەگەڵ وشەی نوێ.
٥. چالاکی یاری ڕێنوسی کاریگەری فێرکردن پەرەپێدەدات، کە شیکردنەوەو ڕێنوسی منداڵ دەگرێتەوە.
٦. بایەخدان بە وشە لەنێو خوێندنەوەو نووسیندا، باشترین بناغەیە بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی توانستی ڕێنوس.

ڕێنوس لایەنێکی گرنگی بەرەپێشچونی نووسینە، کە ئامانجی ڕێنوس بەرزکردنەوەی ئاستی دروستنووسینە، گرنگە مامۆستا ڕۆژانە جەخت لەسەر نوسین و دروستنووسینی منداڵ بکات، ئەمەش لە ڕێگەی تەرخانکردنی وزەی زیاتر بۆ فێربوون و دەرفەتدان بە منداڵ بۆ تێگەیشتن لە واتای وشەو درککردن بە وشەو فێرکردنی چۆنیەتی دەربڕینی دەنگ، کە پەیوەندی تەواوی بە بەرەوپێشچوون و تێگەیشتن و فێربوونی خوێندنەوەو نووسینەوە هەیە، چونکە هەڵەی ڕێنوسی تێڕوانینی خراپ و تێنەگەیشتنی واتاو تێکدانی پێڕەوی زمانی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە گرنگە زۆر بەوردی پرۆگرامی خوێندن دابنرێت و بەتەواوی ڕەچاوی هەموو بنەماو یاساکانی ڕێنوسی وشە بکرێت، چونکە سەرەتای فێرکردنی منداڵ

---

٣١٩ www.newtown.sandwell.sch.uk (٤)
٣٢٠ Understanding spelling

زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی چۆن فێرکرا هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت و کاریگەری لەسەر قۆناغەکانی تریش دەبێت، لە پرۆگرامی خوێندندا ئەم لایەنە بایەخی پێنەدراوە، بۆیە دەبینین کە هەڵەی ڕێنوسی لە زۆربەی بابەتەکاندا هەیە، لەگەڵ بینینی دوو جۆر نووسینی وشەیەك، کە ئەمە نامتمانەیی لای منداڵ دروستدەکات، پێیوایە کە زمانەکەی لەخۆوەو بێ بنەمایە، بۆنموونە( لە قۆناغی دووەمدا لە لاپەڕە (٧٣) (گەنمە کوتاو) نوسراوە، لە لاپەڕە (٧٤) ( گەنمەکوتاو) نوسراوە، یان لە قۆناغی سێیەمدا لە لاپەڕە (٨٧) دا وشەی ( توورەکە، تورەکە) بە هەردوو شێوەکە نوسراوە، جەندین نموونە لەم شێوەیە دەبینرێت.

زمان دیاردەیەکی مرۆییەو پێڕەو و هێمای دیاریکراوی هەیە، ئەرکی زمان پەیوەندیکردنە لەنێو تاکەکاندا، کە لێرەوە چەندین ئەرك بۆ پەیوەندیگرتن دەگرێتەخۆ، زمانیش لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا زمانی ستادارد دیاریکراوەو دەبێتە بناغەی داڕشتنی پرۆگرام، لەنێو تاکەکانیشدا بە پێی ژینگەو دەوروبەر شێوەزارو ئەکسێنتی تایبەتیان هەیەو لە گفتوگۆی نارەسمیدا بەکاریدەهێنن، بەمەش بنەمای زمانەوانی ڕێگا بۆ پرۆگرام ڕوندەکاتەوە، کە یاساو پێڕەو و توانستی زمان بۆ وەرگرتنی زمان بەکاربهێنێت.

# بەشی سێیەم

# هەڵسەنگاندنی بنەماکانی زمانی پەروەردەیی پڕۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی

## ١/٣) ناساندنی پرۆگرامی خوێندن

پرۆگرامی خوێندن ( هەموو پلاندانانێکی پرۆسەی فێربوون دەگرێتەوە، کە لە ناوەوەو دەرەوەی قوتابخانە بنیاتدەنرێت و بۆ قوتابی ئامادەدەکرێت لەسەر بنەمای دەرونی، کۆمەلآیەتی، سیاسیی،..  کە قوتابخانە لێی بەرپرسە، بەواتا هەموو شارەزاییەکی قوتابیە، کە لەژێر ڕێبەرێتی قوتابخانەدا فێریدەبێت، بە ئامانجی گەشەکردنی قوتابی لەڕوی سۆزو لێهاتویی گشتی و کۆزانیاری، ئەمانە ئەو بابەتانەن کە زیاتر بەسودن بۆ ژیانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ.[٣٢١])، پرۆگرام لە ڕێبازی نوێدا بریتییە لە (( کۆمەڵێك کۆزانیاری پەروەردەیی، ئامادەباشی بۆ قوتابی لە ناوەوەو دەرەوەیدا دەکات، بە مەبەستی یارمەتیدانیان لەسەر گەشەکردنی گشتگیرو تەواو لە هەمو لایەنێکی هۆشی و کلتوری و ئاینی و کۆمەلآیەتی و جەستەیی و دەرونی و هونەری،.. گەشەکردن بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتارو کارلێککردنی لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگەو دانانی چارەسەر بۆ کێشەکانیان کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە، ئەنجامدەدات[٣٢٢].))، پرۆگرام یەکێکە لە کەناڵە گرنگەکانی فێرکردنی پلان بۆ داڕێژراوی پەروەردەیی و بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی پەروەردە دیاریکراوە، ئەزمونی پەروەردەیی لەخۆدەگرێت، کەکاریگەری بنەڕەتی لەسەر پرۆسەی بنیاتنانی تاك هەیە. پرۆگرام کتێب و شێوازی وانەوتنەوەو هۆکاری فێرکردن و چالاکی و.... دەگرێتەوە، گرنگیدانی زانایان بە دانانی پرۆگرام بۆ ئەم تەمەنە لەبەرئەوەیە بە تەمەنی ئامادەیی و سازکردن دانراوەو فیجونسکی پێیوایە ڕژێمی بینین و ژیری و جوڵەیی لە ئامادەباشیدان بۆ چالاکی و کار، ئەگەر دەوروبەر لەم ماوەیەدا بە دروستی بیوروژێنن و ئاراستەی بکەن و بەگەڕیبخەن، ئەوا بەدروستی دەڕوات و بە پێچەوانەشەوە. بەگشتی پرۆگرامی خوێندن بەم شێوانە پەسنکراوە:

(Palph tyler١٩٥٧) "پرۆگرامی خوێندن پلان بۆ هەموو ئەزمونی فێربوون دادەنێت و ڕاستەوخۆ لەلایەن قوتابخانە، کە ئامانجی پەروەردەییە دەهێنرێتەدی[٣٢٣]." بەمەش هەموو ئەو کۆزانیاری و بەهاو ڕەفتارانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن کۆمەڵگاوە پەسەنددەکرێت و قوتابی لە قۆناغەکانی خوێندنیدا وەریدەگرێت.

(Saylor١٩٨١) "پرۆگرامی خوێندن پلان بۆ کۆمەڵێك دەرفەتی فێربوون بۆ خەڵك کە پەروەردەبکرێن، دەستەبەردەکات."، (Robinson١٩٨٤) "پرۆگرامی خوێندن نیشاندانی ئەو شارەزایی و چالاکییانەیە، کە لەلایەن قوتابخانە یان دامەزراوەی تری فێربوون دادەهێنرێت، بە مەبەستی گۆڕانی ڕەفتاری قوتابی و وەرگرتن و کارامەیی و دڵنیایی بەهێزدەکات و ئامادەیدەکات، کە بەشێوەیەکی گونجاو لەناو کۆمەڵگادا بگونجێت[٣٢٤]."

(J.L.McBrien&R.Brandt١٩٩٧) "پرۆگرامی خوێندن ئاماژە بۆ پلانی نووسینی هێڵە سەرەکییەکان دەکات، کە دیاریدەکرێت کە قوتابی دەبێت چی فێربکرێت، ئاماژە بۆ هەموو ئەو وانانە دەکات، کە لە قوتابخانە پێشکەشدەکرێت." (D.F.Brown٢٠٠٦) "هەموو ئەزمونێکی قوتابخانەیە، کە قوتابی پەیوەندی پێوەی هەیە، بە گەشەکردنی لێهاتویی و ستراتیژ لەناو بیرکردنەوەو داهێنان، چارەسەری کێشە، هاوکاریکردنی کرداری لەگەڵ

---

[٣٢١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(٢٠٠٣) C. J.Marsh & G. Willis

[٣٢٢] www.manqol.com/topic/print

[٣٢٣] www.saqapub.com/upm- data

[٣٢٤] C.Jack, education department

ئەوانی تر، بەردەوامبون بەشێوەیەکی باش، کاریگەری زیاتری نووسین، خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی زیاتر، ئەنجامــدانی توێژینەوە بۆ چارەسەری کێشە دادەنرێت[٣٢٥]."

کەواتە پرۆگرامی خوێندن کۆمەڵێك ئەزمونی پەروەردەییە، پلانێکە بۆ ویستی بەدەستهێنانی دەرئەنجامی فێربــوون، لەگەڵ ئەوەی کە چی بــۆ فێربــوون و ئــەنجامی فێرکــردن پێویــستە، لــە ڕێگــەی ئامــانج و نــاوەڕۆك و شــارەزایی و بنەماکانەوە بنیاتدەنرێت، کە پرۆگرامی خوێندن لە توێژینەوەو تیۆری نووسینەوەوە دەخاتە ناو پراکتیکەوە، ڕێگایەکە کۆزانیاری و ڕەفتارو توانای قوتابی بە ئاڕاستەی دیاریکراو پێشدەخات، هەوڵدەدات بۆ گەشەکردنی گیانی و ژیری و جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و تاکی بەسود بۆ خۆی و نەتەوەکەی و بەرهەمهێنانی تاکی بەتوانا لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئامادەدەکات، ئەمەش ئامانجی پەروەردەیی دێنێتەدی.

( پرۆگرامی خوێندن یاسابەندە، هەر وەك چۆن زۆربەی بوارەکــانی تــری ژیــان بــە سیــستەم و یاســا بــەڕێوەدەبرێت، پرۆگرامی خوێندنیش بەهەمان شێوە بە سیستەم و یاسای پەروەردەیی بەڕێوەدەبرێت، کە لەســەر کۆمــەڵێك بنــەما بنیاتدەنرێت، کە فەلسەفەی پەروەردەیی دەگرێتــەوە، ئــەوانیش بــریتین لــە خواپەرســتی، دەرونزانــی، دەمــارزانی، درکپێکردن، دروستەی کۆزانیاری، نەتەوەیی، ڕۆشنبیری، سروشتی مرۆڤایەتی، کلتوری کۆمەڵگە، ..... تــاد[٣٢٦].)، لەسەر بنەمای واتای پرۆگرامی خوێندن، کە بریتییە لە ئامانجی پەروەردەیی و هەڵسەنگاندن و ستراتیژی فێربــوون و ناوەڕۆك و میکانیزمەکان، لەم هێڵکارییەدا دەخەینەڕوو:




هێڵکاری (٣١) نموونەیەك لە لایەنەکانی واتای پرۆگرام[٣٢٧]

[٣٢٥] www.saqapub.com/upm- data

[٣٢٦] بڕوانە، فواد محمد موسى (٢٠٠٢:٣٦)

[٣٢٧] ناجي تمار، عبدالرحمن بن بريكه (١٩٦٤: ٥)

دیاریکردنی بواری پڕۆگرام بە سێ ئاڕاستەی سەرەکی بنەما دەنوێنرێت و ئاڕاستەدەکرێت[328]:

١- بنەمای دەرونی پڕۆگرام: بینینی قوتابی وەك تەوەرەی دروستکردنی پڕۆگرام، کە ئاڕاستەو توانــاو ئــارەزوی قوتابی دەبێتە بنەمای هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی پڕۆگرام و ڕێکخستنی.

٢- بنەمای فەلسەفی کۆمەلآیەتی پڕۆگرام: بینینی کۆمەڵگە وەك تەوەرەی دروستکردنی پڕۆگرام، جەختکردنەوە لەسەر ئەو شتانەی کۆمەڵگە دەیەوێت لە پێویستی و فەلسەفەو کلتور.

٣- بنەمای کۆزانیاری پڕۆگرام: بینینی کۆزانیاری وەك تەوەرەی دروستکردنی پڕۆگرام، دانانی کۆزانیاری بــەرز کە نموونەیی بێت، هەوڵدان بۆ گواستنەوەی کۆزانیاری بۆ مێشکی قوتابی.

کەواتە ڕۆڵی پڕۆگرام پەیوەستکردنی هەرسێ تەوەرەی ( قوتابی، کۆمەڵ، کۆزانیاری)ە پێکەوە، بەمپێیــە پڕۆگرامــی خوێندن (( بناغەو ناوەڕۆکی پەروەردەییە، بە دڵی هێلکاری پڕۆسەی پــەروەردەو بنــەمای دادەنرێــت، پڕۆگــرام ئــەو خاڵەیە کە منداڵ بە جیهانی دەرەوە دەگەیەنێت و هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردن بە هــەموو کۆمــەڵگاوە[329]))، خــاڵی ڕوانینی میتۆدی بەکارهێنان، سەرچاوەی فێربوون و فێرکردنە، هەر بۆیە پڕۆگرامی خوێندن پڕۆسەیەکی بــزواوە، بــە واتا پلانی چۆنیەتی فێربوونی منداڵ و پەرەدان بەوەی کە لە خێزانەوە لەگەڵ خۆی هێنــاویەتی و پەیوەســتکردنی بــە کۆمەڵەوە بەواتا پڕۆگرامی خوێندن ســوڕی گەشــەپێدانی منــداڵ پڕاوپڕدەکــات، لەمــەوە منــداڵ کرۆکــی فێربــوون پێکدەهێنێت. وەك لەم هێلکارییەدا خراوەتەڕوو[330].




هێلکاری (٣٢) سوڕی گەشەپێدانی منداڵ

## ٢/٣) پڕۆگرامی خوێندن و پەروەردە

پەروەردەو پێکهاتەکانی پڕۆگرامی خوێنــدن پڕۆســەیەکی پێکەوەبەســتراون، کرۆکــی ئــەم پڕۆســەیەش دیــاریکردنی ناوەڕۆکی پڕۆگرامی خوێندن پێکدەهێنێت، کە لەسەر بناغــەی کۆزانیــاری دامــەزراوەو بنیاتــدەنرێت، کاریگــەری و کارتێکراوی نێوان پڕۆگرامــی خوێنــدن و کۆمــەڵگا کاریگەرییــەکی/کارتێکــەرێکی ئاڵۆگۆڕکارانەیــەو بەردەوامــەو لەمەشەوە بایەخ و گرنگی بنەمای کۆمەلآیەتی لە داڕشتن و دانانی پڕۆگرامی خوێندندا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی ئەم بنەمایە بەهێزترین بنەڕەتی کاریگەرە لەسەر دیاریکردنی ڕوکارە کۆمەلآیەتییەکان.

---

[328] www.manqol.com/topic/print

[329] سند تكويني (٢٠٠٤: ١٣٣)

[330] Ministry of education (٢٠١٣:٦)

پڕۆگرامی خوێندن هەموو ئەو ئەزموونانەیە، کە قوتابی لە قوتابخانەدا وەریدەگرێت، ((هەموو پڕۆگرامێکی فێرکردن دەبێت پڕاوپڕو تەواوبێت لە ڕوی دروستەو ناواخنەوەو لە ڕوی پێکهاتن و دیزاینیشەوە فێرکاری و پەروەردەیی بێت.[٣٣١]))، پڕۆگرامی خوێندن، پڕۆسەیەکە چەند پرسیارێك لەخۆدەگرێت، پرسیاری بنچینەیین بۆ دانانی پڕۆگرام بە مەبەستی هەوڵدان بۆ پەیڕەوکردنی، کە لەم پرسیارانەدا خۆیدەبینێتەوە[٣٣٢]:

١. مەبەستی پەروەردەیی چییە؟ کە دەبێت قوتابخانە هەوڵی پێگەیشتنی بدات.
٢. ئەزمونی پەروەردەیی چییە؟ دەکرێت بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە ئامادەبکرێت.
٣. چۆن دەتوانرێت ئەزمونی پەروەردەیی کاریگەر ڕێکبخرێت؟
٤. ئامانجی پڕۆگرامی خوێندن چییە؟
٥. بابەتی پڕۆگرامی خوێندن چییە؟
٦. چۆن شارەزایی و لێهاتویی فێربوون هەڵدەبژێردرێت و ڕێکدەخرێت؟
٧. چ سەرچاوەو بنەمایەك بۆ پڕۆگرامی خوێندن بەکاردەهێنرێت ؟
٨. چۆن چالاکی فێربوون دەنەخشێنرێت ؟
٩. چۆن پڕۆگرامی خوێندن هەڵدەسەنگێنرێت؟

ئەم پرسیارانە بایەخ بە ئاڕاستەو گرنگی ئاستی فێربوون و فێرکردن دەدەن، بەم جۆرە پڕۆسەکە شوێنی فێربوون و فێرکردن لەنێو پەرەسەندنی پڕۆگرامی خوێندندا ڕوندەکەنەوە. پێویستە لە پڕۆگرامدا مەبەست و ئامانجی پەروەردە دیاریبکرێت و دەزگا پەروەردەییەکان هەوڵی هێنانەدی بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە پڕۆگرامدا ئەزمونی پەروەردەیی و ئەو کۆزانیاری و زانستانەی کە پێشتر لە پڕۆگرامدا هەبون، لەبەرچاو بگیرێن، ئەم لێکدانەوەیەش ببێتە داڕشتەو بناغەیەك بۆ پڕۆگرامی نوێ تا کەموکورتی و کێشە پەروەردەییەکان لە دانانی پڕۆگرامی نوێدا دووبارەنەکرێنەوە... ئەمانە هەموو ئەو پرسانەن، کە پێویستە کارەکییانە چارەسەریان بکرێن. پێویستە لە دانانی پڕۆگرامدا بە چوار قۆناغی سەرەکی (( ١- قۆناغی بنیادنان ٢- قۆناغی جێبەجێکردن ٣- قۆناغی هەڵسەنگاندن ٤- قۆناغی پەرەپێدانن.[٣٣٣]))دا تێپەڕبێت.

گرنگترین پرسی زانستی زمانی پەروەردەیی ئەوەیە، کە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری بابەتی پڕۆگرامی خوێندن بکرێت و پڕۆسەی هەڵسەنگاندن و دیاریکردن و نرخاندنی ئامانج و مەبەست بۆ قوتابییان دەستنیشانبکرێت، وەلامدەرەوەی پێداویستی کۆمەڵ بێت و بڕیارە پێشنیازکراوەکان بۆ پەرەپێدانی تاك و کۆمەڵ و وڵات و پەرەپێدانی مرۆیی لەخۆبگرێت، بە واتا سەرچاوەی مرۆیی پەرەپێبدرێت.

## ١-٢/٣) ئەرکی پڕۆگرامی خوێندن

ئەرك لە پڕۆگرامی خوێندندا بەشێوەیەکی زانستییانە ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی تواناو لێهاتویی قوتابییە، کرۆکی پڕۆسەی پەروەردەش قوتابییە، کە ئامانج لە گەشەکردن و پەروەردەکردنیەتی لە ڕێگای پێدان و فێربوون و گۆڕان و

---

[٣٣١] نصرالدین ادریس جوهر

[٣٣٢] ١- Jeritt. Mus.edu/document ٢- A. Syomwene, K. Kitainge, M. Mwaka(٢٠١٣:١٧٣)

[٣٣٣] عەبدولڕەحمان حەمەچاوش مەحمود ( ٢٠١٣: ١٠٧)

ڕاستکردنەوەی ڕەفتار، زانایانی دەروونزانی دەڵێن ڕەفتار بەرئەنجامی دوو هۆکارە[٣٣٤]: خێزان و ژینگە، کە خێزان کارلێك لەگەڵ ژینگەدا دەکات، پرۆسەی پەروەردەش یارمەتی وەرگرتنی لێهاتوویی و کۆزانیاری و کلتوورو ڕەفتار دەدات، کە لەگەڵ هەر قۆناغێکدا بگونجێت. بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەی کە داواکراوە.

ئەرکی پرۆگرامی خوێندن ئامانجی پرۆگرامی خوێندنە، کە بریتییە لە پەرەسەندنی شارەزایی و لێهاتوویی قوتابی بۆ بەرەوپێشبردنی کۆزانیاری و بەشداریکردنی لەناو کۆمەڵگەدا، پرۆگرامی خوێندن ئەرکی پەروەردەکردنی مۆدێلێك لە نەوەیە بۆ کۆمەڵ، کە چۆنێتی ئەم پەروەردەکردنەش* بنەمای سەرەکییە بۆ پەروەردەکردنی تاك و خزمەتکردنی نەتەوەو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەو داهێنان و گۆڕانکاری و چارەسەری کێشەو .... تاد، هەر لەبەرئەمەشە کە ئەرکی پرۆگرامی خوێندن زۆر قورس و گران و ئاڵۆزەو پێویستی بە وردبینی و شارەزایی و تێڕوانینی ورد هەیە، بۆئەوەی پرۆگرامێك دابڕێژرێت، کە هەموو ئامانجە پەروەردەییەکان بێنێتەدی، هۆکارێك بێت بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی دروست و بەبەرهەم و پێشکەوتنخواز بۆ نەتەوەو کۆمەڵگە، دەبێت فێربوون بکرێتە بنچینە، قوتابی فێری ناوەرۆك و بیرکردنەوەو کلتورو خۆڕاهێنان و پشتبەخۆبەستن و ڕادەربڕین و متمانەو پراکتیکی بەشداریکردنی گروپ لەگەڵ تاك و پشتگیری و بەرەوپێشبردنی گیانی نەتەوایەتی و هەڵبژاردنی لێهاتوویی و کۆزانیارییەکانی لە دروستکردنی بڕیارو دروستکردنی ڕێزی یەکترو دەوروبەرو پەرەسەندنی پیشەیی و لێهاتوویی کەسی و فێربوونی چالاکی و کارامەیی فێرکردن وەك بەشێك لە چالاکی و زیادکردنی تێگەیشتن و .....تاد بکرێت، دەرفەتی پێبدرێت کە بەوردی سەرنج لە بیرۆکە بدات، واتە لەگەڵ زیرەکی ئاوەزیدا زیرەکی سۆزداریی و بیری ڕەخنەگرانە فێری قوتابی بکرێت، بەجۆرە گۆڕانی پێویست لە فێرکردن، چالاکی فێربوون، بابەتی خوێندندا دەکرێت، کە ئەمانە ئەرکی گرنگی پرۆگرامی خوێندنن، کە پێویستە بایەخی پێبدریت و لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا ڕەچاوبکرێت.

ئەرکی پرۆگرامی خوێندن بە ئامانجی پەرەپێدانی لایەنی ژیری و باوەڕو ڕەوشتی و جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی قوتابییە، لاوازی لە هەر لایەنێك دەبێتەهۆی کەموکورتی لە گەشەکردنی منداڵدا، کێشە لە کەسایەتی تاکدا دروستدەکات، بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە، کە لایەنێك گرنگی پێبدرێت و لایەنەکانی تر پشتگوێبخرێت.

## ٣/٢-٢) جۆرەکانی پرۆگرامی خوێندن

قوتابخانە، وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بەرپرسیارێتی پەروەردەیی قوتابی وەك ئەرکێك هەڵدەگرێت، بۆ بەرجەستەکردنی ئەمەش ئەرکی بنەڕەتی جێبەجێکردنی پرۆگرامە، کە شارەزایی گونجاو لە ناوەوەو دەرەوەی قوتابخانە بۆ قوتابی ئامادەدەکات، هەمو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ( قوتابخانە) ئەم پرۆگرامانەی هەیە[٣٣٥]: ١- پرۆگرامی ڕەسمی و پلانبۆدانراو و دانپێدانراو ٢- پرۆگرامی نارەسمی و بێپلان یان شاراوە.

---

[٣٣٤] غازی مفلح (٢٠١٣)

* (٢٠١١)Marzano و هاوکارەکانی نۆ جۆری ستراتیژیان دیاریکرد، کە کاریگەری بەهێزی لەسەر قوتابی هەیە،گرنگە لە پرۆسەی پەروەردەدا بایەخی پێبدرێت، کە بریتین لە:

١- دیاریکردنی لێکچون و جیاوازی. ٢- کورتکردنەوەو تێبینی نووسین. ٣- بەهێزکردنی هەوڵ و ناسینەوە ئامادەدەکات. ٤- ئەرکی ماڵەوەو پراکتیککردن. ٥- تێروانینی زمانەوانی. ٦- فێربوونی هاوکاری. ٧- بابەت دانان و تێبینی ئامادەکردن. ٨- دروستکردنی گریمانەی تاقیکردنەوە. ٩- پرسیار، نیشانە، ڕێکخستنی پێشتر.www.saqapub.com/upm- data

[٣٣٥] عبدالعزیز بن صلاح التمیمی ( ١٦)

( پرۆگرامی ڕەسمی پرۆگرامێکی ڕێکخراوو پلان بۆ دارێژراوە لەلایەن وەزارەتەوە دانراوە بۆ پەروەردەکردن و فێربوون و فێرکردنی قوتابی بە سەرپەرشتی مامۆستاو ئاراستەکردنی قوتابخانە. پرۆگرامی نارەسمی پرۆگرامێکی تەریب یان نەنوسراو یان نافەرمییە، کە سەرجەم شارەزاییە کۆزانیارییەکان دەگرێتەوە، کە قوتابی پێیهەڵدەستێت، لە دەرەوەی پرۆگرامی فەرمیدا بە بێ سەرپەرشتی مامۆستا، هۆکاری کارلێککردنی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیە لەگەڵ مامۆستاو بەرێوەبەرو هاورێ، بەهۆی چالاکی قوتابخانە، یاری وەرزشی، پێشبرکێی پەروەردەیی، ... قوتابی لە یەکتری وەریدەگرن[٣٣٦].)، ئەم دوو جۆرەی پرۆگرام تەواوکارو پەیوەستن بەیەکەوە و نەبوونی یەکێکیان ئەویتریان کەمبەها دەکات و ناتوانێت بە کارەکی ئەرکەکەی بەرجەستەبکات.

## ٣/٣) پێکهاتەی پرۆگرامی خوێندن

پرۆگرام پەیوەندی بە چوار پێکهاتەی سەرەکییەوە هەیە، کە پەیوەندی ئەندامییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، هەروەك zaes چوار پێکهاتەی دیاریکردووە[٣٣٧]: ١- ئامانجی پەروەردە ٢- ناوەڕۆکی پرۆگرام ٣- هەڵسەنگاندن. ٤- فێرکردن .




هێلکاری (٣٣) پێکهاتەی پرۆگرامی خوێندن

ئەم پێکهاتانە ئاماژە بە پێکهاتەی دواتری فێربوون دەدەن، کە ( پەروەردە)یە، کە هەندێك پێکهاتە بەشێوەیەکی سەرەکی لە پرۆگرامدا دەبینرێت، مامۆستا بەشێوەیەکی ئاسایی لە چالاکی پەروەردەیی فێربووندا پێیهەڵدەستێت.

## ٣/٣-١) ئامانجی پرۆگرامی خوێندن

ئامانج ئەو بەرهەمەیە کە چالاکی مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات، بە واتا ئامانج ئەو ئەنجامەیە، کە مرۆڤ ئارەزوودەکات دوای کردنی کارێك پێیبگات، یان ئەو نیازو سوربون و پێداگرییەی کە دەبێتە خولیایەك لە ئەندێشەی مرۆڤدا بۆ

---

[٣٣٦] عبدالعزیز بن صلاح التمیمی (١٧)

[٣٣٧] هەمان سەرچاوە ( ٥٢)

گەیشتن بە ئامانجێك، (دیاریکردنی ئامانج لە بواری کۆزانیاریدا یارمەتی هەڵبژاردنی نـاوەڕۆك دەدات و بـەهێزترین ئاستی کۆزانیاری فێربوون دەهێنێتەدی، ئەم دیاریکردنەش یارمەتی ڕونکردنەوەی زانستی هەڵسەنگاندن دەدات[٣٣٨]).
پڕۆگرامی خوێندن هۆی فێربوونە، ئامرازێکە بۆ هێنانەدی ئامانجی دیاریکراو، ئامانجی پڕۆگرام ئەو دەرئەنجامەیە، کە سیستەمی پەروەردەیی مەبەستییەتی لـەنێو پڕۆگرامـی خوێندنـدا بەدەسـتیبهێنێت، بەشـێوەیەکی گـشتی پـلان و نووسینی پڕۆگرامی خوێندن گەیاندنە، کەواتە بواری بنچینەیی پڕۆگرامی خوێندن ئامانجە، کـە ئەمـەش تـەنها بـە دانانی پڕۆگرامی خوێندن ناگاتە ئاکام، بەڵکو پڕۆسەکە پێویستی بە جێبەجێکردن هەیە، کە ئایا تا چەند تـوانراوە، ئامانجی پڕۆگرام بهێنرێتەدی، ئەمەش لە چەند ڕێگەیەکەوە دەکرێت ئەم ئامانجە بەدیبێت، لەوانە کارکردنی مامۆستا بۆ گەیاندنی ئەو ئامانجانەی کە دیاریکراوە، یارمەتیدانی قوتابی بۆ فێربوون و فێرکردن لەلایەك، لەلایەکی تر تێڕوانین و تواناو هەوڵی قوتـابی لـە پێنـاو وەرگرتنـی ئـەو ئـەزمون و کۆزانیارییانـەی کـە لـەناو پڕۆگرامەکـەدا دانـراوەو پەیڕەوکردنیان، کە پڕۆسەی فێربوون و فێرکردن پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگە لە پلانی پڕۆگرامی خوێندندا. جگـە لەمانە چەندین هۆکاری تر کاریگەرییان لەسەر هێنانەدی ئامانجی پڕۆگرامی خوێندن هەیە، بۆ نموونە: (( تایبەتمەندی قوتابی، کارپێکردن و بەشداریپێکردنی قوتابی، سروشتی ژینگە، خێزان، سروشت و تایبەتمەندی کۆمەڵگە، پێویستی و گیروگرفتی کۆمەلایەتی و ئابوری، کلتورو پەرەسەندنی زانستی و پەروەردەو تەکنەلۆجیا، پەرەسـەندنی کۆزانیـاری زانستی و پەروەردە، ئاین، ڕاگەیاندنەکان،....[٣٣٩])).
بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی پڕۆگرام دەبێت گەشە بە پڕۆگرامی خوێندن بـدرێت، بـە هێنانـە نـاوەوەی بابـەتی بـەها، ڕەوشت، پەروەردەی نیشتیمانی، کتێبخانەو بەدواداگەڕان، چـالاکی، وردبونـەوە لـە پڕۆگرامـی ئێـستاو نـاوەڕۆك و میتۆدی فێرکردن و هۆکاری فێرکردن، بەستنەوەی پڕۆگرام بە ژیانی قوتابی و ژینگەو کۆمەڵگاکەی. ئامانجی گشتی پەروەردە* بریتین لە: ئامانجی (( مرۆیی، ئایینی، نیشتیمانی، نەتەوەیی، دیموکراتی، زانستی، کار، هێزو بنیاتنـان، ڕەسەنایەتی و نوێبونەوە، مرۆڤایەتی، پەروەردەیی.[٣٤٠])).
ئامانجی پڕۆگرامی خوێندن گشتییە، کە لە ( دەرئەنجامی مەودای درێژخایانی سیستەمی قوتابخانەوەیە، کە لـەپاش (١٢) ساڵ فێرکردنی سیستەم، دەکرێت قوتابی ئەم ئامانجە لەنێو پڕۆگرامی خوێندندا بەدەستبهێنێت[٣٤١].)، کە بریتین لە چەندین ئامانجی گرنگ، بۆ نموونە: لێهاتوی بیرکردنەوە، ستراتیژی چارەسەری کێشە، گرنگیدان بە ئاین و بیروباوەڕ، چەسپاندنی بیری قوتابی بە چەمکی نەتەوایەتی ( ماف و ئەرك و بەرپرسیارێتی)، قوتابی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی زانستی و ڕەخنەگرتن و وەرگرتنی بڕیار ڕابهێنرێت، گەشەپێدانی سامانی مرۆڤایەتی و دروستکردنی توانای خودی لە بواری زانست و تەکنەلۆجیا، هاندانی قوتابی لە بەشداریکردنی ئازادی ڕادەربڕین، ڕاهێنـانی قوتـابی لەسـەر کـاری

[٣٣٨] بڕوانە، فواد محمد موسی (٢٠٠٢: ٢٥٨)
[٣٣٩] عبدالسلام مصطفی عبدالسلام (٢٠٠٦: ٢٨٨)
* بەشەکانی پەروەردەیی لەسەر بنەمای ئامانجە پەروەردەییەکان، بریتین لـە: ١- شـارەزایی هۆشـی( عـەقلی)، وەك شـارەزایی وەسـفی شـتەکان، شارەزایی زمان وەك خوێندنەوە و داڕشتنی ڕستە و گفتوگۆ ٢- ستراتیژی کۆزانیـاری، وەك بیرکەوتنـەوەی شـارەزایی پـەروەردەیی و فێرکـاری ٣- زانیاری گوتراو، وەك زانینی ناوە جیاوازەکان ٤- لێهاتویی جوڵەیی، کە پەیوەندی بە ئامرازو ئامێری جیاوازەوە هەیە ٥- ئاڕاستە بـەرەو شـتەکان یان کەسەکان یان بابەتی دیاریکراو، کە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی دەبێت. عبدالعزیز بن صلاح التمیمی (٧٣)
[٣٤٠] عەبدوڕەحمان حەمەچاوش مەحمود ( ٢٠١٣: ٩٣-٩٤)
[٣٤١] بڕوانە www.saqapub.com/upm- data

بەکۆمەڵ و پلاندانان، داهێنان و بەدواداگەران و بەرهەمهێنان، توانای خوێندنەوەو نووسین، کاریگەری لێهاتوی پەیوەندی زارەکی و نووسین و تەکنەلۆژی، بەرزنرخاندن و ڕێزگرتن و دروستزانی دابونەریت و تێگەیشتنی کەلتوری جیاوازو نەتەوە، کرداری زاڵبون بەسەر بارودۆخی گۆڕاو لە ژیاندا.

ئامانجی پەروەردە بەشێوەیەکی سەرەکی درککردن و ناسینەوەی پشتگیریکردنی بەهای تەواوی ئەزمونی فێربوون و فێرکردنە لە پۆلدا، بەکارخستنی بەهاکان، میتۆدی ڕێککاری کۆزانیاری، هەڵبژاردنی مادەی فێرکردن، ستراتیژی فێرکردن، نرخاندنی ڕێبازەکان و ئەرکەکان، بەڕێوەبردنی پۆل، هاندانی مامۆستا بۆ هۆشیاری و ئاشکرایی دەربارەی بەهای هەڵسوڕاوی ناو پۆل.

سەرچاوەی وەرگرتنی ئامانج، بریتیین لە[٣٤٢]: ١-تایبەتمەندی قوتابی ٢- سروشتی ژیانی هاوچەرخ لە دەرەوەی قوتابخانە، خوێندنی ژیانی هاوچەرخی تاك و کۆمەڵگە، بایەخی گرنگی لای بیرمەندان هەیە لە دیاریکردن و شیکردنەوەی ئامانجی پەروەردەیی، لەلایەن شیکردنەوەی ڕەفتاری تاك و کۆمەڵ. ٣- پێشنیازی پسپۆران لە بابەتی پەروەردە/خوێندن. ٤- فەلسەفەی کۆمەڵگەو پێویستییەکان. ٥- دەرونزانی فێربوون.

پڕۆگرامی نوێ دەبێت ڕەچاوی جیاوازی تاك لەناو قوتابییاندا بکات، بە ئامانجی فێربوونی قوتابی بەپێی ئاستەکان لە هەڵبژاردنی گشتگیرو چالاکی و شارەزایی و ئامادەکردنی بابەتی زانستی بۆ پڕۆگرام، کە گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندی بیری و هۆشی و جەستەیی و توانای قوتابیدا، تا لە ڕوبەڕوبونەوەی گۆڕانکارییەکاندا سەرکەوتو بێت.

## ٢-٣/٣) ناوەڕۆکی پڕۆگرامی خوێندن

(( ناوەڕۆك کەرەستەی فێربوونە، کە زانیاری و پێناسەو لێهاتویی دەگرێتەوە، بە مەبەستی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی دیاریکراوو لێکۆڵینەوە بۆ گەشەی گشتی قوتابی و گۆڕانی ڕەفتاریان.[٣٤٣]))، ناوەڕۆك دەبێت بەشێوەیەك هەڵبژێردرێت، کە ئامانج بهێنێتەدی, ئەمەش پەیوەست بێت بە سروشتی ژیانی قوتابی و کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تیایادەژی، ڕەچاوی جیاوازی (ئایین، ڕەوشت، ڕەگەز، هۆش، دەرون، کۆمەڵایەتی، ئارەزوو، پێویستی، توانا)ی قوتابی لەناو قوتابییاندا بکات و هاوسەنگی نێوانیان بهێنرێتەدی، کە یارمەتی قوتابی دەدات بۆ فێربوون بە بێ زۆرلێکردن، تا زانیارییەکان وەربگرێت و بیرۆکەی ڕێکبخات، هەندێك لایەنی تریش بە ڕێکخستن و پیشاندانی ناوەڕۆك پەیوەندیداردەبن، لەوانە[٣٤٤]: ناونیشان، ئامانج، نەخشەی کۆزانیاری، واتا، تاقیکردنەوە، بۆیە پێویستە ناوەڕۆك لە ئاشکراوە بۆ شاراوە لە ئاسانەوە بۆ گران لە ڕاستەوخۆوە بۆ ناڕاستەوخۆ بێت.

پەروەردەکردن بەرپرسیارێتییەکی گەورەو گرنگ و هەستیارە، کە جۆری دروستکردنی خێزانی دروست بە هەموو تایبەتمەندیەکانییەوە لەخۆدەگرێت، کە بەشێکە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی نمونەیی ڕاستەقینە، بۆیە پێویستە ناوەڕۆکی پڕۆگرامی خوێندن پەروەردەیەکی گشتگیربێت لە هەموو لایەنەکانەوە، وەك لایەنەکانی[٣٤٥]: ١- پەروەردەی

---

[٣٤٢] عبدالعزیز بن صلاح التمیمی (٦٢-٦٣)

[٣٤٣] احمد حسن البدوور ( ١٤٣٢-١٤٣٣هجری)

[٣٤٤] فواد محمد موسی (٢٠٠٢: ٢٨٩ - ٢٩١)

[٣٤٥] هەمان سەرچاوە (٢٠٠٢: ١٤٣- ١٥٦)

ئایینی ٢- پەروەردەی ڕەوشتی ٣- پەروەردەی جەستەیی ٤- پەروەردەی هۆشی ٥- پەروەردەی دەرونی ٦- پەروەردەی ڕەگەزی ٧- پەروەردەی کۆمەڵایەتی.

بەگشتی ناوەڕۆك توانایە بۆ فێربوون، زانایانی پەروەردە لە هەوڵدان بۆ دانانی پێوەری زانستی هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی پرۆگرام، کە نابێت بە هەڕەمەکی و بەبێ ڕێکخستن بێت، پوختەی ئەم پێوەرانە بریتیین لە[٣٤٦]:

١- پەیوەندی ناوەڕۆك بە ئامانجەوە: بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجی گشتی بۆ پەروەردە، پێویستە ناوەڕۆکی بابەت ڕەچاوی ئامانجەکان بکات، لێرەوە پەیوەندی ناوەڕۆك بە ئامانجەوە گرنگترین پێوەرە، کە کۆنترۆڵی مەودای دروستی ناوەڕۆکی خوێندن دەکات، ئامانج پەیوەندی بەهێزی بە هەمو لایەنەکانی کۆزانیاری و ویژدانی و لێهاتوییەوە هەیە.

٢- ڕاستگۆیی ناوەڕۆك: ڕاستگۆیی ناوەڕۆك پەیوەندی بە زانیاری وردوو سەرچاوەی گواستنەوەوە هەیە، کە چاودێری کۆزانیاری زانستی ژیانی هاوچەرخ و مەودای پێویستی بۆ بابەتی خوێندن، کە پەیوەندی بە ئامانجی پرۆگرامەوە هەبێت.

٣- تازەگەری ناوەڕۆك: دوایین گۆڕانکاری لە هەمو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و پزیشکی و بواری خۆراك و ... دەسەپێنێت، ئەنجام پێشکەشکردنی زانستی سەرسوڕهێنەرو هۆی پەیوەندی نوێ، کە جیهان وەك گوندێکی بچوك دەربخات، تا قوتابی لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێدا بسازێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی قوتابی بە واقیعی کۆمەڵگەکەی و گیرگرفتەکانی، ئەندامێتی قوتابی بۆ کۆمەڵگای گەورە دەهێنێتەدی.

چالاکی فێربوون لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆك و دانانیدا گرنگە، کە پەیوەستە بە ڕەچاوکردنی ئارەزوو پێویستی قوتابییەوە، چالاکی فێربوون دەبێت لە بواری کۆزانیاریدا هەمەڕەنگ ( لە ڕوی بەرجەستەکردنی چالاکی زارەکی و کارەکی و شیکردنەوەو جوڵەیی و وروژاندنی بیرو هەستجولاندن بۆ بیرکردنەوە ...) بێت، بۆ کارکردن لەسەر هێنانەدی ئامانج، چالاکییەکان گرنگە بە گوێرەی قۆناغەکانی خوێندن بگۆڕێت، تا لەگەڵ ئاستی گەشەکردن و بیرکردنەوەو هزرو توانای قوتابیدا بگونجێت.

یەکەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەگشتی بریتین لە[٣٤٧]:

١- ناونیشان ٢- وێنەو هێڵکاریو نەخشە ٣- چیرۆك ٤- وشە، ڕستە، دەق ٥- بیر

## ٣/٣-٢-١) ناونیشان

ناونیشان خاڵی سەرنجڕاکێشی خوێنەرە، (( ناونیشان ڕێنموییو ڕێبەرێتی خوێنەر بۆ بەرهەمەکە دەکات، واتە ئەو دەبێتە کلیلو ڕێنموکارو کۆکراوەو پوختەی ناواخنی هەر پرۆگرامێکوسەرتاپای هەر پرۆگرامێك ڕونکەرەوەو درێژەپێدەری ئەو بیرەیە، کەلە ناونیشاندا هەیە.[٣٤٨]))، بۆیە ناونیشان هۆکارێکە بۆ هاندان و وروژاندنی خوێنەر، تا هەوڵی خوێندنەوەی ناوەڕۆکەکەی بدات، لەبەر ئەم هۆکارەیە ناونیشان چ بە گشتی چ ناونیشانی بەرگی کتێبی قۆناغەکانی خوێندن بێت یان ناونیشانی بابەتەکان گرنگەو بە یەکەم سەرنج و تێڕوانینی قوتابی دادەنرێت، گرنگییەکەی لە ئاستی کۆمەڵایەتی و دەرونی و ... دەردەکەوێت، سەرەتای سەرنجی قوتابی بۆ بەرگی کتێبەکە بە

---

[٣٤٦] عبدالعزیز بن صلاح التمیمی (٧٧-٧٨)

[٣٤٧] بروانە شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥: ٢١ )

[٣٤٨] هەمان سەرچاوە (٢٠١٥: ٢٢)

هۆکاری متمانەو باوەڕ دروستکردن و دڵنیبایی بە قوتابی دەدات، ئەمەش بە دانانی ناونیشانێك کە لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی و .... قوتابی لەخۆبگرێت، بەڵام ئەوەی لە ناونیشانی پرۆگرامی خوێندندا دەبینرێت، ناڕێکی و ناونیشانی جیاوازە لە بەرگی کتێبی هەر قۆناغێکدا( (ئەلفبێ، خوێندنەوەی کوردی)،خوێندنەوەی کوردی، خوێندنەوەی کوردی، ڕێزمانو خوێندنەوەی کوردی، زمانو ئەدەبی کوردی..)، گرنگە ڕەچاوی بنەماو هەست و سۆزی منداڵ بکرێت، چونکە لە ڕوی دەرونییەوە پێویستە ئەو وشەو دەستەواژانەی کە بەکاردەهێنرێت لەگەڵ ناخ و دەرون و بیرکردنەوەو ژینگەی منداڵدا بگونجێت و کار بۆ ئەوە بکرێت، کە منداڵ لە هەستی دوورکەوتنەوەی خێزانەکەی دووربکەوێتەوەو فشاری دەرونی کە لەو دوورکەوتنەوەیە دەکەوێتەوە نەهێڵدرێت یان کەمبکرێتەوە.
خاڵێکی تری گێروگرفتی بەرگی قۆناغەکانی خوێندن نووسینی ئارمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەیە، کە ئەمە پێویست نییە لە بەرگی کتێبی خوێندندا هەبێت، جۆرێك لە سەپاندن و زۆرلێکردن و دەسەڵاتداری پیشانی قوتابییان دەدات، لەکاتێکدا پێویستە قوتابی فێری ئازادی وسەربەخۆیی لە فێربوون و فێرکردندا بکرێت و بە خۆشەویستی و ئارەزووەوە بەرەو پیری خوێندن بچێت و پەیڕەوی بنەماو یاساکان بکات.
لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندن دەبێت دووبارەکردنەوەی ناونیشان و وێنەی بەرگی کتێبەکە بێت، چونکە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەوە درککردنی قوتابی بۆ وێنەو ناوی کتێبەکە زیاتردەبێت و زوتر بەبیردێتەوە، کە یەکێك لە ڕێگاکانی خەزنکردنی بیر دووبارەکردنەوەیە، وێنەو هێڵکاری گرنگترین هۆکارن بۆ نەخشاندنی وێنەی ئاوەزی و تەواوکردنی بیرەکان و چەسپاندنی نووسین و واتاو بیری وشەکان لە ئاوەزی منداڵدا، بەمەش وێنەو وشە تەواوکەری یەکترنو نابێت لەیەکیان دابڕێنین، چونکە گرنگە وێنەی ئاوەزی بۆ منداڵ دروستبکەین. لە کتێبەکانی پڕۆگرامی خوێندندا ناونیشانی بەرگی کتێبەکە دوبارەکراوەتەوە، بەڵام وێنەکەی دووبارەنەکراوەتەوە.
لە ناواخنی کتێبەکەشدا پێویستە ناونیشان ئاشکراو ڕون بێت و واتاو مەبەستی بابەتەکە بخاتە ڕوو، کە هەندێك بابەت ناونیشانەکانی درککردن و وروژاندنی هەستی منداڵ کەم ڕەچاوکراوە، بۆ نموونە لە پڕۆگرامی قۆناغی سێیەم لاپەڕە (٤٥) ناونیشانەکە نوسراوە (زستانی کوردستان) ، ناوەڕۆکەکەی باس لە هەر چوار وەرزەکە دەکات، کە دەبوو بنوسرێت ( وەرزی کوردستان یان وەرزەکانی ساڵ)، یان تەنیا باس لە وەرزی زستان بکرێت*.

## ٣/٣-٢-٢) وێنە**

زۆربەی کات مرۆڤ شت/دەوروبەر دەکات بە وێنەو بەشێوەی وێنە تۆماریدەکات، کە وێنە نواندنی بیرە یان نیگارکێشی بیرەو جولاندنی هزری تاکە، (( وێنە باشترین هۆکارن بۆ نەخشاندنی وێنەی ئاوەزیو پڕاوپڕکردنی ئەو بیرانەی بە نوسین دیاریکراون.[٣٤٩] ))، وێنەکان نەخشاندنی بیرەکانن و بە ئامادەکراوی پێشکەش بە قوتابییان دەکرێن و لەڕێگەی وێنەوە هەستی تاك/منداڵ دەجولێنرێت و هانیدەدات بۆ بیرکردنەوەو وەرگرتنی کۆزانیاری دەربارەی ئەوەی بینیویەتی ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هۆکارە بۆ درککردن و زوو فێربوون و خەزنبونی لە یادگەدا، لێرەشەوە دەبێتە هۆی وەبیرهێنانەوەی بابەتەکە لەکاتی پێویستدا.

---

* بڕوانە پاشکۆی (ج)

** مەبەست لە باسکردنی وێنە لەم نامەیەدا ئەوەیە کە وێنە تەواوکەری واتای وشەیە.

[٣٤٩] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥: ٢٣)

وێنە پڕاوپڕکردن و وێناکردنی ئەو بیرانەیە، کە کەرەستە زمانییەکان دەیانگەیەنن، لە قۆناغی سەرەتاییدا وێنە گرنگییەکی زۆری هەیە و ڕێگایەکە بۆ فێربوون و تێگەیشتن، بە تایبەتیتر بۆ ئەو قوتابییانەی کە توانای بینین و زیرەکی بینراویان هەیەو زیاتر لە ڕێگەی هەستی بینینەوە درککردنیان بۆ بابەتەکە فراواندەبێت، لە پڕۆگرامی خوێندندا زۆر بایەخ بە وێنە نەدراوە، سەرەڕای بونی لاپەڕە بە سپێتی لەناو پڕۆگرامەکەدا، ئەو وێنانەش کە بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکانن، زۆر بچوکن یان تێکەڵن یان بە بابەتەکەوە پەیوەست نین، بۆ نموونە، ئەگەر سەیری وێنەی کتێبەکانی پڕۆگرامی خوێندن بکەین، هەر لە بەرگی کتێبەکەوە هەڵەو کەموکورتی دەبینرێت، ئەمەش لە جۆراوجۆری وێنەی سەر بەرگی کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندنەوە دەستپێدەکات، کە هەر قۆناغەو وێنەیەکی بۆ دانراوە، هەروەك ناونیشانی بەرگی کتێبەکان جۆرێك لەخۆوەیی و بێبنەمایی و نارێکخراوی و بێپلانی لە وێنەکەدا دەبینرێت، ئەمە لەڕوی دەرونییەوە کاریگەری بۆ منداڵ هەیە،کە پێویستە وێنەی بەرگی هەموو قۆناغەکان وەك یەك بن، بۆ نموونە لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤) وێنەی سمۆرەیەکە، پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣) و پڕۆگرامی قۆناغی دووەم وێنەی دوو قوتابین،، لە قۆناغی سێیەمدا دەبێتە وێنەی بەرخو چۆلەکەیەك[*].
بە کورتی هەڵسەنگاندنی وێنە بەکارهاتووەکان لە قۆناغی بنەڕەتیدا بەمشێوەیە[**]:

١. وێنەکان هەڕەمەکییانەو بێ بنەما نەخشێنراون و بزواوی نەپچڕاوی بیریان بەرجەستەنەکردووە[***].

لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣) لە لاپەڕە (٣-٢٨) چەند وێنەیەك کراوە، لە لاپەڕە (٣-٩) وێنەی ئامادەکردنی منداڵ بۆ قوتابخانەو پیشاندانیەتی، بەڵام دواتر لە (١٠-١٧)چەند وێنەیەکی جۆراوجۆرن ( کەلوپەل و گیاندارو باڵندەیە،..)، پاشان دوبارە لە لاپەڕە (١٨) گەڕاوەتەوە بۆ پیشاندمی وێنەی قوتابییەك کە دەچێت بۆ قوتابخانە، دوبارە لە لاپەڕە (١٩-٢٥) چەند وێنەیەکی تر دانراوە، پاشان لە لاپەڕە ( ٢٦-٢٨) چۆنیەتی بەکارهێنانی پێنوس پیشانی قوتابی دەدرێت.

٢. دەبێت وێنەکان تەواوکاری بیری کەرەستە زمانییەکان/نووسینەکان بن[****].

ا- لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی هەموو ئەو بابەتانەی کە بۆ فێرکردنی پیتەکان هەیە، پێویست بوو وێنەی پیتەکە لەگەڵ وێنەی ئەو وشەیەی کە بۆ شیکردنەوەو ناساندنی پیتەکەیە بە گەورەی دابنرایە، نەك تەنیا وێنەی وشەکە، چونکە پێکەوە بەستنی وێنەی پیت و وشەکە پێکەوە لە ڕوی زانستی زمانی دەرونییەوە هۆکارن بۆ وەرگرتنی پیتەکە لای منداڵ. لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣) فێربوونی پیتەکانە لای منداڵ، بە پێی بنەمای دەرونی بۆ ئەوەی ئەو پیتە لای منداڵ بچەسپێت و خەزنببێت لە ئاوەزیدا پێویستە پیتەکە بە نووسین و بە وێنەو ڕەنگکراوی پیشانی منداڵ بدرێت، ئەو وشەیەش کە بوەتە بنەمای دەرخستنی پیتەکە ڕون و ئاشکرابێت و سەرنجی منداڵ بۆ وێنەکە ڕابکێشێت، بەڵام ئەمە بەگشتی بەرجەستەنەکراوە، وەك لە لاپەڕەکانی (٣٢، ٣٧، ٤٥)دا بەڕونی دەبینرێت.

---

[*] بڕوانە پاشکۆی (ا)

[**] ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوردارەو تەنیا جەخت لەسەر پڕۆگرام بە تەنیا دەکاتەوە، باس لە ڕێگاو شێوازو ڕۆڵی مامۆستا ناکرێت لە ڕونکردنەوەی وێنەو وشەو دەقەکاندا.

[***] بڕوانە پاشکۆی (ب)

[****] بڕوانە پاشکۆی (ب، پ)

ب- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤) له کتێبی وەرزی دووەمدا، لاپەڕە (١٠٥) چالاکی (٧) باس له سێ منداڵ دەکات که چاوشارکێ دەکەن، چۆلەکەیەك لەسەر دارێك لای بیچوەکانیەتی، وێنەکه تەنیا وێنەی چۆلەکەو بێچوەکانی کراوە، بەڵام وێنەی سێ منداڵەکه دیارنییەو نابینرێت، لەگەڵ ئەوەی گرنگ بوو له وێنەکەدا وێنەی سێ منداڵەکەش دابنرێت، چونکه وێنه تەواوکاری تێگەیشتن له بیرەکه لای منداڵ دروستدەکات.

پ- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤) دا وەرزی یەکەم وێنەی لاپەڕە (٧٧) ئەم وێنەیه لەگەڵ هۆنراوەکەدا پەیوەندییان به یەکەوە نییه.

ت- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤) وەرزی یەکەم له لاپەڕە (١٧٩) دا وێنەکه وێنەی تۆڕی گۆڵکردنه، بەڵام وشەکه نوسراوە ( گۆڵ) بەبێ ئەوەی لەناو تۆڕەکەدا تۆپێك دانرابێت. ئەمەش هەڵە تێگەیشتن و لاوازی فێربوونی وشه لای منداڵ دروستدەکات.

٣. دەبێت له نەخشاندن و دانانی وێنەکاندا وردەکاری بکرێت و بەکارهێنانی ڕەنگی کاڵ و تۆخ هەڕەمەکییانه نەبێت*.

منداڵ حەزو ئارەزوی بۆ وێنه زۆرە هەر ئەمەشه وایکردووە، که زۆر زیاتر سەرنج له وێنەکان بدات، بۆ ئەم مەبەسته گرنگه زۆر به وریاییەوە وێنەکان دابنرێن، درك به وردبینی منداڵ بکرێت، وێنەکان ئاوێنەن بۆ نواندنی بیرەکان و مەبەستی پەروەردەیی. بەڵام زۆرجار گرنگی و جەخت نەخراوەته سەر ئەم لایەنه.

ا- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا له لاپەڕە (٤٠)دا بابەتی ( ئارد) لەناو دەقەکەدا نوسراوە ( ئاواز، ئەو ئارده بده به دایه)، بەڵام له وێنەکەدا لەجیاتی ئاواز لای ئاردەکەوە بێت، ئازاد لای ئاردەکەوە وەستاوە، ئەمەش بیری منداڵ بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، که بۆچی نەوتراوە ئازاد، وتراوە ئاواز؟ لەکاتێکدا ئازاد لای ئاردەکەوەیه؟.

ب- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا بابەتی (ساج) له لاپەڕە (٦٠)دا باس لەوە دەکات که (دایکی ڕەنجه نان دەکات و باوکی ڕەنجه جوتدەکات.)، نانکردن له ماڵدا ئەنجامدەدرێت، بەڵام جوتکردن له زەوی کشتوکاڵیدا ئەنجامدەدرێت، ئەو وێنەیەی که بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەته دانراوە، هەردوو کارەکەی بەیەکەوە گرێداوە، لەگەڵ ئەوەی شوێنی نانکردنەکه دەردەکەوێت که لەناو ماڵدا بێت و له تەنیشتییەوە جوتکردن کێشراوە له زەوییەکدا، بەڵام پێکەوەبەستنی ئەم دوو کارە لەیەك وێنەدا نەگونجاوە، بۆیە دەبو به دوو وێنه ئەم کارانه ڕونبکرێتەوە، بەمەش بۆشایی سپیش له لاپەڕەکەدا کەمتردەبوو.

پ- له پرۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤) دا لاپەڕە(٧)دا وێنه بۆ وشەی (ڕەگ) دانراوە، وێنەکه بەشێوەیەکی ڕون نییه تاوەکو منداڵ تێبگات، که مەبەست له (ڕەگ)چییه، بۆیە پێویست بوو وێنەیەکی ڕون دابنرایەو به دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ڕەگی ڕووەکەکه به ڕەنگێکی ترو جیاکردنەوەی له بەشەکانی تر دەربخرێت، بەمشێوەیه قوتابی ئاسانتر هەستی بەوە دەکرد، که چ بەشێکی ڕووەکەکه ڕەگە، که ڕەنگکردن و دیاریکردن و دەستنیشانکردن ڕادەی درککردن و وەرگرتن و بەبیرهێنانەوەو خەزنکردنی منداڵ زیاتردەبێت و ڕێگایەکه بۆ یادکەوتنەوەی بیرو بابەتەکان.

---

* بڕوانه پاشکۆی (ب، ت)

ت- له پرۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤) دا لاپەڕە (١٣)دا وێنەی (بەهار) دانراوە، زۆر بە زەحمەت دەتوانیت تێبگەیت، کە ئەم وێنەیە مەبەستی لە وەرزی بەهارە.
ج- له پرۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤) دا لـه لاپـەڕە (٥٠)دا بابـەتێك بـە ناونیـشانی (جوانکـاری شـارو گەڕەك)، لەم بابەتەدا ڕاستە لە وێنەکەدا چەند باخەوانێك نەمام دەچێنن، بەڵام وێنەکە زۆر ناڕونە، چـونکە وێنـەی نیوە جادەیەك کراوەو پاش نیوە جادەکە باخێك یان سەوزاییەکی فراوانی تیادا دروستکراوە، کە داری گەورەی تێدایە، لێرەدا منداڵ بیری فراوانە بۆیە چەندین پرسیار بۆ منداڵ دروستدەبێت، کە ئایا ئـەم وێنەیـە باخـچەیە یـان شـوێنی سەیرانگایە؟ ئایا شارو گەڕەك ئاوایە؟ بۆچی گەڕەکی ئێمە وا نییە؟ کوا ماڵەکانی گەڕەکەکە؟ کوا مارکێت و بـازاڕو قوتابخانەی شارەکە؟ کوا شوێنی دانیشتن؟ بۆچی ئەو باخەوانانە لەناو ئەو سەوزایی و دارانـەدا نـەمام دەنێـژن، ئایـا شەقامەکە لە کوێدایە بۆئەوەی پێدا بڕۆین؟ ئەمانەو چەندین پرسیار بۆ منداڵ دروسـتدەبێت، کـە دەکـرا وێنەیـەکی گەورە دابنرێت، تا بتوانرێت وەڵامی هەمو ئەو پرسیارانەی منداڵ بداتەوەو حەزو ئارەزوی قوتابیش بۆ بابەتەکە زیاتر دەبوو.

٤. ئەو وێنانەی لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا بۆ منداڵ دادەنرێت لەگەڵ ژینگەی ئێـستەی منداڵـدا بگونجێـت و منداڵ پێی ئاشنا بێت*.

ا- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا لاپـەڕە (٧) وێنـەی مامۆسـتاو چـەند قوتابییـەك کـراوە، کـە قوتابییەکان لەسەر زەوی دانیشتون لە باغچەی قوتابخانە، ئەمە ڕەنگدانەوەی وانەوتنەوە نییە لە قوتابخانەدا.
ب- بیرو هزری منداڵ ئەو توانایەی نییە درك بە وێنەیەك بکات، کە نەیبینیبێت و پێی ئاشنا نەبێت، لە پرۆگرامـی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا وەرزی یەکەم لە لاپەڕە (٣٩) چالاکی دووەم دوو وێنە کراوە، یـەکێکیان وێنـەی ئامێری تۆمارکەرە، کە لە کۆندا بەکارهاتوە، منداڵ ئەم ئامێرەی هەر نەبینیوە نەك ئەوەی بتوانێت ناوەکەی بڵێت و بیناسێتەوە، ئەمەش تێنەگەیشتن بۆ منداڵ دروستدەکات.

٥. نابێت وێنەیەك بۆ چەند بابەتێك دووبارە بکرێتەوە**.

ا- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا وێنەیەك بۆ چەند بابـەتێك دووبارەکراوەتـەوە، بۆنموونـە لاپـەڕە (١٠١) لە وەرزی یەکەم، لاپەڕە (٣٥، ٦٣) لە وەرزی دووەم یەك وێنەیە.
ب- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا وەرزی یەکەم لاپەڕە ( ٦٦، ٧٩، ٩٩) یەك وێنە بۆ دوو وشەی جیاوازی ( شاخ، چیا) بەکارهاتوە.

٦. گرنگە وێنەکان لەگەڵ ئاستی گەشەی درککردن و تێگەیشتنی قوتابیدا بگونجێت***.

له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا لە وەرزی یەکەم لاپەڕە (١١٨) وێنەی ( سەرباز، ئەفسەر، پۆلیس، پێشمەرگە) کراوە، جیاکردنەوەی ئەم پلە سەربازییانە بۆ ئەم ئاستەی منداڵ گران و زەحمەتە، لێرەدا منداڵ تەنیا دەتوانێت پێشمەرگە بناسێتەوە.

---

* بڕوانە پاشکۆی (ب،پ)

** بڕوانە پاشکۆی (پ)

*** بڕوانە پاشکۆی (پ)

٧. نابێت وێنەی نەرێنی دابنرێت*.

ا- لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤) وەرزی یەکەم لە لاپەڕە کۆتاییشدا (١٨٧-١٨٨) وێنەی چەند مینێك دانراوە، کە ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێ لای منداڵ دروستدەکات.

ب- لە پڕۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤) لاپەڕە( ٤٠-٤٣)وێنەی مین و نیشانەکانی دانراوە.

٨. دەبێت وێنەکان پڕاوپڕی بیری وشەکان بگەیەنن**.

ا- لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا لاپەڕە (٧٩)دا وێنەی (شاخ) کراوە بەڵام نوسراوە (چیا)، کە جیاوازی لە نێوان (چیاو شاخ)دا هەیە، هەر هەمان وێنە لە کتێبی وەرزی دووەمدا لاپەڕە (٦٦) بۆ ئەو وێنەیە نوسراوە (شاخ)، بەڵام دووبارە هەمان وێنە لە لاپەڕە (٩٩)دا نوسراوە (چیا)، ئەمە لەگەڵ ئەوەی فەرهەنگی منداڵ لاوازدەکات توانای جیاکردنەوەی شتەکانی نابێت، لەلایەکی تر بیروباوەڕی منداڵیش سەبارەت بە پڕۆگرامەکە و زمانەکەی لاواز دەبێت، چونکە وا تێدەگات کە پڕۆگرامەکە توانای ئەوەی نییە کە شتەکانی بۆ لەیەك جیابکاتەوەو زمانەکەشی تۆکمەو تەواو نییە، کە شتێك دوو ناوی بۆ دانراوە، ئەو کات کاتێك پرسیار لە منداڵ بکەیت ئەوە چییە؟ دوو وەڵامتدەداتەوە، جارێك دەڵێت چیایە جارێك دەڵێت شاخە، ئەمەش منداڵەکە توشی سەرلێتێکدان دەکات.

ب- لە پڕۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە لاپەڕە (٥-١٣) چەند وێنەیەك دانراون بۆ فێربوون و بیرهاتنەوەی پیتەکان و وشەکانی زمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەی زۆر بچوکە، بەشێوەیەکیشە کە سەرنجی منداڵ ڕاناکێشێت، کە گرنگە وێنە بەشێوەیەك بێت هەستی منداڵ بوروژێنێت و حەزو ئارەزوی بۆ وەڵامدانەوە هەبێت، بەڵام ئەو وێنانەی کە دانراون ئارەزوی قوتابی ناوروژێنێت، تەنیا ناچارە وەڵامی ڕاهێنانەکە بداتەوە، لەلایەکی تر چەند هەڵەیەك لە دانانی هەندێك وێنەدا هەیە، بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٢) دا وشەی (نان) نوسراوەو وێنەی (سەمون) دانراوە، کە (نان، سەمون، کولێرە،..) ئەمانە هەریەکەیان شێوەی جیاوازو وشەی تایبەتی خۆیان هەیە، ناکرێت هەمویان بە نان فێری منداڵ بکرێت، لێرەدا قوتابی فەرهەنگی ئاوەزی لاواز دەبێت و ناتوانێت لە پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەردا وشەکان بە دروستی جیابکاتەوەو بەکاربیهێنێت و هۆکارێکیش دەبێت بۆ تێنەگەیشتنی بەرانبەر.

پ- لە پڕۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە بەشی بیرکەوتنەوەی پیتەکانی زماندا، چەند وشەو وێنەیەك دەبینرێت، کە لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن و پەیوەست نین بەیەکەوە، بۆ نموونە لە لاپەڕەکانی ( ٦، ٧، ١٣)دا هەر یەك لە وێنەی ( کار، قەلەڕەش، بەرخ) دانراون، بەڵام وشەکەی کە بۆی دانراوە، نوسراوە (باع، قغ)، کە ئەمە دەنگی ئەم گیاندارانەیە نەك ناوی گیاندارەکە، ئەمەش وا لە منداڵ دەگەیەنرێت هەر بەو شێوەیەی کە لەسەرەتای زمانپژانیدا فێریبوە بەکاریبهێنێت و دووربکەوێتەوە لە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی، لەلایەکی تریش توشی سەرلێتێکچون دەبێت لە بەکارهێنانی وشە ڕاستەکە، کە ئایا بەرخە یان باعە؟.

* بڕوانە پاشکۆی (پ،ت)

** بڕوانە پاشکۆی (پ، ت، ج)

ت- گێڕانەوەی چیرۆك هۆکارێکی گرنگە بۆ زیاتر فێربوون و تێگەیشتن و درککردنی منداڵ، بەڵام دەبێت بزانرێت ئەم چیرۆکە چۆن دەنوسرێت و دەگێڕدرێتەوە، لەهەمان کاتدا ئەو وێنانەی کە دادەنرێت هاوکاری و یارمەتیدەر بن بۆ ئاسان تێگەیشتنی منداڵ، بەڵام ئەمە لە چیرۆکی ناو پرۆگرامدا ڕەنگناداتەوە، بۆ نموونە لە پرۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە چیرۆکی ( کەروێشکێکی وریا) لاپەڕە(٦٥) دا ئەمە نابینرێت، ئەم چیرۆکە باس لە فێڵی ڕێوییەك دەکات، کە دەچێتە لای لانکەی کەروێشکێکەوە، سەرەتا زۆر بە بچوکی لانکەی کەروێشك دروستکراوە، کە زۆر زەحمەت دەتوانیت بزانیت، کە ئەمە لانکەکەیەتی، پاشان لە گێڕانەوەکەدا نوسراوە ( هەردوو چاوی نوقاند، دەمی خۆی داخست، چوار پەلی لێڕاکێشا) ئەم شێوە باسکردنە دەبێت لە وێنەکەدا هەبێت، تا قوتابی بزانێت مەبەست لەمە چییەو چیکردووە، بەڵام ئەمە لە وێنەکەدا بەدیناکرێت، ئەمەش وروژاندن لای منداڵ دروستناکات و درك بەو کردارە ناکات، چونکە منداڵ ڕێوی نەبینیوەو هەستی پێناکات، بۆیە کاتێك باس لەم گیاندارە دەکرێت، دەبێت هەمان ئەو کردارەی کە باسکراوە لە وێنەکەدا هەبێت، تا لە ئاوەزی منداڵدا بچەسپێت و هەستی پێبکات، بە هەمان شێوە تەواوکەری چیرۆکەکە لە لاپەڕە (٦٦) دا باس لە ڕێوییەکە دەکات، کە نوسراوە (دەمی داچەقاند و قاچەکانی هەڵبڕی، ئەوجا کەروێشکەکە.... ڕایکردوو تێر تێر پێی پێکەنی)، بەهەمان شێوە ئەم کردارە لە وێنەکەدا نابینرێت، کە لە وێنەکەدا لەجیاتی ئەوەی کەروێشکەکە پێبکەنێت، حەپەساوەو ترس دایگرتوەو ڕێوییەکەش دەڕوات، ئەمەش منداڵ چەندین پرسیاری بۆ دروستدەبێت، بۆ چی ڕێوییەکە دەڕوات؟ بۆ قاچی هەڵنەبڕیوە؟ بۆ خۆی نەکردووە بە مردوو؟ بۆ کەروێشکەکە ترساوە؟ بۆچی پێناکەنێت؟ .... ، ئەمانە هەموی دەبنە پرسیار بۆ منداڵەکە، گێڕانەوەی چیرۆك پێویستی بە وێنەی زۆر هەیە، بەشێوەیەك کە وێنەکە لە نووسینەکان زیاتر بن، بەڵام لێرەدا تەنیا دوو وێنەی بچوك کێشراوە، کە بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بە تەواوی ڕونناکاتەوە.

ج- لە پرۆگرامی قۆناغی سێیەم ساڵی (٢٠١١)دا لە لاپەڕە (٧٣) بابەتی ( منداڵینە ئاگاداربن) ئەو وێنەیەی، کە دانراوە پڕاوپڕی بیرەکە نییە، کە وێنەی منداڵێکە لە سەوزاییەکی گوندەکەیاندا وەستاوە، لە چواردەوری سەوزاییەکە نیشانەی بونی مین دانراوە، کە ئەمەش مەبەست لەوەیە کە ئەم شوێنە مینی لێیە نابێت نزیکبکەونەوە، لە کاتێکدا لەناو ناوەڕۆکی بابەتەکەدا باس لەوە دەکات، کە منداڵێك شتێکی گوماناوی بینیوەو ئاگاداری خەڵکی گوندو مامۆستای کردوەو دواتر نیشانەی بونی مینی بۆ دانراوە. دەبێت وێنەیەك بێت، هیچ نیشانەیەکی بونی مینی تێدا نەبێت، تاوەکو لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا یەکبگرێتەوە.

٩. گرنگە وێنەکان زیندوویێتی و بزواوی ڕووداوەکان لەخۆبگرێت*.

لە پرۆگرامی قۆناغی سێیەم ساڵی (٢٠١١)دا لە یەکەم بابەتدا بە ناونیشانی ( لە سەرەتای ساڵەوە) وێنەی چەند منداڵێك دەبینرێت، کە بەرەو قوتابخانە دەچن، دەرگای قوتابخانە دیار نییەو وێنەی قوتابخانەکە دوورە، کە پێویست بوو وەك لە هۆنراوەکەدا نوسراوە، دەرگای قوتابخانە کراوەبێت، دەبوایە بەشێوەیەکی زۆر ڕون کاتێك کە قوتابییان لە دەرگاوە دەچنە ژورەوە پیشانبدرێت.

١٠. وێنەکان ڕەنگدەرەوەو باڵانما کلتورو کۆمەڵ و ژینگەی قوتابی بێت**.

---

* بڕوانە پاشکۆی (ج)

** بڕوانە پاشکۆی (پ، ت، ج)

ا- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤) وەرزی یەکەم لە لاپەڕە (١٦٠)دا وێنەی پیاوێك کراوە نوسراوە ( حاجی) ئەم وێنەیە لە هزری منداڵدا وەك ( باوەگەورە یان باپیر) خەزنکراوە، لێرەدا کە وشەیەکی تری بۆ دادەنرێت، منداڵ توشی نێواندژی دەکات لە نێوان ئەوەی کە لە ماڵەوە فێری بوەو ئەوەی لە پرۆگرامەکەدا بۆی نوسراوە. بۆیە گرنگە وێنەو ئەو وشەیەی کە دادەنرێت لەخۆوە نەبێت و لەگەڵ کلتوری کۆمەڵایەتی و ژینگەی کۆمەڵدا بگونجێت، چونکە پرۆگرام دەرخستنی ژینگەی کۆمەڵ و فێربوونی کلتوری کۆمەڵایەتییە.

ب- لە پرۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە لاپەڕە (٣٦)دا بابەتی ( ڕەوشتی سەردان) هەیە، وێنەی دوو منداڵ کراوە، کە چون بۆ سەردان، بەپێی ئەوەی کە لە کلتوری کۆمەڵگەی کوردی و ئەوەی لەناو خێزانیدایە، منداڵ واڕاهاتوە کاتێك دەچێت بۆ میوانداری لەگەڵ دایك و باوك و خوشك و برایدا پێکەوە بچن، لەناو خێزان و کۆمەڵگادا منداڵ بەتەنیا نانێردرێت بۆ سەردان و میوانداری، ئەمەش وێنەکە ڕەنگدانەوەی کلتوری کۆمەڵگا نییەو لەلایەکی تر منداڵ فێری سەردان و گەڕان بە تەنیا دەکات.

پ- لە پرۆگرامی قۆناغی سێیەم ساڵی (٢٠١١)دا بابەتی ( کولێرە)ی لاپەڕە (٨٦) یش لەگەڵ ئەوەی وێنەکە ناڕونە، هەروەها شوێنی تەندوری ناوچە کوردییەکان بەو شێوەیە نییە، گرنگە وێنەکان لەگەڵ ژینگەی لادێکانی کوردستاندا یەکبگرێتەوە.

١١. دەبێت جیاوازی وێنەو وشە لەناو بابەتەکاندا نەبێت*.

لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤) وەرزی یەکەم لە لاپەڕە (١٤٧)دا وێنەی (تەون) بە دەزگای فەرش چنین دیاریکراوە، بەڵام لە لاپەڕە (١٥٠)دا سێ وشە ( دەست، دارستان، تەون) نوسراوەو لە بەرانبەریدا وێنەی (جاڵجاڵۆکە، دەست، دارستان) کراوە، هەڵەکە لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچی بۆ وشەی (تەون) وێنەی (جاڵجاڵۆکە) دانراوە؟، کە پێشتر وێنەی دەزگای فەرشچنینی بۆ دانراوە.

١٢. دەبێت ئەو وێنەیەی کە دادەنرێت لەناو بابەتەکەدا بونی هەبێت**.

ا- لە پرۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە چالاکی لاپەڕە (٣١) دا وێنەی ژوری نوستن کراوە، کە منداڵێك خەوتوە، بەڵام هیچ یەکێك لەو وشانەی کە لەناو چالاکییەکەدا هەیە، پەیوەست نییە بە وێنەکەوە، بە هەمان شێوە لاپەڕە (٣٣).

ب- لە پرۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە چالاکی لاپەڕە (٥٦) وێنەی منداڵێکە لەگەڵ هیچ یەکێك لە وشەکاندا پەیوەست نییە.

پ- لە پرۆگرامی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە لاپەڕە (٥٧) یشدا لە بابەتی لەشساغیدا باس لە هۆکارەکانی یارمەتیدانی لەشساغی دەکات، کە بریتییە لە ( هەتاو، هەوای پاك، ددان شۆردن، پاکوخاوێنی، زوو نوستن، زوو لەخەو هەستان) ئەمانە وەك نموونە بۆ یاریدەی لەشساغی هێنراوەتەوە، بەڵام چەند وێنەیەکی بچوك کراوە، هەموو ئەو نمونانە لە وێنەکاندا دەرناکەوێت.

---

* بڕوانە پاشکۆی (پ)

** بڕوانە پاشکۆی (ت، ج)

ت- له پرۆگرامی قۆناغی سێیەم سالّی (٢٠١١) دا له لاپەڕە (٩)دا دەقێك نوسراوە ( قوتابخانە بۆ زانین هێلانەیە)، بەلاّم وێنەکە وێنەی سەیرانگایەکە چەند منداڵێك سفرەیان داختسوەو سەیران دەکەن، کە ئەمەش پەیوەست نەبونی وێنەکەیە بە دەقەکەوە، لە لاپەڕە (٤١)یشدا دەقێك نوسراوەو وێنەی کەوێك کێشراوە، کە پەیوەندی لەنێوانیاندا نییە.

١٣. گرنگە وێنەکان پەروەردەیی بن*.

ا- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی سالّی (٢٠١٣)دا لە لاپەڕە (٣١)دا بابەتی (داو) وێنەی دوو منداڵەو دارێك نزیکە لێیانەوە، داوی گرتنی باڵندەی پێوەیەو کۆترێك بووە بە داوەکەوە، کە یەکێك لە منداڵەکە داوا لە منداڵەکەی هاوڕێی دەکات نزیك نەبێتەوە لە داوەکەوە، کە دەبوو هەم وێنەکەو هەم دەقەکە منداڵ تێگەیەنرایە، کە ئازاری باڵندە نەدەن و دانانی داو بۆ باڵندە ڕەفتارێکی نادروستە، ئەمەش بە پیشاندانی ئازادکردنی کۆترەکە لە داوەکە ئەم هەڵەیە بۆ منداڵ ڕاستدەکرایەوەو لە لایەکی تر منداڵ فێری هاوکاریکردن و یارمەتیدان دەکرا، نەك ئەوەی خۆی دوربخاتەوە لە داوەکەو گرنگی بە ئازادکردنی کۆترەکە نەدات.

ب- له پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی سالّی (٢٠١٣)دا لە لاپەڕە (٥٠)دا بابەتی ( ڕوناك) کەباسی کەوی تێدایە، لە وێنەکەدا وێنەی دوو منداڵ کراوە ، کە بە ڕوناك و کاوە دانراون لە دەقەکەدا، کاوە قەفەزێکی بەدەستەوەیە، کە ئەمە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ منداڵ فێردەکات، کە باڵندەو کەوەکان دەبێت بخرێنە ناو قەفەزەوەو زیندانی بکرێن، لەکاتێکدا پێویستە منداڵ فێری ئازارنەدانی باڵندەکان بکرێت و ڕابهێنرێن کە خۆراك و ئاویان بدرێتێ، ئازاد بن و زیندانی نەکرێن، گرنگە لەناو دەقەکەشدا ئەم پەروەردەیە ببینرێت، لەجیاتی نووسینی ( ڕوناك دان بە مریشك دەدات) بنوسرایە ( ڕوناك دان بە مریشك و کەوەکان دەدات) یان ( ڕوناك دان بە باڵندەکان دەدات)، لێرەشەوە منداڵ فێری خۆراکدان بە باڵندەکان دەکرێت، بەمەش لە ڕوی کۆمەلایەتییەوە منداڵ فێری بەها ڕەوشتییەکان دەکرێت و لە ڕوی دەرونیشەوە منداڵ درك بە بە ئازارنەدانی باڵندەو گیانداران دەکات و لە ژیانی ڕۆژانەیدا جێبەجێیدەکاتەوە.

پ- له پرۆگرامی قۆناغی دووەم سالّی (٢٠١٤)دا لاپەڕە (٧١) یشدا باس لە ڕاستگۆیی دەکات، بەلاّم وێنەی مامۆستاو قوتابییەکە، کە لای تەختەڕەشەکە وەستاون و مامۆستا هەڕەشە لە منداڵەکە دەکات و منداڵەکەش بەشێوەیەکی زۆر ناشرین وەستاوە لە لای مامۆستاکەوە، ئەمە هیچ پەروەردەو بەهایەك فێری منداڵ ناکات.

ت- له پرۆگرامی قۆناغی سێیەم سالّی (٢٠١١)دا لە لاپەڕە (١٣)دا لە بابەتی ددانەکانماندا، وێنەکە دروستە وێنەی منداڵێك دانراوە، کە ددان دەشوات، بەلاّم ئەوەی سەرنجڕاکێشە لەم وێنەیەدا ئەوەیە، کە لە دەستشۆرەکەدا ئاوێکی زۆر کراوەتەوە، ئەمەش ناڕاستەوخۆ منداڵ فێردەکرێت بە زۆر کردنەوەی ئاو لە کاتی دەستشۆردن و ددان شۆردندا، وێنەو دەق پێکەوە ئاوێتەن بۆ فێرکردنی منداڵ بە بەهاکان و پاراستنی ژینگەو سروشت.....، وردەکاری منداڵ بۆ شتەکان زۆرە بە تایبەت وێنەکان، چونکە حەزو ئارەزوی منداڵ دەجولێنێت و زۆر سەرنجی لێدەدات، هەر ئەمەش گرنگە کە پێویستە زۆر بە وریای و ئاگاییەوە وێنەکان دابنرێن.

١٤. دەبێت چیرۆکەکان بە چەند وێنەیەك بیرەکان بە تەواوی بەرجەستەبکات**.

---

* بڕوانە پاشکۆی (ب، ت، ج)

** بڕوانە پاشکۆی (ج)

ا- له پرۆگرامی قۆناغی سێیەم ساڵی (٢٠١١)دا له لاپەڕە (٢١) دا چیرۆكی ( ئەنجامی درۆكردن)، ئەم چیرۆكە بە یەك وێنەی بچوك هەمو بیرەكە گەیەنراوە، لەكاتێكدا منداڵ ناتوانێت هەمو بیرەكە لە یەك وێنەدا تێبگات، بەهەمان شێوە لە بابەتەكانی ( شێرو مشك) لاپەڕە (٥٢)، ( پەشیمانی) لاپەڕە (٥٦)، ( دراوسێی باش) لاپەڕە (٦٥)، ( بولبولی داماو) لاپەڕە (٦٩)، ( هەرەوەز) لاپەڕە (٨٠)، ( دەستپاكی) لاپەڕە (٨٢)، ئەم بابەتانە هەمویان بە وێنەیەك یان دوان بیرەكەیان گەیاندووە، لەكاتێكدا لاپەڕەكە بەزۆری بە سپێتی ماوەتەوە، كە دەكرا چەند وێنەیەك دابنرێت، بۆ ئەوەی هەم منداڵ توانای درككردنی ئەو بیرانەی هەبێت، هەم بۆشاییش بە سپێتی نەدەمایەوە، بۆیە گرنگە لە گێڕانەوەی چیرۆكدا چەند وێنەیەك هەبێت، كە باشترە لە وشەكان زیاتر بێت، تا قوتابی بتوانێت بە زویی و ئاسانی بەهاو كۆزانیاری و مەبەستی چیرۆكەكە فێرببێت.
ب- لە پرۆگرامی قۆناغی سێیەم ساڵی (٢٠١١)دا بابەتی (زانایەكی نەمر) لاپەڕە (٢٦) كە باس لە سوڕانەوەی زەوی و خۆر دەكات، وێنەی ئەم سوڕانەوەیەی زەوی و خۆرە دابنرێت، تاوەكو منداڵ كۆزانیاری لە بارەی چۆنیەتی ئەم بابەتە وەربگرێت و ڕونبێت لە لای.

وێنە ئاستی وروژاندنی منداڵ زیاددەكات و هۆكارێكی كاریگەرە بۆ درككردن و تێگەیشتن و خەزنكردن و زوو وەبیرهاتنەوە، بەگشتی وێنە لە پرۆگرامی خوێندندا گرنگی زۆر پێنەدراوە، وێنەكان تاریك و تەڵخ و زۆر بچوكن، كەموكورتی زۆریش دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەی لە قۆناغی یەكەم (٢٠١٣) و قۆناغی دووەمدا زۆربەی لاپەڕەكان وێنەی تێدایە، بەلاّم بچوكن و زۆر هەستی منداڵ ناوروژێنن، لە كاتێكدا هەرچییەك لە پرۆگرامی خوێندندا دانرابێت، ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە فێركردنی منداڵدا، وەك دەبینین لە پرۆگرامی قۆناغی یەكەم (٢٠١٣) (٧٨) لاپەڕەیە (٧١) لاپەڕە وێنەی تێدایە، قۆناغی دووەم ( ٧٩) لاپەڕەیەو (٦٢) لاپەڕە وێنەی تێدایە، لە قۆناغی سێیەمدا لە (١٠٢) لاپەڕەدا، لە (٣٩)لاپەڕەدا وێنە هەیە، بەلاّم لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەكەمی (٢٠١٤) گرنگی تەواو و شیباو بە وێنەو ڕەنگەكان دراوە، كە ئارەزوو و درككردنی و وروژاندنی منداڵی تێدا دەبینرێت.

### ٣-٢-٣/٣) چیرۆك

لایەنێكی گرنگ بۆ فێربوونی قوتابییان چیرۆكە، بۆیە پێویستە تیشكبخرێتە سەر خوێندنەوەی چیرۆك لەناو قوتابخانەو لەناو خێزاندا، چونكە كاریگەرییەكی زۆری دەبێت لەسەر منداڵ، هۆكارێكە بۆ فێربوونی زمان و بەكارهێنانی شێوازەكانی ئاخاوتن و وتووێژ، لەگەڵ ئەوەی دەتوانین ئەو كۆزانیارییانەی لە پرۆگرامی خوێندندا هەیە بە چیرۆك دەوڵەمەندییان بكەین، لە ڕێی دوپاتكردنەوەی چیرۆكە كلتورییەكان منداڵ بە كلتوری نەتەوە ئاشنادەبێت و شارەزایی و زانیاری لەبارەی كلتورەوە دەستدەكەوێت، لەهەمان كاتدا دەبێتە پێكهێنان و دروستكردنی بیروڕای خۆی، كە لەڕێگەی وەرگرتنی بیروڕای چیرۆكەكانەوە بۆی دروستدەبێت، بەمەش توانای بیركردنەوەی منداڵ گەشەدەسێنێت و ئاستی زیرەكی بەرزدەبێتەوە، پێویستە پرۆگرامی خوێندن بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتاییدا چیرۆكەكان ئەو بیرو مەبەستانە تەواوبكەن، كە دەبێتە تەواوكەری پێگەیشتنی پەروەردەی تاك لەئەو قۆناغەدا، (( چیرۆك و كتێبی زانستی گەشە بە توانا ئەقڵییەكانی منداڵ دەدات و دەوڵەمەندی دەكات و بیركردنەوەی زانستی لەلای منداڵ

ئاماژەیەکە بۆ زیرەکی و داهێنان و گەشەکردن.[٣٥٠]))، هەربۆیە گرنگە پرۆگرامی خوێندن بابەتی خوێندنـەوەو ئـەرك لەیەکتر جیابکرێتەوە، کە چیرۆك و زانیاری و بەهاو کلتوری تێدا دانرابێت و لە پۆلدا بخوێندرێتەوەو گفتوگۆو زانیاری لەرێگەی خوێندنەوەکەوە بە قوتابییان بگەیەنرێت، بەمەش ئامانجی خوێندنەوە کەلەسـەرەوە باسـکراوە دێتەئـەنجام، بۆنموونە ئەو چیرۆکانەی کە لەناو پرۆگرامی خوێندندا هەیە، کاریگەری زۆری دەبێت بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانیاری و بەهاو پێوەرە کۆمەلایەتی و کلتورییەکان، ئەوەی گرنگە چۆنیەتی وتنەوەی ئەو چیرۆکانەیە، تا وا لە منـداڵ بکـات درکیپێبکات و فێریببێت و سودی لێوەربگرێت، ئەمەش گرنگە لـە شـێوازی وتنـەوەدا مامۆسـتا چـەند رێگایـەك بەکاربهێنێت، تا حەزو ئارەزوو بیرو هۆشی منداڵ بچێتە سەر بابەتەکەو درك بە بەهاو زانیارییەکان بکات، لەرێگەی نواندی شانۆیی لەناو پۆلدا، یان گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییان بکرێـت بـەرێگای پرسـیاری ریزبەنـدی لـە بابەتەکـە، تـا بیرکردنەوەی قوتابی بۆ بابەتەکە زیاتربێت.

لە تەمەنی (٦-٩) ساڵیدا لە رووی مەعریفەوە توانای منداڵ لە بیرکردنەوە، هەڵهێنجان، دۆزینەوە دەردەکەوێت، لەم قۆناغەدا منداڵ پرسیار دەربارەی شت و هۆکارەکانی دەکات وەك بۆچی، چۆن، کەی، وە توانـای وەرگرتنـی هەنـدێك چەمکی هەستیی هەیە بەلام هێشتا ناتوانێت درك بە چەمکە موجەرەدەکان بکات.

لەم قۆناغەدا منداڵ و خەیاڵو واقیع تێکەڵ بەیەکدەکاتلەبەرئەوە توانای درۆکردنی هەیە، بەلام لە تەمەنی (٦) ساڵیدا نیشانەی بیرکردنەوەی لۆجیکی لە میانەی کردەوەکانیدا دەردەکەوێت، کە ئەمە راستەو ئەمە هەڵەیە، ئەم بیرکردنەوە لۆجیکییە پەیوەستە بە پەروەردەکردنی دایك و باوکەوە هەیە، لەم تەمەنەدا (من) لـە منداڵـدا دەردەکـەوێت، کـە ناوەندی گرنگیدانە بە خود، بۆیە جیادەکرێتەوە بە خۆپەرست، تێرکردنی ئارەزووەکان و رەتکردنەوە، سەرزەنشتکردن.

لە (٦-١٢) بە پێی رای ( Piaget) منداڵ لەم قۆناغەدا پشت بە بیرکردنەوەو هۆکار دەبەستێت و دەسەلاتی بەسەر بیرکردنەوە بەشێوەیەکی رێژەیی دەشکێت، واتە دەتوانێت دە چەمکە ئەبستراکتەکان بگاتوە قۆناغێکی نموونەییە بـۆ چاندنی بەهاو رەوشتە کۆمەلایەتییەکان.

حەزو ئارەزوی منداڵ بۆ بەرهەمی ئەدەبی* لە (٣) ساڵییەوە دەستپێدەکات، کە بە چەند قۆناغێك دیاریکراوە[٣٥١]:

١. قۆناغی رپالیستی ٣-٥ساڵ
٢. قۆناغی ئەندێشەی بێسنور یان ئازاد ٦-٨ ساڵ.
٣. قۆناغی پاڵەوانێتی ٨-١٢ ساڵ.
٤. قۆناغی هەرزەکاری یان مێرد منداڵ ١٢-١٥ ساڵ.

قۆناغی بنەرەتی (٦-٩) ساڵی دەچێتە ناو قۆناغی دووەم و سێیەمەوە، لە قۆناغی ئەندێشەی بێسنوردا ئەم قۆناغـە گرنگی زۆری هەیە، کە (( لەم قۆناغەدا منداڵ حەز لە چیرۆکی شیعری ئەندێشە ئامێزدەکەن، کە ناوەرۆکەکـەی لـە جیهانی خۆیدا نەبێت.[٣٥٢]))، چیرۆك منداڵ بەرەو دنیایەکی تر دەبات، هەوڵ دەدات خـۆی تیـادا ببینێتـەوەو چـێژی

---

[٣٥٠] هێرۆ کەمال کەریم (٢٠٠٦: ٢٦٢)

* بەرهەمی ئەدەبی لە رادەی تێگەیشتن و پێزانینی منداڵدا بێ و لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی و حەزو ئارەزویدا بگونجێت، جگە لە چێژو خۆشی بینین، هاوبەشی پێگەیاندن و گەشەی هۆشی و دەرونی و لەشی و زمانی بکات. فاضل مجید محمود (٢٦:٢٠٠٠)

[٣٥١] فاضل مجید محمود ( ٢٠٠٠: ٩)

[٣٥٢] هەمان سەرچاوە (٢٠٠٠: ١٦)

لێدەبینێت و بەرەو خەیاڵکردنەوەی دەبات، (( خەیاڵکردنەوە لەلای منداڵ زۆر گرنگە، چونکە بەردەوام لەگەڵیدایە لە خەسڵەتەکانی منداڵیش خەیاڵ و خەیاڵکردنەوەی چڕە، بۆیە پەروەردەکردنی خەیاڵی منداڵی بایەخێکی پەروەردەیی گرنگی هەیە لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆك بە مەرجێك کە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بابەتی و ئیجابی تێدا بێت و چیرۆکەکە ماناکەی ئاسان بێت و بیری بوروژێنێت، هەروەها سەرەڕای چیرۆکی زانستی، کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی خەیاڵ لەلای منداڵ لەوانەیە ببێتە هۆی داهێنان بۆ دوارۆژ.[353] ))، لە قۆناغی پاڵەوانێتیدا منداڵ ( حەز لەو چیرۆك و شیعرانە دەکات، کە باس لە پاڵەوانێتی و ئازایەتی و پۆلیسی دەکەن.[354] ). بوونی چیرۆك لەم شێوەیە لە پڕۆگرامی ئەم قۆناغەدا دەگمەنە.

## ٣/٣-٢-٤) شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی* وشە، ڕستە، دەق

وشە ئەو هێمایەیە کە لە فۆرم و واتا پێکدێت، پێکبەستنی وشەکان ڕستەو دەق دروستدەبێت، پێوانەی دەقیش پەیوەستە بە دیاریکردنی بەهاکان، ڕێکخستنی یاسای ڕێزمانی، داڕشتنی بابەتەکەو پێکەوەبەستنی دەقەکان، پەسەندی ناوەڕۆکی بابەتەکە، شێوەی نووسین و دروستنووسین، بەکارهێنانی زمانی ستاندارد دەگرێتەوە، بەمەش گرنگە ڕەچاوی بەکارهێنانی یەکە زانیاریەکان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن بکرێت، لە قۆناغی بنەڕەتیدا دەبێت بەهاو کۆزانیارییەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی قوتابی بێت، بۆیە دەبێت ئەو چەمك و وشانەی بەکاردەهێنرێت، سادەو ئاسان بن و لەگەڵ هۆش و ژیری قوتابیدا بگونجێت، بەشێوەیەك کە لە واتاکەی بگات، لەلایەکی تر ئەو زانیارییەی کە دەبێت بە قوتابی بگەیەنرێت چەندجار لە ناو بابەتەکەدا دووبارەکرابێتەوە، چونکە هۆکارێك بۆ چەسپاندن و خەزنکردنی بابەتێك دووبارەکردنەوەی ئەو بابەتەیە، هەروەك لە بەپڕۆسەکردنی زانیاریدا خراوەتەڕوو، لەگەڵ پیشاندنی وێنە یان دەرخستنی بەهاکە بەچالاکی لەناو پۆلدا یان بە خوێندنەوەی چیرۆك و جوڵاندن و وروژاندنی هەستی قوتابی، بەمەش کاردانەوە لای قوتابی دروستدەکات، بیرلێکردنەوەو وروژاندن ڕێگەیەکن لەو ڕێگایانەی کە دەتوانرێت ببنە هۆی چەسپاندنی بیرەکە لە مێشکی منداڵداو ڕەنگدانەوەی لە کرداریاندا، ئەمانە وادەکەن کە ئەو مەبەستەی لەو بابەتەدا هەیە، بگەیەنرێت بە قوتابییەکە.

شیکردنەوەی دەق تەنها پەیوەست نییە بە ناوەڕۆك، بەڵکو ئامانجی ڕونکردنەوەی پەیوەندی لە ئاستی ڕێزمانی و واتایی و زمانی دەگرێتەوە، گرنگی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پڕۆگرامی خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ[355] :

١. ڕۆڵی پڕۆگرامی خوێندن دەردەخات، لە ناساندنی بەهاو ڕۆڵی لە پاڵپشتیکردنو چەسپاندنی پەروەردەو دواتریش پارێزگاریکردنی لایەنی کلتوری فەرهەنگیو ڕۆشنبیری کوردیی، کە ئێستا لە مەترسیدایە.

٢.تیشکخستنە سەر بابەتێکی زیندووی گرنگی ژیانی تاك، کە بەهایە کە ئاڕاستەو بیرو ڕەفتاری لەسەر ئەمەیەو کارو کاردانەوەکانی بۆ خۆیو بۆ کۆمەڵ لەسەر ئەمە بنیاتدەنێت.

---

[353] هێرۆ کەمال کەریم ( ٢٠٠٦: ٢٦١)

[354] فاضل مجید محمود ( ٢٠٠٠: ١٧)

* چوارەم یەکەی پێکهێنەری ناوەڕۆك هەڵسەنگاندنە، لەم بەشەدا بە کارەکی بەسەر هەموو بنەماکاندا جێبەجێکراوە.

[355] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥: ٢١)

گرنگە ئەو وشەو ڕستەو دەقانەی لە پڕۆگرامی خوێندندا دادەنرێت، گرنگی بە بنەما دەماری و کۆمەڵایەتی و دەرونی و زمانەوانییەکان بدرێت، جەخت لە هەموو لایەنەکان بکرێتەوە، بۆ نموونە:

١- بۆیە هەموو خەڵك خۆزگەی پێدەبردن.

ئەم ڕستەیە لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤) لاپەڕە (٦١) لە بابەتی ( خێزانێکی بەختەوەر)دا نوسراوە، لەم ڕستەیەدا:

ا- لە ڕوی بنەمای دەماری زمانییەوە، دەبێت بابەتەکە چالاککردنی هەردوو لای مێشك بێت، کە ئەم بابەتە لای چەپی مێشك بەشێوەیەکی دروست چالاککناکات لە ڕوی وشەو بەدوایەکداهاتن و لۆژیکەوە، لەگەڵ ئەوەی چالاککردنەوەکە بەهای کلتوری و پەروەردەیی لە ئاوەزی منداڵدا ناچەسپێنێت.

ب- لایەنی بنەمای کۆمەڵایەتی زمانی ئەم ڕستەیە قوتابی فێری بەهایەکی خراپ و نادروست و نەگونجاو بە کلتوری کۆمەڵگەو ئاین دەکات، چونکە بە پێی کلتوری کۆمەڵگەو بنەمای ئایینی خۆزگە خواستن و بەخیلی بردن بە خەڵك و کەسانی دەوروپشتمان و ژیانی کەسانی تر کردەیەکی ناشرین و ناپەسەندە لەناو کۆمەڵگەدا، بەڵام لێرەدا لەناو ناوەڕۆکی بابەتەکەدا ئەم کردەیە بە پەسەندو و دروست پیشاندەدرێت و هەر لەسەرەتای تەمەنی منداڵەوە ئەم کردەوەیە فێری منداڵ دەکرێت، وا لە منداڵ دەگەیەنرێت لە خۆزگە بردن کارێکی شیاو و ئاساییە.

پ- لەلایەنی بنەمای دەرونی زمانییەوە ئەگەر لە وشەی(هەموو)ەوەسەیربکەین، منداڵ وا تێدەگات و درکیپێدەکات و بیری بۆ ئەوە دەچێت، کە کۆمەڵگا بەگشتی ئەم کردەوەیان لا پەسەندە، لەبەرئەوەی هەموو خەڵك ئەم کارەدەکەن، چونکە هەر وشەیەك شوێن پێی خۆی لە هزری منداڵدا دەکاتەوەو کاریگەر دەبێت پێی، ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە پێویست بوو ئەم بابەتە بەشێوەیەك بنوسرێت، منداڵ هانبدرێت، هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ژیانی بەختەوەر بدات و لەنێو خێزان و کۆمەڵگەکەیدا بە سەربەرزی بژی.

ت- لە ڕوی بنەمای زانستی زمانییەوە گرنگی بە جێناو نەدراوەو بە هەڵە بەکارهێنراوە، چونکە جێناوی لکاوی (ی) لەدوای وشەی (خۆزگە) وە دەبێت (کۆ) بێت نەك (تاك)، لەبەرئەوەی ( هەموو خەڵك) کۆیەو باس لە تاکێك ناکات، دەبێت بنوسرێت ( بۆیە هەموو خەڵك خۆزگەیان پێدەبردن.)

لە ڕوی واتاوە، کردارەکە ڕابردووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە لە ڕابردوودا ئەم خێزانە بەختەوەر بون و خەڵك خۆزگەیان پێدەبردن نەك ئێستا، ئەمەش وادەکات کە بوترێت ئەم خێزانە لە ئێستەدا بەو شێوەیە ناژین.

٢- کارزان منداڵێکی زیرەك بوو، .....، بۆیە لە مامۆستای پرسی:

مامۆستا پێمان ناڵێی شەوو ڕۆژ چۆن پەیدا دەبن؟

مامۆستا ئافەرینی لەم پرسیارە کردوو ئەوجا گوتی:

قوتابیانی خۆشەویست:

ئەم بابەتە لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم ساڵی (٢٠١١)لە لاپەڕە ٢٩دا بە ناونیشانی ( زانایەکی نەمر) نوسراوە.

ا- جێبەجێکردنی بنەمای دەماری لەم دەقەدا، چالاککردنی لای چەپی مێشك بە شیکارکردن، بەدواداگەڕان.

ب- شیکردنەوە لە ڕوی بنەمای کۆمەڵایەتییەوە، سەیری ئەم پرسیارەی قوتابییەکە بکەین، دەبینین شێوازێکی نەگونجاوی ئاخاوتن پیشانی قوتابی دەدرێت، کە بەشێوازێکی زۆر نادروست بەرانبەر مامۆستاکەی پرسیاردەکات، کە

لە بەکارهێنانی وشەی (پێمان نالێی) دا دەبینرێت، کە دەبوو شێوازێکی پەروەردەیی بەکاربهێنرێت، کە هەم ڕێزگرتن فێری منداڵ بکات، هەم منداڵ فێری چۆنیەتی پرسیارکردن و هونەری ئاخاوتن بکرێت.
پ- لە ڕوی بنەمای دەرونییەوە بەکارهێنانی هەر دوو دەستەواژەی (منداڵێکی زیرەك، ئافەرینی لەم پرسیارە کرد)، ئەمە ناڕاستەخۆ جەختکردنەوەیە لە دروستی شێوازی قوتابییەکەو منداڵ وا تێدەگات ئەگەر بە ئەو شێوەیە پرسیاربکات، هەم وەك زیرەك دەردەکەوێت، هەم ئافەرینی لێدەکرێت، لەم ڕێگەیەشەوە بەهای نەگونجاوو نادروست فێری قوتابی دەکرێت، نەوەیەك پەروەردەدەکرێت، کە نە نرخ بۆ گەورەتر لە خۆی دابنێت، نە ڕێز لە گەورەتر بگرێت، لەهەمان کاتیشدا هەڕەمەکییانە بێ بیرکردنەوەی لە شێوەی پرسیارکردن، چی بە بیردا هات بێگوێدانە دابونەریت و ئاخاوتن و پلەوپایەو ڕێز پرسیاربکات.
ت- لە ڕوی بنەمای زانستی زمانەوە، ڕەچاوی دروستنووسین و خاڵبەندی نەکراوە، کە لە ڕوی ڕێنوسەوە، دەبێت ئەو وشانەی یەك بیر دەگەیەنن بەیەکەوە بنوسرێن، بەلاّم (پەیدا دەبن) بە جیا نوسراوە. لە ڕوی خاڵبەندییشەوە نابێت دوای قوتابیانی خۆشەویست (:) دابنرێت.

## ٣/٣-٢-٤-١) دیاریکردنی بەهاکان

واتا کرۆك و چەقی هەموو درککردنەکانە، (( پەیوەندی مرۆڤەکان بە شتەکانی دنیاوە لە ڕێگەی ( واتا)ەوەیە، چونکە واتا ئامێری بەستنەوەی مرۆڤە بە خودێتی خۆی و دەوروبەرییەوە، درککردنی واتاو زانیاریش لەناو ئاوەزدا بۆ ئەو شتانەی لە بوندا هەن و سەرەتاکەی لە پەیوەندییە هەستییەکان و چەشنی بەیەکەوە بەستنەوەی زانیارییەکانەوە خۆی دەبینێتەوە.[٣٥٦] ))، خودی پرۆسەی پەروەردەیش دەبێت جەخت لەسەر ئەم بنەما بنەڕەتییە بکاتەوەو هەستیارانەو ئاگایانەو زانستییانە لە هەموو وشەو دەستەواژەو ڕستەو دەقە....دەکانی بابەتی ناو پرۆگرامەکاندا بە هەند وەربگیرێت، لەبەر ئەوەی خودی واتا مەبەست پێی بەهای هەبووەکانە (( ئەقڵی مرۆڤ بە سروشتی خۆی توانای درککردنی بەهای شتەکانی هەیە، بەشێوەیەکی تەواوو پڕاوپڕ. ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە بەهای شتەکان واتای گشتی شتەکان خۆیانن.[٣٥٧] )).
بەکارهێنانی یەکە پێکهێنەرەکانی زانیاری* ڕۆڵێکی گرنگیان لە دانانی پرۆگرامی خوێندندا هەیە، پێویستە کە ناوەڕۆکی بابەتەکان بەشێوەیەك دابڕێژرێن، کە بەهاکان لای قوتابی گەشەبکات و بۆ وەرگرتنی بەهاکانیش دەبێت قوتابی لە واتای وشەو .... ی بابەتەکان بگات، ئەمەش دەکەوێتە سەر چۆنێتی تێگەیشتن و پەیبردن و درککردنی قوتابییان بەو زانیارییانەی کە یەکە زانیارییەکان دەیگەیەنێت، (( درککردنی یەکە زمانییەکان لە تێگەیشتنی زانیارییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، کە لە یادگەدا جێبەجێدەبێت.[٣٥٨] ))، پرۆگرام پارێزگاریکەرو چەسپێنەری بەهاکانە، پێویستە لە ناوەڕۆکی پرۆگرامدا بایەخی پێبدرێت، گرنگە ( ناونیشان گشتگیربێت و واتای گشتی ناوەڕۆك بگرێتەوە، بابەتەکانی پرۆگرام پێکەوە پەیوەستبن بۆ هێنانەدی لێهاتویی دیاریکراو، کە پەیوەستبکرێت بە ژیانی قوتابییەوە،

---

[٣٥٦] ئاڤێستا کەمال مەحموود ( ٢٠١٤: ٨)
[٣٥٧] هەمان سەرچاوە ( ٢٠١٤: ١٠)
* بڕوانە (٣/١)
[٣٥٨] ئاڤێستا کەمال مەحموود ( ٢٠١٤: ١٦)

پیشاندانی وێنەو دوبارەکردنەوەی بەها لەناو بابەتەکە، بە ڕێگەی ڕاستەوخۆ قوتابی لە چالاکی و جێبەجێکردنی مەیدانی بەشداریپێبکرێت، دیاریکردنی بەهاکان بە ڕەنگێکی تر بۆ درککردن و پەیپێبردنی قوتابی ڕۆڵی گرنگی هەیە، لەگەڵ دیاریکردنی پێوانەی پلەی بەهاو دوبارەکردنەوەی بەهاکە لە (١٠ جار) کەمتر نەبێت واتە لەنێوان (١٠-١٥ جار)دا بێت[٣٥٩]). هەر قۆناغەش بەهای تایبەت بە خۆی بۆ دانراوە، کە دەبێت لە پڕۆگرامدا پەیڕەوبکرێت.

بۆ لێکدانەوەی بەهاکان و دیاریکردنیان لە پڕۆگرامی خوێندندا بە دوو ڕێگا شیکردنەوەی بۆ دەکەین، ئەم ڕێگایانەش پێکدێن لە:

ڕێگای یەکەم: دیاریکردنی سیما واتاییەکانی ئەو ناوەڕۆکە ڕەوشتییانەی کە بە پێی پێوەرە زانستییەکان*، پاشان ڕادەی گرنگیدان بەو سیما واتاییانەی کە لە ناوەڕۆکە ڕەوشتییەکاندا هەن، کە ئایا تا چەند سیمای ئەم بەهایانە لە ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکەدا دەبینرێن. ناوەڕۆکی بەهای ڕەوشتی بۆ قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی بە (١٢) ناوەڕۆك دیاریکراون، بریتین لە: ((ڕێزگرتنی/ گوێڕایەڵی دایكوباوك، ڕێزگرتنی گەورە، پاکوخاوێنی، ڕێزگرتنی بەرامبەر، نرخاندنی زانست، ڕەوشتی ڕۆیشتن، سلاوکردن، ڕاستگۆیی، گوێرایەڵی، مامەڵەی جوان، ئەمانەت، هاوڕێیەتی.[٣٦٠])), بە پێی ڕێگای دیاریکردنی سیمای واتایی درکپێکردن ناوەڕۆکی ڕەوشتی نیشانە واتاییەکان بریتییە لە:

| ١- ڕێزگرتن/گوێڕایەڵی دایك و باوك | |
|---|---|
| +بەهەند وەرگرتنی ئامۆژگاری | + ڕێزگرتنی دایك و باوك |
| + خۆشویستنیان | + فیداکاری |
| + جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە پێتی دەسپێرن | + جێبەجێکردنی ڕەفتاری جوان لە بەرانبەریان |
| + بە پێچەوانە نەجولانەوەیان | + بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا |
| + ژینگەیەکی ئارام | + خۆشبەختکردنیان |
| + یەکبون | + سەرکەوتن بەسەر گرفتەکاندا |
| + خۆشبەختی | + یارمەتیدان |

لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا ئەگەر سەیری هەموو ئەو بابەتانە بکەین کە لەناو پڕۆگرامەکەدا هەیە، بەهای گوێڕایەڵی دایك و باوك (٢) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی پێماندەسپێرن، یارمەتیدان). لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)شدا ئەم بەهایە سیمای واتایی (یارمەتیدان، ڕێزگرتن) تێدایە.

| ٢- ڕێزگرتنی گەورە | |
|---|---|
| + ڕەفتاری جوان لەگەڵ گەورە | + خۆشویستنیان |
| + ڕێزگرتنیان | + بونی متمانە |

[٣٥٩] محمد حمدان العبادی (١٩٩٦)، ابتسام محمد فهد، (٢٢-٢٣)

* بروانە پڕۆگرامی خوێندنی OXFORD، شیلان عومەر حسەین

[٣٦٠] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥: ٢٢)

| | |
|---|---|
| + بەهەند وەرگرتنی ئامۆژگارییەکانیان | + جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە پێتی دەسپێرن |
| + گفتوگۆی جوان لەگەڵیان | + هەڵسوکەوتنی جوان لە بەرانبەریان |
| +سەرکەوتن/چارەسەری گرفتەکان | + یەکبون |
| + ئارامی | + خۆشبەختی |
| + بونی متمانە | + یارمەتیدان |
| - دووبەرەکی | - نائارامی |
| - لێکدابڕان | -دروستبونی گرفت |
| -نەبونی متمانە | |

ئەم بەهایە لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا(١) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (خۆشویستن)ە، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا (٨) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (ڕێزگرتن، یارمەتیدان، ڕەفتاری جوان لەگەڵ گەورە،خۆشویستن) ە.

| ٣-پاکوخاوێنی | |
|---|---|
| + ڕەوشتی جوان | + دەستشۆردن |
| + جلوبەرگی خاوێن | + پاراستنی ژینگە |
| + پیسنەکردنی جلوبەرگ | + پاراستن و پاککردنەوەی شوێنی گشتی |
| + هەڵگرتنی کەرەستەکان بە ڕێکوپێکی و خاوێنی | + پاککردنەوەی جێگای تایبەت بە خۆت |
| + فڕێنەدانی شت لەسەر زەوی | + بنەمای پاکوخاوێنی |
| + ڕۆڵی دایك و باوك بۆ جێبەجێکردنی پاکوخاوێنی | + کەمکردنەوەی گرفتەکان لە بواری تەندروستیدا |
| + ڕۆڵی پەروەردە لە پاکوخاوێنیدا | + دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی |
| +دەرکەوتنی سیمای جوانی ژینگە | + خۆپاراستن لە نەخۆشی |
| + پاکوخاوێنی جەستە | + هەوای پاك |

بەهای پاکوخاوێنی لە قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا (٢) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (دورکەوتنەوە لە نەخۆشی، بنەمای پاکوخاوێنی)ە، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا (٨) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (پاراستن و پاکڕاگرتنی شوێنی گشتی، پاراستنی ژینگە، بنەمای پاکوخاوێنی، فڕێنەدانی شت لەسەر زەوی، پاکوخاوێنی جەستە، هەڵگرتنی کەرەستەکان بە ڕێکوپێکی و خاوێنی، دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی)ە

| ٤- ڕێزگرتنی بەرانبەر | |
|---|---|
| + ڕەفتاری جوان لەگەڵ بەرانبەر | + هاوکاریکردن |

| | |
|---|---|
| + دڵسۆزی | + هەڵسوکەوتی جوان |
| + درۆنەکردن لەگەڵ بەرانبەر | + وەفاداری |
| + ئاخاوتنی دروست لەگەڵ بەرانبەر | + ڕێزگرتن لە بیروڕاکانی |
| + ڕێزگرتن لە کارەکانی | + سەلامکردن |
| + دادگەری | + کەمبونەوەی گرفت |
| + یەکبون | + ئارامی |
| + یارمەتیدان | + دوورکەوتنەوە لە کرداری خراپ |
| + چارەسەری گرفتەکان | + خۆشەویستی |
| + خۆشبەختی تاکەکان | + بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا |
| + جێبەجێکردنی فەرمانی بەرانبەر | - لێکدابڕان |
| - ناکۆکی | -خۆبەگەورە زانین |
| - خواردنی مافی خەڵك | - کەمبونی خۆشەویستی |

لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا (٢) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (خۆشەویستن، ڕێزگرتنی بەرانبەر)، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا (٣) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (یارمەتیدان، دڵسۆزی، جێبەجێکردنی فەرمانی بەرانبەر).

| ٥- نرخاندنی زانست | |
|---|---|
| + فێربونی زانست | + وەرگرتنی زانست |
| + هەوڵدان بۆ فێربوون | +زانینی ڕاستییەکان |
| + نرخاندنی زانست | + ناساندنی زانست |
| + دەرکەوتنی گەورەیی بەدیهێنەری | + نرخاندنی کات |
| + ئاسانکاری بۆ کارەکان | + خۆشویستنی فێربوون |
| + دەبێتە هۆی یارمەتیدانی کەسانی کەم ئەندام | + بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا |
| + دەرکەوتنی جوانییەکانی ژیان | + دەرکەوتنی بەهای مرۆڤ |
| + بەرزکردنەوەی ژیری مرۆڤ | + چاکەکاری |
| + پێشکەوتن | + زیرەکی |
| - دوواکەوتویی | - نەزانین |
| - توشبونی گرفت | - چارەسەرنەکردنی گرفت |

لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا (١) سیمای واتایی هەیە، کە سیمای واتایی (وەرگرتنی زانست)ە، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا (٦) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (خۆشویستنی فێربوون، نرخاندنی زانست، نرخاندنی کات، بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا، بەرزکردنەوەی ژیری، هەوڵدان بۆ فێربوون)

| ٦- ڕەوشتی ڕۆیشتن | |
|---|---|
| + به هێمنی ڕۆیشتن | + پەڕینەوە لە شوێنی تایبەتی پەڕینەوە |
| + سەیرکردنی ئەملاو ئەولا لەکاتی پەڕینەوەدا | + پێشنەکەوتنی خەڵکی تر |
| + دەستگرتنی منداڵ لە شوێنە گشتییەکان | + ئازارنەدانی کەسانی دەوروبەر |
| + پەیڕەوکردنی یاساکان ( یاسای پەڕینەوە) | + ڕێزگرتن لە کەسانی دەوروبەر |

(ڕەوشتی ڕۆیشتن) لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا باسنەکراوە، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا (١) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی ( پەڕینەوە لە شوێنی تایبەت) بەشێوەی هێمای سەرشەقام.

| ٧- سلاوکردن | |
|---|---|
| + سلاوکردن لە بەرانبەر | + ڕۆژباشکردن لە خێزان و دەوروبەر |
| + بەکارهێنانی وشەی پڕڕێزو جوان | + ئامانجی سلاوکردن |
| + لێکنزیککردنەوە کەسەکان | |

لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا(١) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی، سیمای واتایی (سەلامکردن)ە، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا باسنەکراوە.

| ٨- ڕاستگۆیی | |
|---|---|
| + کرداری دروست | + درۆنەکردن |
| + دروستبونی متمانە | + دروستبونی خۆشەویستی |
| + بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا | + بەهەدەرنەدانی پێگە کۆمەلایەتییەکان |
| + بەرپرسیارێتی | + ڕەوشتی جوان |
| - نادادگەری | - نابەرپرسیارێتی |
| -دروستبونی کێشە | |

لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا ئەم بەهایە باسنەکراوە، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا (٣) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (درۆنەکردن، دروستبونی خۆشەویستی، ڕەوشتی جوان) .

| ٩- گوێڕایەڵی | |
|---|---|
| + بە گوێگرتنی کەسانی تر | + دوورکەوتنە لەکرداری ناشرین |
| + جێبەجێکردنی کرداری جوان | + ڕێزگرتن لە کەسانی گەورەتر لە خۆمان |
| + یەکبون | + دروستبونی خۆشەویستی |
| + سەرکەوتن لە ژیان | + گوێڕایەڵی گەورە |
| - کرداری ناشرین | - لێکترازانی کۆمەڵ |

| | |
|---|---|
| - دابڕانی تاکەکان | - ڕێزنەگرتن |
| - دواکەوتنی کۆمەڵگا | |

لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا (١) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (گوێڕایەڵی گەورە)، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا (١) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (یەکبون)ە.

| ١٠- مامەڵەی جوان | |
|---|---|
| + سەلامکردن | + ئاخاوتنی دروست |
| + ڕەفتاری جوان لەگەڵ خێزانو دەوروبەرو هاوڕێ | + خۆشحاڵبون بە بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا |
| + یارمەتیدانی بەرانبەر | + ڕێزگرتنی بەرانبەر |
| + سەردانی نەخۆش | + هەڵسوکەوتی جوان |
| + خۆشەویستی | + پاراستنی ئەمانەت |
| + دورکەوتنەوە لە خراپە | + خێرکردن |
| + ئازارنەدانی گیانداران | + خاکیبون |
| + بەخشین | + خۆشویستنی تاکەکانی کۆمەڵ |
| + بەزەیی | + پاپەندبون |
| + مافدان بە بەرانبەر | + دانان بە هەڵە |
| + هەوڵدان بۆ کاری دروست | +جێبەجێکردنی ئەرك |
| + پەشیمانبونەوە | + ئامۆژگاری |
| + ڕێزگرتنی لە یاسا | + سوپاسکردن |

ئەم بەهایە لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا (٢) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (بەخشین، ئازارنەدانی گیانداران)ە، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا (١٤) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (هەڵسوکەوتی جوان، ئازارنەدانی گیانداران، ڕێزگرتنی لە یاسا، مافدان بە بەرانبەر، هەوڵدان بۆ کاری دروست، ئاخاوتنی دروست، سوپاسکردن، ئامۆژگاری، یارمەتیدان، بەرپرسیارێتی، پەشیمانبونەوە، جێبەجێکردنی ئەرك، دانان بە هەڵە، دورکەوتنەوە لە خراپە) .

| ١١- ئەمانەت | |
|---|---|
| + پارێزگاریکردن لە ئەمانەت | + پەیڕەوکردنی یاسای ئەمانەت |
| + وەفاداری بە ئەمانەت | + دانەوەی ئەمانەت |

ئەم بەهایە لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا باسنەکراوە، لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣) (١) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (دەستپاکی) ە.

| ١٢- هاوڕێیەتی | |
|---|---|
| + ڕێزگرتن | + ڕاستگۆیی |
| + دڵسۆزی | + پێکەوەبوون |
| + ڕێزگرتن لە بیروبۆچون و کارەکانی | + یارمەتیدان |
| + بەخشندەیی | + لێبوردەیی |
| + هاوکاریکردنی هاوڕێ | + پاراستنی نهێنی |
| + بەزەیی | + هەڵسوکەوتی جوان |
| + دوورکەوتنەوە لە خراپە | + دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست بۆ هاوڕێکەت |
| + خۆشحاڵبوون بە سەرکەوتن و خۆشییەکانی | + فریاکەتن لەکاتی تەنگانە |
| + چارەسەری گرفت بەشێوەیەکی دروست | + خستنەڕوی ڕاستییەکان |
| +هاوڕێیەتی | + یاریکردن |
| - خۆویستی | - دووڕویی |
| - دووبەرەکی | - خیانەت |

لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا (٤) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (یارمەتیدان، هاوڕێیەتی، یاریکردن، دوورکەوتنەوە لە شتی خراپ) لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا (٦) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی ( یاریکردن، پێکەوەبوون، هاوڕێیەتی، دڵسۆزی، هەڵسوکەوتی جوان، هاوکاریکردن).

بە پێی ئەم دیاریکردنەوە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا بە پێی سیما واتاییەکان بەهای (هاوڕێیەتی) زۆرترین بایەخی پێداراوە، دواتر (گوێڕایەڵی دایك و باوك، پاکوخاوێنی، ڕێزگرتنی بەرانبەر، مامەڵەی جوان)، (نرخاندنی زانست، ڕێزگرتنی گەورە، سڵاوکردن، گوێڕایەڵی)دێت، هەر یەك لە (ڕەوشتی ڕۆیشتن، ڕاستگۆیی، ئەمانەت)لەناو پڕۆگرامدا باسنەکراون.

لە پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا بەهای ( مامەڵەی جوان) زۆرترین بایەخی پێدراوە، دواتر (پاکوخاوێنی، ڕێزگرتنی گەورە) کە بایەخیان پێدراوە، پاشان بەهای (نرخاندنی زانست و هاوڕێیەتی)، (ڕاستگۆیی، ڕێزگرتنی بەرانبەر، ڕێزگرتنی دایك و باوك)، (ئەمانەت، گوێڕایەڵی، ڕەوشتی ڕۆیشتن)، بەهای سەلامکردن باسنەکراوە. ئەم ڕیزبەندییەش بە پێی ژمارەی ئەو سیما واتاییانەی کە تیایەتی دیاریکراوە.

ڕێگای دووەم: دیاریکردنی بەها و جۆری بەهاکان لە خشتەیەکداو پاشان دەستنیشانکردنی ئەو بەهایەی کە لە پڕۆگرامدا زیاتر بایەخی پێدراوەو ڕیزبەندکردنیان بە پێی ژمارەی دووبارەبونەوەیان.

پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)

| وانە | ناونیشان | بەها | جۆری بەها |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | دار | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٢. | دارا | زانیاری | بەهای زانستی زمان |
| ٣. | داو | ئاگادارکردنەوە | بەهای ڕەوشتی |
| ٤. | دەوری | زانیاری زمانی | بەهای زانستی زمان |
| ٥. | دوو | زانیاری | بەهای زانستی زمان |
| ٦. | داس | زانیاری کەرەستە | بەهای ئابوری |
| ٧. | دۆ | زانیاری | بەهای کۆمەڵایەتی |
| ٨. | سۆز | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٩. | زۆراب | ئاگادارکردنەوە، یارمەتیدانی دایك و باوك | بەهای ڕەوشتی، بەهای ئایینی |
| ١٠. | ئارد | زانیاری، یارمەتیدانی دایك وباوك | بەهای زانستی، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ئابوری، بەهای ئایینی |
| ١١. | بەیان | جێبەجیکردنی فەرمانی دایك | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ئابوری |
| ١٢. | نازێ | زانیاری زمانی، هاوڕێیەتی | بەهای زانستی زمانی، بەهای کۆمەڵایەتی |
| ١٣. | ئارام | زانیاری، بەخشین | بەهای زانستی و زانیاری |
| ١٤. | مەڕ | زانیاری | بەهای زانستی |
| ١٥. | مێوژ | زانیاری | بەهای زانستی |
| ١٦. | ئاوات | یارمەتیدان | بەهای رەوشتی |
| ١٧. | دارتاش | سلاڵوکردن | بەهای ڕەوشتی |
| ١٨. | ڕوناك | زانیاری | بەهای زانستی |
| ١٩. | تۆپ | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٢٠. | سەگ | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٢١. | شەپۆل | زانیاری، ئازارنەدانی باڵندە | بەهای زانستی و زانیاری، بەهای ڕەوشتی |
| ٢٢. | دەف | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٢٣. | هاژە | زانیاری | بەهای زانستی، بەهای ئابوری |
| ٢٤. | شەماڵ | ناساندنی کلتور | بەهای کۆمەڵایەتی |
| ٢٥. | بۆق | زانیاری | بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| ٢٦. | ساج | زانیاری، یارمەتیدانی دایك و باوك | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ڕەوشتی، بەهای ئایینی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٧. | سۆلاڤ | زانیاری ناساندنی ناو | بەهای زانستی |
| ٢٨. | قەرەداغ | زانیاری | بەهای زانستی، بەهای تەندروستی |
| ٢٩. | ورچ | زانیاری، هاوڕێیەتی | بەهای زانستی |
| ٣٠. | بەرخ | زانیاری، ناساندن | بەهای زانستی |
| ٣١. | قانیع | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٣٢. | مزراح | پاکوخاوێنی | بەهای کۆمەلاٌیەتی، بەهای ڕەوشتی |
| ٣٣. | ڕۆژەکانی حەفتە | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٣٤. | مانگەکانی ساڵ | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٣٥. | وەرزەکانی ساڵ | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٣٦. | جەژنی نەورۆز | زانیاری، پێکەوەبوون،نەتەوەیی | بەهای زانستی، بەهای کۆمەلاٌیەتی، بەهای نیشتمانی |
| ٣٧. | مامۆستا | سوپاسگوزاری، فێربوون، خۆشویستنی نیشتمان، ڕێزگرتنی بەرامبەر، یارمەتیدانی هاوڕێ، پاکوخاوێنی، دورکەوتنەوە لە نەخۆشی | بەهای کۆمەلاٌیەتی، بەهای نیشتمانی، بەهای تەندروستی |
| ٣٨. | نیشتمان | زانیاری، ناساندن | بەهای نیشتمانی |
| ٣٩. | چالاکی ١ | خۆشویستنی گەورە، فێربوون | بەهای زانستی، بەهای کۆمەلاٌیەتی |
| ٤٠. | چالاکی ٢ | زانیاری | بەهای زانستی |

بە پێی ئەم ڕێگای بە گشتی بەهای ناواخنکراو لە پڕۆگرامی خوێندنی کوردیی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی بۆ پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا بەهای (زانیاری و زانستی زمان) (٢٧جار)، بەهای کۆمەلاٌیەتی ( ٩جار)، بەهای (ڕەوشتی) (٧جار)، (بەهای ئابوری) (٤جار)، (بەهای نیشتمانی) (٣جار)، (بەهای تەندروستی، بەهای ئایینی) (٢جار) دووبارەبونەتەوە.

پڕۆگرامی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)

| وانە | ناونیشان | بەها | جۆری بەها |
|---|---|---|---|
| | پەڕتووک | زانیاری، هەوڵدان، پاراستنی کەرەستە، هیوابوون، گەشتن بە زانست | بەهای زانستی، بەهای کۆمەلاٌیەتی، بەهای ڕێنمایی |
| | سمۆرە | زانیاری،ناساندن، وریابون، هاوڕێەتی | بەهای زانستی پەیوەندی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | هاوڕێیەتی |
| ١ | زەرد | زانیاری ناسینەوەی ڕەنگەکان | بەهای زانستی |
| | قوتابخانەکەم خۆشدەوێت. | خۆشویستنی زانست، ناساندن | بەهای زانستی، بەهای خودی و کەسی |
| ٢ | دار | زانیاری ، ناساندن | بەهای زانستی |
| | ڕێز لە مامۆستاکەم دەگرم. | ڕێزگرتنی گەورە، خۆشویستن | بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و کەسی |
| ٣ | مۆز | زانیاری ناسینەوەی میوەکان | بەهای زانستی |
| | لەگەڵ هاوڕێکانم تەبام | هاوڕێیەتی، مامەڵەی جوان، خۆشویستن | بەهای ڕەوشتی، بەهای مرۆڤایەتی |
| ٤ | چاو | زانیاری ، ناساندن | بەهای زانستی |
| | لەسەر دیواری پۆلەکەم نانووسم. | پاکوخاوێنی، ڕەوشتی جوان، پاراستنی موڵکی گشتی | بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و کەسی، بەهای مرۆڤایەتی |
| ٥ | مەڕ | زانیاری ناسینەوەی گیانداران | بەهای زانستی |
| | نینۆك کردن چەند چاکە پیشەی منداڵی پاکە. | ڕەوشتی جوان، بنەمای پاك وخاوێنی | بەهای ڕەوشتی، بەهای تەندروستی |
| | پێنووس (شیعر) | نرخاندنی زانست، بەرزکردنەوەی ئاستی ژیری، خۆشویستنی زانست،گەشەکردنی کۆمەڵگا، دڵسۆزی، سودمەند، ڕۆڵی مامۆستا | بەهای زانستی |
| | ئاکاری ئاخاوتن | فێربوونی شێوازی ئاخاوتن | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی |
| ٦ | دۆ | زانیاری ناساندنی کلتور | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای خودی وکەسی |
| | من درۆ ناکەم. | ڕەوشتی جوان، ڕاستگۆی، هاندان بۆ ڕەوشتی جوان | بەهای ڕەوشتی |
| ٧ | نەی | زانیاری | بەهای زانستی زمانی |
| | یارمەتی دایك و باوکم دەدەم. | یارمەتیدان، هاوکاری | بەهای ئایینی، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی |
| | ئێك و دو(شیعر) | زانیاری ناساندنی ژمارە | بەهای زانستی |
| ٨ | ئاو | زانیاری ناساندنی سەچاوەی ژیان | بەهای زانستی |
| | کە هەڵە دەکەم داوای لێبوردن دەکەم. | ڕێزگرتن، ڕەوشتی جوان، داننان بە هەڵەدا | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و کەسی |
| | دەریا | زانیاری | بەهای زانستی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | نان | زانیاری | بەهای زانستی |
| | دەستپاکی ڕەوشتێکی جوانە. | ڕەوشتی جوان، پاراستنی ئەمانەت | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای مرۆڤایەتی |
| | ئەوەی جوان و وریایە ئاگای لە مامۆستایە. | ڕەوشتی جوان، ڕێزگرتنی گەورە، هاندان بۆ ڕەوشتی جوان | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی |
| ١٠ | ڕۆژ | زانیاری، ناساندن | بەهای زانستی |
| | کاتی خۆم بەفیڕۆ نادەم. | ڕەوشتی جوان، نرخاندنی کات، ڕێزگرتن لە کات | بەهای زانستی. بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی |
| | بلێین بەڵێ (شیعر) | ڕەوشتی جوان، شێوازی ئاخاوتن | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی |
| ١١ | دێ | زانیاری ناسینی شوێن | بەهای زانستی |
| | ئاووهەوای دێیەکەمان خۆشە. | زانیاری | بەهای زانستی |
| ١٢ | کەباب | زانیاری خۆراک | بەهای زانستی |
| | پارووی بچووک قوت دەدەم ئەوسا پارووی تر دەکەم. | زانیاری فێربونی شێوازی خواردن | بەهای زانستی وکۆزانیاری، بەهای تەندروستی |
| | ئاو سەرچاوەی ژیانە. | زانیاری | بەهای زانستی |
| ١٣ | ڕێواس | زانیاری خۆراک | بەهای زانستی |
| | یارمەتی مرۆڤی پیر دەدەم. | ڕەوشتی جوان، یارمەتیدانی گەورە، ڕێزگرتن | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای خودی و کەسی |
| | شاری یاری (وێنە) | پێکەوەبون، هاوڕێیەتی، یاریکردن، ناساندنی یاری، ناساندنی شوێنی یاری | بەهای زانستی، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای خودی وکەسی |
| ١٤ | بەڕوو | زانیاری ناساندنی خۆراک | بەهای زانستی |
| | پەڕتووکەکانم خاوێن ڕادەگرم | پاکوخاوێنی، هەڵگرتنی کەرەستەکان بە خاوێنی | بەهای زانستی، بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و کەسی |
| | بەڕوو | زانیاری، جێبەجێکردنی ئەرکی بەرامبەر | بەهای زانستی، بەهای ڕەوشتی |
| | پەپوولە (شیعر) | زانیاری، ناساندن، خۆشویستن | بەهای زانیاری، بەهای ڕەوشتی، بەهای جوانی |
| ١٥ | دەم | زانیاری | بەهای زانستی |
| | شەو زوو دەنووم، بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستم. | زانیاری، ڕەوشتی جوان، ڕاهاتن لەسەر ڕەوشتی جوان | بەهای زانستی، بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | کەسی |
| | منداڵی کوردستانین (شیعر) | ناساندن، نرخاندنی زانست، پێشکەوتنی نیشتمان | بەهای زانستی، بەهای نیشتمانی |
| ١٦ | پەت | زانیاری فێربونی پیت | بەهای زانستی |
| | دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە. | کارکردن، هەوڵدان، ئەنجامی کار | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ویژدانی |
| | زستان | زانیاری، ناساندنی وەرزەکان، زانینی ئاوهەوای وەرزەکان | بەهای زانستی، بەهای جوانی |
| ١٧ | بووک | زانیاری فێربونی پیت | بەهای زانستی |
| | کە ئەرکەکانم تەواوکرد، یاری دەکەم. | زانینی ئەرکی سەرشان | بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و کەسی |
| | کارکردن | ڕێزگرتنی پیشە، نرخاندنی کار، ناساندنی کار | بەهای زانستی، بەهای ئابوری |
| ١٨ | تیمساح | زانیاری | بەهای زانستی |
| | کەل و پەلی شوێنی گشتی ناشکێنم. | ڕەوشتی جوان، پاراستنی موڵکی گشتی، پابەندبون بە یاسا | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای خودی و کەسی |
| | بیکا بارانێ | زانیاری کلتور | بەهای زانستی |
| ١٩ | ئاش | زانیاری فێربونی پیت | بەهای زانستی |
| | پاکوخاوێنی شارەکەم دەپارێزم. | پاکوخاوێنی، پاراستنی ژینگە | بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و کەسی، بەهای تەندروستی |
| | پاکوخاوێنی ژینگە (شیعر) | پاکوخاوێنی، هاوکاری، پاکڕاگرتنی ژینگە، بەرپرسیارێتی، دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای تەندروستی |
| ٢٠ | تۆپ | زانیاری فێربونی پیت | بەهای زانستی |
| | وەرزش کردن تەندروستییە. | پاراستنی تەندروستی | بەهای تەندروستی |
| | کۆمپیوتەر | زانیاری، یارمەتیدانی بەرامبەر | بەهای زانستی، بەهای ڕەوشتی،بەهای مرۆڤایەتی |
| ٢١ | سەگ | زانیاری | بەهای زانستی |
| | هەولێر پایتەختی کوردستانە. | زانیاری ناسادنی شوێن | بەهای زانستی |
| | بەهار (شیعر) | زانیاری | بەهای جوانی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢ | کەف | زانیاری | بەهای زانستی |
| | من مندالّم مافم هەیە. | مافدان بە مندالّ | بەهای ڕامیاری |
| | فرۆکە | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٢٣ | مەل | زانیاری | بەهای زانستی |
| | من ئازاری بالّندە نادەم. | ڕەوشتی جوان، ئازارنەدانی بالّندە | بەهای مرۆڤایەتی، بەهای ویژدانی، بەهای ڕەوشتی |
| ٢٤ | قانع | زانیاری | بەهای زانستی |
| | خوێندن ڕووناکییە. | نرخاندنی زانست | بەهای زانستی |
| | شیعر | ئاگادارکردنەوە، هاوڕێ، دلّسۆزی | بەهای ڕەوشتی |
| | زمانێ کوردی (شیعر) | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٢٥ | دەهۆلّ | زانیاری | بەهای زانستی |
| | ڕێز لە یاسا دەگرین. | ڕەوشتی جوان، پابەندبون بە یاسا، ڕێزگرتن لەیاسا | بەهای ڕەوشتی، بەهای ڕامیاری |
| | ئەوەی ئاقلّە، وەکو نوقلّە، جێگای ناو دلّە | ڕەوشتی جوان، هاندان بۆ رەوشتی جوان | بەهای ڕەوشتی |
| | دارستان | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٢٦ | بەهرە | زانیاری | بەهای زانستی |
| | مامۆستای هونەر بەهرەدارە. | زانیاری | بەهای خودی و کەسی |
| | یاری | ناساندنی یاری | بەهای زانستی |
| ٢٧ | بۆق | زانیاری | بەهای زانستی |
| | قوتابی ژیر و چالاك خۆشەویستە. | ڕەوشتی جوان | بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و کەسی |
| | بۆق | زانیاری، ناساندنی تایبەتمەندییەکان | بەهای زانستی |
| | نەورۆزە مەستم (شیعر) | ناساندن، خۆشویستنی نیشتمان | بەهای زانستی، بەهای نیشتمانی |
| | باخچەی گیانداران (وێنە) | زانیاری سیفەتی گیانداران | بەهای زانستی |
| ٢٨ | شاخ | زانیاری | بەهای زانستی |
| | ئاوی ڕوبار و کانی پیس ناکەم. | ڕەوشتی جوان، پاراستنی ژینگە، بنەمای پاکوخاوێنی | بەهای ڕەوشتی |
| | خەندە | زانیاری، ناساندنی شوێن، خۆشویستنی زانست | بەهای زانستی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٩ | ساج | زانیاری | بەهای زانستی |
| | زبڵ و خاشاك فڕێ نادەمە سەر زەوی. | پاکوخاوێنی و فڕێنەدانی شت | بەهای ڕەوشتی |
| | باغ | زانیاری | بەهای زانستی |
| | ولاتەکەم بەهەشتی سەر زەمینە. | خۆشویستنی وڵات | بەهای نیشتمانی |
| | قەلەڕەش | زانیاری، ئازادی | بەهای زانستی |
| ٣١ | مرۆڤ | زانیاری | بەهای زانستی |
| | مرۆڤی ڕاستگۆ خۆشەویستە | ڕەوشتی جوان، ڕاستگۆیی، خۆشویستن | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەلایەتی، بەهای مرۆڤایەتی |
| | هەتاڤ | دڵسۆزی، ئامۆژگاریکردن،ئاگادارکردنەوە، سوپاسکردن، دورکەوتنەوە لە نەخۆشی | بەهای ڕەوشتی، بەهای زانستی، بەهای تەندروستی |
| ٣٢ | وورچ | زانیاری | بەهای زانستی |
| | ئێمە نەوەی دواڕۆژین. | زانیاری | بەهای زانستی |
| | یاری چاوشارکێ | هاوڕێیەتی، یاریکردن، دورکەوتنەوە لە خراپە، ئازارنەدانی باڵندە، پەشیمانبونەوە | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەلایەتی |
| | باخچەکەمان | هاوکاریکردن، پێکەوەبون، پاکردنەوەی شوێنی گشتی، جوانکردنی ژینگە | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەلایەتی، بەهای تەندروستی |
| ٣٣ | خەون | پاکوخاوێنی، ڕەوشتی جوان، گەشبینی، خۆشویستنی نیشتمان | بەهای ڕەوشتی، بەهای نیشتمانی، بەهای هزرو ئاوەزی |
| ٣٤ | وەرزەکان | زانیاری | بەهای زانستی |
| ٣٥ | پشووی هاوین | نرخاندنی کات، دابەشکردنی کات، یاریکردن لەگەڵ هاوڕێ، پەرەپێدانی توانای زانستی | بەهای زانستی |

لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا بەهای (زانیاری و زانستی) (٦٦جار)، بەهای (ڕەوشتی) (٣٣جار)، بەهای کۆمەلایەتی (١٧جار)، ( بەهای خودی و کەسی) (١٤جار)، (بەهای تەندروستی) (٧جار)، ( بەهای

مرۆڤایەتی) (٦جار)، (بەهای نیشتمانی) (٤جار)،( بەهای جوانی) (٣جار)، ( بەهای ویژدانی، بەهای ڕامیاری) ( ٢جار)، (بەهای ئابوری، بەهای هزری و ئاوەزی، بەهای ئایینی) ( ١جار) دووبارەبونەتەوە. بەمپێیە بە پێوەری زانستی پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا زیاتر بایەخ بە بەهای زانیاری و زانستی زمانی دراوە، پڕۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا جەخت لە بەهای ( زانیاری و زانستی، ڕەوشتی، کۆمەڵایەتی، خودی و کەسی) کراوەتەوە.

ب- قۆناغی دووەم

ڕێگای یەکەم: دیاریکردنی سیما واتاییەکانی ناوەڕۆکی ڕەوشتیی و پاشان ڕادەی گرنگیدان بەو سیما واتاییانەی کەلە ناوەڕۆکە ڕەوشتییەکاندا هەن، کە ئایا تا چەند سیمای ئەم بەهایانە لە ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکەدا دەبینرێن. ناوەڕۆکی ڕەوشتی بۆ قۆناغی دووەم (١٤) ناوەڕۆکەو ئەوانیش: ((بەخشین، بەزەیی، وەفا، بەخشندەیی، سەردانکردن، ئارامگرتن، سەردانی نەخۆش، دڵسۆزی لەکاردا، خۆشویستنی زمان، لێبوردەیی، خۆشویستنی ئەوانی تر، خۆشویستنی زانست، یاسا فێربوون، خۆشویستنی نیشتمان.[٣٦١]))، بە پێی ئەم ڕێگایە سیمای واتایی بۆ دركپێکردنی ناوەڕۆکی ڕەوشتی بریتیین لە:

| ١- بەخشین | |
|---|---|
| + یارمەتیدان | +چاکەکردن |
| +هاوکاری | +ئەرك سوك کردن |
| + دڵفراوانی | +پێزانین |
| +ئیمانداری | +ئەمەکداری |
| +دڵخۆشکردنی بەرامبەر | +ئادابی بەخشین |
| +پاداشتدانەوە لای خودا | +بەرهەمی بەخشین |
| +خۆشویستنی بەخشین | +ئامانجی بەخشین |
| +ڕێنمای کردن بۆ بەخشین | +چارەسەری گرفتی بەخشین |
| - ڕەزیلی | - خراپە |

ئەم بەهایە لەناو پڕۆگرامدا نییە.

| ٢- بەزەیی | |
|---|---|
| +یارمەتیدان | +ڕێزگرتن |
| +بەخشین | +چاکەکردن |
| +دەستگرتن | +ڕەوشتی جوان |
| +ئامانجی بەزەیی | +گرنگی لە کۆمەڵگە |
| +بەرهەمی بەزەیی | +زیادبوونی متمانە |

[٣٦١] شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٥: ٢٢)

| | |
|---|---|
| +ناساندنی بەزەیی | +بەرەو پێش چونی کۆمەڵگە |
| +هاوسەنگی | - دووبەرەکی |
| - خۆشنەویستن | - خۆویستی |
| - لێك ترازانی کۆمەڵگە | - نادادگەری |

ئەم بەهایە لەناو پرۆگرامدا نییە.

| ٣. وەفا | |
|---|---|
| +ڕێزگرتن | +باشبون |
| +پێزانین | +چاکەدانەوە |
| +پاداشتدانەوە | +ڕاستگۆی |
| +دڵسۆزی | +هاریکاریکردن |
| +خۆشویستن | +لێبوردەیی |
| +ئامانجی وەفا | +ناساندن |
| +سوپاسکردنی ئەوانەی فێرتدەکەن | +هاوکاریکردن |
| +متمانە | +جێ بەجێکردنی یاسا |
| +لیك نەترازانی کۆمەڵگا | +خۆشبەختی |
| +ئارامی | +کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ |
| +ئەنجامدانی کار لە کاتی خۆیدا | +ڕاهێنان لەسەر بە وەفایی |
| +بەجێ گەیاندنی ئەرکی سەرشان | +پتەوبونی کۆمەڵگا |

ئەم بەهایە (٢) سیمای واتایی تێدایە، کە سیمای واتایی (سوپاسکردنی ئەوانەی فێرتدەکەن، پاداشتدانەوە)یە.

| ٤. بەخشندەیی | |
|---|---|
| +یارمەتیدان | +هاریکاری |
| +بەزەیی | +هاوکاریکردنی ئەوانی تر |
| +دڵسۆزی | +لێبوردەیی |
| +ئامانجی بەخشندەیی | +بەرهەمی بەخشندەیی |
| +یاسایی بەخشندەیی | +ڕێزگرتن |
| +سوپاسگوزاری | +بەخشندەیی لە هەموو بوارەکانی ژیان |
| + یەکبون | + خۆشەویستی |
| - ڕەزیلی | - خۆویستی |
| - نائارامی | - لێکترازان |

ئەم بەهایە لەناو پڕۆگرامدا (٤) سیمای واتایی تێدا دەبینرێت، کە بریتییە لە (هاوکاریکردنی ئەوانی تر، سوپاسگوزاری، یارمەتیدان، ڕێزگرتن).

| ٥. سەردانکردن | |
|---|---|
| +دڵخۆشکردن | +خۆڕێکخستن |
| +سلاوکردن | +خۆشویستن |
| +مۆڵەت خواستن | +ڕێزگرتنی بەرامبەر |
| +ئارامبون | +گوفتاری جوان لەکاتی سەردانکردندا |
| +ڕێنماییکردن | +نزیکبونەوەی مرۆڤەکان لە یەکتر |
| +چارەسەری گرفت | +پابەندی کات |
| +هەواڵپرسین | + ئاگادارکردنەوە |
| +دیاریکردنی کات | + بێزارنەکردنیان |

ئەم بەهایە لەناو پڕۆگرامدا (٩) سیمای واتایی تێدا دەبینرێت، کە بریتییە لە (خۆڕێکخستن، مۆڵەت خواستن، سلاوکردن، خۆشویستن، زۆر قسەنەکردن، هەواڵپرسین، خۆئامادەکردن، دیاریکردنی کات، ئاگادارکردنەوە، بێزارنەکردنیان).

| ٦. ئارامگرتن | |
|---|---|
| +چاوەڕوانی | +بەردەوامی |
| +هەوڵدان | +بێ هیوانەبون |
| +توڕەنەبون | +پشت بەستن بەخوا |
| +نەشڵەژان | +هۆی چارەسەری گرفت |
| +ئامانجی ئارامگرتن | + خۆشبەختی |
| +بەرهەمی خۆشبەختی | +ڕاهێنان لەسەر ئارامگرتن |
| - توڕەبون | - شڵەژان |

ئەم بەهایە سیمای واتایی(نەشڵەژان)ی تیایە.

| ٧. سەردانی نەخۆش | |
|---|---|
| +ڕێزگرتن | +خۆشەویستی |
| +بەرپرسیارێتی | +دڵخۆشکردن |
| +دڵسۆزی | +هەواڵپرسین |
| +ئەمەکداری | + بێ دەنگی |

| | |
|---|---|
| + هێمنی | +کەم مانەوە |
| +نارەحەت نەکردن | + سۆزداری بۆی |
| +ئارامکردنەوەی | +ڕێنمای نەخۆش |
| +گرنگی پێدان | +گرنگی دان بە باری دەرونی و جەستەی |
| +دووعای خێر | +دڵنەوای کردن |
| +پاراستنی نهێنی نەخۆش | +چاودێری کردنی نەخۆش |

ئەم بەهایە لەناو پرۆگرامدا نییە.

| ٨. دڵسۆزی لە کاردا | |
|---|---|
| +پابەندبون | + بەڕێوەبردنی ئەرك |
| +بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا | +پەیڕەوکردنی ڕەوشتی جوان لە کاردا |
| + فێرکردنی ئەرکی سەرشان | + دڵسۆزی لە کاردا |
| + خۆشویستنی کارەکەی | +فێرکردنی ئەرکی سەرشان |
| + هەوڵدان بۆ کاری باشتر | + دروستی لە کاردا |
| +بەفیرۆنەدانی کات | + پابەندبونی کات لە کاردا |
| + ڕێزگرتنی ئەرکی بەرانبەر | +هاوکاریکردن لە کاردا |
| +ڕاپەڕاندنی کار لەکاتی خۆیدا | + ناساندنی پیشە |
| - خەشکردن | - ناپاکی |
| -پشت گوێ خستنی بنەماکانی کار | - تورەنەبون لە کار |

ئەم بەهایە (٦) سیمای واتایی لەناو پرۆگرامدا دەبینرێت، کە بریتین لە (بەڕێوەبردنی ئەرك، دڵسۆزی لەکار، بەفیرۆنەدانی کات، ناساندنی پیشە، فێرکردنی ئەرکی سەرشان، ڕێزگرتنی ئەرکی بەرانبەر).

| ٩. خۆشویستنی زمان | |
|---|---|
| + ڕێزگرتنی زمانی دایك و زمانەکانی تر | +بەکارهێنانی زمان |
| +خۆشویستنی زمان | +هەوڵدان بۆ فێربوون |
| +هەوڵدان بۆ بەردەوامی | +هەوڵدان بۆ جوانکردنی |
| +پاراستنی پێشینەوەی زمان و ڕێزگرتنی | +هەوڵدان بۆ وەرگرتنی زمان |
| +هەوڵدان بۆ فێرکردنی کەسانی تر | +هەوڵدان بۆ فراوانکردنی |
| +هەوڵدان بۆ ناساندنی | +زمان چی یە |

ئەم بەهایە سیمای واتایی (بەکارهێنانی زمان) تێدایە.

| ١٠. لێبوردەیی | |
|---|---|
| +بەخشینی بەرامبەر | +لێخۆشبون |

| | |
|---|---|
| +چاوپۆشین | +چاکەکردن |
| +یارمەتیدان بۆ دووبارەنەکردنەوەی | + راهێنان لەسەر بەخشین |
| +پیشاندانی کەسایەتی | +خۆشویستن |
| +تەبایی | +ناساندن |
| +زوڵمنەکردن | - ڕێزنەگرتنی بەرامبەر |

ئەم بەهایە (٢) سیمای واتایی ( تەبایی، زوڵمنەکردن) هەیە.

| ١١.خۆشویستنی ئەوانی تر | |
|---|---|
| +خۆشەویستی | +ڕێزگرتن |
| +متمانە | +دڵسۆزی |
| +ڕاستگۆی | +یارمەتیدان |
| +وەفاداری | +سەردانکردن |
| +هاریکاری | +بەڵێن بردنەسەر |
| +لێبوردەی | +چارەسەری گرفتەکان |
| +دەست گیرۆی | + بەخشین |
| +سلاوکردن | +گوێڕایەڵی |
| + سوپاسگوزاری | + ڕەفتاری جوان |
| + یەکبون | - دووبەرەکی |

ئەم بەهایە لەناو پرۆگرامدا (١٠) سیمای واتایی دەبینرێت، کە بریتین لە (خۆشەویستی، ڕێزگرتن، متمانە، ڕاستگۆیی، یارمەتیدان، سلاوکردن، گوێڕایەڵی، سوپاسگوزاری، ڕەفتاری جوان، یەکبون).

| ١٢. خۆشویستنی زانست | |
|---|---|
| + فێربوونی زانست | +هەوڵدان بۆ وەرگرتنی زانست |
| +نرخاندنی زانست | +هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی زانست |
| +هەوڵدان بۆ داهێنان | +خوێندن |
| +خۆشویستنی زانست | +بنەمای زانست |
| +ئامانجی زانست | +بەرهەمی زانست |
| +زیرەکی و وریایی | |

ئەم بەهایە لەناو پرۆگرامدا (٦) سیمای واتایی تێدایە، کە بریتییە لە ( زیرەکی، نرخاندنی زانست، خوێندن، بنەمای زانست، فێربونی زانست، خۆشویستنی زانست).

| ١٣. فێربوونی یاسا | |
|---|---|
| +فێربوونی بنەماکان | +وەرگرتنی یاساکان |

| | |
|---|---|
| +جێبەجێکردن | +دەرخستنی |
| +پاراستنی | +بەهەند وەرگرتنی |
| +گوێڕایەڵی یاساکان | +ڕاهێنانی کەسانی تر |
| +پابەندبون | +لانەدان لە یاسا |
| +پەیڕەوکردنی یاسا | +یاسا فێربوون |
| +ڕێباز یان ڕێگاکانی یاسا | +سودەکانی یاسا |
| +ئامانجی یاسا فێربوون | +بنەمای یاسا فێربوون |
| +خۆشویستنی یاسا | +پێشکەوتنی کۆمەڵگا |

ئەم بەهایە لەناو پڕۆگرامدا (٤) سیمای تێدایە، ئەوانیش ( یاسا فێربوون، لانەدان لە یاسا، خۆشویستنی یاسا، پێشکەوتنی کۆمەڵگا) .

| ١٤.خۆشویستنی نیشتمان | |
|---|---|
| +پاراستنی | +خۆشویستنی |
| +هەوڵدان بۆ پێشکەوتنی | +هەوڵدان بۆ ناساندنی |
| +پاراستنی کلتوری نەتەوە | +پاراستنی کەرەستەکانی نیشتمان |
| +خۆشویستنی کلتوری نەتەوە | +خۆشویستنی زمان و کەسەکانی |
| +شانازیکردن | +بەرگریکردن |
| +ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان | +ناساندنی نیشتمان |
| +یەکریزی گەلەکەی | +ناساندنی کلتورەکەی |

ئەم بەهایە لەناو پڕۆگرامدا (٢) سیمای تێدایە، کە بریتییە لە (خۆشویستن، پاراستن).

بەم پێیە لەناو پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەمدا بە پێی ژمارەی سیما واتاییەکان ریزبەندبکرێن، ئەوا بەهای (خۆشویستنی ئەوانی تر) وپاشان (سەردانکردن ) سەردانکردن زۆرترین سیمای واتایی تێدایە، دواتر ( دڵسۆزی لە کار، خۆشویستنی زانست)، ( بەخشندەیی، فێربوونی یاسا)، ( وەفا، خۆشویستنی نیشتمان، لێبوردەیی، ئارامگرتن، خۆشویستنی زمان) دێت، بەهای ( بەخشین، بەزەیی، سەردانی نەخۆش) لەناو پرگرامەکەدا باسنەکراوە.

ڕێگای دووەم: دیاریکردنی بەها و جۆری بەهاکان لە خشتەیەکداو پاشان دەستنیشانکردنی ئەو بەهایەی کە لە پڕۆگرامدا زیاتر بایەخی پێدراوەو ریزبەندکردنیان بە پێی ژمارەی دووبارەبونەوەیان. بە گشتی بەهای ناواخنکراو لە پڕۆگرامی خوێندنی کوردیی قۆناغی دووەمی بنەڕەتی لە خوارەوە ریزبەند کراوە:

| ناونیشان | بەها | جۆری بەها |
|---|---|---|
| ساڵی نوێمان پیرۆز بێت | خۆشویستنی زانست، دامەزراوەیی، گوێڕایەڵی، ڕێزگرتن | بەهای زانستی، بەهای ویژدانی، بەهای ڕەوشتی |

| | | |
|---|---|---|
| ئەم مرۆڤانە کاردەکەن | ناساندن، کۆزانیاری لەسەر پیشەکان | بەهای خودی و کەسی، بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| منداڵی ژیر | ناساندن، پاکوخاوێنی، هێمنی، گوێڕایەڵی، سلاوکردن | بەهای خودی و کەسی، بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی |
| مۆسیقا | کۆزانیاری | بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| قوتابخانە | خۆشویستنی زانست، بناغەی فێربوون، نرخاندنی زانست، پاراستنی شوێنی فێربوون، بەرزکردنەوەی ژیری | بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| چالاکی لاپەڕە ٢٧ | خۆشویستنی زانست، پارێزگاریکردن، خۆشویستنی گەورە | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ڕەوشتی |
| چالاکی لاپەڕە ٢٨ | بەرزنرخاندنی زانست | بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| پیاوێکی نابینا | یارمەتیدان، سوپاسگوزاری، خۆشویستنی ئەوانی تر، ڕەفتاری جوان، ڕێزگرتن لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی، بەهای مرۆیی |
| ئاواتی منداڵان | ناساندن، ماف، ڕێنمویی، ڕاوەرگرتن، ئارەزوی خوێندن و پێشکەوتن، ئازادی، نەکردنی کاری گران، فێربوون و فێرکردن، گوێلێگرتن | بەهای خودی و کەسی، بەهای ڕامیاری |
| چالاکی لاپەڕە ٣٤ | نرخاندنی کاری منداڵ | بەهای کۆمەڵایەتی |
| دۆستی یاسام | یاسافێربوون، ناساندن، سوپاسگوزاری، لانەدان لەیاسا، پێشکەوتنی کۆمەڵگا، خۆشویستنی یاسا | بەهای ڕامیاری، بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ڕەوشتی |
| ڕەوشتی سەردان | ڕەوشتی سەردانکردن، دانانی کات، ئاخاوتنی دروست | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی |
| وێنەی مینەکان | ناساندن، بەهای نەرێنی | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ترسان |
| کوردستان | ناساندن، سروشتی کوردستان | بەهای نیشتمانی، بەهای جوانی |
| گوند | ئاوەندانکردنەوە،خۆشویستنی نیشتمان، ناساندن، هەرەوەزی، بەروبوم | بەهای نیشتمانی، بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ئابوری، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای جوانی |
| ئالاکەمان | ناساندن، فێربوونی زانست، یەکبون | بەهای نیشتمانی، بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| جوانکاری شارو گوند | خۆشویستنی نیشمان، دڵسۆزی لە کار، یاسا | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی، |

| | | |
|---|---|---|
| | فێربوون، پاراستنی ژینگە | بەهای جوانی |
| هەموو کاردەکەن | ناساندن، دڵسۆزی و بەجێهێنانی ئەرکی سەرشان | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای خودی و کەسی |
| مامۆستای دڵسۆز | دڵسۆزی لە کار، بەخشندەیی، خۆشویستنی زانست، خۆشویستنی نیشتمان | بەهای ویژدانی، بەهای نیشتمانی |
| لەشساغی | زانیاری، خۆپاراستن، پاکوخاوێنی | بەهای تەندروستی، بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| ڕێزگرتن لە کات | دڵسۆزی لە کار، یاسا فێربوون، دابەشکردنی کات | بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی |
| خێزانێکی بەختەوەر | ڕەفتاری جوان، تەبایی، ڕاوێژکردن، هەڵسوکەوتی جوان | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی |
| بەرخەکەم | ناساندن، خۆشویستنی گیانداران | بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| کەروێشکێکی وریا | زانست، زانیاری، پلاندانان، وریایی و بەئاگابون | بەهای هزری و ئاوەزی |
| ئاو | زانیاری، ناساندن، یاسا فێربوون، بەفیڕۆنەدانی ئاو، پاراستنی سەرچاوەی ئاو | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ڕەوشتی، بەهای ئابوری |
| بۆ باوکم | ناساندن، خۆشویستن، خۆشویستنی نیشتمان | بەهای خودی و کەسی، بەهای نیشتمانی، بەهای ڕەوشتی |
| ڕاستگۆیی | ڕاستگۆیی، فێربوونی یاسا، ڕەفتاری جوان، یارمەتیدان | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی |
| گفتوگۆی گەنم و جۆ | فێربوونی زانست، ناساندن | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای خودی و کەسی، بەهای ئابوری |
| چالاکی لاپەڕە ٧٥ | زانیاری، نرخاندنی خۆراک | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ئابوری |
| تۆپتۆپین | ناساندن، خۆشویستنی زانست، خۆشویستنی نیشتمان | بەهای زانست و کۆزانیاری، بەهای نیشمانی |
| چەژنی منداڵان | پاراستنی ماف، سوپاسگوزاری، خوێندن، تەندروستی | بەهای مرۆڤایەتی، بەهای ڕامیاری |

بەهای ناواخنکراو لە قۆناغی دووەمدا، ئەو بەهایانەی کە بایەخی زیاتری پێدراوە لە ناو پرۆگرامەکەدا، بەپێی ژمارەی دووبارەبونەوەیان ئەوە دەردەکەوێت، کە (بەهای زانستی و کۆزانیاری) (١٧ جار) دووبارەکراوەتەوە لە ناو بابەتەکانی پرۆگرامەکەدا و بە پلەی یەکەم دێت، لە بایەخدانی ئەم بەهایەدا، پاشان (بەهای ڕەوشتی) (١٢ جار) دووبارەکراوەتەوە، (بەهای کۆمەڵایەتی) (٩ جار)، بەهاکانی تر بەم شێوەیەن: (بەهای خودی و کەسی) (٦ جار)،

(بەهای نیشتمانی) (٦جار)، ( بەهای ئابوری) (٤جار)، ( بەهای ڕامیاری) ( ٣جار)، ( بەهای جوانی) ( ٣جار)، (بەهای ویژدانی و مرۆڤایەتی) (٢ جار)، (بەهای تەندروستی و هزری و ئاوەزی و ترسان) (١ جار) دووبارەکراونەتەوە.

**پ- قۆناغی سێیەم**

ڕێگای یەکەم: دیاریکردنی سیما واتاییەکانی ناوەڕۆکی ڕەوشتیی، پاشان ڕادەی گرنگیدان بەو سیما واتاییانەی کەلە ناوەڕۆکە ڕەوشتییەکاندا هەن، کە ئایا تا چەند سیمای ئەم بەهایانە لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکەدا دەبینرێن. بە پێی ڕێگای دووەم سیمای واتای ناوەڕۆکی ڕەوشتی لە(١٦ ناوەڕۆك) پێکهاتووە، کە بریتین لە: ((بوێری، دڵسۆزی، سوپاسگوزاری، دادپەروەری، چاکەکردن، خاکیبوون، ئامۆژگاریکردن، ئارامگرتن، شەرمکردن، قوربانیدان، پیاوەتی، دەستپاکی، دامەزراویی، بڕوا، بەخشندە، یارمەتیدانی یەکتر.[٣٦٢]))

| ١- بوێری | |
|---|---|
| +ناساندن | +کەسایەتی |
| +بوێری لە تەنگانە | + گەیاندنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕاست |
| + جێبەجێکردنی یاسا | |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (کەسایەتی، گەیاندنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕاست) هەیە.

| ٢- دڵسۆزی | |
|---|---|
| + هەستکردن بە بەرپرسیارێتی | +خۆشەویستی |
| +یارمەتی | +پتەوکردنی کۆمەڵگا |
| - دابڕاندنی کۆمەڵگا | - خۆویستی |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، یارمەتی) تێدایە.

| ٣- سوپاسگوزاری | |
|---|---|
| +پێزانین | +ڕازیبون |
| +بەهێزکردنی پەیوەندی | +خۆشەویستی |
| +ڕێزگرتن | +خۆشبەختی تاکەکان |
| +هاوکاری | + بە هەندووەرگرتنی پرسەکان |
| + هاندان بۆ چاکەکاری | + چاکەکردن |
| + سوپاسگوزاریی | + دەستپاکی |
| + ئەمەکداری | +پیاوەتی |

[٣٦٢] شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٥: ٢٢)

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (ڕازیبون، ڕێزگرتن، هاوکاری، چاکەکردن، سوپاسگوزاریی، دەستپاکی) تێدایە.

| ٤- دادپەروەری | |
|---|---|
| + پابەندبونی یاسا | + ناساندنی یاسا |
| + خۆشویستنی یاسا | +پەیرەوکردنی یاسا |
| +یەکسانی تاکەکان | + پەیوەندی کۆمەلآیەتی |
| +راپەراندنی کار | +هاوسەنگی کۆمەلآیەتی |
| - زەلیلی | - زامنەکردنی ئاسایشی کۆمەڵگا |
| -یەکسان نەبوونی کۆمەڵگا | **- ژێردەستی** |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (پابەندبونی یاسا) تێدایە.

| ٥- چاکەکردن | |
|---|---|
| + خۆشەویستی | + هاوکاری |
| + ڕێزگرتن | + بەرەوپێش چونی کۆمەڵگا |
| +هاندانی تاکەکان | + پاپەندبون |
| +ئاکاری جوان | + داهاتوی باش |
| +خۆشبەختی | + ڕازیبوونی تاکەکان |
| + بەرپرسیارێتی | + جێبەجێکردنی ئەرك |
| + ئارامی دەرون | + ژیاننەوە |
| - خۆشنەویستن | - نەبونی متمانە |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (هاوکاری، ئاکاری جوان، بەرپرسیارێتی، ئارامی دەرون، جێبەجێکردنی ئەرك،) تێدایە.

| ٦- خاکیبون | |
|---|---|
| + خۆشەویستی | + سادەیی |
| + هاوکاریکردن | +ڕێزگرتنی بەرامبەر |
| + ڕاپەراندنی کار | + خۆشەویستی تاکەکان |
| + ڕازیبوون | + ئارامی |
| + بەخشندەی | + جوانی |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (هاوکاریکردن، ڕاپەراندنی کار) تێدایە.

| ٧- ئامۆژگاریکردن |
|---|

| | |
|---|---|
| + پتەوبونی کۆمەڵگا | + ژیاننەوە |
| + بەرەوپێش چونی کۆمەڵگا | + خۆشویستن |
| + هاوکاری | + ئاگادارکردنەوە |
| + ڕێنمونی | + ئاخاوتنی دروست |

**ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی** (بەرەوپێش چونی کۆمەڵگا، ڕێنمونی، ئاگادارکردنەوە، ئاخاوتنی دروست) تێدایە.

| ٨- ئارامگرتن | |
|---|---|
| + ژیان | + سەرکەوتن بەسەر گرفتەکان |
| + رازی بوون | + بونی متمانە |
| + بەرگەگرتنی ناخۆشیەکان | + کەسایەتی نموونەیی |
| + بەرزی ئاستی ووشیاری | + قبولّکردنی بەرانبەر |
| + ئاسۆی روون | + ژیاننەوە |
| + هەڵسوکەوتی جوان | + هیوابوون بە ژیان |
| - بوونی گرفت | - چارەسەرنەکردنی گرفت |
| - داروخان | - بیّ ئومێدی |
| - زیادبونی گرفت | |

**ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی** (بەرگەگرتنی ناخۆشیەکان، کەسایەتی نموونەیی، قبولّکردنی بەرانبەر) تێدایە.

| ٩- شەرمکردن | |
|---|---|
| + دووركەوتنەوە لە کۆمەڵگا | + دەرنەبرینی هەست |
| +نەدانی ماف | + وەرنەگرتنی ماف |
| | |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا نییە.

| ١٠- قوربانیدان | |
|---|---|
| + کەسایەتی بەرز | + کۆمەڵگای پێشکەوتوو |
| + خۆشویستن | + هاوکاری |
| + هەستی بەرزی کۆمەلاّیەتی و نیشتمانی | + درێژەدان بە ژیانی سەرکەوتوو |
| +هاوسەنگی | + دادپەروەری |
| + ریّزگرتن | + ژیاننەوە |
| + وەرگرتنی ماف | + هاوخەمی |

| | |
|---|---|
| + ئازادی | -وەرنەگرتنی ماف |

**ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی** (هەستی بەرزی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی، درێژەدان بە ژیانی سەرکەوتوو) تێدایە.

| ١١- پیاوەتی | |
|---|---|
| + هەڵسوکەوتی جوان | +رێزگرتن |
| + یارمەتی | + هاوکاری |
| + رازاندنەوەی ژیان | + خۆشەویستی |
| + چاکەکردن | + رێنموینی یەکتر |
| + هاوخەمی | + کەمکردنەوەی ناخۆشیەکان |
| + وەرگرتنی ماف | |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (هەڵسوکەوتی جوان، چاکەکردن، هاوخەمی، کەمکردنەوەی ناخۆشیەکان) تێدایە.

| ١٢- دەستپاکی | |
|---|---|
| +هەڵسوکەوت جوان | +دڵنیای |
| + ئارامی | +خۆشبەختی |
| +ژیاننەوە | + رێنمایی کردن |
| + هاندانی منداڵان | + خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا |
| + رازی بوونی تاکەکان | + نەبونی گرفت |
| + کەمبونی گرفت | + بونی ئاسایشی کۆمەڵگا |
| + دادپەروەری | + ئاسودەی |
| + کەسایەتی سەرکەوتو | +متمانە |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (هەڵسوکەوت جوان، هاندانی منداڵان، خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا، متمانە ) تێدایە.

| ١٣- دامەزراوەیی | |
|---|---|
| +پابەندبون | +کەسایەتی سەرکەوتو |
| + چارەسەری گرفت | + توانای چارەسەری گرفتەکان |
| + هاوکاری | + متمانە |
| + تەرکیز | + یارمەتی لە بەرێوەبردنی کار |
| + کۆمەڵگای پێشکەوتو | + ئامادەبون |
| + ئازایەتی | + بوێری |

| | |
|---|---|
| - بێ متمانەی | - بەڕێوەنەبردنی کار |

**ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی** (پابەندبون، یارمەتی لە بەریوەبردنی کار) تێدایە.

| ١٤- بڕوا | |
|---|---|
| + متمانە | + جێگیری |
| + درۆنەکردن | + سەرکەوتن |
| + گونجاندن | + خۆشویستن |

**ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی** (درۆنەکردن، سەرکەوتن ) تێدایە.

| ١٥- بەخشندە | |
|---|---|
| + هەڵسوکەوتی جوان | + جوانی |
| + دادپەروەری | +یەکسانی |
| + پەیوەندی بەهێز | + ژیاننەوە |
| + خۆشگوزەرانی | + کەمکردنەوەی گرفت |
| + گەشبینی | + ئارامی |
| + دڵنیایی | + کۆمەڵگای پێشکەوتو |
| + کەمکردنەوەی ئەرك | - خۆویستی |
| - دابرانی کۆمەڵگا | |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (ژیاننەوە، هەڵسوکەوتی جوان، پەیوەندی بەهێز) تێدایە.

| ١٦- یارمەتیدانی یەکتر | |
|---|---|
| + خۆشەویستی | + هاوکاری |
| + هاوخەمی | + کەمکردنەوەی ئەرك |
| + کۆمەڵگای بەختەوەر | + یەکبون |
| + پەیوەندی بەهێز | +ژیاننەوە |
| + ئارامی | |

ئەم بەهایە، لە پرۆگرامدا سیمای واتایی (خۆشەویستی، هاوکاری، هاوخەمی) تێدایە.

بەپێی ژمارەی سیما واتاییەکان لەناو پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەمدا ڕیزبەندبکرێن، ئەوا بەهای (سوپاسگوزاری) وپاشان (چاکەکردن) سەردانکردن زۆرترین سیمای واتایی تێدایە، دواتر ( ئامۆژگاریکردن، پیاوەتی، دەستپاکی)، ( بەخشندە، بوێری، ئارامگرتن، یارمەتیدانی یەکتر)، ( دڵسۆزی، خاکیبون، قوربانیدان، دامەزراوەیی، بڕوا) ( دادپەروەری) دێت، بەهای ( شەرمنکردن) لەناو پرۆگرامەکەدا نییە.

ڕێگای دووەم: دیاریکردنی بەها و جۆری بەهاکان لە خشتەیەکداو پاشان دەستنیشانکردنی ئەو بەهایەی کە لە پڕۆگرامدا زیاتر بایەخی پێدراوەو ڕیزبەندکردنیان بە پێی ژمارەی دووبارەبونەوەیان. بە گشتی بەهای ناواخنکراو لە پڕۆگرامی خوێندنی کوردیی قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی، لە خوارەوە ڕیزبەند کراوە:

| ناونیشان | بەها | جۆری بەها |
|---|---|---|
| لەسەرەتای ساڵەوە | خۆشویستنی زانست، خۆشویستنی ئەوانی تر، دامەزراوەیی، ئامۆژگاری، ئاگادارکردنەوە | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی، بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| ڕەوشتی باش | ڕەوشتی باش، ئامۆژگاری، دەستپاکی،نرخاندنی زانست، فێربونی یاسای پەڕینەوە لە شەقام، دابەشکردنی کات | بەهای ڕەوشتی، بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ڕامیاری |
| (چالاکی لاپەڕە٩)قوتابخانە بۆ زانین هێلانەیە | نرخاندنی زانست | بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| چۆلەکەو ڕێوی | ئامۆژگاری، ئازارنەدانی کەس، ئەنجامی زۆرداری، ناساندن | بەهای ڕەوشتی، بەهای ویژدانی، بەهای خودی و کەسی |
| ددانەکانمان | پاکوخاوێنی، ئامۆژگاری، پاراستنی جەستە، ئاگاداربون، زانیاری | بەهای تەندروستی، بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ڕەوشتی |
| قوتابیم (شیعر) | دامەزراوەیی، نرخاندنی زانست، هەوڵدان | بەهای خودی و کەسی، بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ڕەوشتی |
| (چالاکی ٢ لاپەڕە ٢٠) بخوێنە چونکە خوێندن مەرهەمە بۆ زامی گەل | نرخاندنی زانست، پێشکەوتنی کۆمەڵگا | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای نیشتمانی |
| ئەنجامی درۆکردن | ئامۆژگاری، ڕەوشتی خراپ، ئەنجامی درۆکردن | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی |
| زانایەکی نەمر | زانیاری، ئەزمون، گەیاندنی زانیاری، ناساندن، فێربونی پرسیارکردن | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای هزری و ئاوەزی |
| دوژمنی زانا لە دۆستی نەزان چاکترە(لاپەڕە٢٨) | زانیاری | بەهای بەهای زانستی و کۆزانیاری |
| (خۆر سەرچاوەی رووناکی وهەموو وزەیەکە). (لاپەڕە٣٠) | زانیاری | بەهای بەهای زانستی و کۆزانیاری |

| | | |
|---|---|---|
| سەیرانەك ل كوردستانێ | خۆشویستنی نیشتمان، یەكبون، كوردبون، ناساندن | بەهای نیشتمانی، بەهای جوانی |
| كۆترو مێرولە | چاكەكردن، یارمەتیدانی یەكتر، سوپاسگوزاری، پاداشتی چاكە | بەهای كۆمەلاّیەتی، بەهای ڕەوشتی |
| (چالاكی لاپەڕە٤١)تۆ چاكە بكەو بیدە بە ئاوا با كەس نەزانێ لای خوا نوسراوە. | چاكەكردن، پاداشتی چاكە | بەهای ئایینی، بەهای ڕەوشتی |
| كوردستان | پاراستنی خاك، دڵسۆزی، خۆشویستنی نیشتمان، قوربانیدان | بەهای نیشتمانی، بەهای خودی و كەسی |
| زستانی كوردستان | ناساندن، زانیاری، ئامۆژگاری، یاریكردن، جێبەجێكردنی ئەرك | بەهای جوانی، بەهای زانستی و كۆزانیاری، بەهای ڕەوشتی |
| شێوازی ئاخاوتن | ئامۆژگاری، ئارامگرتن، ڕەوشتی جوان، ڕێزگرتن، شێوازی ئاخاوتن | بەهای كۆمەلاّیەتی، بەهای ڕەوشتی |
| (چالاكی لاپەڕە٥١) قسە هەزارەو دووانی بەكارە. | شێوازی ئاخاوتن | بەهای ڕەوشتی |
| شێرومشك | ڕێزگرتن، سوپاسگوزاری، یارمەتیدانی یەكتر، پاداشتی چاكە، توانایی، ئازارنەدانی بەرامبەر | بەهای كۆمەلاّیەتی، بەهای مرۆڤایەتی، بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و كەسی |
| (ژیری بە گەورەیی و بچووكی نییە) (لاپەڕە ٥٥) | نرخاندنی زانست | بەهای زانستی و كۆزانیاری |
| پەشیمانی | پەشیمانی، خۆشویستنی نیشتمان، تەنیایی، هەرەوەزی، ئارامگرتن، ئامۆژگاری، خۆشویستنی ئەوانی تر، ئەنجامی توڕەبوون | بەهای نیشتمانی، بەهای كۆمەلاّیەتی، بەهای مرۆڤایەتی، بەهای خودی و كەسی |
| (چالاكی٤ لا٦٠) توڕبوون چرای بیردنەوە دەكوژێنێتەوە هەموو توڕەبونێك پەشیمانی لە دوایە | ئامۆژگاری، پەشیمانی | بەهای كۆمەلاّیەتی، بەهای ڕەوشتی |
| ژینی لادێ | ناساندن، یارمەتیدانی یەكتر، هەرەوەزی، زانیاری، خاكیبون، ناساندنی كار، دامەزراوەیی، نەبوونی | بەهای كۆمەلاّیەتی، بەهای جوانی، بەهای زانستی و كۆزانیاری، بەهای ڕەوشتی، بەهای ڕامیاری |

| | | |
|---|---|---|
| | جیاوازی، ناساندنی کار، ئەنجامی کار | |
| دراوسێی باش | سوپاسگوزاری، دڵسۆزی، بەخشندە،یارمەتیدانی یەکتر، چاکەکردن، تورەنەبون لە یەکتر | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و کەسی |
| بولبولێکی داماو | یارمەتیدان، چاکەکردن، بەخشندە، دادپەروەری، سەربەستی، ئەنجامی بەندکردن، ڕاهێنان لەسەر چاکە | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ویژدانی، بەهای تەندروستی |
| منداڵینە، ئاگاداربن | زانیاری، ناساندنی هێماکان، یارمەتیدانی یەکتر، یاریکردن، ئامۆژگاری، ئاگادارکردنەوە | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ڕامیاری |
| میرێکی ناودار | ناساندن، زانیاری، دڵسۆزی، نیشتمان پەروەر، کەسایەتی | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای خودی و کەسی، بەهای نیشتمانی |
| هەرەوەز (شیعر) | یارمەتیدانی یەکتر، وردبینی | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای هزری و ئاوەزی |
| دەستپاکی | دەستپاکی، ڕاستگۆیی، پاداشتی دەست پاکی، سوپاسگوزاری، هاندان بۆ چاکە | بەهای ئایینی ، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ڕەوشتی، بەهای خودی و کەسی |
| کولێرە | ئارامگرتن، زانیاری، ڕێزگرتن، پێکەوەبون | بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای تەندروستی |
| (چالاکی لاپەڕە٨٩) (بەهۆی گەڵە گەنمێکەوە سەد گوڵە زیوان ئاو دەخواتەوە) | نرخاندنی چاکەکردن | بەهای مرۆڤایەتی، بەهای کۆمەڵایەتی |
| دوومێشولە | خۆپاراستن، زانیاری | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای تەندروستی |
| ئەنجامی لەخۆبایی بوون | سەردانکردن، یەکگرتن،لەخۆباییبون،خۆپەسەندی | بەهای خودی و کەسی، بەهای ڕەوشتی |
| کوردستانمان شیرینە | ناساندنی کوردستان | بەهای نیشتمانی، بەهای جوانی |
| پەز | ماف، ڕێزگرتن لە پیشەی یەکتر، زانیاری، ناساندن | بەهای زانستی و کۆزانیاری، بەهای ڕەوشتی، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای خودی و کەسی، بەهای ڕامیاری |

به پێی پێوەری بەها ڕەوشتییەکان بۆ قۆناغی سێیەم بە پێی جۆری بەهاکان، (بەهای ڕەوشتی) (١٨جار)، ( بەهای زانستی و کۆزانیاری) (١٧ جار) دووبارەکراوەتەوە، بەهای کۆمەڵایەتی (١٥ جار) دووبارەکراوەتەوە، پاشان (بەهای خودی و کەسی) (١٠جار)، (بەهای نیشتمانی) (٦ جار)، (بەهای تەندروستی و بەهای جوانی و بەهای ڕامیاری) (٤ جار)، (بەهای مرۆڤایەتی) (٣ جار)، (بەهای ویژدانی و هزری و ئاوەزی و ئایینی) (٢ جار).

## ٢-٣/٣-٢-٤-٢) هەڵسەنگاندنی بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پڕۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا

نووسین وێنەگرتن و هێماکردنی ئاخاوتنە، ئەگەر هاتوو دەرفەتی شیاوو پێویست بۆ قوتابی نەڕەخسێنرا، کە ئەمە بە کارەکی بکات ئەوا پڕۆسەی نوسینیشی توشی گرفت دەبێت. دەبێت پڕۆگرام بەشێوەیەك بێت، کە قوتابی فێری هونەری دەربڕین و نووسین بکات، بە کورتی هەڵسەنگاندنێك* بۆ بنەمای زمانی پەروەردەیی لە قۆناغی بنەڕەتیدا دەکەین:

یەکەم: بنەمای دەماریی- زمانیی
پێوەرێکی گرنگی بنەمایی دەماریی- زمانیی وروژاندن و بەگەڕخستن و کارەکیکردنی هەردوو لای مێشکی قوتابییە، کە ئەمە لە پڕۆگرامی خوێندندا بەگشتی بە کەمی دەبینرێت.

دووەم: بنەمای کۆمەڵایەتی-زمانیی
١. ناڕێزبەندی لە ڕێکخستنی واتای ڕستەکان/ دەقەکان وپەیوەست نەبونی بیرەکان.
ا- لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٣)دا لە لاپەڕە (٣٨) دا بابەتی ( زۆراب) بەمشێوەیە داڕێژراوە:
٣- بایز: زۆراب وەرە!
بۆرە بە دوای بابەوەیە.
زوو وەرە زوو!
وەرە بیبەرەوە!
پێویستبوو دەقی دووەم ( بۆرە بەدوای بابەوەیە) لە سەرەتادا بێت، پاشان بانگ لە زۆراب بکرێت کە سەگەکە بباتەوە، چونکە تا ڕوداوێك ڕونەدات، داوا لە بەرانبەر ناکرێت، کە کارێك ئەنجامبدات.
ب- لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم ساڵی (٢٠١١) لە لاپەڕە (٥٥) کۆمەڵێك ڕستە نوسراون، بێئەوەی هیچ بەهایەك یان زانیارییەك بە قوتابی بدرێت، کە نازانرێت هۆکاری ڕیزکردنی ئەم ڕستانە چین؟، بۆ نموونە:
٤- وای زانی دەیخوات.
٥- وای زانی نەهاتووە.
٦- وای زانی براکەیەتی.
٢. پەروەردەکردنی قوتابی بە بنەما کلتوری و کۆمەلاّتی و ڕەوشتییەکان.

---

* لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە بۆ بەرەوپێشبردنی پڕۆگرامی خوێندندا کراوە، بەلاّم کەموکورتی دەبینرێت، بە ئامانجی بەرەو باشتر بردن و کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئەو کەموکورتییانە، ئەم هەڵسەنگاندنە بە پێی پێوەرە زانستییەکان بۆ زمانی پەروەردەیی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی دەخرێتەڕوو.

ا- له پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٣)دا له لاپەڕە ٤١دا بابەتی ( بەیان) دا نوسراوە:

٧- ئادەی بەیان!

ئەو نانە بدە بە سازان.

نەورۆز ئادەی!

ئەو نانە بدە بە نەسرین.

لێرەدا وشەی (ئادەی) لەگەڵ کلتورو ڕەوشتی کۆمەڵایەتیدا ناگونجێت و لەهەمان کاتیشدا قوتابی فێری شێوازی ئاخاوتنی نەگونجاوو نەشیاو دەکات، ئەمە پێچەوانەی ڕەوشتی فەرماندان و ڕوخسەت وەرگرتنە، وادەکات کە قوتابی زۆر لای ئاسایی بێت، کاتێك داوایەك لە کەسێك بکات، بڵێت (ئادەی)، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا شێوازی نزمی ئاخاوتنە. دەبوو لەجیاتی ئەو وشەیە بنوسرایە ( بەیان گیان، بەیارمەتیت، بێزەحمەت، ببورە ئەوە بدە بە سازان) کە لێرەدا هەم پیتەکە فێری منداڵ دەکرێت، هەم ڕەوشتی ئاخاوتنی بەرز پیشانی منداڵ دەدرێت و ڕادەهێنرێت لەسەر ئەم شێوازە.

ب- گرنگە پرۆگرام بەشێوەیەك دابڕێژرێت کە کۆزانیاری بە قوتابی بدات و لەگەڵ وەرگرتنی کۆزانیارییەکەشدا بەهاو ڕێز پیشانبدرێت، یەکێك لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی کلتوری کوردی ڕێزگرتن بوە لە ئەندامانی خێزان و گەورەو بچوك لەناو کۆمەڵگا، کە زۆرجار ئەم ڕێزە بە وشە دەربڕاوە، بۆنموونە بەکارهێنانی وشەی ( دادە، کاکە، بەڕێز، قوربان، ....)، یان بۆ منداڵ ( گوڵی جوان، ئاقڵ، ..)، یان ناوی پیشەی ئەو کەسە لە پێش ناوەکەیەوە بەکارهێنراوە بۆ مەبەستی ڕێزگرتن و بەرزنرخاندنی پیشەکەی، لایەنێکی تر بەکارهێنانی دروستە ڕێزمانییەکانە، بۆ نموونە بەکارهێنانی جێناوی سەربەخۆو جێناوی لکاوی کۆ لە بەرانبەر تاکێکدا بە مەبەستی ڕێزگرتن ( وەك بەڕێزتان، ئێوە، بۆ خۆتان،..)، لە ڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی کۆ، ئەمەش لە ڕێگەی ناڕاستەخۆوە منداڵ ڕادەهێنرێت، کە ئاخاوتنەکانی بەشێوەی کۆ بکات و لە ڕێگەی ئەم ڕاهێنانەوە ناڕاستەوخۆ فێری یاساکانی ڕێزمانی زمانەکەش دەبێت، کە شێوازی بەرزی ئاخاوتن لە کلتوری کوردیدا پیشاندەدات، گرنگە ئەم شێوازی ئاخاوتن و بەها ڕەوشتییە لە پرۆگرامی خوێندندا ڕەنگبداتەوەو بەرجەستەکرابێت، بۆ ئەوەی قوتابی لەم ڕێگەیەوە بەها ڕەوشتییەکان فێربێت و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیشیدا بەکاریبهێنێت، بەلاَم لە پرۆگرامی خوێندندا ئەم لایەنە گرنگی تەواوی پێنەدراوە، بۆ نموونە:

١. ڕێزگرتن لە بەکارهێنانی ناوی تاکەکان و نازناوی پیشەییان، بۆ نموونە لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا لاپەڕە (٧٢) نوسراوە ( مامۆستاکەی ناوی خاتوو ئاواتە)، ئەم ڕستەیە منداڵ فێردەکات بە شێوەیەکی نەگونجاو ناوی مامۆستاکەی بڵێت، کە ( خاتوو) بۆ ناوی مامۆستا بەکارناهێنرێت.

٢. لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە لاپەڕە (١٩)دا نوسراوە ( ئەم مرۆڤانە چ کارەن....)، دەگونجێت ئەم پرسیارە بەم شێوەیە بکرایە( قوتابی خۆشەویست ئەم پیشانەی لای خوارەوە ناویان چییە؟)، تا هەم شێوازی ئاخاوتن فێری قوتابی بکرێت، هەم ئەو پیشانە بە قوتابی بناسێنرێت و پیشەکان لەلای بەڕێزو گرنگ و بەبایەخ بێت.

پ- لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە لاپەڕە (٥٠) دا جگە لەوەی شێوەی دەقەکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دانەڕێژراوە، لەهەمان کاتدا نوسراوە ( بابە گیان، سۆزو بەڵێن بێت بە خۆم کاری وا نابەجێ ناکەم....)، دەستەواژەی ( سۆزو بەڵێن) دەستەواژەیەکی ناڕونەو ئەم شێوە بەکارهێنانە لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا

نییەو نەبیستراوە، (سۆز) بۆ خۆشەویستی و ڕێزو دڵسۆزی بەکاردێت و (بەڵێن)یش بۆ پەیماندان بەکاردێت، بەڵام بەکارهێنانی (سۆز) لەگەڵ (بەڵێن) دا واتاکەی ناڕون کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی سوێندخواردن بە غەیری خودا لە ڕوی ئاینیەوە، کە لەناو گەلی کورددا پەیڕەودەکرێت کارێکی نەشیاوە، بۆیە نابێت پڕۆگرام وشەیەك دابنێت، کە بە پێچەوانەی یاساکانی ئایینەوە بێت، بە هەمان شێوە لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم ساڵی (٢٠١١)دا لەلاپەڕە (٨٦)دا لە بابەتی کولێرەدا نوسراوە ( تو سەری خاڵم).

٣. پێویستە وشەو دەستەواژەکان لەگەڵ ژینگەی ئێستای منداڵدا بگونجێن.

ا - لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٣)دا لە چالاکی لاپەڕە (٤٩) دا نوسراوە، (شۆڕش باراش دەبات بۆ ئاش)، لە ئێستادا نەئاش هەیەو نە باراش هەیە، منداڵ ئێستا ئەم وشانە بەکارناهێنێت لەناو خێزان و دەوروبەریشیدا نەیبیستوە، بۆیە لەم وشانە تێناگات، ناتوانێت بۆشاییەکە پڕبکاتەوە، بەمەش پەینەبردن و درکنەکردنی بابەتەکەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە گرنگە وشەو دەستەواژەیەك بەکاربهێنرێت، کە لەگەڵ ژینگەو دەوربەریدا بگونجێت، یان لە بابەتی پێشتردا ئەم وشەو دەستەواژانەی بۆ ڕونکرابێتەوە، یان لاپەڕە ( ٥٢) نوسراوە (پاسی ڕان دەکات).

ب- هەندێك وشە لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا بەکارهاتوە، کە لە ئێستەدا بەکارناهێنرێت، لەوانەشە مامۆستاکەش زانیاری لەبارەی هەندێك وشەوە نەبێت، بۆ نموونە (نەعناع، هەوێردە، خەرەندی، مەراغە، مرادی)، بە واتا دەبێت وشەو دەستەواژەکان کۆنکرێتی بن و قوتابی بەرجەستەیان بکات یان بتوانێت لە ئاوەزدا وێنایان بکات.

پ- پێویستە وشەو واتاکان بە جۆرێك بن، کە بتوانرێن لەگەڵ ئاستی ژیری قوتابیدا بگونجێت، بۆ نموونە لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەمدا وشەو واتایەکی وەك:

٨- نانەوا: نانپێژ

٩- نژیار: وەستای دروستکردنی خانوو

لەگەڵ ئەوەی وشەی (نژیار) بۆ قوتابی زۆر تازەیەو نەبیستراوە، لە دەرەوەی قوتابخانەدا ئەم وشەیە بەکارنەهێنراوە، هەروەها ڕونکردنەوەی وشەکەش هەڵەیە، چونکە خانوو دروستکردن چەندجۆرێك وەستا کاری تێدادەکات، تەنها وەستای دیوار دروستکردن نییە.

ت- لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم لە بابەتی (دراوسێی باش) لاپەڕە (٦٥)دا چەند هەڵەیەك لە بەکارهێنانی وشەدا بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە( قاپێك خوێن) لە ئەمڕۆداو لە بەکارهێنانی زانستی و لەناو کۆمەڵگاشدا ئەم وشەیە بەکارنایەت و زیاتر دەوترێت( بتڵێك خوێن)، ئەمەش سەرلێتێکدانی منداڵی لێدەکەوێتەوە، یان بەکارهێنانی شێوازی ئاخاوتنی، وەك ( نەمدەزانی ئەوەندە بە کەڵکی دراوسێکەت دێیت)، ئەم ڕستەیە بۆ ئاخاوتن شێوازێکی نەگونجاوە، جگە لەمانە لە ڕوی داڕشتنی بابەتەکەوە دەتوانرا لە جیاتی باسکردنی ناخۆشی نێوان دراوسێ و لێکزویربون، تەنیا باس لە خۆشەویستی و ڕێزو دڵسۆزی دراوسێ بکرێت.

ج- له پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم لەلاپەڕە (٨٦)دا له بابەتی کولێرەدا بەکارهێنانی هەندێك وشه له ئێستای ژینگەی منداڵدا بەکارناهێنرێت، بۆنموونه ( قوڵینه، کەندوو).

٤. بەکارنەهێنانی دەربڕاوی خوازەیی.

دەبێت وشه کۆنکرێتییەکان بەکاربهێنرێن زیاتر له وشه ئەبستراکتییەکان، لەبەرئەوەی لای قوتابی وێنەی ئاوەزییان بە ئاسانی بۆ دروستدەکرێت. هەرلەبەرئەوە گرنگە دەربڕاوی خوازەییو ئیدیەمی بۆ قۆناغی سەرەتایی بەکارنەهێنرێت، دەبێت دەربڕاوەکان زۆر سادە بن و لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و هۆشی منداڵدا بگونجێت، بۆ نموونە:

ا- له پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەمدا ( هونەری منالان نەخشی سەربەردان) ئەم دەربڕوانه لەگەڵ ئاستی تەمەنی قوتابیدا ناگونجێت.

ب- له پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم له لاپەڕە (٨٩)دا نوسراوه ( بەهۆی گوڵە گەنمێکەوە سەد گوڵ زیوان ئاو دەخواتەوە).

سێیەم: بنەمای دەرونیی- زمانیی

١. دەبێت ڕستەو دەقەکان ڕیزبەندکرابن.

له پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٣)دا لاپەڕە (٤٠)دا نوسراوه ( ئاواز، ئەو ئارده بده به دایه. ئۆی ئۆی دایه! ئەوه ئارده.)، ئەم دەقەش ئەوه دەگەیەنێت که ئاواز یەکەمجار بێت که ئارد ببینێت، کاتێك یەکەمجار شتێك دەبینرێت، له ڕوی دەرونییەوە دەبێت بناسێنرێت، پاشان داوا بکرێت که ئەو شتەی بدرێتە دەست، له وێنەکەشدا دەبینرێت که نانێکی زۆر کراوه، ئایا دەبێت دوای کردنی نانێکی زۆر ئەو کات سەری سوڕ بمێنێت و تازه بزانێت و ببینێت ئەوه ئارده؟.

٢. دەبێت وشەو دەستەواژەکان بەشێوەیەك بێت، که قوتابی وەك بەشێك له خۆی ببینێت.

ا- پێویسته دەقەکان بەشێوەیەك بن، که منداڵ هەستبکات نووسینەکه ڕاستەوخۆ ئاخاوتن لەگەڵ خۆیدا دەکات و هەست و ئارەزوو و بیری بۆ بابەتەکه ئاوێزان بێت و تێکەڵ بە هەستی ببێت، لێرەشەوە وروژاندن و هاندان بۆ منداڵەکه زیاددەبێت و ئارەزوی فێربوون و وەرگرتنی لادروستدەبێت، له پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا له هەموو چالاکییەکاندا نوسراوه ( تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.)، که قوتابی لێرەدا هەستکردن به بوونی خۆی لەناو وشەکاندا نابینێت، گرنگە بنوسرێت ( پیتەکە/ وشەکە تۆخ بکەرەوە، بیخوێنەرەوە، بینوسەرەوە)، ( ناوی وێنەکان بڵێ، بینوسه). یان له لاپەڕە (٢١) وەرزی یەکەمدا نوسراوه( ڕەنگی ئاڵا بڵێ، تۆخ بکه، ڕەنگ بکه.)، بۆئەوەی منداڵ هەست به بونی خۆی و نیشتمانەکەی و ئاڵاکەی بکات، دەبێت بنوسرێت ( ڕەنگی ئاڵاکەت بڵێ، تۆخی بکەرەوە، ڕەنگی بکه.)

ب- له پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم له لاپەڕە (٣٧)دا له چالاکی (١) ئەم ڕستەیه نوسراوه ( که دەچێته سەردانی ماڵ دراوسێیەکیان چۆن سلاو لەوان دەکات هەواڵی لەش ساغیان دەپرسێ.)، جگە له ناڕیزبەندی له ڕێکخستنی وشەکاندا، دەبێت دەقەکه ڕون و ئاشکرا بێت و قوتابی تێبگات و پرسیارەکه ئاڕاستەی خودی خۆی بکرێت، تا هەوڵ بۆ وەلامدانەوەی بدات، دەکرێت بەمشێوەیه دابڕێژرێت ( که سەردانی ماڵی دراوسێیەکتان دەکەیت، چۆن سلاوییان لێدەکەیت؟ هەواڵی لەشساغییان دەپرسیت؟).

٣. نارونی و شاراوەی لە نوسینی دەقدا نەبێت.

ا- منداڵ ئاستی بیرکردنەوەی بە تەواوی گەشەینەکردووە، تا لە واتای وشە کورتکراوەکان بگات و بزانێت کە هەمان وشە دووبارە دەکرێتەوە، بەڵکو دەبێت لە بەکارهێناندا وشەکان دووبارەبکرێنەوە تا تێبگات، بۆ نموونە، لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا کورتبڕی لە بەکارهێنانی دەربڕاوەکاندا دەبینرێت، کە لە فێربوون و چالاکییەکاندا هاتوە، بەڵکو دەبێت هیچ وشەیەکی شاراوە لەناو پرۆگرامەکەدا نەبێت، چونکە منداڵ توانای بۆ درککردن بە وشە شاراوەو نادیارەکان نییە، بۆیە گرنگە دەربڕینەکان تەواو ڕون و ئاشکرا بن، بۆ نموونە ( ببینەو بڵێ) پێویستە بنوسرێت( سەیری وێنەکە بکەن و ناوەکەی بڵێن)، بۆئەوەی منداڵ بزانێت چی ببینێت و بڵێت؟، یان لە لاپەڕە (٥٢) وەرزی دووەم نوسراوە، ( دەی زوو ببنە سێ گروپ: گروپی تۆپ تۆپێن، باڵە، پەت پەتێن)کە پێویستبوو لە پێش وشەی (باڵە، پەت پەتێن) وشەی گروپ دووبارە بەکاربهێنرێتەوە، (ئەمە جگە لەوەی وشەی(دەی) شێوازی ئاخاوتنی نزمە).

ب- لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم لە هەندێك لاپەڕەدا وشەکە کورتکراوەتەوەو وەك خۆی نەنوسراوە، بۆ نموونە (پزیشك نەخۆش چارە دەکات) لێرەدا پێویستە بنوسرێت ( پزیشك نەخۆش چارەسەردەکات).

پ- لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم لە لاپەڕە (٢٤)دا باس لە ئامێرە مۆسیقییەکان دەکات، بەڵام گرنگە لە پێش نووسینی ناوی ئامێرەکە ( ئامێر یان ئامێری مۆسیقی) دووبارەبکرێتەوە، بەم جۆرە ( ئامێرە پێستییەکان، ئامێرە ژێدارەکان، ئامێرە مۆسیقییە فودارەکان)، چونکە بە دووبارەکردنەوەی وشەکان ئاستی تێگەیشتن و خەزنکردنی منداڵ زیاتردەبێت، منداڵ درك بەوە ناکات کە لە پێشدا ناوی ئامێرت هێناوە، ئەوانەی کە نوسراون هەر ئامێرن، بۆیە دەبێت دووبارە بنوسرێتەوە تا دڵنیابێت و مەبەستەکەی لاڕونبێت.

ت- لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەمیشدا لە لاپەڕە (٤٧) چالاکی (٢) پرسیاری(٢)دا نوسراوە، ( ئەمانەی خوارەوە لەکامەیاندا هەیەو لە کامەیاندا نییە؟) منداڵ لە مەبەستی ئەم پرسیارە تێناگات و نازانێت، کە مەبەست لە کامەیاندا چییە؟، بۆیە گرنگە ڕونبکرێتەوەو بنوسرێت ( ئەم وشانەی خوارەوە لە شاردا هەیە، یان لە لادێدا هەیە؟ ) بەمشێوەیە منداڵ بە ئاسانی لە پرسیارەکە تێدەگات.

ج- لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەمدا لاپەڕە (٣٩، ٤٦، ٥٠، ٥٣، ٦٧، ٦٩، ٧١، ٧٥، ٧٧) پێویستبوو، کە داڕشتنەکە ڕونترو گونجاوترو سەرنجڕاکێشتر بنوسرێت، تا قوتابی ئاسانترو باشتر درك بە بابەتەکە بکات و هەڵیهەنجێنێت.

٤. گرنگە وشەو دەستەواژەکان درککردن و تێگەیشتنی قوتابی دەسەبەربکات.

لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا هەندێك چالاکی وێنەکراوەو داوادەکرێت کە ڕستە بۆ وێنەکە دروست بکات، لە کاتێکدا منداڵ لە قۆناغی یەکدا واتای ڕستە نازانێت چییە؟ تا بتوانێت چالاکییەکە ئەنجامبدات، ئەمەش تێگەیشتن و فێربوون بۆ قوتابی دەسەبەرناکات.

٥. گرنگە داڕشتنی بابەتەکان بەشێوەیەك بێت هەست و سۆزی قوتابی بجوڵێنێت.

ا- زۆر بابەت بەشێوەیەك داڕێژراون، کە هەست و سۆزی قوتابی بۆ بابەتەکە ناوروژێنێت، هەروەها بە دروستی ڕێکنەخراون و پێکەوە نەبەستراونەتەوە، بۆ نموونە بابەتەکانی خوێندنی قۆناغی دووەم ( منداڵی ژیر، پیاوێکی نابینا،

ئاواتی منداڵ، گوند، ڕێزگرتن لە کات، خێزانێکی بەختەوەر، ڕاستگۆیی، چەژنی منداڵ)، کە داڕشتنێکی سادەن، یان دەگونجا بەشێوەی گفتوگۆ، یان چیرۆکێك کە سەرنجی قوتابی ڕابکێشێت بابەتەکان باسبکرایە. ((بۆئەوەی بابەتەکان نزیکبن لە ناخی قوتابییەوە دەبێت، خۆی ببێت بە بەشێك لەو پرۆگرامە ئەوەش بە کارەکی کردنێتیو پێویستە پرۆگرامەکان لەم بابەتانە پێکهاتبن: (کەلوپەلی قوتابخانەو خۆناساندن، بەشەکانی جەستەی، خێزان، یارییەکان، پارك، جلوبەرگ، هاوڕێ، باخچەی ئاژەڵان، خواردن، خواردنەوە، ماڵەکەم...). هەموو ئەمانە قوتابی دەتوانێت بەکارەکی بابەتەکان ببینێتو وێنەی ئاوەزییان لادروست ببێتو کارلێکبکات لەگەڵیاندا.))[٣٦٣].

ب- لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەمدا ( ڕەوشتی سەردان) لاپەڕە (٣٦) نوسراوە ( پێی خۆشەویست دەبین) ئەم دەستەواژەیە، لە ڕوی ڕێکخستن و پەیوەستبون و سۆز جولاندنەوە دەکرا، دەستەواژەکە بەشێوەیەکی زۆر جوانترو گونجاوترو سەرنجڕاکێشتر دابڕێژرێت.

پ- لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم (شێوازی ئاخاوتن) لە لاپەڕە (٤٩)دا بەشێوەیەکی زۆر چڕو ئاڵۆز نوسراوە، کە منداڵ توانای وەرگرتن و تێگەیشتنی نابێت.

ت- لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم لە لاپەڕە (٨٤)دا ڕاهێنانی (١) نوسراوە ( ئەم وشانە بخەرە ڕستەی تەواوەوە) منداڵ لەم تەمەنەو قۆناغەدا نازانێت ڕستەی تەواو چییە؟ لەهەمان کاتیشدا ڕستە بۆخۆی نازانێت چییە؟ تاوەکو بتوانێت لە تەواوەکەی تێبگات.

٦. بەکارنەهێنانی دەستەواژەو دەقێك کە پەیوەست نییە بە قوتابییەوە.

ا- زۆر چالاکی پێویست نییە لەناو پرۆگرامدا دابنرێت، پێویست ناکات ڕێگای وانەوتنەوە لەناو پرۆگرامدا پێشانی مامۆستا بدرێت، بەڵکو پێویستە ئەم نوسراوانە لە کتێبی تایبەت بە فێرکاری بدرێت بە مامۆستایان، بۆنمونە: لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم لە لاپەڕە( ٣٧، ٤٥، ٥٤، ٥٨، ٦٢، ٦٩، ٧٢،) لە قۆناغی سێیەم لاپەڕە ( ٥، ٢٥، ٢٩، ٤٤، ٥٩، ٦٨، ٧٢، ٧٨)، پێویستە ئەم بابەتانە لە کتێبێکی تایبەتدا بۆ چۆنیەتی وانەوتنەوە بدرێت بە مامۆستایان و لەوێدا ئەم بابەتانە بنوسرێت، نووسینی ئەم نوسراوانە ئەو بیرە لای قوتابی دروستدەکات، کە مامۆستا خۆی توانای نییەو وەك قوتابی دەبێت فێربکرێت کەچی بکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی ناتەواو لە ئاوەزی قوتابیدا دەنەخشێنرێت بەرانبەر بە مامۆستاو نامتمانەیی و کەم زانستی ... لە لادروستدەبێت.

ب- لە لاپەڕە (٣٠) پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم نوسراوە( قوتابیی خۆشەویست ئەم پرسیارە لە مامۆستاکەت بکە) کە پێویست نییە منداڵ ناچار بە کردنی پرسیار بکرێت، بەڵکو دەبێت بابەتەکە بەشێوەیەك دابڕێژرێت، کە هەست و سۆزی منداڵ بجوڵێنێت و درك بە بابەتەکە بکات و لە ئەنجامی درککردندا منداڵ بیری دەوروژێت و پرسیاری لادروستدەبێت، بۆیە دەبێت توانای بیرکردنەوەی منداڵ فراوانبکرێت، تا ئەوەی کە تێناگات و ڕوننییە لەلای ببێتە پرسیار بۆی، نەك بەزۆر پرسیاری بۆ دروستبکرێت.

٥. ڕەچاوکردنی حەزو ئارەزوی قوتابی و بەدەستهێنانی.

لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا لە لاپەڕە (١١٠)دا بۆ فێرکردنی پیتی (ب) وشەی ( کەباب) وەك نموونە هێنراوەتەوە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە ئایا منداڵ ئەگەر حەزو ئارەزوی بۆ ئەو خۆراکە بچێت چ

[٣٦٣] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥: ٢٤)

گرفتێکی دەرونی توشدەبێت، بەتایبەت کە خێزانەکەی توانای کڕین و پەیداکردنی ئەو خۆراکـەیان بـۆ منداڵەکـەیان نەبێت، ئەمە جگە لە تێکچونی باری دەرونی منداڵ، کێشە بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکانیش دروستدەکات.

چوارەم: بنەمای زانستی زمانیی-زمانیی

١. بەکارهێنانی زمانی ستاندارد

هەر وەك لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتوە، قوتابی پێویستە فێری زمانی ستاندارد بکرێت و پرۆگرام بە زمانی ستاندارد بنوسرێت، چونکە هۆکارێکە بۆپەیوەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵ پێکەوەو لێکنزیکبونەوەو جـەمبونیان و درککردنـی قوتابی و بە بەرزنرخاندن و پیرۆزی و دروستی زمانەکەو متمانەی بە زمانی نەتەوەکەی زیاتردەبێت و دەیکاتە بنەماو بناغەی بەکارهێنانی لە پەیوەندییەکان و چارەسەری کێشەو بڕیارو....، لەلایەکی تر ڕادەی تێگەیشتن و فێربوون بـە زمانی ستاندارد زیاترە، هەر ئەم هۆکارەشە کە گرنگە پرۆگرامی خوێندن بە زمانی ستاندارد بێت.

ئەوەی لە پرۆگرامی خوێندندا دەبینرێت، (بێجگە لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ( ٢٠١٣)کـە وشـەکان بـە زمـانی ستاندارد نوسراون.)، کۆدگۆڕین لە بابەتەکانی قۆناغەکانی خوێندندا زۆر بەرچاودەکەوێت، کە کـۆدی شـێوەزار یـان ئەکسێنتی ناوچەیی خراوە ناو پرۆگرامەکەوە، کە ئەمە بۆ خوێندن دروست نییە، بە تایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندندا، چونکە قۆناغی سەرەتایی بناغە داڕێژەری فێربوون و فێرکردنی زمانە، بۆیە پێویستە قوتـابی بـە زمـانی ستاندارد پاراوبکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕینی کۆدی زمان لەناو بابەتەکەدا وشەیەك بە شـێوەزارێکی تـر نوسـراوە، ئەمە منداڵ توشی نارەحەتی و بێزاری لە فێربوون دەکات، چونکە منداڵ پێویستە هەلی بۆ برەخسێت و هانبدرێت تا ئارەزوی بۆ بابەتەکە بچێت نەك بێزار ببێت لە وەرگرتن، یان چالاکییەك بە شێوەزارێکی تر نوسـراوە لێـرەدا منـداڵ خۆی بەتەواوی فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی ستاندارد نەبوە، چۆن دەتوانێت وەڵامی چالاکییەکە بداتەوە؟، بـۆ نموونە:

ا- لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ( ٢٠١٤)دا وشەکانی (هەتاڤ، شەڤ، خۆخ، بە چ زمانێـك دەئـاخفی؟، کوردسـتان وارێ مەیە)، یان بـە شـێوەزاری هۆنراوەکـە نوسـراوە. لـە قۆنـاغی دووەمـدا ( زۆزان، زەڤـی، نـەئاخڤین،...) بـە شێوەزارێکی تر نوسـراوە، لـە قۆنـاغی سـێیەمدا ( پـەیڤ، ڤـەگێرم،..)، ئـەم وشـانە منـداڵ بەتـەواوی سـەری لێتێکدەچێت، کە ئەمەش لە دوو لاوە ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی لاوازدەکات، بەتایبـەت کاتێـك لـەناو کۆمـەڵێك وشەدا وشەیەکی شێوەزاری تر دەهێنرێتە ناو وشەکانەوە، ئەمەش پچڕانی بیری لێدەکەوێتەوە، کە ئەو بـیرەی لـەناو وشەکانەوە بۆی دروستدەبێت، بەهۆی ئەو وشەیەی کە شێوە زارێکی ترەو واتاکەی نازانێت، ئەو بیرەی لای دروستبوە پەرتەوازە دەبێت.

ب- لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنانی کۆدی دووشێوەزار لەپرۆگرامدا چەندین کێـشەو گرفـت بـۆ تێگەیـشتن و فێربـوون و بیروبۆچونی قوتابی دروستدەکات*، بەکارهێنانی ئەکـسێنتی ناوچـەیی دوو هێنـدە ئـەم گرفتانـە زیاددەکـات، ئـەم بەکارهێنانە لە پرۆگرامدا بەرچاودەکەوێت، بۆنموونە، لە پرۆگرامی نوێی قۆناغی یەکەم ( سماق، خەناوکە، شەمامە، مامۆژن،..)، یان وشەی ( باوی) لە لاپەڕە (٥٥، ١١٣)دا بە کۆدی ناوچەیی نوسراوە، دواتر لە لاپەڕە (١٤١)دا بـە کۆدی زمانی ستاندارد نوسراوە (بادەم)، ئەمە منداڵ نازانێت کامەیان دروستە، لـە قۆنـاغی دووەمـدا لـە لاپـەڕە

* بڕوانە (٣/٢)

(٤٩)دا له باسی ڕەنگی ئاڵای کوردستاندا له تەنیشتی وشەی (سەوز) لەناو کەوانەیەکدا (کەسك) نوسراوه، له لاپەڕه (٥٧)دا ئەم ڕستەیه نوسراوه ( بەڵام گەڵێك شتی باشی دیکەش هەنه)، (هەنه) بەهەمان شێوه ئەکسێنتی ناوچەییه، یان لەوشەو واتاکاندا واتای وشه به ئەکسێنتی ناوچەیی لێکدراوەتەوه، بۆنموونه ( مراوی: سۆنه)، له قۆناغی سێیەمدا وشەی( بێژه) نوسراوه، ئەمەش ئەکسێنتی ناوچەییەو لەناو پڕۆگرامدا باسکراوه، که ئەمه هەڵەیەکی گەورەیەو نابێت له پڕۆگرامدا ببینرێت، چونکه جگه لەو گرفتانەی له پێشەوه باسکراون، گیانی خۆپەرستی و ناوچەگەرێتی لەلای قوتابی دروستدەکات، که گرنگه پڕۆگرام هۆکارێك بێت بۆ یەکڕیزی و خۆشەویستی ناوچەکان و دڵسۆزی بۆ نیشتمان لەناخی قوتابیدا بچێنرێت، نەك به پێچەوانەوه.

پ- له پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم له لاپەڕه (٦٠)دا، چالاکییەکی فێرکردن بۆ قوتابییان دانراوه، ئەم چالاکییه هیچ جۆره فێرکردنێکی زمانی یان ڕێزمانی فێری قوتابی ناکات، بەڵکو تەنها فێرکردنی شێوەزاره لەنێوان کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژوورودا، که ئەویش بەشێوەیەکه که قوتابی وا تێدەگات، که هەر پیتێکی (و) بکرێت به (ڤ) دەبێته شێوەزاری کرمانجی ژورو، بۆنموونه (چاو- چاڤ).

ت- له دوای هەمو بابەتێك لێکدانەوەی وشەو واتا کراوه، ئەمه بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی پێویست نییه، چونکه ئەوەی له قۆناغی سەرەتاییدا گرنگه فێربوونی نووسین و خوێندنەوەو بەها کۆمەڵایەتییەکانه، پاشان له قۆناغەکانی دواتردا قوتابی فێری وشه هاوواتاو فرەواتاکان بکرێت، نەك ئەوەی که له پڕۆگرامدا هەیه، که ئەمه زیاتر فێرکردنی هاوواتاو فرەواتاکان نییه، بەڵکو فێرکردنی دوو شێوەزاره، بۆ نموونه:

١٠- وشه: پەیڤ

١١- وریا: هشیار

١٢- دلۆڤان، مەت، خاڵەت، پسمام، دۆتمام

١٣- گویێ ( گوه)، ئەژنۆ ( چۆك) ئەنگوست ( تبل) ......

ج- له پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم له لاپەڕه (٣٣) دا، له واتای وشەکاندا له دووەم وشەدا نوسراوه (داهاتو: ئاینده)، له کۆتا وشەشدا دووباره نوسراوه (ئاینده: دواڕۆژ)، ئەمه سەرلێتێکدان دروستدەکات، که بۆچی له وشەی سەرەوەدا واتایەکی هەیه، دواتر ئەو وشەیەش دوباره واتایەکی تری هەیه، ئەمەش وادەکات متمانەی به دروستی واتای وشەکان نەبێت به ناتەواوی دابنێت.

٢. پێویسته فێربوونی پیتەکان به پێی ڕیزبەندی ئەلفوبێی زمانی کوردی بێت.

ا- پیتەکان له پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەمدا پێویسته به پێی ئەلفوبێی کوردی ڕیزبەندکرابن و ڕێکخرابن، واته (ە، ا، ب، پ، ت،....) دەستپێبکات و بۆ لەبەرکردنیش به هەمان ئاواز مندال فێربکرێت، که دەبێته هۆکارێك بۆ قوتابی لەلایەك فێری پیتەکانی زمانی کوردی به ڕیزبەندی دەبێت و لەلایەکی تر مندال فێری ڕیزبەندی و ڕێکخراوەیی له کارەکانیان دەبن و به هەڕەمەکی و لەخۆوه بەبێ ڕێکخستن ئەنجامینادەن، ئەمه له پڕۆگرامی خوێندنی پیتەکانی قۆناغی یەکەمدا نابینرێت، بەبێ هیچ بنەمایەك پیتەکان دانراون، که لەخۆوەیی تەواوی پێوه دیاره، بۆنموونه له پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٣)دا پیتەکان بەمشێوەیە ڕێکخراون ( ر، د، و، ی، وو، س، ۆ، ز، ب، ێ، ن، ێ، م، ڕ، ژ، ت، ش، ك، پ، گ، ل، ف، ه، ڵ، ق، ج، ڤ، غ، چ، خ، ع، ح)، بۆ نموونه یەکەم وانەی فێربوونی پیتەکان به وشەی ( دار) پاشان (دارا)... ، له پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی

(٢٠١٤)دا بەهەمان شێوە لەخۆوە پیتەکان دانراوە، بەمشێوەیە ( د، ر، ز، و، ڕ، ۆ، ی، ێ، ن، ژ، ێ، ب، س، وو، م، ت، ك، ح، ش، پ، گ، ف، ل، ع، ڵ، هـ، ق، خ، ج، غ، ڤ، چ). وانەی یەکەم بە وشەی ( زەرد)، وانەی دووەم بە وشەی ( دار)...، لەگەڵ ئەوەی ڕیزبەندی لە دانانی پیتەکاندا نییە، منداڵ لەم قۆناغەدا زیاتر بە وروژاندن و کارتێکردن و جوڵەو چالاکی دەتوانرێت هانبدرێت بۆئەوەی فێرببێت، گرنگە بۆ جولاندنی حەزو ئارەزوی قوتابی پیتە نوێیەکان ڕەنگاوڕەنگ بکرێت و ئەو وشەیەی کە بۆ پیتە نوێیەکە دانراوە لە چەند شوێنێکدا لەجیاتی وشەکە وێنەکەی دابنرێت و قوتابی لە هزری خۆیدا وشەکە بنەخشێنێت، بەمەش بیری قوتابی دەجولێت و حەزو ئارەزوی بۆ فێربوونیش زیاتر دەبێت.

ب- گرنگە هەر بابەتێکی تازە ژمارەی وانەکەی بخرێتەسەرو ڕیزبەندکرابێت، دانانی ژمارەی وانەکان بۆ بابەت زۆر پێویست و گرنگە، ئەمە تەنیا لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤) ئەم ڕیزبەندییە هەیە، لە پڕۆگرامی خوێندندا قۆناغەکانی ترداو قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣) ش پەیڕەونەکراوە.

پ- لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٣)دا، بەبێ ئەوەی قوتابی پیتی بزوێنی کورتی فێربکرێت، لەگەڵ فێربوونی سێیەم پیتدا، پیتی (ە) بەکارهێنراوە، هیچ فێرکارییەك بۆ ئەم پیتە دانەنراوە، لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)یشدا، گرنگی بە فێرکردنی پیتی (بزوێنی کورت و بزوێنی درێژ) نەدراوەو وەك زانیارییەك لە لاپەڕە (٤٢) دا، ئەم دوو پیتە بە چالاکییەك دەناسێنرێت، لە کاتێکدا لە لاپەڕە ( ٣٠-٣١) ئەم دوو پیتە باسکراوە.

٣. بایەخدان بە دروستنوسینی پیت و وشەکان.

گرنگە زمانی نوسین بە شێوازێك بێت، کە بیر لە هەموو لایەنێك بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا داڕشتنی زمانی نووسین لەناو ناوەڕۆکی پڕۆگرامدا پێویستە ڕەچاوبکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی دروستنووسین و پەیڕەوکردنی یاسا زمانییەکان و شێوازی نووسین و خوێندنەوە، قوتابی بە زمانی نووسین و خوێندنەوە ئاشنابکرێت، بەپێی قۆناغەکان زانیارییەکان دیاریبکرێن، لە قۆناغی بنەڕەتیدا پێویستە قوتابی فێری شێوازی نووسین و خوێندنەوەو دروستنووسین و یەکجۆر نووسین بکرێت، چونکە قۆناغی بنەڕەتی چەسپاندنی پیتەکان و شێوازی نووسینە، بۆیە گرنگە هەر لە سەرەتاوە بایەخی پێبدرێت، بەجۆرە ئەو شێوە نووسینە لە یادگەی قوتابیدا دەچەسپێت و وادەکات لە قۆناغەکانی تری خوێندندا سودی لێوەربگرێت.

ا- بایەخندان بە نوسینی تەواوەتی وشەو کردارەکان و کورتکردنەوەیان، بۆ نموونە:

١٤- ئەم بۆشاییانە پڕبکەوە:

١٥- ئەم بڕگانەی خوارەوە لێکبدە....

١٦- وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:

کە پێویستبوو بنوسرایە ( پڕبکەرەوە، لێکبدەرەوە، بدەرەوە)، لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا بە زۆری ئەم کورتکردنەوەیە هەیە، کە بەگشتی لەناو پڕۆگرامدا وشەکانی ( تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنوسەوە، بدۆزەوە،... ) دەبینرێت، کە دەبێت بنووسرێت ( تۆخ بکەرەوە، بخوێنەرەوە، بنووسەرەوە، بدۆزەرەوە). لە پڕۆگرامی قۆناغی دووەمدا (١٦جار) بە (بکەوە) نوسراوە تەنیا (١ جار) بە ( بکەرەوە) نوسراوە، (٧ جار) ( بدەوە) بەکارهاتووە، هیچ جارێك (بدەرەوە) نەهاتووە، لە قۆناغی سێیەمیشدا (٦ جار) بە (بکەوە) هاتووە و هیچ جارێك بە

(بکەرەوە) نەهاتووە، (١٨ جار) بە (بدەوە) هاتووەو (٢ جار) بە (بدەرەوە) هاتووە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە دروستی نووسینی زمانیی و یاسای ڕێزمانی ڕەچاونەکراوە، لەلایەکی تر ئەم دوو شێوە بەکارهێنانە بۆ خۆی گرفت لە فێرکردندا دروستدەکات، لە بەکارهێنانی دروستی وشەکان و دەستەواژەو زاراوەکاندا قوتابی توشی کێشەدەبێت.

ب- لە پڕۆگرامی خوێندندا دوو شێوە نووسین لە بەکارهێنانی وشەکان و دەستەواژەکاندا بەرچاودەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنانی هاوواتا/سینۆنیم بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی نووسین کاریگەری زۆری بۆ نووسینەکە هەیە، بەلاّم بۆ قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی نابێت، چونکە قوتابی توشی سەرلێشێواندن و تێنەگەیشتن لە بابەتەکە دەکات، هەر چەندە ئەوەی لە پڕۆگرامی خوێندندا دەیبینین، بەکارهێنانی دوو شێوە زاراوەیە، کە ئەمە تەنانەت بۆ نووسینیش گرفت دروستدەکات بۆ خوێنەران، بە تایبەت ئەگەر ئەم دوو شێوە زاراوەیە لە پڕۆگرامی خوێندندا ببینرێت، چونکە لەلایەك دانانی زاراوە بە کۆبونەوەو گۆڕینەوەی ڕاوبۆچونی شارەزایان دانراوە،لەلایەکی تر ئەم زاراوانەی لە پڕۆگرامدا بەکارهێنراون تایبەتن و واتای دیاریکراوی خۆیان هەیەو هاوواتانین، بەمەش گۆڕین و دانانی دوو زاراوە هەڵەیەکی گەورەیە، بۆ نموونە، بەکارهێنانی زاراوەی (قوتابی، خوێندکار)، (قوتابخانە، خوێندنگە)، هەر وەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت.

| | ژمارەی بەکارهێنانی زاراوەی قوتابی | ژمارەی بەکارهێنانی زاراوەی خوێدنکار | ژمارەی بەکارهێنانی زاراوەی قوتابخانە | ژمارەی بەکارهێنانی زاراوەی خوێندنگە |
|---|---|---|---|---|
| قۆناغی یەکەم | / | / | / | / |
| قۆناغی دووەم | ٣٣ | ٢٢ | ١٥ | ٢ |
| قۆناغی سێیەم | ٢٤ | ٨ | ٥ | ١ |

خشتەی (٢) چۆنیەتی بەکارهێنانی زاراوەکان لە پڕۆگرامی خوێندندا

پ- هەڵەی ڕێنوسی لە ناو پڕۆگرامەکەدا دەبینرێت، ئەو هەلاّنەش بەتایبەت لە وشە لێکدراوو دڕێژراوەکاندان، لە هەندێك شوێندا بەیەکەوە نوسراون، لە هەندێك شوێنی تردا بەجیا نوسراون، لەکاتێکدا پێویستە ئەو وشە داڕێژراوو لێکدراوانەی کە یەك بیر دەگەیەنن بەسەریەکەوە بنوسرێن لە هەمو کاتێکدا، ئەمە یاسای نووسینی زمانی کوردییە، بۆیە گرنگە ڕەچاوبکرێت و لەناو پڕۆگرامدا جێبەجێبکرێت، تاوەکو قوتابی فێری دروستنووسین ببێت و لە قۆناغەکانی داهاتویدا توشی کێشەی ڕێنوسی نەبێت. لەگەڵ ئەوەی ڕەچاوی ئەم بنەماو یاسایانەی نووسینی زمانی کوردی نەکراوە، بێ بنەمایيەکی تەواو لە شێوەی نووسیندا دەبینرێت، بۆ نموونە، لە قۆناغی دووەمدا لە لاپەڕە ٥٠ دا نوسراوە ( خۆش دەوێت) لە لاپەڕە ٥٢ دا نوسراوە( خۆشدەوێت)، یان لە لاپەڕە ٧٣ دا نوسراوە ( گەورە دەبم) لە لاپەڕەی دوای ئەودا لاپەڕە ٧٤ نوسراوە ( گەورەدەبم)، یان بەکارهێنانی وشەیەکی سادە بە دوو شێوە، بۆنموونە لە لاپەڕ٣٤ دا لە چالاکی (٢) دا وشەی(منداڵ) نوسراوە، هەر هەمان لاپەڕە لە چالاکی (٣) دا ( منالّ) نوسراوە. چەندین نموونەی ترلە هەردوو قۆناغی دووەم وسێیەمی بنەڕەتیدا دەبینرێت، کە لە خشتەی(٣)دا ژمارەی وشەکان بە هەڵەو ڕاست دەیخەینەڕوو.

| | ژمارەی وشەی لێکدراو، کە بەیەکەوەنوساوەکان | ژمارەی وشەی لێکدراو، کە بە جیا نوسراون | ژمارەی وشە داڕێژراو، کە بەیەکەوەنوساوەکان | ژمارەی وشەی داڕێژراو، کە بە جیا نوسراون |
|---|---|---|---|---|
| قۆناغی یەکەم لە پرۆگرامی ساڵی (٢٠١٣) | ١١ | ١٥ | ٦ | ١٤ |
| قۆناغی یەکەم لە پرۆگرامی ساڵی (٢٠١٤) | ٣٣ | ٧٧ | ٣٠ | ٨ |
| قۆناغی دووەم | ٥٤ | ٧٩ | ٣٦ | ٢٤ |
| قۆناغی سێیەم | ١١٥ | ١٢٠ | ٩٥ | ١٠٣ |

خشتەی (٣) چۆنیەتی نووسینی وشەی لێکدراوو داڕێژراو

وەك دەبینین هەڵەی ڕێنوسی و پێکەوەنوسانی وشە لێکدراو و داڕێژراوەکان زیاترە لە بە دروستی بەکارهێنانیان، ئەمەش دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوەی، کە یاسایەکی چەسپاو بۆ ڕێنوس بەگشتی دیارینەکراوە.

ت- پیتی (وو) لەگەڵ ئەوەی پیتێکی زمانی کوردییە، بەلاَم چالاك نییە، بۆیە هەڵەیە لەخۆوەو بەبێ هیچ بنەمایەك ئەم پیتە لە زۆربەی ئەو پیتانەی، کە بە یەك (و) دەنوسرێن، بکرێت بە (وو)، یان لەخۆوە لە یەك وشەدا جارێك پیتی (و) بنوسرێت، جارێکی تر پیتی (وو) بنوسرێت، کە زۆر نموونە لەم شێوە نووسینە لەناو پرۆگرامدا دەبینرێت، بۆ نموونە لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا، لە لاپەڕە (٥٠) نوسراوە ( ڕوناك دان بە مریشك دەدات.) لە لاپەڕە (٥١) نوسراوە ( ڕووناك بە تۆپ یاری دەکات.).

٤. دەبێت بایەخ بە یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان بدرێت.

ڕێکخستنی یاسا ڕێزمانییەکان لە قۆناغی سەرەتاییدا هۆکارە بۆ زوتر تێگەیشتن و فێربوونی ڕێزمان لە قۆناغەکانی تری خوێندنیدا، بۆنموونە پەیڕەوکردنی یاسای [بکەر+ بەرکار+کردار] لە ڕێکخستنی ڕستەدا، بەکارهێنانی جێناوەکان وەك خۆی، بەکارهێنانی خاڵبەندی بە دروستی لە شوێنی خۆیدا، ئەمانە کاریگەری زۆریان بۆ فێربوونی قوتابی و شارەزایی و لێهاتویی یاسا زمانییەکانی زمانەکەیان هەیەو لە قۆناغەکانی تریشدا ئەو بێزارییەی، کە لە ئێستەدا بۆ ڕێزمان هەیانە، کەمتر دەبێتەوە.

ا- گرنگیدان بە جێناوەکان و نووسینیان بەشێوەیەکی دروست دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی لە قۆناغەکانی تردا ئەم جێناوانەی لائاشنابێت و بە دروستی بەکاریانبهێنێت، بەلاَم لە قۆناغی سەرەتاییدا ئەم بوارە دەبینین پشتگوێخراوە، بۆ نموونە:

١٧- فێری دەکا.

١٨- کارزان مقەست و شانە بەکاردێنێ.

ئەم کرتاندنە لە جێناوەکانی (ێت، ات)دا دەبینرێت، بۆنموونە لە قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤) جێناوی (ێـت) (٢٩) جار بە (ێت) بەکارهاتووە،( ٢٩) جاریش جێناوەکە بە (یٚ) هاتووە، بەڵام جێناوی (ات) (٣) جار جێناوەکە بە (ا) و (١٧) جاریش بە(ات) نوسراوە. لە قۆناغی سێیەمیشدا (٥) جار جێناوی (ێت) بە (یٚ) بەکارهاتوە.

ب- لە هەندێك نووسیندا ئامرازی تاك و کۆ بە هەڵە بەکارهێنراوە، بۆنموونە لە پرۆگرامی خوێندنی قۆنـاغی یەکـەم ساڵی (٢٠١٤)دا، لە لاپەڕە (١٩) چەند وێنەیەك هەیە، کە دەبێت (کۆ) بێت، بەڵام بە (تاك) نوسراوە (تۆخ بکە)، لە لاپەڕە (٢٠)دا ڕاستکراوەتەوەو نوسراوە (تۆخیان بکە)، ئەمە جگە لە هەڵەی ڕێزمانی، بەکارهێنانی دوو جۆر نووسین پیشاندەدات. لە قۆناغی دووەم ساڵی (٢٠١٤) لاپەڕە (٥٧)دا ئەم دەقە نوسراوە:

١٩- مامۆستا لە یەکێك لە قوتابییەکانی پرسی ئەوەی یاریدەی لەشساغیمان دەدات چییە؟

یەك لە قوتابییەکان گوتی:

هەتاو

یەکێکی دیکە گوتی:

هەوای پاکو خاوێن.

لەسەرەتای نووسینەکەدا نوسراوە، ( مامۆستا لە یەکێك لە قوتابییەکانی پرسی)، بەڵام وەڵامی پرسیارەکە لە لایەن سیٚ قوتابییەوە وەڵامدەدرێتەوە، کە ئەمە هەڵەیە، پێویستە بنوسرێت ( مامۆستا لە قوتابییەکانی پرسی)، چـونکە کاتێك بە تاك پرسیار دەکرێت، دەبێت یەك قوتابی وەڵامبداتەوە، بەڵام کاتێك وەڵامەکە لەلایەن چـەند قوتابییـەوە بێت، پێویستە پرسیارەکەش بە کۆو گشتی بێت بۆ هەمو قوتابییەکان.

پ- سیستەمی یاسای ڕێزمانی زمانی کوردی، بریتییە لە [بکەر+ بەرکار+کردار]، کە جێناوی لکاوی بکەر ئەگـەر (کردار تێنەپەڕ بێت، دەچێتە سەر کردارەکە، بەڵام ئەگەر کردار تێپەڕ بێت، دەچێتە سەر بەرکارەکـە)، لـە کـرداری تێپەڕیشدا ئەگەر بەرکار نەهاتبێت، بە جێناوی لکاو دیاریدەکرێت، ( بە پێی ئەو یاسـایەی کـە لـە زمانـدا هەیـە، جێناوی بەرکار شوێنی خۆی دەگرێت.)، ئەمە یاسای ستانداردی ڕێزمانی زمانی کوردییە، لە پرۆگرامـی خوێنـدنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا کار بە جێناوی لکاو زۆرنـەکراوە، کـە زۆربـەی لاپـەڕەکانی کتێبەکـە بـەو شـێوە دووبارەکراوەتەوە، چەند نموونەیەك دەهێنینەوە:

٢٠/ا- تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، هەڵوەشینەوە، لێکبدە، بڕگە بکە، دووبارەبکەوە، ڕێك بخەوە .

ئەم ڕستانە کرداری داخوازین، کە بەرکار لە ڕستەدا باسنەکراوە، دەبێت جێناوی لکاوی بەرکار ئەگـەر کـردار سـادە بێت بچێتە دوای پێشگری کرداری داخوازی (ب) ، بەڵام ئەگەر داڕێژراو، یان لێکـدراو بێـت، دەچـێتە دوای بەشـی یەکەمی کردارەکە، بەمشێوەیە:

٢٠/ب- تۆخیبکـــەرەوە، بیخوێنـــەرەوە، هەڵیوەشـــێنەرەوە، لێیکیبـــدە، بڕگەیبکـــە، دووبارەیبکـــەرەوە، ڕێکیبخەرەوە.

ت- بەکارهێنانی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی لـەناو پرۆگرامـی خوێندنـدا بەرچـاوڕونی قوتـابی دەکـات بـۆ قۆناغەکانی داهاتوی خوێندنی و زوتر درککردن و وەرگرتنی یاساکان، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئـامرازی (ەکـە) ناوێکی نەناسراو دەکات بە ناسراوو ئامرازەکانی ( - ێك، - یەك ) وەك (ئامرازی نەناسراو) ڕۆڵدەبینن و دەچنە سەر

ناوو دەیکەن بە (نەناسراو)، لە پڕۆگرامی خوێندندا هەڵە لە بەکارهێنانی ئەم ئامڕازەدا دەبینرێت، بۆ نموونە، لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا لاپەڕە (٩٣) نوسراوە:

٢١- وێنەکان بە سێبەریان بگەیێنە.

دەبێت بنوسرێت لە ( وێنەکان بە سێبەرەکانیان بگەیەنە.)

لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم لە لاپەڕە (٥٠)دا ئەم ڕستەیە نوسراوە:

٢٢- هۆشیار منداڵەکی ژیرو جوانکیلە بوو.

(ەکە)ی (منداڵەکی) ئامڕازی نەناسراوە، بەڵام لەم ڕستەیەدا منداڵەکە ناسراوەو دەزانرێت کە کێیە( هۆشیار)، لەپێشییەوە ناوەکەی هاتوە، نابێت بۆ ناوێکی ناسراو ئامڕازی نەناسراو دابنرێت، کە ئەمە هەڵەیەکی زۆر دیارەو گرنگە لە پڕۆگرامدا ڕەچاوی ئەم لایەنە بکرێت، سەرەڕای ئەوەش بەهۆی بونی هەڵەی ڕێزمانیی، دەربڕینی وشەکە قورس و گران بوە.

هەر لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم لە لاپەڕە (٥٣) دا ئەم ڕستەیە نوسراوە:

٢٣- گایێك، مانگایێك، مراویێك، مریشکێك و کەڵەشێرێك هەبون.

لەم ڕستەیەدا ڕاستە ( - ێك) ئامڕازی نەناسراوەو بەکارهاتوە، بەڵام بۆ ئەم وشانە پێویستە ئامڕازی ( - یەك) بۆ (گایێك، مانگایێك، مراویێك) بەکاربهێنرێت و بەهەمان شێوە دەبێت بە نەناسراو، بەمشێوەیە ( گایەك، مانگایەك، مراویەك، مریشکێك و کەڵەشێرێك هەبون)، چونکە بۆ ئەم وشانە ئامڕازی (- یەك) بۆ بەکارهێنان و دەربڕین ئاسانترە، چونکە دەربڕینی دوو ڤاوڵ/بزوێن بەدوایەکدا دەربڕینەکە گراندەکات.

ج- لایەنێکی تری پەیڕەونەکردنی یاسا زمانییەکان ئەوەیە، کە یەکێك لە یاساکانی فۆنۆلۆژی زمانی کوردی ئەوەیە، کە پیتی (ر) لە سەرەتای وشەدا نایەت، بەڵام لە کتێبی قۆناغەکانی خوێندندا، دەبینین لە قۆناغی دووەم و سێیەمدا لە زۆربەی بەکارهێنانەکاندا یەکەم پیتی (ڕ) بە (ر) نوسراوە، بۆ نموونە وشەی ( ڕاهێنان) بە (راهێنان) نوسراوەو گرنگی بەم یاسایە نەدراوە، کە ئەمە بۆ قۆناغەکانی تری قوتابی زەحمەت دەبێت، کە فێریبکەیت، کە پیتی (ر) لەسەرەتادا لە یاسای زمانی کوردیدا نییە، چونکە لەلای قوتابی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ئەم پیتە لەسەرەتادا بوونی هەبووە، بەمەش نامتمانەیی لای قوتابی دروستدەکات بەرانبەر بە کتێبەکان و توانای زانستی و تەنانەت توانای مامۆستاش لای قوتابی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە ئایا مامۆستای کام قۆناغەی دروستی پێوتوە؟ هەر وەك لە خشتەی ( ٤)دا دیاریکراوە.

| | ژمارەی بەکارهێنانی پیتی (ڕ) لە سەرەتادا | ژمارەی بەکارهێنانی پیتی (ر) لە سەرەتادا | نووسینی ڕاهێنان | نووسینی راهێنان |
|---|---|---|---|---|
| قۆناغی یەکەم لە پڕۆگرامی ساڵی(٢٠١٣) | ٣١ | ١ | / | / |
| قۆناغی یەکەم لە پڕۆگرامی (٢٠١٤) | ١٠٦ | ٢ | / | / |
| قۆناغی دووەم | ٢ | ١٠٠ | ١ | ٢٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| قۆناغی سێیەم | ٣٤ | ١٣٢ | ١١ | ٢٨ |

خشتەی (٤) نووسینی پیتی ( ڕ) لە قۆناغەکانی خوێندندا

٥. گرنگیدان بە خاڵبەندی و بەکارهێنانی بە هەڕەمەکی و لەخۆوە نەبێت.

ا- لەبەر ئەوەی ئەرکی خاڵبەندی لە نووسیندا دروستکردنی پەیوەندی بیری و لۆژیکییەو تەمومژی و لێڵی واتایی ناهێڵێت، ئەگەر بە هەڵە بەکارهێنرا ئەو ئەرکانە پێچەوانەدەبێتەوە، بەگشتی لە پڕۆگرامی خوێندندا بایەخ بە خاڵبەندی زۆر کەم دراوە، بە تایبەت لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٣)دا بەکارهێنانی هەڵەی خاڵبەندی زۆر بەرچاودەکەوێت، کە هەڕەمەکی و لەخۆوەی پێوە دیارە، بەبێ ئەوەی چاوبخشێنرێت بە پێڕەو و یاساکانی بەکارهێنانی خاڵبەندیدا، بۆ نموونە:

٢٤- لاپەڕە ٣١ دارا! وەرە:

٢٥- لاپەڕە ٤١ نەورۆز ئادەی!

٢٦- لاپەڕە ٤٢ بەیان: نازێ، نازێ ! وەرە دەرێ،

٢٧- لاپەڕە ٤٨ وەرە ژوورەوە دابنیشە!.

لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی دووەم، لە لاپەڕە (٣٨) دا نوسراوە، (قوتابی خۆشەویست: سەیری ئەو وێنانە بکەو ناوەکانیان لەژێر بنووسە) کە ئەمە هەڵەیە، دەبێت بۆر/ فاریزە دابنرێت، لە لاپەڕە (٤٥) دا ئەم هەڵەیە ڕاستکراوەتەوەو لەدوای قوتابی خۆشەویست (بۆر/ فاریزە) کراوە، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی خاڵبەندی بە دوو شێوەی جیاواز، هەستی بایەخندان و بە گرنگیدانەنانی خاڵبەندی لای قوتابی دروستدەکات و نازانێت کام نیشانەیە دروستە بەکاربهێنێت.

٦. گرنگیدان بە واتای وشەو ڕستەو پەیوەستبونیان پێکەوە.

ا- بەکارهێنانی وشەی هەڵە، بۆ نموونە لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)دا ( چ یارییەکت پێخۆشە، غاردان، هەڵپەڕین، تۆپانێ؟)، لێرەدا وشەی (هەڵپەڕین) وەك یاری نابینرێت و بەکارنەهێنراوە لەناو زماندا.

ب- لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم ساڵی (٢٠١١)دا نوسراوە، ( ڕۆڵە: کوڕ) (ڕاوێژ: شێوەی قسەکردن) کە ئەم لێکدانەوەی وشەو واتایە هەڵەیە.

٧. پەیوەستنەکردنی چالاکییەکان بەیەکتری و ڕیزبەندنەکردنیان.

ا- لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم لە لاپەڕە (٣٠)دا چالاکی (٢) پرسیار لە وەرزو سوڕانەوەی زەوی و خۆر دەکات، بەڵام لە لاپەڕە (٣١)دا چالاکی (٤) وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوەو زانیاری لەبارەی ئەو پرسیارانەوە بە قوتابی دەدات، دەبوایە سەرەتا چالاکی (٤) لە چالاکی (٢) دا بنوسرایە، واتە سەرەتا قوتابی کۆزانیاری وەردەگرێت پاشان پرسیاری لێدەکرێت دەربارەی ئەوەی کە وەریگرتوە.

ب- لە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی سێیەم لە لاپەڕە (٧١) دا لە ژمارە (١٦)دا پرسیارێك کراوە ( بۆچی کە سۆلین بولبولەکەی بەردا دەستی بە خوێندن کرد)، لەناو ناوەڕۆکی بابەتەکەدا ئەو باسە نەکراوە، لە لاپەڕە (٧٥) یشدا ڕاهێنانی (١) لە بابەتی (منداڵینە ئاگادارین)، پرسیارکراوە، کە ( بۆچی نەوزاد و ئازاد دەستکاری پێنوسەکەیان

نەکرد؟) لە کاتێکدا لەناو ناوەڕۆکی بابەتەکە باس لە پێنوس نەکراوەو نوسراوە ( نەوزاد چاوی بە شتێکی خڕی پلاستیکی سەرنجڕاکێش کەوت)، ئەو شێوەیەی کە باسکراوە لەگەڵ پێنوسدا یەکناگرێتەوە.

## ٣/٣-٢-٥) بیر*

ناواخنی زمان یان کرۆکی زمان تایبەتێتی ژیریی مرۆڤەو ئەرکی دیاریکردنی بیری مرۆییە، زمان تەنها ئامرازی گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو وەرگرتن و تێگەیشتن و گوزارشتکردنە بە بیرو بۆچون و ....تاد، سروشتی زمان یان زمانی ئاسایی بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ لە ڕێگەی ئاخاوتن یان نووسینەوە بەکاریدەهێنێت.

بیر (( ئەو کەرەستە خاوەیە کە لە ئاوەزی هەر تاکێکدایە، کە دیدوو بۆچونێکی ڕوت(مجرد) دەگرێتەوە، بەرانبەر بە هەبوەکان لە جیهانی دەرەوەدا.[٣٦٤]))، بیر لە ڕێگەی زمانەوە دەگەیەنرێت، کە ( هێما زمانییەکان هەڵگری بیرەکانن، بەمەش دروستەی بیر دروستە زمانییەکان دەیانوێنن، دروستە زمانییەکانیش پەیڕەوێك لە هێما بەرجەستەیاندەکەن، کە بە وشە دانراون)[٣٦٥]، بیرکردنەوەش چالاکییەکی هۆشییە، کە مێشك پێیهەڵدەستێت، کاتێك لە ڕێگەی هەستەکانەوە ڕوبەڕوی هەندێك ڕوداوو هەڵوێست دەبێتەوە، کە پەیوەندی بە کۆمەڵێك حاڵەتی زانیارییەوە هەیە، کە درك بە کۆزانیارییەکان و بیرکردنەوەو دەرئەنجام دەکرێت[٣٦٦].

وروژاندنی بیرو ئاوەزی قوتابی بە بەکارهێنانو خستنەگەڕی زیاتر لە ئۆرگانێکی هەستیی بۆ دركکردن و بەرجەستەبوون و کارلێککردنی لەگەڵ بابەتەکەو تێگەیشتن لێی، ئامانجی پرۆسەی پەروەردە دەهێنێتەدی، ئاوەزی مرۆڤ بە دركکردن و بەئاگایی، کە باشترین دیاردەی تێگەیشتنن، دیاردەکان لێکدەداتەوەو بە دروستی بیردەکاتەوەو ڕەفتار** و هەڵسوکەوتی گونجاو ئەنجامدەدات.

بیرکردنەوە (( پرۆسەیەکە بەهۆیەوە دەتوانین نواندنە ئاوەزیە نوێیەکان پێکبهێنین، ئەمیش بە وەرگێڕانی زانیارییەکان، لەڕێگەی کارلێکی ئاڵۆزی ئاوەزیی (بڕیاردان، لۆژیك، وێناکردن، چارەسەر کێشە،..) دەبێت.[٣٦٧]))، بەمەش بیرکردنەوە شێوازی ڕەفتاری و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و بۆچون و کۆزانیاری تاك دەگۆڕێت، هەربۆیە گرنگە لە پرۆگرامی خوێندندا بایەخی تەواو بەو بیرانە بدرێت، کە لە ڕێگەی وێنەو وشەو ڕستەو دەقەکانەوە بە قوتابی دەگەیەنرێت، تا تاکێك بەرهەمبهێنرێت، کە بیرکردنەوەی شیاو و دروستی بۆ ژیان و دەوروبەر هەبێت، بۆ نموونە

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٣/٢).

[٣٦٤] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٥)

[٣٦٥] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٤: ٨٣)

[٣٦٦] بڕوانە، حاتم جاسم عزیز، مریم خالد مهدی (٢٠١٥: ٨٩)

** ڕەفتار بریتیە لەو هەڵسوکەوتوچالاکیوکردانەی کە تاکێك بەئەنجامی دەگەیەنێت جا دیارو ئاشکرابێت (کردە فیسیۆلۆژیەکان)یان ناواخنو شاراوەبێت(بیرکردنەوە، یادکردنەوە،..) شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٥)

[٣٦٧] شیلان عومەر حسەین ( ٢٠١٥)

وشەی ( ڕاستگۆیی) کە لە پرۆگرامدا بەکاردەهێنرێت، بەهۆی ئەو سیما واتاییانەی*** ،کە لەم وشەیەدا هەیە، منداڵ فێری ئاکارو ڕەوشتی جوان دەبێت.
بیرکردنەوە لە وشەکان و بەبیرهاتنەوەی لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان وشەکانەوە دروستدەبێت، بۆ نموونە لە ڕێگەی بونی دەنگی (ه) لە وشەی ( هەنار) دا لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندییەوە، ئەو وشانە بە بیر قوتابی دێتەوە، کە هەمان دەنگی تێدایە، وەك ( هەرمێ، هەنجیر، بەهێ، هێشوو، هەنگ، ....)، ئەمەش بۆ فێربوونی پیتەکان لە قۆناغی یەکەمدا سودی زۆرە. درککردنی واتاو زانیاری لەناو ئاوەزدا بۆ ئەو شتانەی لە بووندا هەن وسەرەتاکەی لە پەیوەندییە هەستییەکان و چەشنی بەیەکەوە بەستنەوەی زانیارییەکانەوە خۆی دەبینێتەوە، گرنگە بیرە ئەرێنییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی دایکدا بەرجەستەبکرێت.

## ۳-۳/۳) فێرکردن

پرۆگرام و ناوەڕۆك و ئامانج چەندە پێویستە، کە گرنگی پێبدرێت و بەپێی بنەما سەرەکییەکان ڕێکبخرێت، هێشتا گرنگی تەواونابێت و بەئەنجامناگات ئەگەر ڕێگایەکی گونجاوو ڕاست و پراوپڕ پێشکەشنەکرێت و جێبەجێنەکرێت، (( فێرکردن بریتییە لە هەموو ئەو شێوازو ڕێگاو ڕێبازانەی بەکاردەهێنرێن بە پێی کات و شوێنی گونجاو، بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێربوون.[٣٦٨] ))، لەمەوە فێرکردن پرۆسەی چۆنیەتی بەرجەستەکردن و جێبەجێکردنی فێربوونە، کە پێویستە بەرنامە بۆداڕێژراوو بابەتییانە بێت، دەبێت و پێویستە ڕێگای وانەوتنەوەی شیاو بۆ پرۆگرامەکە ئامادەبکرێت و شانبەشانی پێویستی پرۆگرامی تەواو پلانی گونجاوو دروست دیاریبکرێت بۆ گەیاندنی ئەو دروستە کۆزانیارییانەی کە لە پرۆگرامدا هەیەو پێشکەشکردنی بنەماکان و پەیڕەوکردنی تیۆرییەکان لە پەروەردەکردنی قوتابیدا بگیرێتەبەر.
چەند جۆرێك ڕێگای وانەوتنەوە دیاریکراون، لەوانە[٣٦٩]: ڕێگای وانەوتنەوە، گفتوگۆ، پێوانەیی، هاندەران، چارەسەری کێشە، فێرکردن بە دۆزینەوە، پیشاندانی کرداری، ڕاهێنانی کرداری، فێربوونی بەرنامەیی، فێربوونی هاوبەش...تاد.
دەبێت لە قوتابخانەدا چالاکییەکانی قوتابی ببێتە هۆی پەرەسەندنی شارەزایی کۆزانیاری لە ڕێگەی درککردن و هاندانی قوتابی و چالاکی خۆیی و دووبارەکردنەوەی زانیاریی، کە ئەنجام قوتابی درك بە زانیارییەکان بکات و تێبگات و خەزنیبکات، ئەنجام قوتابی بە دەرئەنجام و چالاکی خودیی دەگات، کە هۆکارێکە بۆ زیاتر متمانە بەخۆبون و بەشێوەیەکی تەندروست هەستکردن بە بونی خۆی گەشەدەکات.
چوار جۆر بەرنامەی وانەوتنەوە دیاریکراون، کە بریتین لە[٣٧٠] :

١. لێهاتویی: چۆن لێهاتویی دەگەیەنرێت و جێبەجێدەکرێت.
٢. عەقڵگەرایی قوتابی: چۆن زمان دروستی، لێکدانەوە، کلتور، ... دیاریدەکرێت.
٣. بەرزی: چۆن قوتابی بە ئایدۆلۆجیای سیاسی و ئایینی بەخێودەکرێت.
٤. نەتەوەیی: چۆن دڵسۆزی و شارستانێتی و نەتەوەیی فێری قوتابی دەکرێت.

*** بروانە سیماواتاییەکان لە دیاریکردنی بەهاکاندا
[٣٦٨] عدنان عەبدوڵلا عبدلوهاب (٢٠١٥: ٢٨)
[٣٦٩] فواد محمد موسی (٢٠٠٢: ٣٠٥ - ٣١٢)
[٣٧٠] B. Spolsky and F. M. Hult (٢٠٠٨: ١١٧)

له پڕۆسەی پەروەردەدا دەبێت ئەمانە هەموویان بەرجەستەبکرێن ومامۆستا هەوڵدەدات قوتابییەکان بەشێوەیەك فێربکات بیری بوروژێنرێت و ئاڕاستەی بکات و بەگەڕیبخات و تێگەیشتن بێنێتە بەرهەم، ئەوەش بە هێنانە ناوەوەی بابەتی دیاریکراو، پێدانی زانیارییەکان، تایبەتمەندییەکان، بەکارهێنانی نموونەکانی کۆمەڵگا لەنێو پۆلدا بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی قوتابییەکان و ئاشنا بون بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و زوتر فێربوونیان، زانیارییەکان لەنێوان مامۆستاو قوتابیدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، لەگەڵ بایەخدان بە زمانی فەرمی و کلتوری نەتەوە لە ئاڕاستەکردنی پرسیاردا، ( ئاڵوگۆڕی گفتوگۆی نێوان مامۆستا و قوتابی ڕیزبەندییەکی جیهانییە، زاراوەکە لە سێ بەش پێکهاتوە (IRE) *، کە بە واتای ( دەستپێکردن، وەلام، هەڵسەنگاندن) دێت)[٣٧١]:

دەستپێکردن ← وەلام ← هەڵسەنگاندن

بۆ نموونە:

٢٨/ - دەستپێکردن (مامۆستا): کێ دەتوانێت پێم بڵێت ئارد لە چی دروستدەکرێت؟

- وەلام (قوتابی) : لە گەنم.

- هەڵسەنگاندن ( مامۆستا): زۆر ڕاستە، ئێستا گەنم لە کوێ دەچێنرێت ؟ ( دەستپێکردنی ڕیزبەندییەکی تر).

بەم ڕێگەیەش بیری قوتابی دەجولێت و ڕایەڵەی بیری لای قوتابی دروستدەکات، دەتوانرێت لەپۆلدا بابەتەکان لە قۆناغەکانی خوێندندا سودی لێوەربگیرێت و ببێتە هۆی وروژاندنی بیری قوتابی و بەشداریکردنی زۆربەی قوتابیان لە پڕۆسەکەدا، بۆ نموونە بابەتی ( هەموو کاردەکەن) لە قۆناغی دووەمدا، دەتوانرێت بۆ ئاسانکردنی بابەتەکەو شارەزابونی قوتابیان لە گیانەوەران و فێربوونیان چەندین پرسیار لەم بابەتە بەپێی ئەم ڕیزبەندییە دروستبکەین، وەك:

٢٩/ - مراوی لە کوێدا دەژی؟

- مراوی لەناو ئاودا دەژی.
- هەربژیت، ئایا مریشکیش لەناو ئاودا دەژی؟
- نەخێر.
- زۆرباشە، ئەی مریشك چی بەرهەمدەهێنێت؟
- مریشك هێلکە بەرهەمدەهێنێت.
- ئەی باشە مانگا چی بەرهەمدەهێنێت؟
- شیر.
- زۆرباشە ، لە شیر چی دروستدەکەین؟
- ماست، دۆ، پەنیر، کەرە، قەیماغ،....

بەمشێوەیە دەتوانین بابەتەکە بە شێوازێکی زۆر ئاسان و گرنگ قوتابییان تێبگەیەنرێت.

---

* ئەم ڕیزبەندییە لەلایەن (١٩٧٩)Mehan دەرکەوت، کەکورتکراوەی هەر سێ زاراوەی (evaluation , response , initiation)

[٣٧١] B. Spolsky and F. M. Hult,(٢٠٠٨;٧٦ )

له قۆناغی سێیەمی بنەڕەتیدا بابەتی ( زستانی كوردستان) دەتوانین بەشێوەی ڕیزبەندی بیری بۆ قوتابیان شیبكەینەوە، بۆ نموونە:

٣٠/ - لە زستاندا چی دەبارێت؟

- بەفر، باران ، تەرزە*

- زۆرباشە، كاتێك بەفردەبارێت چی دروستدەكەین؟

بەمپێیە پێكهێنەرەكانی فێربوون بریتین لە : مامۆستا، قوتابی، پڕۆگرام، بڕوانە هێڵكاری (٣٤).




هێڵكاری (٣٤)

وەرگرتن و گۆڕانكاری كۆزانیاری لەسەرەتای منداڵییەوە دەستپێدەكات، توانای درككردنی هەستی، بەكارهێنانی هێماو پەیوەندییەكان سەرەتای قۆناغی دەستپێكردنە لە فێربونی منداڵدا، بەمشێوەیە ڕیزبونی بیرو بابەتەكان بۆ فێربوون و فێركردن و چەسپاندنی یاساو بنەما كلتورییەكان دەبێت، بە گشتی منداڵ بەمشێوانە فێردەبێت[٣٧٢]:

- فێربون لە ڕێگەی ڕاهێنان و جێبەجێكردن.
- فێربوون لە ڕێگەی یاری، كە یاری ئەزمونێكی باشی فێربوونە.
- گرنگیدان بە بەهێزی وروژاندنی فێربوون.
- چالاكی هەستی هۆكاری فێربوون و لێكۆڵینەوەیە.

---

* لەبەرئەوەی لەناو پڕۆگرامەكەدا وانوسراوە، بۆیە وەك پڕۆگرامان نوسیوە، هەرچەندە گرنگە وشەكان ڕێكخراو بن، واتە پێویستە لە پڕۆگرامەكەدا بنوسرایە ( باران، تەرزە، بەفر)

٣٧٢ www.edu.fi.arabiya

# ئەنجام

١- زانستی زمانی پەروەردەیی بە زانستی هەمەچەشنە دانراوە، چ لـەڕوی نـاوەڕۆك و كرۆكـی توانـستەكانیەوە، چ لەڕوی ڕێبازە چەمكیەكانیەوە، لەبەرئەوە بۆ پـشكنین و توێژینـەوە دەبێـت بـە زیـاتر لـە تیۆرییـەك لێكۆڵینـەوەی تێدابكرێت. بنەماو پرسی زانستی زمانی پەروەردەیی هەمان بنەماو پرسی زانستی زمانی كارەكی و زانستی زمانی گشتییەو دیاریكردنی دروستەی كۆزانیاری ڕایەڵەی پێكبەستنی تایبەتێتی نێوانزانستی ئەم بابەتەیە.

٢- بنەماكانی زمانی پەروەردەیی بە بنەمای دەماریی — زمانیی، كۆمەڵایەتی — زمـانیی، دەرونیـی- زمـانیی و زانستی زمانیی- زمانیی پەسنكراون، ئەمـەش بـۆ لـەخۆگرتنی هـەموو ئـەو بوارانـەی ڕۆڵیـان لەسـەر پرۆسـەی پەروەردەكردنی قوتابییاندا هەیە.

٣- بنەماكانی زمانی پەروەردەیی پرۆگرامی خوێندنی زمانی كوردی، بەمشێوەیە پەسنكراون:

ا-بنەمای دەماریی — زمانی: كە دەبێت زمانی پەروەردەیی وروژێنەرو بەكارخەری هـەردوو لای مێـشكی قوتـابیی بێت، ئەمە زۆر لاوازە.

ب-بنەمای كۆمەڵایەتی — زمانیی: زمانی پەروەردەیی فێربوون و فێركردنی كلتور دیاریدەكات لە ڕێگەی زمانەوە، كە دەربڕو بالانمای گروپە كۆمەڵایەتییەكان بێـت، بـە پـەروەردەكردنی قوتـابی بـە بنـەما كلتـوری و كۆمـەڵاتی و ڕەوشـتییەكان، دەبێـت وشـەو دەسـتەواژەكان لەگـەڵ ژینگـەی ئێـستای منداڵـدا بگونجێـت و دەربـڕاوی خـوازەیی بەكارنەهێنرێت، كە ئەمەش لە پرۆگرامی خوێندنی كوردیدا بەرجەستەكراو نییە.

پ-بنەمای دەرونیی — زمانیی: زمان و درككردن كاریگەری ئاڵوگۆڕكراویان لەسەریەك هەیەو هەردوكییان بەشێكی دانەبڕاون لە ئەزمون و لێهاتویی و پرۆسەی بەرهـەمهێنان و پرۆسـەی تێگەیـشتندا، گرنگـە وشـەو دەسـتەواژەكان درككردن و تێگەیشتنی قوتابی دەسەبەربكات، ناڕونی و شاراوەی لە نوسینی دەقدا نەبێت، بەشێوەیەك بێت هەست و سۆزی قوتابی بجولێنێت، ڕەچاوی حەزو ئارەزوی قوتابی و بەدەستهێنانی بكرێت، قوتابی بابەتەكان وەك بەشـێك لـە خۆی ببینێت، زمان دەبێتە دەرخەرو پیشاندەرو ڕێنیشاندەرو بنیاتنان و پەرەپێدانی كەسیتی تاك، كـە بناغەدانـەری كەسێتی خودی و دەرخستنی تایبەتمەندی كەسێتی خودییە، كە لەم لایەنەوە كەموكورتی تەنانەت پێچەوانەكەشی لە پرۆگرامی خوێندندا دەبینرێت.

ت-بنەمای زانستی زمانیی- زمانیی: زمانی پەروەردەیی مەرج و پێویستە بە زمانی ستاندارد بێت. پێویـستە تـا قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی تەنیا زمانی دایك بخوێنرێت، دواتر قوتابی فێری زمانی دووەم بكرێـت، گرنگـە پرۆگـرام بایەخ بە بەكارهێنانی زمانی ستاندارد، یاسـا مۆرفۆلـۆجی و سینتاكـسییەكان ، دروستنوسـینی پیـت و وشـەكان، خاڵبەنـدی بـدات، پێویـستە فێربـوونی پیتـەكان بـە پێـی ڕیزبەنـدی ئـەلفوبێی زمـانی كـوردی بێـت و لـەخۆوەو

بێبەنەمانەبێت، وەرگرتن و بەرهەمهێنانی فۆڕمە کۆنکرێتییەکان لە فێربوونی زماندا، لە بەرهەمهێنان و وەرگرتنی فۆڕمە ئەبستراکتییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا ئاسانترو چالاکترن، کە بە کلتورو جیاوازیی کۆدە تایبەتییە کلتورییەکانەوە پەیوەستە، ئەمانە بەگشتی ڕەچاو نەکراون بگرە بە نازانستیش پرۆگرامی خوێندنی پێداڕێژراون.

٤- هەڵسەنگاندنی بنەماکانی زمانیی پەروەردەیی پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی بە پێی پێوەری دیاریکردنی بەهاو پێوەری دوبارەبوونەوەیان،کە لە ئاستی پێویستدا نییە، بەمشێوەیە:

ا- لە کۆی (١٢) بەها، کە بۆ پرۆگرامی قۆناغی یەکەم دانراون، لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا تەنیا بەهای (زانیاری و زانستی زمانیی)و لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا بەهای ( زانیاری و زانستی زمانیی، ڕەوشتی، کۆمەلایەتی، خودی و کەسی) بەرجەستەبوون.

ب- لە کۆی (١٤) بەها، کە بۆ پرۆگرامی قۆناغی دووەم دانراوە، تەنیا بەهای ( زانیای و کۆزانیاری، ڕەوشتی) بەرجەستەبوون .

پ- لە کۆی (١٦) بەها، کە بۆ پرۆگرامی قۆناغی سێیەم دانراوە، تەنیا بەهای ( ڕەوشتی، زانستی و کۆزانیاری، کۆمەلایەتی، خودی و کەسی) بەرجەستەبوون.

ت- بەگشتی بەهاکانی تر زۆر کەم دەبینرێن یان تێیدانییە، کە بە پێی پێوەری ستانداردی پەروەردەیی زمان دەبێت هەموو ئەو بەهایانە لەخۆبگرێت، کە بە پێی قۆناغەکانی خوێندن دیاریکراون.

# سەرچاوەکان

## ١- کتێب

### ا- کوردی


١. ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٢، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٢. ابراهیم فەقێ،٢٠١٣، پرۆگرامسازی زمانەوانی دەمار NLP و هونەرە کۆمەنیکەیشنی بێ سنور، و. گەرمیان محەمەد، چاپ و بلاۆکراوەی چوارچرا.

٣. ئیدریس سیوەیلی، ٢٠١٤، مامۆستای کارامەو وانەوتنەی سەرکەوتوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٤. بکر عومەر علی ، کاروان عومەر، ئاڤێستا کەمال، فێربوون و فێرکردن لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە ، کۆنفرانسی ٢٠١١

٥. جەیمز ئالین، ڕۆبن شارما، تۆنی بوزان، باربارا دانجلیس، و. نەوزاد محەمەد ئەمین، بەختیار ئەحمەد صالح، ئەحمەد نوری، اکرم هادی، عەلی ئەکبەر مەجید، دەرونزانی کۆمەلاَیەتی، ٢٠١١، چاپی دووەم، چاپەمەنی کارۆ.

٦. ڕێزان عوسمان مستەفا، ٢٠١٢، دەربڕین و وەرگرتن لە زمانی پەروەردەدا، کۆنفرانسی ٢٠١٢.

٧. شاخەوان جەلال فەرەج، ٢٠١٣، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٨. شیلان عومەر حسەین، ٢٠١٢، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٩. لیژنەیەکی پسپۆڕ، و. جەلال خلف ژاڵەیی، ٢٠٠٤، دەرونزانی کۆمەلاَیەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٠. کەریم شەریف قەرەچەتانی، ٢٠٠٦، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر.

١١. کاروان عومەر قادر، شاخەوان جەلال فەرەج، (٢٠١٢)، فێرکردن لە نێوان ڕستەو دەقدا، کۆنفرانسی ٢٠١٢.

١٢. عەبدولڕەحمان حەمەچاوش مەحمود،٢٠١٣، پەروەردە لە سایەی فەلسەفەی پەروەردەیی نیشتمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان-سلێمانی.

١٣. عبدولواحید موشیردزەیی ، ٢٠١٤، زمانەوانی دەروونی، ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم،هەولێر.

١٤. محەمەد عبدولفتاح حمەسعید، ٢٠٠٩، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٥. محەمەد عبدولفتاح حمەسعید، ٢٠٠١، زانستی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٦. هێرۆ کەمال کەریم، ٢٠٠٦، سایکۆلۆژیای منداڵ و پەروەردەکردنی خونچەکانی.

١٧. یاسر العیتی، ٢٠٠٧، زیرەکی عاتیفی لە خێزاندا، و. کمال شێخ حسن ، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

١٨. -------- ، ٢٠٠٦، زمان، هزرو کولتور، و.رەحیمی سورخی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.


## ب- بەرهەمی بلاۆنەکراوە


١. عدنان عبدوڵلا عبدلوهاب، ٢٠١٥، زمانوەرگتن لای منداڵ، نامەی ماستەر، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی.

٢. فاضل مجید محمود، ٢٠٠٠، شیعری مندالاَن لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان. زانکۆی سلێمانی.

٣. شیلان عومەر حسەین، ٢٠١٥، زمانی دایك سەرچاوەیەك بۆ بنیاتنانی کەسێتی، کۆنفرانسی ٢٠١٥.

٤. شیلان عومەر حسەین ، ٢٠١٥، بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیی، زانکۆی سلێمانی.

٥. کاروان عومەر قادر، ٢٠١٤، بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیی، زانکۆی سلێمانی.

٦. ناهیدە ڕەحمان خەلیل، ٢٠١٣، زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ _فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان. زانکۆی سلێمانی.

٧. یارا قادر ، ٢٠١٥، گیروگرفتەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان. زانکۆی سلێمانی.


## پ- گۆڤار


١. ئاڤێستا کەمال محمود، ٢٠١٣، وێنەی هزری، ئاوەزداری و لێکدانەوەی سایکۆزمانییەکان، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە ٤٢، زانکۆی سلێمانی.

٢. ئاڤێستا کەمال محمود، ٢٠١٤، ئاوەزداری و درککردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٥).

٣. شاخەوان جەلال فەرەج، ئاڤیستا کەمال مەحموود،٢٠١٣، ڕێکخستنەوەو چالاککردنەوەی فۆڕمە زمانییەکان لەنێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووهەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٣.

٤. شیلان عومەر، ٢٠١٤، زمان و پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٤.

٥. شیلان عومەر حسەین،٢٠١٥ ، هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاریی پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی، خوێندنی کوردی وەك نموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٢.

٦. کاروان عومەر قادر،٢٠١٣، کاریگەری جیاوازییە زمانییەکان لە ستانداردکردنی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە (٤٠).
٧. محمد معروف فتاح، ١٩٩٠، زمانەوانی، چاپخانەی دار المحکمه.
٨. مهاباد کامیل عبدالله،٢٠١٥، زمانی دایك لە سیستەمی پەروەردەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە٢.
٩. هەڤاڵ ئەبوبەکر، ٢٠١٣، ئەدەب و ژیانی مەدەنیەت، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٠.

### ت- چاوپێکەوتن

١. ئیدریس سیوەیلی، سیمینار
٢. **ئاڤێستا کەمال مەحموود، چاوپێکەوتن ( ١٦\٥\٢٠١٥)**
٣. کاروان عومەر قادر، چاوپێکەوتن ( ٢٠١٥/٥/١٨)
٤. محەمەد عبدولفتاح حمەسعید، چاوپێکەوتن ( ٢٠١٥/٥/١٣)

### ٢- عەرەبی

١. امجد قاسم، خصائص النمو فى المراحل العمرية المختلفة.
٢. ابتسام محمد فهد، بناء منهج للتربية الخلقية للصفوف الثلاثة الاولى من المرحلة الابتدائية( الاساس) فى ضوء الروؤية القرانية، جامعة البغداد.
٣. احمد حسن البدور، ١٤٣٢-١٤٣٣، عناصر المنهج، جامعة الملك سعود، كلية التربية
٤. احمد عازم، ٢٠٠٧، التربية للقيم وادب الاطفال.
٥. جاسم على جاسم، علم اللغة النفسى فى التراث العربى.
٦. حاتم جاسم عزيز، مريم خالد مهدى، ٢٠١٥، المنهج والتفكير، دارالرضوان للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان.
٧. حفيظة تازوتى، لغة الطفل بين المحيط و المدرسة.
٨. خلود ابراهيم الحموش ، ٢٠١٠، اشعار ترقيص الاطفال فى التراث العربى القديم فى ضوء علم اللغة الاجتماعى، جامعة الهاشمية، الاردن.
٩. سند تكوينى، ٢٠٠٤، النضام التربوى و المناهج التعليمية، الجزائير.
١٠. سعاد محمد السيد، ٢٠٠٩، الاسس الاجتماعية لبناء المنهج.
١١. صالح نهير الزاملي ، غسق عبد الرضا بريسم العبودي، اثر المنهج فى تنمية المهارات الاجتماعية لدى اطفال الرياض من وجهة نظر معلماتهم ، مجلة واسط للعلوم الانسانية.
١٢. طلعت منصور، انور شرقاوى، عادل عزالدين، فاروق ابو عوف، اسس علم النفس العام، المكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٠٣
١٣. عبدالسلام مصطفى عبدالسلام، ٢٠٠٦، تطوير مناهج التعليم لتلبيه متطلبات التنمية ومواجهة تحديات العولمة، مؤتمر التعليم النوعى و دوره فى التنمية البشرية فى عصر العولمة.

١٤. عبدالعزيز بن صلاح التميمى، المناهج (اسسها وعناصرها و تنظيماتها).

١٥. غازى مفلح، ٢٠١٣، الاسس النفسية للمنهج، جامعة ام القرى، الكلية الجامعية بالقنفذة، قسم المناهج وطرائق التدريس.

١٦. فؤاد محمد موسى، (٢٠٠٢)، علم مناهج التربية من المنظور الاسلامى، زهرة المدائن.

١٧. موسى رشيد حتاملة, ١٤٢٧,نظريات اكتساب اللغة الثانية وتطبيقاتها التربوية (القسم الاول)، كلية الدراسات العربية والاسلامية- دبي.

١٨. محمد حمدان العبادى ،١٩٩٦، القيم النتضمنة فى كتب القراءة للصفوف الاربعة الاولى من التعليم الاساسى ( الحلقة الاولى) فى سلطنة عمان، كلية التربية، عبرى، ساطنة عمان.

١٩. محمد اسماعيل المشهدانى، ٢٠٠٥، علم اللغة.

٢٠. نايفة قطامى، نزيه حمدى، يوسف قطامى، تيسير صبحى، صابر ابو طالب ، ٢٠١٤، تعليم التفكير المرحلة الاساسية.

٢١. نصرالدين ادريس جوهر، الاسس اللغوية لبناء منهج تعليم اللغة العربية للناطقين بغيرها، جامعة سونن امبيل الاسلامية الحكومية- اندونيسيا.

٢٢. ناجى تمار، عبدالرحمن بن بريكة ،١٩٦٤، المناهج التعليمية والتقويم التربوى.

٢٣. هدسن، محمود عبدالغنى عياد، ١٩٨٧، علم اللغة الاجتماعي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، العراق.

### ٣) ئينگليزى

١. Ahmed Mohamaed Saleh, ٢٠١٢, A Monograph on: Educational Linguistics, its Origin, Definitions and Issues it Accounts, znternational journal of education.

٢. Abraham H. Masiow, ٢٠١٤ ,Toward A Psychology of Being , sublime book

٣. Peggy A. Ertmer and Timothy J. Newby, ٢٠٠٠, Behaviorism, Cognitivism, Constructivism: Comparing Critical Features From an Instructional Design Perspective

٤. Andrea Donaky,٢٠٠٧, language planning and policy in manchester, dissertation, university of Manchester, faculty humanities.

٥. Arthur W. Toga & Paul M. Thompson, ٢٠٠٥, Genetics of brain structure and intelligence, University of California, Los Angeles, California, Annual Reviews.

٦. Anne Syomwene, Kisilu Kitainge, Marcella Mwaka, ٢٠١٣, Psychological influnces in the curriculum decision making, journal of education and practice.

٧. Ann Cartwright & Amanda Solloway, ٢٠٠٧, emotional intelligence activities for developing you and your business.

٨. B. Eun & H. Soon_Lim, ٢٠٠٩, A sociocal tural view of language leaving: the importance of meaning-Based Dnstruetion.

٩. Bernard Spolsky and Francis M. Hult,(٢٠٠٨), The Handbook of Educational Linguistics,

١٠. Carol S. Dweck, ٢٠٠٠ , self – theories , psychology press, Taylor &francis group.

١١. C.Jack, education department

١٢. Critical thinking, learning development, ٢٠١٠, Plymouth university .

١٣. Charles M. Reigeluth, and Alision A.Carr- Chellman, (٢٠٠٩), Instructional- design theories and models, taylar&francis.

١٤. Carol Garhat Mooney ( ٢٠١٣), Theories of childhood , seconed edition , Redleaf Press.

١٥. Carol Benson, ٢٠٠٤, the importance of mother tongue, based schooling for educational quality, Unesco.

١٦. Cary Cherniss & Daniel Goleman, ٢٠٠١, The Emotionally intelligent workplace, Jossey-Boss A wiley company san Francisco.

١٧. ------------------, An EI-Based Theory of Performance From the book The Emotionally Intelligent Workplace

١٨. Dave Atlas, teaching learning committee, Montana state university-Bozeman. www. Montana. Edu.

١٩. Daniel Redinger, ٢٠١٠, Language Attitudes and code-switching behaviour in a multilingual educational context: the case of Luxembourg, thesis submitted phd, the university of york , department of language and linguistic science

٢٠. Daniel. Goleman, (١٩٩٤), Emotional Intelligence, Bantam books.

٢١. Dyslexia Resource Guide , ٢٠١٤, Arkansas Department of education . Division of Learning Services

٢٢. Daniel Suthers, Learning Research& Development center, university of Pittsburgh.

٢٣. Edward L.Deci, ١٩٩٥, Why We Do What We Do, penguin books, united states. America

٢٤. Etienne Wenger, ١٩٩٨, Communities of Practice, united States of America, Cambridge university press.

٢٥. Elena Rodrigues-falcon & Marie Evans & Claire Allam & John Barrett & Dave Forest, ٢٠١٠, the inclusive learning and teaching handbook, the university of Sheffield.

٢٦. Education in a multilingual world, UNESCO Education Position Paper_ ٢٠٠٣, Published in ٢٠٠٣ by the United Nations UNESCO ٢٠٠٣ Printed in France

٢٧. Feliciano Salvador Chimbutane, ٢٠٠٩, the purpose and value of bilingual education: A Critical, Linguistic Ethnographic syudy of Two Rural Primary schools in Mozambique, the thesis to university of Birmingham.

٢٨. Gregory McLeod, Behaviorist theory on language acquisition.

٢٩. Gordon Wells, ٢٠٠٤, Dialogic lnquiry : toward a sociocultural practice and theory of education, Cambridg university press.

٣٠. Gregory Schraw ,٢٠١٣, information processin theory, metthew mcCrudden

٣١. Howard Gardner, ١٩٩٣, Multiple Intelligences, ferst edition. Basic books, New York.

٣٢. Huitt ,W. , ٢٠٠١, Educational psychologist interactive.

٣٣. -------,٢٠٠٣, The information processing approach to cognition educational psychology interactive. Valdosta, ga: Valdosta state university.

٣٤. H.Douglas Brown ,٢٠٠٠ , Principles of Language Learning and Teaching , fourth edition.

٣٥. Helmut.J.Vollmer,٢٠٠٧, language across the curriculum: Adidaktic perspective, university of osnabrueck, germany.

٣٦. -------------- ,٢٠٠٣, language across curriculum(LAC).

٣٧. Ikujiro Nonaka, (٢٠٠٦), Creating sustainable competitive advantage through knowledge – based management, nonaka and toyama.

٣٨. Ikujiro Nonaka and Hirotaka Takeuchi,(١٩٩٥) , The knowledge – creating company, newyourk, oxford university press.

٣٩. John. M. Keller,٢٠١٠, Motivational design for learning and performance, springer.

٤٠. Jone m. Erikson,(١٩٩٧), the life cycle completed, Norton& company, newyork

٤١. Johan Sweller, Paul Ayres, Slava Kalyuge, ٢٠١١ , Cognitive Load Theory, springer.

٤٢. Jane Krauss and Suzie Boss, ٢٠١٣, Thinking Through Project-Based Learning ,corwin, united states of America.

٤٣. James P.Lantol &S.L.Thone, ٢٠٠٧, Sociocultural theory and second language learning.

٤٤. Judy Woon Yee Ho, ٢٠٠٧, code-mixing: linguistic form and socio-cultural meaning, lingnan university, Hong Kong.

٤٥. K.V. Petrides, Adrian Furnham , ٢٠٠٠, On the dimensional structure of emotional intelligence Department of Psychology, University College London, London.
٤٦. Ken Boston, ١٩٩٨, focus on literacy spelling, Nsw.
٤٧. Kobl, David A, ١٩٨٤ , Experiential learning; Experience as the source of learning and development, NewJersey; prentice- hall.
٤٨. Lorin W. Anderson and David R. Krathwohl , ٢٠٠٠, A Taxonomy for Learning , Teaching, and Assessing , first edition.
٤٩. Luis.C.Moll ,٢٠١٤, L.S.Vygotsky and Education ,Routledge ,new York.
٥٠. Lisa Gueldenzoph Snyder & Mark.J.Snyder, ٢٠٠٨, teaching critical thinking and problem solving skills, the Delta Pi Epsilon Journal.
٥١. Monica Stella Cardenas- Claros & Neny Lsharyanti, ٢٠٠٩, code switching and code mixing internet catting: between ' yes', 'ya', and 'si' a case study, the Jaltcall Journal.
٥٢. M.Espinosa ,٢٠١٢ , Domain, dglossia and polyglossia.
٥٣. Marsha Fralick , ٢٠١١, College & Career Success: Concise Version, ٥th ed, Kendall Hunt Publishing Co.
٥٤. Ministry of education ,٢٠١٣, Guide to the pre-primary curriculum, Kurdistan-Regional Governrant.
٥٥. Nancy H. Hornberger, ٢٠٠٨, Educational linguistic as a field: AView form Pann's program on the occasion of its ٢٥th Anniversary, university of Pennsylvania.
٥٦. Nancy H. Hornberger and Sandra Lee Mckay , ٢٠١٠, sociolinguistics and language education, techest composition Ltd, Salisbury,uk.
٥٧. Nic Blakeley, Geoff Lewis, Duncan Mills, ٢٠٠٥, The economics of knowledge: what makes ideas special for economic Growth? , The Treasury.
٥٨. Nicole Petton Terry & Miles Anthong Lrving , cultural and linguistic diversity: issues in education.
٥٩. Nick C.Ellis , An introduction to CL, second language and language instruction.
٦٠. Teun A.VanDijk & Walter Kintsch, ١٩٨٣, Strategies of Discourse comprehension, New yourk, Academic press.
٦١. Tom McARTHUR, ١٩٨٠, Elaborated and Restricted code, concise oxford companion to the English language. Encyclopedia.com
٦٢. Teaching and learning in a competency-based curriculum , ٢٠١٢, international confederation of midwives.
٦٣. Ron ,١٩٩٠, Grammar teaching and leaguage skills knowledge.

٦٤. Robert Maribe Branch,٢٠٠٩, instructiona design: the ADDIEl approach, springer.
٦٥. Richard E. Mayer, ٢٠٠١, multi-media learning , cambridge, first edition.
٦٦. R.Micalpagie, Helen Jorstad, Laura Siaya, Francine Klein,٢٠٠٣, culture learning in language education A Review of the literature
٦٧. Rod Ellis, principles of instructed language learning, university of Auckland.
٦٨. R.Ellis , ٢٠٠٨,the study of second language acquction.
٦٩. R. Jaspal , ٢٠٠٩, language and social identity Apsychosocial approach, un. London.
٧٠. Stacey T. Lutz William G. Huitt, ٢٠٠٣, Information Processing and Memory: Theory and Applications. Educational Psychology Interactive. Valdosta, GA: Valdosta State University.
٧١. Saul mcleod ,٢٠٠٨, information processing.
٧٢. Scott Bovitch, Zach Cullimore, Tanesh Bramwell- Jones,٢٠١٢, education theory of noma Chomsky, Elizabeth Massas, Dominique perun.
٧٣. Understanding your learning styles , ٢٠٠٨ LD pride online.
٧٤. Wrutheran Sinnaderan, The structure of knowledge in school subjects and its implication for classroom teaching.
٧٥. Yrjo Engestrom , Reijo Miettinen, Raija - Leena Punamaki , ١٩٩٩, perspectives on activity theory , Cambridge, united kingdom, first edition

**٤- پێگەی ئەلکترۆنی**

١. www.onestopenglish.com/grammar/...intelligence
٢. www. Instep.net.nz/content
٣. research.ijcaonline.org/volume٨٤
٤. www.unlink.com
٥. dictionary.reference.com
٦. www.saqapub.com/upm- data\ the nature of curriculum.
٧. En. Wikipedia. Org/ wiki/language – aquistion
٨. www. Engres.ied.edu.hk/ soicolinguistics
٩. Aggslanguage.wordpress.com
١٠. www.wncyclopedia.com
١١. www.grammer.about.com
١٢. *www.ed.psu.edu*
١٣. www.infed.ora
١٤. www.mcgill.ca/files

١٥. www.essex.ac.uk
١٦. www.usyd.edu.au
١٧. Orhannchetin.weebly.com/uploads
١٨. Maktabtmepi.org
١٩. www.dictionary.com
٢٠. www.wikipeda.com
٢١. www.wikipida.org
٢٢. www.learning-theories.com
٢٣. www.glencoe.mheducation.com
٢٤. www٢.hull.ac.uk/student
٢٥. edu.uokufa.edu.iq/staff/Dr.Nema/base.doc
٢٦. www.slideshare.net
٢٧. www.manqol.com
٢٨. faculty.mu.edu.sa
٢٩. esl.Fis.edu/parents/ The importance of mother tongue
٣٠. Understanding spelling
٣١. Wikis. La. Utexas. Edu. Theory
٣٢. www.free-management-ebooks.com, Understanding emotional intelligence, ٢٠١٤
٣٣. www.prr.hec.gov.pk/chapters/ Language planning and education (٢٠٨)
٣٤. www.nongnia.blogspot.com/٢٠١٣/ Disglossia, code switching and code mixing
٣٥. www.educationsctland.gov.uk./ Curriculum for expressive.
٣٦. www.**mu**.**ac**.in/myweb_test/ sociology of education
٣٧. www.studyskills.soton.ac.uk./ Understanding your learning styles,٢٠٠٨
٣٨. www.skillsforcare.org.uk/.../**Learning-technology**
٣٩. www.newtown.sandwell.sch.uk/.../Spelling_Handbook.pdf
٤٠. Jeritt. Mus.edu/document
٤١. www.**scribd**.com/.../**Outline-of-Educational-Learning**
٤٢. www.edu.fi.*arabiya*
٤٣. www.edu.fi/yleissivistava_koulutus
٤٤. www.edu.fi/ Oman_aidinkielen_merkitys
٤٥. www.academia.edu/Diglossia_in_the_Arab_World
٤٦. www.uky.edu
٤٧. www ictnz.com/handouts/thinking
٤٨. www.kompasiana.com
٤٩. https://principlesoflearning.wordpress.com

# الخلاصة

المقصد الأساسي للبحث المعنون (مبادئ اللغة التربوية في مناهج التعليم، تعليم اللغة الكوردية كمنوذج) هو محاولة تحديد مبادئ اللغة التربوية ودورها وتأثيرها على تصميم وصياغة مناهج التعليم، تحت ضوء نظريات التعليم، وتحديد كيفية التعلُّم. يتحدد مجال الدراسة بعلاقة علم اللغة التربوي بعلم اللغة وعلم اللغة العصبية وعلم اللغة الإجتماعي وعلم اللغة النفسي و إلخ، وعلاقة هذا العلم مع مناهج التعليم.

تتبنى الدراسة منهج التحليل الوصفي لتحليل نماذجها، وبيانات الدراسة تتألف من بيانات اللهجة الكوردية الوسطى، اللكنة المستخدمة في السليمانية، ومناهج التعليم في الحلقة الدراسية الأولى كنموذج (مراحل التعليم الأساسي الأولى والثانية والثالثة) ، حيث يتم تطبيق المبادئ عليها.

تتألف هذه الدراسة من المقدمة والنتائج والتوصيات والمصادر، و تكون الفصول كالتالي:

الفصل الأول: يعنى بعلم بيئة لغة التعليم، حيث يتألف من ثلاثة مباحث. المبحث الأول يعنى بمقاصد وتحليل لغة التعليم" ويتضمن مفهوم علم لغة التعليم، و وصف لغة التعليم ، وتكامل اللغة والتعليم. يتحدث المبحث الثاني حول النظرية التعليمية للغة ونماذجها، والذي يتضمن النظريات السلوكية والتوليدية والوظيفية والإدراكية والبنيوية الإجتماعية والبيئية، ومعرفة الإنسان والتحفيز، وتصميم النظريات والنماذج، والتوصيف، والتعريف، والتعليم المتنوع. إن العلاقة بين هذه النظريات تلتقي في تحديد المعرفة، وكيفية تلقي الطفل للمعرفة. وهكذا يكون المبحث الثالث معنياً بتركيبة المعرفة، متضمناً مفهوم المعرفة وعملنا المعرفة حيث تتألف من الوحدة المعلوماتية وأسس عملنة المعلومات وتركيبة منهج عملنة المعلومات وإدراك المعرفة.

الفصل الثاني: يعنى بمبادئ لغة التربية، حيث يتضمن المبادئ الأساسية، وينقسم إلى أربعة مباحث. المبحث الأول يكون حول أساس اللغة العصبي، تصوُّر الدماغ وتكنيكاته، علم اللغة العصبي وتعلم اللغة الأولى والثانية. المبحث الثاني يتضمن أساس اللغة الإجتماعي، حيث يتحدث عن التربية والذاتية، مظاهر علم اللغة الإجتماعي، التخطيط اللغوي والسياسة اللغوية، وطرق المحادثة. المبحث الثالث يعنى بأساس اللغة النفسي، حيث يدرس علاقة اللغة بالعقل والسلوك ، ومبدأ تداخل المعرفة اللغوية والتفكير، وتعلم اللغة والأولى والثانية. المبحث الرابع يتضمن أساس علم اللغة اللغوي، وينقسم إلى وظيفة اللغة، إستخدام اللغة في التربية، اللغة الفصحى الموحدة، تنمية قدرات الطالب، اللغة وفهم التعلم، اللغة ومهارة الإستخدام، تعدد اللغات، الإملاء.

الفصل الثالث: يعنى بتقييم تركيبة المعرفة في مناهج تعليم اللغة الكوردية، ويتضمن تعريف منهج التعليم، ووظيفته، وأنواعه، وتركيبته، وأهدافه، ومحتواه، وطرق وكيفية التعليم والأنشطة التعليمية.

# Abstruct

The main purpose of the research entitled (Principles of Language in the Educational Curricula, Teaching the Kurdish Language as an Example) is to determine the educational principles of the language and its role and impact on the design and formulation of the education curriculum, under the light of theories of education, and it identifies how to learn. The field of study is determined by the relationship among educational linguistics, neurolinguistics, sociolinguistics, psycholinguistics, and so on, and the relationship of this science with education curricula.

The study adopts a descriptive analysis method for the analysis of its models, and the study data consists of Kurdish Central dialect data, the accent used in Sulaimaniya, and the methods of education in the basic stages are taken as a model (stages I, II and III), where the principles will be applied.

This study consists of an introduction, conclusion, recommendations, resources, and the chapters will be as follows:

Chapter One deals with ecology of lanugaue of education, and consists of three sections. Section deals with the purposes and analysis of the language of education; including the concept of educational linguistics, description of language of education, and the integration of language and education. The second section talks about educational theory of language and its models, which includes theories like behavioral, generative, functional, cognitive, environmental, and social structural theories, and deals with human recognition and motivation, designing theories and models, meta descriptions, definition, and diversified education. The relationship between these theories converge in determining what is knowledge and how child receives knowledage. Thus, the third section will talk about the structure of knowledge, including concept of knowledge and operating knowledge where it consists of information unit and foundations of operating knowledge, structure of operating knowledge approach and grasping knowledge.

Chapter Two deals with principles of language of education, including the basic principles, divided into four sections. Section one is about neurological bases of language, perception and brain techniques, neurolinguistics and learning first and second languages. The second topic involves the social bases of language, where it talks about education and subectivity, aspects of sociolinguitics, linguistic planning and language policy, and methods of conversation. The third section deals with the basis of psycholinguistics, where he teaches the language of the mind and behavior relationship, and the principle of linguistic knowledge overlap and thinking, language learning, first and second. Section IV contains the basis of linguistic knowledge of the language, and is divided into the function of language, the use of language in education, the classical language consolidated, the development of the student's ability, and understanding of language learning, language and skill use, multilingualism, Dictation.

Chapter three deals with the assessment of knowledge combination in the Kurdish language teaching curricula, and includes the definition of the curriculum, and its function, types, and its composition, and its objectives, and its content, and methods and how education and educational activities.

# پاشکۆ

**پاشکۆی ( ا )**


حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

ئەلفبێ

پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

عەبدوللا محەممەد ئەمین

چاپی یازدەهەم ٢٧١٢ کوردی ٢٠١٢ زایینی

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ سلێمانی ٢٠١٢




حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

خوێندنی کوردی

پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

وەرزی یەکەم

دانانی
لیژنەیەک لەوەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا

چاپی یەکەم ٢٧١٤کوردی ٢٠١٤زایینی ١٤٣٥کۆچی





حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

خوێندنی کوردی

پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

وەرزی یەکەم

دانانی
لیژنەیەک لەوەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا

چاپی یەکەم ٢٧١٤کوردی ٢٠١٤زایینی ١٤٣٥کۆچی




حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان
٢
خوێندنەوەی کوردی
بۆ
پۆلی دووەمی بنەڕەتی


حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان
خوێندنەوەی کوردی
بۆ
پۆلی دووەمی بنەڕەتی
دانانی
لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە
بژارکردنی
سادق ئەحمەد عوسمان روستایی
خەسرۆ عەلی حەسەن ئیسماعیل محەمەد عەبدوڵا
چاپی حەوتەم 2014 زایینی 2714 کوردی
چاپخانەی ماتیک / تورکیا


حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان
٣
خوێندنەوەی کوردی
بۆ
پۆلی سێیەمی بنەڕەتی


حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان
خوێندنەوەی کوردی
بـۆ
پۆلی سێیەمی بنەڕەتی
دانانی
لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە
بژارکردنی
سادق ئەحمەد عوسمان روستایی
خەسرۆ عەلی حەسەن ئیسماعیل محەمەد عەبدوڵا
چاپی چوارەم ٢٧١١کوردی ٢٠١١زاییینی

## پاشکۆی (ب) قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٣)




٣



٤



٥



٦



٧



٨



٩



١٠



١١



١٢



١٣



١٤



١٥



١٦



١٧



١٨



١٩



٢٠



٢١



٢٢



٢٣



٢٤



٢٥



٢٦



٢٧



٢٨



## داو

دارا! وەرە:

داوە، داو.

وەرە دواوە

د ، ە ، و

و





## دەوری

دارا وەرە.

دیاری وەرە.

دایە، دایە.

دەوری! دەوری!.

د ، و ، ی یـ

ی یـ





## سۆز

زریزەی زیو.

زریزەی زارا، زیوە.

زریزەی سۆز، زەردە.

وو ، ۆ ، ز

ز





## ئارد

ئەوە ئاردە.

ئاواز، ئەو ئاردە بدە بە دایە.

ئۆی ئۆی دایە!

ئەوە ئارد.

ز ، ب بـ ، ئـ

ئـ



## مەڕ

ئەو مەڕە، مەڕی ئارامە،

زۆر دەبارێنێ.

ئارام بڕۆ بیبەرەوە.

ێ یـ ، م مـ ، ڕ

ڕ

٤٥



## ڕوناک

ڕوناک دان بە مریشک دەدات.

ئەو دوو کەوە کەوی کاوەن.

دەنووکی کەو سوورە.

کەوەکان شەڕ دەکەن.

کش کش کەوەکان شەڕ مەکەن.

ت تـ ، ش شـ ، ک کـ

ک کـ

٥٠



## ساج

دایکی ڕەنجە نانی ساج دەکات.

ڕەنجە بەجام ئاو بە دایکی دەدات.

باوکی ڕەنجە جووتیارە.

جاران جووتیار بەگا جووتی دەکرد.

ئێستا جووتیار بە تراکتۆر زەوی دەکێڵێت.

ڵ ڵـ ، ق قـ ، ج جـ



ج جـ

٦٠

# پاشکۆی (پ) قۆناغی یەکەم ساڵی (٢٠١٤)

















چالاکی (٤)

ببینە، بڵێ، بنووسە، بخوێنەوە.

١٠١



نەورۆزە مەستم

نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول
مەستم بەعەتری وەنەوشەو سونبول
شـادم بەهـاژەی روبـاری بەفـرین
سـوورم بەشڵپـەی شـەپۆلی زیوین
نەورۆز ......
نەورۆز ......
جەژنی نەورۆزتان پیرۆز

کەریم شارەزا

٦٣



چالاکی (٥)

لاسایی دەنگی ئەم گیاندارانە بکەوە، ناویان بنووسە.

ق............ مـ............ مـ............

چالاکی (٦)

بخوێنەوە.

شیعر

- پەری وەرە، شیعرەکە ئەزبەر بکەین.
- کامە شیعر؟
- شیعرەکەی مامۆستا عەلی پێی گوتین.
- شیعری (نەورۆز) !؟
- ئافەرین! دەی زووبە وەرە.

٣٥



چالاکی (٧)

بخوێنەوە.

یاری چاوشارکێ

چیمەن و چیاو چرۆ لەژێر دار چناری دێیەکەیان یاری چاوشارکێیان دەکرد، چیا بەچوستی ویستی لەپشت دارێک خۆی بشارێتەوە، سەیری کرد هێلانەی چۆلەکەیەک لەسەر دارەکەیە، ویستی بچێتە سەر دارەکە بێچووە چۆلەکە بگرێت، بەڵام چیمەن و چرۆ پێیان گوت:
"گرتن و ئازاردانی باڵندە کارێکی پەسند نییە"، بۆیە چیا لە ڕەفتارەکەی پەشیمان بۆوە و وازی هێنا، دواتر هەرسێکیان دەستیان بەیاری چاوشارکێ کردەوە و ڕۆژەکەیان بەخۆشی بردەسەر.

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١- یاری چاوشارکێت کردووە؟
٢- داری چنار چۆنە؟
٣- باڵندە بێچووی خۆی لەکوێ دادەنێت؟
٤- بۆچی ئازاردانی باڵندە کارێکی خراپە؟

١٠٥



وانەی ١٣

ببینە و بڵێ.

ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی س سـ یان تێدایە ڕەنگ بکە.

١١٨


چالاکی (٦)

وشەو وێنەی پەیوەندیدار بە یەکتر بگەیێنە.

دەست

دارستان

تەون

چالاکی (٧)

بخوێنەوە.

زستان

ڕاستی بڕۆین بۆ سەیران؟

تارا زستان ساردە، باران دەبارێت.

نەورۆز دەڕۆین بۆ سەیران.

١٥٠


چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵـێ، ( ت تـ ) بنووسە، بخوێنەوە.

...ـەیارە

ئو..وو

ما..ۆڕ

...ـەون

١٤٧


جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

تۆپ تۆ پ (پ پـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی پ پـ ی تێدایە، بە چەماوەیەك دەوربدە.

ئەسپ سپی گۆڵ پەرژین

پ پـ بخەرە ناو چەماوەیەک.

پوول نامە پۆستە لاپتۆپ

دەڵێم.

پ پـ پ پـ

بیر خستنەوە

وو مـ م ت تـ ح حـ ژ ش شـ ڕ پ پـ

١٧٩


وانەی ١٨

ببینە و بڵێ.

ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی ح حـ یان تێدایە ڕەنگ بکە.

١٦٠


## وێنەی چەند مینێک

١٨٧

## وێنەی چەند تەقەمەنییەک

١٨٨

## پاشکۆی (ت) قۆناغی دووەمی ساڵی (٢٠١٤)





## چالاکی (٢)

بینا نابینا

تۆش ئەم وشانەی خوارەوە وەکو نموونەکەی سەرەوە لێبکە:

رەوا

................

دیار

................

رێک

................

رەسەن

................

پەسەند

................

خۆش

................





## واتای وشەکان:



| وشە | | واتا |
|---|---|---|
| ئاوات | : | هێڤی، ئارمانج |
| داهاتوو | : | ئایندە |
| پێشکەوتن | : | پێشکەفتن |
| چاودێری | : | چاڤدێری |
| دابین بکەن | : | مسۆگەر بکەن |
| گوێمان لێ بگرن | : | گوهێ خۆ بدەنە مە |
| رامان وەربگرن | : | گوێ لە بیرو بۆچوونمان بگرن. |
| جیاوازی | : | جودایی |
| ئایندە | : | دوا ڕۆژ |

## راهێنان

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەوە:

١. منداڵان حەزیان لە چییە؟

منداڵان حەزیان لە ..............، لە ............و

............

٢. لە قوتابخانە فێری چی دەبین؟ (نووسین و خوێندنەوە)

لە قوتابخانە فێری ............ و ............ دەبین.

٣. سوودی نەخۆشخانە چییە؟ ( چاک )

لە نەخۆشخانە نەخۆش ............ دەبێتەوە.



## رەوشتی سەردان



سەردان رەوشتێکی جوانە، مرۆڤ پێی خۆشەویست دەبێت.

مامۆستا لە قوتابییانی پرسی: شێوازی سەردان چۆنە؟

قوتابییەک: دەبێت ئاگاداری ئەو کەسانە بکەینەوە کە دەمانەوێت سەردانیان بکەین.

قوتابییەکی دیکە: کاتی سەردانەکە دیاریبکەین.

قوتابییەکی دیکە: خۆمان رێکوپێک بکەین.

قوتابییەکی دیکە: لە دەرگای ماڵەکەیان بدەین و سڵاویان لێ بکەین و لە تەندروستییان بپرسین.

قوتابییەکی دیکە: پێویستە زۆر نەئاخڤین و زۆریش نەمێنینەوە بۆ ئەوەی بێزاریان نەکەین.






لەمین نزیک مەبەوە، دەستکاری مــەکە
هیچ شتێکی تێ مەگرە، چونکە کوشندەیە








تەقەمەنییەکان مەترسیدارن.
لێیان نزیک مەبەوە،
هەوڵی دەستکاریکردنیان مەدە.






ئەم هێمایانەی سەرەوە نیشانەی بوونی مین و تەقەمەنین.
لێیان نزیک مەبەوە!







هەرگیز لەم ناوچە مەترسیدارانە نزیک مەبەوە!

## واتای وشەکان

| وشە | | واتا |
| --- | --- | --- |
| چرا | : | لاله |
| خەندە | : | بزەی سەر لێو |
| بڵند | : | بەرز |
| پێبگەن | : | بێنە بەرهەم |







## واتای وشەکان

| وشە | | واتا |
| --- | --- | --- |
| قەشەنگ | : | جوان، رازاوە |
| سەوز | : | کەسک |
| تەقەلا | : | هەوڵ و کۆشش |

## راهێنان

خوێندکاری خۆشەویست، وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:

١. تۆ لە کوێ دەژیت؟

٢. ئاڵای کوردستان چەند رەنگە؟



## چالاکی

قوتابی خۆشەویست

١. ئەمە ئاڵای کوردستانە،

ئەم ئاڵایە چوار رەنگە،

١. سوور ٢. سپی ٣. سەوز (کەسک) ٤. زەرد

ئێستا تۆ ئاڵای کوردستانم بۆ رەنگ بکە.

٢. من دەخوێنم، تاکو لە داهاتوو بتوانم، خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم بکەم.

ئەم رستەیەی سەرەوە سێ جار لە تێنووسەکەت بنووسە.



## لەشساغی

مامۆستا لە یەکێک لە خوێندکارەکانی پرسی ئەوەی یاریدەی لەشساغیمان دەدات چییە؟

* یەک لە خوێندکارەکان گوتی:

- هەتاو

* یەکێکی دیکە گوتی:

- هەوای پاکو خاوێن.

* خوێنکارێکی دی گوتی:

- ئاو

مامۆستاکە گوتی:

- ئەمانە هەموویان راستن

بەڵام گەلێک شتی باشی دیکە هەنە وەک:

- ددان شۆردن و پاکو خاوێنی...

زوونوستن و زوو لەخەو هەستان..

خۆ پاراستن لە نەخۆشی. ئەمانەش زۆر پێویستن.



| وشە | واتا |
| --- | --- |
| هەتاو | خۆر، رۆژ |
| ددان شۆردن | ددان شوشتن |



## جوانکاری شارو گەڕەک



هوشیار منداڵەکی ژیرو جوانکیلەبوو، لە پۆلی دووەمی بنەڕەتی بــوو، رۆژێک کە لــە قوتابخانە دەهاتەوە، دیتــی کۆمەڵە کرێکارێک لە کەناری شەقام و شوێنە تایبەتییەکاندا دارو درەخت و نەمام دەڕوێنن و گوڵ دەچێنن تا شارەکەی پێ جوان بێت و گەڕەک و شەقامەکان پاک و خاوێن و ڕازاوە بن. هوشیار بە پەلە چووە ماڵ و ئەم هەواڵەی بۆ باوکی باسکرد، باوکیشی گوتی:

کوڕەکەم ئــەوە ئەوان دەچێنن، مەرج ئەوەیە ئێــوەی منداڵیش نەیان شکێننەوەو هەڵیان نەکێشن و ئاگاداریانبن تا پێــــدەگەن.

هوشــیار: بابە گیان، سۆزو بەڵێن بێت بە خۆم کاری وا نابەجێ نەکەم و رێگەبە هەڤاڵەکانیشــم نــادەم کاری وا بکەن. چونکە ئێمە هەموومان شارەکەمان خۆش دەوێت و حەز بە جوانی و رێکی دەکەین.

## کەروێشکێکی وریا



جارێکیان رێوییەک ویستی کەروێشکێک بخوات. بۆ ئەمەش چووە نزیک لانەکەیەوە، خۆیدا بە زەویدا، هەردوو چاوی نووقاند، دەمی خۆی داخست. چوار پەلی لێڕاکێشاو خۆی مراند. کە کەروێشکەکە هاتەوەو رێویەکەی بەم جۆرە بینی، دڵی خۆش بوو، بەڵام نەیوێرا نزیکی بکەوێتەوە، چونکە لەوە دەترسا فێڵێک بێ و بۆ خواردنی ئەم دانرابێت. لەبەر ئەوە بە دەنگی بەرز وتی:

ئەو رێوییە هەژارو بەستەزمانە مردووە، بەڵام وەکو بیستوومە، رێوی، کە دەمرێ دەمی دادەچەقێنێ و قاچەکانی بۆ سەرەوە بەرز دەکاتەوە، کەچی نازانم بۆچی ئەم رێوییە دەمی داخستووەو قاچەکانی لێ درێژ کـــردووە؟



کە رێوییەکە گوێی لەم قسەیە بوو، دەمی داچەقاندو قاچەکانی هەڵبڕی، ئەوجا کەروێشکەکە بۆی دەرکەوت کە رێوییەکە زیندووە، رایکردو تێر تێر پێی پێکەنی.

### واتای وشەکان



| وشە | | واتا |
|---|---|---|
| ویستی | : | خواستی |
| لانە | : | شوێنی حەوانەوەی کەروێشک |
| فێڵ | : | خاپ |
| بەسەزمان | : | بێدەسەڵات |
| قاچ | : | پێ |
| هەڵبڕی | : | بڵند کر |
| ئەوجا | : | لەدوایدا |

### راهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:

١ - کەروێشکەکە چی گوت؟
٢ - رێوییەکە بۆچی چاوی خۆی نووقاندبوو؟
٣ - بۆچی کەروێشکەکە بە رێوییەکە پێکەنی؟
٤ - رێوییەکە زیندوو بوو یان مردبوو؟

### راهێنان (٢)

ئەم وشانە بخوێنەوەو سێ جار بیاننووسەوە:

راکێشابوو
چاوی نووقاندبوو
مردبوو
زیندووبوو



## راستگۆیی



راستگۆیی رەوشتێکی پیرۆزە، کاری مرۆڤی رێزدارو باشە، مرۆڤ پێی سەرفرازو خۆشەویست دەبێت، خەڵک باوەڕی پێ دەکەن. کورد دەڵێت: راستبە بە رێگای شێرا برۆ.دەبێت ئێمە هەموو کاتێک راستگۆبین و خۆمان لە درۆ دووربگرین. بۆ ئەوەی دایک و باوک و خوشک و برا و مامۆستا و هاوڕێکانمان باوەڕمان پێ بکەن و هاوکاریمان بکەن.

### واتای وشەکان

| وشە | | واتا |
|---|---|---|
| رێزدار | : | بەڕێز |
| سەرفراز | : | سەربڵند |

# پاشکۆی (ج) قۆناغی سێیەمی ساڵی (٢٠١١)

## ددانەکانمان



خوێندکارانی خۆشەویست: دروستی ددانەکانمان نیشانەی تەندروستیمانە. بۆیە پێویستە ئاگاداری ددانەکانمان بین، ڕۆژانە بە فلچەو هەویری ددان بیانشۆین. لە دوای هەر نانخواردنێکدا پاکیان بکەینەوە، شیرینی کەم بخۆین. هەروەها وا باشە جاروبار بچینە لای پزیشکی ددان بۆ پشکنین‌و پاراستنیان لە کلۆری‌و نەخۆشی دیکە.

١٣

## لە سەرەتای ساڵەوە



براکانم! خوشکەکانم!
هاوڕێ خۆشەویستەکانم!
دەرگای مەکتەب کرایەوە
پشووی هاوین بڕایەوە
جا نۆرەی قوتابخانەیە
کە بۆ زانین هێلانەیە
بە یەکتر شاد دەبینەوە
ڕێگای خوێندن دەگرینەوە

کاکەی فەللاح- دیوانی (چرۆ)

٣

## ئەنجامی درۆکردن



ڕۆڵەکانم، درۆکردن ڕەوشتێکی ناشیرینە، ئەنجامی زۆر خراپە با ئەم چیرۆکەتان لەسەر خراپی درۆکردن بۆ ڤەگێڕم:
جارێکیان، شوانێك مەڕەکانی دەلەوەڕاند، لە پڕ هاواری کرد:
- هۆ خەڵکینە بگەنە هانام، گورگ مەڕەکانی منی خوارد!!
خەڵك بۆ ڕزگارکردنی مەڕەکانی خێرا ڕایان کرد، بەڵام شوان لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:
بە خوا وا نەبوو درۆم کرد.

٢١

## زانایەکی نەمر



کارزان منداڵێکی زیرەک بوو، دەمێک بوو بیری لە چۆنیەتی پەیدابوونی شەوو ڕۆژ دەکردەوە، بۆیە لە مامۆستای پرسی:
مامۆستا پێمان ناڵێی شەوو ڕۆژ چۆن پەیدا دەبن؟
مامۆستا ئافەرینی لەم پرسیارە کردو ئەوجا گوتی:
قوتابییانی خۆشەویست:
سەدان ساڵ لەمەوبەر زانایان وایان دەزانی کە خۆر لە ئاسمان دەسوڕێتەوەو بەو سووڕانەوەیە شەوو ڕۆژ پەیدا دەبن.

٢٦

## شێر و مشک



ڕۆژێک لە ڕۆژان شێرێک گەڕایەوە لانەکەی خۆی، دیتی مشکێکی بچووک دەسوڕێتەوە، بۆ ئەوەی شتێک بدۆزێتەوە بیخوات.

مشکە بچکۆڵەکە، کە چاوی بەشێرەکە کەوت، لەترسان لەرزی لێهات،

وایزانی شێرەکە دەیخوات.

بەڵام شێرەکە ئازاری نەداو گوتی:

مەترسە نات خۆم

مشکەکە زۆر سوپاسی لێبووردن و دڵ نەرمی شێرەکەی کرد و لانەکەی جێهێشت.

٥٢

## زستانی کوردستان



هەموومان دەزانین کە ساڵ بریتییە لە چوار وەرز:

بەهار، هاوین، پایز، زستان.

بەهار سەری ساڵەو سەرەتای ژیانەوەی دارو درەختو گژوگیایە. پاش بەهار هاوین دێت و هەوا گەرم دەبێتو میوە پێدەگاتو دەغڵودان دەدروێتەوە. ئەوجا پایز دێتو، لە پایزدا بەرهەمی ساڵ کۆ دەکرێتەوەو ئازووخەی زستان ڕێکدەخرێت. لە دوای هەموویان زستان دێت.

٤٥

## چالاکی

تۆ چاکە بکەو بیدە بە ئاوا

با کەس نەزانێ لای خوا نووسراوە.

دووجار ئەم دێرە هۆنراوەیە بەخەتێکی جوان بنووسەوە.



٤١

## چالاکی

بۆ خۆشنووسین

قوتابخانە بۆ زانین هێلانەیە

ئەم دێرە بە خەتێکی جوان لە تێنووسەکەت دووجار بنووسەوە.



٩

## دراوسێی باش

ماڵی سیروان‌و ماڵی پەری دراوسێ بوون، باوکی هەردووکیان لێک تورە ببوون‌و لەسەر منداڵەکانیان قسەیان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد.

ڕۆژێك دایکی پەری نەخۆشکەوت‌و پێویستی بە نەشتەرگەری دەکرد. پزیشکەکەی داوای قاپێك خوێنی بۆ کرد. باوکی پەری ئەوەندەی گەڕا خوێنی دەست نەکەوت‌و خوێنی خۆشی لە جۆری ئەو نەبوو.



٦٥

## پەشیمانی



ڕۆژێک مێروولەیەک لەناو شارەکەی خۆی هەر لە خۆڕاو بەبێ هیچ هۆیەک تورەبوو و لە شارەکە چووە دەرەوە.

گوتی: من دەمەوێ بە تەنیا بژیم، چووە ماڵ و شوێنێکی بۆ خۆی دروستکرد. ئەوجا بەدوای خواردندا گەڕاو چەند دەنکە گەنمەکی پەیدا کردو بردییە ناو ماڵەکەی خۆی. دوای ماوەیەک دەنکە گەنمەکان شینبوون‌و دەرگای ماڵەکەی لێگیراو دەستی بە هاوار هاوارکرد. کەسوکارەکەی بە هاوارییەوە چوون و رزگاریان کردو پێیان گوت:

٥٦

## منداڵینە، ئاگاداربن



نەوزاد و ئازاد برادەری یەکدی بوون. ماڵیان لە گوندێکی سەر سنوور بوو، کە زۆر بە چڕی و خەستی مینڕێژ کرابوو، زۆر حەزیان بە وەرزش و یاریکردن دەکرد. گەلەک جاران دەچوونە دەرەوەی گوندەکەیان، لەو دەشت و دەرە یاری کوردەوارییان دەکرد، چونکە دەیانزانی وەرزش لەشی مرۆڤ بەهێز دەکات.

ڕۆژێکیان لەو ناوە یاری و گەمەیان دەکرد، لەپڕ نەوزاد چاوی بە شتێکی خڕی پلاستیکی سەرنجڕاکێش کەوت کە لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، ویستی دەستی بۆ ببات، بەڵام یەکسەر ئەوەی هاتەوە بیر کە زۆر جار مامۆستا پێی دەگوتن، ئەگەر چاوتان بە شتێک کەوت

٧٣

## بولبولێکی داماو



ڕۆژێکیان سۆلاڤ‌و سۆلین لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە سەر لەباخچەی گشتی بدەن، پاش ئەوەی گەیشتنە باخچەکە و بەناویا دەسووڕانەوە، چاوییان بە بولبولێکی زامدار کەوت، کە زۆر داماو بوو. سۆلاڤ‌و سۆلێن هەڵیانگرت و بردیانە ماڵەوە.

لە ماڵەوە زامەکەیان تیمارکردو دان و ئاویان بۆ داناو بە دەورو پشتیا دەهاتن، پاشی چەند ڕۆژێک بولبولەکە وردە وردە بەرەو چاکبونەوە دەچوو پاشان خستیانە ناو قەفەزێکی ڕەنگینەوە و ڕۆژانە سەردانیان دەکردو تەماشایان دەکرد زۆر کزو داماوە و لە جاران خراپترە، بۆیە سۆلاڤ بە سۆلینی گوت:

٦٩

## هەرەوەز



کوڕێ بوو ناوی دارا بوو
وریاو زیرەک و دانابوو
هەرچی کەوتە بەر چاوانی
دەچووە بنجو بناوانی
ڕۆژێ ئەوە دیقەتی کرد
تەنیا مێرولەیەکی ورد
لە دەنکە گەنمێ ئالاوە
زۆر بەدەستییەوە داماوە
چەندی ئەکرد بۆی نەدەبرا
هێزو قووەتی لێبڕا
ئەمجا ماندوو بوو لێیدا ڕۆی
هی تری هێنا لەگەڵ خۆی
چوونە سەری و کاتێ زانی
گەنمیان برد بە ئاسانی
دارا لەمە عیبرەتی گرت
پەندێکی باشی لێوەرگرت
وتی هەر کارێ گرانە
بە هەرەوەزی ئاسانە

(بێکەس)



## دەستپاکی



ڕۆژێك لە ڕۆژان، کرێکارێکی هەژار دیواری ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەندی دەڕووخاند، لەکاتی ئیشکردندا توورەگەیەکی پڕ لە زێڕی دۆزییەوەو هەڵیگرتەوە، تا خاوەن ماڵەکە هاتەوە، دایەوە دەستیو
گوتی:
(( گەورەم ئەم تورەگەیەم لە کاتی ئیشکردندا دیتەوە )).
پیاوەکە زۆر دڵی پێ خۆشبوو، پێی گوت:
(( لەمێژە ئەم زێڕانەم لەژێر ئەم دیوارەدا شاردبۆوەو جێگەکەم نەدەدیتەوە، گەلێک بە دوایدا گەڕام، بەڵام نەم دۆزییەوە، نیشانەی ڕاستی ئاخافتنەکەشم ئەوەیە کە دوو سەدلیرەی زێڕی تێدایە )).



## کولێرە



دایکی بارامو زارا هەشت نۆ کولێرەی لە تەندوور دەرهێناو لەژێر قولێنەی سەر کەندووی ئاردەکەدا شاردییەوە، زاراو بارام، ئەملا گەڕان کولێرە نەبوو، ئەولا گەڕان کولێرە نەبوو.
زارا دەستی دایکی گرتو گوتی:
- دایە گیان تو سەری خاڵم سەرو کولێرەمان بدەیە.
دایکیان گوتی:
- با باوکتان لە ئاش بێتەوە.
بارام دەستی بە نووزە نووز کردو گوتی:
- دایەگیان زۆرم برسییە. هیچ نەبێت لە تێ کولێرەمان بدەیە.